Dr.Saleh Ebrahimi

٣۴ - شەپۆل

موغەمادەکان بە ڕێز بووەو مرۆڤە شەرکارەکانی ئاترۆپاتکان (آزربایجان) زۆر - ئازاو نەبەز بون.

دەوران دەورەی قەڵاَی (شێز = تەختی سلیمان) بارۆگەلێکە بە بڵیندی ٦/٥ تا ٨/٥ میتر، وە لە بان ئەوانەوە بۆ پاسەوانی،بورجە بەردینە،ساز کراوە کە ئەگەنە ٣٦ بارۆ،ئەم بورجانە ٢٢ تا ٢٦ میتر لە یەکتر دورن، بۆ هات و چۆ لە شاری شێزا دو دەروازەی گەورە هەبوە و ئاورگەی شێز یا ئازەرگوشەسب لە ڕۆژگاری ساسانیان (٢٢۴-٦٥٢ز) زۆر گرینگ بوەو لە تیسفونەوە چونە زیارەتی، هراکلیوس ئیمپەراتوری ڕوم کە هێرشی کردە سەر ئێران خوسرەو پەروێز شای ساسانی لە ساڵی ٦٢٣ی زاینی رای کرد و چوە شێز و چاوەروانی (شاهێن،شار بازار)ی سەردار لەشکری خۆی بو، گویا (شاربازار) لە (قورە بەراز)ی لای بۆکانەوە رویوە و ئەم ناوە گۆردراوی شار بازارە،هەروەک دەڵێن: بۆگەبەسی یادگاری (بەیت) یا (بەیت بەگەیا) یە (شەپۆل).

| | |
|---|---|
| شۆپ | شۆین، ئەسەر |
| شەتڵ | لە ساڵی کوندا ئەی چەقێنن، وەک: شەتڵە توتن یا شەتڵە ڕێحانە، جادوای دومانگ یا زیاتر بە ریشەوە هەڵی دەکەنن،وئەناو دێراو یاکەردو دەی چەقێننەوە و ئاوی دەدەن تاشین و سەوزبێتەوە ، |
| شاقەل | داوێنەی کەوا، ئاتەگ |
| شپریۆ | پڕو بلاَو |
| شات و شوت | چاورا |
| شە | نم، تەر، برینە کەشەی هێناوە یا تەشەنەی کردوە (تشنج) موعەرەبی تەشەنەی کوردیە و مورەکە بە لە: تە + شە + ن + ە ، |
| شەوارە | راوە مەل بەچرا |
| شیلەگە | بڕگەلە جۆگە |
| شێلاَنە | قەیسی |

شەنگڵ لە خۆدان ؛ وەکارکەوتن

Dr.Saleh Ebrahimi



**عەین:**

| | |
|---|---|
| عەینیەت: | ئەوەی بەیەکیٚ لە حەواس دەرك ئەکریٚ، وجودی عەین، موبیٚنی وجودی زیهنی و خاریجی‌یە، پەسنی خوای پیٚ دەناسیٚریٚ، زاکۆنی خوناسی یا لە ریٚگای بەڵگەوە،کە تایبەت بە زانایانە یا بە ریٚگاتی پاك راگرتنی دڵ و دەرونەوە. |
| عار | شەرم، شورەیی، عەیب و عار. |
| عەجبات | سەر سورمان، عەجیب |
| عیرفان | ناسینی خوا، ناوی زانستیٚکە لە زانستەکانی ئیلاهی کە خواو... |

**غەین:**

| | |
|---|---|
| غەوارە | بیٚگانە، غەرییە، ناموٚ |
| غەزالی | ئیمام موحەمەد غەزالی یەکیٚکە لە زاناگەورەکانی جیهانی ئیسلام کە لە ٥٠٥ی مانگی لە توس لە دایك بوە و لە ١١١١ی زاینی وەفاتی کردوە و ئەم کتیٚبانەی نوسیوە: ئەحیای علوم دین، مشکت الانوار، المنقذ من‌الضلال، تهافت الفلاسیفە، الوجیز و ... |

**فیٚ:**

| | |
|---|---|
| فراین | نەهار، نان خواردنی نیوەرۆ |
| فیٚرگە | مەدرەسە، مەکتەب |
| فەرتەنە | بەلاٚ، وەیشومە، قەوماوە، فیتنە، هەرا، جەنگ |
| فیٚرانکۆ | زانکۆ، فیٚرگە، مەکاتیب |
| فرچك | هەوەڵ شیر، گۆچ |
| فیکر | هزر، بیر |
| فلٚچ | شلٚ، دەم فلٚچ، خوار، خیٚچ، ناحەز. |
| فیٚرکردن | راهیٚنان، تەعلیم‌دان. |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| قه‌شمه‌ر | قه‌لاش، زره‌نگ، خۆرێخه‌ر، جوان |
| فه‌رز | واجب |
| فرتۆڵ | جوێنی ژنانه‌یه |
| فزی | گزی کردن، فێڵ کردن |
| فل | ماندوی په‌ک که‌وته |
| فیتری | خۆرسک، سروشتی، خۆکرد |
| فه‌راقی‌ره‌ش | دواهه‌ناسه |
| فره | زۆر، زیاد، زاف‌فریه ٠ |
| فت و فره‌وان | زۆر زۆر، فره زۆر، به‌رفره‌و زیاد |

**ڤێ:**

| | |
|---|---|
| مرۆڤ | ئینسان، ئه‌نزان، ئادەم، بەنی ئادەم |

**قاف:**

| | |
|---|---|
| قاڵب | شتێ که کانزای تاویاوی تێ ده‌رێژن، جه‌سته، له‌ش، به‌ده‌ن، قوتو، ده‌فر بۆشت فرۆشتن، ژماره بۆ دارژاوی تونده‌وه‌بو، قاڵبه شه‌مچه، قاڵبه سابون ٠ |
| قووڵ | بی‌بن، عه‌میق |
| قالۆره | قالۆر، ساقه‌ته گیای ناو خاڵی |
| قه‌نه کێشێ | تاوێ، ده‌مێک، هه‌ناسه‌یه‌ک،کاوێک |
| قرتاڵه | قرتاڵ، سه‌وه‌ته‌ی میوه‌یاهی ترێ ٠ |
| قاودان | دوکه‌ڵدان، قانگدان |
| قازه‌وان | که‌سێ که له به‌ر مه‌ل و قاز بێ، قازچه‌ران، ئاگادار له قاز |
| قنیات | قه‌ناعه‌ت، سه‌بوری، رازی بون به‌به‌ش ٠ |
| قاقر | زه‌وینێ که گیای لێ نه‌روێ،کنایه له مرۆڤی رژد و چروکه ٠ |
| قه‌شه | پێشه‌وای ئاینی مه‌سیح و خاجدار، که‌شه |

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۷ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| قوتیله | سەوەتەی بچوک قرتاڵە، قوتوی بچوک، چرای فتیله، ئاوێنەی گرفان |
| قوروسکه | قیژەو هەرای سەگ و تاژی |
| قەڵادزێ | کەلاتەی دز - قەڵای کەسانێ کە بەدزیەوە بێ ئەوەی ببیندرێن، بە جەنگی چریکی دوژمن بۆر ئەدەن و زۆری بۆ دێنن، ناوی شارێکە لە کوردستانی باشوری. |
| قورم | دوکەڵ، رەشی دوکەڵ |
| قورماوی | دوژەنگدار، رەش هەڵگەراو، دوکەڵاوی |
| قۆزاخە | گوڵ بەرگ و کاس‌بەرگی پەمۆ یا لۆکە |
| قەدپاڵ | تەلان، لاپاڵی کێو |
| قەپ | گاز، قەپگرتن، گاز گرتن |
| قاچاندن | هەڵاتن، بازدان |
| قالۆر | لاسکی ویشک و هەڵۆڵ و ناو خاڵی |
| قزه | ترسه نوک، ژنانێ |
| قنیات | قەناعەت، سەبوری، رازی بون بەبەش |
| قۆزینەوە | لەهەواگرتنەوە |
| قوشقی | سڵ |
| قەرقەش | گێرە و کێشە |
| قوڵپی گیریان | کوڵی گریان، قوڵپی فرمێسک بە خوڕ |
| قوڕنە | سوچ، قوژبن |

**کاف:**

| | |
|---|---|
| کرکره | لولەی هەناسە |
| کرۆک | رەگ و ریشە |
| کوانو | ئاگردان، تفک |
| کەور | کەپر، کەورگ، بەرد، ئەشکەوت. |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| کەل | بەنداو،کەژ ، ترینو، یاڵ . |
| کەلاوە | دیواری روخاو،کاول |
| کەلاك | لاشە |
| کەڵی کۆتان | بۆپیاوی ئازای بە کار ئەبەن |
| کەنارە | لاکیش،کۆبە، پەراوێز |
| کەو | بێژینگی کون زل، ناوی باڵندە یەکی جوانە کەنە چیرەوان لە کـاتی خـۆی دا ئەچێتە راوی، لە کوردەواریدا راوەکەو زۆر خۆشە |
| کەودەری | مەلێکە لەنێو بەفردا دەژی. |

## کرت کردن

کەرت و دابەش کردنی وشەو ،کەخۆیی باسێکی زۆرگرینگە لە زوان ناسیدا، زانایانی کورد خۆیان رەتاندوە، بەلاّم نەچون بەلای زمانی زگ ماکی خۆیانا. مەبەست لە کەرت کرن دیاری کردنی: (بین - سیلاب - لەت - سریچکا - مەقتەعَ).

١ - لە زمانی کوردیا وشە تاپێنج کەرت هەیە.

١ - وشە کانی یە ك کەرتی واتا: بەیە ك بین بگوترێن و دوپیست بن وە کو: چڕ، دڕ، پڕ، بڕ، چو، مو، شو، تو، دو، تۆ، دۆ، هۆ، مس،کز، مژ، دژ، دش، مر

٢ - سێ پیت وەکو: داو، ڕاو، چاو، خاو، مەڕ، سەر

٣ - چارپیت بن وە کو: هەنگ، ڕەنگ، دەنگ، سینگ، لینگ

٢ - وشە کانی دوکەرتی وە کو:

١ - چارپیتی وە کو: باوك (با - وك) مامر (ما - مر)

٢ - پێج پیتی وە کو، هاوار (ها - وار) نەخۆش، (نە - خۆش)

٣ - شەش پیتی وە کو: هەنجیر (هەن - جیر) سەردار (سەر - دار)

٣ - وشە کانی سێ کەرتی:

١ - شەش پیتی وە کو: ئارەزو، (ئا - رە - زو)

٢ - حەوت پیتی وە کو: شارە زور (شا - رە - زور)

٣- هشت پیتی وەکو: هەورامان (هەو - را - مان)
محەمەد ئەنتاکی لە پەڕاوەکەی خۆیا بە ناوی کورتە یەک لە فیقهو لوغە بە عەرەبی کە لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٩ زایینی لە بێروت چاپ کراوە بۆسێ کەرتی لە پەڕەی ٢٦١ - دا مسیسالی بە شابەندەر (شا - بەن - دەر) هێنا وە تەوەولە پراویزیشا نوسیویەتی ئەم وشە عەرەبی نییە

٤- وشەکانی چارکەرتی:

١- هەشت پیتی وەکو: ئاڵو باڵو (ئا - ڵو - با - ڵو)
٢- نۆپیتی وەکو: قوتابخانە (قو - تاب - خا - نە)
٣- دەپیتی وەکو: هەزار مێردە (هە - زار - مێر - دە)

٥- وشەکانی پێنج کەرتی - واتا بەپێنج بین بها و یژرێن:

١- یانزە دپیتی وەکو: وەنەوزەکوتە (وە - نەو - زە - کو - تە) ئاسیاوەکۆنە (ئاس - یا - وە - کۆ - نە)کولێرە ڕەشکە (کو - لێ - رە - ڕەش - کە)کولێرە چەورە (کو - لێ - رە - چەو - رە)
٢- دوانزە پیتی وەکو: سەربەرەوژێرە (سەر - بە - رەو - ژێ - رە) شەمشەمەکوێرە (شەم - شە - مە - کوێ - رە) سەربەرەو ژورە (سەر - بەر - رەو - ژو - رە) ،

| | |
|---|---|
| کەوە | شینی ئاچوخ |
| کەوشەن | سنور، تخوب، هەرێم |
| کەوی | ماڵی، رنوەبەفر، کلیلە، رەنی |
| کلکە سوتێ | ریایی |
| کوری رەش | کوڕی ئازا، رەشکەڵە، ناشیرین |
| کەنگە لاشک | دەندەلۆشک، گەڵای ویشکی کەنگر |
| کارژیلە | کاریلە، کاری بزن |
| کچی دزێو | کچی ناحەز، کیژی ناشیرن و ناجوان . |

Dr.Saleh Ebrahimi

٤٠ ـ شەپۆل

| | |
|---|---|
| کەونارا | کۆنە، لە مێژینە |
| کۆست کەوتە | کەسی لێ مردو، لیقەو ماو . |
| کورنوش | سەرچەمانەوە |
| کەشاو | زەوینێ کەبێ ئاوبکێلدرێ |
| کۆڕ | کۆ، جەم |
| کەلەپور | میرات، میراتی فەرهەنگی |
| کوپ | نکل، دەستە، هەنگلە |
| کوردی هونەرە؛ | زوانی کوردی هونەرە |
| کل | کورەی ئامانان، ئاگرێ بۆسور کردنەوەی دیزە و گۆزە |
| کەڕەسێ | سێبەر، سێبە یێ کە هرگیز تاولێی نەدابێ |
| کەوڵ | پێست، پێستیی خۆش کراو، سفرەی نان |
| کرێو | کریپ، دۆستی، بە خزم حساوکراو. |
| کەڕە بەیانی | تاریک و لێڵە، بولێڵە، سۆزی، سەرلە بەیانی زۆر زو. |
| کراڵ | هەردی بێپوش |
| کوانو | ئاگردان، شۆوێنە، کوانی |
| کڕاندن | لابردن بە روشاندن |
| کەور | کەورگ، کەفر |
| کاڵ | پیر، کاڵ |
| کوڤا | خەفەت |
| کۆیلە | دیل، یەخسیر، بەندە |
| کەسک | سەبز، سەوز، سەوزە. |
| کوفی | کلاو (تاسکلاو، تاجی) ژنانە |

کۆسە: پیاوی مولیٚ نەهاتو، کەسیٚ کە بەخۆ گۆران کایەبۆ خەڵک دەکا.
کەنین پیکەنین، خەنین
کۆزی وجا خێک، کە بە تەپاڵە و دەوە کێوی یاکێوی‌لە، ڕۆشن بکرێت
کۆیزر گەنم‌لیٚ دەرنەچوی پاش گێرە
کەڕو برش
کەرکەمەر کۆمەڵە مەرێک، دابراوی پەز
کەڵەک دیواری وشکەبەرد
کرنوش سەلام بە خۆ نوشتاندنەوە بۆپێشەوە
کناله کچی، یار
کێڵ زەوی بۆ کێلان، کێڵگە، خانوی هاوینەی ناوباخ، چارداخ
کلاوزەر کلا و ئالتون، ئافرەتی هەوشار سازی ئەدەن
کۆڵۆش ساقەتەگەنم و جۆ، ساقەتەی هەرزن و گاڵ، بەلاٚم، کەڵوەش ناوی شاخێکە لە نێوان شاری دوکان و سۆی سینان لە کوردستانی گەرمیان کەڵوەش یاکەڵبەش ناوی تاقمێکە دارای ئاینێکی تایبەت بەخۆیان، کەڵی بەش، گەڵ کامیشی ناوچاو سپی یا جوانەگای ناوچاوان سپی و بەشە
کسسەکسسە دەنگی مەرلێخورین
کششەکششە دەنگی مەل و مرومریشک دەرکردن
کولیلک خونچە
کولین ئەنباری ئازوخە
کلکە پێچی دوایینی شاخ و کێو، خوشک و براودایک و باوک و ئاموزای ژن یاپیاو، بی کللەیە، بیٚ کەسە

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| کورد | ئازا، نەبەز، کۆڵنەدر، چالاک، ناوی نەتەوەیە کە، ئاری ڕەگەز، کەبەزوانی کوردی،کوردی قسە دەکا و لە بەشێکی ئێران و عیراق، تورکیا و سوریە و بەشێکی شورەوی و چەن مەڵبەندی وەک قوچان، نەیریز، شەهری کورد، کوردیچال و... ئەژین |
| کەموسکە | کەم، زرە، تۆزقاڵە زەڕ |
| کەف چرین | کەف کردن، شەپۆلدانەوە، سیلاو کردن. |
| کەلام | کەلامی، زانینی کە لام، کەلامی نەفسی یاکەلامی لەفزی |
| کارا | بەکار، ئازا، کارزان |
| کەند | چاڵ، چاڵە قوت |
| کورد | نەتەوەیەکی قدیمیە لە ئاسیادا دژی |
| کۆسپ | قورت، تەگەرە |
| کۆڕ | کۆمەڵ، دەستە، پۆل، کوبونەوە. |
| کاکەشان | ئەستێرەکانی ئاسمان. |
| کۆز | شوێنی ڕاگرتنی کاریلە و بەخۆڵە بەرلەتێ بەردان بۆ شیر خواردن |
| کەڵە | گیایە کە بژاردە کرێ لە بە روبێستان |
| کۆڵان | کوچە، زوی دانەوە، هەڵکەندنی زەوی. |
| کوڵین | وەجوش هاتن |
| کەزی | زوڵف، گێسو |

**گ:**

| | |
|---|---|
| گاجوت | گایێ کە زەوی دەکێڵێ |
| گەرد | توز، غوبار، کەموسکە، قوربان، گوری (وەگەرد بالآت بام) |
| گەوە | نیوە جەغز، قەداو قەدی کێو |

۴۳ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| گەڕ | سوڕانەوە، فێڵ، تەشقەڵە، برەو، سەرسەختی، تەختایی زەوی، گێژاوی گـۆم، پیچ دراو . |
| گەزیزە | گوڵێکە لە هەوەڵی بە هارادەروێ |
| گەشەونەشە | خۆشی و شایی، زەردەخەنە |
| گەزکەسك | گزنە |
| گژوگیا | نەباتات، پوش و پار، روەك |
| گڕی گرت | ئاوری گرت |
| گرشە | پر شینگدانەوەی خۆر، ورشە ورشی رۆژ لە دورەوە، گرشەی کوردستان ناوە بۆکۆوارێکی کوردی کە لە ۱۹۸۱/۳/۱ لە تاران بە زمانی کورد ل چاپ دراوە |
| گڕگرتن | ئاورگرتن |
| گەرم | داغ |
| گوێچکە | گۆی، گۆێ |
| گزینگ | گزینگی خۆر، رەشێنەی چاو، بی‌بیلە، هەتاوی بەرەبەیان |
| گەنجە | گەنجینە، حیکمەت، جزن، جزنق |
| گەمی | لوتکە، کەشتی |
| گەریان | گەران، سوڕان |
| گۆکان | کورەکانی سوڕان |
| گزی | فێڵ، تەلەکە، فزی، حیلە |
| گۆ | خر، گردیلە، گردە، تۆپی دارینی کاشو بازی، کورە، جەغزی زەوی |
| گشت | سفت، بادراو، گشتە، قشت، هەمو، ئەوبەنە گشتە |
| گفە | گفەی باڵی کوتر ڕەنگی باڵی مەل |
| گف | خۆ هەڵماسان، باکردو، بۆقلە مونە گفی کردوە |
| گازندە | گلەیی |

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۴۴ - شەپۆل

| | |
|---|---|
| گاشە | بەردی زل، گاشە بەرد |
| گاو | وەخت، هەنگاو |
| گەمی | کەشتی |
| گردەنشین | لە گەڕان کەوتو |
| گرێ پوچکە | گرێ کۆیرەی گوریس و تاڵە دەزو، گرفنچک |
| گروگرتن | پاچە قاندن، گرنە، گڕو |
| گلار | هەڵدێراو، دەنگی تیرێ |
| گەرە لاوژێ | گۆرانی گوتن بە کۆمەڵ، گۆرانی و تن بە نۆرە |
| گۆوندە | بەزم، زەماوەند، شایی هەڵپەرکێ |
| گۆیین | کاشۆ بازی، ناوە بۆ جۆرێ کایە |
| گـــەڕ | فێڵ، تەڵەکە، گەرمان لێ بکا: فێڵمان لێ بکا، شاڵتاغ |
| گڕ | بڵێسە، چونە سەرێی گڕی ئاگر |
| گڕە مەسقەلاڵن | ئاگری بە گڕو زۆر، ئاگری گڕ بەرز |
| گل | چاوێشە، چاوم گل ئە کا، چاوم دێشێ |
| گێژەلۆکە | گەردەلول |
| گلێنە | کاسەی قوڕین |
| گۆشتە و زون هێنانەوە | پربونەوەی برین |
| گەڕناس | ڕۆژگارناس، وڵاشنا بە کات و دەم |
| گەف | هەڕەشە و گوڕەشە |
| گزی | فیل، گەڕ |
| گوزەرانیان | رایان بوارد |
| گەلۆ | ئاخۆ، هەی گەل |

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۴۵ - باوی کوردەواری

| | |
|---|---|
| گەند | رزیو، رزی |
| گەو | قەف، ئاڵقە |
| گەواڵ | هەوری ئاسمان کە ئەنیشێتە سەر یەك، هەوری گەورەی گەواڵ گە واڵ، دەفی گچکە |
| گەش | روناك |
| گاز | بانگ کردن |
| گوند | ئاوایی، دێی، لادێ |
| گرار | ئاشی خواردن |
| گاڵەگاڵ | گۆرانی گوتن |
| گرك | تەپە، تەپۆڵکە، گوتکەی نان کردن |
| لۆرك | لۆرکە |
| لۆك | وشتری نێری قەوی |
| گفی | پەنیری تازە، کە هێمان ئاوی نەگیرابێ |
| گولمانج | گۆل، ئەستێر، گۆل ئاو |

**لام:**

| | |
|---|---|
| لێکدانەوە | توێژانەوە، تەحقیق |
| لێکدراو | تیکلاو، ئامێتە |
| لکاو | پێوە نوساو |
| لەز | تاڵوکە، زو، عەجەلە |
| لاملی | مل بادان، نەچونە ژێر |
| لاپاڵ | قەدپیاڵ، لێژایی کێو و چیا |
| لە مپەر | بەرگر، کۆسپ |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| لە نگێزە | باران بەرێژەو، بارژنی توندبەباوە |
| لافاو | سێلاو، هەستانی ئاو |
| لێبڕان | قەرار دان |
| لێژەوار | جەنگەڵ، لێڕ |
| لێزگە | رشتەی بە مورو |
| لاشیپانە | لاداری چوار چیوەی درگا |
| لاتیلاگ | لا یەك لەكە للە سەر |
| لا پرەسەن | لاپەڕە، خۆتێ هەڵقوتێن |
| لوت و بزوت | کوتوپڕ، لە ناوکاو |
| لۆدە | کۆمای گز رەوکا |
| لباد | نمەد، کولاف |
| گۆلك | گوێرەکە، گوێلك |
| لابە | دوربخەوە، دورە پەرێزبە، دەس هەڵگرە (لابە تۆنازانی کاربکەی) |
| لابەلا | خوار و خێچ، سە ر سەخت و نە گونجاو، قەدپاڵی کێو چین لەسەر چین، خۆتێ هەڵ قوڕتێن |
| لەش | تەن، بەدەن، جیسم |
| لێژنە | لەسەریەك دانراوی داری سووتە مەنی، دەستە یەك خەڵك لە کاتی کارکردندا |
| لێشاو | ئاوی زۆر بە تەوژم |

**میم:**

| | |
|---|---|
| مەیسەر | گونچان، بوز خواردن، میسە ربو: جێ بە جێبو |
| مرۆڤ | ئینسان، ئەنزان بەنی ئادەم |
| مونکیر | دژ، نەخواز، پۆشەر، داپوشەری حەق |

Dr.Saleh Ebrahimi



مەڵبەند — هەرێم، ناوچە

مەڵۆ — باقە، مەڵۆ مەڵۆ، دەستە دەستە، چەپکە چەپکە

مر — مامر، مریشک

مات — کز،کروشمە کردو، خەمگین، دەرفەت خواز لە کاریّ، سەرسورماو، رەنگی بێبریقە، واژە یە کە، بۆلە کار کەوتنی شای شەترنجی دەڵێن، دوراو لە کایەی شەترنج، بیّ دەنگ، دوای گریان مات بون،

مەندایی — مادا، مادایی، ئامادا: ناوی شوێنێکە، سابی نێوی دینی مادائیە کە بەزمانی عەرەبی بە موغتەسیلە ناو دەبرێن یانی بە ئاو زۆر خۆیان و جلکیان دەشۆن، بە ئاوی چەم خۆیان گرتووە، مەندا کە لە ئاساری صابیان بە مادا ئامادا دەخوێندرێتەوە،لە واژەی ماد، مادی گیراوە،لە تاریخی یۆنانی کۆندا مەدی بوتە ناوی ماد یا وڵاتی ماد تا رۆژگاری ئیسکندر و جیّ نیشینانی ئەو لە مێژوو جوغرافیادا لە باتی ناوی ئێرانی دەورەی ساسانی و ئیسلام،ماد یا ولاتی ماد بە کاربراوە، دیارە ئەوەنیشانەی پەرە دار بونی ماد یا ولاتی ماد - ە - ئەبیّ بڵێن: سنوری غەربی ناوی جوغرافیای ماد تا سنوری غەربی ئێران لە رۆژگاری ماد وەهەخامنشی و سلوکی و ئەشکانی راکشاوە، بەپێی ریوایەتی خودی سابیان کاتیّ سابیان لە راست جولە کە،کە لە لایەن هێزی زاڵی یۆنانی و رۆمی لە خۆر هەلاتی دەریای مەدیترانە و سەنعاوە بۆلای باکوری سوریە کۆچیان کردوە و هاتونە تە مەڵبەندی حەران لە حەوزەی فورات کە بەشیّ لە ولاتی ماد یا مادای بە قسەی صابیان دەهاتە ژومارە، نیسبەتی مادایی یا ماندایی بۆ نا ساندنی باری تازەی خۆیان هەڵبژارد و بە درێژایی ١٨٠٠ ساڵ هەمیشە ئەم ناوە تازەیان بۆ ناساندی خۆیان پاراستووە و صابیان سامی نیژاد نەبون ، لە راستیدا ناوی ماندایی وەک تەقویمی ساڵ و مانگی ئەوان کە نوسخەی دوەمی تەقویمی یەزدگردی بەراست دەناسریّ،دوقەرینەی پتەو لە سەر پێوەندی پتەوی تاریخی و کۆمەلایەتی ئەوان لە گەڵ خەڵکی نیشتەجێی سەرزەوی یە کە،کە لە خولی ماد و

Dr.Saleh Ebrahimi



هەخامنشی و یونانی و ئەشکانی ماد ومادای و لە رۆژگاری ساسانیان بە ملاوە، بە ناوی ئێران شار ناو براوە، صابیان کە لە ئایەتی ٦٢ بەقەرە و ٦٩ مائدە و ١٧ حە ج لە قورئانا ناو براوە،ئیستا لە سەر چۆمی کەرخە و فورات و بە سرەن - قەومی لە یاد رەفتە،نوسراوی سەلیم برنجی چاپی ١٣٦٧ تاران،سەرە تای ئوستاد محمد محیط طباطبایی ١٣٦٥/٧/٢٨. بەلام دوکتور مانسوج پروفیسور نولدکەی ئەلمانی خانمی دراو روهەندێ زانای تر، بروایان وایە کە ماندایی سیفەتە و لە ماندابە مانای زانینی عیرفانە و ناو بۆ ولاتی ماد یا نە تەوەی ماد نییە،بەلام تەباتە بایی دەڵێ،مەندایی ناوە بۆ ماد و ولاتی ماد فەرهەنگی ئێران زەمین دەفتەری ئەوەڵ ج ٢ پەرەی ٢٥ (شەپۆل).

مێچک: مێشک، مەزبوت، گورج و گۆڵ، مێوینەی مەل، بەرخی بێ دایک کە هەمو مەرێک دەمژێ.

مەندۆک: گیایەکی ناسراوە و دەخورێ

مەباح: جایز

مەزن: گەورە، سەرهۆز - ریش سپی و گەورە.

میعراج: چونلای خوا، چونەسەرێ، چونە ئاسمان، بەرز بونەوە، سەرکەوتن، ئامرازی چونەبان

موسا: پێغەمبەری موسایی حەزرەتی موسای کوری عیمران

موعتلەزیلە: دەستەیێ لە ئەهلی سونەت و جەماعەت بون، کە لە رۆژگاری بەنی ئومیەدا سەریان هەلدا و بنچینە دانەری ئەو دەستە واصل بن عەتایە، کەفەقێی حەسەن بەصری بوە و لە ١١٠ مانگی مردوە. لە رێگای فەلسەفەوە تەوحید بۆ خوا، نەفی جیسمیەت لەخوا و عەدل بۆ خواو ... دەسەلماندو ئوصولی ئەقیدەیان ئەم پنیجانە بوە ١. مەنزلی بین‌المنزلین ٢. توحید ٣. عدل ۴. وعدو وعید ۵. ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| مێرگ | چەمەنی گیادورین |
| مێژین | کۆن، قەدیمی، کونە و کەو نارا ـ |
| ماف | حەق |
| ماشەر | کەلاّفەبەن |
| ماک | ئەسڵ ـ ماکە: دایکە |
| مەتەرێز | سەنگەر |
| مێ | ئاژەڵی مێوە، بەرانبەری نێر، نێرە و مێوە، نێرومێ |
| مالم | رابەری دینی جولەکە ـ |
| مراز | مراد |
| مانگیلە | هیلال |
| مخابن | حەیف |
| محانجێن | ملەمەڵمانی، بەحس کردن |
| مەکۆ | جێگەی کۆبونەوە ـ |
| موغەرە | بڕبڕە، بڕبڕەی پشت |
| موچە | زەوی بۆکێڵان، مانگانە بۆکارمەند |
| سهرەوەرد | دووازەیە ١ سهر واتا سور ٢ وەرد واتا بەرد، لێرەدا (ب) گۆردرا وەتەوەبە (و) |
| مەزرا | زەوی وزار، موچە و چەمەنزار |
| مەیلە | مەیرە، پەنیری لورکێ نەگیراو |
| مێرخاس | ئازالە شەڕا |
| مامزە | ئاسنی پاژنەی سوار |
| ملە | بەربەرە کانێ |
| ملهور | کە لەزەڕ، ملقەوی |
| مۆرە | چینە قوری دیوار، گلمەتە قوری کزرەوە بو، |

| | |
|---|---|
| مۆڵگە | جێگای مۆڵدانی گاران لە نیوە رۆیاندا، جێگەی مۆڵ . |

## نون

| | |
|---|---|
| ناپوخت | پیس و پۆخڵ، کاربلاو |
| نسیێ و نەزار | سێبەر، جێگەیەک، لە بەرزی شاخ و کێوداکە بەر سێبەرەوکەمتر تاوی لێدەدا |
| نهی | منع، گێرانەوە، دست بە سینگەوەنان |
| نەزان | نەفام، بێزانست، بێفەرهەنگ، نەخوێندەوار. |
| ناڤ | ناو، ناوە وە، داخڵ |
| نۆک | جۆرە دانە وێڵەیەکە |
| نێری | بزنی نێر، نێری و بەران، بزنی نێرو مەری نێرە |
| نقیشک | کەرە، رۆنی کەرە |
| نێڤەک | ناوەراستی پاتول، یا دەرپیێ، نیڤەکەدەرپێ |
| نزار | بەشی باکور و یالی کێو |
| نۆبەدار | نیگەهبان |
| نێچر | راو، شکار، نەچیر، نەخچیر، نێچر و نەچیرەوان |
| وەندا | گوم، نادیار، غایب |
| نیگار | مەعشوقە، دەم و چاو،سەرو سورەت |
| نابێ | ناشێ |
| نهێنی | نادیار |
| ناخ | بن، قولاّیی،ناخی دەرون، قولاّیی دڵ و هەناو. |
| نەعاملاو | نەپەروەراو . |
| نهۆم | باڵ خانە، قاتی خانو |
| نیسکە | سەرهەڵ تەکاندنی ئەسب |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| نێڵدان | جۆشاندنی ئاگر |
| نسار | قەدپاڵی کێو، خۆری کەم لێ بکەوێ، نسرم، بێخۆرەتاو |
| نامیلکە | نامەی بچکوڵە |
| نەسمراو | کون نەکراو، نەسوراو |
| نزار | لەر، کز |
| نای بزرکێنێ | لێی هەڵە نابێ، پتە پت ناکات |
| ناوە رۆك | ناواخن، موحتەوا |
| نەبان | نامۆ، خونەگر، خۆ بۆیر |
| نەهێزرێن | دانەسەپێن، دانە هێزرێن، پان نەبنەوە |
| نقێم | مورووی بەرموررووی نێوملوینکە، پێروزە و یاقوتی نێو ئەنگوستیلە |
| نەدەڵێنێ | نەی داتەوە، ئاونەدا |
| ناکاڵێتەوە | لێە هاتن، پێوەی نایێ |
| نەهاتی | نەدامەت، بۆنەهات |
| نامۆ | غەوارە، بیانی، بێگانە، خونەگر |
| نانبدە | دڵ ئاوا، دڵ گوشاد |
| نیاز | رجا، نیازم پێتە،کارم پیتە |
| نزا | دوعای چاك و باش |
| نمرود | نمرود: شارێکە لە باشور و وێرانەکەی لە ٤ کیلومیتری سەلامیەی عیراقە و شەلمنەصر سازی داوە. ناز ناوی پاتشای کەلدە (بابل)ە ناوی نینوس، کەشاری بابل ئەوسازی داوە و لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیم دژ بـوە، عـەبدوللاکـوری عومەر رای گەیاندوە، کە رەئیسی هەیئەت موحاکەمەکارانی ئیبراهیم، کورد و ناوی هویون بووە، لە بن ئایەی و حرقوەو انصروا، الهتیکم (سورەی ئـەنبیا ئایەتی ٦٨) و کتێبی زانایانی کورد ج ٢، پەرەی ٢٢١ ج ٤ و ٥ نـوسراوی (شەپۆل) تەفسیری صاوی، کەشاف، بەیزاوی. ئایەتی ١٦ سورەی فەتحیش لە |

Dr.Saleh Ebrahimi

٥٢ - شه‌پۆل

بابه‌ت صه‌لابه‌ت، ئازایی و نه‌به‌زی کورده‌وه نازڵ بووه: ته‌فسیری ئیبنی که‌سیر له قه‌ولی پێغه‌میه‌ره‌وه دڵی: له تاریفی قه‌ومی کوردی کاڵه موبین نازڵ بـوه، ته‌فسیری ئه‌لمیزان، ئه‌فسیری روح‌المعانی، الاصـابه فـی تـه‌مییزی ئه‌سمـای صه‌حابه، حه‌رفی جیم شه‌پۆل.

**واو:**

| | |
|---|---|
| وزه | توانا، هێز، قه‌ووه‌ت |
| واز وازی | بێ لێبڕان، دودڵ |
| وان | زریوارو ڕیاییکه له خۆر هه‌لاتی آسیای گچکه دایه،له فه‌لاتی ئه‌رمه‌نستا و له ناوخاکی کورده‌واری دایه و ٣٦٩٠ کیلومتری چارگوشه‌ی پان و به‌رینه و ١٠٠ میتریش قووڵه |
| واتا | واته، قسه، که‌وابێ، یانی مانا، یه‌عنی |
| وان | زه‌میری سێهه‌م که‌سی کۆیه، وه کو: وان ده‌گوت |
| وه‌شت | باران هه‌ر وه‌کو کۆران ئه‌فه‌رمێ: له گه‌ڵ سایه قه‌ی پاش وه‌شتا |
| ودم | هێزی خوایی |
| وه‌رد | کێلاّنه وه ی زه‌وی |
| وه‌روێرکه | منالێ له به‌رده‌سته |
| وه‌نه‌وز | سه‌ره‌تای خه‌و داگرتن |
| وێرا | ره گه‌ل، ده گه‌ڵ |
| ول | خه م،کسه‌ر |
| ورده | دراوی ورده، ورده پاره |
| وه‌رز | مه‌وسیم |
| وزه | هێز، ده‌سه‌لات، قووه‌ت |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| وڵسات | تاژال، پاتاڵ، مەرو ماڵات |
| وشکەڵ | لکێداری وشکەدار - وشکەدار - چربی و چاڵی ویشك |
| وردبونەوە | سرنجدا ن، دیقەت کردن |
| ونوس | ناوە بۆ دوەمین سەیارەی مەنزومی خۆری کە لە نێوان عوتارید (پەران) وزەوی دایە |
| ونوس | (رَبَّةُ النوع) جوانی و ئەوین و شادی ورەسەنی یەلای رۆمییەکانی خۆر ئاوای کۆن (کونە لاتینیەکان) کە هاولفی ئافرۆدیت: (ئیلاهەی جوانی و ئەوینە لە یۆنانی کۆنا) |

فینوس: ئافرۆدیت (خواژنی جوانی) ئەستێرەی زوهرە، هەروەکو مامۆستای عەشق و دڵ تەر ئەڵێ:

ئەی گەورە کچی (زەووس)!

خوشکە جوانەکەی (فینوس)

زەووس: باوە گەورەی خواکان (بتەکان)ی یۆنانی کۆنە

زوهرە: فینوس، ئەستێرەیەکی گەش: (گەلاوێژ)

.گۆران.

بەلە عزەت بێ زوهرەی جوانی سروشتی

دائەفلیقێ هەر دڵێ کەوتە مستی!...

## هێ:

| | |
|---|---|
| هۆ | بیانو، سەبەب |
| هەڵەت | ئاستەم، زەخست، لێژی سخت |
| هێمان | هێشتا |
| هەی | هەر |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| هەریم | مەڵبەند - |
| هیسی | نسیۆ،داوێنە، نسێی داری کێو |
| هولوان | لباد ماڵ |
| هەلوا | هوپانی،بەیەک پێی حەلواکردن،کایەی منداڵانەیە، |
| های | ئیتلاع، ئاگاداری، خەبەر |
| هەژار | ژار |
| هێف | هەیف، مانگ |
| هێدی | هێمن، ئارام |
| هـــەبن | تەناقی چادر |
| هێژا | بەنرخ |
| هەرەت | تاف، خول دەور |
| هــــۆدە | دیوەخان |
| هەینی | ئادینە، جومعە، هەینو |
| هەرەوەز | یارمەتیدان بەکۆ |
| هەڵاواردن | جیاکردنەوە، هاوێر، هەڵاوازین |
| هەوین | مایە، هەوینی ماست بۆ شێر،بۆ ماست چاکردن، بۆ هەوینە، بوینە |
| هەژگەڵ | لق و پۆپ،گژوگیا |
| هۆزان | زانا، بلیمەت، زۆرزان، زۆرزانا، شاعیر، قەسیدە، عیلات، عەشـایر، پـارچـە شیعریک ، |
| هاروێ | خەیار، هاروی ناوی زانایەکی ئینگلیسییەکە نەزەریەی گەرانی خـوێنی ... دەربریوە |
| هەتینە | تیل گوشی زێرینگەر، پارچە پۆڵایەکی کون کونە زێرینگەران تاڵە زێری پێ دەگوشن و پێی راست دەکەنەوە ، |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| هراو | بەرین، گوشاد |
| هەرەمە | جەنگە، پڕایی |
| هەڵاش | گەڵا و پوشی سەر ئاڵودار. |
| هەڵپڕواندن | بەنینوک هەڵوە راندن |
| هێمان | هێشتا |
| هەناسە | تەنەفوس، نەک ئاخ |
| هۆڵ | دیوەخان، جێگای پەزو ئاژەڵ، هۆڵی مەر |
| هێڵ | خەتی جوت |
| هێچک | گەوەدار، یا ئێسک بەگوریسەوە |
| هەنگور | ترێ |
| هەمەکارە | هەرخۆی حەساو |
| هەڵەموت | ڕژدوسەخت |
| هەڵبواردو | جیاکراوە |
| هزر | بیر، مێشک |
| هەزم | دەرک، تووانەوە |
| هەڵەنگوتن | لوت بە لوتەوەنان، سەرەنگرێ بردن، سەرسمدان |
| هەڵێ | دەرکەوێ، رابکا |
| هەڵاتن | دەرکەوتن، راکردن |
| هەڵدەچێ | دەچێتە سەرێ، کەفدەکابۆسەرێ، شیرەکە، هەڵدەچێ |
| هۆزانڤان | بۆیژ، شاعیر، کەسێ کە شیعری خەڵک بەگۆرانی دەڵێ. |
| هەتەری | واژەیە کە لە نەورۆزاندا دەگوترێ بەمانا ئەی ئاگر، ئاگرانە |
| هۆ | سەبەب، عیللەت |
| هاتنەلا | سەرلێدان، نێزیک بونەوە. |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| هه‌ڵدان | به‌رزبونه‌وه‌، ته‌ره‌قی کردن، وه‌رگرتن، به‌پەله هه‌ڵدانه قسه |
| هه‌رزاڵ | پیرك، که‌پری ناورەز و بێستان |
| هه‌نگ | مێش هه‌نگوین، کرمێکه له پێستی ماڵاتی به‌رز ئه‌دا، کۆمه‌ڵێکی زۆر، ناز، ده‌لالی، گزی و فزی و به‌زم و ئاهه‌نگ . |
| هه‌وڵدان | ته‌قالادان، تێکۆشان، خه‌بات کردن، خه‌بتین |
| هه‌ڵاوردن | لێك جیاکردنه‌وه |
| هه‌ڵیسان | گڕتێ به‌ربون، شه‌ڕوهه‌راقه‌ومان |
| هۆڕه | وه‌ته‌نگ هه‌ڵیان، ده‌نگی مانگا |
| ئیبنی توفه‌یل | ئه‌بوبه‌کر محه‌مه‌د کوڕی عه‌بدولمه‌لیك کوڕی محه‌مه‌د کوڕی محه‌مه‌د - قیسی، پزیشك، فه‌یله‌سوف، شاعیر، وه‌زیر، فه‌قیه ئه‌ندولوسی. ده‌ڵێن: له نێوان ساڵه‌کانی: ٤٩٥ تا ٥٠٥ مانگی ١١٠٢ تا ١١١١ زاینی له دایك بوه و له ٥٨١ مانگی و ١١٨٥ زاینی وه‌فاتی کردوه و حه‌یی کوڕی یه‌قزانی نوسیوه‌، شه‌پۆلیش ته‌رجه‌مه‌ی کردوه‌، به‌کوردی و چاپیش کراوه و ره‌نگینه (شه‌پۆل) |
| هۆگر | ئوگر، خوپێوه‌گر |
| هڕوش | برویش |
| هونك | فێنك |
| هه‌ی هه‌ڵات | چریکه‌ی شادی |

## یێ:

| | |
|---|---|
| یار | دۆست، هاواڵ، دڵبه‌ر، به‌ختیار/خاوه‌ن، پاشگرێکه واتای چاوگه‌یی ئه‌دا به واژه‌، یائه یکاته ئیسمی مه‌صدر (بریار، پرسیار، کریار، جوتیار) |
| یانه | ماڵ، خانو، جێگه‌ی حه‌سانوه‌، ئیداره |
| یونجه | وێنجه |

Dr.Saleh Ebrahimi



| | |
|---|---|
| یەخسیر | دیل، گیراو، لە شەڕدا، بێچارە، بەستەزمان |
| یەکبون | ڕێکی و دۆستایەتی |
| یەکودو | بێ درەنگ، بێ یەک و دو، دەس بەجێ، چەلەحانێ کردن |
| یەواژی | ماشین ڕەوە |
| یاڵ | باسک، بەرزایی تەسک و درێژی شاخ . |
| یەیل | نیشانەی کۆیە |
| یاری | کایە، شۆخی. • شەپۆل • |

Dr.Saleh Ebrahimi

به ناوی خوای بەخشەرو دڵاواو دڵلاوێن

## سەرەتا

مرۆف لە سە رە تای پە یدابونیە وە لە سۆنگەی غەرایزێکەوە کەلەگەڵ بونیدا بەدی هاتووە و خولقاوە و گونجاوە. ئۆگری ئەنبوژەنی و مادیاتو بە دەس هێنانی چێژەو خۆشی لەشو لار بووە، بەتایبەت لەم رۆژ گارەداکە تیکنیک بۆتەهۆی بە دیهێنانی شتی نوێو هۆی ژیانی خۆش. ئەم بۆکشانو ئۆگربونە زیاتر پەرەی گرتووەو لە هەندێ کوڕوکۆمەڵگای رۆژاواییدا، خەڵک لەزەلێ چەقیون کە بەژیان ناوی ئەبەنو ناتوانن خۆیلێ رزگار بکەن.

قسە لە مرۆف و مافی مرۆف زۆر دێتە بەرگوێ، بەڵام بەکردەوە، کەمتر نمونەی گیردێ. ئەم هەموە کوشتنو برین و لەسێدارە دانە، یا ئەو هەموە قڕەو شەڕەگەرکەوجەنگە سوتینەرانەکە بە درێژایی مێژو بەهۆی با هۆی هەندێ خۆبین و خۆویست و قین لە دڵانەوە ڕو ئەداو روی‌داوە یاقەو ماوە، بۆ وێنە هەڵەبجەی سوتاو بەبۆمی سیانورو بۆمی خەردەل و گازی شیمیایی کە بەهۆی صەدامی عەرەبی ئەفلەقی ئەوشارو مەڵبەندە پیرپیت و بەرەکەتە، بووە هێرۆشیمای کوردستان.

دیارە علوم و زانینی مادّی و ئەنبوژەنی لەلایەکەوە مرۆفی گەیاندۆتە دوندولوتکەی پێشکەوتن و ئەو هەموە کەرەستەی سروشت وخۆرسکەی دەسەمۆ کردوەو لە لایێ دیکەیشەوە ئەم دۆزینەوانەو ئەم پەدیدانە بونەتە هۆ کە زۆرتر خەڵک بەرەو ئامانجی مادیوئەنبوژەنی برۆن و هەدەفو ئامانجی مەعنەوی، راستی، دروستی، ئیعتماد بەخۆ، خۆ بەکەم زانین، چاکەو چاکە کردن، میهر، مەحبەت، سەفا، وەفا بە عەهد، تەوەکول بەخوا، کە رۆژێ لە سۆنگەی رابەرایەتی پێشەوایانی دینی، فەلاسیفەو زانایانی عیلمو زانینی خوو ئەخلاقی چاک و پاکو عیرفان وخواناسیدا، لە پلەیێ سەر سەرەوە بو، دا

Dr.Saleh Ebrahimi

کەوتووەو نزم بۆتەوە.

خۆزیا بە پێی سەرکەوتنی زانستی ئەنبوژەنی، مرۆف لە باری مەعنەوی و خوو ئاکاری چاکیشەوە، سەر دەکەوت، هەرچەندە ئەمە دژوارە، بەڵام بە ئاوڕدانەوە بۆ سەر ئاینی بە راستی، خۆ دزینەوە، لە بیرو باوەڕی پوچ و بێ کاکڵە، ئەم ئارەزوە، ناشیاونیە، ئەم هیوایە، هەیە، کە: خاوەن بیرو راو بیروە ران و زانایانی علومی ئەخلاقی لەم رێگایەدا، زۆرتر گرینگی و سەر نج بدەن و ورد بنەوەو تەرح و گەلاڵەی پێداویست بۆ ئارا و قاراگرتنی گیان و رۆحی بێقەراری خەڵکی لە سەتەی ئەتۆمدا هۆیەک بدۆزنەوە کە هۆی ئارام گرتن بێ.

لە ئەبو سەعید ئە بولخەیر دەگێڕنەوە کە لەبابەت ژیانەوە فەرمویەتی:

زنـــدگی چـــیست؟ خـــونِ دل خـــوردن
پشت دیـــوارِ آرزو مـــردن

گفت:نە.زندگی درصدفِ خویش گوهرساختن است
در دلِ شـــعله فـــرورفتن‌ورنگـــداخـــتن است
مَـــعجزِ زنـــدەدلان خـــوابِ پریشـــانی نـــیست
در هـــمین خـــاک جهـــانی دگـــرِ ســـاختن است

بەڵێ ژین و ژیان خوێنی دڵ خواردن و مردن لە پشت دیواری ئارەزوو خۆزیاو بریادانییە، ژیان ئەوەیە مرۆف لە دەرونی خۆیدا گەوهەرو دوڕ و مرواری ساز بدا وخۆی بتوێنێتەوە، تا خەڵک لەبەرو بوی بحەسێتەوە دیارە بەم جۆرە دەچێتە نیو ئاگردانی قاڵ بون و نایشتوێتەوە، هەروەک بەردی بلورین کە دەهاڕ درێ و شوشەو و پیاڵەو ئاو خۆری جوان و رەنگینی لێ ساز ئەدرێ وای، بە سەردێ و لەناو ناچێ، ئەمەیە کش گێڕی دڵ زیندوان، کە لەم سەر ئاخە، ئاخ و جیهانێ دیکەساز ئەدەن تا خەڵک ژینوێنی بکەن بۆ ژیانێ کەهۆی شادی و خۆشی و بژۆینی و حەسانەوە وئارام گرتن بێ.

ئازیران، خوێنەران، دۆستان وەرن لەم جیهانە، فانیەدا چەندەم و کاوێک بچینە بیرکردنەوە و ئامانجی خۆمان لەم هەمووە قرە قرِ و کێشە کێشە، بدۆزینەوە، کە بۆ کوێ دەچین و چمان دەوێ، ئەگەر ژیان هەر ئەم چەن شەو خەوتن و بەرۆژ هەستانەیەو لامانوا بێ کە بە مردن هەمو شتێ تەواو دەبێ و ئەبێ لەم دنیایەدا تاماوین خۆش و باش رابوێرین؟ ئەمە ئیدەیەکە، بەراوەژوی بیرورای زۆربەی زانایان و پێشەوایانی دینی و بیرەوەرانەودیارە ژینیی ئاوا ئەبێ بەژیانی ئاژەڵی و حەیوانی ناو ببرێ.

جاکەوایە، وەرن لەزیمنی کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمی شارستانی و ژیار، مەعنەویەتی خۆمان،کە وەدیعەو ئەمانەتی خوایە، تە سەل و غەنی بکەین و بەرێگای راست و دروستی خوادا برۆین، ئەم قسانە کەمرۆف لە ژیاندا چی دەوێ، منی خستە ئەم بیرە کە هەندێ مەبەستی جوان و گوڵ بژێر لە قورئان و فەرمودەو قسەی زانایان و دانایان و پسپۆرانی خوو ئەخلاقی چاک، هەڵ برێژم و بیخەمە بەرچاوی ئۆگر دارانی کورد زمانی خۆیشەویست، بەوهیوایەی بەکەڵک و پەسەند، بێ.

ئازیزان ئەم کتێبە لەراستیدا بەرگی دومی کتێبی دین و ئەدەب یا قسەی دابێژراوی وێژاوەری پاراوی زوانی کوردی‌یە، کەلە بەهاری ١٣٦٢ی هەتاوی لە لایەن مەتبوعاتی عەتایی‌لە تاران لەژێرناوی (فرهنگ اسلامی ٢٠) لەچاپدراوەو بەرگی دوەم داگری ئەم مەبەستانەیە: یەکیەتی و بانگکردن بۆ یەکبون، ئیعترافی مێژوزانان و زانایان، تێ روانینێک بۆناسینی جوانی، نەورۆز، تازەبونەوەی بیرەوەری گەورەی خزمایەتی ئینسان و سروشت و خورسکە، دین و ئەدەب، واتای ئەم چەن ئایەتە، مرۆف ئازادە، مرۆف خاوەنی ئامانجە، ئازادی و هەڵدانی مرۆفانی، چریکەی پیاوچاکان، پەندو چریکەی تەمسیلی، چەن نوکتە، چریکەی مردن و بێ دەسەڵاتی مرۆف، لێکۆڵینەوەیەک لە سەرمیشکات‌الانواری ئیمام محەمەد غەزالی، کژ، یا بەشی دوەم، بەشی سیۆەم،

Dr.Saleh Ebrahimi

ناسیاوی لەگەل قورئانا، ئیمەو قورئان، کارشکینی دو ڕوەکان، هێزی یەزدانی و هێزی نەفسانی، ئێمەو قورئان و پێگەیشتن.

خوێنەرانی بەرێز ئەگەر مەبەستەکانی ئەم پەراوە گیراو پەسەند و بەکەڵک بێ، لە لوتفو رەحمەتی خوای بزانن، ئەگەر کەمو کورِیو هەڵەیشی تیدابو لەم نەدارە کەم هیزەوەی بزانن و هەڵەم بۆ پینەو پەرۆبکەن، بەهیوای سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ هەموان (شەپۆل) سێ‌شەمە ۱۳۷۲/۸/۲۵ی هەتاویو ۲۵ سەر ماوەزی ۲۶۰۵ک و یەکەمی ج ۲ سالی ۱۴۱۴ی مانگی و ۱۶ی نوامبری ۱۹۹۳ی زاینی تاران.

شەپۆل: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی ئەندامی هەیئەتی عیلمی زانینگە (دانشگاه مذاهب اسلامی) لە تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

# تێ روانینێک بۆناسینی جوانی

ئەوەی بەر لەهەموشتێک دێتە بەر چاو، ئەم نوکتەیە، کە ناسینی جوانی و زێبایی، بەشێکە لەسیستمی بیرو باوەری فەلسەفی خوراواکە چەن لایەنی پەرەدار ئەوەی گرتۆتە بەر، وە زۆرێ لەبیرەوەرانی خۆراوای بەخۆیەوە خەریک کردوە، باس و خواسی نەزەری هونەر بۆهونەر خۆیشی ثانەویەتی هەیە، وەفەیلەسوفان لەو بابەتەوە، کە فەیلەسوفن لەباسی نەزەری هونەردا Art تۆیژانەوەو لێکۆلێنەوە وبا سێکیان بەناو «جوان ناسی یا زێبا ناسی» بەدی هێناوە.

بەواتایێ تر «زیباناسی Aestetic هەروە کو دیوارێکە، پایە کانی ئەوە، سیستم Sistemeی فەلسەفی تایبەتی فەیلەسوفێکە، دیارە هەرچتیێ کە توانیبێتی لە گەڵ بیرا پێوەند پەیا بکا، کەوتۆتە بەر سەرنج ولێکۆلێنەوەی فەیلەسوفان وبیریان لێ کردۆتەوە، جا بەم دەلیلە، لەرامیاریدا، فەلسەفەی سیاسەت و لەزانستدا فەلسەفەی زانست و لەهونەریشدا فەلسەفەی هونەریان، بەدی هێناوە.

هەندێ لە زانایان واتای جوانی و زێبایی یان ئابەمجۆرە بەیان کردوە: زێبا و جوان چتێکە، لە روانگای فەلاسیفە لەئەشیادا لەبەر چاو دە گیردرێ و نەتیجەشی بەدی هێنانی شادی و سرورە

Dr.Saleh Ebrahimi

لەناخی دڵ و دەرونی خەڵکدا[1].

بۆچی قسە لەهونەر ومەبانی ناسی ئەکرێ؟ سەرنجی بیروڕای (باکلیر Bacler) ئەدەین کە یەکێ لە فەیلەسوفانی هاوچاخە، باکلیر، سێ بیروڕای هەیە:

١-«هونەر بەوێنەی کەرەستەی لەزەت» هەندێ دەڵێن کە ئەگەر هونەر چتێکەو واقیعیەتی هەیە، ئەبێ وەها تەفسیر بکرێ، کەبۆ شادیو لەزەتی مرۆڤ وجودی هەیە.

٢-«هونەر بەناوی رێگای گەیشتن بە واقیعیەتی پشتی تەجرەبەو ئەزمون، زۆرێ لە فەیلەسوفان لە هونەردا هۆیەکیان دیوە، کە بە کۆمەگی ئەوە، دەسمان ئەگاتەشتێ، وە بەرهەمەکەی شتێکە لە وزەی زانست و زانین Scince و ئەزمونی (Exprience) مرۆڤ بەدەرە.

٣- هونەر بەوێنەی بەیانی بتەوبونی ئەزمون» ئەم بیروڕایە هونەر بەشتێ ریشەدار، لەتاروپۆی ئەزموندا ئەزانێ، جاکەوابێ هونەر ئەزمونێکە، کە ئاگادارانە، سەر لەنوێ شکڵ ودیمەنی گرتوە[2].

سەرەرای ئەمە، هەرکامە لە ئەزمونەکانی (Exprience) زێبا ناسانەو هونەری ئێمە، ئەتوانێ یەک واتای خوو ئەخلاقی (Ethical) بۆهەبێ وئەمەش موجەویزێ ترە بۆقسەکردن لەهونەر.

هەندێ لەجوان ناسان بڕوایان وایە، کە ئەخلاقی رومانتیسەکانی "Romantism" لەرۆمان وچریکەکانیدا داوەتە بەر سەرنج، ئێستا وزەی زانستی "Powerofscin" رێگایەکی بۆ بەدی هێنانی بژارەو نەغدی "Critic" زێبایی ناسانەکردوٚتەوە.

بە راستی هەروایەکەریچارد Richardse" وتویەتی: هونەروەر بە حاڵەتی دەرونی ئێمە شکڵو دیمەن ئەبەخشێ.

---

١- (موعجەمی فەلسەفی ج١ دوکتور جمیل صەلیبا)

٢-(قسەیەک لەسەر فەلسەفەی جاستوس باکلیر تەرجەمەی جەلالەدین ئەعلەم).

Dr.Saleh Ebrahimi

وە ئەم حاڵەتانە لەواتای پڕو تەژین، باوە کو ئەم واتایا نەلە نیزامی زانستیدا جێگایان بۆ نیە، بەلاّم بێ گومان لەنەفسی واقیعیەتدا شوێنیان بۆهەیە، بەمجۆرە یەك شـوێنەواری هـونەری هۆیە کە، بۆراگەیاندنی مەعریفەت، وە زۆر جار ئەمە خۆی هۆی موکاشەفە ودەرخستنە.

ریچارد ئەڵێ: کە ئەسپاردەی رەخنە گرانە کە لەم بیروڕایە، پشتیوانی بکەن و نەزم و ئیتزامی پێ ببەخشن[1].

ئەبێ بزانین کە جوان و زێبا چتێکە بەناوی شادی گشتی دەخرێتە بـەر چـاو ونومـایشت ئەدرێ» رستەیەك کەبا کلیر زیاتر لە «کانت» لەسەری سورەو پیی بۆ دائە گرێ.

ئەبێ تێ بگەین لەتەواوی دنیا حاسڵی یەك جوانی و زێبایی موتڵەقە کە تەنیا بەهۆی ئەشق و ئەوێنێك کە لەخودی ئەشیا، دای ئەنێ هۆی ئەشیایە، مەلە کوتی ترین، جـوانـی وزێبـایی و ئەسڵەن کاملترینی ئەوە، دا گری رازە، نەترسیم و حەقیقەتێ، بڵێین کە زێبا نەبێ، بێجگە لەیەك گەمەی مەنتقی لەزیهندا "Mind" چتێ ترنیە..

جوانی و زێبایی حەقیقەتێکی پتەوە، کە جوان و شیاوی ئەو ناوەیەو جا هەر بەم بەڵگەیە هونەر تەجەلی هەستێکی پاك و خاوێنە، کە مرۆڤ ئەوانەی ئازمون کردوە[2].

دیارە ئەوەی کە، (لئون تۆلیستوی) بەهەستی پاکی، ناوبردوە، تەعبیر لەهونەری رۆژگاری تازەیەو ئە گەر قەبوڵمان بێ، کە بەتەعبیر ـی «هێگڵ» جوانی خۆرسك کە هونەر، بەرداشتێکە لەوە، دارای کەم و کوڕی یە کی زۆرە[3].

تەنانەت ئە گەر بڕواشمان وە کو ئەفلاتون وابێ، کە هـونەری واقـیعی دەنگ دانـەوەی گرینگی ئەزەلی ئەشیایە[4].

ئەو ساعەزەمەتی هـونەر زیـاتر دە کـرێتەوە، بـاوە کـو «دیـدرو وکـانت لەم بـابەتەوە

---

١ ـ (فەلاسیفەی گەورە ئەندرە کرسون تەرجەمەی کازم عیمادی)
٢ ـ (هونەر چییە؟ لئون تولیستوی تەرجەمەی کاوددەحگان)
٣ ـ (فەلسەفەی هیگل و.ت.ئیستیس تەرجەمەی دوکتور عینایەت)
۴ ـ (نەقدی ئەدەبی نوێی دوکتور محەمەد غەنەمی هیلال)

Dr.Saleh Ebrahimi

موخالەفەتیان کردوە.

جا ئەگەر بیروراییێ وەها ئارمانجیمان لە بابەت هونەرەوە پەیاکرد، ئەو سا ئەزانین کە زێباییوجەماڵێ کە مەتڵوبی، عارفو خواناسە، زۆر بەنرخ ترە لەوەی کە هونەروەر بەدوی کەوتوە.

لەبەر ئەوەی خواناسان بەدوی زێبایی و جوانی موتڵەقەوەنو ئەوەیش جوانی وزێبایییەکی دیکەیە کە لەیەک تەتەڵەی هونەریدا موتەسەورنیە.

ئەوجوانییە، هیچ جۆرە شکڵێک ناگرێ، وەبەهیچ جۆرە جوانیەک پەسەند ناکرێ و لەنێو دڵو دەرونی ئەشیادا شاردراوەتەوەو تەنیا لەنێو دەرونی هەندێ مرۆڤدا خۆ دەنوێنێ، نەک لەیەک تەتەڵەی هونەریدا[1].

هونەر: هونەری بەرپرسو نەخش و رۆڵی ئەوە، لەراگەیاندندا:

هونەری بەرپرس وجسن ورەسەن ئەبێ لەسەر چاوەی بەرزی دڵ و دەرونی هەڵقوڵی وتافگەو فەوارەبکاو لەرێگای ئەندامو حەواس ـی خۆیەوە بگاتە جیهانی مەحسوسات، لەواقیعدا هەستی جوانی و زێبایی لە وجودی هونەرمەندەوە بچێتە نێو دنیای دەرەوەو بەجوانی و خوشیکی خۆی دایپۆشێ و بی رازێنێتەوەو جوان جوانی بکاو بی خزینێتە ناو دڵ و دەرونی ئەمو ئەو، بە واتاییێتر: هونەری واقیعی بریەتییە لەتەجەڵی هەست لە قاڵبی مەحسوسدا، چونکا هیچ تاکێک لەبەرەی مرۆڤ خاڵی لە هەست نەبوەو نایش بێ، تەنانەت پلەی کزبونی ئەوە لەبێ زەوق ترینی تاکیشدا هەیە، جاکەوابێ محاڵە کەسێ بیرو لەش و لاری سالم و ساغ بێ و کەچی بێ هەست بێ.

بەشقەم دارای هەستگەلێ جیاجیابێ، چونکا هەست چێکە حەتمی و لەزەروریاتی ژیانی بەشەرو مرۆڤانییە، لەبەر ئەمە ئەبێ بڵێین: کەهیچ بیر باوەرو ئەندێشە یەک لە مێژودا نەنوسراوەونە گەیشتۆتە نێو قولاّیی کۆڕو کۆمەڵگاو نایشگا، مەگەر لەگەڵ هونەر ئاوێتەبێ و

---

١ ـ (نەقدی ئەدەبی نوێ، دوکتور محەمەد غەنەمی هیلال)

Dr.Saleh Ebrahimi

سـەر وازکـا، سـەراو، وەهـەر شەتـاو دا

وەسەر سەوزەی پاک ئـاڵو ئەصحـاو دا

تـا بـدا پـرتەو، وەسـەر، وجـودا

ئیمـان لە ئـەسرار، ئـەهل شـهود دا

سەروەران، زانایان و هۆزانفان و میوانانی بەرێز، درود ورەحمەتی خواتان لەسربی ئیمە دەما نەوی‌هەندێ لەبارەی بیروباوەری حەکیم مەولەوی لە بابەت زانستی کەلام و ماورای تەبیعەت و خۆرسک بۆ ئێوەی بەرێزان بدوێن[1]:

مەولانا حەکیم مەولەوی مەعدومی لە بابەت ئەوەکە وجودی خوا (اظهر اشیایە، یعنی الظاهر بذاتِهِ والمظهر لغیرِهِ) یە و خوایش عەینی وجودەو نیازی بە تاریف نیە، فەرمویەتی:

هۆنە و شیعر:

١ - زهی نادان که او خـورشید تـابان    بـنورِ شـمع جـوید در بیـابان[2]

میـان اهـل دل ای دل، خـودا را    خـود آرادان، تـو مـدلولِ خـدا را

پس آنگـه کُـو خـدایـی گـر نـبودی    بِشَو، پس شُد، بماکی (رخ) نـمودی[3]

٢ - لە بابەت رۆەیەتی خوای گەورەشدا دەڵێ:

شیعر:

تَـفَضَّلْ بِـالعجلْ بـالکاسِ سـاقی[4]    صەفـای (مـەی) نمـاید وَجـه بـاقی

زدیـده زنگِ ظـلمت‌را زدایـد    دلم تـصدیق رؤیت را نمـاید

در ایـن نَشْأَةْ بـا مکـانش بگـویم    در آن نشأه وقـوعش رابـجویم

حەکیم مەولەوی کورد کێیە؟

ناوی سەید عەبدوو ڕەحیم ناودار بە حوسەینی کوڕی مەلا سەعید لە بەرەی ملا یوسف جان

---

١ - ئەم باسە بۆ کۆنگرەی ڕێز دانان‌و یادی مەوکەوی کورد ئامادە کراوە کە لە شاری سەقزا لە٧تا ٩ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی پێک‌هاتبوو.

٢ - گۆیا ئەم شیعرەی لە شێخی شەبوستە ری وەرگرتوە.

٣ - اشارە بە آیە کن فیکون، الفوائح یا عقیدەی فارسِ مەولوی کورد.

٤ - شاهۆ کێوێکی بەرزو خۆش ئاوو هەوایە کە لە باشوری ڕۆژاوای شاری سنەو باکوری ڕۆژاوای کرماشاندایە.

Dr.Saleh Ebrahimi

کوڕی عەللامەی گەورەی کورد (مەلا بوبەکر -ی موصەنیفە[1] کە دەچێتەوە سەر خواناسی مەزن سەید محەمەد زاهید ناودار بە (پیر خدر -ی شاهۆیی).

مەولەوی لە ۲۱ی مانگی لە سەر شاتەی، تاوەگۆزی مەڵبەندی جووانرۆ، لەکوردستانی ئێران لە نێو بنەماڵەیەکی زاناو بەرز لە ساڵی ۱۲۲۱ لە دایک بوەو ناز ناوی شیعری مەعدومی یەو لە ناو خەڵکیشدا بە مەولەوی بە ناو بانگە.

مەولەوی هەر وەکو گشت مەلاو فەقێی ناوکوردەواری بەکوردستادا دەگەڕێ و لای مەلاچاکەو زاناکان لە هەورامان، مەریوان، سنە، سابلاغ و سولەیمانی، زانست و مەعارفی ئیسلامی دەخوێنێ و دوای شارەزا بوون لە صەرف، نەحو، بەلاغە، بەیان، مەنتیق و فلسەفە، (فقەو اصول فقە) کەلام و تەفسیری قورئاندا، لای زانای گەورە: مەلا رەحمان نودشەیی موفتی سولە یمانی، عیراقی ئەو زەمانە ئیجازەی عیلمی ئیفتاو ئیجتهاد و تەدریسی مەعارف وەردەگرێ.

## حەکیم مەولەوی کورد

بە سەرنج دان و ورد بونەوە لە زانستی کەلام و ئارای مووتەکەلیمان کە زۆریشی حەز لە مەبانی و مەعارفی ئیسلامی کردوە، ئەوەیە کە لە مەبەستی ئیسلامی دا، بۆتە خاوەن نەزر، هەرچەند مەولەوی لە زانستی کەلامدا تابیعی فێرگەی ئەشعری بوە، بەلام لە زۆر مەسائیلدا، نەتیجەی (تَتَبُّعاتی) خۆی لە رستەو عبارەتی جوان و پڕواتا بە پێچەوانەی، بیرو رای عامەی خەڵک بەیان کردوە.

دەگێرنەوە: جارێکیان لە سنە غولامشاخان والی کوردستان (ئەمانە للاخان) واتای ئەم ئایاتەی لێ دەپرسێتەوە (کُلُّ یومٍ هوَ فِی شَأْنٍ[2] عەللامە مەولەوی لە وەلامدا دەڵێ: خوا لەسەر دوندی کێوی ئەزەلەوە روی کردە دەشتی ئەبەدو صَوَرِ جزئیات) هەر وەکو، میگەلە پەزێ لە بەرانبەر شواندا، لە بەرامبەری عیلمی خۆی راگرتبو و گۆچانی قەزایشی گرتبو بە دەسەوەو بەدەستی قودرەتی خۆی بە هۆی ئەو گۆچانە، هەر یەکێ لەوانەی بۆ مەبەستێ تایبەت دیاری و

---

۱- مەلا ئەبو باکر چۆری بوە، لە بەر ئەوەی کتێبی زۆر نوسیوە لە دنیای عوسمانیدا بە موصەنیف ناو دار بوە.

۲- سورەی الرحمان ئایەتی ۲۹.

Dr.Saleh Ebrahimi

نیشانه کرد بو، ئێستا هەمو رۆژێ و هەر کاتو ساتێ عەینەن بە پیێ نیشانە گەلێ کە ئەو زەمانە دیاری کرد بو، کارو باری خۆی بە ئەنجام دە گەینێ. حە کیم مەولەوی کورد، زۆر ورد بین بووەو جوان ترین تەشبیهی لە هۆنەو شیعری خۆیدا بەکاربردوە، بۆ وێنە کە فەرمویەتی: گوڵ چون روی ئازیر نەزاکەت پۆشان - وەفراوان چون سەیل دیدەی من جوشان ... کە لەم شیعرەدا تورتو نازکیو جووانی گوڵی بە جوانی و زەریفی گۆنەو رومەتی ئازیزەکەی (تەشبیە) کردوە، هەروا بفراوی کۆیستانی بە لافاوی ئەسرینو فرمێسکی ئەویندارەکەی دەشوبهێنێ ... دیارەکاتێ وردبینان ئەم شیعرەی مەولەی ببینن ئیتر بۆ تەشبیهی عالیو بە رزو تەرز هەر بەم شیعرە وێنە دەهێننەوەو قەت ناڵێن: (ابو حنیفه کابی یوسف) دە گێرنەوە رۆژێك خانمێکی جوانجاك داوای دوعای چاوەزار لە مەوی دە کاو ئەمیش لە گەڵ دوعاکەدا ئەم سێ شیعرەیشی بۆ دەنێرێ:

تەعویذ بەند ریشەی دڵەی سەد پارەم     بەرگش پەرەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم  
تۆیەند نازکیت جە حەد وێەردەن     بینایی خەیاڵ راگەش گوم کەردەن  
سەفات خەجاڵەت دان وە جامی جەم     دیدەی بەد مەرعەکس وێش بدێو وەچەم

یانی دەزوی دوعا بەستنە کەت رەگی باریکی دڵی هەلاهەلامە. بەرگەکەیشی پەرەی جەرگمە، ئەم نوشتە شتێکی باوە، دەنا جوانی تۆ چاوی خەیاڵیش نایدۆزێتەوە، پاکی تۆئاوێنەی جەمشیدی کەم بایەخ کردووە، کە هەمو شتێکی لە خۆیدا ئەنوواند، دیارە بەم هەموە جووانچاکییە کە خوا بە تۆی داوە، ئیتر چاوی پیس لە باتی ئەوەی لە تۆکار بکا، هەڵ دەخزێو دە گەرێتەوە بۆلای خۆی، خۆی، دەنگێوی[1] مەولەوی زۆر باش توانیویەتی کەسایەتیو ژیان بە ئەشیای بێ گیانو غەیری ئینسان بداکە ئەمە خۆی جورێ ئیستعارەیە. (کروچە) لە پەراوەی (جوان ناسی) خویدا دەڵێ: خووْرسك لەراست هونەردا ئەبلەیەو ئەگەر مرۆڤ نەی هێنێتە قسە، لاڵە، مەولەوی کورد زۆر چاك ئەم کارەی کردووە، کاتێ بە دەردەوە روو دە کاتە گوڵو گیاو ئاو و ئەشیای خۆرسكو لیان دەخوازێ چرۆ نەدەنو روشت نە کەنو لە غەمی ئەودا

---

١ - دیوانی مەولەوی بە خۆش کردنی عەللامە، مەلاکەریم مودەریس ئیمام شافعی رۆژگار پەرەی ٢٣٢ چاپی ١٩٦١ - ز - (شەپۆل).

بەشدار بن کە لە ئەویندارە کەی دوورکەوتوٚتەوە (مەشینە چین چین، چنور نە کاوان ـ توٚ خوا ماتەم بەهاژەی وەفراوان ـ نەسیم وەس بـویەر، وە کوٚسـارانـدا، ـ وەسـەن شـانای وەڵگ وەدیاراندا) مەولەوی لە مەسایلی زانستو زانینی کەلامو مەبانی دینیو فەرهەنگو معارفی ئیسلامیدا دەسەلاتێ زوٚری هەبوەو سەرە رای ئەوەی شاعیرێکی گەورەو (بلامُنازِعْ) بوە، لە زانستو (علومی مختلف اسلامیدا) بیرە وەرێگی مەزنو پرمایە بوەو واژەی کوردیو فارسی و عەرەبی لە دەستیدا هەر وە ک مێو وابوە.

صەرفە نەزەر لە باسی فەلسەفیو کەلامی لەم بابەتەوە مەولەوی بە بیرو مەشرەبی خوٚی، ئەم ئیدیعایە کە خوا رؤیت دە کرێ لە رێگای ذەوق و کەشفو شهود و عیرفانیەوە، ئەزانێ ئەم جوٚرە باسە باوە کو یە کێکە لە مەسەلە ئاینی سەختە کان، بەلاٚم لە باری شیعریشەوە پرو تەژین لە واژەی جوان و لە سەر زار سوك و خوٚش.

٣ـ مەلەوی لە بابەت (سەبەب و مُسَبَّبْ) ەوە ئەم قاعیدە عیلمی‌یە بەم شیعرە جوان و ساکارو پرواتایانە دەڵێ:

شیعر:

فـــلاٚن بـــاوکە، ئـــەوە لە ئـــەولاد
لە دوای ئەولاد پـێ دەڵـێن: ئەحفـاد

لە بوٚخـارە، هـەور لە هـەورە مـەطەر
لە مـــەطەر گیـــا ســـەر دێـــرێتە دەر

مـــوقەددەم نـــاوی نریـــاگـە سـەبەب
بە موئەخخەرەیان دەڵـێن: مـوسەبەب

هەر دولا هەر خـەلق رەبـبی هـادی‌یە
ســەبەبی یەتیــان ئــەمرێ عــادی‌یە

بە قودرەتی حـەق عـادەت جـاری‌یە
ئــەو دێــتە وجــود، ئـەم دیـاری‌یە

(یُمکن) ئار بوٚی ئیحراق هـەر نـەوێ
یا ئـیحراق، وەبـێ ئـاگـر هـەڵکەوێ

هێمان لەم روٚژگارەدا وشکە نەزانی وا هەیە،کاتێ باسی تەرتیبی هەڵم و هەور و باران و گیای لابکەی لەوانەیە بە کوفری بزانێ کەچی مەولەوی لەو روٚژگارەدا بەم جـوانـیە قسـەی لێکردونو بەباشی تێمان دە گەینێ و دەڵێ:

شیعر

هەر دولا هەر خەلق رەببی هادی‌یە
سەبەبی یەتیان ئەمرێ عادی‌یە

مەولەوی چەن شوێنەواری زانینی و زانستی زۆر بەنرخی هەیە بەم ناوانەن:

١ ـ مەنزومەیەک بە ناوی الفضیلة بە زمانی عەرەبی لە ٢٠٣١ شیعرداکە لە ساڵی ١٢٨٥ مانگی دایناوەو ئیمام شافع روژگار: ماموستا مەلا عبدولکەریم مودەریس شەرحێکی بەناوی (الوسیله فی شرح الفضیله) لە سەر نوسیوەو لە ١٩٧٢ی زاینی لە بابە ت ئەقیدەو ئیدئۆژیکیەوە بە شێوەی فەلسەفی و عیلمی کەلام و لێکدانەوەو بەیانی رێبازە، جیاکان، وە تەحقیق لە بابەت خواناسیو عیرفان باس دەکاو سەرەتاکەی ئەمەیە:

شیعر:

بِسمِ اللّه الرّحمنٰ الرّحیمِ　　　　من تاهَ فیهِ نُهْیَةُ الحکیم [١]

٢ ـ العقیده المرضیه: لە ئەقایدو ئوصولی دین بە زبانی کوردی کە لە ٢٤٥٢ شیعردایە، (محی‌الدین صبر نعیمی کانی مشکانی) کورد لە ساڵی ١٣٥٢ مانگیدا لەگەڵ عقیدەی فارسی کە بە (الفوائح) ناسراوە لە بەرگێکدا لە میصر لە چاپی داون مەولەوی لەم رسالەدا، زانیاری کەلام و بیرو باوەڕی ئیسلامی فێر خەڵک دەکا، بەڵام لە هەر لایەک سوزێکی بو هاتبێ و دەربیجەیەکی بو شیعر وتن بوکرابێتەوەو نوری خوای بە سەرداباری بێ قەریحەی گوڵی کردوەو شا بەیتی جوانی خولقاندوەو خوی و خوێنەریشی نوقمی دەریای بیری وردو جوانی خوی کردوە.

زۆر واتا و مەعنای پرواتای لە واژەی جوان و ساده ورەوانو لە بار بەکار هێناوە، کە مروفی زاناو شارەزا لەوکارە شاکارانەی مەولەوی مات دەبێ و سەری سورِ دەمێنێ ئەمەیەش سەرەتای عقیدەی مەرزی یە:

شیعر:

زوبدەی عقیدەو خولاسەی کەلام　　　　هەر لە تۆو بۆ تۆس حەمدو ثەنای عام

٣ ـ الفوائح یا عقیدة الفارسیه لە ٥٢٧ شیعرداو بە زمانی فارسی‌یە، شیعرەکانی ئەم مەنزومە، وەک یوسف و زلیخای جامی لە سەر وەزنی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن) دانراوەو یەکەم شیعری ئەمەیە:

---

١ ـ تاه: بیربکاتەوە ـ سەرگەردان، متحیرشود ـ نُهیة: ئەقل، پایان، نەهی کردن.

هۆنه:

چو بینم در خود از بس روسیاهی    نگنجد ای آلهی، یا آلهی

لەم شیعرەدا دو قاعیدەی عیلمی: نیدای قەریب و نیدای بەعید هەیەو ئاماژەیە بە ئایەتی (نحن اقرب الیه من حبل الورید) سەعیدی شیرازیش فەرمویەتی:

هۆنه:

دوست نزدیکتر از من بمن است    وین عجب که من از وی دورم

۴- کومەڵە شیعرێک بە ناوی دیوانی مەولەوی مەعدومی کورد، لە ۵٦۴ لاپەرەداکە لە لایەن ماموستا مەلاکەریم مودەیس، مودەریس و خەتیبی مزگەوت و بارەگاو خانەقای حەزرەتی عەوسی ئەعزەم (قدس سره) لە بەغدا شەرح کراوەو لە ۱۳۸۰ی مانگی بە زمانی کوردی لە چاپ دراوەو بەم شیعرە دەسی پێ دەکا:

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبونم    دیسان سەروازکەرد دڵەی پر هونم[1]

۵- رسالەیێ لە بەیانی تەریقەی نەخشیدا بە زمانی فارسی

## باری کۆمەڵایەتی مەولەوی:

مەولەوی هەر وەک باقی شاعران و بیرەوەران و زانایانی دنیا بە هەژاری و دەستەنگی ژیاوە، بەڵام زۆر قانع بوەوعیزەتی نەفسی زۆر بوەو قەت تەبعی لەتیف و هونەری زەریفی خۆی وەک هەندێ لە شاعران بونان و ئاوێک سەری، بۆ ئەمیرو پاشا ستەمکارەکان دانەنەواندوەو هونەری خۆی بە (ئەمەنی بەخس) نەفروشتوەو ئەم پەندە کوردی‌یەی کردۆتە سەر مەشق بۆ خۆی کە دەڵێ: (**بە هەڵۆیی مردن نەک پەنا بە قەلی رو رەش بردن**) تەنانەت کاتێ عەنبەر خاتونی خێزانی کە یارو دڵسۆزو سەر چاوەی ئیلهامی شیعری بوەو وەفاتی کردوە، مەولەوی هەر پەنای بە هونەرو سۆزی دەرونی خۆی بردوە و بەس.

هەرواکاتێ لە دوا تەمەنیدا سۆمای چاوی لە دەس ئەداگۆشەگیر دەبێ و پەنا دەباتە بەر هونەری خۆی و شکایەت لە رۆژگار دەکاو دەڵێ:

---

۱- یانی: کەوتە یادی بیچارەیی خوێ.

ئەم دیوانە بە تەرتیبی حەرفی ئەلف و بێ رێک و پێک کراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

هۆنه:

تەدریس و تەقدیس تەمجید بێ دەنگەن    حەسارەی تەقریر تەوحید بـێ رەنگـەن
پـارچـەی تألیفـات شـیخ موهـاجیر[1]    گـرانـەن، نـییەت مـوشتەریو تـاجر
بـاڵ نـمەدۆ تـەیر تـەحریر وەهـەمدا    گـا وەروی رۆمـدا، گـا وەعـەجەمدا
ئومەنـای دەوڵـەت جـە گـردین لاوە[2]    بـە ئـینتیزارەن چـەم نـە ڕوەی ڕاوە[3]
تـەوانـای وانـای فەرمـان نـەمەندەن[4]    چـەپەر بـێ جـوواو خـەبەر پـابەندەن[5]
سەهلەن بینایی دیـدەی مـەعدوم سـەند    داخم هەرئێدەن ئاخ پـەی یـاران مـەند
بـەلام کـێن بـدۆنەی راکـوزر دا    شـان وەشـان شێر قـەزا و قـەدەر دا
هەر شێرێ جە شیر شێران شیر وەردەن[6]    گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کەج کەردەن
بـارێ ئـەگـەر هـەور ئەلتـاف بـاری    پـەی مـەدەد کـاری وەدڵـدا بـاری
دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سیڕ کافین[7]    ئـێد، دای مونـافین ئـەو دوای شـافین[8]

مەولانا خالد نەخشبەندی کە بە نەسخەی جامیعە نوسخەی نابیغە ناودارە لە یەکێ لە ئەشعاری خۆیدا لە واژەی شی کە بەواتای (رۆیی) بەکار براوە کەڵکی وەگرتوەو لە بابەت هیجرەتی حەزرەتی رەسولەوە فەرمویەتی: (وەسێزدە هەنی ئەو خۆر جەبینە - راهی بی کۆچ کەرد شین وەمەدینە[9] لە ١٣ی مانگی مەولود لە رۆژی هەینی چۆتە شاری مەدینە چەند مەسەلەی فەلسەفیو کەلامی، کە حەکیم مەولەوی لیان کولیوەتەوە :

---

١ - شیخ عبدالقادر تختی کردستانی ناودار بە شیخ مهاجر یەکێ لە زاناکانی کەم وێنەی روژگاری خوێ بوە کە شەرحێکی فەیلە سو فانەو عالمانەی لە (تهذیب الکلام تفتازانی) کردوە، حاشیە دیوانی مولەوی پەرەی ١۴٠، مەولەوی ئەم شیعرانەی بۆ عەللامە شیخ ویسم برای شیخ موهاجیر نوسیوەو دەردە دڵی کردوە کە سوماى چاوم لە دەس داوەو کەس نیە ئەو کتێبانە بە دەرس بڵێتەوە.

٢ - امنای دولت از هر طرف، در انتظارند.

٣ - چشم براه من هستند.

۴ - قدرت خواندن دستور نمانده است.

۵ - چاپار بی جواب ماندو خبر نیز متوقف گشته زیرا نمی‌توانم به تقاضای رؤسای روم و عجم پاسخ دهم.

٦ - خواردیان.

٧ - چاو باتن کافیە.

٨ - دیوان مەولەوی لاپەرەی ١۴۴ - ١٣٩، چاوی سەر هۆی تاوانە، چاوی باتن و سیر کافی و شافین.

٩ - رۆیشتن .

۱ ـ له زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامیدا مەسەلەیەك بە ناوی (مناط احتیاج شیء بعلت) هەیە: موتەکەلیمان ئەقیدەیان وایەکە چون (شَیْء)نەبوەو هاتوّتە بون یانی: حادیس بوەو هاتوّتە وجود، نیازی بە عیللەت هەیە، جاکەوابیّ ملاك نیازمەندی (حدوث)ە.

فەیلەسوفان دەڵێن: چون (شَیْء مومکین) لە (حەدِّ ذاتی خوّیدا ئیقتضای) بونی هەیە نەك ئیقتضای نەبون و نیستی (ولا اقتضای صرفه) کەوابیّ ملاك نیازمەندی (امکانَ)ە.

هەندیّ (حدوثو امکانیان) پێکەوە بە ملاك زانیوە، تاقمیّ ئیمکانیان بە شەرتی (حدوث) بە ملاك داناوە، بەڵاّم فەیلەسوفان بڕوایان وایە کە هەر مومکینێك مەسبوق بە (مادّەو مُدَّتَه) و لە دیوانی عەرەبی مەولەویدا ئاوا قسە لەوە دەکا:

شیعر:

کلٌّ من الحوادثاتِ افتقر     لمادةٍ و مدّة کما ذکر
و حکمنا بان یجوح الممکن     الی المؤثر جَلِّیٌ بَیِّنْ
والخلف فی علّته استبانا     أکان ذی حدوثاً ام امکانا
ام ذین شطراًاو بِشَرْطِ لاتبع     حقا من الاقوال بل ذاك اتبع

۱ ـ مەولەوی خوّی لە تەفسیری ئەم شیعرەدا فەرمویەتی:
ذهب الی الاوّلِ الحکماءُ و بعضُ المتکلمین، و الی الثّانی قدماء المتکلمین و لکلٍ و جهة ...[1]

بەڵاّم لە واقیعدا ذهب الی الاوّل قدماء المتکلمین و الی الثانی الحکماء و بعض المتکلمین.

لە دیوانە کوردیەکە شیدا لەم بابەتەوە فەرمویەتی:

شیعر:

پیّی دەویّ پیێ ئەم بەحسو بەیانە     عیللەت حدوس یا خەیر ئیمکانە[2]
یە کێکیچ دەڵیّ: مەجموعیانە     شەترەن ئەو شەرتەن راس کامیانە[3]

---

۱ ـ الوسیلة فی شرح الفضیلة لاپەرەی ۱۹۸.
۲ ـ بوّ رون کردنەوەی ئەم باسە لازمە بپرسین عیللەت حدوسە یا ئیمکانە.
۳ ـ ئەقیدەی مەرزیە چابی میصر لاپەرەی ۸.

Dr.Saleh Ebrahimi

۲ ـ فەیلەسوفان لایان وایە هەر مەوجودێکی مومکین دارای دووجوب و دو ئیمکانە، بیرو رای مەولەویش لە ریسالەی ئەلفەزیلە دا بەم جۆرە بەیان کراوە.

شیعر:

وَبِــوُوجــوبَیْن یــحف الــممکن بســابق ولاحــق فَــبیِّنُوا
بــانه مــا لم یــجب لم یــوجد لاصــل تــرجــیحهم المشــید
و انــه حــین الوجــود امــتنع عــدمه لامتنــاع ان جــمع
عــدمه بــذلک القــرار و لیس ذاک نــافی اختیــار[1]

۳ـ لە تاریفی قِدَم زاتی و زەمانیدا کە یەکێ لە مسایلیداغی فەلسەفی و جێ هەڵخلیسکانی بیرۆرای (متفکران) و بیرەوەرانە بەم جۆرە بەشیعر دەڵێ:

عــدم مســبوقیة قــد یُکْــحَلُ بــغیر او بــعدمٍ فــالاوّل
القِــدَمُ الذاتــی ثُــمَّ الثــانی مــقرط بــالقدم الزمــانی
یمشی الحدوث مشیه فَلْیُوشَم بکــونِهِ مخــالِفاً للــقِدَم
و لاقــدیمَ عندنــا بــالذات سوی جنابِ اللّٰه ذیالصفات[2]

۴ـ لە تەقسیم و دابەش کردنی وجود بە واجب و مومکن لە ئەقیدەی مەرزیەدا بە شیعر دەڵێ:

عەقڵ صاحێب سود بۆ ئەدای مەقسود لە دوای تەسەور مەعناکەی مەوجود

یانی ئەقڵی موفید بۆ ئەدای مەقصود لە دوای تەسەوری واتای بێژەو کەلیمەی وجوَدە.

قــال: المــوجود عــلی نــوعین یأبــی معنــاهُ عــن غــیرِ ذیــن
یەکیکیان ئەگەر تەعریفی دەکەی ئەوەتە نــەزەر ئەبــاڵ زات خــۆی
ئارەزوی عەدەم وەگشت گوزەردا جــائز نــییە پــێ بنــێوەسەردا

یانی: نە لەوجودی لەفظی نە لە وجودی زیهنیداو نە لە وجودی خاریجیدا جایز نیە عەدەم لە دەورو بەری ئەو (خوا) دا پەیدا بێ.

---

۱ ـ الوسیله لاپەرەی ۲۰۵.
۲ ـ الوسیله لاپەری ۲۱۳ و ۲۱۲.

Dr.Saleh Ebrahimi

دڵ لەم تەعریفە وامەعلومی‌یە    کە ئەسڵەن عەدەم بۆی جائز نییە
نەوع ئەوَڵیان هەر واجب بزان    چونکە بۆ عەدەم ناوێ وەنیشان[1]
تلی خەتەرەی غەیریچ بێ تەردید    دەی پاچێ مەودای بورهانی تەوحید[2]
نەوع سانیمان هەر مومکینەو بەس    عەدەم وەك هەرەس هەر ئەودەکا پەس[3]

لە بابەت تەوحید دا لە ئەقیدەی فارسیەکەیدا فەرمویەتی.

شیعر:

وجوب تام از وحدت نگردد    تعالیٰ شأنُهُ عن اَنْ تَعَدَّد
بکثرت درْ بود امکان آفات    بلِ التوحید إسقاط الاضافات[4]
از آن سر زد ندا، این ابتداهُ    وزین برپا صدا این انتهاهُ
هُنا چون ثَمَّه از وی گشته مهجور    عَرَضْ چون جوهر از وی هست مهجور
هیولیٰ نزد وی صورت ندارد    صور آنجا هیولیٰ را گذارد
زمان را دوری از وی صد مکان است    مکان را دوری از وی صد زمان است[5]

٦ـ لە بابەت ئیمان بەخوا و صیفات و ئەسمای ئەو بەشیعر دەڵێ:

ره باریک و استدلالِ تاریک    فبارك ربٌّ این تاریکِ باریک
منْ با ناله بی پا چون درایم    مگر در گردنِ غیری درایم[6]

---

١ـ چونکا واجب‌نا بێتە هەدەف و نیشان بۆ عەدەم.
٢ـ بورهانی تەوحید تاڵی خەتەرەی وجودی غەیری ئەو هەڵدەبرێ.
٣ـ ئەقیدەی مەرزیە لاپەری ٨ ـ ٧.
۴ـ حافظ شیرازی لسان الغیب لەم بارەوە فەرمویەتی:
ندایی آمد از کنج خرابات    که التوحید اسقاط الاضافات
ئەشێ مەولەوی لەمی وەرگرتبێ.
۵ـ الفواتح لاپەرەی ١٣٦ و١٣٥.
٦ـ سعدی شیرازی می‌فرماید:
من بیچاره بیدل چون درایم    مگر در گردنِ غیری درایم
ئەشێ مەولەوی ئەمەی لەو وەرگرتبێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

بگـــیریدم در ایـــن مـــنزل سـپردن　　غنـــای نـــی سنـــای مـــی بگـــردن
بـــزن نـــائی نـــواهـــای عـــیراقـــی　　بـــده ســـاقی از آن صهبـــای بـــاقی
بـــمستی تـــا درآیـــد مـــو بـــمویم　　بـــپویم ره بـــخندم گـــه بـــمویم
بـــجویم بـــاز از آن آبـــی بـــجویم　　بـــرویم بـــار دیگـــر خـــوش بگـــویم
چـه ای ذات، ذاتو چـه چـه گـفتی　　چه گفتی در چِه افـتی در چَـه افـتی[۱]

۹ـ له بابه‌ت ئافه‌رینشه‌وه، به په‌یره‌وی کردن له قورئان و مه‌شره‌بی عیرفانی به‌سێ جۆر خه‌لق کردن ئاماژه ده‌کا:

۱) به‌هۆی ئه‌مری (کن فیکون[۲]) له واتای خه‌لق کردن له نه‌بون و له هیچه‌وه.
۲) خه‌لق به واتای سازدانی ئه‌جزا وه‌ک: خَلَق سبَع سموات ٍطباقاً[۳].
۳) سێوه‌م خه‌لق به واتای ته‌جه‌لّی و زهور، بۆ وێنه مه‌وله‌وی فه‌رمویه‌تی:

شیعر:

هـــمه أشیـــا، اَمـــر آیـــا خـــلقند　　هـــمه آیـــنهٔ أسمـــای حـــقند
چنـــان کـــاسما مـــجلاّی صفـــاتند　　صفـــاتش جـــملگی مِـــرآت ذاتـند[۴]
ظـــهور وی بـــه شأنـــی چـــون نشـــاید　　بـــه‌هر روزی بشأنـــی انـــدر آیـــد
زطَـــوْرِ فـــلسفی بـــر طُـــورِ حق آی　　بآثـــار صفـــاتش دیـــده بگشـــای
تمـــام عـــالم اَعـــنِی: مـــاسوی اللّـه　　نـــبود انـــدر عـــدم از بـــود آگـــاه

۱ـ کان اللّه و لم یکن معه شیء فه‌رموده‌ی په‌یامبه‌ره (د.خ):

بـــه اورنگ حـــدوث از وی نشـــسته　　بـــه او رنگ حنـــای بـــود بســـته
نـــه‌مدّه در وســـاطت پـــانهاده　　نـــه دخـــلی بـــهرِ مـــادّه روی داده[۵]

---

ئه‌شێ مه‌وله‌وی ئه‌مه‌ی له‌و وه‌رگرتبێ.
۱ـ الفوائح لاپه‌ره‌ی ۱۳۵ و ۱۳۴.
۲ـ سوره آل عمران آیه‌تی ۴۷.
۳ـ سوره‌ی ملک ئایه‌تی ۳.
۴ـ الفوائح لاپه‌ره‌ی ۱۷۱.
۵ـ الفوائح لاپه‌ره‌ی ۱۴۲ ـ ۱۴۱ ـ ۱۳۹.

Dr.Saleh Ebrahimi

لە دیوانی کوردی ئەقیدەی مەرزیەشدا فەرمویەتی:

شیعر:

ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە     مەوجود هەر تۆنی ماسیوا سایە
پەنهان بی تەنها وەحدەتت مەوج وەرد     پەی شناسائی زهوریۆت کەرد

یانی: بۆ ئەوە بناسرێت لە سەر زاتی خۆت، خۆت دەرخست.

١ - ئەم شیعرە: پەنهان بی ... ئیشارە بە فەرمودەی (کنت کنزا مخفیا فخلقت الخلق لکی اعرف) دەکا.

بە وێت جەی عالەم بێ بەقای ناسۆت     وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسوت

یانی: لەم دنیا بێ بەقایەدا لە سەر زاتی خۆت زهورت کرد بە جورێ وا بەو هەمو جیلوەو تەجەلیاتەوە کە لە بەراکردت، تۆ نەناسمەوە.

بە سەد جیلوەی تر بێ چونو چەنی     شناسایی تۆم نمە بۆ هەنی[1]

١٠ - لە بابەت صیفاتی سەلبی خوا لە ئەقیدەی مەرزیەدا فەرمویەتی:

شیعر:

سیفات سەلبی، نایەتە، دەفتەر     ککونِ اللّٰهِ لیس بجوهر
لاکین تۆ زەریف، بێ ئەم پەنجانە     هەر پەنج بزانە ئەسلێ گشتیانە
یەکێ قیدمە دوەم بەقایە     قیدەم سەلب سەبق عەدەم مەعنایە

یانی قەدیم وەک ئەزلی خوا، بەقا وەک ئەبەدی خوا.

لە بابەت سیفاتی ٣ و ٤ و پێنجیشدا فەرمویەتی

شیعر:

المخالفةُ للحوادثاتِ     سلبْ هاو مِثلی (دەگەڵ) مخلوقات[2]

---

١ - دیوانی مەولەوی لاپەرەی ٥١.
٢ - لیس کمثله شیء.

Dr.Saleh Ebrahimi

قیام بنفسه وصف چهارمین		سلب احتیاج مانایه یەقین
موفتەقەر نییە رەببولکائینات		نە بەمەحەللات تەموخە سەسات
پەنجوم خۆی مانای وەحدانییەتە		سەلب تەعەدود نەفی کەسرەتە
لە زات لە سیفات لە ئەحوالدا		لە هەمو شەئنو هەمو حالدا

لەو شوێنەی کە قەڵەم، زمان، نامەو بەیان لە پەسەندی خوا بە ناتەوان دەزانێ دەفەرمێ:

شیعر:

چە جای دو زبانی مثل خامە		چە حدّ روسیاهی مثل نامە
کمی گوی و بسی بشنو، بسی بین		زبان و گوش و دیدە گویدت این[1]

مەلەوی مەعدومی کورد لە باسی ئەسما و سیفاتی خوا دا رێبازی ئەهلی کەلامی زانایانێکی وەک تەفتازانی، نەسەفی و شێخی توسی گرتوتە بەرچاو و زۆررونو موستەدەل ئاماژە بە ئیختیلافی ئەبولحەسەنی ئەشعەری و ئەبولمەنصوری ما تور یدی دەکا[2]

١١ ـ لە باسی جەبرو ئیختیارو بیرو رای مەولەوی لەم مەسەلەدا، ئەو لە باسی خەلقی ئەفعال لە لایەن خوا یا مەخلوق، وەکەسبی ئەفعال و ئیرادەو قودرەت، ئەگەرچی قەولی ئەشعەری کە موعتەقید بە خەلقی ئەفعالە لە تەرەف خواوە لەکاتی عەمەلی عەبدو کەسبی عەبددا، پەسەند ئەکاو قەولی ماتوریدی کە جەبری مەحزە بە مەردودی ئەزانێ بەو حاڵەشەوە مەولەوی خۆی (امر بین الامرین)ی پێ باشە.

شیعر:

اشعرت الی الاشعر الوحید		نفسی ماترید نحو ماترید
وابەستە دەبێ ئیرادەی باری		بە بەعزێ ئەفعال بێ ئیختییاری[3]
بەندە ئیرادەی بۆی یا نەوێ		تێرێتیە وجود، پەکی ناکەوێ

---

١ ـ فوائح لاپەرەی ١٧٢.
٢ ـ فوائح لاپەرەی ١٤١ ـ ١٣٦.
٣ ـ بە ئەفعالی بەنی ئادەم تەعەلوق دەگرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

| | |
|---|---|
| مـەیکە بـە دەلیـل نـەفی ئیختیـار | ئـەو فـیعلە لادەو فـریدەو کەنـار |
| وجـودی مـەربوت بـە ئیختییـارە | بـەڵێ: بـەعزێ فـیعل بـەندە دییـارە |
| ئـیرادەی قـودرەت تـێرێتیە وجـود | یانی: های فـی العـبدِ خـالق مـەعبود |
| دەدا تـەرجـیحی یـەك لە تـەرەفەین | ئـەو ئـیرادەیـە کـە پـێی هـاتە بـەین |

لە پاشان دەڵێ: تەعەلوقی قودرەت بە فیعل لە ئیرادەوە سەرچاوە دەگرێ:

| | |
|---|---|
| عادة ذا العـقل عـقیب ذلك[1] | فـیخلق اللّـە رَبُّنـا المـالك |

بەڵام هیچ یەك لەو ئەسبابە مەعمولیانە لە ئەنجامی کاردا (موئەثیر) نین و (موئەثیر)ی واقیعی هەر خوایە و بەس حەزرەتی مەولەوی لەم بابەتەوە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| سـیوای قـدرت ربّ البـریە[2] | هیچی مؤثر فـی الوجـود نـیە |

لا مؤثِّرَ فی الوجودِ الاّ اللّٰه

لە حەدیسی قودسی دایە کە خوا فەرمویەتی: (کنت کنزا مخفیا فـاحببت ان أُعْـرَفَ فخلقت الخلق لکی أُعْرَفَ و لە قورئانیشدایە کە خوا فەرمویەتی: و ما خلقت الجن و الانس الا لیعبدون[3] لە بەشی یەکەمدا غایەت لە ئافەرینش ئەمەیە کە مەخلوق خالقی خـۆی بنـاسێ و عیرفانی پێ پەیدا بکا و لە بەشی دوەم دا مەبەستو هەدەف لە خەلق کردن ئەوەیە، کە مەخلوق بەندەییو عیبادەتی خواو خالقی ی بکا، حەزرەتی مەولەوی لە تەوجیهی ئەم دو واتا بە زاهیر موتەخالیفەدا فەرمویەتی:

| | |
|---|---|
| دەسەمل لەگەڵ (لیعبدون) بو | لەکەی مونافات (لِکَیْ أُعْرَفْ) چو |

یانی: لکەی دژایەتی واتای (لکی اعرف) لاچوو لەگەڵ واتای لیعبدونَدا دەستەملان بون بەم واتایە: کە هەر دوکیان بەواتای عیرفانو ناسینی خودان.

* شاعیری خواناسو عارفو فەیلەسوف لای وایە عەشق و ئـەوین، پـیران جـوان و شـاد رادەگرێ مەبەست عەشقی حەقیقی یە:

---

١ ـ ئەقیدەی مەرزیە لاپەرەی ١١٠.

٢ ـ ئەقیدەی مەرزیە لاپەرەی ١١٠ و ١٠٨.

٣ ـ سورەی الذاریات ئایەی ٥٦.

شیعر:

چـوزەی ســەوزەی هــەرد فــەیز تــۆ وەرۆ[1]
گــەردش نەشــای کــاو لوتــف تــۆ کــەرۆ[2]
نــەواچــی مــن پــیر ئیفتــادەی دڵ ڕێش
ئــیسە چــەنی مــەیل ئــازیزانــم چــێش[3]
تــا یــاران نیگــای نیهــانیشان بــۆ
پــیران مــەشیوُ تــاف جــەوانیشــان بــۆ[4]
پــەی چــێش؟ مــەیل لەیـل پـیریش مەحـاڵەن
ســەندی بــاڵغیش ســەد هــەزار ســاڵەن[5]

* حافظ شیرین وتار دەڵێ:

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق ثبت است بـر جـریده عـالم دوام مـا

* سعدی شیرازیش فەرمویەتی:

بـــاد اگـــر در مـــن اوفـــتد بـبرد کـــه نمـــانده است زیـر جـامه تـنی

لە بابەت وەسفی پێوەند لەگەڵ مەعشوقدا دەفەرمێ:

ئازیز: تای ڕشتەی دڵەی خەم بێ شۆ ئەزلیـانە بـەند تـای ڕشـتەکـەی تـۆ

یانی: ئازیزم تاڵی رشتەی دڵی زۆر غەمبارم، لەگەڵ تاڵی ڕشتەی زوڵفی تۆدا لە ئەز لەوە تێک ئالاّون و لێک جیا نابنەوە.

هــەر دوچــەنی هــەم پــێچ وەردەن وە هەم جیــایی نــە بــەین مەحـاڵەن ستەم[6]

لە بابەت شەوی بەرات (١٥ شابان) بە بونەی چاوە روانی هاتنی دۆستەوە فەرمویەتی:

---

١ ـ وەرو بەواتای: بخوا.
٢ ـ کاو بەواتای دامێنەی کیو.
٣ ـ چەکار.
۴ ـ تاف: سەرەتای گەنجی.
۵ ـ دیوانی مەولەوی لاپەرەی ٩٦ ـ ٩۵.
٦ ـ سەخت،دیوانی مەولەوی لاپەرەی ٧٠ ـ ٦٩.

Dr.Saleh Ebrahimi

هۆنە:

نەهـــاتو نەهـــات دڵ مـــاتەن ئـــیمشەو　　ئـەڵبەت شـنۆی شـەو بـەراتـەن ئـیمشەو
سیـــاهەی دەفـــتەرژمـــیرزای ئـــەزەلەن[1]　　زیـــادی و نوقســـان رزق و ئـــەجەلەن
ئەوهـــا وەبـــەرات بـــێ ئـــەندازەوە　　ئـــێد وەتـــەعلیقەی عـــومر تـــازەوە
کـــەسێ قـــوتەش نـــوقڵ راز یـــاوەرەن　　یـــەکـــێ زیـــندەگیش وەسـڵ دڵـبەرەن
وەڵگ زیـــــندەگـــیم هـــا وەهـــەواوە　　دیمـــا دیـــم شـــەن وەبـــای فەنـــاوە[2]
ئـــەلوەدای تأریـــخ کـــامەرانـــیمەن　　نیشـــانەی ئـــاخر زیـــندەکـــانیمەن
یـــاران ویـــیەردەن، نـــۆبەمەن دەی دەی　　ئـــیسە وەکـــارەن سـاقی نـەشئەی مـەی
سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵ پـەسەند　　ئـــازادکـەر چـون بـێ دەردان جـەبەند[3]

لە بابەت مەسەلەی وەحدەتی وجود دەڵێ:

هۆنە:

پەی کـەسێ خـاسەن هـەوای سـەیر بـاخ　　مـــاسیوای مـەعشوق نـەبۆش ئـاخ و داخ
من جـفت مـەعشوق دەرد هـەمراز مـەن　　چـــون بـــاز ســـەر چـڵ وادەی بـازمەن

لەواتای ورد و جوان و دڵگیریشدا فەرمویەتی:

هۆنە:

پـەنج بـی‌یەن وەشـەش روکـەردنە پـەنج　　حەریر نەمابەیەن بـی‌یەن گـەوهەر سـەنج
تـــا وەزوڵـــفو روی تـــۆ، تەمـاشامەن　　ئەدای نەمـای فـەرز سـوبح و عیشـامەن[4]

حەزرەتی مەولەوی جاریکیان دەچیتە دیداری مەحمود پاشای جاف خانمێکی جوان‌و شۆخ و شەنگ گۆشەی دەواری ڕەشی کۆچەری هەڵدەداتەووە دەروانێتە مەولەوی و هـاو رێکانی و ئەویش بالبداهە بەم دوشیعرە ئەو شانۆیە دەنوێنی و دەڵێ:

---

١ - میرزای ئەزەل: خوایە.
٢ - ئەم لاو ئەو لا.
٣- دیوانی مەولەوی لاپەرەی ٤٤٦ و ٤٤٤.
٤- دیوان مەولەوی لاپەرەی ١٥٧ نەمای: نویژ.

گــۆشەی سیــامالْ هــورداو دیـیـاوه    چون مانگ نه گـۆشەی هــەور سیـاوه
بـه خــودا قـەسەم پـا سـەم ئـومێدەن    حورٌ مقصورات فـی الخیـام ئـێدەن[1]

مەولەوی زاتێکی پڕ پیت و بەرەکەت بووە کە بەزانین و ژیریو پڕ ئاوەزی ناودار بووە، ئەو زاتە مامۆستای شیعری کوردی هەورامی بووەو غەزەلەکانی پڕو تەژین لە صەنایعی ئەدەبی و هونەری چ لە باری لەفزی و مەعنەویەوە وەک ئیجاز، ئیبداع، سهولت و ئیمتناع (سەهلی مومتەنیع) تباق و تەزاد، ئیرسالی مەسەل، تەناسوبی ئەلفاز، زەرافـەتو لەتـافەتو هێزو وزەی شوێن دانان لە سەر بیسەر.

حەزرەتی مەولەوی لە بەرگی شیعرو غەزەلی کوردی واتای عیرفانی و فـەلسەفی و غەرامی لە گەلْ تەشبیهات و ئیستعاراتی بەدیع و دلْ ڕفێن بە جۆرێکی زۆر جوانو دڵگیر و وەستایانە رازاندوتەوەو لە قالْبی داوە کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ، بـەلاّم شیعرە عەرەبیو فارسی یەکانی واینو واتای کردۆتە قوربانی صەنایعی لەفزیو بە تابیەت جیناس. جا لە بەر ئەمە عەیبی تەعقیدو غەرابەتو زەعـفی تـە ءلیـف لە شـیعرە فـارسی و عەرەبیە کانیدائە بیندرێ.

حەزرەتی مەولەوی لە ژیاندا توشی کەندو کۆسبێ زۆر بووە، وەک سوتانی مالْ و هۆی ژیانو کتێبە کانی و مردنی عەنبەر خاتونی خێزانی، وە حەوت سالْ بەر لە مردن سۆمای چاوی لە دەس داوەو لە ئاخریدا لە ئەسب دەکە وێتە خوارێ و پاش چـەند رۆژ لە سـاڵی ۱۳۰۰ی مانگی بارگەی پەرەو لای خوا تێکناوە. خوا غەرقی رەحمەتی خۆی بکا.

یادوارەی ئەو شاعیرە حەکیمە ۱۰ تا ۹ خەرمانانی ۱۳۷۱ی هەتاوی لە شاری فـەرهەنگ پەروەری سەقز سازدرابوو (شەپۆل).

سەرچاوە: ۱ ـ ئەقیدەی مەرزیەی کوردی حەکیم مەولەوی

۲ ـ ئەلفوائح یا ئەقیدەی فارسی ...

۳ ـ الوسیله فی شرح الفضیله بە قەڵەمی مامۆستا مەلاکەریم مودەریس ئیمام شـافیعی ئـەم رۆژگارە.

---

۱ ـ دیوانی مەولەوی لاپەرەی ۳۸۹.

Dr.Saleh Ebrahimi

٤ - الفضيله به زمانی عەرەبی نوسراوی مەولەوی.
٥ - دیوانی کوردی حەکیم مەولەوی بە شەرحو لێکدانەوەی مامۆستا مەلا کەریم.
٦ - مێژوی ئەدەبی کوردی لاپەرەی ٢٧٦ تا ٢٤٧ نوسراوی عەلا ئەدین سەجادی رەحمەتی چاپی ١٩٥٢ی زاینی بەغدا.
٧ - گەنجینەی فەرهەنگو زانست نوسراوی شەپۆل چاپی تاران ١٣٦٤ی هەتاوی لاپەرەی ٥١٩ تا ٤٨٩.
٨ - روژنامەی کوردستان سالی ٤ ژمارەی ٢ لە ٢٦ گولانی ٢٥٧٤ کوردی و ١٣٤١ی هەتاوی تا ژمارەی ٤٤ پانزدەی ئیسفەندی ١٣٤١ی هەتاوی. ئەبێ بلێین: یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە رۆژی چوارشەمە ١٥ گولانی ١٣٣٨ی هەتاوی و ٦ مە ١٩٥٩ی زاینی لە تاران لە چاپدراوەو لە سالی ١٣٤٢ی هەتاویدا ٥ ژمارەی لێ چاپ کراوەو ئیتر داخروە.
٩ - کۆواری کۆری زانیاری کورد بەرگی ٦ سالی ١٩٧٨ زاینی شارۆ یەک لە باغچەی ئەدەبی مەولەوی بە قەلەمی محەمەد عەلی قەرەداغی لاپەرەی ٢٦٦ تا ٢٢٦.
١٠ - کۆواری تەحقیقاتی ئێرانی ج ٢ سالی ١٣٥٧هزانکۆی ئازەر ئابا دەگان لاپەرەی ١٥٠ تا ١٨٨ تەحقیقاتی لە بابەت مەولەوی بەقەلەمی دوکتور خەلیقی.
١١ - تأریخ مشاهیر کورد بەرگ ١ نوسراوی ئوستاد بابا مەردوخ رۆحانی لەباسی مەولەوی مەعدومی لاپەرەی ٤٧٣ تا ٤٦٦ چاپی سروش ١٣٦٤.
١٢ - یاد داشتهای نوسەری ئەم دێرانە.
١٣ - ئەقیدەو ئارای موتەکەلیمان و حوکەماو موحەقیقین.
١٤ - ئارای ئەشعری و ماتوریدی.
١٥ - ئەقاید: تەفتازانی و خواجە نەصیر توسی. ئەم وەتارە بۆ کۆنگرەی رێزدانانو یادی مەولەوی کورد کە لە ١٠ تا ٩ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری فەرهەنگ پەروەری سەقز پێک هاتبوو ئامادە کراوە، هەروا لە ژمارەی ٢٢ تا ١٨ رۆژنامەی ئاوای کوردستان سالی ١٣٧٢ی هەتاوی بەقەلەمی (شەپۆل) لە چاپ دراوە.

دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) ***
ئوستادی دانشگاه مذاهب اسلامی تاران.



بسم الله الرحمن الرحیم

تاریخ ۷۰/۹/۲۴
شماره ۷۸۳/۱۱

استاد گرامی جناب آقای محمد صالح ابراهیمی

با تاییدات خداوند متعال، در نظر است که یادوارهٔ شاعر عارف، ادیب وارسته و چهرهٔ شاخص فرهنگی کرد «استاد عبدالرحیم تایجوزی (مه‌وله‌وی تاوه‌گۆزی)»، در شهرستان «سقز» برگزار گردد.

بی گمان برای اجرای این مهم، از یک سو، استفادهٔ کامل از نظر و اندیشهٔ اندیشمندان، استادان دانشگاه، محققان و بخصوص مولوی شناس‌ها، امری است بس ضروری و محتوم و از دیگر سو، بر هر پژوهشگری در آشنا است که با احساس تکلیف در خود، به وظیفه‌ای که بمقتضای دانش و تعهد به وی محول گردیده است، عمل نماید.

به دیگر سخن ضرورت عنایت خاص به این موضوع از هر دو جانب متصور است و متقن. لذا، از جنابعالی که صاحب نظر و اهل شناخت هستید، تقاضا میشود درباره:

۱- موضوعهای مقالات، سخنرانیها و اشعار (حداکثر ۲ موضوع).

۲- کیفیت برگزاری یادواره،

نقطه نظرها و طرحهای خود را تا تاریخ ۷۰/۱۰/۱۰ به نشانی زیر ارسال فرمائید، تا با توجه تام به نظرات آن بزرگوار و پیشنهادهای دیگر محققان گرانقدر، با تشکیل شاخه‌ای تخصصی یادواره، مرکب از اساتید ارجمند، اقدام لازم به منظور تعیین زمان دقیق و وقت مقتضی انجام گیرد. باشد که بدینوسیله بتوانیم دین خود را در قبال «پیر مغر کرد» ای که در همه حال، پیراستگی درون را بر آراستگی برون مقدم داشته است ادا کنیم. در خاتمه، انتظار دارد که از کیفیت کارهای تحقیقی خود نیز در این زمینه - همراه با نشانی دقیق و شماره تلفن - ستاد را مطلع فرمائید.

والسلام علیکم و رحمة الله

ستاد برگزاری یادواره مولوی تایجوزی

نشانی: سقز کردستان - خیابان ملت - خانهٔ فرهنگ تلفن ۲۱۲۲ -

بالاخانەی چەم، مۆنادگی نۆ / بانەوان و رەگڵ، ناساندگی نۆ / تەمەنی عاجزی کەرد، ضەبافش شیدا / تازەی برجاعی، بانەبنیشیدا.

Dr.Saleh Ebrahimi

## ناوی پیرۆزی هەندێ لەوزاتانەی کە لە سەر قورئان کاریان کردوە:

## قورئان و کوردستان

بەر لە هەمو شتێک ئەبێ بڵێین: شارستانیەت و ژیاری ئیسلام تایبەت بەهیچ هـۆز و نەتەوەیەک نییە، بەڵکو هی ئیسلام و موسوڵمانانە، وە هیچ هۆز و نەتەوەیەک مافی ئەوەی بۆنییە بیکاتە هی‌خۆی چ عەرەب یا فارس یاکورد و ... جاکەوابوو هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی بۆ هەیە بەشی خۆی دیاری بکا یانیشانی بدا. دیارە گەورەیی و بەرێز بونیش بەعیلم و بەزانین، بەتەقوا، خوی باش، ئاکاری چاک، بیری چاک، وتاروکاروکردەوەی چاک و خودایيە. هەروەکوخوا فەرمویەتی (هل یستوی الذین یعلمون و الذین لا یعلمون) یا ئەوەکە فەرمویەتی: (ان اکرمکم عنداللّٰه اتقیکم) و (قد افلح من ذکّٰها و قد خاب من دسّیٰها) دیارە ئەگەر شیری ئیسلام لە کاریشدا بوبێ بۆ دیفاع و بەرگری کردن لەمەزڵومان و موستە زعەفان بـووە، هـەروەک خوافەرمویەتی: (و مالکم لاتقاتلون فی سبیل اللّٰه و المستضعفین من الرِّجال و النساء و الولدان) هەمودە زانین هەر لە سەرەتای گزینگی نوری فەجری ئیسلام و نزولی قورئانەوە، کە خوامزگێنی داو فەرموی (قَدْ جائکُمْ مِنَ اللّٰهِ نُورٌ وَکِتابٌ مبین یَهْدِی بِهِ اللّٰهُ مَنْ اِتَّبَعَ رِضْوانَهُ سُبُلا السَّلٰمَ وَ یُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ الی النورِ باذنِهِ وَ یَهدِیهِمْ الی صِراطٍ مستقیمٍ[1]) جاکاتێ ئەو مزگێنییە، هات و نەتەوەی کورد پەیامی قورئان و دینی ئیسلامی وەرگرت، ئەگەر بەوردی بروانینە مێژو جوان بۆمان دەردە کەوێ. کەنەتەوەی کورد بەدڵ و بە داو، بە لێبرانی خۆی ئیمـانی هێنـا و پەیامی قورئانی وەرگرت، بۆ نمونە ئێستاش کە هەزار و چوارسەت و پانزدە ساڵ لە فەجری ئیسلام و قورئان رابوردوە، کوردەکانی لای بانە و ئەو مەڵبەندانە هێشتا ناوی (اختیار الدّینی) یان لە سەرماوە، ئەمە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە لە کوردواریدا خەڵک بە ئیختییار و ئیرادەی خۆی بڕواو ئیمانی هێناوە، ئەوەکە خەڵک بەدڵوداو لە کوردستان بڕوای بە قورئان هێناوە و خەڵک ئاوا بەجۆش و خرۆش لە سەر دینی ئیسلام ئاوەها سور ماوە و لە سەر ئیمان و ئەقیدەی خوا بەردەوام ماوە و نەفەوتاوە، لە سۆنگەی نوری قورئانەوە بەرقەدار و پایەدار ماوە و عەهد و

---

[1] - سورەی مائدە ئایەتی ١٥ و ١٦.

پەیمان نەپساوە و هێمان نوری قورئان لەکوردە واریدا بەگوڕو بەتین، بەگرمی بێ‌سارد بونوە هەروا ماوە و دل و دەرونی کورد بەتاسەوبە تاوە.

دیارە ئەبێ بزانین کاتێ ئیسلام بە هۆی قورئانەوە دلّ و دەرونی خەلّکی نێلّداو نورانی کرد و ئەوانی لە تاریکایی شەوە زەنگەوە هێنایە بەرتیشک و نور و روناکی‌وە ئەوانی لە نەزانی بردە سەر رێبازی عیلم و عرفان و زانین و قورئان و خۆناسین و خواناسین. وەخوی چاك و ئاکار و کردەوەی باش و خودایی فێر کردن، دەی بابزانین کورد و نەتەوەی کوردچی بۆ ئیسلام و قورئان کردوە یان دەیکات، چ دەسەچیلەیەکی بۆ بەرز بونەوەو قوام و دەوامی قورئان و شارستانیەتی نوری ئیسلام هێناوە و خۆی لەو رێبازە دانیشان داوە. ئەگەر چاوێك بەسەر مێژوی ئیسلام و قورئاندا بخشێنین جوان بەروناکی بۆمان دەردەکەوێ کەهەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، گەورە پیاوانی وەك (جابان الکوردی کە صەحابەو یاری پێغەمبەر بووە، بروایان بە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام هێناوە و تەنانەت حدیس و فەرمودەشیان لە حەزرەتی (محمد المصطفی د - خ) نەقلّ کردوە. یا (میمون) ناودار بەئەبو بەسیر (ابن جابان الکوردی)[1] کە خوا فەرمویەتی: (... الی قوم اولی باسٍ شدیدٍ) کە خاوەنی تەفسیری روحولمەعانی لە ژێر ئایەتەکەدا نوسیویەتی (... و بالجملەان الاکراد مشهور بالباس ...) هەروا تەفسیری (ابن کثیر) نوسیومەتی: کەمە بەست هۆزی کاڵەمویینی کوردە و تەفسیری (المیزان) لەبن ئەو ئایەتەدا نوسیویەتی: مەبەست لەو ئایەتە کوردە و کوردیش ئیرانییە، هەروا کتێبی بەیان (الائیمە)[2] - هەموش دەزانن کە: طبرانی) لە (مسند الکبیر و صغیر) دا لە (جابان الکوردی) حەدیس و فەرمودەی نەقلّ کردوە. جا بەمجۆرە جوان دەرکەوێ کە زانایانی نەتەوەی کورد زۆر خزمەتیان بە ئیسلام و قورئان کردوە، هەربۆیی ئەو تەفسیرانە لە واتای ئایەتی ١٦ سورەی فەتح ئاوا لە خزمەتی فەرهەنگی کورد ئەدوێن، وە بەپێی لێکۆڵینەوە، رون بۆتەوە، کە کوردەکان لە بناغە دانانی ژیار و شارستانیەتی ئیسلام و بەرزبونەوە و پتەوکردنی تەمەدونی ئیسلام نەخشێ زۆر گرینگ و لە بەر چاویان هەبووە و هەیە، جا بۆیێ ئیمام محەمەد غزالی

---

١ - بروانە الاصابە فی تمییز صحابە فی حرف ج و تەفسیری روح المعانی ذیل آیە ١٦ سورەی فەتح.
٢ - ج ١ پەرەی ٨٩.

Dr.Saleh Ebrahimi

فەرمویتی: (فەرهەنگ و دینی ئیسلام لە سەر چوار کۆڵە کە دانراوە کـە سـێ‌لەو ئەستونـانە زانایانی مەڵبەندی ئامێد: دیار بە کروزانایانی شارە زور و عولەمای دینەوەری لای کرماشانە، کە لە نەتەوەی کوردن. ئەگەر خوا زانایان و عولمای ئەوسێ هەرێمەی بـە ئـیسلام نـدابـا فەرهەنگی ئیسلام ئاوا جوان قەوام و دەوامی نەدەبو. یا هەروەک لە (مقدمۀ ابن خـلدون) نوسراوە: (چوار کتێب بۆ فەرهەنگ و زانینە کانی ئیسلامی و علومی قورئانی سەر چاوەن، جاهەر کەس کەبیەوێ مـەبەستێ لە بـابەت مەعـارفی ئـیسلامی یـەوە بـنوسێ، راسـتەوخۆ یاناراستەو خۆ بە ناچار، لە وپەراوانە نەقڵ دە کاو لیان وەردە گرێ، کە دوانیان (نوادر یاالامالی و ادب الکاتب) نوسراوی ئیسماعیل قالیْ دیار بە کری و (ابن قتێبە)ی دنیوری لا کرماشانە کە کوردن هەروا دوکتۆر (جلال همایی) لە پەراوەی (تاریخ علوم اسلامی) خۆیدا ئەم مەبەستەی هیناوە.[1] یا شیخ عەممار - ی یاسر کە لە زانا گەورە کانە و پیری سـەر بەرمـاڵیش بـووەو لە (٥٨٢=١١٨٦ی ز) وفاتی کردوە، کە پیری دستگیری (شیخ نجم الدین: طامۀ الکبری) بووە، یا (ئەبو نجیب عبدالقادر سوهروردی) کە لە ٤٩٠ ی مانگی لە سوهرەوردی لای بیجار لەدایک بووەو لە بەغدالای (علی ابن نهانی و اسعد کوری مهنا) خوێدویەتی و تە کیەی لای رۆژاوای دەجـلە بـۆ دروست کـراوەو لە ٥٤٥=١١٥٠ی ز - بـۆتە فێرکـاری فێرگەی نـیزامـیەو لە ٥٦٣=١١٦٧ - ز - وەفاتی کردوەو لە کە نار چۆم لە نێو فێرگەی خوێدا نێژراوە. یا (حسام الدین چلەبی کە لە ٦٢٢ لە دایک بووەو مەولەوی لە سەرەتای مەسنەویدا بە (مفتاح خزائن عرش و امین کنوز فرش و بایزید وەقت و جنیدزمان) یادی کردوەو لە سەرەتای مسنەوی و سەرەتای دەفتەری ٤ و ٥ و ٦ جوان دەردە کەوێ کە (ضیاء الحق حسام الدین حسن بن محمد بن حس) ناو دار بە چەڵەبی، چەندە لای مولانا ی رۆمی گەورەو گران بووە. - چـەڵەبی، هـەم خەلیفە و هەم پێشەوای خانەقای (ضیاء الدین وەزیر) بووە، چەڵەبی، جازیبەی زۆر بووەو هەر وە ک (مغناتیس) مەولەوی بۆ لاخۆی راکێشاوە، دەڵێن: کاتێ بەرگی - ١ - ی مە سنەوی تەواو دەبێ، خێزانی چەڵەبی وەفات. دە کاو چەڵەبی، پەشێو دەبێ و مەولەیش شیعری بۆنایێ تا دوساڵ

---

١- پەرەی ١١٥٧ ج - ٢ - مقدمەی ابن خلدون چاپی ١٣٦٢ تەرجەمە بە فارسی - هەروا پەرەی ١٥٣ی کتێبی تاریخ علوم اسلامی چاپی ١٣٦٦ (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

(مدتی این مثنوی تأخیر شد - مهلتی بایست تا خون شیر شد - چون ضیاء الحق حسام الدین عنان - بازگردانید زاوج آسمان - چون زدریا سوی ساحل بازگشت - چنگ شعر مثنوی باساز گشت) تا حیسامەدین چەڵەبی، هاتەوە سەرخۆ و نەزمی مەسنەویش کەوتەوە گەڕ، مەولاناو چەڵەبی پانزە ساڵ پێکەوە بوون. مەولەوی بە چەڵەبیدا هەڵدەڵێ (ای ضیاء الحق حسام توئی - کەگذشت از مه بنورت مثنوی - ای ضیاء الحق حسام الدین راد - اوستادان صفارا اوستاد - وەچلبی زدست توو زلب و چشم مست تو - ... وەچلبی[1].

ئەبو بکر حوسین بن عەلی یەزدانیار، زینهارانی کە لە ۲۴۰ تا ۳۳۳ لە ژیاندا بووەو لە ۳۳۳ی مانگی وەفاتی کردوە،لە کۆنەقە برانی شاریورمیٚ کە ئیستابۆتە شار، لای کۆلانی حوسین خان باغی فێرگەیەك بە ناوی (فەتح نوید) لە ویٚ ساز دراوە، کەلەم لاتروە مەیدانی میوەفرۆشان بووەو گومبەزێک هەبوو گوڕستانە کش هەر بەناوی ئەو زاتەوەبو، تاگومبەزە کە روخاوهەر لەویٚ بەئەندازەی ۷۵ سانتیمیتر بە رزتر لە ئەرزە کە،گۆڕێکیان سازدایەوە ، بەلاٚم بەردی کێلە کە،کەلە سەری نوسرابو (هذا القبر للشیخ الفاضل الکامل شیخ ابوبکر حسین بن علی ارموی یزدانیار زینهارانی) و لە سەر ئەو بەردە (۳۳۳ ثلاث و ثلاثین و ثلاث مائه) بۆ وەفاتی ئەوزاتە نوسراوە و ئەو بەردە براوەتە مۆزەخانەی ئێران باستان لە تاران - ناوی گوندێکیش لە نێزیک ورمیٚ بەناوی (زرمانلو - و هەزاران) و ناوکولانیکیش لە ورمیٚدا هەیە، یا زیندەشت - دەڵێن: یزدانیار زینهارانی فەرمویەتی (امسیت کردیا و اصبحت عربیا) یەزدانیار، واژەو بێژە گەلیٚ زۆر بەرزوتەرزی هەیە کە بۆ خەڵك زۆر بە کەڵکن[2].

بیستون ماند و بناهای دگر گشت خراب　　　این درِ خانۀ عشق است که باز است هنوز

(و حکی السمعانی فی الانساب ان شیخ ابا علی السنجی لمّا انصرف من عندالشیخ ابن حامد اجتاز به، فرأی علمه و فضله، فقال یا استاذ الاسم لابی حامد و العلم لک فقال (یوسف بن احمد بن گج، القاضی ابوالقاسم، الدینوری) ذلک رفعته بغداد و حطنی الدینور[3] - سیف الدین

---

۱ - مناقب افلاکی، مناقب العارفین، نفحات الانس، بزرگان وسخنسرایان آذربایجان پەرەی ۷۱ تا ٦٦.

۲ - تلخیص الآثار، نفحات الانس جامی، شیخ الاسلام هروی (شەپۆل).

۳ - طبقات الشافعیه لابی بکر ... تقی الدین ابن قاضی شبهة الدمشقی ۷۷۹-۸۵۱ه‍ ۱۳۷۷-۱۴۴۸م ج - ۱ - پەرەی ۲۲ - تصحیح دکتور حافظ عبدالعلیم خان ج /۱/ بیروت ۱۴۰۷-۱۹۸۷م - الاعلام ۲۸۴/۹ و کتاب

Dr.Saleh Ebrahimi

الآمدی ج - ۱ - طبقات شافعی پەرەی ۴۱۰ و ۴۴۲ علی بن محمود بن علی القاضی العلامه، شمس الدین ابوحسن الشهزوری الکوردی پەرەی ۴۷۲ طبقات - بدایه ۲۷۲/۱۳ وطبقـات الشافعی للسبکی ۱۲۷/۵ کە مودەریسی حوری یەمەن بووە و فەرمویەتی: (الماء و الکلأ و المرعیٰ لله لا یملك) .کل من فی یده مالك فهو لە،یاکسانیٚ وەك (ابن الحاجب شاره زوری - و ابن جنی و سیف الدین آمدی و ابن صلاح شارەزوری، ابوالعباس لوکری متوفای ۵۱۷ سەرەتای سەتەی شەشەم) یا (موسی بن عیسی الکوردی) یافەیلەسوفی ناودار شیخی ئیشراق (یا علامه کمال الدین یونس: ابن منعه) کە بە (قدوةالعلماء و سیدالحکماء) ناسراوە و ناوبراوە، کە لە زانینی سەرف، نەحو تەفسیری قورئان (فقه، حدیث، تاریخ، موسیقی، هندسه، حکمت و کلام، هیئت) (وەحیدی عصر)ی خۆی بووە، یا مەولانا موسا ئوستادی فێرگەی (شکریه) و نەوەی شاحوسین - یا (شیخ الاسلام) مەولانا عەبد حلاق کوری شیخ حەسن خـێزانـی کـە خەلیفەی شیخ (عبدالله) بەدخشانی بووە. هەروا عەللامە (شمس الائیمه تاج الدین عبدالغفار) کتێبێکی زۆر پڕناوەروکی بەناوی (اصول الکوردی) داناوە[۱].

یا خواناسێکی گەورە و زانا و عارفی رەببانی حەزرەتی (تاج الدین اشنوی) کـە لە سەتەی شەشەم و حەوتەمی مانگیدا ژیاوە کە لە کتێبە ئیسلامی یەکاندا ئاوا بەگەورەیی وبە زانایی ناوی براوە: تاجەدین مەحمود بن خواداد ئوشنەوی (شیخ شـیوخ الاسـلام، سلطـان المحققین، ملك الحکماءو الواعظین، قدوة المحققین و سلطان المتکلمین تاج الملّة والدین)[۲] وە لە سەر واتا و تەفسیری قورئانیش ئەم زاتانە خزمەتیان کردوە، بۆ نمونە: (یوسف أَصَـمّ) سۆرانی بە ناوی (منقول التفاسیر) تەفسیرێکی لە سەر قورئان نوسیوە و لە ۱۰۰۲ی مـانگی وەفاتی کردوە[۳] یا (مولانا حسام الدین علی بدلیسی تفسیر جامع التنزیل و التأویل) لە ۵ جەلددا

---

الانساب ۴۷۵/ ب وو فیات الاعیان ۶/ ۶۳ و طبقات الشـافعیه۴/ ۲۹ و مـراة الجنـان ۳/ ۱۲ و البـدایـه و النهـایه ۱۱/ ۳۵۵ و شذرات الذهب ۳/ ۱۷۷ و المنتظم ۷/ ۲۷۵ فیه یوسف بن محمد بن کبج و طبقات الفقهاء للشرازی ۹۸ (ابن بنلج) و کتاب العبر الذهبی ۳/ ۹۲ و طبقات الفقهاء للعبادی پەری ۱۰۷-۳۷۹.

۱- کشف الظنون. ج ۱ - پەرە ی ۸۱.

۲- بروانه غایة الامکان فی درایة الزّمان و المکان تألیف محمود بن خداداد ئوشنەوی، تاریخ گزیده، تحفة العرفان، تذکرۀ شعرا و مجموعۀ آثار فارسی تاج الدین اشنوی قرن ۶ و ۷ هجری.

۳- علماء نافی خدمة العلم والدین و تەرجەمەی ئەوە بە فارسی پـەرەی ۴۷۲ کـە زانـای بـەرێز و هـێژا ئـەحمەد

Dr.Saleh Ebrahimi

بەشێوەی ئەهلی عیرفان نوسیوەو لە ۹۰۰ مانگیدا وەفاتی کردوە[1] شەرفنامە پەرەی ۴۴۸ یا (حسام الدین علی کە پەروەردەی عەمار - ی یاسر بووەو لە رازی دەرون گەییوەو تەفسیرێکی زۆر بە نرخی بەناوی (اشارة منزل الکتاب) نوسیوە و هەر لە بدلیس وخلیفەی نور بخش باپیرەی سەیدانی بەرزنجە بووە و شەرحێکی باشی لە (اصطلاحات صوفیۃ عبدالرّزاق کاشانی) کردوەو شەرحێکی بە فارسی لە گوڵشەنی راز کردوەو لە (۷۰۰=۱۳۰۱ -ز)وەفاتی کردوە، ئیدریس بدلیسی کوڕی ئەم زاتەیە[2] (علامە شیخ الاسلام: ابوالسعود مفتی عمادی) کەتا ئاخری عومری موفتی وڵاتی ئیسلامی (عثمانی) بووە، تەفسیرێکی بەناوی (ارشاد العقل السلیم الی مزایا الکتاب الکریم) کە لە کۆبە تەفسیری کە بیر - ی ئیمام فەخری رازی لە میسر لە چاپ دراوە و لە ۸۴ ساڵیدا لە ساڵی ۹۸۲ی مانگی وفاتی کردوەو لە نێزیک (ابو انصار صحابی - رضی اللّٰه عنهم) نێژراوە. تەفسیری ئەبو سعود زۆر پڕناوە روکە و نوکتەی زۆر وردو جوانی تێدایە کە بەزەریای پڕ شەپۆل تەشبیە کراوە. یا (ابوالفضل محمد افندی دفتری بدلیسی) تەفسیری (مواهب): کاشفی کردۆتە تورکی عوسمانلی و لە ۹۸۲ی مانگی وەفاتی کردوە[3] یا (علامە داماد، وانی حواشی مدوّنی)[4] لە سەرتە فسیری بەیضاوی لە عیلمی تە فسیردا نوسیوە و لە ۱۰۹۸ی مانگی لە ئەستەمبوڵ وەفاتی کردوە.یا شیخ نەجمەدین، کوڕی عومەر،خەیوفی، کەبە (طامة الکبری: بەڵای گورە ناودارو سەر تەریقەی کوبرەوی بووەو لەمیسر چۆتە زیارەتی شێخ روزبەهانی گەورەو کچەکەشی هێناوە، ئەم زاتە تەفسیرێکی بە ناوی (بحر الحقایق و المعانی فی تفسیر السبع المثانی) لە یانزە بەرگدا، نوسیوەو لە - ۱۰ -ج - ۱ - ساڵی (۶۱۸=۱۲۲۱ی ز - وەفاتی کردوەو مریدی (شیخ ابونەجیب سوهرەوردی)، بووە. یا (عبداللّٰە افندی مدرس کردی) تەفسیری قورئانی نوسیوە و لە ۱۰۶۴ی مانگیدا وفاتی کردوە. یا (عبدالسلام ماردینی شرح و تفسیر فاتحة الکتاب) نوسیووە کە لە ۱۲۰۰ لە دایک بووەو لە ۱۲۵۹ مانگی وفاتی

---

حەواری نەسەب ئەنجامی داوە.

۱ - شەرەفنامە پەرەی ۴۴۸.

۲ - کشف الظنون ج ۱ پەرەی ۳۳۳ و شەرەفنامە.

۳ - کشف الظنون ج ۱ پەرەی ۲۱۶.

۴ - جەلالەدین دەوانی: دەوانی لە کوردانی دەوانەو شیعری بەکوردی هەیەو لەدواییدا بوّتە شیعە.

Dr.Saleh Ebrahimi

کردوه [1] (علامه) مەلا خەلیل سیرتی تەفسیرێکی بە ناوی (تبصرة القلوب من کلام علاّم الغیوب) داناوه (١١٦٧-١٢٥٩)[2].

حامید پاڵۆیی دیار بەکری تەفسیرێکی بەناوی (زبدة العرفان فی وجوه القرآن) داناوەو لە چاپیش دراوەولە ١١٥٢ی مانگی وەفاتی کردوه [3] (علامه بدرالدین وانی) تە فسیرێکی بەناوی (انیس الرمس فی تفسیر آیةٌ جری الشمس داناوه (١٠٧۴-١١٢٦)[4].

(عبدالرحمن) سۆرانی دیاربەکری تـەفسیرێکی لە سـەر سـورە ی یـاسین دانـاوەو کۆبەیشی بۆ حاشیەی (عصام الدّین) لە سەر جوزوی ئاخری قورئان نوسیووەو لە ١٠٦٥ی مانگیدا وەفاتی کردوه ـ (علاّمه محمد شریف صدیقی) گـۆرانـی شـاهۆی کـە تـەفسیری (بیضاوی) لە بەربووە، کۆبەی لە سەر نوسیوه و لە ١٠٧٨ ـ لە یەمەن وەفاتی کردوه.

(شیخ عبدالرحمن مفتی عمادی) کۆبەی لە سەر تەفسیری (کشاف) داناوه و لە ١۴ی رەبیعی ٢ ساڵی ٩٧٨لە دایک بووه و لە ١٧ ج ١ لە ١٠٥١ی مانگی وەفاتی کردوه.

عەللامە مەلا عەبدولکریم چۆریّ تا سورەی نەحلی تەفسیر کردوه و لە سیّ جەلد دایە و لە ١٠٥٠ی مانگی وەفاتی کردوه، ـ عەللامەی ناو بەدەرەوە: حاجی مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازی کۆبەی لە سەر ئایەتی‌نور و پەراوێزی لە سەر بەیزاوی نوسیوه [5] عەبدولموحسین گۆرانی تا سورەی ئەعرافی تەفسیر کردوه و لە ١٠۴٠ وەفاتی کردوه [6]، مەولانـا شـەمەدین محەمەد شیرانشی کە لە سەرەتای سەتەی یانزه، وەفاتی کردوه، کۆبەی لەسەر جوزئی (نەبە ء) لەسەر بەیزاوی داناوه و لە ١٠٠٠ی مانگیدا وەفاتی کردوه. ـ (شیخ عبداللّٰه)ی کورد، هەکاری لە سورەی هود تا (نەبە ء) کۆبەی لە سەر تەفسیری بەیزاوی نوسیوه و لە ٩۴٣ی مانگی وەفاتی کردوه ـ جەماڵە دین ئیسحاق قەرامانی کۆبەی لە سەر تەفسیری بەیزاوی داناوه و لە ٩٣٣ی

---

١ ـ هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٥٧٢.
٢ ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٢٢ پە رەی ٣٦٦.
٣ـ هدیة العارفین ج ١ پەرەی ١٧٢.
۴ـ ایضاح المکنون ج ١ پەرەی ٨٨.
٥ـ بروانه کەشف زنون ج ١ پەرەی ٣٥٧.
٦ ـ کەشفزنون ج ١ پەرەی ٣٥٨.

مانگی وەفاتی کردوە[1] (ابن الخیاط) قە رە داغی کۆبەی لە سە ر تەفسیری بەیزاوی و (تحفە لە فقە) داناوە. عەللامە حەزوری ئامێدی سورەی (فاتحة الکتاب)ی بە عەرەبی تەفسیر کردوەو لە ١١٢١ی مانگی وەفاتی کردوە:[2] عیسا خۆشناوی لە سورەی مەریەم تا ئاخری قورئـان بـە عەرەبی تەفسیری کردوە و سورەی فە تح و سورەیئیخلاصی، کردوّتە تورکی عوسمـانلی:[3] عەللامە، مەلا مەحمود موفتی عیمادی سورەی (فاتحة الکتاب)ی تەفسیر کردوە ـ سەید محە مەد بەرزنجی شارەزوری تفسیرێکی بە ناوی (انهار السلسبیل لریاض التنزیل) داناوە:[4] عەللامە (عبدالغفور افندی) ئامێدی لە سەر تە فسیری بەیزاوی کۆبەی دانـاوە[5] و لە ٨٧١ی مـانگی وەفاتی کردوە. (ابن العراقی احمد) ئەبوزەرعە لە سـەر تـەفسیری کەشـاف کـۆبەی دانـاوە (٧٦٢-٨٢٦) عەللامە شەهابەدین ئەبوسەعید ئەحمەد هە کاری تەفسیری قورئانی لە ٥ جەڵدا نوسیوەو لە ٧٦٣ی مانگی وفاتی کردوە[6] (ابن الاکفانی) سەنجاری تەفسیرێکی بەناوی (نغب الطائر من بحرالزاخر) داناوەو پزیشکێکی زۆر شارەزا بووەو زەرە کـلی لە ج ١ لە ئـەعلام داناوی هێناوە. (امام موفق الدین) ئەحمەد کواشی تەفسیرێکی بە ناوی (تبصرة المتذکر فی کشف الحقایق) ناودار بە تەفسیری کەواشی داناوەو لە ٦٨٠ی مانگی وەفاتی کردوە،[7] عە للامە کە مالەدین ئەبولفەتح موسی هەولێری: (ابـن مـنعە) تـەفسیرێکی بەنـاوی (المشکـلات) لە تەفسیری قورئانی مەجید، داناوە و لە ١٤ی شابانی ٦٣٩ی مانگی وەفاتی کردوە[8] عەللامە و عارفی رەببانی شیخ شەها بەدین ئەبو حەفس عومەر ـ ی سوهرەوردی نوسەری (عـوارف المعارف) تەفسیرێکی بەناوی (بغیة البیان فی تفسیر القران) داناوە. (٥٣٩-٦٣٢ی مانگی)[9]

---

١ - کشف الظنون.
٢ - لغتنامە دهخدا.
٣ - هدیة العارفین ج ١ پەرەی ٨١٢.
٤ - ئەعلام زەرەکلی ج ٧ پەری ٧٥.
٥ - کشف الظنون ج ١ پەرەی ١٦٥.
٦ - زەرەکلی ئەعلام ج ١ پەرەی ٨٧.
٧ - ئەعلامی زەرەکلی ج ١ پەرەی ٢٥٩.
٨ - زەرەکلی ج ٨ پەرەی ٢٢٨.
٩ - زەرەکلی ج ٥ پەرەی ٢٢٣.

Dr.Saleh Ebrahimi

(ابن اثیر مُحَدِّثْ جزری) تەفسیرێکی بە ناوی (الانصاف فی الجمع بین الکشف و الکشاف) داناوە، (۵۴۴-٦٠٦ی مانگی) [۱] (ابن شهرزوری) تەفسیرێکی لەسەر قورئان نـوسیووەو لە ۵۳۳ی مانگی وەفاتی کردوە [۲].

(ابن قتیبه) دینوەری تەفسیرێکی بەناوی (مشکل القرآن، غریب القرآن و المشتبه من القرآن)ی داناوە (۲۱۳-۲۷٦) [۳] حەزرەتی (قطب العارفین) سه ید کاک ئەحمەد بەرزنجی لە سەر واتای قورئان تەفسیرێکی نوسیوە (۱۲۰۸-۱۳۰۵)ی مانگی [۴] عەللامە سەید حـەسەن چۆری کۆبەی زۆر وردوجوانی لە سەر تەفسیری بەیزاوی نوسیوە تا گەیشتۆتە سورەی (قیامه) و لە ۱۳۲۲ی مانگی وەفاتی کردوە [۵] عەللامە شە مسەدین ئەحمەد گۆڕانی تەفسیرێکی بەناوی (غایة الامانی فی تفسیر سبع المثانی) داناوە. کە تەفسیرێکی بێ وێنەیە هەروا (تقریظێکی) بێ وێنەی لە سەر تەفسیری (روح المعانی) نوسیوە - [٦] شیخ ئەو رەحمان کە لە ۱۲۲۵ی مانگی وەفاتی کردوە کۆبەی لە سەر بەیزاوی نوسیوە. لەم دوایانە شدا زانای ناودار ئیمـام شـافعی زەمانە مامۆستا مەلاکەریم. مودەریس تەفسیرێکی زۆر گرینگی بەناوی تەفسیری نامی بەزمانی کوردی داناوە و لە چاپیش دراوە، خوابی پارێزێ هەروەهـا زانـای دەس و قـەڵەم جـوان حەرزەتی (شیخ محمد خال قدس سره العزیز) تەفسیرێکی عال و پڕناوەروکی بـە زمـانی کوردی داناوە و لە چاپیش دریاوە. ئەبێ بزانین زانایانی کورد، فە رهەنگ و دینی ئیسلامیان بە هێزو پتەو راگرتووە ولە سەرەتای ئیسلامەوە تائەمرۆ خزمەتێ زۆر گەورەیان بە قورئان و دینی ئیسلام کردوە نە ک عەرەب، مێژولە سەر ئەمە شایەدە.

---

۱- زەرەکلی ج ٦ پە ری ۱۵۲.

۲- هدیة العارفین ج ۱ پەرەی ٦۹٦ و لغتنامه ی دهخدا.

۳- زەرەکلی ج ۴ پەرەی ۲۸۰.

۴- (کشف الظنون) ج ۱ پەرەی ۵۷۵.

۵- یادی مەردان بەرگی ۲ نوسراوی ئیمام شافعی زەمانە: عەللامە، مەلا عـەبدولکەریم مـودەریس پـەرەی ۵۱۴ چاپی ساڵی ۱۹۸۳ کوری زانیای کورد بەغدا، بەڵام لە (علماءنا فی خدمة العلم و الدین)و تەرجەمەی بە فارسی کە زانای ناودار کاک ئەحمەد حەواری نەسەب ئەنجامی داوە و (انتشارات اطلاعات) لە ۱۳٦۹ لە چاپی داوە، باسی ئەم کۆبە کە لە سەر تەفسیری بەیزاوی یە، نە کراوە.

٦- (تاریخ سلیمانی) و دوروبەری بە عەرەبی پەرەی ۱۸۵.

تەنانەت زانایانی کورد گرینگی یەکی زۆریان بە (قرائت قرآن) داوە و تەجویدیان بۆ قورئان نوسیوە، تا خەڵك باش فێری خوێندنەوەی قورئان بن، بۆنمونە: عەللامەی رۆژگار (شیخ محمدو سیم اول تختوی) مەردۆخی دو (منظومە)ی بەزبانی فارسی و کوردی بۆ زانینی ژمارەی سورەی (مکی و مدنی) قورئان داناوە کە ئەو مەنزومەی کە بە زمانی کوردی گۆرانی یە، لە بابەت (تجوید)ی قورئانەوەیە. و ئەوزانایە لەگوندی تەخت لە ١١١٨ی مانگی لە دایگ بووە. یا کتیبی (الفتح المجید فی علم التجوید) بەزمانی فارسی کە عەللامەی ناودار شێخ مارفی نۆدێی بە رزنجی دایناوە (١١٦٦-١٢٥٤).

هەروا ئەبێ بزانین کە زانایانێ زۆر لە قاریانی قورئانی پیرۆز لە نێو کورد هەڵکەوتون بۆ نمونە (عبدالصمد عبدالباسط) کە لە کوردانی موهاجیرە و چۆتە ولاّتی میسر، یا زانای ناودار مامۆستا مەلا (محمد ربیعی) کە لە ساڵی ١٣٤٣ دا لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەشداری کردن (لە مسابقات قرائت) قورئان چبونە پاکستان و لەوێ لە نێو ئەو هەموو قارەیە باش باشانەدا نەفەری دوەم هاتبوەوە،جایزەیشی پێ درابو، مامۆستا (رەبیعی) شوکر بۆ خوا ئێستا لە ژیاندایە و چندین پەراوەی بە کەڵك و باشی نوسیوە. هیوادارین نە تەوەی خاوەن بڕوای کورد هەروا لە خزمەت کردن بەزانینو فەرهەنگ و قورئان و ئیسلام بەردەوام بێولە کاروانی ژیارو شارستانیەت سەرکە وتوو سەر بەرزوبڵیند بێ (شەپۆل) محمد صالح ابراهیمی ٣ی بەفرانباری هەزاروسێسەت و حەفتاوسێ و ٢٤ دسامبر-ی ١٩٩٤ زو ٣ی بە فرانباری ٢٦٠٦ ك.تاران[1]

هەروا(شە پۆل) خۆیشی لە ئەوەڵەوە تا ئاخرین سورە، قورئانی هێناوتە، سەر زمانی کوردی و تەفسیری سورەی (فاتحة الکتاب) - سورەی یوسف، ئایاتی هەڵبژاردە، پەند یا ئەمسالی قورئان و (قصار السور)ی قورئانی، بەزمانی کوردی تەرجەمە و تەفسیر کردوەو لە چاپیش دراون. ئەم وتارە بەکورتی لە ئاوێنەی ژمارەی ١٧ چاپی ١٣٧٤ لە چاپدراوە (شەپۆل).

---

١- نەقڵ لە کتێبی مێژوی زانایانی کورد نوسراوی ئوستادی زانا بابا مەردۆخ (شیوا) قدس سرە. ئەم باسە کۆواری ئاوێنەی کوردی ژمارە ی ١٧ ساڵی ١٣٧٣ بە قەڵەمی(شەپۆل).لە چاپ دراوە .

## هەسیتاری بەرپرس کییەو هۆنەی بەرپرس چییە؟

لە فەرهەنگی ئیسلامیدا یەکەم شوێنێ کە لە شاعیرو شیعر (هەسیتارو هۆنە)ی بەرپرس، قسە کراوە قورئانی پیرۆزە کە فەرمویەتی (وَالشُّعَراءُ يَتَّبِعُهُمُ الغاوُن - اَلَمْ تَرَ اَنَّهُمْ فی کُلِّ وادٍ یَهیمُونَ - وَ اَنَّهُمْ يَقُولُونَ مالا يَفْعَلُونَ - اِلاَّالَّذِينَ آمَنُوا وَ عَمِلُواالصالحاتِ وَ ذَکَرُوااللّهَ کثیراً)[1]

ئەم ئایەتە لە راستیدا، هەستیاران و شاعیران بە پیشەوایانی گومرایان دەزانێ و دای ئەنیێ ئەمە باری تەهاجومی یە لەم ئایەتەدا، بۆ سەر عەرەبی کافرو دژ بە ئیسلام و پیغەمبەر (د - خ) بەلام کەسانێ کە بروایان هەیەو کاری چاك ئەنجام ئەدەن جیا کراونەتەوە جا هەر لە بەر ئەمە دەلێین: هۆنەو شیعری بەر پرس لە روانگای ئیسلامەوە، هۆنەیەکە، لەخزمەتی خوو ئەخلاق و کۆرو کۆمەڵ دابێ و شاعیری بەر پرسیش کەسێکە، بروای هەبێ و کار چاك و جوامیرو میر خاس بێ.

لە سەرەتاوە ئەبێ برانین هۆی دژایەتی قورئان، لەگەڵ شیعرو شاعیری لەم ئایەتەدا بۆ چییە؟، زۆرێ لە شاعیران بە چەکەمەنی شیعر، هێرشیان دەکردە سەر رەسولی خواو دینی ئیسلام، جار جارەش دەیان گوت: ئەو شاعیرە (بَلْ هُوَ شاعِر)[2] بەم قسە هوجومی نارەوای عەرەبی کافر بۆ سەر پیغەمبەر دەستی پێ کراوە، تەنانەت پێیان دەوت: شاعیری شێت - شاعیرە، شێتە (وَيَقُولُونَ أ اِنّا لَتارِکُوا آلِهَتِنا لشاعِرٍ مجنون)[3] یانی ئایا ئێمە لە بەر شاعیرێکی شێت لە خواکانی خۆمان دەس بەربدەین؟! جا هەر لە بەر ئەمە قورئانی کەریم ویستویەتی، رێبازی پیغەمبەری خۆی لە رێبازی شاعیران جیا بکاتەوە؛ چونکا شاعیران، جار جارە لە دنیای خەیاڵ و بیردان و جار جاریش موبالەغەکەر، وەلە روی ئیغراقەوە، قسە دەکەن و شیعر دەلێن و لە بابەت شتێکەوە، غولو دەکەن، کەچی پێغەمبەران لەوە بێزارن و واقیح بین و حەقیقەت گران، جا هەر لە بەر ئەمە قورئان فەرمویەتی: شاعیران کەسانێکن کە گومرایان پەیرەوی لەوان دەکەن، جا چون هەندێ لە شاعیران لە بیرو باوەری شاعیرانەی خۆیاندا غەرقن (و فی کلِّ وادٍ یهیمون) و لە هەر وادی یەکدا سەرگەردانن.

---

١ - ئایەتی ٢٢٧ تا ٢٢٤ سورەی شوعەرا.

٢ - سورەی ئەنبیا ئایەتی ٥.

٣ - سورەی صافات ئایەتی ٣٦.

Dr.Saleh Ebrahimi

قسەی وادەکەن، خویان عەمەلی پێناکەن (وَاِنَّهُمْ يَقولون مالا يَفْعَلُونَ) بەلاّم قورئان شاعیرانی ئامانجدارو چاكو جوامێرو مێرخاس لەوان جیا دەکاتەوە و چوار تایبەتی یان بۆ دائەنیّ: بونی ئیمان، کاری چاكکردن، لە بیر خـوا بـوندا، لە راست سـتەم و سـتە مکـاران راوەستانو لە چەکی شیعر بۆ دەفعی زوڵمو زاڵمان یارمەرتی وەرگـرتن (الا الذيـن آمـنوا وعملوا الصالحات و ذكروا اللّٰه كثيراً و انتصروا من بعد ماظلموا)[1] ئەمەیەکە دەلیین: شیعرو شاعیری، کاتیّ سود بەخشەکە سازندە بیّ نەك ئەو جورە بیّکە بەرەی مروف بۆ پوچیو خەیاڵ پەروە ری، رابکیشیّ.

لەراستیدا بایەخدانو نرخاندنی ئـیسلام، لە بـابەت. شـیعرو شـاعیریدا پـیوەندی بـە هەدەفو ئامانجەوە هەیە یانی: هۆنەی سازندەو ئامانجدارکە نەتەوەیەك رزگاربکاو ئینسان دنەبداو کۆشکی زاڵمو ستەمکاران بلەرزینیّو رەگو ریشەیان لەبن هەڵ بکەنیّ، ئەم جۆرە شیعرو هۆنە چاکەو بەچاکی دەزانیّ. جا هەر لەبەر ئەمەیەکە لە حەدیسدا هاتووە: (اِنَّ من الشعر لحكمة و اِنَّ من البيان لسحراً) هەر لە بەر ئەمانەشەکە پێغەمبەر فەرمویەتی: (اِنَّ المـؤمن يجاهِدُ بنفسِهِ و سيفِهِ و لسانِهِ)کە وێنەی زور روناکی خەباتگیر بەزمان، هەستیارانن کە ئەتوانن بە زمانو هۆنەی خۆیان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

دیارە مەبەست شاعیرانی ئامانجدارە، نەك، شاعیرانیّکە هونەری خۆیان بۆ خزمەت کردن بەستەمکاران تەرخان بکەنو مەبەستیان دەسکەوتی پوڵو دراو بیّو بەواندا هەڵ بڵێن.

دەیارە قسەکردن لە دوفێرگەی (هونەر بۆ هونەر) وە (هونەر بۆکۆمەڵگا) لە کۆنەوە جێگای قسەو لێکۆڵینەوە بووەو تازەگی نییە، هەمیشە تاقمیّ ویستیاری (هونەر بۆ هونەر) بونو دەستەیەکیش، هۆگری (هونەر لە خزمەت خوو ئەخلاقوکۆمەگا) دابون.

رۆژیّ لە زانایانو بیرەوەران فەرمویانە: کە (هونەر) ئەبیّ لە خزمەت کردن (بە خوو ئەخلاقی چاكدا بیّ) جا ئەگەر شاعیریاهەستیار سنوروکەوشەنی ئەخلاق و خوی چاك نەگرێتەبەرچاك و پەسەند، نییە.

---

[1] ـ سورەی شوعەرائایەتی ٢٢٧.

Dr.Saleh Ebrahimi

له دنیای رۆژاوایشدا، کەسانێکی وەک: دیدرو diderot نوسەرو فەیلەسوفی فەرانسەوی[١] بروای وایە کە: هەر مرۆڤێکی ئازادە کە قەڵەم ئەگرێ بەدەستەوە، ئەبێ بیری لای ئەوە بێ کە پاکیو پاک داوێنی، جوامێری، خۆشەویستوچاکوشیرین، بنوێنێو ناشیاویو نامێرانیو فیسقو فجور، ناشیرینو رەزاتاڵو بە ناحەق نیشان بدا[٢] دوکتور ساموئیل جانسون، ویژاوەرو رەخنەگری بڵیند پایەی ئینگلیسی لە سەتەی هەژدەهەم دەنوسێ:
«ئەرکو ئەسپاردەی نوسەرو شاعیر، هەمیشە ئەمەیە کە دنیا لەوەی کە هەیە، باشتری بکا» تولستۆی، نوسەر، مرۆڤ دۆستی مەزهەبی ستەی نۆزدە هەمی روسیە[٣] ریسالەتو ئەسپاردەی هۆنەر وهەستیار لە برەو پێدان بە فێرکردنی دینیو ئەخلاقو خوی باش دائەنێ. هەروا دەڵێ ئەبێ بە هۆی هونەرەوە (خِصالی عالی)و ئەخلاقی باش لە تاکە تاکی مرۆڤ دا بەدی بهێنێ، چونکا مرۆڤ بە ئەخلاقو خو لە ئاژاڵو پاتاڵ جیا ئەبێتەوەو هۆزی مرۆڤ لە کەوناراوە بە ئەخلاق زیندوە، گەلو هۆزی بێ ئەخلاق بە سەر زیندوی، بەرۆح مردوە[٤].

جاکەوابێ ئەخلاقیات زۆر گرینگەو شوێنەواری وێژەیی، کە قسە لە خوو ئەخلاقی چاکو پیاوانە بکا، زۆر پڕبایە خەو بەقانزاجەو شاعیری بەر پرس بە کەڵکەو پرسودە، چونکا سەجایای خوو ئەخلاقو مەلەکاتی فازیلە لە دابین کردنی بەختەوەری بەرەی مروڤدا گرینکییەکی تایبەتیبۆ هەیە. هەمو دەزانین ئەگەر لەکۆروکۆمەڵگایەکدا، خوو ئاکاو رەفتارو کردارو بیرو باوەرو خوی چاک نەبێ، ژیان، لە کۆمەڵگایەکی ئاوەهادا بەڵاو جەحەندەمو دەردە، نەک ژینو ژیان.

کەسێ یا کەسانێ بەختەوەرو خاوەن سەعادەتن کە گیانو رۆحو لەشو لاری خۆیان لە پیسیو چەپەڵی پاک رابگرنو دڵو دەرونی یان بێخەوشو پاکو خاوێنبێ، دیارە کە سانی کە گیان و رۆحی خۆیان پیس و چەپەڵ رابگرن، وە ئەوانەی ناپاکنو خوی ناشیاو لە خویاندا

---

١ - م. ١٧٨٤ی زاین.
٢ - بڕوانە: شیعرو هونەر، دوکتور خانلەری پەرەی ٦٢ ومەقالەیدوکتور عەلەویموقەدەم ئوستادی زانکۆی مەشهەد.
٣ - م. - ١٩١٠ی زاین.
٤ - مەلیک شوعەرای بەهار کە خوی لەنێژادی کوردە.

Dr.Saleh Ebrahimi

ڕادەگرن بێ بەختو زیان لێکەوتون «قد افلح من زَكَّيٰها - و قد خاب من دَسَّيها»[1] خوای بێ وێنەو تاقانە لە سورەی شەمشدا دوای یازدەسوێند -کە لە بابەت ڕاگەیاندنەوە، زۆر گرینگە، ئاماژەی بۆ تەزکیەی ڕۆحو گیانو ڕزگاری مرۆڤ کردوەو فەرمویەتی:

هەرکەس خۆی لە ناپاکی پاک کردەوەو ڕۆحو گیانو لەشو لاری خۆی خاوێنو بێخەوش ڕاگرت، ڕزگارەو هەرکەسیش پیسو چەپەڵ، ڕایگرت زیانی لێکەوتوە و پوواوو سوواوە.

ئەگەر هەندێ بڕوانینە باری ژیانی هەستیارانو شاعیران باش تێ دەگەیین هەستیارانێ کە لە سەر چاوەی قورئانو فەرمودەی پیغەمبەرو قسەی خواناسانو پێشەوایانی دینیو ئەخلاقیو عیرفانی، کەڵکیان وەرگرتبێ هۆنەو شیعریان بەردەوامو جاوید ماوەو توانیویانە شیعرێ پڕمایەو بایەخدار لە نێو کۆمەڵگای بەرەی مرۆڤدا برەو پێ بدەن.

هۆی مانەوەو جاویدانی ئەم جۆرە هەستیارانە بەرپرس بونی ئەوانە سەبارەت بە ئەقیدەو ئیدەو دینی خۆیان، یانی دینی پیرۆزی ئیسلام. ئەم جۆرە شاعیرانە نیشان ئەدەن کە لە سەرچاوەی پاکو بێخەوشی فەرهەنگی قورئانو ئیسلام ئاوی شەوی‌یان هەڵگوێزاوەو فەرهەنگی غەنیو مرۆڤ ساز، کە شوێنی قووڵی لە سەر گیانو ڕۆحی ئەم جۆرە شاعیرانە داناوە بیرەوەری ئەوانە لە بیرو یادی خەڵکدا ماوەتەوەو هەرواش دەمێنیتەوەو نا پوچێتەوە: شیعری ئەوان هەمیشە بەسەر زارانەوەیەو پەندو شیعرە چاکو شیرینەکانی ئەوان لە گوێ‌ماندا دەزرینگێتەوەو دڵو دەرونمان هەمیشە فێنکو خۆش ڕادەگرن. بە شانازی‌یەوە دەبێ بڵێین: شیعرو هۆنەی کوردەواری چون بە هۆی بیرو ئەندێشەی زانایانو خواناسانو پیشەوایانی دینی بەردی بناغەی دامەزراوە: پڕ بەرەکەتە، بۆ وێنە عەللامە (عبدالرحيم) وەفایی، حکیم ئەحمەد خانی عارفی ڕەبانی مەلای جزیری عارفی گەورە، مەلای باتە، خانای قوبادی، وەلی دیوانە، بێسارانی، حەکیم مەولەوی کورد، مەلا پەڕێشانی لور، سەید صاڵح حەیران ماهی دەشتی، فەقێ قادری هەمەوەندی: حاجی قادر کوێی، حاجی خەلیفە بە ها، عەلی تەرموکی، سالم، (ملك‌الكلام مەجەدی)، شیخ ئەحمەد -ی کۆر، مەلیک غازی شیخ‌عوبەیدیلای نەهری شاهی

1- سورەی شەمش ئایاتی ۱۰ و ۹.

شەمزین، سەیدی هەورامیو باباتاهیر عوریان، و... تە نانەت ئەبێ بڵێین: سازو ئاوازی کوردیش چونکا هەر بەهۆی خواناسانو زانایانی ئاینی ساز دراوە، پر بەرەکەتەو هەمیشە لە هەرخولێکدا خۆی نیشانداوەو بەردەوام ماوە[1] ئەم جۆرە شاعیرانە)هونەریان نەکردۆتە هۆی لەزەتی دنیا، بەڵکو هونەری خۆیان وەقفی خێرو بەختەوەری مرۆڤ کردوەو لە ڕێگای ئیسلامو پێش کەوتنو پێگەیشتنو تێ گەیشتنی مرۆڤانیو بێدار کردنەوەی بیرو ویژدانی نوستوی خەڵك بگەیێنە دوندی بەرزو تەرزی ئینسانیو شەرەفو مرۆڤانیو بەخەڵك بێژن:

جیهان بە بێهودە ساز نەدراوە          تۆیش بۆ گەمە خەلق نەکراوی

شاعیرانو هەستیارانی بەر پرس خۆیان لەراست کۆرو کۆمەڵدا بە بەرپرس ئەزانن بارو دۆخی ژیانی کۆمەڵگا، لەشیعری خۆیاندا دەگونجێنو باریباشو لەبارو نالەباری دەی نەخشێنن. ئەمانە بە دوای ئامانجی بەرزو بڵیند دان تا بەڵکو بەرەی مرۆڤ بگەنە خێرو بەختەوەریو ئاسایشو پشودانو حەسانەوەی مرۆڤانی و ئینسانی خۆیان.

ئەو جۆرە شاعیرانەش کە لە پەی شوێنی ئەوەدانکە بە زێرو زێو سفرەی نانو خوانی خۆیان برازێننەوە، ئەمانە باش دەزانن، کاتێ هونەر بۆ کەسبو کارو نانو ئاو بێ، زو تیا دەچێو بێ سەرو شوێن ئەبێو ئەپوچێتەوە. بە دەردی بڵقی سەر ئاو دەچێ. هونەرێ کە بۆجایزە وەرگرتن بێو بکرێتە هۆی دابین کردنی ژیان، کەم دەوامە، هونەرێکە ئەشرافیو هەرمەی خەڵك روی تێ ناکات.

ئەوانەی کە بۆ هەواو هەوەسی نەفسانی خۆیانو بۆگەیشتن بە ژیانێکی خۆشو بۆ بەدەست هێنانی پوڵو دراو یاکەسبی ناو، شیعرو هۆنەیان وتووەو بەخولقاندنی هونەری، وە پێشکەش کردنی هونەر، بە ئەشرافو دەرباریيان بە پایەو پلەگەیشتون، شیعرو هۆنەیان کەم دەوامەو خۆ رانەگرە.

ئەمەیە کە دەڵێین: بنچینەی ویژەوویژاوەری تەککەسوبی بەبە ژنو باڵای شاو میرو وەزیرو ساماندارانـدا هەڵگوتنە، ئەم جۆرە شاعیرانە لە راست هەر برە پەسە ندێ یا تاکە هۆنەیەك، جایزەیەکیان وەرگرتووەو ناشیاوێکیان بەشیاو نیشان داوە، بەو باوە پوچاوە، بەڵام بەختەوەرانە زۆربەی شاعیرانی کورد لەو باوە ناشیاوە دورە پرێز بونو هەن.

---

١ - شەپوڵ.

Dr.Saleh Ebrahimi

شاعیرانی بەرپرس دوای چەندین سەتە هێمان ناویان لە بیرو مێشکی خەڵکدا هەروا بە ناوداری ماوەو لە بیر نەکراون، چونکا ئەوانە بەر لە هەر کەس و هەر شتێک بە مرۆڤ و مرۆڤانی ئۆگری خۆیان نیشان داوەو لەشوێنەواری خۆیاندا لە بابەت ئینسانەوە، ئاخەوتون و هۆنەکەیان پێوەندی بە کۆڕو کۆمەڵەوە هەیە، قسەیان لەو کەندو کۆسپانە کردوە کە هاتۆنەتە سەر ڕێگای ئینسان و ئینسانی توشی دەردو ڕەنج و توشی کردوەو خۆیان لەو بەڵاو دە ردانە لە گەڵ ستەم لیکراواندا نیشان داوە، بەڵێ هەستیارانی بەر پرس ئەکۆشن نەوع دۆستی و هاو دە ردی و خۆشەویستی لە نیۆ خەڵکدا بەدی بهێنن و سەبارەت بە گشت بونەوەران لە جیهانی بوندا دڵۆفان و دڵ لاۆین بن.

شاعیرانی بەرپرس لەهۆنە وتن و بەدی هێنانی شوێنەوارێکی هونەری بێجگە لە پێشخستنی مرۆڤانی ئامانجێ دیکەیان نییەو ئەیانە وێ پەندو ژیان و دەرز بە خەڵک فێر کەن و ڕێگای ڕاست و بەختەوەری بە مرۆڤ نیشان بدەن، فەرمانرەوایان، ئەمیران و دەسەلاتداران بەرەو دادگەری و چاکەو چاک بون و چاکە کردن.ڕێنوێنیان بکە ن، ئەوانە گەرە کیانە کۆڕو کۆمەڵگایەک، دامەزرێنن کە ڕێبازە کەی لە سەر بەرابەری و برایەتی و دادگەری و دۆستی و خۆشەویستی بێ. ئەوانە چاوە ڕوانی ئەوە نین کە لە ڕاست هونەرو کاری هونەری خۆیان جایزەو پاداش لە میرو گزیر وەر بگرن. هەستیارانی بەر پرس دەیانەوێ سیمای یەک ئینسانی ئامانجدار نیشان بدەن و مرۆڤ بۆلای شیاوی و چاکی ببەن و لە ناشیاوی و دزێوی دوری بخەنەوە.

هەستیاری بەرپرس ئاگای لە ئەرک و ئەسپاردەی خۆی هەیەو عەمەلیشی پێ دە کا خۆ نادا بەدەس زاڵم و ستەمکارانەوە لە ڕاگە یاندنی حەقیقەت ترس و باکی نییەو ئەوەی باوەری پێیەتی بە ڕاشکاوی لە شیعرو هونەری خۆیدا دەری دەبرێ.

هەستیار لە هۆنینی خۆیدا هێرش دە کاتە سەر زانایانی بێ کردەوە، ئەو باش دەزانێ کە: «کَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللّٰهِ اَنْ تَقُولُوا مالا تَفْعَلُونَ»[1].

نوسەرو هەستیاری بەرپرس. نوسین و شیعر وتن بۆ خۆ غافلاندن و تەفەنون ناڵێ و نانوسێ، ئەو بەرپرسە، ئەو هاواری ویژدانی ڕوژگاری خۆیەتی. شاعیری بەرپرس وتارو

---

١ - سورەی سەف ئایەتی ٦١.

کردار لێک دەداو لەگەڵ ریاو درۆودە لەسەوگزیو فزیکردندا ملە بەملانێ دەکا، لە شیعری هەستیاری بەرپرسدا بیرو باوەری مرۆڤانی شەپۆل ئەدا،لە بیرو باوەری پوچو ناشیاو جارزو بیزارەو لەگەڵ مارزاندا نەیارە، ئەو مرۆڤ بانگ دەکا تاژیرانەو بەئاوەزانـە بـیر بکـەنەوەو لەجیهانوکارو باری جیهان ورد بروانو ژیرانە بیری لیێ بکەنەوەو فەزیلەتی ئینسان بە سەر بونەوەرانی دیکەدا بە ژیریو بیر وردی، دائەنێ.

هەستیاری بەرپرس لە زەلی دەربار، ناچەقیو خـۆ نـاخاتەنێو هـەرگی مـەداحـیو جـایزە وەرگرتنو زمانی خۆی بۆ پەسەندی ستەمکاران سور نادا، ئەو دەزانێ:

لە پەسند کردنی شەقی، دەلەرزێ عەرش

موتەقی لە پەسە ندکردنی ئەو دەبێ دڵ رەش [1]

هەر وەک پێغە مبەری مەزنی ئیسلام فەرمویەتی: (اذا مُدِحَ الفاسِقُ غَضَبَ الرَّبُّ و اَهْتَزَّ لِذٰلِكَ الْعَرشُ) [2].

هەستیاری بەر پرس هەست بە دەردو رەنجی خەڵک دەکاو خۆی لە کەندو کۆسپی ئەواندا بە بەشدار دائەنێو بۆئاگادار کردنەوەی بەرەی مرۆڤ تێ دەکوشێو تەقالا دەدا تا مرۆڤ لە زەلی نەزانیو نەفامی رزگار بکا تا ئەرکو ئەسپاردەی خۆی بە جیێ بینێ، ئەو بە هۆنەی خۆی دەکوشێ تا بیرو ئەندێشەی خەڵک سەبارەت بەکارو کردەوە بەرێتە سەریو بۆ فێربونی زانینو زانستو هونەرو پیشەو صەنعەتو تکنیک، خـەڵک دنـەدەدا، چونکـا بـاش دەزانێ کاتێ مرۆڤ بێدار و ئاگا بێ ئێتر بە ئاسانی ناچێتە بن باری بێگانەو نامۆ، زو دەسەمۆ نابێ تا بیخەنە بن نیر ئەو دەزانێ یەکێ لە گیرو گرفتی مرۆڤ بەدرێژایی میژو، نەزانیو بێ فەرهەنگییە، کە زۆر وێژانو ملهوران بەکەڵک وە رگرتن لەوە، بیرو هۆشیی بەرەی مرۆڤ دەدزنو سواری سوکری دەبن.

هەستیار بەدەس هێنانی زانین، لە هەر هەلو مەرجێکدا، بۆ موسوڵمـان بـە پـێویست دەزانێ، هیچ شتێک بە بەرگر لە فێربونی موسوڵمانان دانانێو پێیان رادەگەینێ کە بۆفێربونی

---

١ - مثنوی، معنوی، مولوی، چاپی کەلالە خاوەر، تاران پەرەی٧.

٢ - سیوتی جامع صغیر ١/١٣١ فەرمودەی ژمارەی ٨٦٥.

زانستو زانین بکۆشنو کوڵ نەدەن. شاعیری بەر پرس بیری ئازادەو ئازادانە بیرو باوەری خۆی رادە گەینێ، لەکەس ناترسێو زوڵمو زۆری دەسەڵاتداران تاوانبار دەکاو لە تەک زوڵمو زۆرۆیژی خراپەو لەگەڵ خراپەکردندا رکە بەرایەتی دەکاو بێ دەنگ نابێو خۆی بە تەماشاچی نازانێ، بەڵکو دەس دەکا بە توانجو تەشەر هاویشتن، وە پلار لە ستەمکاران دەگرێو رەخنەیان لێ دەگرێو حەقیقەت دەڵێ، برسی بونو روتو قوتیو نەداری زۆر پێ باشترە تادەس بۆلای ستەمکارو پیسکە درێژ بکا.

شاعیری بەرپرس ئیغراقو موبالەغەی زیاد لە رادە، لەقسەی دا نییە تا پەسەندکراوەکەی بباتە (اعلی‌علیین) و کورسی فەلەکیش نانێتە ژێر پیێ کەس تا ئاو زەنگی پەسەندکراوەکەی خۆی ماچ بکاو بە زمان، لوسیو زمان تەری، سابون لە بەر پیێ ئەو بدا، بەڵکو ئەو میرو پاشای دادگەرکە لە بیری چاک کردنی کارو باری خەڵکدایەو خوی چاکو شیاوی هەیە، پەسەندی ئەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوانەی کە بەد خوو ستەمکارن دژایەتیو سەرکۆنەیان دەکا.

شاعیری بەر پرس تەمەنی هەزارساڵە بۆ خۆشەویستەکەی ئارەزو ناکاو ئەوە بە باتڵ دەزانێ:

هەزار ساڵ دوعای بەقای عومرت بۆناکەم

چونکا دەزانم ئەوە نەگونجاوو لەژیری دورە[1].

دیارە هەمو دەزانین کە پیاهەڵ وتن، لە ئیسلامدا مەنع کراوەو پێغەمبەر (د - خ) یش فەرمویە تی: (اَحْثُوا الُّترابَ فی وُجُوهِ المداحین) یانی خۆڵ بکەن بە سەرو چاوی ستایشگەردا[2] ئەبێ بزانین لە ئیسلامدا مەدحو پەسەندێ مەنع کراوەکە لە حەقیقەتو راستی دور بێ، ئەنا پەسەندی کەسێ کە خوی چاکو جوامێرانەی هەبێو دارای فەزیلەتی ئینسانی بێ، ناشیاو نییە، بەڵکو ئەم جۆرە پەسەندکردنانە، دەبێتە هۆی دنەدانی خەڵکی دیکە بۆ چاک بونو چاکەکردن، هەروا بۆ ئەوەش تا خەڵک بە جەوهەرەی وجودی ئەو جۆرە کەسانە ناسیاو بنو کەڵکی لێ وەربگرن. دیارە خۆ مەترەح کردن بەپیێ قورئان دروستە، هەر وەک حەزرەتی یوسف خۆی

---

١- کوللیاتی سەعدی پەرەی ٦٦٩٥.

٢- سیوتی جامع صغیر ١/ ٤١ فەرمودەیی ژمارەی٢٣٤.

لای پاشای میسر مەترح کردو فەرموی (اجعلني على خزائن الارض اني حفيظ علم)[1] بە شێکی زۆر لە وێژاوەری‌و ویژەی بەرپرسی زمانی کوردی، بۆ پەسەندی خواو پێغەمبەرو خواسانان تایبەت کراوەو هەستیارانی کورد بە باشترین شێوە وشیواز، لەو بارو بابەتەوە قسەیان کردوەو شیعرو هۆنەیان هۆنیوەتەوە. بۆوێنە **عارفی رەبانی مەلا ئەحمەد جزیری** فەرمویەتی:

اللّـه سـەحەر گـاها ئـەزەل — یەلمومی عیشقی شوعلەدا[2]
نـورا جەمـالا لەم یـەزەل — ذاتـی تەجەللایـا خـوەدا
ذاتـی تـەجەللا بـولذات — بـێ ئـیسم‌و ئـاثارو صفـات
سـیرا حـروفێن عـالیات — خـەف بـو دسـەترو پـەردەدا
زاتـی مـوقەددەس بـو وجـود — جۆشش نەدا بو بەحری جـود
وصـف‌و ئیضـافات‌و قـیود — یـەک ژی تـەجەللایێ نـەدا[3]

**یاوەک عەللامە وەفایی فەرمویەتی:**

ئەی (امام المرسلین، شمس الهدی، بحر الهـمم)
ئەی (شفیع‌المذنبین، خیری الوری مولی النـعم)
ئەی نەسیمێکی گوڵی زارو شوعـاعێکی روخت
شەوقی رۆژو بەدری تابان عەتری گوڵزاری ئیرەم
ئـەی لە شـەوقی جـەنەتی روت ئەنبیـاو ئـەولیا
روح لە سەر لێون وەکو پەروانە بۆ دیداری شەم

**یا وەک عەللامە نالی فەرمویەتی:**

ئەی جیلوە دەری حوسن‌و جلەو کـێشی تەمـاشا!
سەر ڕشتەیی دیـن بـێ مـەدەدی تـۆ نـییە حـاشا

---

١- سورەی یوسف ئایەتی ٥٥.
٢- یەلمومی: چوڵەچرا.
٣- دیوانی جزیری پەرەی ٥٤١.

Dr.Saleh Ebrahimi

فەیاضی ریارضی گـوڵو مـیهرو مـوڵو لەعـلی

ئەی شەوقی روخو ذەوقـی لە بت ذائـیقە بـەخشا

ذەرڕاتــی عـوکوسی کـەششی مـیهری جـەلالن

واذێــنو دەچـن سـەر زەدە سوڵتـانو شـەهەنشا

جــان بــەر لەبـی بۆسەی لەبـتە عـاشقی زارت

«فــالبائیس یســتوهب مــن فـیک معـاشا»

بەو رەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەڕ

لەم قەلبە کە وەک بـەردە رەشـە «رُشَّ رَشـاشا»[1]

لا حـــولَو لاطـــولَو لا قـــوّةَ الا

بـــاللّهِ، لە القـــدرةُ، والکـــائن، مـــاشا»

«نالی» نییەتی سیحری بەیان حکیمەتی شیعرە

ئەممــا نــییەتی قـووەتی دڵ، قـودرەتی ئینشـا[2]

یا وەک حەکیم ئەحمەد خانی فەرمویەتی:

سـەر نـامەیێ نـامە نـامیێ ئـەڵلاه

بـێ نـامیێ تـە نـاتەمامە وەڵلاه

ئەی مەطلەعیێ حوسنیێ عیشقبازی

ئیسمیێ تەیە نەقشیێ خامەیا عـیشق

بیێ نەقشیێ تە، نەقشیێ خـامە خـامە

بـێ نـامیێ تـە، نـامە نـا تەمـامە

نـامیێ تـەیە شـاه بـەیتیێ مـەقسود

فـێهرستیێ موکـاتەباتیێ مـەحمود[3]

---

١ - ئاو رشێن، بەئاورشێن کردن.

٢ - دیوانی نالی پەرەی ٧٨ تا ٧٥ چاپی کۆری زانیاری.

٣ - دیوانی مەم وزین پەرەی ١و٢.

Dr.Saleh Ebrahimi

**یا وەک حەکیم مەولەوی کورد فەرمویەتی:**

زوبدەی عـەقیدەو خـولاصەی کـەلام
هەر لە تۆو بۆتۆس حەمدو سـەنای عام
هەر خۆتی بۆ خۆت بورهان دیتر بەس
بەشی خۆی تێکەڵ نـاویٚ بکـا کـەس
کەنـــارەی صـــەحرا نـــادیاری یـــە
بینـــایی عـــقول ئـــاو مـــرواری یـــە.

**یا وەک عەللامەو عارفی رەبانی مەلا پەرێشانی لور فەرمویە تی.**

مـــن ژ بســـم اللّـه مـــن ژ بسـم اللّه
ابـــتدا مـــەکـــەم مـــن ژ بسـم اللّـه
یا رەب! تۆ رەزاق رۆزی خوازانی
مەنشەئی سەحاب قـەترەیی بـارانـی
رازق جـــەنین طـــفلّ صـــەغیری
رەحـیمو ئـەرحـەم شـێخ کـەبیری[1]

**یا وەک نوسخەی جامیعەو نوسخەی نابیغە: مەولانـا خـالید شـارەزوری نـەخشبەندی** فەرمویەتی:

خوداوەندا بەحەققی ئیسمی ئەعظەم
بـــەنوری ســـیّدی ئـەولادی ئـادەم

یا وەک:

وەســـێردە هـــەنی ئـــەو خـــۆر جـەبینە
راهی بی کـۆچ کـەرد، شـین وەمـەدینە
نیـــازم ئـــێدەن یـــاحەی یـــا قـــەیوم
(خالید) جە دەرگارت نە کەری مەحروم[2].

---

١ ـ کۆواری ئاوینە پەرەی ٦٩ژمارەی ١۴ و ١۵ سالی ١٣٧٣ی هەتاوی، وتـارێک لەبـابەتمەلا پەرێشـانەوە، بەقەڵەمی (شەپۆل).

٢ ـ گە نجینەی فەرهەنگو زانست یا ژیناوەری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتی نوسراوی شەپۆل.

یا وەک خانای قوبادی فەرمویەتی:

بـــە نـــام ئـــەوکەس شـــیرین ئـــەرمەن
پەیدا کەرد (فەرهاد) پێش بی بە کۆکـەن
هەر سوب تـا ئـێوار نـە پـای (بـێستون)
تـــەقەی قـــوڵینگەش یـاوا بـە گـەردون
نەراش چەندین جەور چەند جەفا بەردەش
ئـــاخر بـــە نـــاکـــام ئـەروا سـپەردەش
تەعـــالا جـــە صـــونع پەروەردگـــاریش
جـــە کـــار شـــیرین شـــیرین کـرداریش
ســـاقی تـــەقدیرەش بـــە شـیشەی لەبـریز
کەردەن بە شەراب عـیشق شـۆر ئـەنگیز
پەی نەزەر بـازان جـە عـەرصەی زەمـین
ئـــاراست بیســـاتێ بـــە ذەوق شـــیرین[۱]




۱- دیوانی خانا پەرەی ۱ چاپی کۆڕی زانیاری چاپی ۱۹۷۵ز - و پەرەی ۱۷ی چاپی ساڵی ۲۵۸۱ی مادی کوردی و کتیبی زانایانی کورد نوسراوی شەپول پەرەی ۹۲ تا ۱۲۳ چاپی ساڵی ۱۳۷۲ ی هەتاوی کەبەرگی دوەمی ژیناوەری یە.

## هەڵەبجە هێرۆ شیمای کوردستان

● أُذِنَ لِلَّذينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَ إِنَّ اللّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ.

ڕێژیمی بەعسی عەفلەقی صەدام، چونکا قین لەدڵە بێ ئەوەی لە هەڵەبجەدا بنکەیەکی پێشمەرگە یا ناوەندێکی ئابووری هەبێ تەنیا بۆ سوتانو لە ناو بردنی خەڵکە موسوڵمانو بێ دیفاعی کورد ئەو ناوەی بۆمبارانی شیمیایی کردو ئەو خەڵکە هەژارەی بە زاروکو پیروکاڵو کیژوکورو ژنو پیاوەوە لە نێو گازی شیمیادا خەفەو قڕکرد، صدام دەیویست کوردەکان قەڵتو بڕ بکاو نەسلیان نەهێڵێ هەر بۆیێ بە چەکی کوشندەو مەمنوعەی شیمیایی ئەو خەڵکە ستەم لێکراوەی ئاوا قڕکرد. بەغدا لە بەر قین لە دڵی دژی بوونی گەلی کوردە لەو وڵاتەداو دژی مافی ژینو ژیانی ئەوانە، جا هەر بۆیێ ئاوا دڕندانە پەلاماری نەتەوەی موسوڵمانو ستەم لێکراوی کوردی داوە.

بۆمبارانی شارەکانی کرماشان، گێلانی رۆژاوا، سنە، مەریوان، دیێلوران، پاوە، سومار، قسر ـ ی شیرین، بانە، بۆ وێنە لە سەردەشت لە ١٩٨٧ لانیکەم زیاتر لە سەت کوژراو و دوسەت زامداری لەوێ تخیڵ کرد، زێوەی مەرگەور، قەلا دزە، دهۆک، سولەیمانی، رانیە، سەید صادق، هەولێر، عینەبو ... خۆی باشترین وێنەی دڕندەییو قین لە دڵی صەدامو صەدامیانە، هەر ئەمە جوان نیشان ئەداکە ڕێژیمی صەدامی عەفلەقی دژی بوونو هوویەتی نەتەوەی موسوڵمانی کوردەو هەر ئەم زوڵمو جینایەتەش ئەبێتە هۆی تیاچونی ڕێژیمی زاڵمو نەگبەتی صدامی عەفلەقی، کە بۆ هەمیشە گۆڕی گوم بێ، کورد وتەنی خوا تۆڵەی بزنی کۆڵە لە بزنی شاخدار دەستێنێ (وكذلك نَجْزِى الظّالِمينَ) کەلامی خودایە. بۆیێ خوا صەدامی بەو دەردە بردوە کە هەر دەمێکی مەرگێکەو زەجر کوژکراوە.

ڕێژیمی صەدامی عەفلەقی لە سالی ١٩٨٨ی زاینی بە بۆمی شیمیایی دەیویست گەلی کورد بە گشتی قڕبکا، بیرەوری کارەساتی جەرگ بڕو دڵ تەزێنی هەڵەبجەی شەهیداکە لە ١٨ مارسی ١٩٨٨ی زاینی ئەو شارە فەرهەنگ پەروەرە کە ڕێژیمی تاوان پیشەی بەعس بە چەکی کیمیاییو گازی ژاراوی هەزاران کچو کورو پیرو ئینسانی موسوڵمانی بێ دیفاعی لە شاری هەڵەبجەدا شهیدو زامدار کرد، تاوانی شیمیا بارانی هەڵەبجە لە تاوانە هەرگەورەو قورەسەکانی

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەم چەرخ و سەدەیەو پەڵەیەکی رەشە بە نێو چاوانی بەعسی عیراقی کە شان لە شانی کارەساتە دڵ تەزێنەکانی هێروشیماو ناکازاکی دەدات، جا ئەوە بو ئەمریکا و شورەوی لە ترسا پەیمانیان مۆرکرد، نەوەک دوبارە شتێ وەک (هیروشیما و ناکازانی) روبدا و دەوڵەتانی پەیمانی ئەتڵەسی لە بروکسێل مۆریان کرد تا ئەو چکە بەکار نەیێ، بەڵام دوای ١٥ ساڵ ئەم چەکە کوشندەکەوتە دەس ئەفغانستان، وێتنام، نیکاراگوێە، ئەنگولا، تیموری شەرقی و هەروەک لەشەری ئێران و عێراقدا زۆر ئاسان بەکار برا. بەعسی بێفەرکە خوی لە بە رامبەری گەلی کورد ناتەوان و بێ‌هیز دیبو قرکردنی کورد لە ١٥ ئینسانی ١٩٨٧ پەلاماری خەڵکی بێ چەکی ئاوایی (شێخ وەسان، بالیسان،کانی بەرد، زینی، بەلاڵوکان، ناوچەی دەرە شیرو، ساوسیوکان و زیاترلە ١٢٠٠کەسی لای شاری هەولێر وسولەیمای شەهیدکرد، وەلە رۆژانی ١٥، ١٦، ٢٠، ٢٥ و ٢٩ نیسانی ١٩٨٧ بەر لە شیمیا بارانی هەڵەبجە زیاتر لە ٢٠ جار لە ناوچەکورد نیشنەکاندا گازی شیمیایی وگازی خەردەل و سیانوری لە (خسەمەر، هەلەدن، بەرگەلو، سەرگلو، چالاوا، چنارنی، نوێکە، ئاوەژی، سیروان، کانی‌تو) بە دژی کورد بەکار هێناوەو دیارە ئەمەش بە پێچەوانەی رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٢٥ی زایینە،کە لە ژنێو بەکار هێنانی چەکی شیمیایی بە دژی ولاتان قەدەغەکردوە،کەچی رێژیمی نگرسی بەعس لافیش لێ دەداو دەلێ:کورد هی ولاتی خومە، بەلام کاتێ صەدامی عەفلەقی خەڵکی هەڵەبجەی بەو جورە ناشیاوە شیمیا باران و قرکرد، ئینسان دۆستەکانی دنیا، دوای بێ دنگی یەکی زۆر سەرەنجام هاتنە جوواب و بە تایبەت ئێران دەنگی ستەم لێکراوی هەڵەبجەی بە جیهانیان راگەیاندو دنیاش خرۆشا، هەر چەند تائێستا بەو جۆرەی پێویستە جوان ئاور نەدراوتە سەر مەسەلەو چارەنوسی ئاوارەکانی جەنگی شیمیایی، لە هەڵەبجەو لە شوێنەکانی دیکەی کوردەواری، هێمان مەترسی هێرشی بەعسی بەغدا دوایی نەهاتووە، راستە، ئەمرۆ هەڵەبجەو هەندێ ناوچە مەلی ئازادی لە سەری نیشتوتەوەو لە بن چرنوکی سەدام رزگاریان بووە، بەلام بە دەس دارو دەستەی صەدامیان هێمان خوێنیان بەفیرۆ دەرژێ و دەپژێ. هەڵەبجە تابلویەکی بەڵگە نەویستە بۆ رەوا بوونی راپەرینی خەڵکی موسوڵمان و لێقەوماوی کورد، هەر لەگوندی شێخ‌وەسمان‌کە زیاتر لە ٥٠٠کەسی تیا بوو هەمو ئاوارەو قرکردو لەگوندی (مەلەکان) سەر بە فەرمانداری، صەلاحەدین، لە ئوستانی هەولێر لە

Dr.Saleh Ebrahimi

رۆژی عارەفەی جێژنی رەمەزان لە ١٩٨٧/٥/٢٧ بە چەکی شیمیایی هەموی قرکردنو هاوینە هەوارو کەپرەکانی وێران کرد بە سەر هەژاراندا و ٢٥ کەس زامدار بوونو لە سەرە مەرگدان و لە بنەماڵەی ئەو شوێنە زیاتر لە ٤٩ کەسی کوشتو سوتاند. لە یادو رێز دانان بۆ شەهیدانی مەزلومی هەڵەبجە لە حەوتەمین ساڵرۆژی ئەو کارەساتە دڵ تەزینەدا، هاوار لە هەمو ئینسانێکی مرۆف دۆست دەکەین و دەڵێین:ئەم ماتەمە تەنیا ماتەمی نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو ماتەمی گشت ئازادیخوازانی جیهانە. جاکەوایە ئیتر رێگا نەدەن رێژیمی بێفەرو نەگبەتو خوێن رێژی وەک صەدام هار بێ‌و بە فێرۆ ئاوا بێ بەزەیانە خەڵک خەفەو قربکا، ئەمە ئەرکێکی ئینسانی و ئیسلامی و مرۆڤانیەکە وتۆتە ئەستۆی هەمو ئینسانێک کە ئیتر ئیجازە نەدرێ ئاوا بە ناحەق وە بە فێرۆ خەڵک بە چرە دوکەڵی گازی شیمیایی خەفەو قر بکرێن.

لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ رێژیمی دژگەلی عێراق لە شاری سولەیمانی دەیان کوردی خەباتگێری زندە بەچاڵ کردو هەروا لەو رۆژەوە کە بەعس و صەدامی عەفلەقی لە هاوێنی ساڵی ١٩٨٦ی زاینی چرنوکی لە گەلی عێراق هەڵ پێکاوە، نەتەوەی کورد توشی، کەندو کۆسپێ زاف بەرفراوان هاتووە.

بۆ وێنە لە ١٩٨٦ بە سپایێ زۆرەوە هێرشی کردە سەر گوندی (دوکان) لای موسڵ، خەڵکەکە ئەوەی توانیان لەترسا هەڵاتنو چونە نێو ئەشکەوتی کێوێ لە نێزیک گوندەکە، جا دوای تاڵان کردنی گوندەکەو قرکردنی ئەوانەلەوێ مابوونو کاولکردنی ماڵەکان، هێرشیان بردە سەر ئەشکەوتەکەو ئاگریان داو خەڵکەکەیان لە نێو ئەو ئەشکەوتەدا بە ژنو منداڵو پیرو جوانە وە سوتانو برژاندو هەمویان قرکردن.

٢ـ لە ساڵی ١٩٧٠ بە سپایەکەوە هەڵی کوتایە سەر گوندی (سوریا)ی مەسیحی نشین ـ ی لای دهۆکو فەرماندەی سپاکە بە زۆر خەڵکەکەی لە نێوەراستی دیەکدا خرکردەوەو هەمویانی بە ژنو زاروکو باوکو کورو دایکو کەس و کاریانەوە گوللە باران کردو هەمویانی بە گوللە ئەنجن ئەنجن کردو قری تێ‌خستن.

٣ـ لە ساڵی ١٩٧٤ فرۆکە شەرانیەکانی صەدام زانکۆی (قەڵادزەی) وێران کرد، کە تازە بۆ ئەو خوێندکارانە ساز درابوو کە لە دەس زوڵمو زۆر وێژی صەدامو صەدامیان رایان کردبوو لە چاو لێکنانێکدا زیاتر لە (٥٠٠) کچو کوری خوێندەواریان شەهید کرد.

۴- وێران کردنی زیاتر لە دو هەزار ئاوایی لە ۱۹۷۷ داکە لەگەڵ زەوی تەختیان کردو کانیاوەکانیان بە چیمەن تۆقورِ داو باغەکانیان هەڵپروزاندو سوتاند.

۵- شیمیا باران کردنی ئاوایەکان و شارەکانی ناوچەی کوردستان، **ئەلف:** شیمیا بارانی شاری عیمادیەی لای دهۆک.

**بێ:** چەند شوێن لە ئاوایەکانی لای سولەیمانی.

**جێ:** چەن شوێن لە لای کەرکوک.

**دێ:** چەن گوندی لای هەولێر. وە شیمیا بارانی هەڵەبجە بەگازی شیمیایی، خەردەل و بەگازی سیانور و ژەهراوی لە ۱۹۸۸/۳/۱۸ داکە بووە هۆی خەفەکردن و قڕکردنی زیاتر لە (۵۰۰۰) هەزار کەس لە زاروک و ژن و پیروکاڵ.

**مێژوی حەرام کردنی بەکار هێنانی چەکی شیمیایی و بیولوژیکی**، هەمو دەزانین کە لە شاری (لاهایی) لە ساڵەکانی ۱۸۹۹ و ۱۹۰۷ی زایینی‌دا بەکار هێنانی چەکی شیمیایی و گازی خەفەکەر حەرام و قەدەغەکراو ئەوسا لە **۱۹۲۵** دا لە (ئیتفاقیەی ژنێو) دا، کە ۱۰۳ حوکومەت مۆریان کردو لە لایەن حوکومەتەگەورەکانەوە مەنع کراو لە ۱۹۳۲ و ۱۹۳۴ کۆنگرەی دوڵەتان بۆ چەک داماڵین بۆ وێنە چەکی شیمیایی و میکرۆبی و خەفەکەر، بەستراو مۆرکرا. تا سەرنجام مەکۆی نێوگەلانی چەن بەندێکی دانا تا بە پێی ئیتفاقیەی **۱۹۲۵**ی ژنێو نەتوانن لەو چەکانە کەڵک وەرگرن، بەتایبەت لە ساڵی ۱۹۷۷ بەکار هێنانی ئەو چەکە حەرام کرا. بەڵام صەدام لە چەکی شیمیایی و بیولۆژیکی بە دژی کوردی بێ چەک کەڵکی وەرگرت، باوەکو حوکومەتی بەعسی عێراقیش لە ۱۹۸۰ مەنعی بەکار بردنی ئەو جۆرە چەکانەی مۆر کرد بوو. وە رۆژنامەکانی بلژیک رایان گەیاند کە لەگەلاوێژی ۱۹۸۲ دا شەریکەی (فیلیبس پترولیوم) زیاتر لە (۵۰۰) تۆن لەو مەوادی سەمی و گازە، بە عێراق فرۆشراوە، ئەمە دوای جەنگی (حاجی عومران) روی داوەو صەدام بە دژی کوردەکان لە شەڕا کەڵکی لێوەرگرتووە، جاکاتێ صەدام دیتی هیچ حوکومەتێک لە سەر کورد بە جواب نایێ لە ساڵی ۱۹۸۸/۳/۱۸ دا[1] هەڵەبجەی کردە هێروشیمای کوردستان، ئەمە باسێک بوو کە (دیکویلار) دەبیر کوللی مەکۆی

---

۱- کۆواری عالەم ژمارەی ۲۱۶.

Dr.Saleh Ebrahimi

نێوگەلانی رای گەیاند کەچی باڵۆیزی صەدامی چل‌درۆ لە لەندەن ئەوەی نا بە سەر ئێراندا، لەو کاتەی کە بۆ رادیو مۆنتکارلۆ قسەی دە کرد. بەڵام لە دواییدا (حەنا تاریق عەزیز) وەزیری دەرەوە ی صەدام ناچار ددانی بەوەدا نا کە صەدام هەڵەبجەی شیمیا بـاران کردوە.دەوڵەتەکان لە ترسی گازی شیمیایی و ژەهراوی ناچار بوون کارێ بکەن تا شەڕی ئێران و عێراق راوەستێ، چونکا تێ‌گەیشتن شیمیا بارانی هەڵەبجە ئەبێتە هۆی ئەوە کـە لەو ناوچەدا خەڵک باشتر فێری بکار هێنانی ئەو چەکە بن، بە تایبەت کە شورەوی بەرو شیمیایی بە دژی خەڵکی هەژاری ئەفغانستان بە کار هێنا، ترسان هەر حوکومەتێک لە بیری بەر ژەوەندی خۆی دابێ‌و مەبەستی خەڵکی هەژار نەبێ، جا ئەوە بو، پاڵمە سەرکۆماری سـوئید، مـیتران سەرکۆماری فەرانسە و خانم دانیال میتران و مرۆفە ئینسان دۆستەکان و رابەرانی ئاینی ئیسلام و گشت ئاینەکانی جیهان بە جواب هاتن

**رۆژنامەکان:** رۆژنامەکانی جیهان لە بابەت قانون شکێنی مەکۆی نێو گەلانی لە بە کار هێنانی گازی شیمیایی دژی خەڵکی هەڵەبجەی لێقە وماو، زۆریان نوسیووە، بۆ وێنە رۆژنامە (بروتی یۆنانی) کە لە ئاتێن چاپ دەبێ، دەنوسێ: ئەوەی لە کوردستـانی عـێراقـدا قەوماوە، بێ حورمەتی بە قەوانینی ناو گەلانیەو ئەوە صەدامە کە چەند ساڵە کوردی مەزڵوم و ئاوایەکانی کورد شیمیا باران دکاو کوردەکان بەرەو باشوری عێراق راودەنێ. رۆژنـامەی نێویۆرک تایمز بە زمانی قسە بێژی حوکومەتەوە، دەنوسێ:کە بەرپرسانی ئەمریکایی لە رێگای دەنگ‌و رەنگەوە چاویان بکوژراوان و زامدارانی کوردی شیمیا بارانی صەدام کەوتووە و دەڵێ:ئە مە بێ حورمەتیە بە ئیتفاقیەی **١٩٢٥**ی ژنێو. - رۆژنامە واشینگتون پـۆست لە بـن (بوژانەوەی بە کار هێنانی گازی ژەهراوی و شیمیایی) دەنـوسێ: کـاری (صـدام) هـەتکی حورمەتی پەیمان نامەکانی نێوگەلانیە.

رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکیا لە کاتی دیداری ئۆزال بۆ بەغدا دەنوسێ: صـەدام دیانی بەوەدا ناوە کە گازی ژەهراوی و چەکی‌شیمیایی بە دژی نەتەوەی کورد بە کار هێناوە لە هەڵەبجدا، - رۆژنامەی (گاردیین)ی بەریتانیا، عێراقی بە شیمیا بارانی هەڵەبجە بە تـاوانبـار داناو، هەروا رای گەیاندوە ئەوە، بۆ قڕ کردنی خەڵکی کورد بووەو تەنانەت فاجیعەی وا لە

جەنگی ناو گەلانیش نەقەوماوە. ـ کۆواری (ئوکۆمۆنیت)ی حەوتانە، رای گەیاندوە کە بەعسی عێراق شیمیایی بە دژی کورد بەکار هێناوەو هەرکاتێکش بیەوێ گازی ژەهراویو شیمیایی بەکار دێنێ. ـ رۆژنامەی (فاینانشل تایمز) بەریتانیا، رای گەیاندوە کە بەغدا چەکی شیمیایی بە دژی خەڵکی بێ تاوانی شارو دێی بەکار هێناوە. ـ رۆژنامە گەورەکانی ئەمریکا، وەک (واشینگتون پۆست) ئاگادار نامەگەلێکی بە وێنەوە بڵاو کردۆتەوە، لە بابەت شیمیا بارانی هەڵەبجەوە، بە دەسی صەدام لە کوردستانی عێراقدا، کە هەواڵ نێری ئەو رۆژنامە لە شارە کوردنشینەکانەوە، وێنەو هەواڵی بۆ ناردوە ـ رۆژنامە (غوتش)ی تورکیا، نوسیویەتی: بە دەسی بەعسی تاوانباری وەحشی هەزاران لاشەی سوتاو بەشیمیا باران لە شاری هەڵەبجەدا خەفە کراوە، لاشەکان لە شەقامو کوڵانو لە نێو ماڵاندا قڕکراون. ـ (ئەبزروێر ـ ی لەندەنی)نوسیویەتی: بەعسی بەغدا شارەکورد نشینەکانی‌شیمیا باران کردوە، بە پێی نامەی تاوانبار (سەر لەشکر عبدالوهاب عزت) پارێزەر (ئوستاندار)ی هەولێر کە بۆ فەرماندەرانی عێراقی نوسیووە، خۆ رازانەوەی بە چەکی شیمیایی لێ ویستون. ـ رۆژنامەی (ملی گازتە)ی ئەستەمبوڵ، نوسیویەتی: بەغدا چەکی ژەهراویو شیمیایی بە دژی خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە بەکار هێناوەو ئەوەی بە تاوانێ پێس بۆ بەغدا داناوەو بەعسی بە بێ ویژدانو نائینسان داناوە. ـ رۆژنامەی (الهلال الدولی)لە ژمارەی ١٤ کە لە ئاوریل و نیسان لە ١٩٨٨ لە چاپدراوە لە بن (جەنگی شیمیایی بە دژی خەڵکی هەژاری هەڵەبجە دەنوسێ: شیمیا بارانی هەڵەبجە نیشانەی ئەوە یە کە صەدام بۆ مانەوەی خۆی بێ ویژدانانە ئەیەوێ خەڵکی بێ چەکی هەڵەبجە و کوردەواری قڕ بکات کە بە شیمیا باران زیاتر لە ٥ هەزارکەسی خەفە کردوەو هەزارانیش زامدارو کەلەلا کەوتون، زیاتر لە دەجار بە چەکی شیمیایی هێرشی بردۆتە سەر کوردی موسوڵمانو بێ تاوان، لەم چەن ساڵەی دواییدا، بەڵام شیمیا بارانی هەڵەبجە زۆر پیسو بێ ویژدانانە بووە، کە بەوچکە کوشندەیە هێرشی بردۆتە سەر خەڵکی وڵاتی خۆی، خەڵکی بێچارە، دوای شیمیا باران چاویان سور دبێو بەدەنیان تۆقلە دەکاو کوێر دەبنو ریخۆڵەشیان زیان دەبینێ، گازی (تابۆن) بۆ دە مارو مێشک زیانی هەیە کە ئەلمان لە جەنگی دوەمی نێوگەلانی سازی داوە کە زۆر کوشەندەیشە. بەڵام گازی سیانور، سارین، سومانو خەردەل)

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەمانەیش هەر وەك (تابۆن) وانو زۆر پیس‌وكوشەندەن، ئەوەی بەغدا بە دژی كورد بەكاری هێناوە،گازی سیانیدە كە زۆر بەر بلاّو بە دژی خەڵكی مەزلومی (هەڵەبجە) بەكاری هێناوە،كە هۆی تنگە نەفەسی بەدی هێناوە و لەشیان بلۆقی كردووەو مردون، ئەوەكە خەڵكەكە لە مالاّن مردون دەرەتانی هەلاّتنیان نەبووە، نیشانەی ئەوەیەكە بەعس گازی زۆر قەوی دە مارو مێشكی بەكار هێناوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیەكە صەدام ئەتوانیٚ زۆر تر دەس بداتە ئەم جۆرە هێرشانە، دیارە تەنیا (شورەوی) و (ئەمریكا) ئە و جورە گازەیان هەیەو هەر ئـەوانـیش ئـەو جـۆرە چەكەیان بە (صدام) داوە. فیلمی سوتانی هەڵەبجە لە تلویزیونی ئاسیاو ئوروپا، لە كـورەی جنوبی، ئیتالیا و ئەلمان بینراوە،كە بە دەیان هەزار خەڵكی بیٚ تاوان لەكوردواریدا بەوگازانە بە دەسی بەعسی بەغدا قڕكراون.

**خۆ نیشان دان لە بابەت مەزلومی هەڵەبجەوە:** لە بێروت لەكۆبونەوەیەكدا خەڵكیٚ زۆرو زانایانی گەورە، هەروا لە هێند لە نیۆدەلهی خوێندكاران، بە توندی بەعسی بەغدایان بە تاوانبار داناكە خەڵكی مەزلومی هەڵەبجەی شیمیا باران كردوە.

كوردە موهاجرەكانی عێراقی لە تارانو باقی شارەكانی ئێران دەستیان كرد بە خۆ نیشان دان بە دژی ئەوكارە نامرۆڤانیەی صەدام كەخەڵكی هەڵەبجەی بەگازی شیمیایی وگازی خەردەل و بەگازی سیانور ئاوا ناپیاوانە قڕكردوە. ـ هەروا حەوت كـەس لەكـوردەكـانی دانیشتوی ئەمریكا لە نیۆیۆرك لە داغی صەدامی خوێن ڕێژو بیٚ دەنگی دەولّتان لە سوتانی هەڵەبجەو تاوانی بەعسی بەغدا لە خواردن مـانیان گـرت. لە ئـوتریش كـوردەكـان لە بـەر باڵۆیزخانەی بەغدا خۆنیشادانیكیان بە دژی تاوانی بەعس سـازدا، كـە شـارە كـوردەكـانو هەڵەبجەی ئاوا سوتاندوە، كەچی لە نێو باڵۆیزخانەی بە غداوەكولله باران كران، ـ لە شاری لاهور ئوستادانی زانكۆی ماف‌و حوقوق و خویندكارانو وكەلاو تاقمیٚ زۆر لە خەڵكی لاهور بە دژی شیمیا بارانی هەڵەبجە لە لایان بەعسی بە غداوە بە توندی تاوانبار كرا، هەروا بۆ شینی هەڵەبجەو شارە شیمیایی كراوەكانی كوردستان لە شارەكانی دیكەی پاكستاندا كۆڕی ماتەمین ساز درا.

هەروا هەواڵدەرانی دنیا رایانگەیاند كە لە لەندەن كوردەكـان لە بـەر بـاڵۆیزخـانەی ئەمریكا بە ژنو منداڵ وگەورەو بچوكەوە بە دژی بەعسی بە غدا دەسیان كرد بە خۆنیشان دان

کەگازی شیمیایی لەکوردستان بەکار هێناوەو شەو لە بەر بالۆیزخانەی ئەمریکا مانەوەو هەروا وێنەی تاقم و کۆڕێ دیکە لەکوردە سوتاو و مردوەکانی هەڵەبجە، بەگـازی شیمیـایی، لە ڕوژنامەکانی بە ریتانیاو فەرانسە چاپو بلاّوکرانەوە، لە مزگە وتی ژنێو لە سویس و لە مزگە وتی موسوڵمانانی شاری لەندەن لە بەریتانیا، ئەو ڕۆژنـامەو وێنـانە بـلاّوکـرانـەوە. هـەروا خوێندکارانی کوردی عێراقیو سوریەی دانیشتوی شورەوی لە مەیدانی سوری مەسکۆ بەدژی بەعسی بەغدا خۆیان نیشانداو هاواریان دەکرد کە صەدام کوردستانی شیمیا باران کردوەو هەڵەبجەی کردۆتە (هیرۆشیمای) کوردستان.

**بیرو رای گەورە پیانی دنیا لە بابەت شیمیا بـارانـی هـەڵەبجەوە: ئـایتوللا خومەینی** (رض) رابەری شورشی ئیسلامی ئێران بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی رایگەیـاند شیمیا بارانی خەڵکی موسوڵمانی هەڵەبجە نامرۆڤانی ڕێژێمی بەغدا نیشان ئەداکـە خـەڵکی بێتاوانی ئەوشارەی سوتاندوەو قڕی کردون. ـ ئایەتوڵلاّ مونتەزری بانگە وازێکـی گشـتی راگەیاند تا بە دژی صەدام راپەرن کە ئەو هەموەوە منداڵ، ژن، پیروکاڵی بێ تاوانی لە روڵەکانی کوردستان لە ئاوایی‌و شارا بەگازی شیمی و بۆمی خۆشەیی سوتاندوەو قەتڵی عامی کردون، هەروا بۆ ڕۆڵەکانی فەلەستین شین بگێڕن ـ هەروا سەرکۆماری ئیسلامی ئێران و سەرۆکی شورای ئیسلامی ئێران و سَرۆك وەریزانی ئێران سوتان و قرکردنی خەڵکی هەڵەبجەیان لە لایەن رێژیمی صەدامەوە بە توندی تاوانبارکرد، هەروا پارتی‌یەکانی نێوخۆو دەرەوە شیمیا بارانی هەڵەبجەیان بەکارێ وەحشیانە دانا. هەروا مەلا عوسمان عەبدولعەرێز بانگەوازێکی بۆ دیکویلار دەبیرکوللی مەکۆی نێوگەلانی،سەرۆکی شورای ئەمنیەتی نێوگەلانی، سەرۆکی صەلیبی سوری نێوگەلانی، سەرۆکی مەکۆی مافی مرۆف بەرێ‌کردوەو لەوەی‌کە صەدام بە گازی شیمیایی، نەخۆش، پیر، کچ، کوروژن ویپاوی بێ چەکـی لە ڕۆژانـی ١٦ و ١٧ و ١٩٨٨/٣/١٨ لەکوردستان لەگـوندی شـەدەلە، هـومرقوم، هـلدنو سـەرگەلوو... شـاری خورماڵ، سیروانو ئاوایی دەورو بەر و شاری هەڵەبجە قەتڵی عامو قرکردوە، ئاگانی ئاگادار کردۆتەوە،کە رێژیمی صەدام شێتانەو درِندانە بەگازی خەردەل، **سیانورو بۆمی ناپالْم و خۆشەیی‌و گازی شیمیایی‌و گازی میکرۆبی‌و خەفەکەر خەڵکی کوردستانی تـیا**

Dr.Saleh Ebrahimi

**بردوه، هیوا دارین به هاواری ئەو مەزلومـانەوە بـێنو یـارمەیتمان بـدەن، ئـێستا** خەڵکەکە، ئەوەی ماوە لە ترسانماڵو ژیانی لە دەس داوەو بەرەو ئێران ئاوارە بوون. ئەبێ نەیەڵن صەدام لەوە زیاتر کوردستان ماڵ وێران بکا، بۆچ دنیا وا بێ دەنگە، ئـەی مـەکـۆی نێوگەلانی بۆ دانراوە؟ هیوا دارین ئێوە بەر لە درندەیی صەدام بگرنو خۆتان یا نوێنەرتان بێ، **تا بەچاو جینایەتی صەدام لە هەڵەبجەو کوردستاندا** ببینێو ئیتر نەیەڵن کورد لەوە زیاتر ستەمی لێ بکرێ. ـ لە ۱۹۸۸/۴/۴ هەیئەتێ لە پزیشکانی سویس سەریـان لە شیمیـابارانـی نەخۆشەکانی کوردی هەڵەبجە داکە لە نەخۆشخانەکانی تاران کەوتبونو هەمو دیانیان بەوەدا نا بوکە ئەو نەخۆشانە شیمیاباران کراونو لە یەکێ لە خەستەخانەکانی دیکەی تاران چاوی‌یان بە زۆرێ لە ژنانو پیاوانو منداڵی کوردی زامدار بەگازی شیمیایی کەوتبو.

گەورە پیاوانی دنیاکەلە سەر هەڵەبجە بە جواب هاتون: بەڕێز دیکویلا دەبیر کوللی مەکۆی نێوگەلانی، رای گەیاندکە قانونی نێوگەلانی ئیجازە نادا گازی شیمیاییو کوشەندە بە دژی خەڵکی چ سپایی یا ناسیایی بەکار بێ بۆکوشتنی خەڵك. ـ بەڕێز کنویج موعـاونی رامیاری وەزارەتی دەرەوەی یوگوسلاوی بەکار هێنانی گازی شیمیـایی لەلایـەن رێـژیمی عێراقەوە بە دژی خەڵکی هەڵەبجەی بێ چەك بە توندی تاوانبار کردو هەروا رای گەیاندکە ئەمە بە شورای ئەمنیەتی نێوگەلانی رادەگەینێ. هەروا بەرێز (پاپاجان پولس ثانی) زەعیمی کاتۆلیك لە دنیای مەسیحی‌دا بەکار هێنانی گازی شیمیایی بە دژی خەڵکی شاری هەڵەبجە بە توندی مەحکوم کردو ئەوەی بەکارێ نامرۆفانیو بەراوەژوی ئیتفاقیەی نێوگەلانی دانـا. لە لوبناندا، سەلیم حیس سەرۆك وەزیرانو حوسەین حوسەینی سەرۆکی مەجلیسی نوێنەران، وەلید جونبولات سەرۆکی پارتی ئیشتیراکی لوبنانی، شیمیابارانی هەڵەبجەیان لەکوردستاندا لە لایەن رێژیمی بەغداوە بەکارێ نامرۆفانی داناو صەدامیان بە توندی بە تاوانبار زانی. ـ هەروا سەرکۆماری میکزیك و سەرۆکی دەورەی هەنوکەی بزوتنەی بێلایەن بە توندی صەدامیان لە بەکار هێنانی گازی شیمیایی بە دژی خەڵکی هەڵەبجەی کوردستان بە تاوانبار داناوە ـ هەروا لە ئەفغانستاندا بورهانە دین رەببانی رابەری جەمعیەتی ئیسلامی ئەفغانی، قازی محەمەد ئەمین رابەری حیزبی ئیسلامی بە توندی صەدامیان لە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی بە دژی خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجەی کوردستان مەحکوم کرد.

هەروا وەزیری دەرەوەی تانزانیا (بەرێز بنیامین امکایا) عێراقی بە تاوانبار دانا کە چەکی شیمیایی بەدژی خەڵکی شارەکوردنشینەکان بەکار هێناوە. ـ هەروا بەکار هێنانی چەکی شیمیایی بەدژی شاری قارەمان پەروەری هەڵەبجەی کوردستان، بە تاوانێ قورس دانا ـ هەروا وەزیری دەروەوەی بەریتانیا باڵوێزی عێراقی لە لەندەن بانگ کردو لە بابەت بەکار هێنانی چەکی شیمیایی لە شاری هەڵەبجەدا، هوشدارێکی پێدا و مارگریت تاچێر سەرۆک وەزیرانیش بەکار هێنانی چەکی شیمیایی بە دژی خەڵکی شارەکان لەکوردستاندا بە توندی مەحکوم کرد. یەکێ لە روناک بیرانی فەرهەنگی عێراقی دانیشتوی سوریە بەیانێکی لە بابەت کوشتاری خەڵکی هەڵەبجەی بێ تاوان دەرکرد و رێژیمی بە غدای مەحکوم کردو لە وڵاتە عەرەبیەکانو باقی دەوڵەتەکانی ویست تا صەدامی خوێناوی تاوانبار بکەن ـ کار ناسی کارو باری گازی سەمیو ژەهراوی بیلژیکی پرۆفیسور (ئوبان هیندریکس) کە مەکۆی نێوگەلانی بۆ تەگبیر پێ کردن لە بابەت شوێنەواری چەکی شیمیایی یەوە بانگی کردبو، رای گەیاند کە هەزاران کوردی عێراقی کە بە چەکی شیمیانی لە لایەن فروکەکانی جەنگی بەغداوە شیمیاباران کراون، مەسموم بوون و نێزیک بە مەرگن. ـ بەرێز (موتوشیما، شارەداری شاری ناکازاکی ژاپونی بەکار هێنانی چەکی شیمیایی و ژەهراوی لەژێر هەرناوێکداو لە لایەن هەکە سێکەوە بە تاوانێ گەورە دایناو هەروا رای گەیاند لەسەر هەمودەوڵەتان پێویستە بەرگری لە بلاّو بوونەوەی چەکی شیمیایی بکەن و رێژیمی بەغداش بە تاوانبار دابنێن ـ (دیوید فەرهالە) لە وتارێکدا رای گەیاندوە ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە شیمیا بارانی شاری هەڵەبجەوە، لە لایەن رێژیمی عێراقەوە، پێمان دەگا، تەنانەت هۆی ترسو لەرزی ئەوانەی گازی شیمیایی بەکار دینن پێک هێناوەو مایەی غەم وخەفەتە. سەرۆکی صەلیبی سوری چینی، رای گەیاندوە کە بەکار هێنانی چەکی شیمیایی بوتە هۆی نیگەرانی ئێمە کە ئەو هەموە خەڵکە بێ‌تاوانەی لە کوردستاندا کوشتووەو زامدارو ژەهراوی کردوە، ئەبێ بەکار هێنای بەتوندی مەحکوم بکرێ. ـ سەرۆکی صەلیبی (گینە) بەکار بردنی چەکی شیمیایی بەدژی خەڵکی بێ‌تاوانی هەڵەبجەی کوردستان لە لایەن رێژیمی بەغداوە مەحکوم کردوە و رای گەیاندوە بەکار بردنی شیمیایی بە هەر نێوێکو لە لایەن هەر دەوڵە تیکەوە بێ، مەحکوم و تاوانبارە ـ دوکتور (ایانوست) نوێنەری کومەیتەی

Dr.Saleh Ebrahimi

مافی مرۆڤ لە پارلومانی بەریتانیادا لە بابەت تاوانی بەعس لە هە ڵەبجەدا رای گەیاندوە کە لە شاری (وین) لەو زامدارانەی کە چاوم پیان کەوت، بۆم دەرکـەوت کـە: ئـەنواعـی گـازی شیمیایی، خەردەل و گازی ژەهراوییان لێکەوتووەو رێژیمی بـە غـدا لە شـەڕدا بـە دژی شارە کانی کوردستان لەو گازانە کەڵکی وەرگرتووە.(جەمالەدین کابلانی) رابەری جەمعییەتی تەبلیغی ئیسلامی تورکە موسولمانە کانو ئەوانەی لە ئوروپادانیشتون بە توندی شیمیابارانـی صەدامی بە دژی خەڵکی هەڵەبجەوئاوایە کـانی دەوروبـەری مـەحکوم کـردوە،هـەروارای گەیاندوە کە کاری صەدام لە مرۆڤێکی تەبیعی ناچێ، ئەوە کاری مرۆڤی شێتو دیکتاتورە لە مێژودا.

صەدام لە ١٩٦٨وە هەمیشە هۆی دەردو ئازاری بۆ خەڵکی عێراق بەتایبەت بۆکورد بەدی هێناوەو بێ ئەخلاقی کردوە، بۆ وێنە بۆ مبارانی قەڵادزە لە ١٩٧۴ کە بە صەدان کەسی کوشتو بریندار کردو ماڵە کانی هەمو روخاندو زیاتر لە (٢۵٠٠) کە سی لە کوردە کان لە ساڵە کانی (١٩٧۴-١٩٧٩) لەداردا. هەروا بۆمبارانی (کانیماسی، لە پارێزگەی دهـۆکو ئاوایە کانی دەوروبەری ئەویو لای موسڵی بۆمباران کرد،کە ژمارەیێ زۆر لە کوردە کان بونە قوربانیو لە نیوەی دوای ١٩٧٩ رێژیمی بەغدا زیاترلە (٨٠٠) منداڵـی کـوردی لە شـاری سولەیمانی گرت و کوشت و (١٨) کەس لەوانە کە بەماڵە باوانیان درانەوە شوێنی ئازاروداغ کردن بە لەشیانەوە دیاربوو هەزاران کوردی مەزڵومی تر لەزیندانە کاندا توشی شکـەنجەو ئازاردە کرێنو ژەهریان بە گەرودا ئە کرێ یا بە بەرق داغ دە کرێن، وەهەزاران ماڵە کوردیان بەرەوجنوب راناو ماڵە کانیان کاولکراو کەسیش بەسەرو شوینیـان نـازانـێ، تـائەو رادە کـە بەدڕندەیی لە ١٩٨٨/٣/١٨ هەڵەبجەشی بەودەردە برد کە دنیا ئاگایی پێ پەیداکردوەو بەعسی بەغدا هەروا هەشت هەزار ژنو پیاوو کچو کورو کاڵ و مێرمنداڵیشیان بە ئەنفال بردو شرتو گومیان کردن.هەمودە زانین گەلی کورد بەدرێژایی ئیسلام کوششی کردوە تا بە فەرهەنگو قورئان و ئیسلام خزمەت بکاوبە ژیارو شارستانی ئیسلام پەرەبدا و لە سەر خاکو ئاووژیانی خۆی لەراست دەست درێژ کاراندا بەرز راوە ستاوە و بە گژ دژ و دژمنانی ئینسانی و مرۆفانیا چوەو لە نیشتمان و فەرهەنگی رەسەنی خۆی دیفاعی کردوە و تائێستا خۆی راگرتووە، جا لە

بەر ئەوە لە هە موخێر خازان و مرۆڤ دۆستانی جیهان و لە هەمو رابە رانی ئاینی جیهان داوا دە کەین لەراست دڕندەیی صەدام و صەدامیاندا بە جواب بێن و بێنە یارمەتی دانی موسوڵمانانی کوردی ستەم لێکراو، تائێمەیش وەک هەموئینسانێک بتوانین لەژێر ئاڵای ئیسلامی و مرۆڤانی بە ئازادی، دور لە زوڵم و زۆی زۆر وێژان بژین. (شە پۆل).

(کاک محمدعلی صفاریان پور: شەرار) لە دیوانی شیعری خۆیدا (اندوه من از فلسطین تا هەڵەبجە)[1] بۆ شینی خەڵکی بێ تاوانی هە ڵەبجە دەڵێ: (تن من مسموم است ـ کودک کُرد من و پاکیزه تر از شبنم گل ـ حال آلوده تر از دست تبهکارانم ـ دست خود را از تن مسموم من آلوده مکن ـ من نمودی زغم و دردگرفتارانم ـ تن من مسموم است ـ کودکِ کُردم و بی حربه و شمشیر و سلاح ـ با کسی نیست مرا جنگ و ستیز و پیکار ـ از چه رو خانه‌ی خشت و گلی‌ام نیمهٔ شب ـ شد به روی تن معصوم من این سان آوار؟). ـ بەرێز کاک ئەحمەد ـ ی قازی فەرمویە تی: (لە کاتیکدا لە هەڵەبجە ـ پاش بۆمبارانی شیمیایی ـ دایکێک بە ئاخرین نیگا ـ پەلە قـاژەی کۆرپەی بینی ـ لە کاخی کۆماری بەغدا ـ صەدام حوسین پرسیاری کرد ـ چەند کـورد بـە بۆمبارن کووژران ـ وەڵامیان داوە: دە هەزار ـ گوڕاندی کەفی هەڵخراند ـ چۆن دەهەزار؟ ـ هنا عراق ـ نحن عرب ـ نابێ لێرە کورد بمێنێ ـ نابێ لە هیچ شوێنی شیمال ـ ژنێکی کورد ـ بێشکەی کۆرپەی رابژینێ[2]. هێمنی رەحمەتیش فەرمویەتی: شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە ـ بـانگی ئازادی و گرووی یە کسانی یە. پیرە مێردی نەمریش فەرمویەتی: پیێ ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین ـ نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین. ـ بەرێز حەقیقی فەرمویەتی: بە بۆمی شیمیایی و موشەک و ئەبزاری و یرانگەر ـ وڵاتی نیشتمانی ئێمە وێنەی هێروشیمایە ـ بەرێز مەلا عومەر ساڵحی (ساحیب) فەرمویەتی: لە هەڵەبجەی وێرانەدا، لێوی ئاڵن، قژی کاڵن ـ پێکەنینی دەمی برینی شەهیدێکی بێ هەواڵن. ـ بەرێز ـ ح. رەشیدی زەرزا فەرمویەتی: کوا شینی دەوێ خەڵکی هەڵەبجە، هەمو کوژران ـ هەر تۆڵەیە، دەرمانی لە نێو داخ و کەسەردا ـ بەرێز شەریف دەڵێ: مناڵانی هەڵەبجەی دڵ بە خوێنن ـ سرودی ماتەم و دوری دەخوێنن ـ بەرێز جـەوهەر

---

۱ـ چاپی ۱۳۷۰ پەرەی ۱۵ تا ۱۸.

۲ـ شیوەنی ئینسانی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە کۆکردنەوەی: تەنیا چاپی ۱۳۶۸/۵/۸ ـ پەرەی ۱۹.

Dr.Saleh Ebrahimi

کرمانج دەڵی: کە هەڵەبجە شەهیدکرا ـ کوردستانی گەورە گریا ـ بەرێز ڕێژەن کرماشانی دەڵێ: دژمەنان دڵشاد، شار بیەن خاپور ـ هەڵەبجەیچ دیسان بیەن شارەزور ـ خوشکی زاناو دڵسۆز: نەجیبە ئەحمەد فەرمویەتی: کچوڵەیەکی هەڵەبجەی شەهید خۆی تیا بنوێنێ ـ یا بۆ کروزی پێستی منالێ ـ کە لە ڕێژ دارو پەردوی ماڵێکدا بە جێهێڵدراوەو، لە دوا هەناسەو دوا نوزەیا ئەڵێ: دایە گیان بەجێم مەهێڵە. ـ بەڕێز مەلا خەلیل مشەختی دەڵـێ: داخـدارم بـۆ هـەلەبجە، بەعسی یان ویران کری ـ ئەو عەروسێ هندی شاران، بێ تەن‌و بێ جان کری. ـ بەرێز سەید جەلال نیزامی دەڵێ: نامرێت ناڤێ حەلەبچێ ساخەهەر ـ دل حەبینێ وێ ل دەرفەو هوندرن. ـ [1] بەرێز عیسمەت دڵرەش، دەڵێ: چ بارانە كێ ناز بو هاری ـ ل حەلەبچێداگوڕ گوڕ باری. ـ بەرێز پەرۆیز جیهانی دەڵێ: چ شین شینا حەلەبچا کوردێ ژارە ـ کو تەف قڕ بوون بـدەستێ دژ، نەیارە. ـ شەپۆل ـ [2] ـ دەڵی: شەپۆل پێی ناوێ شین‌و گرین ـ بۆ هەڵەبجە: هێروشیمای پڕ یرین ـ چونکا کەوی نێو ڕکە بە پۆل هەڵفرین ـ دەبنە، زاناو پسپۆڕ، بۆ زامی برین ـ بۆ زامی برینی، کوردی لانەواز ـ گەنجان‌و لاوان هاتوون بە ئاواز ـ بە زەبری عیلم وژیری‌و زانین ـ کوردی بەشخوراو، دێنە پێکەنین ـ کورد دەڵێ: ئاش بە نورەیە ـ نورەی ئێمەیش دێ ئیتر بەیەقین ـ هەراو نەعرەتەی کوڕە کوڕەی کورد ـ ئیتر بە زانین، مێژوی خۆی دەکا ڕەنگین. ـ یا خـوا ئاوابێ ئەم کوردستانە ـ بوژێنەرەوەی ژیان یاگیانە. ـ هەستیاری نازک خەیاڵ هێمن [3]، لە بابەت شەڕ فرۆشی بەعسی بەغداو بۆمبارانی شاری بانەوە، فەرمویەتی: بانەوێرانە جگەر بریانە لەش سڕە، دڵ بریانە ـ بەم بەهارە گوڵی وێ پەر پەر بوون ـ وابە دەردی خەزەڵی پایز چوون ـ زۆر بە رق تر لە قەراری جاران ـ بانە وێرانە، کرا بۆمباران ـ هەر بەزار خۆشە دەڵێن شەش سەت کەس ـ یا نەما، یانە بە حاڵ ماویە نەفەس ـ شەر فرۆشی بەعسی‌یە، ئـەی ئـێرانـی ـ شـەر فـرۆش چی‌گەرەکە؟ وێرانی.

**هە ڵەبجە** – هەڵەبجە هێرو شیمای کوردستان، چریکەو دیرۆکی کەونارای خەفەتنامەی لەبیر نەچونی مێژوی بەرەی مرۆیە.

---

۱ـ هوندر: داخل، ڕۆژ ـ شیوەنی ئینسانی ـ شیوەنی ئینسانی چاپی ۱۳٦۸/٥/۸.
۲ـ (شەپۆل) محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی: (شەپۆل).
۳ـ محمّد امین شیخ الاسلامی (هێمن).

هەڵەبجە، ئەفسانەو چیرۆکی کۆنی خنجێرە کە بەدەستی هەوالآن لە ئینسان دراوەو خوێنی ڕژاوە.

هەڵەبجە، شانۆی هێرش وئاوقابونی حوکومەتێکە، بەتیکنۆ لوژی نەسل کوژی چەکدارکراوە، کە بەو چەکە قڕکەرە هێرشی بردۆتە سەر خەڵکی بێ دیفاعی ولآتەکەی خۆی، شیرەخۆرە، شەڕ بە گازی سیانور لەگەڵ جەرگ و هەناوی ژنان و پیاوانی بێ چەک، شەڕ بە بۆمب هاوێژ لە تەک دایکان و داڵکانێ کە زاروکانی جگەر گۆشەی خۆیان شاردبۆوە یا پیاوانێک کە لەش و لاری خۆیان کرد بووە سەنگەر بۆ ژن و زاروکانی خۆیان.

**هەڵەبجە، ئاخ و خاکێ ستەم لێکراو**، کە هاوارو ناڵە ناڵی مەزڵومییەتی ئەو هەرێمە دەروازەی حەوشەو حەساری جوغرافیایان شکاندو لە گرێژنەو لە ڕێسمەیان بردو هاوار هاوارو کروزە کروزی خەڵکەکەیان،بەچرە دوکەڵ و بە هەوری ڕەشی **شیمیایی خەفەو قڕ** کرد.

هەڵەبجە داستانی سەر زەوێکی پڕپیت و بەرەکەت و پر لە شیناوەردی و تەژی لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و چریکەی شادی هێن و خەم ڕەوین بوو. کە لە سەر بەرۆکی مەزراو زەوی و زاری بڕواو خۆشەویستی هەڵی ئەداو بە خۆیدا ئەهات و گوڵە کانی قەفیان دە کردو تەرزیان دەهاویشت و بە ئاسماندا هەڵ دەچوون و لە باخ و بێستانە کانیدا شکۆفەی تەوحیدو خوا بەیەک زانانین دەمی دە کردەوەو لە نیۆ گوڵستانە کانیدا بۆن و بەرامەی خۆشی گوڵی محەمەدی بلآو دەبۆوەو لە نیۆ ئەشکەوت و دەشت و دەراوە کانیدا (اشهد ان لا اِلَه الاَّ اللّه...) دەنگی دەدایەوە. هەمو ئەم شتانە لە ڕوانگای بەعسییانی عەفلەقی تاوانێ نابەخشراو بوو، ئەم بۆمباران و قڕکردنە لە ١٧ و ١٨/٣/١٩٨٨ی زاینی و ٢٦٠٠ی کوردی و ٢٧/١٢/١٣٦٦ی هەتاوی ڕوی داوەو زیاتر لە پێنجهەزار زاروک و ژن و مێرو مێر منداڵ و پیرو کاڵی خەفەو شەهیدو قڕ کردوە. هەڵەبجە، بەهاری ١٣٦٧ داستانێکی واقیع بینانەیەکە تەنیا گۆشەیەک لە شانۆی شەڕی بەعسی حاکم لەگەڵ خەڵکی ولآتی خویدا نیشان ئەدا، هەڵەبجە، بەهاری ١٣٦٧ چێروکی پەڕ پەڕ کردنی ئینسان، مەڵ و مرو پەلەوەرو گوڵ و گوڵزارە، لە نێو گێژە ڵوکەی بای ژەهراوی رق و قین لە دڵی زاڵم لەگەڵ مەزڵومی بێ تاواندا، لەگەڵ موسوڵمانانی. کوردی دابەشکراودا. شەپۆل ،

Dr.Saleh Ebrahimi

چیرۆکی چاڵ کردنی ئارەزو، عیشق و ئەوین و هیوایە، لەپشت میزو سەندەلی فێرگەکاندا، چیرۆکی مردنی بێدەنگە لە نێو باغچەی چکۆڵەی گەرمی خوێن گەرمی و سەرەنجام چیرۆکی کوردو کوردستانە لە ٢٧ی رەشەمەی ١٣٦٦ و ١٧و١٨/٣/١٩٨٨ی زاینی لەکوردستانی داگیرکراودا ئەم وتارە لە ١٣٧٣/١٢/٢٥ و ١٩٩٥/٣/١٦ - ز لە لایەن بونیاد - ی هەڵەبجەوە لە کوردستان لەوحی تەقدیرو جایزەی پێدراوە (شەپۆل).



هەندێ وێنەی خەڵکی موسولمان و مێرمندالآنی بێتاوانی هەڵەبجە هێرۆشیمای کوردستان کە لە ١٧ و ١٨/٣/١٩٨٨ی زاینی لە لایەن صەدامی عەفلەقی بەغداوە بەبۆمی شیمیای و بۆمی سیانورو بە بۆمی خەرەل قڕکراون (شەپۆل)



هەندێ وێنەی خەڵکی موسوڵمان و مێرمنداڵانی بێ تاوانی هەڵەبجە هیرۆشیمای
کوردستان کە لە ١٧ و ١٩٨٨/٣/١٨ی زاینی لە لایەن صەدامی عەفلەقی بەغداوە بەبۆمبی
شیمیای و بۆمبی سیانور و بۆمبی خەردەل قڕکراون (شەپۆل)

**Iraqi regime admits its deployment of chemical weapons**

**L'aveu du régime irakien à propos de l'utilisation des armes chimiques**

Dr.Saleh Ebrahimi

# یەلماز گوینەی
## ١٩٣٧-١٩٨٤ی ز-

یەلماز گۆینەی خەڵکی کوردستانی تورکیایە و لە ساڵی ١٩٣٧ی ز - لە ئاوایی (یەنیجە) لە مەڵبەندی (ئەدنە) لە دایکبوە. دایکو باوکی لەبەر هەژاری لەدێوە ئەچنە شاری (ئەدنە) یەڵماز تا ١٤ ساڵی بە دەستوری باوکی دە چوە فێرگە، بۆخوێندن، هەر چەندلە بەر نـەداری مەجبوریش بو، لەبەر دەس دوکانداراندا، کار بکا و باوکیشی دوکانێ بچوکی پەموفرۆشی هەبو.

یەڵماز بەرەنج و تێکۆشانێ زۆر، وەهەروا، لەبەر لێها توی و خوا پێداوی، لە خوێندن‌دا سەرکەوت و دەسی دایە چریکە و چرۆک نوسین.

لە ساڵی ١٩٥٢ی ز - یەکەم نوول -ی ئەو لە کۆواری «بیرگوین»ی تورکیا دا لەچاپدرا و لە ساڵی ١٩٥٥ی ز - چریکە یەکی لەبابەت ژنە رەعیەتێکەوە، کەبەخاوەن موڵکەکەی وتبو: «ئەونەی نەماوە هێزو حوکومەتی ئێوە تیابچێ» نوسی، بلاو بونەوەی ئەوە بۆوە هۆی ئەوە، یەڵماز بەند بکرێ، دادگا بە حەوت ساڵ زیندان و دو ساڵ شار بەدەر، یەڵماز -ی مەحکوم کرد. بەلام دوای ساڵ‌ونیوێک زیندان‌و شەش مانگ شار بەدەری، یەڵماز ئازادکرا.

لە سـاڵی ١٩٥٨ی ز - کـە خوێندکـاری ریشـتەی ئـابوری زانکـۆی ئـەستەمبوڵ‌بو، سەناریۆی فیلمی «ئالاگە» یەک: «ئاسک»ی نوسی و خۆیشی هونەر پیشەی نەخشی یەکەم بو، کە دوبارە دادگایی کرا، بەلام بەر لە گیران خۆی‌شاردەوە و هەلات.

لە ساڵی ١٩٦١ی ز - جندرمە دۆزیانەوە و گرتیان و ١٨ مانگی ترکەوتە زیندان و لەوێ داستانی «بێنەوایان مردن»ی نوسی.

لە ساڵی١٩٦٣ی ز - دا، لە شەریکەیەکی، سینە ماییدا، دامەزرا تا بەشـارەکـانی تورکیـادا، بگەرێ‌وئەوانەی دەیان بینێ بەوێنەی سەناریۆ، بیان‌نوسێ. یەڵماز لەماوەی پێنج ساڵدا زیاتر لە ٦٠ فیلمی ئامادەکرد، کە سەناریۆ نوس و هونەرپیشەی ئەوانە هەرخۆی‌بو، هەندێ لەو فیلمانە، وەکو «ئاکاد: قانون» بونە هۆی ناو داربونی یەڵماز، تا ئەو شوێنەی خـەڵک یەڵمـازیان بـە «سوڵتانی سینەما چەشتو» ناو ئەبرد.

Dr.Saleh Ebrahimi

بەلاّم پاش ماوەیەك خاوەنی شەریکەکە، لەترسا، یەلّماز -ی جوواب کرد، یەلّماز ناچار خوّی فیلمی «بوکەخان»ی نوسی و بەخەرجی خوّیبردی بەرێوەکە فیلمەکە لەبابەت کوردستانوداب ودەستوری کوردەواری‌یەوەیە.

لەساڵی ۱۹۷۲ی‌ز - یەلّماز بەتوّمەتی ئەوەی حوکومەتی حەشار داوە، خرایەزیندان. ئەویش لە زیندانی «سلیمیە» داستانی ئوچلەمەسی، سلیمیەو سلیمیە مەکتوبلاری نوسی‌و ناردیە، دە رەوەی زیندان. لە ساڵی ۱۹۷۴ی‌ز - کە تازە لە بەندیخانە رزگاربو، بە توّمە تی‌کوشتنی دادستانی تورك زمان بە ۱۸ ساڵ بەند، خرایە بەند، لێرەشدا چەن چریکەی وەکو: سورو «میگەل» یول: «رێگا»ی نوسی، کە بە تاوانی یەکێ لەوانە ۱۸ ساڵ زیندانی کراوپێنج ساڵ و چەندمانگ‌شار بەدەرکرا، لەزینداندا، نامەیەکی سەرئاوالّەی بوّ «سینیور فرناندز هەریرا» سەرپەرستی فستیوال -ی سینەمایی «فالادید» بوّئەسپانیا نارد، کە لە بەر ئەمەش پێنج ساڵی‌تر بەندی بوّزیادکرا، کەمێ دوای ئەمە دادگا بە ۷ شتی‌تر تاوانباری کردو بەگشتی بە سەت بەند تاوانبار و مەحکومکرا، یەلّماز ئەو هونەروەرە ئازاونەبزە هێمان دەسی هەڵ نەگرت‌و لەبەندیخانەدا، چەندین «پییەسی» نوسی و گەیاندیە دەس ئەویندارانی خوّی، لە دەرەوەی، بەندا، کەیەکێ لەوانە بەناوی فیلمی سورو «مێگەل» لەئوروپادا، ناوی داخست. لە ساڵی ۱۹۸۰ی‌زاینی، یەلّماز داوای چەن روّژ مەرەخەسی کرد تا سەر لە ماڵ وحاڵی خوّی بداو داواکەیان بەجێ هێنا و لە زیندان چووەدەرێ، بەلاّم یەك راست لەباتی‌ماڵێ چووە پاریس، حوکومەتی تورکیا لەوە تورەوجنگز بوو لە بلاّو بونەوەی فیلم و ناوی یەلّماز بەرگریان دەکرد.

لە ساڵی ۱۹۸۲ی‌ز - لە «فستیوال -ی‌کان» دا فیلمی **رێگا -ی یەلّماز جایزەی ئەوەڵی** بردەوە و روّژنامەکانی دنیا، رێزیان بوّیەلّماز داناو ئافەرینیان بەئازایی ئەوگوت و لە دنیادا ناسرا. لە ساڵی ۱۹۸۳ی‌ز - فیلمی دیوار - ی لە فەرانسە، دانا و بوەهوّی زیادبونی ناو بانگی یەلّماز.

بەداخەوە ئەوهونەروەرە بەرز و ئازاو لێهاتوە، لە روّژیی ۹ سپتامبر -ی ۱۹۸۴ی‌ز - و ۱۳ زیحجەی ۱۴۰۴ی‌ك لەیەکێ لە نەخوّشخانەکانی پاریسدا، بارگەی بەرەو لای خواتێکنا، بەوەصیەتی خوّی جەنازەکەیان بردە «ئەنیستیتوّی کوردو تا روّژی ۱۴ی ئەو مانگە لەوێ

Dr.Saleh Ebrahimi

راگیرا، وە هەزاران کەس لە دۆست و براو هونەروەران و هونەر دۆستان بۆ بەرێکردنی جەنازەکەی هاتنە سەر تەرمەکەی و سەرە خۆشیان بە فاتوش خانمی ژنی و تاقە کچەکەی وت.

مسیو **«ژاک لانگ» وەزیری فێرکردن و بارهێنانی فەرانسە**، وەهەروا چەن کە سایەتی تری ئەو ولاتە بۆ رێز دانان لە یەڵماز حازربون، فرانسوا میتران سەرکۆمار-ی فەرانسە کە لەوسەردە مەدا، لەپاریس نەبو، بەهۆی خێزانیەوە **تاجەگوڵێکی ناردبو.** باڵۆیزی یۆنان لە فەرانسە، بەنۆینەری لە لایەن سەرکۆماری یۆنانەوە و هەروا کۆرێ زۆر، لە کەسایەتیو هونەروەرانی سینەمایی جیهان، هەروەکو: پاتریک راسپین و هەروا، دەبیرئەوەڵی حیزبی سوسیالیست-یی فەرانسە، بەرپرسی رەوابیتی دەرەوەی فەرانسە، وە هەروا سەرۆکی ئیتحادیەی کارگەرانی حیزبیکۆمۆنیستی فەرانسە، نۆینەرانی نەتەوەی کورد لەولاتە ئوروپایەکان و ٢٠ کەس لە نۆینەرانی تورک لە ئوروپادا، لەپرسەی یەڵماز بەشداربون و هەزاران نامە و تەلگراف، کرایە ئەنیستیتۆی کورد بۆسەرە خۆشی.

رۆژی ١٤ی سپتامبر جەنازەکەی لەئەنیستیتو، برایە مەیدانی ریپو بلیکو: «کۆماری» و لە ویشەوە برایە گۆرستانیی «پییرلاشیز» **کە جێ قەبری ناودارانی پاریسە** ولەوێ نێژراو هەزاران کەس بۆ ناشتنی یەڵماز چ کورد و تورك و ئوروپایی و فەرانسەیی لەوێ بونو سرودی خواحافیزی یان بۆ یەڵماز خۆیندەوە[1].





١- سەرچاوە: بەرگی ٢ ژیناوەری، کە ئامادەی چاپە لاپەرەی ١٠٣ - کۆواری پێشەنگ، ژمارە کانی ١٥ و ١٠ی ساڵی ١٩٨٣/٥ز- و کۆواری هیواساڵی ١٩٨٥- ژمارە/٣ چاپی پاریس و مێژوی مەشاهیر-ی کورد نوسراوی ئوستاد بابا مەردوخ - ج - ٢ - لاپەرەی ٤٧٤ چاپی ١٣٦٦ تاران (شەپول).

Dr.Saleh Ebrahimi

# مقدمه‌ای بر زبان و ادب کردی

بنـــام خـــداونـــد جـــان و خـــرد　　　کـــزین بـــرتر انـــدیشه بـــرنگذرد

## کلّیات

هنر با دو ویژگی برجسته همیشه چهره خود را به نمایش گذارده است.

نخست جاودانه‌سازی دوم توانایی آن برای تشریح واقعیت‌های پیچیده. به هر اندازه کیفیت یک کار هنری بالا می‌رود بر عمر آن افزوده می‌شود. خاصیت جاودانه‌سازی هنر چیزی است که هنرمند نباید از آن چشم بپوشد. البته در گذشته کسانی بوده‌اند که از این امر غفلت کرده‌اند. در لفظ کُردی را به پای پادشاهان خونخوار ریخته‌اند، یا متاع والای هنر خویش را به لهو از دست داده‌اند، ولی هنرمند متعهد کسی است که دچار این غفلت نشود. لذا برای او مهم است که از اوضاع دوران خویش آگاه باشد و بداند آب حیاتی که در دست دارد، باید صرف عمر بخشیدن به چه چیز کند. بزرگان شعر و هنر کردی همانند دیگر نام‌آوران ادب دیگر نقاط کشور اسلامی‌مان، حیات خویش را صرف آبیاری درخت عرفان کرده‌اند. هر کس سیری در تاریخ ادبیات این گوشه از میهن اسلامی‌مان کرده باشد از این واقعیت آگاه است.

برای نمونه رباعیات باباطاهر عریان که خود از نژاد کوهستان‌های زاگرس کردستان بوده

Dr.Saleh Ebrahimi

| |
|---|
| ○ **هنر دو ویژگی بارز دارد: الف ـ خصیصه جاودانه‌سازی. ب ـ تشریح واقعیت‌های پیچیده** |
| ○ **تا قبل از ظهور دین اسلام، حروف «ماسی‌ـ‌وراتی» در میان کردان معمول بود و در همان حال خط یونانی و خط آرامی سریانی را هم به‌کار می‌بردند.** |

است نمونه بارزی از این لطافت و زیبایی است. به هر حال زبان کردی به گواهی آنها که آن را خوب شناخته‌اند زبان کهن عرفان و زبان احساسات پاک و صمیمی و اندیشه‌های ناب و بی‌غل و غش انسانی است.

گفتیم که یکی از ویژگی‌های هنر (و ادب) توانایی در تشریح حقایق است. یک ادیب وقتی به عنوان متعهد آراسته خواهد شد که زبان خویش را وقف بیان حقیقت کند. حقیقت اگر همیشه چهره‌ای صریح و روشن داشت، شاید بحثی به عنوان رسالت هنر مانند امروز جای خود را باز نمی‌کرد. اما این گونه نیست. **رسالت یک هنرمند همیشه سنگین بوده است. چشم و دل بینا، ذوق معرفت‌خواه، بیان لطیف و زبان حق‌گو، ابزارکار یک هنرمند متعهدند.** هنرمند متعهد، پیرایه‌ها را از چهره وقایع کنار زده و حقیقت را در دسترس مردم خویش می‌گذارد.

امروزه این رسالت بر دوش هنرمندان بیشتر از هر وقت دیگر سنگینی می‌کند. حقایقی که باید گفته شوند، بسیارند جنگ ناخواسته‌ای که دشمن کینه‌توز ملت‌های منطقه بر مردم ما تحمیل کرده است، تیرهای زهرآگین و صد رنگ توطئه، که هر روز به سوی کانون‌های تجدید حیات اسلام و مردم رها می‌شوند، نفاق‌افکنی‌های مزدوران که دل‌های پاک و اقوام گوناگون را کدر و سمپاشی‌های کوردلانه‌ای که تشخیص خادم از خائن را دشوار می‌کند، موضوعاتی‌اند که **باید در هنر و ادبیات کردی ما جای خود را** در کنار دیگر مسائل باز کنند.

لازم دانستم قبل از پرداختن به هر مقوله دیگر، مطالب را با چند آیه از قرآن مجید

Dr.Saleh Ebrahimi

آرایش دهم. زیرا قرآن کریم علاوه بر تزکیه نفس و تعلیم پند و اندرز و آموختن اخلاق نیکو به مردم، خود در لفافه آیات شریفه اسلوب هنر و خصیصهٔ آن را از جهت منطق هنری، بهترین هنرها و شیوه‌های زیباگویی و تصویرآفرینی واقعیت همراه با عرفان و خداشناسی را به صورت سمبولیک و عبرت‌آموز در لباس امثال و «احسن‌القصص» منعکس می‌کند (فارجع‌البصر هل تری من فطور[1]

یکی از اقوام در خاورمیانه ملت و مردم کردند که در زمان رژیم طاغوت درد و رنج و ستم‌های زیاد دیده‌اند.

از هر جهت بر آنهاتبعیض‌ها رفته است. زبان کردی که مانند همه زبان‌ها موهبتی است الهی و آیه و نشانه خداوند است، منع و جلو پیشرفت زبان و ادبیات کردی گرفته شده بود. خلاصه بر خلاف روح دین مقدس اسلام با زبان کردی رفتار می‌کردند و در حقیقت مسلمانان کرد، در اثر ستم‌های مکرر رژیم طاغوت طوری وحشت‌زده شده‌اند که هنوز به تمامی باور ندارند که در جمهوری اسلامی استفاده از زبان کردی در مطبوعات و تدریس ادبیات کردی در مدارس در کنار زبان فارسی آزاد است.

همچنین خداوند در سوره حجرات آیه ۱۳می‌فرماید: «یاایهاالناس انا خلقناکم من ذکرو انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقیکم ان الله علیم خبیر» یعنی (ای مردم! ما شما را از یک مرد و زن آفریدیم، و تیره‌ها و قبیله‌ها قرار دادیم. تا یکدیگر را بشناسید، ولی گرامی‌ترین شما نزد خداوند باتقواترین شماست، خداوند دانا و خبیر است).

در این آیه، مورد خطاب کل جامعه انسانی است.

منظور از آفرینش مردم از یک مرد و زن همان بازگشت نسبت انسان‌ها به آدم و حواست. بنابراین چون همه از ریشه واحدی هستند معنی ندارد که از نظر نسبت ملت و

---

۱ ـ آیه ۳ـ سوره ملک)

Dr.Saleh Ebrahimi

قبیله بر یکدیگر افتخار کنند، و اگر خداوند برای حصر نژاد و قبیله و طائفه‌ای ویژگی‌هایی آفریده برای حفظ نظم زندگی اجتماعی مردم است. چرا که این تفاوت‌ها سبب شناسایی است، و بدون شناسایی افراد، نظم در جامعه انسانی حکمفرما نمی‌شود. چرا که هر گاه همه یکسان و شبیه یکدیگر و همانند بودند، هرج و مرج عظیمی سراسر جامعه انسانی را فرا می‌گرفت و آیه «ان اکرمکم عندالله اتقیکم» قلم سرخ بر تمام امتیازات ظاهری و مادی کشیده و اصالت را به تقوا و پرهیزکاری و خداترسی می‌دهد. و می‌گوید: برای تقرب به خدا هیچ امتیاز جز تقوا مؤثر نیست.

این است که پیامبر اسلام (ص) فرموده است: «نه عرب بر عجم برتری دارد و نه عجم بر عرب. نه سیاهپوست بر گندمگون و نه گندمگون بر سیاهپوست مگر به تقوا[1]».

و همچنین حضرت امام خمینی (رضی‌اله‌عنه) رهبر انقلاب و بنیانگذار جمهوری اسلامی ایران در پیام تاریخی ۲۶ آبان ۱۳۵۸ خورشیدی فرمودند: «...اسلام بزرگ تمام تبعیض‌ها را محکوم نموده و برای هیچ گروهی ویژگی خاصی قرار نداده و تقوا و تعهد به اسلام تنها کرامت انسان‌هاست و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی ایران حق اداره امور داخلی و محلی و رفع هر گونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق به تمام قشرهای ملت است من جمله برادران کرد که دولت جمهوری اسلامی موظف و متعهد به تأمین آن در اسرع وقت می‌باشد[2]». بر مبنای این حکم شرعی امام است که این همه **توجه به ادبیات و فرهنگ کرد** شده و انتشارات صلاح‌الدین ایوبی (سروه) و بخش **کردی در سروش** و در سازمان تبلیغات اسلامی در تهران **(آوینه)** فعالیت می‌کنند و کرسی تدریس زبان و ادبیات کردی در دانشگاه‌ها دایر شده است و این همه توجه در اثر آن است که در ایران حکومت در دست علما و روحانیت است و کار علما و روحانی در طول

---

۱ ـ آداب النفوس طبری صفحه ۶۱۶

۲ ـ روزنامهٔ کیهان ۲۷ آبان ۱۳۵۸ خورشیدی

Dr.Saleh Ebrahimi

تاریخ ترویج دین و دانش و گسترش علم و فرهنگ و معارف بوده است.

البته باید توجه داشت که پیام تاریخی ۲۶ آبان ۱۳۵۸ حضرت امام (رض) یک پیام اداری یا سیاسی نیست بلکه یک حکم شرعی است و بر مبنای روح اسلام و مطابق قانون اساسی حکم امام خمینی (رضی‌اله‌عنه) در قانون اساسی مذکور است، اصل ۱۹ قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران می‌گوید: «مردم ایران از هر قوم و قبیله که باشند از حقوق مساوی برخوردارند. رنگ، نژاد، زبان و مانند آنها سبب امتیاز نخواهد بود» و مطابق اصل ۱۵ قانون اساسی «استفاده از زبان‌های محلی در مدارس در کنار زبان فارسی آزاد است» هر چند **متأسفانه تاکنون برای اجرای این اصل فرصتی موجود نبوده است.**

باید دانست زبان از دیدگاه اسلام تنها یک موهبت اجتماعی نیست بلکه موهبتی است الهی، همچنان که خدا در قرآن در سورهٔ بقره آیه ۳۱ می‌فرماید: «و عَلَّمَ آدمَ‌الأَسْماءَ کُلَّها...» در این آیه تسمیه کل به اسم جزء یعنی «زبان» است امام فخر رازی می‌فرماید: مقصود قدرت سخن گفتن است یعنی: «زبان» موهبتی است که از طرف خدا به انسان اعطا شده است.

و در اصل ۱۱ قانون اساسی آمده است: «هذه امتکم امة واحده و اناربکم فاعبدون» همه مسلمانان یک امت‌اند و دولت جمهوری اسلامی ایران موظف است سیاست کلی خود را بر پایه ائتلاف و اتحاد ملل اسلامی قرار دهد و کوشش پیگیر به عمل آورد تا وحدت سیاسی، اقتصادی و فرهنگی جهان اسلام را تحقق بخشد».

**□ خط و زبان کردی**

خط ـ کردها دارای خط مخصوصی نبوده‌اند. با ابداع خط میخی، کردها و پارس‌ها هر دو بالاتفاق تحریرات خود را با خط میخی می‌نوشتند «نلد که» آلمانی می‌گوید: اگر کتیبه‌هایی از کرد به دست بیاید تصور می‌رود که از حیث زبان و خط عین کتیبه‌های

Dr.Saleh Ebrahimi

شاهان هخامنشی باشد[1].

در کتاب «شوق المستهام، فی معرفة رموز الاقلام» تألیف احمد ابی بکربن وحشیه نبطی کلدانی، مذکور است که در حدود قرن دهم قبل از میلاد یک نفر «**ماسی سورات**» نام حروفی را طبق مخارج ابجدی اختراع کرده و با آن افکار خود را رقم زده است.

بعداً اکراد هم غالباً با همان حروف کتابت کرده‌اند. حروف مذکور که مشهور به «حروف ماسی سوراتی» است، تقریباً شبیه به حروفی است که در قرن ششم میلادی اختراع شده است و آن را حروف اوستائی می‌گویند.

**صورت حروف «ماسی سوراتی»**

مجلةالعربی چاپ کویت در شماره (۲۰۰) ماه تموز ۱۹۷۵ میلادی درگفتاری به قلم دکتر عبدالحلیم منتصر زیر عنوان «ابن وحشیة فی‌الفلاحة و هو اقدم‌الکتب فی‌العربیة» می‌نویسد: ... و انه نقل اکثر کتبه من‌اللغةالنبطیه، ولم ینشر من تالیفه فی‌اللغة العربیة سوی (شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام) «و قد ذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم **من‌اللغة الکردیة کتاباً** فی علل المیاه و کیفیة استخراجها و استنباطها من‌الاراض‌المجهولةالاصل» نبطیه قومی عرب بوده‌اند اما زبان‌شان غیر عربی بوده است.[2]

تا فجر اسلام، حروف کردی (ماسی سوراتی) در میان اکراد معمول بود و در عین حال اکراد خط یونانی و خط آرامی سریانی را به کار می‌بردند. سه فقره اجاره‌نامه‌ای را که «سید حسین» نامی از منسوبین شیخ علاءالدین در سال ۱۳۲۸ قمری هجری در میان

---

۱ ـ (تتبعات تاریخی راجع به ایران قدیم)

۲ ـ بروانه قاموسی زمانی کوردی لاپه‌ره ی ۳۸ به‌رگی‌یه‌که‌م نوسراوی عبدالرحمن محمد امین ذبیحی چاپی ۱۹۷۷ از کوری زانیاری کورد ـ به غدا

محه‌مه‌د ئه‌مین زه‌کی بوسه‌ر چاوه‌ی چامه‌ی (هورموزگان) ناوی کتیبی حه‌باتی سونییان ئه با نوسراوی واسیلی نیکتین کوبه‌ی ۱۸ له‌سه‌ر لاپه‌ره‌ی.

Dr.Saleh Ebrahimi

خمرهٔ پر از ارزن پیدا کرده بود، این موضوع ثابت می‌کند. این رقاق، توسط پروفسور «براون» به دست پروفسور «منس» متخصص خط و زبان

**○ پس از گسترش اسلام در میان کردان حروف «کوفی» جانشین حروف دیگر شد و قرآنی که تاریخ کتابت آن قرن دوم هجری است و هم اکنون در قریه «نگل» از محال «کلاترزان» سنه‌دژ، نگهداری می‌شود به خط کوفی نوشته است.[1]**

یونانی رسید و مشخص شد که یکی از آنها به زبان پهلوی و خط آرامی سریانی است (۸۸ ق.م)ـ و آن دو رق دیگر یونانی است و هر دو دارای یک مضمونند (نسختان) و هر دو را در زمان فرهاد چهارم، از سلاطین پارت (اشکانیان) نوشته‌اند (۲۱ـ۲۲ ق‌م)ـ این دو رق دلالت دارند که در آن ایام منطقهٔ اورامان تحت حکومت ارمنستان (آرتاکسیس) یا (آرتاکسیاس) بوده است.

حکمرانان (اورامان) هم بهمن سوم بوده است. نسل هیجدهم بهمن اول پسر اسفندیار اعلی جد سلسله سلاطین اورامان.

اشکالی که ذیل حروف مذکور (ماسی سوراتی) نوشته شده معلوم نیست چه حروفی هستند ظاهراً باید حروف ذیل باشند:

(پ، چ،گ، ژ، و، ل، ت، د، ر)

لام بزرگ، تای سبک، دال سبک، رای بزرگ

پس از غلبه و توسعه اسلام، حروف کردی، میخی، آرامی و یونانی به کلی متروک و به جای آنها حروف «کوفی» معمول شد قرآنی که اکنون در قریهٔ «نگل» از محال «کلاترزان» سنه دژ، موجود است، و تاریخ آن قرن دوم هجری است، به خط کوفی نوشته شده است و پس از رواج خط نستعلیق کرد و پارس هر دو تحریرات خود را با همین خط نوشته‌اند. بنابراین کرد و پارس در خط هم، دوش به دوش همدیگر رفته‌اند.

---

**۱ ـ تاریخ ئایه‌تولا شیخ محه‌مه‌د مه‌ردۆخ به‌رگی یه‌که‌م.**

طبق تحقیقات دکتر «سپایزار» طوایف اربعه منظومه زاگروس یعنی اکراد قسمت آرارات که عبارت از اکراد لولو و گوتی و کاسو و شوبارو هستند هر یک دارای یک زبان ویژه ولی به همدیگر نزدیک بوده‌اند مانند طوایف اکراد امروزی که هر چند شاخ و برگ کلمات زبان آنها متفاوتند ولی اصول کلمات در زبان همه یکی و نزدیک به هم است.

بعضی از مستشرقین می‌گویند که زبان طوایف اربعه زاگروس «آری» بوده است ولی زبان آری هم تاکنون معلوم نشده که چه قسم بوده است زیرا هنوز مدرکی به زبان آری به دست نیامده است. بنابراین ما اکنون باید از زبان اکراد قسمت آرارات صرفنظر کنیم و در اطراف زبان طبقه دوم کرد یعنی اکراد خاور زمین (مادها) صحبت کنیم. «ادارمیس لتر» مؤلف کتاب «تبلیغات ایران» می‌گوید: که زبان مادها همان زبان اوستا (آویستا)بوده ولی تاکنون مدرکی به زبان مادی به دست نیامده تا با اوستا تطبیق شود.

«استرابون» جغرافیدان یونانی (در اوایل قرن اول میلادی وفات یافت) در «ایران قدیم» می‌گوید که پارس و ماد زبان همدیگر را به خوبی می‌دانستند پس معلوم می‌شود که زبان پارس و ماد خیلی نزدیک به هم بود. مانند زبان پارسی و کردی که امروزه (اتنوگرافی = ethnograpy) علم قوم‌شناسی بر آن تأکید می‌کند (جدول زبان چهارگانه که بعد ذکر می‌شود) و اکثر تواریخ هم تصریح کرده‌اند به اینکه زبان مادها همین زبان کردی مکری بوده است. چنان که زند و اوستا که به زبان مادی نوشته شده خیلی نزدیک به لهجهٔ مکری است و یا همان زبان مکری است.

این نظریه از اطرف هوارت و در مستتر و بعضی دیگر از متخصصان تأیید شده است و نتیجه این است که زبان اوستای زردشت زبان کردی مادی است. زبان پارسی هم در آن دوره همان زبانی بوده که در آثار پرس پلیس (= استخر پارس) نوشته شده است تفاوتی که در اکتشافات اخیره حاصل شده همین است که کردها کلمات زیادی از عربی داخل زبان خود نکرده‌اند و به عکس زبان فارسی قدیم شکل افعال خود را تا حد امکان حفظ کرده‌اند. چنانچه نوشتن نامه به زبان کردی ساده خیلی آسان است اما به زبان فارسی

Dr.Saleh Ebrahimi

ساده دشوار است.[1]

به هر حال کردهای امروز از حیث زبان چهار شعبه‌اند: ۱ـ کرمانج ۲ـ گوران ۳ـ لر ۴ـ کلهر. هر یک از این چهار شعبه نیز به چندین شعبه دیگر منشعب شده‌اند و تغییر زبان داده‌اند.

از منابع دجله و فرات تا خلیج فارس قلمرو زبان کردی بوده است و پایتخت این زبان اول آرارات بعد از آن زاگروس بعد از آن اسپاهان، سپس نهاوند بعد هنگمدان = همدان کنونی. یک وقتی هم تیسفون: مداین بوده است بنابراین ما می‌توانیم بگوئیم که لغت و زبان کردی در تمام ولایات ایران قدیم که اسکندر مقدونی بر آن حکمروایی کرده عمومیت داشته است.

در هر حال اصل زبان کردی خاورستان به طور تحقیق همان زبان مادی اوستائی است که اصل و ریشه آن همان زبان آریان قدیم است که آن را زبان (انزانی) گفته‌اند.[2] که پدر تمام زبان‌های مادی و هندی و پارسی و عیلامی است و تقریباً سه هزار سال پیش از میلاد آریایی‌ها با آن مکالمه می‌کردند و بعدها منشعب و مختلف شده و تغییرات کلی پیدا کرده است. ئه‌م مه قاله‌به‌قه‌ڵه‌می (شه‌پۆل) له روژنامه‌ی که یهانی هه‌وایی لاپه‌ره‌ی ۷ ویژه‌ی هونه رو ئه ده‌ب روژی چوار شه‌مه ۲۸ ئیسفه‌ند (پۆلان) ی ۱۳۷۰ی هه تاوی و ۱۸ مارسی سالی ۱۹۹۲ی زاینی و رێکه‌وتی ۲۸ ره‌شه مه‌ی ۲۶۰۴ ک ژماره‌ی ۹۷۴ بلاوکراوه‌ته‌وه.(۳۰۰۰ پیش از میلاد مسیح) ریشه زبان پارسی، کردی و هندی. شه‌پۆل

* * *

---

۱ ـ حتی در کردی اورامی که در کوهستان واقع‌اند و بهتر توانسته‌اند رابطه خود را با اصل زبان کردی حفظ کنند برای زن و مرد افعال متفاوت است می‌گویند فرهاد آما، شیرین آماینی: یعنی آمد فرهاد لو شیرین لواینی یعنی رفت و بر این قیاس کلیه افعال مانند عربی اما زبان فارسی فاقد این امتیاز است.

۲ ـ انسان معرب (انزان) است که عرب (ز) را مبدل به (س) و فتحه همزه را مبدل به کسره کرده است حالا هم در منطقه اورامان به جای انسان انزان می‌گویند مانند: ازدواسد. که تحت همین تبدیل واقع شده است رجوع بابن خلکان ترجمه ملهب بنی‌ابی صفره.

Dr.Saleh Ebrahimi

## ئه حمه د: مه ولانا ئه حمه د فایز: ١٢٥٨

ئه‌حمه‌دفایز کوڕی سه‌ید مه‌حمود کوڕی حاجی سه‌یّد ئه‌حمه‌د کوڕی (عبدالصمد فضل‌الدین) کوڕی سه‌یّد حه‌سه‌ن گوڵه‌زه‌ردی، له‌سولاله‌ی سه‌یّد حه‌سه‌ن گوڵه زه‌ردی‌یه دایکی حه‌کیم ئه‌حمه‌د فایز خوشکی کاک‌ئه‌حمه‌د شێخ - ه.عه‌للامه ئه‌حمه‌د فایزله ١٢٥٨ کۆچی مانگی له‌گوندی گوڵه زه‌ردی سلێمانی له‌دایك بوه‌و لای باوکی خۆی و لای خاڵی‌و لای زانایانی کورده‌واری خوێندویه‌تی‌و فێری زانست‌و مه عاریفی ئیسلامی بوه‌وله ١٢٧٧ ده‌سی‌کردوه به‌ده‌رس وته‌وه به‌فه‌قی‌یان‌و له‌دوایی دابوّته قازی مێرگه‌و کۆی سنجاق وقه‌ره‌داخ‌و عیماره‌و منته‌فک‌و که‌ربه‌لاو ده‌رسیم‌و ئورفه.

ئه‌م زانا خواپێداوه له‌ساڵی ١٣٠٨ چوّته ئاستانه‌و ساڵێک ماوه‌ته‌وه‌و له‌پاشان هه‌ڵبژێردراوه بۆ قازی (قسطمونی) وله ساڵی ١٣١٣دا بوّته قازی موسڵ ودوای چه‌ن ساڵ گه‌ڕاوه‌ته‌وه، بۆئاستا نه‌وبوّته ئه‌ندامی مه‌جلیسی مه‌عاریفی گشتی له ئاستانه‌و له‌ساڵی ١٣٣٦ کۆچی‌و رێکه‌وتی ١٩١٨ زاینی له ئاستانه بارگه‌ی به‌ره‌و لای خواتێکناوه.

حه‌کیم ئه‌حمه‌دفایز شاره‌زوری زمانی کوردی، فارسی، تورکی، روسی، عه‌ره‌بی‌و، فه‌رانسه‌وی زانیوه و توانیویه‌تی له نوسراوه‌کانی خۆیدا له‌هه‌ر

Dr.Saleh Ebrahimi

شەش زمان کەڵک وەربگریو چەندین کتێبی بەزمانی کوردی وعەرەبیو فارسی نوسیوە.

١-سیحری حەلاڵ بە عەرەبی لە ناساندن و تەعریفاتی زانست دایەو بە دوانزە شێوەو باردا ئەخوێندرێتەوە.

٢- کنزاللسن المکنوز بە شەش زمانەو دوانزە فەن و زانستەو تاریخی نوسیی بەپێ: (غرائبی) ساڵی ١٣٠٤ کۆچی مانگییەکە بە دوانزە جەدوەلەو بەکوردی،عەرەبی، فارسی،تورکی، روسی،و فەرانسەوی ئەخوێندرینەوە و یانزە مەبەستە.

ئەگەر ئوفوقی وەکو کتێبیتر بخوێندەرێتەوەلە بابەت (فیقەو وجوبی ئیتاعەتە لە سوڵتان). ئەگەر جەدوەلەکەش بە عەمود: ستونی بخوێنینەوە لەهەر جەدوەلێک لە هەشت جەدوەلی زانست لە دوانزە زانستە، بەنێوبردنی چلۆنیو چلون کەڵک وەرگرتن لە وانە قسەکراوەو نوسراوە.

لە جەدوەلی نوهەمدا قەسیدەیەکی تورکیو لە هی دەهەمدا چەکامەیەکی فارسی لە پەسنی سوڵتان ئەولحەمید و لە یانزەدا سێ شیعر بە زمانی فەرانسەوی، روسیو کوردی بەم تەرتیبە دانراوە، ئەم کارە لە ئەفسانە ئەچێ.[1]

٣-کور تە ئەقیدە لە شەرحی دورەی فەریدەدا لە ئەقیدە دایەو بە زمانی عەرەبییە.

٤-تُحْفَةُالاِخْوٰانْ لەشەرحی فەتحالرّحمن لە زانستی بەیانو بەدیعدا.

٥-اَنْفَسُ الْفَوٰائِد لەشەرحی فەرائید لە زانستی کەلامدا.

---

١ ـ ئەم کتیبە جەنابی شیخ پەرویز نەوەی حەزرەتی سەیدتاهای دوەم(قدس سره) کە هاتبوە ئیران = تاران بە دیاری بویی هینام و زورم کەڵك لیوەرگرت، ئەم کتیبە لەلایەن شێخ محەمەدی خال لە عیراق لەچاپ دراوەو خوش کراوە ( شەپول) ١٣٧١/١١/٢ هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi

٦- سَيْفِ مەسلول فیالقطع بنجاة اصول الرسول.

٧- خيرالاثر له نصوص وارده لەمەدحِ سەيدی بەشەردا.

٨- نەصِّ قورئان له وجوبی ئیستاعەی سولْتاندا.

٩- دورەری مەنظوم‌له رون کردنەوەی حەوت‌زانستدا.

١٠- بەهجةالبنيان، کوبەی تحفة الاخوان.

١١-ابهی القلائد فی تلخیص انفس الفوائد.

١٢-ارشادالعباد بو صەحیحی ئیعتیقاد له ئەقیدەدا.

١٣-تەسهیلاتی بەرزنجی له عەوامیلی جەدوەلی له زانستی نەحودا بەتورکی.

١٤-بەدری کامیل لەئیختیساری، تەصریفو عەوامل لەزانستی صەرفدا بەعەرەبی.

١٥-جەلای طەرەف له ئیختیساری صەرف له زانستی صەرفدا بەتورکی.

١٦- حەمیدیه له ئیختیساری صەرفو نەحودا بەتورکی.

١٧-زوبدەی ئامال له تەرجەمەی نصول‌المال‌دا بەتورکی.

١٨- روضة الازهار لەشەرحی دورەی فەریده لەئەقیده بەزمانی فارسی له ١٢٧٧ کوچی مانگی داناوە.

سەرچاوە:

تاریخی سلیمانیو دەورو بەری بەعەرەبی بە کوبەی مەلاجەمیل روژبەیانی پەرەی ٢٣٦-٢٣٩ هدیةالعارفین ١: ١٩٣، البغدادی، ایضاح المکنون ١٣:١، ١٣٥، خ فهرس الموءالفین بالظاهریة. معجم‌الموءالفین عمررضاکحاله ج ٢ لاپەرەی ٤٣ چاپی بیروت و ابن خلکان ٣٥:١ والانباری ٣٩٢ والیتمة ٢١٤:٣ وآداب‌اللغة ٣٠٩:٢ و مجلەالمجمع العلمی ٥٠١:٢٢ و محمدبن شنب فی دائرة

Dr.Saleh Ebrahimi

المعارف الاسلامية ۱:۲۴۷ و له کتێبخانه‌ی دانشگای تاران ، جه‌ڵدی دووه‌م ۴۴۸ وصف الخطوطة من مجمل اللغة کتبت سنة ۴۷۹ و هی مماهدی الی مکتبة جامعة تاران ( طهران). وئه‌علامی خێره دین زه‌ره‌کلی چاپی شه‌شه‌م به‌رگی۱ په‌ڕه‌ی ۱۹۳. و رۆژنامه‌ی کوردی ۱۹۸۶ زاینی و ۱۳۶۵/۴/۲۵ هه‌تاوی و ۲۵ی پوشپه‌ری ۲۵۹۸ کوردی سالی ۴ ژوماره‌ی ۱۳۰ به قه‌ڵه‌می شه‌پۆل و تاریخ مه‌شاهیری کورد نوسراوی ئوستاد بابامه‌ردوخ چاپی سروش ۱۳۶۶ لاپه‌ڕه‌ی ۱۴۰. شه‌پۆل •


Remzî Kartal


Yaşar Kaya


Î. Şerîf Wanlî


Abdurrahman Durre


Zubeyîr Aydar


Yaşar Kemal

Dr.Saleh Ebrahimi

## شێخ ئەبو طاهر ئەحمەد ـ ی کورد

هەندێ کەس لەعاریفان و خواناسانی گەورە باوەڕیان وایە کەشێخ تاهیری کورد لەگەڵ حەزرەتی خدری زیندە قسەی کردوەو خودانی کەشف و کەرامات بوە.

شێخ الاسلام ئەحمەد جام مریدو پەیرەوی ڕچەو تەریقەتی شێخ ئەبو تاهیری کورد بوە.

ئەگێڕنەوە کە ئەحمەد جام فەرمویەتی: ڕوژێک نەفسم ئارەزوی قەیسی[1] کرد ویستم بیدەمێ، بەلام پێم وت: ساڵێک بەڕوژ وبە تاقەیسیت بدەمێ ئەویش ڕوژوی گرت، دوای ساڵەکە، وتی: بەقسەم کردی، ئێستاتوێش لەسەرتە بەڵینی خوت بەیتە سەر منیش چومەباخێ، کەبەمیرات لەبا وکمەوە پێم گەیبو، دیم کەمتیار قەیسیەکەی خواردبوو دەنکێ لەبن داری کەوتبو، هەڵم گرتەوە تابیدەمێ، نەفسم هاواری کرد ئەحمەد چەدکەی ئەوە لەدەس کەمتیار دەرچوە، پێم وت جاچبو بەدەس پاکم کردوتەوە، ئەمەوێ بیدەم بەتو تاوەفام بە بەڵینە کەم کردبێ، نەفسم وتی: ئیتر بەڵین بێ لەمەولا هیچم لەتو نەوێ و هیچ ئارەزوی وانەکەم، منیش وتم زور باشەو خێرا ڕاپەریم و هەندێ قەیسی باشم لە دارەکان

---

۱ ـ شێلانە

Dr.Saleh Ebrahimi

کردەوەوچەن دەنکم خواردو هەندێکیشم برد بۆ حەزرەتی شێخ: ئەبوتـاهیری کوردی پیری دەستگیرم شێخ بۆماوەیەک ڕوانی‌یە ئەوقەیسی یانەو لە پاشان ڕوی کردەمن و فەرموی ئەحمەد!

قەیسی (وەقفت) بۆهێناوم بیخۆم. منیش عەرزم کرد قوربان وەقف نـییە لەداری موڵکی خۆم بەدەسی خۆم چنیومە. فەرموی: ئافەرین قەیسی وەقفت بۆ هێناوم و بەهی خۆت ئەتەوی پێم بدەی بیخۆم و بەکۆیرونەزانم ئەزانی، منیش زۆر بەئەدەبەوە بە بێدەنگی ڕەق ڕاوەستام و لەدڵەوە لەبەرخوا (سبحـانە و تعـالی) پارامەوە کە ئەمە چییەو ڕازم بۆلای پیرم دەربخە، شێخ دوایی ماوەیەک کوڕی خۆی بانگ کردو پێی فەرمو: بڕۆ پەزێک لەناو ڕانەکەبهێنەوەوسەری بـڕەوبڵێ: تاشور باوێکمان بۆساز بکەن چونکا ئەحمەد برسی یەتی، نازانی چ دەکـاو چ دەڵێ، منیش بێدەنگ بوم و لەدڵەوە هەر خەریکی پارانەوە لەبەر خوا بوم،کاتی نان هات وەک ئەمە ئیلهامم بۆهات لەو شورباوە نەخۆم، حەرامە، خەریکی خواردنی نانەویشکەکە بوم، شێخ فەرموی ئەحمەد بۆچ ناخۆی؟ وتم: ئەم نانە بێ خەوش ترە، فەرموی بۆچ، ناچار درکاندم شێخ لەشتەکە، کوڵییە وە ولە کوڕەکەی پرسی، کوڕە ش ، لەوە لاما وتی، ڕانەکە دورودێر وەختیش بو، بۆکاتی خۆی نان ساز نەدەبو، ناچارلەو گوشت فرۆشە گۆشتم کڕی و ئەم تەعامەمان ساز کرد، شـێخ ناردی گۆشت فرۆشیان هێنا، گۆشت فرۆش وتی: ئەمە هی مەڕێ بو، کەپیاوی حوکومەت بەزۆر لەخەڵکی ساندبوو هێنایەلای من و سەرم بڕی نیوەی ئەو بردی‌و نیوەکەی تریشی لای من ما، بۆفرۆش شێخزادەهات و نرخەکەی داوبردی، شێخ ئەبو تاهیری کوردکاتێ ئەمەی بیست سەری داخست و چـوە بـیرەوەو مـنیش هەستام و چومەدەرێ و ڕوم کردە نوێژگەیەک کە لەونێزیکانە بوو چومە ژورێ و دەسمکرد بەگریان و پارانەوە لەخواو عەرزمکرد تەنیا پیرێکی دەسگیرم هەبو، خوم

پێوەگرتبو، ئێستاوام بەسەر هاتوە، روم نییە ئیتربچمە خزمەتیان، ئەونەی پێ نەچو تەشریفی پەیابو، هاتەلام فەرموی: هەر وەها لەگۆشت گەییوی لەقەیسیش ئەگەی، منیش هەروا لەبەر خوا ئەپارامەوەو ئەلالآمەوە، تاخوا بۆم کەشف بکا. ئەم قسانە لەنەفەحاتول ئونسی جامیدایە.

ئەڵێن: شێخ ئەبوتاهیری کورد ئەمەویردی زمانی بو: تەمەنم بەئاخرگەیی چم کرد؟ چۆن بوم، چبکەم لەکاتی مەوعیزەو پەند دادانیشا بەخەڵکی ئەفەرمو: چدەکەن لەو رۆژەدابەدەسی خاڵیەوە، چدەبێ نامەی کردەوەتان پڕو چاک و خاوێن بێ مرۆڤ ئەبێ مرۆڤ بێ و خوی لەنامرۆڤایەتی لادا و خوی ناشیا و لەخوفرێ بدا.

واچاکە هەرچاکە بکاو چاکبێو خوڵە خوی ناچاک بپارێزێو خوپارێز و پارسابێ، تالەو دنیا لێوی نەدامەت بەدیانی پەشیمانی نەگەزێ.

چونکا گەزتنیوا بێ چەشتنەوگەزەی بێ مەزەیە. ئەوەکارێ هەڵەیە، پیاو ئەوەیە بەر لەهەڵە بە هەڵەنەروارێگای راستی خوا لەخۆ بزر نەکا، تالە ناکاو سەرەنگەرێ نەداو بەدەمەوە تخێل نەبێ، خوئەو خێل نەبو، باخێل نەروانێ و خو نەدوورینێ، بەفیرو بەدوی هەوای نەوس و شەیتانا نەروا. بەختەوەری خوی رەچاو بکا، چاو بکاتەوە تا چاک ببینێ و چاکی وەبەر بێ.

ئەڵێن: یەکێ لەرێ رەوانی خواناسان لەشێخ ئەبو تاهیری ویست پەندێکی بدا، ئەویش لەوەڵآما پێی فەرمو: هەرگیز بەڵێن مەشکێنە بەتایبەت ئەو بەڵێنەی بەدۆستان بەڵێنت داوە.

رازی ئەم و ئەو دەرمەخەو هەروا بەهەواو هەوس ستایشی خەڵک مەکەو لەروی غەرەزەوە بەدوی عەیبی مەردوما مەرۆ، کاتێ هەنگاوت بەسودی کەسێ هەڵگرت، مینەتی لەسەر دامەنێ، کاتێ چاکەو پیاوەتیت لەیەکێکەوە دی بەرمنەتی بەو مافی لەدەس مەدە تارۆژ بو رۆژ بەرەو بەرزی سەرکەوی.

ساڵی لەدایک بون و وەفاتی ئەم خواناسە گەورە دیار نییە، ئەو نەهە یەچەن ساڵ بەر لەوەفاتی شێخ‌الاسلام ئەحمەد جام بارگەی بەرەو لای خواتێکناوەو لە مانکی ٥ یامانگی شەشەمی ساڵ وەفاتی کردوە ئەبێ‌بزانین ئـەو قسـەو بـاسانە ریوایەتی پیاو چاکانە دەر حەق یەکتر دەی بائێمەش چاک بین تاچاکامان بێژن.

شێخ ئەبو تاهیری کورد لەماوەی سەتەی پێنجەم تاسەرەتای سەتەی شەشەم دا ژیاوەو هاو روژگاری شێخ‌الاسلام ئەحمەد جـامی (نـامقی ٤٤١-٥٣٦) بـوەو لەسەرەتای سەتەی شەشەمدا وەفاتی کردوەو بەخاجە ئەبو تاهیریش ناو براوە.

سەرچاوە: بروانەنامەی دانشوەران ناصری چاپی دوەم جوزئی ٥ چاپی موئەسەسەی مەتبوعاتی دارولفیکر، پەرەی ٣٦١ تا ٢٦٣.[1]

و نەفەحات پەرەی ٣٦٦ و لوغەتنـامەی دیـهخودا پـەرەی ٥٦٢ چـاپی ١٣٢٥ هەتاوی.

## پەند:

کرکروکە:

ئەڵێن: کرکروکە مەنجەڵی مێرانە کەلەوێدا ئەبێ قسە بکوڵێنێ و دای بێژی و بی‌چێژی جا ئەوسا بی‌هاوێژی. جاگەر قسەکەش بوتن شیاو نەبو قوتی بداتەوە.

---

١ ـ شێخ‌الاسلام ئەحمەدجامی یەکێک لەعاریفان و زانایانی ناودارە کەلەساڵی ٥٣٦ کوچی مـانگی دا وەفاتی کردوە.

ئەم دوشیعرە شێخ‌الاسلام ئەحمەد جامی فەرمویەتی:

شیعر

چـــوتیشە مبـــاش و جـــملە بـــرخـــود مـتراش

چـــون رنـــده ز کـــار خـــویش بـــی‌بهره مبـاش

تـــعلیم ز ارّە گـــیر در امـــر معـــاش

چـــیزی ســوی خــود مــیکش و چــیزی میپــاش

Dr.Saleh Ebrahimi

# شــەرەفەدین (ئــەحمەد) کــوڕی عــەللاّمە کەمــاڵەدین (موسیٚ)

## ٥٧٥-٦٢٢ مانگی

ئەمشەرەفەدینە کوڕی کەماڵەدین [١] موسیٚ ئەبولفەتح کــوری ئـەبول (فەضل) یونس،کوری محەمەد کوری مەنعەکوڕی مالک کوڕی محەمەدکوڕی سەعدکوڕی (عاصم) کوڕی عابد کوری کەعب کوڕی قەیسکوڕی ئیبراهیمەو برازای عیمادەدینە.

شەرەفەدین (ئەحمەد) کوڕی کەماڵەدین لەزانستی ئەقلّی و نەقلّی هاولفی باوکی بوەو لە خووئاکارچاکی و دلّ ودەرون پاکی و چاکی لەباپیرەی چوەو لەفیٚرگەی مەلیک موزەفەرەدین کوڕی زەینەدین خاوەنی هەو لیٚر،دەزربیٚژو ماموٚستا و مودەریس بوە ولەزانستی فیقەدا پـەراوەی (تـەنبیهی) نـوسیوەو کتیٚبی(ئیحیاءول عولومی) دوجارکورت کردوٚتەوە بەناوی (مـختصرکبیر)و (مختصرصغیر). ئەم زاناکوردە هەر بەئەندازەی قنیات کردن کەڵکی لەماڵ

---

١ـ لە لاپەڕەی ئەم راوە باسی کراوە
ـ لە لاپەڕەی ئەم پەڕاوە باسی کراوە

Dr.Saleh Ebrahimi

وسامانی دیناوەرگرتوەو دارایی ئازوخە نەکردوە، هەمو پوڵ و دراوی خۆی و ماڵ و سامانی خۆی بەهەژاران داوەوبە سەرکەساساندا داڵ بەخشی کردوە.

لەقسە بەنرخەکانی ئەم زانایەیە فەرمویەتی: (کەسێک‌کە لەزانست‌و هونەر بێ بەش و دارای گەنج و دراوی دنیا بێت، وەکو گوێدرێژێک وایە، کەکورتان وکەژوی زەربافتی پێوەبێ.)

شەرەفەدین (ئەحمەد) لەساڵی (٥٧٥)ی مانگی لەدایک بوەو لەساڵی (٦٢٢)ی مانگیشدا بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە.

فەیلەسوفی مێژو کوڕی خەلەکان هەولێری [1] نوسیویەتی: ئەم شەرەفەدینە دوای ئەوە کەماڵەدینی باوکی لەشەوی دوشەمە ٢٢ی شەعبانی ٦١٠ی مانگی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە، هاتوتە هەولێرو هەرلەو مێژوەدا لەجێگای باوکی دانیشتوەو بوتە دەرس بێژومنیش چوکەڵە بوم ولای ئەو ئەم خوێند، نەم بیستوە کەس لەو باشتر دەرسی دابێتەوە.

دوای حجّ کردن لەساڵی ٦٢٧ی مانگیدا چوتە موسڵ سەرفێرگەی (قاهیریە) و خەریکی فێر کردن و بارهێنانی فەقێ وزانایان بوە. تا مردوە. [2]

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەنمان چەن کورتە؛ بۆکە لّک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

---

١ ـ کـوڕی خـە لەکان لە ٦٠٨ ی مانگی لە دایک بوەو لەساڵی ٦٩١ی مانگیدا بارگەی بەرەولای خواتێکناوە.

٢ ـ بڕوانە (علماءونا)ی مامۆستا مەلاکەریم مودەریس.

Dr.Saleh Ebrahimi

## ئەدیب
## ۱۲۹۱-۱۳۵۱ مانگی

ئەدیب؛هونەر و خودان هونەر وزاناولە خوا ترس و روخوش، زمان شیرین ونەرم و سەنگین و دل ئاواو بەروحم و دل لاوین و میوان گروفەرهەنگ پەروەر بووە، زانستی پزیشکی بە پێی باوی ناوکوردە واری (طبی سنتی) دارتا شی، ئاش وەستایی، جوان و خوشنویسی ئەزانی و سەری‌لە و جورە هونەرانە دەرئـەچو ئەدیب لە نوسینی وێژامە: (بلاووک) دادەسی بالای هەبووە، لەدانانی شیعر و هە لبەستیشدا خودان وزە و بە هێزوباهو بووە، زورهێژا یانە- و ورد ئەسپی تەبعی لینگ داوە.

زور بەسەر شیعر و هونینەوە دا سواربووە هەر کاوێک بیو یستبا - بی خو شلوی کردن، هەر بی خو رەتاندن و خوما ندو کردن هەر مەبەستێک کـەدەسی بدایەتی زور ئاسان ئەی توانی بی دامان وبی زور بیر لێکردنەوە بەشیعر دای ئەناو ئەی هونییەوە.

زانای خودا ناس و فەرهەنگ پەروەری مەزن ماموستاخوا لێخوشبو (گیوی موکریانی) لەبەر کولی د یوانی ئەدیب‌دا کە هەر بوخوێشی شیعرەکانی ئەدیبی کو

Dr.Saleh Ebrahimi

کردوەتەوە و لەسەر ئەرکی خۆیشی لە چاپخانەی کوردستان لەشاری هەولێر لەژێر زنجیرەی ٤٥ دا لەساڵی ٢٥٧٣ کوردی لە چاپی داوە، نوسیویەتی:

نێوی خۆی (مەلارەسول) و نازناوی (ئەدیب)ە کوری مەلاسادق، کوری خەلیفەئە ورەحمانی زەندی‌یە، کە لەبنە چەکدا ئەچێتەوە سەربنەماڵەی (لوتفعەلیخان) و (کەریم خان)ی زەند.

ئەدیب لە (١٢٩١)ی مانگی لەگوندی «شاوەلی» لە دایک بووە (شاوەلی: càvale ) دێیەکە، لە دێیەکانی (لاجانی) بەشی حەومەی شاری (مهاباد)[1]

ئەدیب خوێندن و نوسینی باوی‌کاو ی خۆی لەزوانی عەرەبی و کوردی و پارسیدا، و ەهەروەهالە مەعاریفی ئیسلامەتی خولی خۆی، لە فێرگەو ناو مزگەوتەکانی ناوکو ردەواری خوێندوە.

ئەدیب لای مامۆستا (عبدالرحیم)ی وەفایی مهابادی خوێندویەتی.

ئەدیب باش مەلا و مودەریس بووەو لەهەر گوندێک بوبێ‌بە بەراتی مودەریسی ژیاوە، زیاتر بەکورە ئاغاواتی دەرس داوە و موچەو براتی لێوەرگرتون یا لەرێگای پزیشکی و دارتاشی و ئاش وەستایی‌یەوە پی‌بژیوی خۆی دابین کردوە.

---

١ ـ گوندی شاوەلی: ل٣٤ کیلومیتری خۆرئاوای شاری مهاباددایە و ١٩ کیلو میتری خۆرائەوای جادەی پیرانشاربە نەغەدە.

گوندی شاوەڵی کوێستانە. بەڵام زۆریش ساردنییە (مێشی مالاریا: کەوتەیی هەبوە) حەیشمەتی ٢٧٩٥ کەسەو هەموکوردن و شافیعی مەزهەبن. خەڵکی ئەگوندە، لەئاوی چۆمی نەغەدە ئەخۆنەوە بەرهەمی ئەو گوندە دانە وێلە، توتن، گەنم وجۆیە.

خەڵک لەوگوندەدا خەریکی جوت و گاومەروماڵت دارین، کاردەستی ئەودیە بریەتی‌یە: لەجاجم، دەسکیش و پوزەوان و بەرماڵ و کوریسن و رەشکەی کاکێشان چنینن و ریگا بۆئەو دێیە، کویرە رێگایە و هێمان رێگای خۆشکراو ئیسفاڵتە و کارە باولولەکێشی ئاوی نییە. بەڵام مەلای مودەریس و فێرگەو مزگەوتی جومعەوجەماعەتی هەیە.

ئەم بەشەم لە پەراوەی فەرهەنگ وجوغرافیای ئێران بەرگی چارەم وەرگرتووە (شەپۆل)

ماموستا ئەدیب لە ژینا توشی چەرمەسەری و کوچە لە کوچ ودەردو مەینەت بووە، هەمیشە بە قەرزاری ونە داری و دەس کورتی ژیاوە.

لە دوا ژیانیدا روی کردۆتە گوندی (سەرگیز) و بووەتە ماموستای کورەکانی ئەورەحمان ئاغای ئەوی، بەلام مەلا شیخ مەحمودیکی لیبوە لەگەل ئەدیبدانە سازاوە و توشی گیرە وکیشەدی و ئاغادی ئەکا بەگژ ئەدیبدا، جاهەر لەبەر ئەمە ئەدیب ئەداتە باریکی و بنیسی و لە (۱۲)ی جومادی یەکەم لە سالی (۱۳۵۱)ی مانگیدا بارگەی بەرەو لای خوا تیکناوەو لەسەر وەسییەتی خوی لەوی نای نیژن و تەرمەکەی ئەبەنەوە بوگورستانی (دەربەند).

دەربەند ناوە بو ئەم گوندانە:

۱- دەربەند، لە دییەکانی بەشی سندوسەولە ۱۳ کیلومیتری باکوری خورئاوای نەغەدە دایەو لە ۴/۵ کیلومیتری باشوری جادەی (شنو) بونەغەدەیە لە داوینە دایە، هەوا کەی سارد و سالمە ۱۰۷۸۹ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو شافیعین لە ئاو ی گادەرئاو ئەخونەوەو کاری خەلک جوت و گاو دانەویلەوگەنمو جو و توتن وریگای ئەوگوندەکویرە ریگایەو کارە باولولەکیشی ئاوی نییە.

۳- دەربەند لەدییەکانی دەشتی (سیلواناى) لای (ورمی) یەولە ۱۰/۵ ک باکوری خورئاوایی سیلوانادایە و کەوتوتە - ۶ کیلومیتری باکوری ریگای ئەرابەرەوی (چومی بەدکار) بو (ورمی) لەدولایی دایە وساردو سالمە و ۱۹۹۰ کەس حەشیمەتی هەیەو کوردو شافیعین . لەکانی ئاو ئەخونە وەو کاری خەلک جوت وگاو مەرو مالاتداریو دانە ویلە چاندن و توتن کردنە و کاری ژنانیش مال داری و مەر دوشین و رزق بەرهەم هینو جاجم و گورەوی ورەشکەو بەر مال کردنن؛ پاسگای ژاندرمری لییە و ریگای خاکی بو ئەچی.

Dr.Saleh Ebrahimi

۴- دەربەند گوندێکە لەدێهستانی گەورک بەشی حەومەی شاری مهاباد کوێستانەولە ۵۰کیلۆمیتری باشوری مهاباد و چارکیلومیتری باشوری خۆرهەلاتی جادەی (مهاباد) بۆ (سەردەشت)ە ساردی سالمە و ۴۹۷۶ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و شافیعی مەزهەبن. لەئاوی چەمی (جەمالدی) ئەخۆنە وە وخەلکیش خەریکی کشت وکال ومەر و مالات داری و تۆ چاندن و تو تن و دانەویلەکردن و شتیوا ئەکەن. ژنانیش جاجم بەرمال و کاری مالێ دەکەن کوێرە ڕێگا ئەچێ بۆ ئەودێیە.

۵- دەربەند لە دێیەکانی دۆلێ بەشی شاری (ورمێ) یە ولە ۵۰کیلو میتری باشوری (ورمێ) دایە و کەو توتە ۶ کیلومتیری جادەی (ورمێ) بۆمهاباد لە دولایی دایە، ساردێکی سالمە ۶۷۹ کەس حەیشمەتی هەیە و کوردو شافیعین، لەئاوی کانی ئەخۆنەوەکاری خەلک جوت و گاومەرومالات داری و گەنم و جۆ وتوتن کێلانە، وژنانیش کاری مالۆ و بەرمالۆ و جاجم کردن ورەشکە وگوریس چنینە، ڕێگای گوند کوێرە ڕێگایە.

ئەدیب لەدەربەندی دۆلێ نێژراوە. مامۆستا گیوی موکر یانی نوسیویەتی:

ئەدیب بەزوانی کوردی و پارسی و عەرەبی و روسی شیعری زۆرە مامۆستا گیوی موکریانی نوسیویەتی: بە سەرهات و هەندێ لە شیعرە کوردی یەکانی ئەدیبم لە (مەلاقاسم زەندی برازای مەلارەسولی ئەدیب و هەندێکی دیکەیشم لەفەقێ (سمایل، سەرمابردو) دەسکەو تون، ئەم (فەقێ سمایلە) زۆردەنگ خۆش بووەوزیاتر لە ۵۰ سال چریکەوئاوازی کوردی بە دەف و دەنگی خۆشی خۆی بۆ خەلک دوپا تەکردوەتەوەو لەم ڕێگایەوە زوانی کوردی فێری خەلک کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەمەش چەن شیعرو هەڵبەست لەئەدیب:

عەجەب ماوم کە پەسوێ بۆتەتاران بۆمنی خاکی
ئەبێ بمرێ لە دەردی بێ وەڵامی عاریز و شاکی
هەتا وێستا لەبۆ بێچارە، جێی لوتف و عەداڵەت بویی
لەبەر بەد بەختی خۆمە دادخوازی، بۆتە، بێباکی
دەسووم داسی ئومیدم، بۆ دەرونی مەزرەعەی لوتفت
پەرەیی خۆشەی رجا و ئارەزوم، ماخاروخاشاکی
وەبگرە چۆ لە کێک بم من موتیعی ئەمری ئیسلامم
لە ئیجرای حەق تەسامُح حەقە بوئەمری زاکی
لە (لاجان) و(شنو)مەلجە نەماوە مولتەجی بمپێ
کە ئاغاش لێم نەپرسێ دابنیشم بەغەمناکی
ئەگەرمەیلت نەبایە زێر خریدی کەس نەبو(لاجان)
هەمیشە چاوەرێی لوتفی چاوی غەمناکی
(ئەدیب)یش، هەمبەرۆژیخۆی بەکاری گیان نیساریدێت
درێخی لێمەفەرمو بێخەتا، روی رەحمەتی چاکی
لەمن وابو کە بێچاران لەسایەت بێخەم و دەردن
کە (لاجان) بێتە (تەورێز) خۆم فیداکەمبابەچالاکی

ئەمەش چەند شیعری ترکەلەگەڵ دەرویشێکدا دەمەقاڵەی بووە:

(لَنْ تَرانِیَ) وتی: پێم ئەم (لَنَ) ەنەفی ئەبەدە
من گوتم جاهیلی تۆ دەموەرەلەمجێگەمەدە

چــومه پــیش نــه‌ختی بــه‌عونوانــی نه‌سیحه‌تکــاری
گـــوتم: ئــه‌ی مــه‌ردی حیســابی ئــه‌ته‌وی دیــنداری
ڕه‌ســمی ده‌روێشــی کــه خــاموشی یــه دل هوشیــار
چت له‌ئـــایات و موعه‌ممـــا و مــه‌سه‌له‌ی عه‌ییــاری
حه‌للی ئه‌م مه‌سئه‌له هه‌لاجی نییه تیری ئیزای
مــوته‌غه‌ییر بــوله‌سه‌ر ئــه‌م قســه ده‌رویشــی حــه‌زین
نــــه‌ده‌گونجــا له‌هــه‌راسانی له‌ســه‌ر ڕوێــی زه‌مــین
به‌نه‌سیب ئه‌م کــه‌سه‌بێ یــه‌کســه‌ره خــاریج‌بو له‌دیــن
ســـه‌گ پـــاشی نـــه‌ده‌ژی ســـاتی‌له بــه‌رشیده‌تی‌قین
هه‌ر وه‌کو کاکه ڕه‌زا فه‌رمویه لیّم بووه سه‌گی هار
کوتی موسام و له ئــه‌م عــه‌سره‌وه مــه‌ئموری خــودا
زاهـــیری تـــه‌ن بـــه‌شه‌رو بـــاتنی له‌م خـــه‌لقه‌جودا
ساحیبی موعجیزه‌و قــودره‌ت و حــالات و عــه‌عسا
یـــه‌دی بـــیزا و وحـــوزورو قـــه‌ده‌م وتـــوری نــیدا
تو‌که فیرعه‌ونی ئه‌بێ حوکمه بخنکیی له‌بیجار
بــه‌ڵێ مـــه‌علوم بـــو تـــه‌بیعی له‌شـــه‌ریعه‌ت بــه‌ده‌ره
بـــه‌ته‌بیعی چ بـــڵێم (ئـــایه‌تی حـــه‌ق بــێ ســه‌مه‌ر)
مـــه‌عنی قـــه‌ولی خــودا قــیسمه‌تی ئــه‌هلی بــه‌سه‌ره
هه‌ر له‌بــو ئــه‌هلی سه‌فــا بــه‌نده ئــه‌دیب خــاکــی ده‌ر
چم‌له‌موسایه، که‌سه‌ر زاری ده‌رویش...

ئه‌مش پێنجینه یه‌ک له‌سه‌ر شیعری تاهیربه‌گ که مه‌به‌ستیکی عه‌شقی خودابی ده‌گه یێنێ

Dr.Saleh Ebrahimi

کـــێ دیـــتویه واحـــوسن ولەتـــافەت لەبـــەشەردا
چـــاوت کـــەهەمو غـــارەت و قـــەتڵی لەنـەزەر دا
قـــەتڵی مـــنی مـــەزلومی بـەیەک غـەمزە خـەبەردا
قوربـــانی ڕوخت بـــم کـــە شکســـتی بـــەقەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بە شەکەردا
ئـــەمرۆکـە لەبـەر خـاڵی تـۆ مـوستەغنی لەمێشکم
بۆشـــاهیدی دەردی دڵـــی شـــەیدا لەبـــی وشکـــم
چون هێندوە دەرون پـرخـەم و خوێنـاوی سـرشکم
خـــاکـــێ نییەبیکەم بـــەهەوەس گـــاهێ بـە سەردا
تـــابۆ بـــەڵە دی خـــاڵ و خـــەتت بـێمە موتـــالاَت
ســـەیری قـــەمەرو لەعـــلی لەبت کـــەم قەدوبـــالاَت
دل ڕوێـــــوە قوربـــان لە وجـــودم بەخەیـــالاَت
دائـــیم لە ســـە فـــەردایـــە ئـــەگـەرچـی لەحـەزردا
تـــــاوەسڵی لە ئـــــاوێنەی دڵ دێ بـــــەتەفەئول
پـــەروانـــە بـــەڕوی شـــەمعی نەمـا تـابی تـەئەمول
لەوسـەیلی غـەمت نـابێ ئەمـانم بـەتە خـەیول
نـــاحەقّی نـــییە گـــەر نـــەوەسێ، پـردی تـەحەمول
ســـیروانـــی ســـرشکم کـــە دەکـــا هـــاژە لەســـەردا
لەو ڕۆژەوە ڕوی کـــردە، چـــرای بـەزمی حەریفـان
واچـــارەیی مـــن بـــو وەرەقـــی زەردی خەریفـــان
گـــەر نـــەیبو لەبـــەر مـــەستیە پـــەروای ئەسیفـــان

ئه دیب ئه مه یش (موسەمەتی) کوردی له شیعره کانی ئەدیب

روت شـه مسـی تـه مـوزه هـه مـو پرتـابش و تـاوه

ئەگریجەیی چـین چـینه له روت پـه خش و بـه لاوه

حــه یـرانـی ده مت بـم بـه مـه ثـل شـوشه گـولاوه

قوربـــانی دوزولفت کــه ده لـــیێ ســونبولی خــاوه

مه یلت ئه وه چه ن رۆژه لەسەر وعده نه ماوه

رۆژێ نـــیه مەستـــانه کـــەعەهدێ نـــەشکێنی

وەك کـــاهرۆبائەو دڵـــی مسکـــین نـــەرفێنی

وەک قـــەوس و قـــەزەح ســاتێ بـەرنگێ ئـەنوێنی

بێ گیان، بـەدنی خـەسته جـەگـەرا بـۆچی دەمـێنی

وەك شوشەی ناسك دڵی بێچاره شکاوه

پـێم فــەرمو گونــاهم چــیه ئـەی سـەروی دلارام

چــیدی مــەکــه دڵـرەنجه ئـەسیری مـنی نـاکـام

کــوا طــاقتی ئــەو جــەوره هـەمو تـاب وتـوانـام

ئه برۆی که چت حـالی ده مـی مـەرگی نیشـان دام

ته هدیدی سەری تیری مژانت بەعلاوه

ئـــاواره بــــەدبەخت مــــەگــەر وامــقی عـــەذرام

لەومـەم چده کـەن کـوشته و سـەر گـەشتەیی لەیـلام

غــەرقی غــەم وسـەودا سـەرو ئـاشوفته و شـەیدام

بــۆدانــەیی خـــاڵت بـه فـریب چـوم دڵـی کێشـام

سەرتاسەری دەوری قەمەرت دانەو داوە

سێوی چەنەکەت ئاوی حەیات و چەهی زەمزەم

ئەی گیانی عەزیزم بە فدای ئەوسەرو پەرچەم

ئەورۆ، کەدەڵێم خاکی هەمو دەر وەسەرم کەم

پرسیم: چیە؟ دەرمانی برینی دڵی پرخەم

فەرموی: کەدەوای سەختە «ئەدیب» کاری تەواوە

غزل:

چاوەکەت مەستە بەناخەق فیری مەیخانەی مەکە

لێ‌گەڕێ مەخموری بەزمی دوردی پەیمانەی مەکە

زولفی سازاوت دەسا تەرتیب وچینی تێک‌مەدە

حەیفە توشی جەوری ریشو کێشی لەرزانەی مەکە

پەرچەمت جێ ئاشیانەی بولبولی طەبعی منە

چونکە کێشکچی شەوە، تۆمەنعی هێلانەی مەکە

گەردەنم پێ‌خۆشە حەلقەی تای طەنافی زولفەکەت

چاوەکەم ئیتر حەواڵەی طەوق و زۆلانەی مەکە

دڵ بەمەیلی خوی دەمێکە عاشقی باڵاکەتە

تۆخودا مایل بەغەیری خۆت و بێگانەی مەکە

هەرلەئەوەڵ تۆ لەدلت بردوم بەنازی چاوەکەت

تازە فێری راەورەسمی طەبعی پەروانەی مەکە

عاشقی خونچەی دەمت تاکەی دەبێ ئاوارەبێ

مەحرەمی رازە حواڵەی چۆڵ و وەیرانەی مەکە

Dr.Saleh Ebrahimi

خۆت دەانی وەك «ئەدیب» کەس بەندەگی پیّ ناکریّ

وابە رسـوایـی لەنـاو ئـەم خـەلقە ئەفسـانەی مـەکـە

❊❊❊

مـە حـفوز لەبـەر کـوششی عوششـاقی خەفیفـان

وەخـتیّ کـەدەکـا خـەنجەری تـیژی بـەکـەمەردا

نـاپرسیّ لەبـەر حـەشمەت و ئیقبـالّ و جـەلالت

لە و(کـیّوکەنی) کـوشتە بـەئومیدی ویسـالت

شـیرینە بـە شـیدا ئـەلم و ژەهـری وەبـالّت

ئـەستیّرە هـەمو مـەحوە لەنـیّو نـوری جەمـالّت

چون شەمسی ڕوخی تۆ شـەوی گـیراوە بـەفەردا

ئـەی بـۆ ئـەلەمی مـن کـە تـۆ لوقمـانی ئـەمینی

شـیرین دەهـەن و شـوهرەی ئـافاقی، زەمـینی

جـاریّ بـلّیّ بیّچـارە«ئـەدیب) بـۆچی حـەزینی

مـەیلی هـەیە تـاهیر کـەبپرسیّ لەبـرینی

لەو دلّـبەرە پـرسن کـەچ تـیری لەجـیگە ردا

سەرچاوە:دیوانی تەدیب چاپی هەولیّر چاپی ٢٥٧٣ کوردی چاپخانەی کوردستان چاپی یەکەم گردوکۆکەرەوەی: گیوی موکریانی کەلە ٣٩ لاپەرەدا چاپکر اوە (شەپۆل).



Dr.Saleh Ebrahimi

# ئەڵماس خان

ئەڵماس خان (نەک خان ئەڵماسی لورستانی)

ئەم ئەڵماس خان ـە پلەو پایەی سەرهەنگی بووەو بە سەرهەنگ ئەڵماس خان یامیرزا ئەڵماس خانی کەندوڵە یائەلماس خانی کوردستانی ناودارەو مەنزومە یەکی لەبابەت جەنگەکانی (نادر شای هەوشار) داناوەو بەشیعر هونیویەتەوە سەرهەنگ ئەڵماس خان یەکێکە لەشاعیرانی پایە بەرزوتەرزی ڕۆژگاری نادر کە رەزمو بەزمی لێک داوەو لەسوێنگەی تەبعی رەوانوبە هێزی خۆی (نادر نامە و تۆپال[1])ی بە شیعروتوە.[2]

هەروەها (هەفت لەشکر، شیرین و فەرهادو خورشید وخەرامان)ی داناوە. ئەم شاعیرە ناودارەکە بە ئەڵماس خانی کوردستانیش ناودارە، فەرماندەی تیپی سنەبوەلە کاتی نادردا. لەجە نگێک دا کەلەمانگی سەفەری ١١۴۶ی کۆچی مانگی لەنێوان نادر وسپای تورکی وەسمانی بەفەرماندەیی (توپال وەسمان

---

١ـ توپاڵ فە رماندەی سپای عوسمانی بووە لە دژی صەفەوی سالی ١١۴٦ی مانگی لەگەڵ نادر شای هە وشار ـ حدیقەی سلطانی نوسراوی کاک محمدعلی سلطانی ج ا ـ پەرەی ١٠٠ چاپی ١٣٦۴ی هەتاوی.

٢ـ مەنظومە یەکە لەشەرحی جەنگ کانی نادر شادا (لاپەرەی ١۵۵ گوڵزاری ئەدەبی لورستان نوسراوی کاک ئەسفەندیار غەزەنفە ری ئومرائی چاپی ١٣٦۴ی هەتاوی.

پاشا) روی داوه، جاله‌سوینگه‌ی شه‌رنه‌کردنی سه‌ر هه‌نگ ئه‌لماس خان به‌دژی عوسمانی و مل بادان له‌فه‌رمانی نادرشا تیپی سنه مه‌جبور به‌کشانه‌وه‌ئه‌بێ.

(سرجان مالکم) نوسیویه‌تی: ئه‌مه بوه‌هوی تێشکانی نادر. میرزا مه‌هدیخان له‌کتێبی جیهانگوشای نادریدا نوسیویه‌تی: دوای ئه‌وه‌ئیتر نادر نه‌ی توانی نه‌زم له‌نا و سپای خوێدا دامه‌زرێنێته‌وه. جاهه‌ر له‌به‌رئه‌مه سه‌رهه‌نگ ئه‌لماس خان که‌وته به‌ر غه‌زه‌بی نادرو ته‌نانه‌ت ئه‌ڵێن: سیره‌تیشی بریوه.

میرزا شه‌فیع خه‌ڵکی بیلوار (رزڵه‌یا مامیزک) که‌له ده‌زگای خوسره‌و خانی یه‌که‌می میرمیرانی کوردستان له‌ساڵه‌کانی ۱۱۶۸-۱۳۰۶ حیسابداری: (موسته‌وفی) دارایی وڵات بوه‌وله‌بره شیعریکدا ئیشاره‌ی بو ئه‌وه کردوه، ئه‌م روداوه دڵ ته‌زینه نامروفانی یه‌بوته‌هوی ئه‌وه‌ی که سه‌رهه‌نگ به‌وه‌جاخ کوێری بمرێ چونکا گه‌نج بوه که‌ئه‌وبه‌لایه‌ی به‌سه‌رهاتوه.

ئه‌لین میرزا شه‌فیع ئه‌یه‌وێ بچێته‌دیداری سه‌رهه‌نگ ئه‌لماس خان که‌زوریان یه‌کترین خوش ویستوه، به‌ڵام له‌رێگا ئه‌بیسێ که‌سه‌رهه‌نگ ئه‌لماس خان ئه‌و شاعیره به‌ناو بانگه ناسک خه‌یاڵه بارگه‌ی به‌ره‌ولای خواتێکناوه ئه‌روا له‌جێگای ناشتنی ئه‌پرسێ و ئه‌چێته‌سه‌رمه‌زاری و په‌ژاره یه‌کی زور روی تێ ئه‌کاوئه‌م شین نامه‌ی به‌ناوی (سه‌رای خاموشی) دائه‌نێ و به‌کوڵی گریان له‌سه‌ر گڵکوکه‌ی ئه‌ی خوێنێته‌وه وله‌وه‌ش که‌خان ئه‌ڵماس‌خان منالێکی نه‌بوه‌که جێگای باوکی بگرێته‌وه زورخه‌فه‌ت ئه‌خواوئه‌م‌شین نامه‌ی بودائه‌نی:

## سه‌رای خاموشی:

میرزام خاموشان - میرزام خاموشان.

موبارکت بو سه‌رای خاموشان.

Dr.Saleh Ebrahimi

نـــوشت بوبـــادەی بـــیهوشی نوشـــان.

نـــزیکی یـــاران گِـــل کـــەفەن پوشـــان.

ئـــومید وەئیعجـــاز دوعـــای خـــاسان بـــو.

ســـزای گـــور ئەفشـــار وەلیت ئـــاسان بـــو.

دومـــای ئەلمـــاس‌خان ، خـــان لال شـــیوە.

کـــرەی تـــەمویرە کـــەس نـــیووە پـــیوە.

واتا: دوای ئەلماس خان لەعل پوش کەس نە غمەی تەمورەی نە بیستوە.

مـــیرزام ئـــی دەردە، وەمـــن بـــی کـــاری

تـــویلە دەس نیشـــان ژە ویت نـــە داری

سەرووەرم ئەم دەردەلەمن‌کاری کرد ـ منالیکیشت لە پاش جینەماوەکەوەجاخت رون بکاتە وە ودە س پەروەردەی توبی لەناو دوستانا.

فـــەرزەن هـــەرخـــاسە مـــیوەی بـــاغت بـــو

هەم شادی هەم زەوق هـــەم چـــراغت بـــو

هـــــەرووەقت بـــــمرین جـــــانشینتە

کـــوری [1] دوشمنـــان دنیـــا و دیـــنتە

وەتـــەفریح مـــەکـــی ســـەیر بـــاغانت

وەنـــاز مـــە گـــیلو، وەدیـــوانخـــانت

لەوەخت پـــیری بگـــیرو دەست

هـــەم وە دلســـوزی بکـــەری قســـەت

ئـــەگـــەر ژە تـــەلی گـــولی کـــەندەبو

روحـــەم شـــەرمەندەی خـــودا و بـــەندە بـــو

---

١ـ(بەکویری)

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەگەر لەتەنەی دار شاخەیەک بکەنری گیانم لای خواو بەندەکانی شەرمە سارە، ئیستا من شەرمەسارم کە بۆچ دوای تۆ ئەڵماسخان زیندوماوم‌و مەرگت ئەبینم.

عــەزیزم مــیرزام هــاو ســەرای گِــلْ
قــەلبم پرِبــارە - بــیرازم ژگِــلْ
هــەی هــا وار ژ دەس چــەرخ نــافە رجــام
بــاساکــیم بــەربی ژە دەس چــی مــیرزام
ئەی هاوار لەدەس ئەم چەرخە بی فەرجامە دودمانم
تیاچوە، چونکا باشترین یـا رویـاوەرم لەدەس چـوە
بــار تــا بــپوشم بــەرگی ژە پــلاس
خوین گـری شـەفیع بـەعدەزخـان ئـە لمـاس. ١

خان ئەڵماس لورستانی کوری محەمەد بەگ لورستانی یەو لەوەئەچی لە ساڵی ١٠٧٢ کۆچی لە لورستانا لەدایک بوبی و لای باوکی دەرسی خویندوەو خەرقەی ئیرشادیشی هەرلەباوکی وەرگرتوەو بەگە نجی خەریکی خویندنەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی کوردو یارسان بوەو زەوقی شیعروتنی گوڵی کردوەو شیعری زۆریشی بەزمانی زگماکی و دایکی دانا وەوکەو توتەبەردڵ وسەرنجی زانایان و هونەر دۆستان.

خان ئەڵماس لورستانی کەخۆی لەپیاوە ناودار و مە زنەکانی یارسان دیتەژمار، لە ساڵی ١١٣۴ کۆچی مانگی کتیبیکی بە ناوی (کە لامی خان ئە لماس) کە پیشگۆیشە بەنەزم دای ناوە پیشگویەکانی وەکوهی تەیمور بانیا رانی

---

١ـ کاکڤ محەمە دعەلی سولتانی نوسیویەتی: شاعیر تەمبوری چاکڤ لیداوە و خان ئەلماس خان لە سالە کانی ١١٨٠ی مانگی لە ژیاندا بووە و لە نیوان سالە کانی ١١٩٠ تا ١٢٠٠ی مانگی وەفاتی کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

وئیل بەگی یە، کەکە وتوتە بەر سەرنجی ئەهلی حەق.

خان ئەلماس لورستانی لەساڵی ١١٣٨ کوچی بارگەی بەرەولای خوا تێکناوەولەلورستان نێژراوەو ٦٦ساڵ ژیاوە ـ ئەمەش نمونەی پێشگویە کانی:

یاوەران ئاشۆ

یــــاوەران ئـــــاشو، یــــاوەران ئـــــاشو
نـــوتق ئـــەزەلە وەر خـــێزو ئـــاشو

یاوەران بەئێوەخەبەر ئەدەم ئاژاوەئەبێ قسەی پێشینانەکە ئاژاوەئەبێ.

یـــانە ئەخیـــاران کـــو بـــەستەن کـــوکو
هـــەی داد ئـــەو روژە گـــو و مـەگـو بـو
حـــوکم شـــاهان تـــورک تە تەرمـــەیو
یـــەوم یـــەوم زیـــای جـــەو بـــەتەرمەیو
دەس داران بـــێدەس بێدەســـان نـــو بـــو
بـــیلال جـــار مـــەدی واحـــیدان رو بـــو
نـــەمیهر نـــە مـحەبەت دل بـێزەوق مـەیو
خوشی زەمانە گشتی چـی تـەوق مـەیو[1]

ئەڵماس خان (نەک خان ئەلماسی) لورستانی یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی کوردە کە بە زاراوەی هەورامی کۆن شێعروچامەی داناوەو شوێنەوازەکانی وەک نادر نامە و شانامەی کوردی، لە گەورەترین گەنجینەی ئەدەبی گۆرانی کورد لە قەڵەم دەدرێن.

---

١ـ بۆزانینی ئەم مەبەستانە بڕوانە گوڵزاری ئەدەبی لورستان نوسراوی ئەسفەندیار غەزەنفەری ئومەرائی چاپی هاوینی ساڵی ١٣٦٤ کۆچی هەتاوی. وهەروا ببڕوانە حەدیقەی سوڵتانی چاپی ساڵی ١٣٦٤کۆچی هەتاوی.

ئەڵماس خان لە نیوەی دوهەمی سەدی دوازدە هەمی مـانگیدا، لە دەورو بەری ساڵی (١١٨٠) دا ژیاوەو رەنگە لە ئاخرو ئۆخری هەر ئـەو سـەدەیدا، لە بەینی ساڵەکانی (١٢٠٠-١١٩٠) داکۆچی دوایی کردبێ.

بەرێز محمد علی سوڵتانی قەڵەم جوان لە پیرە پیاوانیناوچەی کـەنوڵەو گاوەرۆی ژنەفتووە، کە ئەم شەڕە، لەنێوان نادر و هیندووەکان دا بووە. بە هۆی ئەم پاشەکشێ یەوە نادر شاە، ئەڵماس خان زۆر سەخت تەمبێ دەکا.

ئەڵماس خان ئاخرین ساڵەکانی ژیانی لە ئاوایی کەنوڵە رادەبوێرێ و لەوێدا خەریکی باغەوانیو تەنبورە ژەنیو دانانی کتێبی شـانامەی کـوردیو نـادرنامە دەبێ، وەک دەڵێن جگە لەو دو کتێبە چەند شوێنەواری تریشی هەیە. بەڵام شاکاری ئەڵماس خان، هەر شانامەی کوردی یە.

یەکێک لە بەشە هەرە جوانەکانی شانامەی کوردی، داستان و حەمـاسەی رۆستەم و زورابە. بە پێی شانامەی کوردی، سوهرابی کـوڕی رۆسـتەم کـوڕێکی دەبێ بەناوی برزو، دایکی برزو ناوی (شەهر ئاشوب)ە و کچی قلیچ خانی هەو شاری یە.

کاتێ زۆراب (سوهراب) بەدەستی رۆستە می باوکی دەکوژرێ و بـرزو، گەورە دەبێ، شەڕێک لە نێوان سپای ئێران و توران، لەدەورو بـەری کرمـاشاندا رودەدا. لەو شەڕەدا، برزو،بە گورزی گران، شانی رۆستەمیباپیری دەشکێنێ و لە پاشان بڕزۆ، بە دەستی فەلامەرز (فەرامەرز) سەرداری سپای ئێران دیل دەکرێ.

کاتێ شەهرئاشوب، ئەم خەبەرەی پێدەگا و دەزانێ،کە برزوی کوڕی د یلی سپای ئێرانە، لەوە دەترسێ، وەک سوهرابی باوکی بکوژرێ، بڕیار دەدا شەو بچێتە لای رۆستەم و رازی برزوی بۆ بدرکێنێ.

شەهرئـاشوب، ئـەو شـەوە خـەو لە چـاوی نـاکـەوێ و بـرزوی کـوڕی دەلاوێنێتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەم لاواندنەوەیە، کە لە زاراوەی ناوچەی کرماشاندا پێی دەڵێن (وای گێران) جوانترین بەشی شانامەی کوردی‌یە.

شەهرئاشوب بەم جۆرە کوڕی گەنجی دەلاوێنێتەوە.ڕۆ ڕۆ لە شناسنامەی کوردی‌دا:

مــوات ئــەی ڕۆڵــەی نەونەهــاڵم ڕۆ
فــرزەندی ســوهراب، نــەسڵ زاڵـم ڕۆ
ئــەو شـێر جــەنگی نەونەمــامم ڕۆ
ســالاری ســەرهەنگ نــەسڵ ســامم ڕۆ
شــێر شــێر شکــەن، شێر ئــەنگێزم ڕۆ
دلێــــر دادەی کــــینە خــــێزەم ڕۆ
بــەور شـێر شکــەن، ڕوی مــەیدانـم ڕۆ
دلێــر دادخــواز ســەر حــەدانــم ڕۆ
شــــەیدای شــــوری بــــێ ئــامانم ڕۆ
وێــنەی ســام ســوار قەهرەمــانم ڕۆ
شەیدای میرشکار، کۆی (ئەمرۆڵە[1])م ڕۆ
تــا وە قیــــامەت ڕۆڵــــە، ڕۆڵــەم ڕۆ
ئەو ساحەب گورز و تـیغ بـە خشـم ڕۆ
نەوشیروان هەیبەت، حاتەم بـەخشـم ڕۆ
بــڕزوی شـێر ئــەژدەر مـیر شکـارم ڕۆ
قــەتیران بــــاز، وەقــــین و قــارم ڕۆ

---

١ - واتاو مانای واژەکان: ئەمروڵە (هەمروڵە): ناوچەیەکە لە بەینی سنەو دیواندەرە و دیٚ گولان.

دلێـــر ســـەفدر[۱] ڕوی مـــەیدانـــم ڕۆ
بـــاش بـــالاّ[۲] وەنـــدەکـەی کەیـانم ڕۆ
فەلەک داد ژ دەست زایـەڵەی بـێ شـەو
پەی جهانجۆم داد، پـەی سـوهرابـم ڕۆ
پەی بڕزوی شێر جۆ، شەر ئـەنگیزم ڕۆ
پەی سـوهراب یـەل، ڕەستـا خـێزم ڕۆ
پەی ڕۆڵەی دلێـر، سـاحەب گـورزم ڕۆ
نەریمـــان قـامەت، چـون ئـەلبورزم ڕۆ
ڕۆڵە چیش[۳] کەرۆم[۴]، چەنێ بـێدەنگیت
چیش کەروم چـەنێ قـەلاّن[۵] جـەنگیت
چیش کەرۆم چەنێ ڕەخش سەرمەستت
کێ گیروٚ[۶] بـە دست ئەژدهـای دەسـتت
ڕۆڵە چیش کە ڕۆم، وەیی چەرخ گەردون
وەی پڕ جە زینهار، بێ شەرت، بێ شۆن
فەلەک نە بەختم چەرخەش چـەمەرەن[۷]
هەر ساتێ ڕەنگێ، سەوداش نـەسەرەن[۸]

---

۱ـ سەفدر: سەف‌در ـ سەف شکێن.
۲ـ باش بالاّوەند: سەروکی خێلی بالاّوەند ـ سەر خێل بالاّوەند.
۳ـ چێش: چ، چییە، چ دەبو.
۴ـ کەرۆم: کردبام ـ بکەم
۵ـ قەلاّن: کوێ قەلاّیە ـ قەلاّکان.
۶ـ گیروٚ: بگرێ
۷ـ چەمەر: خولان ـ چەمەری ئاهەنگی تایبەتی مردو ناژتن کە بە دەهوڵ و زورنای دەژەندرێ، کوتەل گێران.
۸ـ نەسەرن: هەتا سەر نییە.

Dr.Saleh Ebrahimi

رۆڵــەی سەهمنــاک، نـەوجەوانـم رۆ
ئەو رەستەی نەوحاڵ، گورز وەشانم رۆ
رۆڵـەی سەهمنـاک جـەمین پـاکـم رۆ
بـەبر سـام سـەولەت،سـینە چـاکـم رۆ
فرزەند، بە سەر گەرد[1] تیغ و گورزت بام
وەنەزر[2] بـاڵای چـون ئـەلبورزت بـام
وەنـــەزر بـــاڵای نەونەمـــامیت بـــام
وەنــەزر بــاهۆی[3] قەهرەمــانیت بــام
وەنەزر دیدەی شەو بـیٚ خـاویت[4] بـام
وەنەزر شێوەی چـون سـوهرابـیت بـام
فرزەند، وەسەرگەرد، دیدەی مەستت بام
پەی دەرساخی، دیل خاس کەسەت بام[5]

پەسەندی (شەپۆل) بە شیعری کاک محەمەد رەئوفی تەوەکولی:

شـــەپۆل دڵسـۆزە کـەی کـورد و وڵاتـە
لە سـەر کـوردان بکـوژی پـیٚ خـەڵاتە
مـــەرگ لای وی وەکـو ئـاوی حەیـاتە
لە کـــاریدا دەقـــیقە وەک سەعـــاتە

---

١ـ بە سەر گەردی: قوربان ـ فیدا ـ دەسەرت گەرێم.
٢ـ نەزر: قوربانی
٣ـ باهۆ: هەیکەل ـ شان و باهۆ
٤ـ خاو: خەو
٥ـ نەقڵ لە نوسراوەی کاک ئەحمەد شریفی بەرێز کە لە کۆواری سروەی ژومارە ٩٨ـ٩٧ پەرەی ٣٠ و ٤٠ لە چاپدراوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

گـــەلێ عـــاشق بەتـــاعات وســـەلاتە
قســـەی خـــۆشە دەڵـیێ نـوقڵ و نەبـاتە
بـــە ئـــومیدی خـــودا ئـــەهلی نەجـاتە
هـــەمیشە کـارو پـیشەی هـەر خەبـاتە
بـــۆگـەشە و نـەشەی فـەرهەنگ ولاتـە
ڕێگـــای وی هـەر خەبـاتە بـۆ نەجـاتە
بــــۆ کــــورد و بــــۆ کــــوردەواری
بـۆ بـوژانـــەوە و ژیـــانی فـەرهەنگی
بــــە ئــــیرادەیــــەو لێــــنەوە
ئــــازایــــە، دڵ قــــایم و پــــتەوە
ئــــە وە خــــاوە نــــی گــــرشە
نــــوسَری مــــێژووە، بــــە ورشــــە
تومــــار دەکــــا نــــاوی زانــــایان
بــــۆ کوردە مــــایە، بــــۆدانــــایان
بــــۆ ڕاگــرتنی ئـاداب بـۆ کـوردی
دانەری تەفسیرە بۆ قورئان بـەکـوردی.

□ کاک محمد رئوف تۆکلی کە لە بانە لە ۱۳۰۹ی هەتاوی لە دایک بووە و دارای لیسانسە و دەبیری بازنشستەیە و تائێستا ئەم پەراوانەی نوسیوە: تاریخ تصوّف درکردستان و جغرافیا و تاریخ بانە چاپی ۱۳۵۴ و تاریخ تصوّف در کردستان چاپی اشراقی بدون تاریخ کە در ۱۳٦۴بە بعد چاپ شدە، چهار امام اهل سنّت و ئەم کتێبانە بە کوششی وی لە چاپ دراون: حدیقەی ناصری تالیف علی اکبر وقایع نگار، سیرالاکراد تالیف عبدالقادر فرزند رستم بابانی، بدایع اللغە فرهنگ کردی فارسی تالیف علی اکبر وقایع نگار. شەپۆل •

Dr.Saleh Ebrahimi

## ئەبولوەفا كانیمشكانی [1]

نێو: (تاها) ناودار بەئەبو وەفا موعتەمەد كوڕی خوالێخوشبو حاجی شێخ محەمەد موعتەمەدول ئیسلام كە یەكێک لەگەورە زانایانی پەیڕەوی ڕچەی ئیمام شافعی بوە لە كوردستانداو ساڵەهای ساڵ لەكوردستاندا خەریكی دەرس وتنەوەی زانستو مەعاریفی ئیسلامیو فتوادان بوەو یەكێكە لە مەشایخیكانی مشكانی هەرێمی كوردستان، ئەم بنەماڵە بەفەزلو تەقوا ناودارەو تەكیەو خانەقای ئەوان لەم سەردەمەشدا لە گوندی كانیمشكان لەدو فرسەخی شاری سنە هەرماوەو خەڵک هێمانیش هات وچوی ئەكەن.

ڕەچەڵەكی ئەم بنەماڵە بەپێی شەرجەرەیەک كە وا لە دەسدایە ئەگاتەوە (قوصەی) باپیرەی چارەمی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام.

جێگای لەدایک بونو پێگەیشتن:

شاری سنە ناوەندی ئوستانی كوردستانی سەر بەئێران[2] بڕواری لەدایک

---

١ ـ ئەبولوەفاكوری محەمەد كوڕی عەبدول كەریم كانیمشكانی ناودار بەموعتەمەدی كوردستانی كەبەدەس خەتی خوی ئەم شەرحە حاڵەی لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاویدا بوكتێبخانەی ئاستانی قودسی ڕەزەوی نوسیوە و ناردویەتی.

٢ ـ سنە لە ٤٤/٣٨ پلەی درێژی خورهەڵاتی (گرنویج)و ٣٦ پلەعەرزی (پانایی) باكوری

بون: مانگی صەفەری ١٣٠٥ی مانگیو ڕێکەوتی ١٢٦٥ی هەتاوی چاوی بەجیهان هەڵیناوە.

خوێندنو کارو بار:زانستی قەدیمە، وەک وێژاوەری، پارسیو عەرەبی صەرف، نەحو، بەیان، بەلاغە، بەدیع، مەنتیق، حیکمەت، کەلام، تەفسیر، حەدیس، فیقە،ئوصول و زانستەکانی تر.

لەساڵی ١٢٩٤ی هەتاوی دوای تەواوکردنی خوێندنی باوی سەردەمی خوێ، بوتە کاربەدەسی حوکومەتو بەرپرسیاربونی کارو پلەی یانەکانی وەزارەتی دارایی بووەو سێ ساڵی ڕەبەق خزمەتی کردووەو ٥ ساڵی لەکوردستانداو ٣سالیش لە خوراسانو باقییەکەی لە تاراندا کاری کردوە. لەساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لەگروهی ٩دا موتەقاعید بوەو وازی لەکاری حوکومەتی هێناوە.

ئەبووەفا لەماوەی ژیانیدا هەمیشە خەریکی خوێندنو پیاچونەوە بەکتێبە ئیسلامییەکان بوە بەتایبەت دوای ئەوەی وازی لەکاری حوکومەتی هێناوە، زیاتر سەرنجی داوەو ئەم پەڕاوانەی نوسیوە:

١- کتێبی ئوصولی فیقهی شافعی بەپارسی کەتائێستا دوجار لەچاپدراوە، جاری یەکەم لەساڵی ١٣٣٢هە لە چاپخانەی حەیدەر و جاری دووەم لەساڵی ١٣٦٤ هەتاویدا.

٢- کتێبی (ارث) میراث لەئیسلام و موقەرەراتی قانونی مەدەنی لە ئێراندا بە پارسی چاپی ساڵی ١٣٣٤ هەتاوی .

٣- ریسالەیەک لەباسی نەبەسرانی بابی (ئیجهاد)لە ڕچەی تەسەنوندا، بەزوانی عەرەبی چاپکراوە.

---

خەتی ئیستیوادایە.

Dr.Saleh Ebrahimi

۴- شەرحێک بەپارسی لەسەرکێبی (الشبهات فی المواعظ والآداب(نوسراوی ئیمام قوزاعی لە فەرمودەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام (چاپ نەکراوە).

۵- ریسالەیەک لە مەسەلەی خەلقی ئەعمال لەزانستی کەلامدا بەپارسی (چاپ نەکراوە).

ماموستا و مەشایخ ی خوالێخوشبو ئەبول وەفا:

خوێندنی صەرف و نەحو لای خوالێخوشبو (شیخ لطف‌الله) ئیمام جەماعەت ودەرس بێژی یەکێک لەفێرگەکان کە لەکوڕانی مامۆی باوکی ئەبو وەفا بوە دەسی کردوە بەخوێندن و لەدواییدا لای باوکی خۆیو لای حاجی شێخ حەمیدی مامۆی و لای خوالێخوشبو (مەلا عبدالله)دشی موفتی کوردستان خوێندویەتی زانستەکانی باوی سەردەمی خوێ تەواو کردوە.

حاجی شیخ محەمەد موعتەمەدول ئیسلام باوکی ئەبووەفا لای عەلامەی ناودار حاجی سەید حەسەنی مودەرسی چوڕیو ئەویش پشت بە پشتە لەلای زانایانی بنەماڵەی خۆیان خوێندویەتی تادەگاتەوە بە خوالێخوشبو سەید ئەبوبەکری چوری ناودار بە (موصەنیف)[1]

خوالێخوشبو حاجی شێخ عەبدول حەمید لەزانا گەورەکانی ئەم سەتەی دوایەبوەو خاوەنی قەسیدەی غەرای (لامیةالکوردیه کەفەقێی عەللامەی ناودار محەمەد موفتی زەهاوی) بەغا بوە.

---

١ ـ عەللامەی ناودار مەلا ئەبوبەکری موصەنیف لە ٩٢٣ مانگی لەدایك بوە و لە ٧٢ سالیدا لە سالی ١٠١۴ ی مانگی لەچوردا بارگەی بەرەو لای خوا تیکناوە و کتیبی زوری نوسیوە.
بو ناسینی مەلائەبوبەکر موسەنیف بروانە پەراوی ژیناوەری زانایانی کورد یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی سالی ١٣٦۴ پەڕەی ٧۵ تا ٨۴ چاپی تاران نوسراوی شەپۆل.

خواڵێخۆشبو مەلا (عبداللّە)دشی موفتی گەورەی کوردستان کە زۆر ناودارە. زنجیرەی ماموٚستاکانی بەم جوٚرەیە:

مەلا( عبداللە دشی)لای عومەر ئەفەندی هەولێری و ئەمیش لای عومەر ئەفەندی دەرس بێژی رەواندوز ئەمیش‌لای ئەبو بەکرئەفەندی هەولێری و ئەمیش‌لای زانای خواناسی گەورە محەمەد ئەفەندی خەتی:( خاتیٚ) شێخی سلێمانی، ئەم دوزانایەش لای مەلا (عبدالرحیم) ئەفەندی زیاری و شێخ مەلاعبدالرحمن روٚژبەیانی خوێندیانە.[1]

ئەم دو زاناگەورەش لای (صبغةاللە)ئەفەندی زیاریو ئەمیش، لای مەولانا محەمەدسالح ئەفەندی حەیدەریو ئەمیش‌لای باوکی خوٚی مەولاناسمایلی حەیدەریو ئەمیش‌لای مەولانائیبراهیم مودەریس وئەمیش‌لای باوکی زانای خوٚی مەولانا حەیدەر حەریری کوردی خاوەنی نوسراوەی زوٚرو زەوەندوئەمیش لای باوکی خوی مەولانا ئەحمەد ئەمیش‌لای باوکی خوٚی مەولانا حەیدەری کوردی فەقێی(شیخ‌الاسلام) مەولانا زەینەدین کوردی بیلالی، فەقێی خواجە جەماڵەدین مەحمود شیرازی فەقێی مەولانا محەمەد کوڕی ئەسعەد صدیقی دەوانی فەقێی (محی‌الدین) کەشکەناری فەقێی عەللامە سەید شەریف جورجانی فەقێی موبارەک شا فەقێی مەولانا قوتبەدین رازی فەقێی عەللامەی شیرازی فەقێی خواجەنەصرەدین توسی و هەروەها فەقێی کاتبی قەزوینی فەقێی ئیمام فەخرەدین رازی فەقێی (حجةالاسلام ئیمام محەمەد غەزالی) فەقێی (ئیمام الحرمین عبدالملک یوسف جوەینی) فەقێی شیخ ئەبوتالب مەکەیی خوێندویەتی ، ئەمیش ئەبو

---

[1] ـ بو ناسینی‌شیخ مەلا عەبدو رەحمانی روٚژبەیانی بڕوانە پەڕاوی ژیناوەری کورد... پەرەی ٦٧٢ چاپی سالی ٦٤ تاران چاپی ئەوەل.(شەپوٚل).

Dr.Saleh Ebrahimi

وەسمانی مەغربی خۆش ویستوەو مریدی بوەو خەرقەشی لەدەس پۆشیوەو ئەمیش مریدی قوتبی رۆژگار ئەبو عەمر زەجاج و ئەمیش مریدی جوێنەیدی بەغدادی بوە (قدس‌سرهم‌العزیر)ئەمیش مریدی سڕی کوڕی موفلیسی سەقەتی‌و ئەمیش مریدی شیخ مارفی کەرخی‌و ئەمیش مریدی ئەبوسەلیم تالی‌و ئەمیش مریدی حەبیبی عەجەمی و ئەمیش مریدی حەسەن بەسری‌و ئەمیش‌لە حەزرەتی ئەبوبەکری صدیق خەلیفەی یەکەم و لە حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو تالب خەلیفەی چارەم ئەمیش لەحەزرەتی محەمەد پێغەمبەری مەزنی ئیسلام‌و خاوەنی قوڕئان.

**سەرچاوە:** پەڕاوەی (مؤلفین کتب چاپی فارسی و عەرەبی) بەرگی١ نوسراوی خانبابامشار چاپی ساڵی ١٣٤٠هەتاوی پەرەی ٣٠٦ نوسراوە ی: (ئەبول وەفا کوڕی محەمەد) و رۆژنامەی شەهادەی کوردی ژمارەی ١٠٧ ساڵی ٣-١٨/١/١٣٦٤ هەتاوی و ٢٨ ژانویەی ١٩٨٦ زاینی و ١٨ خاکەلێوەی ٩٧ ٢٥ کوردی بە قەڵەمی (شەپۆڵ) بڵاو کراوەتەوە و دەست خەتی ئەبولوەفا خۆی کە لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاویدا بۆ کتێبخانەی ئاستانەی قودسی ڕەزەوی نوسیوە وێنەی نوسەر.



Dr.Saleh Ebrahimi

## محەمەد ئەبولوەفا تاجولعارفین

١٦ی رەجەبی ٤١٧ - ٥٠١ی مانگی

تارجولعارفین زاتێکی گەورەو خـوا نـاسیٚ تـەواو و لە ئـەسڵدا خـەڵکی حەلوان (زەهاو) بووەو لای زاناو خواناسی گەورە (شەنبەکی) دەرسی خوێندوەو بە کاکیس (کاکێش) ناو براوە، چونکا هۆگری کـاری کشتو کـاڵ بـووە - لە[1] (قلائدالجواهر) لە شیخ عەزار نەقلٚ کراوە کە تاجولعارفین (پێغەمبەر) لە خەودا ئــەبینیٚ و پـێی دەڵـیٚ: (یـا رسـول اللّـە لە بـابەت ئەبولوەفـاوە چ دەفـەرموی) پێغەمبەریش لە وەڵامدا فەرمویەتی: (بسم الله ... من بەو دەنازم؟) و هەروا (شیخ عبدالقادر) گەیلانی لە بابەت تاجولعارفینەوە دەڵیٚ (لیس علی باب الحق تعالی کُرْدیٌّ مِثْلَ ابی الوفا) - لە قسەکانی ئەبولوە فای کوردە: (التسلیم ارسال النفس فی میادین الاحکام، و ترک الشّفقة علیها من الطوارق)[2] تاجولعارفین، فـەرمویەتی: ئێوارە کورد بوم و بەیانی بومە عەرەب، (قاضی القضاة) مـوجیرەدین عـەلیمی (مقدسی حنبلی) لە تاریخی (المعتبر فی انباءمن عبر) فەرمویەتی: (سەروەری ئێمە تاجولعارفین ئەبولوەفا محەمەد بن محەمەد بن زەید بن حەسەن مورتەزای گەورە (عریض بن زیدبن زین العابدین علی بن حسین بن علی ئەبی تالیب د - خ) شەریف حوسەینی فوسانی (پوشینی) سەیدی گەورەو قوتبی زەمان و عەللامەی دەورانی خۆی بو. بە قسەی بڕوا پیکراوان تاجولعارفین لە ١٦ی رەجەبی ٤١٧ لە دایک بووەو لە ٢٠ی (ربیع الاول) ساڵی ٥٠١ لە (قەڵەمی‌نیا) شاریک لە نێزیک بەغدا وەفاتی کردوەو لە سەر ڕێبازی شافیعی بووە، بـەڵام ئـەوەی‌کە لە راستی

---

١ - پەرەی ٨١ قەلائد جەواهیر.

٢ - علماءنا پەرەی ٤٥٧ و ٤٥٨ چاپی ١٩٨٣ - ز - بە عەرەبی - هەروا قەلائد جەواهیر نوسراوی محەمەد بـن یەحیا حەنبەلی حەلەبی پەرەی ٨٠ و ٨١ و بهجة الاسرار شطنوفی بە نەقلٚ لە بلاۆکی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی پەرەی ٥٠ و کوٚبەی شدالازار و طبقات الکبری ج - ١ - پەرەی ١٣٤ و کتیبیٚ زریزەی زێرین پەرەی ١٤٩ چاپی ١٣٧٤ - تاران بەقەڵەمی (شەپوٚل)

نێزیکە، تاجولعارفین خەڵکی گوندی پوشینە کە سەربە مەڵبەندی بەرزنجەی لای شاری سولەیمانییەولە پوشین نـێژراوە، واژەی (قـەڵەمی نیـا) یـا گـۆڕدراوەی واژەیەکی کوردییە یا لە بەراگوندێک بەو ناوە هەبووە، بە پێی شەجەرە نامەیەک کە بە سەید مەحمود موزەفەر برای ئیمام جەعفەر سادق و کوڕی ئیمام باقردەگا -[1] بنەماڵەی زانایانی کاژاویان لە نەسلی ئەو زاتەن. تاجولعارفین یەکێ لە خواناسان و زانایانی گەورەی ئێراق بووەو کۆڕێ زۆر لە زانایان و خواناسان لە فێرگەی ئـەو پیٚگەییونو ئیجازەیان وەرگرتووە، وەک: شیخ عەلی هەیتی ناودار، شیخ ئەحمەد بەقلی، شیخ بەقا بن بەتو، شیخ ئەورەحمان تەفسونچی، شیخ مە تـەر بـارزانـی، جاگیرلو، شیخ ماجد کوردی کە لە ساڵی ۵۶۴ لە ج - ۱ - وەفاتی کردوە و چەندین زاناو داناو خواناسی دیکەش[2].

حەکیم سەنایی لە پەسەندی تاجولعارفین دا فەرمویەتی:

قرنها باید که تا از پشت آدم نطفهای بوالوفای کُرد گردد یا شود ویس قرن[3]

ئوستاد بابا مەردۆخ رۆحانی (شیوا) نوسیویەتی: کە تاجولعارفین لە خواناسانی سەتەی شەشەمی مانگیە و لە ساڵی ۵۳۰ وەفاتی کردوە[4] هەروا خواناسی گەورە: شەمسی مەغریبی هەم‌لە سەرەتای دیوانەکەیداو هەم لە غەزەلی ۱۵۱[5] لە پەسنی عارف و خواناسێکی کورد کە هەمان ئەبولوەفـای کـورد: تـاجولعارفینە بـەشیعر فەرمویەتی:

---

۱ـ علماءنا ـ یاکتێبیٚ زانایانی کورد لە خزمەت عیلم و دیـن‌دا نـوسراوی ئیمـام شـافیعی زەمـان: عـەللامە مـەلا عەبدولکەریم مودەریس، تەرجەمەی زانای دەس و قەڵەم جوان ئەحمەد حەواری نەسەب چاپی بلاوکی ئیتیلاعات ساڵی ۱۳٦۹ ـ تاران پەرەی ۳۳۷ (شەپۆل).

۲ـ زانایانی کورد لە خزمەت عیلم و دیندا سەرچاوەی بەرو.

۳ـ دیوانی سەنایی چاپی مەروی پەرەی ٤٨٦ ـ زریزەی زێرین نوسراوی (شەپۆل) پەرەی ۱۴۸ و ۱۵۸ و ۱۵۹ چاپی ۱۳۷۴ی هەتاوی.

۴ـ تاریخ مشاهیر کرد، عرفا، علما، ادبا، شعرا، جلد ـ ۱ ـ تألیف بابا مردوخ رۆحانی شێوا چاپی سروش ـ تاران ۱۳٦۴ ـ پرەی ۳۵ و ۳٦.

۵ـ پەرەی ۳ و ۱۰۷ دیوانی شەمسی مەغریبی چاپی ۱۳٦۴ی هەتاوی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

این کرد پریچهره ندانم که چه کـرده است
کز جملهٔ خوبان جهـان گـوی بـبرده است
مــوسی کــلیم است کــه دارد یــد بـیضا
عیسی است کزو زنده شود هرکه بمرد است ٠

## جابان: جاوان

ئەم (جاوان): کابان الکردی، گاوانە یە کێک لە یارانو صەحابە گەورەو زاناکانی سەردەمی سەرەتای ئیسلام بوە جابان یا جاوان (گاوان) کورد بوەو لەوەش ئەچێ جاف لەجابان گیرابێ بەخەیاڵ جاف موفرەدی (جابان)ە ـ ئەم جابانە بە پیێ قسە و نوسراوەی (الاصابة فی تمییز الصحابة )دا نوسیویەتی ئەم جاوانە یەکێک لەیارانی حەزرەتی رەسولی ئەکرەمو لەراوی یانی فەرمودەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامە.

عەللامەی ناودارئالوسیزادە بەغدادیش تەفسیرنوسی ناو دار لە تەفسیری (روح‌المعانی) خوێدا نێوی جابانی بردوە، ئەم دوانە (حافیزکوری حەجەری عەسقەلانی و ئالوسی زادە) نوسیویانە هەندێ لەزانـایانی کـورد چـاویان بەحەزرەتی رەسولی ئەکرەم کەوتوەو قسەیان لەگەڵ پیغەمبەر داکردوە، یەک لەوانە (جابان) باوکی (مەیمون) ناودار بە (ئەبوبە سیر)ی کوردە. شەپۆل ٠

**سەرچاوە:** ئەمین زەکی پەرەی ۱۲۳. تەبەرانی موسنەدەی چکۆڵەی الاصابە فی‌تمییز الصحابە، تەفسیری روح‌المعانی لە واتای: ئایەتی ئەدای مارەیی بە ژن.

Dr.Saleh Ebrahimi

# چەڵەبی حیسامەدین حەسەن

۹۵۴ - ۸۸۶

ئەم زانا پایەبەرزە ناوی حەسەن‌ەو کوڕی محەمەد شای فەنناری کوردی خەڵکی ورمێ‌و حەنەفی‌یە کە لە ۸۸۶ کۆچی مانگی لەدایک بوەو لە ۹۵۴ کۆچی کۆچ‌و کۆچباری بەرەولای خواتێکناوەو لەئەستەمبوڵ نێژراوە. ئەم زانایە لەزانستەکانی ویژاوەری‌وئەدەبی‌و تەفسیر زۆرشارەزاو پسپۆربوەو نازناوی (محی‌دین)ی پێدراوە، بە (فەنار)ی زادەیش نێو براوە چونکا یەکێک لەباوەگەورەکانی فەنار (چرای دەریایی)ی بەدیاری بۆ پاتشای ڕۆم بردوە. شای ڕۆمیش ئەوی بە (مەرد)ی (فەنار)ی ناوبردوە.

چەلەبی لە ڕۆژگاری سوڵتان سلێمان خان‌قانونی لەئەستەمبوڵ و (ادرنە)و (ئەناتوڵی)و (ڕۆم‌ئیلی)دا ساڵەهای ساڵ (قازی) بوەو خەریکی قەزاوەت کردن‌بوە. چەلەبی حیسامەدین حەسەن کورد پەراوەوکتێبی زۆری نوسیوە، وەکو: ۱- کۆبە لەسەر تەفسیری بەیزاوی. ۲- کۆبە لەسەر تەلویح ۳- کۆبە لەسەر شەحە مەواقیفی میرسەید شەریف جورجانی.[۱] ۴- کۆبەلەسەر موختەسەر ۵- کۆبە

---

۱ ـ لە ۷۴۰ لە گورگان لەدایک بوەولە ۸۱٦ کۆچی مانگی لەشیراز وەفاتی کردوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

لەسەر موتەوەل نوسراوی مەلا سەعد تەفتازانی.[1]

چەلەپی لەئاخری تەمەنیدا چوّتەزیارەتی: (حەرەمەین) لەسەرواژەی (چەلەپی) بە (پ) یابە (ب) بیروڕای جیاجیا هەیە کە کوردی‌یە یاتورکی یا پارسیە،خاوەنی (ئەنوار بەهییە) واژەی چەلەبی بەپارسی داناوە. بەلاّم سەخاوی ئەم (واژەی بە (روّم)ی داناوە، هەر وەکو پاشاکە بەواتای ئاغاوگەورەیە. چەلەبی لە ۲۲ ۶ی مانگی لەشاری ورمیّ لە دایک بووە[2].

مەولانا لەپارانەوەو موناجاتیّکدا کە بەفارسیو تورکی فەرمویەتی: ئەمواژەی: (چەلەپی) بەخوا بانگ کردوە هەر وەکو فەرمویەتی:

خبری دهید جان را که زدوست چیست فرمان
چه‌کنم چه‌چاره سازم چه‌دوا کنم چه درمان
چلپی، بیزه‌نظر قیل که حل اولسار از مشکل
چلپی، بیری اونوتما دل خسته را مرنجان
چو جمال خود نمودی دو جهان بهم برآمد
همه جا فغان و ناله همه‌جا خروش و افغان

دوبارە

چلبی، تو شاه و میری چلبی تو دستگیری
چلبی، تو دلپذیری چلپی، بیزی اونوتما

---

۱ ـ کەلە ۷۲۲ کوّچی لەگوندی تەفتازان ـ نسای خوّراسان لەدایک بوەولە ۹۷۳ کوّچی وەفاتی کردوەولەسەرەخس نیّژراوە.

۲ ـ کتیّبی سوخەن سەرایانی ئازربایجانی خوّراوایی لاپەرەی ٦٦ و ٦٧ چاپی‌بێ تاریخ.

چـــلبی، شـــده جهـــان چـــلبی توجـــان جـــانی
چـــلبی، نـــه‌ایـــن نـــه‌آنی چـــلبی، بـیزی اونـوتما

## مه‌ولانــا چــه‌له‌بی حیســامه‌دین زیائولحه‌ق حه‌سه‌ن و بــیرو رای مـه‌ولانا جه‌لاله‌دین له‌بابه‌ت چه‌له‌بی یه‌وه

مه‌ولانا جه‌لاله‌دین محه‌مه‌د به‌لخی ناودار به‌مه‌وله‌وی که‌له‌گه‌وره‌شاعیرانی سوٚفی مه‌نشی ئیٚرانه [1] له‌بابه‌ت حیسامه‌دین چه‌ڵه‌بی دا فه‌رمویه‌تی: حیسامه‌دین چه‌ڵه‌بی زه‌خیره و ئازوخه‌ی ئه‌مرٚو وقیامه‌تمه، (قدوةالعارفین)ه، (امام الهدی و الیقین)ه، (مغیث‌الوری)یه، (امین‌القلوب والنهی)یه (ودیعةالله بین خلیفته)یه، (و صفوته‌فی‌بریته)یه، (وصایاه‌لنبیه)یه، (وخبایاه عند صـفیه) و کـلیلی گـه‌نجه‌و عه‌رشی بالاٚوئه مینی گه‌نجه‌ی زه‌وی و حیسامی حه‌ق و دینه).

له‌شه‌رحی که‌بیری ئه‌نقه‌ره‌وی بوٚ مه‌سنه‌وی مه‌وله‌وی [2] دوای ستایشیٚکی زوٚر و جوان له‌حه‌زه‌تی چه‌ڵه‌بی نوسیویه‌تی:

حیسامه‌دین چه‌ڵه‌بی و باوک و باپیره‌ی خه‌ڵکی شویٚنیٚکن که‌به (ورمیٚ) ناوبراوه‌و ئه‌سڵیان کورده.[3]

حیسامه‌دین، ناوی حه‌سه‌ن و کوری محه‌مه‌ده‌و له‌کـوردانـی (ورمـیٚ)ن. ئه‌م‌زاته بایه‌زیدی‌کات‌و جونه‌یدی روٚژگاری خوٚی بـوه. حیسـامه‌دین چـه‌ڵه‌بی

---

١ ـ مه‌ولانا جه‌لاله‌دین له ٦٠۴ی کوٚچی مانگی له‌به‌لخ له‌دایك بـوه‌و له ٦٧٣ی مـانگی وه‌فـاتی کردوه

٢ ـ په‌ره‌ی ٢٦ تا ٣٣ به‌ته‌رجه‌مه‌وکوٚبه‌ی (دوکتور ئه‌کبه‌ر بیهروز) چاپی ساڵی ١٣۴٨ی کـوٚچی هه‌تاوی به‌رگی یه‌که‌م چاپخانه‌ی خورشیدی ته‌وریٚز.

٣ ـ په‌ره‌ی ٣٢ سه‌رچاوه‌ی به‌رو

Dr.Saleh Ebrahimi

صەدیق کوری صەدیق کوری صەدیقە و ئەچێتەوە سەر ئەبوبەکریی زینهارانـی حوسین بن‌عەلی بن یەزدانیار ئە و عارفە خواناسە زانا و ناوداره‌ی وافەرمویەتی: (اَمْسَیتُ کردیا وَ اَصْبَحْتُ عربیا). واتا: شەو کورد بوم کە نوستم لەبەرەبەیانا کە بێدارەوە بوم دیتم عەرەب‌زوانم، واتا: عەرەبی‌و زمان‌و واتای قورئانی لەهەمو زانایانی رۆژگاری خۆی باشتر زانیوە کە بەلەدونی: (لدنی) ئەو زانستەی لەلایەن خوای بەخشەرو دلاواو دڵ لاوێنەوە، پێ دراوە.

لەسەرەتای دەفتەری چارەمی (مەثنەوی) جەلالەدین مەولەوی بەوکوردە مەزنەی دا هەڵگوتوە:

□ ئەبوکر زینهارانی: [1]حوسین‌بن عەلی‌بن یەزدانیار کە لە ٣٣٣ی مانگی لەورمێ وەفاتی کردوە و گۆرە پیرۆزەکەی لەلای فێرگەی نەوید فەتحە کە باوە گەورەی(ضیاءالحق حسام‌الدین)حەسەن چەلەبی‌یە کە هەندێ لایان وایە مەسنەوی ئەم‌بۆ مەولانای رۆمی داناوە، ـ مەولانا جەلالەدین رۆمی لە دیباچەی دەفتەری ئەوەڵی مەسنەویدا، دەڵێ:[2] (یقول العبد الضعیف... محمدبن محمد بن الحسین البلخی اجتهدت فی تطویل المنظوم المثنوی ...لاستدعاء سَیِّدِی ابـوالفضـائل حسام الحق والدین حسن بن محمد المعروف بابن اخی ترک ابو یەزید الوقت و جنید الزمان ... المنتسب الی الشیخ المکرم بماقال: (اَمْسَیتُ کُرْدِیاً وَاَصْبَحْتُ عَرَبِیاً) فنعم الخلف و نعم‌السلف[3]کە عەللامە قەزوێنی بەناوی حوسین بن عەلی ئەبوبەکر

---

١ ـ بـڵاوەی ئـەنجومەنی ئـاساری نـەتەوەیی لاپـەرەکـانی ٣٠ و ٣١ و ١٠٥ و ١٧٦ـکـەدەڵێن: دەستگردی چارینەکانی باباتاهیری گوریوەتە سەر زمانی فارسی

٢ ـ نفحات الانس چاپی کەلکەتە لاپەرەی ٣٦٢ بابوبی ـ مقدمەی شدالازار ص-ج ـ کۆبەی عەللامە قەزوێنی بەنەقڵ لە بڵاوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوەیی لاپەرەی ٤٨.

٣ ـ شدالازار کۆبەی ٥١٢ تا ٥١٤ بەنەقڵ لە بڵاوەی ئەنجومەنی ئاساری نەتەوە یی لاپـەرەی ٤٩ سەرچاوەی بەرو.

Dr.Saleh Ebrahimi

زینهارانی، بن یەزدانیار ناوی بردوە، مەولەوی لەبەر مەشهور بون بەلازمی نەزانیوە ناوی ببا.[1]

ئەمەش هەندێ لەو شیعرانەی مەولەوی رۆمی

گرز نام و حرف خواهی بگذری
پاک کن خود را ز خود هان یکسری
همچو آهن ز آهنی بی‌رنگ شو
وز ریاضت آینهٔ بی‌رنگ شو
خویش را صافی کن از اوصاف خویش
تا ببینی ذات پاک صاف خویش
بینی اندر دل علوم انبیا
بی‌کتاب و بی‌معید و اوسا
بی‌صحیحین و احادیث رواة
بلکه اندر مشرب آب حیات
سِرِّ اَمْسَیْتُ لِکُرْدِّیا بدان
راز اَصْبَحْتُ عرابیا بخوان
سِرِّ اَمْسَیْنا وَ اَصْبَحْنا ترا
می‌رساند جانب راه خدا

□ تا ئەو شوینەی میژودەڵێ: ئەم سێ زاتە ؛ باباتاهیر، بابویی و زینهارانی باوگەورەی (ضیاءالحق حسن) چەلەبی (آمْسَیْتُ ...) یان بەزاراهاتوە.[2]

---

١ ـ لاپەرەی ٤٥٩ و ٤٦٠ کتیبی گەنجینەی فەرهەنگ و زانست چاپی ١٣٦٤ نواسراوی (شەپول).

٢ ـ دیباچەی دەفتەری ئەوەلی مەسنەوی. کتێبی زریزەی زێرین لاپەرەی ١٤٩ و ١٥٠ چاپی ١٣٧٢ی هەتاوی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

وی ضیـــاءالحــق حســـامالدیـــن تـــوئی
کـــه گـــذشت از مـــه بـــنورت مـــثنوی[1]
ای ضیـــاء الحـــق حســـامالدیـــن راد
اوستـــادان صفـــا را اوستـــاد[2]

ئەمەش نمونەی دو غەزەل لەبەشی شەمسی تەوریزی:

وه چلبی ز دست تو و زلب و چشم مست تو
چو دلم شکستی تو، وه چلبی زدست تـو
خیزم و بس فغان کنم شور در این جهان کنم
راز دلم عیـــان کـــنموه چـلبی زدست تـو

چەلەبی شوێنی زۆری لەسەر جەلالەدین مەولەوی هەبووە وئارا و قارای لە مەولەوی بڕیوە.

چەلەبی بە شەودا ئەی نوسی و بەڕۆژدا هەمو نوسراوە کـانی بـە دەنگ و ئاوازی خۆش بومەولە وی دە خوێندەوە.

دەلین کاتی ج ١ مەسنەوی تەواوبو، حەلال و خیزانی چەلەبی وەفات دەکاو تا دوسال و تنی شیعر و هونەی مەسنەوی را دەگیر دری و شعروتن و شکاوی دی

مـــدتی ایـــن مـــثنوی تـــاخیر شـــد
مـــهلتی بـــایست تـــاخون شـــیر شـــد
چـــون ضیـــاءالحـق حسـام الدیـن عنـان
بـــاز گـــردانـــید ز اوج آسمـــان

---

١ ـ سەرەتای دەفتەرو نوسینگەی چوارەمی
٢ ـ سەرە تای دەفتەری پینجەم

Dr.Saleh Ebrahimi

چــون ز دریــا ســوی ســاحل بــازگشت

چـــنگ شــعر مــثنوی بــا ســاز گشت

**واتای واژەی چەلەبی:** بوت، جوانی، بوڕێزدانان لەگەورەگەورەکان، وێنە، خودا، خودایی، نیک نیژاد، نەجیبزادە، سەید وسەروەر، خاوەن ماڵ، خونیا گەر، گۆرانی و قام بێژ، شایەر، شاعیرو هەستیار، دەرس خـوێن، خـوێندەوار، بەئەدەب، چرگەر، موتەمەدین، شەریف، شیک و تەرپوش، خیو، خودانی گچکە، رابەری روحانی چەلەب: خودا چەلەبی کە مـوشتەقی کـوردی ئـەوە بـەواتـای خودایی‌یە، ئەم واژە کوردی‌یە لە سەرەتای سەتەی چاردەوە کـەوتە سـەرزاری تورکی سەلجوقی و هەر بەو واتا پیشوانەی کە لە زمانی کوردیدا باوبو، بەکاربرا[1]

بەکورتی بڵێن: کاتێ حیسامەدین چەلەبی گەنج بوە کە باوکی وەفاتی‌کردوە هەمو گەورە پیاوانو پیاوانی خوداو دڵو دەرون باز زیائەدین چەڵەبی‌یان بانگ کردە لای خۆیان، چونکا هەمو گەورە پاوانی پیاو وخودایی ئەو سەردەمە لە فێرگەو فێرانکوی باب‌و باپیرانی حیسامەدین چەڵەبی فێری فەرهەنگ‌و زانست‌و خوو ئاکاری چاک‌و پاک بیون‌و بارهاتبون‌و خوێندبویان حیسامەدین چەڵەبی، ئەم دەعوەتە قەبوڵ ئەکات‌و لەگەڵ کوڕێ لە گەنجانی ئەم تەریقەت‌و ڕچە وڕێبازە ئەچێتە حوزوری مەولاناو لەخزمەت مەولەوی‌دا ئە مێنێتەوەو حیسامەدین چەڵەبی خۆشەویستی مەولەوی لەدڵی ئەنیشێ‌و هەرچـی مـاڵ و سـامانی بـوە لەرێگای مەولەویدا خەرجی کردوەو تەنانەت بەپەیرەوانی بنەمـاڵەی خـۆشی دەستور ئەداهەرچی دارایی‌و سامان بەدەس دێنن وەقفی مەولانای بکەن.

باشترین یادگاری مەولەوی نەزمی مەسنەوی‌یە کە بەتکای حیسامەدین چەلەبی دەسی داوەتە دانانی ئەمشوێنەوارە ئەدەبی‌و هونەری‌و عاریفانە.

---

١ ـ کورد و کوردستان. و. نیکیتن لاپەرەی ٥١٠ تا ۴٨٠ چاپی ١٣٦٦ی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi

چەلەبی یەکێک لە خەلیفە خوشەویستە ناودارەکانی مەولەوی و پێشەوای مریدان و ئەمین حوزوری مەولەوی‌و موتەوەلی خانەقای (زیائەدین وەزیر) بوەو ئەمانە هەمو فەزل و تەقواو پارێزگاری حیسامەدین چەڵەبی ئەگەینی.[1]

چەلەبی: بوریزدانان و جوانی بەکاردەبری.

چەلەبی: لەمەزنەکانی حەلەبن، کەلەجلوم لەنێزیکی فێرگەو مەکتەبی ئەحمەدیەدا نیشتەجێن‌و خۆیان بەسەر فێرگەی ئەحمەدیەدا رائەگەن.

چەلەبی: جەعفەر شاعیری وەسمانی یەوبە (نیشانجی) پاشا ناوبراوەو لەگەڵ سەلیمی ا دا لەهێرش بۆ سەر ئێران بەناوی قازی عەسکەر لەساڵی ١٥١١ زاینی بەشدا ربوەو بەناوی مل‌بادان لە ساڵی ١٥١٤ زاینی لەتەوریز سەری براوە دیوانی شیعریشی هەیە.[2]

چەلەبی زادە:عاصم ئەفەندی ئیسماعیل: شێخ‌الاسلام (١٧٥٨) کە لە بروسەو شاری مەدینەو ئاستانەدا قازی بوەو مێژو نوسیش بوە کە مێژوی ساڵانی نێوان ١٧٢٢ و ١٧٢٨ زاینی نوسیوەو دیوانی شیعریشی هەیە.

چەلەبی: صاحیب یەکێکە لەزانایان لەهیندوستاناو فریدةالزمان لەتەفسیری ئایەتی (إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ) دا بو (ئەورەنگ زیبی لە ١٦٦٠ زاینی دانوسیوەو بەخەت لە لەندەن هەیە.

**سەرچاوە:** ئەلمونجید - ئەعلام پەرەی ١٣٩ چاپی ١٥ ساڵی ١٩٥٦ زاینی بیروت. و سوخەن سەرایانی ئازربایجانی خۆراوا چاپی بی‌تاریخ لاپەرەی

---

١ ـ نەقڵ لەسەرەتای مەسنەوی و مەناقب العارفین و نفحات الانس کەهەر سێکیان جێ دڵنیایی بدیع الزمان فروزانفەرن.

٢ ـ بروانە کتێبی بزرگان و سخن سرایان ئازربایجانی غەربی پەرەی ٦٦ تا ٧١ و کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد... یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست پەرەی ٤٥٨ تا ٥٥٩ چاپی تاران چاپخاەی مەهارەت ساڵی ١٣٦٤ کۆچی مانگی. نوسراوی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

۶۶ تا ۷۱ ـ ریحلەی ابن بە توتە لەژێرواژەی چەلەبی‌دا.

نوکتە: لەیونسی [۱] کوڕی حەبیب بەصری یان پرسی چ کە سیّ شیعری لەهەموان جوان تروباشترە. ئەویش وتی ناکریّ بەشاعیرێکی تایبەت ئاماژەوئیشارە بکریّ ئەبیّ بوّتریّ: (ئیمرویئول قەیس) کاتیّ سوارئەبیّ، و (نابیغە) کاتیّ بترسیّ و (زوهیر) کاتیّ بییەویّ و ئارەزوی لیّبیّ و (ئەعشا) کاتیّ شادبیّ، هەریەکە لەمەبەستێکدا ئەتوانیّ جوان بئاژویّ و بە زمانِ تەروپاراوی شیعری لە باربلّێن، یونس فە رمویەتی (لەبید) لەئیسلام داتەنیاشیعرێکی و تەوو ئەویش ئەمەیە:

اِلْحَمْدُ لِلّٰه اَذا لَمْ یَأْتِنی اجلی — حَتّی لیست مِنَ الاسْلامِ سربالی [۲]

شەپوّل

---

۱ ـ یونس لە ۹۰ یا ۸۰ لەدایک بوەو ۸۸ ساڵ ژیاوەولە ۱۷۲ یا ۱۷۵ مانگی وەفاتی کردوە.

۲ ـ بروانە ریحانةالادەب، فوائد البهیة و ستارگان فروزان بەرگی ۱ نوسراوی یەحیانوری چاپی ساڵی ۱۳۳۴ هەتاوی وریکەوتی ۱۳۷۴ی مانگی چاپی مەروی پەرەی ۸۴ و ۸۵.

# زێرینای ئامێدیٚ

**زێرینای ئامیدی** که له سالی ۶۳۷ی مه‌سیحیدا له جه‌نگی قادیسییه دا له‌گه‌ڵ له شکری سه عدی کوڕی وه‌قاص به شه‌ڕهاتوه و له (وان) شه‌هید کراوه ئه‌م ئه میره کورده کچی شیروٚخانی ئامیدی بوه که باوکی له کێشه کێشی نێوان بارامی چوبیین و خه‌سره و په‌رویزدا کوژ راوه

**(زێرینای ئامیدی)** په‌یمانی یه‌کیه‌تی وئیتحادی له‌گه‌ڵ ئه‌میر (په‌شه‌نگی وانی) بوٚ به‌رگری له هێرشی دوژمنان و عه ره‌ب بوٚ سه‌رکوردستان به‌ستبو. له‌ساڵی ۵۰۲ ی زاینیدا له ناوچه‌ی دیار به‌کر دا له سوێنگه هێرشی ئیران و روٚم بوٚ سه‌رکوردستان زیاتر له ۸۰ هه‌زار کوردیان قڕ کردو کوشت. زێرینای ئامێدی له مێژو دا خوێند بویه‌وه‌و بیستبوی که عه‌ره‌ب دژی کورده وئیتر بڕوای به دژ و دوژمنان نه‌مابو.

بوٚ به‌رگری کردن له‌کورده واری له هوٚزه کانی کورد یارمه تی خواستبو، جائه‌وه‌بو زێرینای کچی ئازای شیروٚخان له ۱۶ مانگی صه‌فه‌ری کوٚچی مانگیدا به‌ره و قادیسییه و مه‌داین (مادائن) به‌له‌شکرێکه وه بوی روێشتوه و به‌ره نگاری عه‌ره‌بی هێرشکار بوه.

Dr.Saleh Ebrahimi

زێرینا لەگەڵ ئەمیر پەشەنگی میری وان کە پێکەوە هاو پەیمان بون لە ۲۱ی کۆچی مانگی وریکەوتی ۹۴۲ی زاینی لە لای کەرخ - سیروان بۆ پاراستنی ئەهواز و نەهاوەند بەرەنگاری عەرەبەکان بو.

لە ساڵی ۹۴۵ی زاینی لە ناو شاخەکان پشتی شاری وان زێریناو ئەمیر پەشنگی وانی شەهید کراون [1]

۱) میهراکۆی بیتوێنی ئەم کچە کوردە ئازاو بە ناموسە لە ۸۵۰ سال بە رلە دایک بونی حەزرەتی عیسا ولاتی میصری هێناوەتە بن فەرمانی خۆی و میری کردوە.

۲) فیروزخانی پشتکۆ لە ساڵی ۱۲۵۷ ی زاینیدا لەگەڵ چەنگیزی مەغولدا جەنگاو و بەدڵداری ئیستراخاتونی سەمەرقەندی هێناوە.

---

۱ - کتێبی زیرینا ئامێدی نوسراوی میرزا محمدامین مەنگوری چاپی ساڵی ۱۹۷۱ی زاین بە کوردی.

Dr.Saleh Ebrahimi

## شاره زوری کوڕی صه‌لاح

۵۷۷-٦٤٣کۆچی و ۱۱۸۱-۱۲٤۵ زاینی

ئه‌م زاته‌ناوی وه‌سمان و نازناوی ته‌قی یه‌دین و کونیه‌ی ئه‌بو عه‌مره‌و کوڕی صه‌لاحه‌دین عه‌بدوره‌حمان کوڕی وه‌سمان کوڕی موساکوڕی ئه‌بونه‌صره جارجاره له‌کتێبه‌کاندا به‌کوڕی صه‌لاح-ی- نه‌صری و جارجاره‌ش (شه‌ره‌خانی) یا به (کوردی) یا به‌فاضلی دیمه‌شقی ناو براوه.- باوباپیرانی زۆر ناودارن چونکا ئه‌بو ناصر پیاوێکی ناودار بوه، صه‌لاحه‌دینی باوه‌ی: (کوڕی صه‌لاح) پیاوێکی ناو به‌ده‌ره‌وه‌بوه‌و له‌گوندی شه‌ره‌خانی نیزیکی شاری هه‌ولێرنیشته جێبوه‌و له‌باری نیژاده‌وه ئه‌چێته‌وه سه‌ر ره‌سه‌نی نه‌ته‌وه‌ی کورد، به‌لاّم چونکا ته‌قی یه دین خوّی له‌نێزیک شاری (شاره‌زور) ژیاوه به (شاره‌زوری) ناودار بوه.

شاره‌زوری کوڕی صه‌لاح یه‌کێکه‌له‌زانایانی ناوداری زانستی فیقهه‌و له‌م‌زانسته‌دا فتوای وردوئارای زێرین‌و پته‌وی له‌ڕچه‌ی ئیمامی شافیعیدا زۆرهه‌یه، شاره‌زوری کوڕی صه‌لاح له‌زانتسی ته‌فسیرو فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌رو زانستی ریجال و لوغه‌ت و واژه‌داماموّستایه‌کی زۆر شاره‌زابوه‌وله‌زانسته‌کانی تری مه‌عاریفی ئیسلامی دا شانی له‌شانی زانایانی پایه‌به‌رزی ترداوه.

Dr.Saleh Ebrahimi

شارەزوری کوڕی صەلاح لەساڵی ٥٧٧ی کۆچی مانگی لەگوندی شەرەخان لەدایک بوەو گەورەبوە و لای (صەلاحەدین-ی باوکی) دەسی کردوە بەخوێندن ولای باوکی زانستی فیقە فێربوەو لەدواییدا لەگەڵ باوکیدا چوتە شاری (موسڵ) و خەریکی فێربونی زانست و فەرهەنگ و ئەدەبو هونەرومەعاریفی باوی سەردەمی خوی بوە.

کوڕی خەلەکان فەیلەسوفی مێژو[1] لەپەراوەی زورگرینگی خویدا[2] نوسیویەتی: کوڕی صەلاح شارەزوری هێمان سمێڵی نەڕوابو چەندین جارکتێبی: (مهذب)ی خوێندبوە وەوقسەی لێکردبو، لەسوێنگەی تێکوشان وزیرەکی خوا پێداوی یەوە، لە سەردەمی لاویدا پای ناوەتە پلەی بەرزی مەزنی و ماموستایی و لەجێگای (ئەبوحامید، کوڕی یونس عیمادەدین (محەمەد)[3] بوتە، مودەریس و دەرزبێژو بوماوەیەک لەشاری موسڵدا بەشێوەی (عیمادەدین)[4] دەرسی بە مەلا و فەقێیان داوەولەناصریە و لەقودس مودەریس بوەو لە دواییدا چوتەدیمەشق ولەفێرانکوی (رەواحییە) دا دەرسی و توتەوە.

شارەزوری کوڕی صەلاح بۆ خوێندن بەفەقێیەتی چوتەخوراسان بوفێربونی فەرمودەی پیغەمبەری مەزنی ئیسلامو زانستی حەدیس لەوی فێربوە. لە نیشابورلای مەنصوری فەراوی: و موئەیەدی توسی و لە مەرولای ئەبوموزەفەرسەمعانی و لەئاخریدا ها توتە فێرگەی ئیمام یافیعی:

---

١ ـ کوری خەلە کان لە ٦٠٨ کۆچی مانگی لەدایک بوەو لە ٦٨١ی مانگی وەفاتی کردوە.

٢ ـ (وفیات‌الاعیان وئەنباء ئەبناءالزمان) پەرەی ٤٠٨ دێری ١٠ بەرگی ٢ چاپی سەعادەتی میصر ژمارەی ٣٨٤

٣ ـ کوڕی یونس کوڕی محەمەد کوڕی مەنعە کوڕی مالك کوڕی محەمەد برای کەمالەدین عەللامە)

٤ ـ عیمادە دین لە ٥٣٥ کۆچی لەدایک بوەو لە ٦٠٨ کۆچی مانگی وەفاتی کردوە

Dr.Saleh Ebrahimi

* یافیعی[1] فەرمویەتی: هەندێ لەبابەت (کوڕی صەلاح)ەوە نوسیویانە:
ئەو لەموسڵەوەچوّتەبەغداو لەگەڵ زۆرێ لە زانایان و ماموّستایاندا قسەولێکوڵینەوەی هەبوە، وەکوکوڕی سەکینەوکوڕی تەبەرزەد، تەنانەت چوّتە هەمدان و نیشابورو حەرانو دوجاریش چوّتە شام- کوڕی صەلاح: (کانَ إماماً بارعاً حُجَّة مُتبحراً فی العلومِ الّدینیةِ، بصیراً بالمذهب اصولەوفروعە، وَلَهُ ید طولیٰ فی العربیةِ والحدیث والتفسیر، مع عبادە و تهجّدوورع، ونسک و تعبد و ملازمةللخیر علی طریقةالسلف و له فی الاعتقاد آراء شیّدة، وفتاویٰ سدیدة ماعدافتیاەالثابتةفی صلوةالرغائب، وله اشکالات علی الوسیط، فی الفقهِ، و مؤاخذات حسنة و فوائد جمة، و تعالیق حسنة) واتا: شارەزوری کوڕی صەلاح بوفێر بونی حەدیس چەن شارگەڕا، لەبەغداو هەمەدان و نیشابوروحەران وشاریتر، چەن ماموّستای دیولیان فێربولەگەڵیان کەوتە وت و وێژو لێکوڵینەوە، دوجار چوّتەشام، کوڕی صەلاح پێشەوا یەک بو، زانا بەزانستی شەریعەتی ئیسلام، ئەصڵ و فەرعەکانی ئەزانی، لەزانستی ویژاوەری و ئەدەب و هونەروفەرمودەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام (د.خ) و لە زانستی تەفسیری قرئان زۆرشارەزا و خودان وزە بوەو لەعیبادەت کردن و پاریزگاری و ئەنجامدانی کاروباری چاک و خودا پەسەندانە و پیاوانەدا هەمیشەلە پێشەوەبوە، بێجگە لە فتوای نوێژی رەغائب، دارای رەئی پتەوو پرسودە و رەخنەی لە (وەسیط لەفیقەدا) گرتوەو کوبەو پەراوێزی زۆر ورد وردو جوان و پرسودی نوسیوە.

بەکورتی بڵین: کاتی کوڕی صەلاح لەخوراسان گەراوە چوەشامو شاری قودس و بەپێی شیاوی و هوزانثانی یەک کەهەیبوە بوّتەمودەریسی فێرانکوّی

1 - (مرات الزمان و عبرةالقیضان)

ناصریه لەشاری قودس.[١]

کوڕی صەلاح بۆ دەرز وتنەوە هەڵبژێردراوەو ناوی زانایی و هوزانڤانی و ماموستایی لەدنیا بلاو بوتەوەو مەلاو فەقێ یەکی زور لەکوڕی دەرسیدا کوبونەتەوەو لەزانستی کوڕی صەلاح فیربون و لەدواییدا ئەو پلەو کورسی دەرسەی بەجێ هیشتوەو چوتە دیمەشق ولەفیرانکوی (رەواحی یە) خەریکی تەدریس بوە.[٢]

* کاتێ مەلیک ئەشرەف کوڕی مەلیک عادل کوڕی ئەیوّب لەدیمەشەق دا (فیرانکوی حەدیس)ی دامەزراند مودەریسی ئەوێ یان دابە (شارەزوری کوڕی صەلاح خویندکارومەلاوزانستویستانو راوی یانی فەرمودە هەموروژێک لەوی لەکوڕی دەرسی ئەوزا نا فەرزانە پایە بەرزوتەرزە بەشداری یان ئەکردو کوزیلکەیان ئەبەست و لەشەپولی زانستی خورینی ئەو تیرئاوئەبون، - کوڕی صەلاح دوای ماوەیەک بوە مودەریسی (سِتّ‌الشّام)زومورود خاتون، خوشکی شەمس دەولە تورانشای کوڕی ئەیوب‌و کچی ئەیوب باپیرەی ئەم زنجیرە کوردە رەسەنە.

کوڕی صەلاح ئەم زانایەلەهەرباروبا بەتیکەوە زور دلسوزانەو بەوریایی خەریک‌بوەو لەکارشکینی و شتیوا دوری کردوەو لەئەنجام دانی‌کاروباری دینی

---

١ ـ نوکتە: فێرانکوی ناصریەیەکێک لەفیرگەکانی مەلیک ناصر صەلاحەدین قارەمانی نەمری ناوداری‌کورد و جهانی ئیسلام: صەلاح‌الدین یوسف‌کوڕی نەحمەدین کوڕی ئەیوب کوڕی شادی کوڕی ئەیوب۔ ە۔ کەلەگوندی (بێتوین) نێزیکی کویسنجەق لە ٥٣٢ی کوچی مانگی لەدایک بوەو لە٥٨٩ی کوچی و رێکەوتی ١١٩٣ی زاینی وەفاتی کردوەوئەم بنەماڵە بەتێکرایی ٨٤ سال لە ٥٦٤ی کوچی تا ٦٤٨ کوچی مانگی پاتشاییان کردوە)...

٢ ـ نوکتە: زەکی یەدین ئەبوقاسم هبةالله کوڕی عبدالواحد کوڕی رەواحەی حەمەوی فێرانکوی (رواحیە)ی سازداوە).

و ئەرک و ئەسپاردەی خەڵک زۆر سەختگیر بوەو لەدژایەتی لە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامدا خۆراگرو بەدڵ و دەرون بوە.

* فەیلەسوفی مێژوکوڕی خەلەکان[1] نوسیویەتی: منلە سەرەتای مانگی شەوالی ساڵی ٦٣٢ مانگی لەدیمەشق چومەخزمەت کوڕی صەلاحو بۆماوەی ساڵ و نیوێک لای بوموو لەنوری تۆێژانەوەو دەرس و تنەوەی ئەو زاتەکەڵکم وەرگرتو لیٚ فێربوم. شارە زوری کوڕی صەلاح لەفەنی حەدیسدا کتێبێکی زۆرهێژاو بەکەڵکی داناوەو پەراوەی (مەبسوط)ی لەمەناسکی حەجّدا نوسیوەو پڕو تەژی یە لەمەبەستو نوکتەی وردوردو جوان کەجیٚ نیازی خەڵکە.

* یەکێک لەیاران و فەقیٚکانی فتواکانی شارە زوری کوڕی صەلاح-ی لەبەرگێکدا کۆکردوتەوەوجیٚ بڕوای فوقەهایە.

* شارەزوری کوڕی صەلاح لەساڵی ٦٤٣ی کۆچی دا لە دیمەشق لەڕۆژی چارشەمەلە ٢٥ی مانگی موبارەکی ڕەبیعی ئەوەڵ بارگەیبەرە ولای خوا تێکناوەو وەفاتی کردوەو دوای نوێژی نیوەڕۆ- نوێژیان لەسەر جەنازەکەی کردوەولە گۆرستانی (صوفیە) لەدەرەوەی (بابنەصر)دا ناشتویانە وئەم کتێبانەی لیٚ بەجێماوە: ١- ئەدەبی موفتی.

٢- موستەفتی ٣فەوائید رەحلە ٤- تەبەقاتی فوقەها ٥- موشکیلی وەسیط ٦- صلەی ناسک لەصنەی مەناسکدا ٧-نوکتەوفەتاوا ٨- معرفةانواع حدیث

- ئەم قسەجوان و وردانە هی شارەزوری کوڕی صەلاحە کەفەرمویەتی: (زۆرپیٚداگرتن لەشتا ڕێزوحورمەت لە ناو ئەبا. ویستنی شت بەر لەکاتی خۆی، وەکو ویستنی میوەیە، بەر لەوەی بگا).

---

١ - پەرەی ٤٠٩ بەرگی ٢ وەفیاتی خۆیدا

- لەکارو بارا بەتاڵوکە مەبە چونکا پیٚ ناگەی‌و ناهومیٚد ئەبی بەرلەوەی میوە بگا دەسی بوٚ مەبە، صەلاح، بەفاضلی دیمەشقیش ناودارە.

وەفەیاتالاعیان نوسیویەتی: کە شارەزوری کوڕی سەلاح لەشەرە خان لەدایگبوە، بەلاٚم خاوەنی تاریخی عولەمای بەغا و ئەنەس جەلیل نوسیویانە: کە لەشارە زور لە دایک بوە.

سەرچاوە: (خەتی) الذهبي: سيرالنبلاء ١٣: ٢٥٣-٢٥٥- عثمان السويدی: الاشارات الی اماكن الزيارات ١٤، ١٥ ابن‌هدايةاسماءالرجال الناقلين عن‌الشافعی اوالمنسوبين اليه ٢/٦٧، الاسنوی: طبقات‌الشافعية، ٢/١٣٨، ١/١٣٩، العدوی: الزيارات ٢/٢٣،كتاب فی‌التراجم ١:١٦، عام ٤٦١٦، ظاهرية، فهرس‌المؤلفين بالظاهرية (چاپی) و شذرات الذهب٥:٢٢١، ٢٢٢، الذهبي: تذكرةالحفاظ ٤: ٢١٤، ٢١٥، ابن رافع‌السلامی: تاريخ علماء بغداد ١٣٠-١٣٣ ، ابن هداية: طبقات‌الشافعية ٨٤، مجيرالدين الحنبلی: الانس‌الجليل ٤٤٩، ٤٥٠، طاش‌كبری: مفتاح‌السعادة ١: ٣٩٧، ٣٩٨ كتبخانه اميرخواجه‌كمانكش ٥٤، يوسف‌المش: فهرس‌مخطوطات، الظاهرية ٦: ٢٩٤-٢٥١، حاجی خليفه : كشف‌الظنون ٤٨، ٧٠، ٨٣٦، ١١٠٠، ١١٦١، ١٢١٨، ١٢١٩، ١٢٩٧، ١٨٣٠، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، فهرست‌الخديوية ١: ٢٥٣، لطفی عبدالبديع: فهرس‌المخطوطات المصورة ٢: ١٧٤، البغدادی: هديةالعارفين ١: ٦٥٤، نەقلٚ لەمعجم المؤلفين پەرەی ٢٥٧ج ٦ چاپی بیروت.

زانایانی کورد، یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست.(شە پوٚل).

(وەفایاتول ئەعیان وئەنباءئەبناءزەمان) بەرگی ٢ چاپی سەعادەتی میصر پەرەی ٤٠٨ تا ٤١٠ ژمارە (٣٨٤)و بەرگی ١ کتیٚبی تاریخی مەردوٚخ پەرەی ١٩٤ و پەراوەی نامەی دانشوەران ناصری پەرەی ٣١٠ تا ٣٠٣ چاپی دارول

Dr.Saleh Ebrahimi

فیکرو تاریخ مەشاهیر- ی کورد نوسراوی ئوستاد بـابامە ردوٚخ روٚحـانی ج ١ لاپەرەی ٧٧ چاپی ١٣٦٤ و ئه علامی زەرەکلی ج ۴ لاپەرەی ٢٠٧ چاپی شەشه م بیروت و طبقات المصنف ٨۴ و علماء بغداد ١٣٠ و فهرست الموءلفین ١٧٧ و الکتبخانه ٦٩١:٧ وصلة الکلمة للحسینی -خ.

Ahlwardt: ... verzeichniss der ara- bischen handschriften II: 6, Brockel- mann: g,I: 358-360

Dr.Saleh Ebrahimi

## شارە زوری موبارەک:

۴۶۲ ـ ۵۵۰ی مانگی

۱۰۷۰ ـ ۱۱۵۹ی زاینی

شارە زۆری موبارەک کوری حەسەن کوری ئەحمەد کوری عەلی کوری فەتحان ـ ی کوری مەنصور شارە زۆری ئەبو کورەم موقرئی پێشەوا یەک بووە لە زانستی جوان خوێندنەوە دا وزۆر لەو بابەتەوە زۆر شارەزا بووە ولە مانگی رەبیعی ۲ لە ۴۶۲ی مانگی و ۱۰۷۰ی زاینی لە دایک بووە.

بەو جۆرەی ئەبو سەعد کەلە کوری حیرز ـ ی گێراوەتەوە شارە زوری لە ۲۵ مانگی ذیحجە لە سالّی ۵۵۰ کۆچی و ۱۱۵۹ی زاینی وەفاتی کردوە و لە دەشتایەک لە بیشر ـ ی حافی لە دەروازەی حەزەب لە بەغالە نێزیک ئەبو بەکر ـ ی خەتیب نێژراوە.

هەروەکو لە معجم الادبا ـ ی یاقوت [۱] دانوسراوە:

شارە زۆری موبارەکی کوری حەسەن ـ ی کوری ئەحمەدی کوری عەلی لە ۱۷ مانگی رەبیعی دو لە سالّی ۴۶۲ کۆچی مانگی لە دایک بووە و لە دارولخیلافەت لە بەغا نیشتەجێ بووە وهەر وەکو نوسراوە زانایەکی چاک و دلّ ودەرون پاک و دیندار و خێر خواز بووە و بە قورئانیش عەمەلی کردوە.

شارە زوری لە ئیختیلافی ریوایات و جوان و راست و دروست خوێند نەوەدا زۆر شارە رابووە، پەراوەیەکی بەناوی (مصباح الظاهر فی القراءات البواهرو الذخائر ـ ی لە قرائەت دا) داناوە.

شارە زوری زۆر خوو ئاکار جوان بووە و جوانی بە فەقێیان دەرس و توتەوە، لەریوایاتی فەرمودە دا زۆر وردو شارە زابووە.

لە ئەبولفەضل ئەحمەد کوری حەسەن ـ ی کوری جەبرون ئەمین و زانایانی دیکە فەرمودەی پێغەمبەر فێر بوەو هەمو زانستی باوێ خوێ زانیوە. بروانەنە: الاهی سیرالنبلاء ۱۲: ۲۱۰، ۲۱۱ (ط) ابن الجزری: طبقات القراء ۲: ۳۸ ـ ۴۰، الاهی: لذکرة الحفاظ ۴: ۸۰، الیافعی: المراة الجنان ۳: ۲۹۶،۲۹۷، حاجی خەلیفە: کشف الظنون ۸۲۲، ۱۷۰۶ Brockelmann: g, I: 408,S I: 725 و غایة النهایە ۲: ۳۸ و ارشاد الاریب ۶: ۲۱۷, Brock.S.I:723 و ئەعلامی زەرەکلی ج ۵ پەرەی ۲۶۹و ۲۷۰ چاپی ۶ سالی ۱۹۸۴ی زاینی بیروت (شە پۆل).

---

۱ ـ بەرگی ۸ چاپی سی سالّی ۱۹۸۰ز دار احیاء التراث لاپەرە (۱۷۱).

Dr.Saleh Ebrahimi

## شارەزوری ئەحمەدگۆرانی

ئەحمەد گۆرانی: ناودار بـەمەلاشە مسـەدینلە ٨١٣-٨٩٣مـانگی و ١٤١٠-١٤٨٨ زاینی.

ئەحمەد گۆرانی خاوەن شکۆو بەسام بوەو بەژنو بالآیەکی نورانی هەبوە.

ئەحمەدی کوڕی سمایل کوڕی وەسمان کوردی، شارەزوری، عومەر رەزاکە حالەلە موعجەمی خۆیدا[١] نوسیویەتی: ئەحمەد گۆرانی لە ساڵی ٨١٣ مانگی و ریکەوتی ١٤١٠ زاینی لەدایک بوەو لە٨٩٣ کۆچی و وریکەوتی ١٤٨٨ زاینی بارگەی بەرەولای خودا تێکاوەو ناوی ئەحمەدەوکوڕی سمایل، کوڕی وەسمان، کوڕی ئەحمد کوڕی رەشید، کوڕیبرایم شارەزوریە، وەهەمدانی، تەوریزی، گۆرانی، قاهیری، شافعی و حەنەفی شیان پێوتوە لەقوستەنتەنیە وەفاتی کردوە.

زە رەکلی خێوی ئەعلام[٢] نوسیویەتی: ئەم زانایە لە میصر خوێندویەتی و لەپاشان چوتە ولاتی تورک لە روژگاری سوڵتان مراد کوڕی وەسمان کە بەڵینی لەگۆرانی وەرگرتکە (محەمەد فاتح) ولیعەهد فێری زانستبکاو لەروژگاری

١- بەرگی اچاپی ساڵی ١٩٥٧ زاینی پەرەی ١٦٦
٢ -بەرگی ١ چاپی (٦) ساڵی ١٩٨٤ زاینی پەرەی ٩٨

Dr.Saleh Ebrahimi

محەمەد فاتحدا بۆتە قازی ولەقوستە نتەنیە وەفاتی کردوەو سوڵتان بایە زید نوێژی لەسەر کردوەو(دەوڵەت جەنەت)کە ئەکاتە ٨٩٣ مادە تاریخی وەفاتی بوە، بەڵام لەنەزم عەقیاندا ساڵی وەفاتی گۆرانی ٨٩٤کۆچی مانگی نوسراوە.

زانای ناودار محەمەد ئەمین زەکی [١] نوسیویەتی: گۆرانی لە میصر زانستی تەواو کردوەولای حافز شەهابەدین ئەبولفەزل، ئەحمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد ناودار: کوڕی حەجەری عەسقەلانی ئیجازەی زانست و مەعـاریفی ئیسلامی وەرگرتوەو لەوێوە چوتە (بروسە) و سوڵتان مرادی دوەم زۆری ڕێز لێناوە و لە ساڵەکانی ٨٢٤-٨٥٤کۆچی گۆرانی لە فێرگەی (خوداوەندگار)و فێرگەی بایەزید مامۆستاو دەرس بێژبوەو لەوە، بە دوا بۆتە مامۆستای تایبەتی وەلیعەهد: (محەمەد فاتح)ئەڵێن: بوئەوەی زیاتر بتوانێ محەمەد فاتح فـێری زانستبکا جارجارە گۆرانی شارە زوری ئازاری (فاتح)ی داوە، دەڵێن: کاتێ (فاتح) بۆتەشا تکای لەگۆرانی مامۆستای خۆی کردوەتا ببێتەوەزیر، ئوستـاد قەبوڵی نەکردوەو بەتکاکردویەتە سەرۆکی ئەوقافی سوڵتان. جارێکلە مامۆستای ویستوە فـتوای نـاحەقی بـۆبدا، بـەڵام ئوستـاد بـەقسەی نـەکـردوەو زۆریش سەرزەنشتی محەمەد (فاتح) کردوەو سوڵتان لەکارلای ئەبا وگۆرانیش بۆ میصر موهاجەرەتئەکا وشای میصر: (قایتەبای) زۆری ڕێز لێ ئەگرێ و خەڵات و بەراتێکی زۆر باشی بوئەبرێتەوەو دوای ماوە یەک محەمەد فاتحبۆئوستادی خۆی پەشیمان ئەبێتەوە و لەشای میصر ئەخوزای کەدڵخۆشی مامۆستای بۆبداتەوەو بە ڕێزەوە بی نێرێتەوە، گۆرانیشدەگەرێتەوە بۆتورکیەو لە ساڵی ٨٦٢کۆچی ئەکرێتە موفتی دیار بەکرو ساڵیانە (٣٦٣٠٠٠) دیرهەمی براتبۆ ئەبرنەوە. زانای ناودار

---

١ـ ١٨٨٠ زاینی لەسلێمانی لەدایکبوەو لە٩تەموزی ١٩٤٨ زاینی لەبەغدا وەفاتی کردوەو لەسلێمانی لەگردی سەیوان نێژراوە

(ئەحمەدگۆرانی) لە زانستی قورئانبە تایبەتلە تەفسیر زانـیندا لە پـێتەختی تورکی وەسمانیدا بێوێنە بوەو زۆر بەی فەقێکانی بەبەرز ترینپلەی زانستی گەییون. (گۆرانی) لەدەرسو تنەوە و فتواوخواناسی وبروا و ئیماندا دەسنیشان بوەو لفیکەم بوە، ئەڵێن: هەموشەوێکتا قورئانی خەتم نەکردبایێ نـەخەوتوە حەکیم گۆرانی بەژنو بالأیەکی بەسام و نورانیبوە، شاو وەزیرەکانی بەنـاو، بێناونیشان بانگئەکرد و قسەی لە گەڵیاندا ئەکردو دەربەستی داب و دەستوری دەرباری نەبوەو ئەگەر ئەچوە دیداریشا سەلأوی ئەکردودەسی ئەگوشی ودەسی ئەکرد بەپەند دادانی و ئەوی لە مونکەر نەهی ئەکردو فەرمانی بەچاکەو بە مەعروف پیئەدا.

زۆرجار بەشایو توە خۆراک و پۆشاکلە تۆ حەرامە لەخوا بترسە. ئەڵێن: کاتێگۆرانی لەگەڵ شالە سەفەرابوە. شاپێ و توە: مامۆستا تۆبۆلە خۆراکی حەرامی منتخوارد، ئەویش فەرمویەتی: خۆراکی، کەلە بەر تۆبو، حەرامە بە لأم هیمن حەلأڵبو، شادەوریە خۆراکە کە، ئەسورێنی، مامۆستا دەسلە خواردنی هەڵ ناگرێ و شا ئەڵێ: ئەمجارە لەوەی وائەرموتحەرامە خواردت، گۆرانی فەرمویەتی: تۆحەرامەکەییتخواردومنیش بە حەلأڵی خۆمگەیم. (گۆرانی) کە ساڵەها لە دیاری ئیسلامدا نوری زانستی بلأو ئەکردوەوە، زۆر بەرێزو شکۆوە ژیاوەو ئێستاش ناوی زیندوی هەر ماوە و یەکێکلەگەرەکەکانی (ئاستان) ناوی ئەوی لەسەر ماوەو ئەڵێن: (سوڵتان بایەزید) نوێژی لەسەر لەشی مردویکردوەو یەک سەتو هەشتاهە زاردرم قەرزیشی بۆداوە تەوە. دوای ئەمزانایە زۆری لەزانایان ناوی خۆیان بەگۆرانی داناوە و مێژو نوسان هەمو گۆرانیانیان بەکورد زانیوە، وەک (شیخ محەمەد، قازی شیخ محەمەد، شێخ سەعدەدین، شـێخ محەمەد شەریف) هەمویان بە گۆرانی ناویان دەرکردوە، بەلأم ئایا ئەمانە خە

Dr.Saleh Ebrahimi

ڵکی سلێمانی و شارەزورن و ئایا لەگەڵ مەلا شەمسەدین: ئەحمەد گۆڕانی خزمن؟ دەراو زۆرروناک نییە.

زانای ناودار (گۆڕانی) زۆری کوبەو کتێب دانـاوە، کـوبە لەسـەر نـوسراوەکـانی کـوڕی حـەجەری عـەسقەلانی ولەسـەر (کرمـانی) و شەرحلەجەعبەری) و زۆریتر، نوسیوەو ئەم پەراوانەشی داناوە:

١- غایةالامانی لەتەفسیری کەلامی رەبّانی لە تەفسیری سبع‌المثانی، کەتەفسیرێکی بێوێنەیە. خەتیيە.

٢- دورەری لەوامیع لەشەرحی جەمعول جەوامعی سوبکیدا لەزانستی ئوصولی فیقەدا.

٣- کەو ثەری جاریلە ریاضی بو خاریدا، شەرحێکە لە (فەرمودەی) پێغەمبەردا لەسەر کتێبی (بوخاری) و خەتیشە.

٤- قەتعە و قەصیدە یەکلە زانستی عەروضدا لە ١٥١ پەڕەدایە.

٥- الثالثمنە، لەچەن جەڵد دایەو شەرحی بوخاری یە.

٦- فەرائد دورەڕ لەشەرحی لەوامیع غورەردا لەزانستی تەجوید دایە.

٧- شافیە، مەنظومەیەکە (٦٠٠) شیعرەو بە سوڵتان پێشکەش کراوە.

٨- شەرحێ لەسەر کافیە لەنە حودا (کافیە) نوسراوی شارەزوری کوڕی حاجیبە.

٩- کشف‌الاسرار عن قرائةالائمةالاخیار.

سەرچاوە:تاریخی سلێمانیە نوسراوی ئەمین زەکی پەرەی ٢٣٣و ئەعلامی زەرەکلی چاپی (٦) بەرگی ١ پەرەی ٩٧و ٩٨ و معجم‌المؤلفین نوسراوی عومەر رەزاکە حالە بەرگی ١ پەرەی ١٦٦ چاپی بێروت ساڵی ١٩٥٧ زاینی و تاشکوبرا: شەقایق نەعمانیە ١:٨٨ و سحاوی ضوء لامیع ١:٢٤١و١٢:٢٢٤و

Dr.Saleh Ebrahimi

سیوتی: نەزم عەقیان ۳۸ و هـدیةالعـارفین ۱۳۵:۱ ودارالکـتب ۱۴۱:۱[1] و دارالکتب‌الشعبیه ۹۸:۱.

حاجی خەڵیفە: کەشف‌ظنون ۵۵۳:۱ و ۵۹۶، ۳۴۶، ۶۴۷، ۸۹۹، ۱۰۲۲، ۱۱۹۰، ۱۳۷۱، ۱۴۸۶، بەغدادی: ایضاح‌مەکنون ۹۲:۲، کیتابخانة نور عثمانیه ۲۶.[2] شەپۆل ۹

---

۱ـ هەندێ و تویانەلە ۸۹۴ و ۸۹۲ گۆرانی وەفاتی کردوە

2 - Brocke lmann: g,II:228 , S, II: 319, 320

Dr.Saleh Ebrahimi

## شەمسی مەغریبی

یەکێکی دیکەلەخوانا سە زاناکان کەبولوەفای کورد شوێنی لەسەردا ناوەئەم شەمشی مەغریبی یە.

ئەبوعەبدوڵلا شەمسەدین محەمەد کوری عێزەدین عادل یوسف بەزازینی تەورێزی ناودار بەشەمسی مەغریبیو ناسراو بەمەلا محەمەد شیرین کەیەکێک لەزانایان و خواناسانی کوردی سەتەی هەشتەمی کۆچی مانگی یەو بەزاراوەی کوردی: (پەهلەوی) شیعری زۆرەو هەندێ لەوانە لەئاخری دیوانەکەیدا لەساڵی ١٣٥٨ی کۆچی هەتاوی دا لەچاپ دراوە.

مەلامحەمەد شیرین، ناودار بەشەمسی مەغریبی لە ٨٠٩ی کۆچی مانگی لە (ئەممەند) لای تەورێز لەدایک بوە و لە ٧٤٩ی مانگیدا لە ٦٠ ساڵیدا بارگەی بەرەولای خواتێکناوەو لەبابامەزید سورخابِ تەورێز بەپێ وەصیەتی خوی نێژراوە.

شەمسی مەغریبی لەبابەت بولوەفای کورد تاجول عارفین ەوە بە شیعر فەرمویەتی:

این کرد پریچهره ندانم کە چە کردە است

کز جملە خوبان جهان گوی ببردست

مــــوسی کـــلیم است کــه دارد یــد بــیضا

عیسی است کز و زنده شود هر که بمردست

چون چرخ برقص است و چو خورشید فروزان

از پــرتو رویش شــود آنکس کــه فسرداست

او را نـــتوان گــفت کــه از آدم و حــواست

کس شکل چنین ز آدم و حـوا نشـمرد است

یغمـــای دل خـلق جهـان مـی‌کند ایـن کُـرد

مــانندهٔ ترکـــان هــمگی تــازد و بـر دست

با حسن رخش حسن خلایق همه فتح است

بــا لعــل لبش جــام مصفــا هـمه در دست

هــر دل کـه بـرود نـقش جهـان بـود مـنقش

نـــقش رخ او آمـــده آنـــرا بســـتر دست

کس نیست که رختِ دلِ خود را به چنین کُرْدْ

در راه هـــوا جـــمله بکـــلّی نســـپردست

ای مــغربی از دلبــر خــود گـوی سـخن را

کو نه عرب و نه عـجم و رومـی و کُـرْدْست

دیوانی شەمسی مەغریبی پەرەی ٣ و ١٠٧ و ١٠٨ چاپی ساڵی ١٣٥٨ کۆچی هەتاوی. دوکتور عبیدالله ئەیوبیان مەرکەزی برەک لەساڵی ١٣٥٢ کەلە تاران میوانی من‌بو وتی: خۆم ئەم شیعرەم لەبان کێلێکەوە لەنێزیکی ئارامگای بابا تاهیرعوریان لەهەمەدان دیوە:

این کرد پـریچهره نـدام کـه چـه کـرده است

کـز جـمله خوبـان جهـان گـوی بـبرده است

Dr.Saleh Ebrahimi

که بەدا خەوە، دوای تەعمیری ئارامگای بابا تاهیر ئەوکێلەیان لابردوە و لەو ناوە نەماوە ئەگە روابێ، دەبێ یا ئەبولوە فایێ دیکە شرهە بێ یا تاج‌العارفین ئەبولوە فای کورد لەوێ نێژراوە (شە پۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

# حاجی مەلاسەید عەلی خالیدی

۱۹۱۰ - ۱۹۸۴

ئەم زانا بەڕێزە خۆبەکەم زانە کوردە، لەگوندی (ئەلمانە) لەناوچەی شاری بەرزە دەماخی پڕلەگوڵ و نەسرینی: (مەریوان) لەناویەک بنەماڵەی زانا و دینداری بەرزو بەڕێز لەدایک بوە. ئەم مەلاسەید عەلی خالیدی یە، هەر لەمناڵیەوە زەکاوەت و شیاوی ولێهاتوی لەناو چاوانیدا باریوەو دیار بوە. کە وریاو زیتو بەهۆشو گۆشە

ئەڵێن: خالیدی لە ۱۵ ساڵیدا لای حاجی سەید بابا شیخ ی باوکی ئیجازەی ئیفتا و دەرس و تنەوەی وەرگرتوەو دەسی کردوە بەتەدریسی زانستو مەعارفی ئیسلامی باوی دەم ورژگاری خۆیو زۆرفەقیی باشومەلای پێگەیاند وەو ئیجازەی زۆر مەلایانی داوە. چ لەکوردستانی ئەم دیو،چ لەکوردستانی گەرمیانی. حاجی مەلاسەید عەلی خالیدی لەساڵی ۱۹۵۴ زاینیدا تا ۱۹۵۷ زاینی بەماڵەوە لەشاری پینجوێن نیشتە جێ بوە و لە ڕێگای پەند دادان و دەرس و تنەوەی فەرهەنگ و زانست ئەرک و ئەسپاردەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و زانستی خۆی ئەنجام داوە.

لەپاشان لەبەر ئاڵوزی و شپرزەیی با رو دۆخی ناوچەکە ئەگەرێتەوە، بۆلای شارەجوانەکەی زرێبارولەگوندی (نێ) نیزیکی شاری مەریوان خەریکی دەرس و تنەوەو پەند دادان ئەبێ و لەساڵی ١٣٥٨ هەتاوی بە ماڵەوە دێتە شاری مەریوان و لەمزگەوتی (چوارباخ) ئەبێتە مودەریس و خوتبە خوێن و پیشنوێژ.

حاجی مەلا سەید عەلی خالیدی بەش بەحاڵی خۆی لە خوێندەوارکردنی خەڵک و بردەنە سەرەوەی فەرهەنگو زانستی خەڵک و رون کـردونەوەو بـێدار کردنەوەی مسولمانان بەتایبەت خەڵکی مەریوان و پێنجوێن نەخشێکی گرینگی بوە.

حاجی مەلا سەید عەلی خالیدی لە دیی (نێ) بەکاری کشت و کاڵ ژیانی خۆی و خاوخێزانی دابین کردوەو ژیا نێکی سادە و ساکاری هەبوە.

حاجی مەلا سەید عەلی خالیدی قارەمانانە خەڵکی ئەو ناوەی بـە دژی رێژیمی شای دەرکراوی پەهلەوی دنەداوەو ئەمەش بۆ مسوڵمانانی ناوچەکە رون و ئاشکرایە.

ئەم زانایە لە ١٣٦٣/٦/٦ هەتاویورێکەوتی ١٩٨٤/٨/٢٨ زاینی لە ٧۴ ساڵیدا بەرەولای خودا بارگەی تێکناوە.

سەرچاوە: روژنامەی شەهادەی کوردی ۵ نوامبری ١٩٨۵ زاینی ساڵی ٣ ژمارەی ٩٦ بە قەڵەمی (شە پوڵ) و لە پاشان لەکتێبی دانشمندان کورد در خدمت علم و دین بە فارسی بڵاو کراوەتەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

## عارفی ره‌ببانی و زانای هه‌ره گه‌وره و خواناس:

### غولام ره‌زا ئه‌رکه وازی و ژیان و خزمه‌تی فه‌رهه‌نگی ئه‌و: (قدس سره)

ئه‌ر که‌وازی ئاوا له خوا ده پاریّته وه و خوّی ده‌ناسیّنیّی:

یا غه‌وسه لغالیب، یه ئیقتیزا مه‌ن | یه شه‌رت ته‌ریق خواجه و غولامه‌ن
مـن غـولام ره زامـی، نـامه‌ن | غولامیم ده شه‌وق (حب الرّضا)مه‌ن[1]

غولام ره‌زا، ئه‌رکه‌وازی موشاویرو ته‌گبیر کاری حه‌سه‌ن خان والی پشتکوّ، بووه، له موناجات نامه‌و مه‌نزومه که‌ی خوّیدا که به حه‌وت به ندناوداره و ۶۶۶هوّنه‌یه، به مجوّره روده کاته خواوده پاریّته‌وه:

هوّنه:

لوتـفیّ وه جـه‌سته‌ی بـه‌سته‌م کـه‌ر | ژگیّجـاو هـون عـه‌بدت ده‌ر ئـاوه‌ر
نیمیّ ژه زولـمه‌ت مه‌سـا ویـیه‌رده‌ن | هاوار یا عه‌لی (ع) واده‌ی نه‌به رده‌ن
ئه‌ر نه‌جات مه‌ده‌ی واده‌ی وه‌قتشه‌ن | زالْم نه بسته‌ر خـاب سـه‌خت شـه‌ن
ئـه‌ربیّدار بـوّ، حه‌یـاتم بڕیـاس | زه‌نگ به‌د نامی غـولامه‌ت زریـاس[2]

---

۱ ـ موناجات نامه‌ی ئه‌ر که‌وازی ئیلامی، له نه‌عتی حه‌زره‌تی عه‌لی (ع) به زمانی: له کی‌و لوری په‌ره‌ی ۷۷ به کوششی جه‌نابی کاک ئیسماعیل ته‌ته‌ری مله سوری نویّنه‌ری خه‌لّکی کرماشان له شورای ئیسلامی له‌تاران چاپی یه‌که‌م سالی ۱۳٦۲ی هه‌تاوی چاپی موئه‌سه‌سه‌ی ئه‌میرکه‌بیر تاران.

۲ـ مناجاتهای جاویدانی ئه‌ده بی‌کوردی: غولام ره‌زا ئه‌رکه‌وازی، مه‌ولانا خالید شاره‌زوری، خانای قوبادی، میرزا شه‌فیع کولیایی و مه‌نوچیهر خان کولیوه‌ند به خوّش کردن و راست کردنه وه‌و شه‌رح، ئه‌حوالّ و کوّبه بوّ نوسین به ئیهتیمامی زانای ئه‌مین و ده‌س و قه‌لّه‌م جوان جه‌نابی کاک محه‌مه‌د عه‌لی سولتانی، خوابی پاریّزیّ، چاپی سالی ۱۳٦۲ی هه‌تاوی.

بەراستی غولام رەزا ئەرکەوازی لەو موناجات نامەدا ئەو خواناسە گەورە بەرز بونەوە و عیرفان و وەحدەتی وجود بە خەڵک نیشان ئەدا و دەی سەڵمینیٚ، کە دارای پایە و پلەیێ بەرزو تەرزە، کە گویا ئەرکەوازی لەلایەن حەسەن خان والی پشتکۆوە دەخریٚتە زیندان، جاهەروەک لە نیٚو هۆزی لەکدا قسەی لیٚ دەکریٚ لەو ماوەی کە غولام رەزا ئەرکەوازی لە بە ندو زیندان دابووە موناجات نامە (گازە) یەکی لە حەوت بەندا، داناوە جالەو موناجات نامەدا پیٚشەوایانی دینی و پیغەمبەر و حەزەرەتی عەلی کردۆتە تکاکار و گازندە و گازەی لە خوا کردوەتا بە ڵکو لە زیندانبە ربیٚ و گۆیا لە دوای هۆنینەوەی حەوت بەندە کە، لە بەندو زیندان ئازاد ئەبیٚ، ئەو حەوت بەندە ئەوەندە بەسۆزی دڵ هۆنراوە تەوە، کە شاعیر گەیشتۆتە (سدرة المنتهی)ی وەحدەتی وجود لە عیرفان و خوانا سیدا و لەیەک تە بەلوری عەینیدا ئەو بۆڵای نیهایەتی بیٚنیهایەت رادەکیٚشیٚ و مەستی بادەی عیشق و ئەوینی زاتی پاکی خوا ئەبیٚو ئەو حەوت بەندە بە (موشکیل گوشایی، موشکیل گوشایی) دەس پیٚ دەکا لەشانۆو واژە جوانە کانی ئەم هۆنە رەنگینە سەردەمی شکایەتی مەسعود ـ ی سەعد ـ ی سەلمان لە زیندانی (نای) و (مەرە نج) یا زیندانی بونی خواناسی ناودار عەللامە، سەعید نورسی کورد لە زیندانی (ئافیون) و زیندانی (شەفیون) بە دەسی تورکی لائیک لە تورکیا، دینیٚتەوە بیر بۆ ویٚنە کە دەڵیٚ:

### هۆنە

بینـــای لامــه کــان بینــای لامــه کــان     قــادر قـــودرەت، بینــای لامــه کــان
ئیلتیجام، وەتۆن یا سیر ـ ی سوبحان     بــه خــاتەم بــدەر، لیٚ بــەند زیــندان
یارەب زوڵم، ژە عەدل تۆقە باحەتەن     شەو، خوواو دیم گشت عەلا مــەتەن
پەنام هەرتۆئی یەکتــای، بــیٚ هــەمتا     وەی بەند زیندان من بییوم، رەهــا...[1]

---

١ ـ جوغرافیای تاریخی و میٚژوی لورستان زانای بەریز کاک عەلی ساکی پەرەی ٦٧ چاپی ١٣٤٣، نەقل لە (مجمع الفصحای هدایت) و روٚژنامەی کەیهان روٚژی ٥ شەمە ١٣٧٢/٦/٢٥ی هەتاوی و ٢٨ ربیع‌ی ١ سالی ١٤١٤ی مانگی ژمارەی ١٤٨٦٦ بەقەڵەمی زانای بە ریٚز کاک ئیرەج کازیمی کوری عەلی ئەسغەر کازیمی مومووەندو گوڵزاری ئەدەبی لورستان نوسراویی زانای بەریٚز کاک ئیسفەندیار ـ ی غەزەنفەری ئومەرایی چاپی ١٣٦٤ی هەتاوی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

وتمان و زاینمان که لەو هۆنە و موناجات نامە عاریفانەی پرو تە ژیيە، لە گازندە، بە هەستی پاک و بێخەوشی بەندەگی تانێو سنوروکەوشە نی فەنا لەحەقدا دەتاوێتەوە، ئەوەیە، خوا بە هاواری یەوە دەچیٚو حەسەن خان والی خوٚی لە بەند رزگاری دەکاو ئەی نێرێتەوە سەر کارەکەی جاران و کاریٚ وایش دەکا، کە ئـەر کەوازی بە کیژە شوٚخە دل لاوێنە، ئەویندارە، دلٚ براوەکەی بگاو ببنە حـەلاٚلٚ و شەریکی ژیانی یەکتر[1].

ژیان و بەسەرهاتی غولام رەزا ئەرکە وازی ئیلامی:

ئەرکەوازی خەلٚکی گوندی ئەرکەوازە، کە سەر بە ئیلامی پشتکوٚیە غولام رەزا کوری (محه سەن): محەمەد حەسەن ـ ی پشتکوٚیی یەولە ئاخرو ئـوخری سەتەی دوانزە هەمی کوٚچی مانگیدا لە ئاوایی سـەر جـفتەی نـێزیک پشـتکوٚی لورستان لە دایک بووە.

ئەرکەوازی لە حەوت سالٚیدا هەر لەو ئاوایی یە، دەس دەکا بە خوٚیندنی قورئانی پیروز و کـتێبە و ردیـلەو سـەرە تـایە کـانیش دەخـوێنیٚ ولە پـاشان لە حوجرەی فەقیٚیان، زانینی نـەحو، صـەرف، بەیـان بـەدیع و مەعـان، مـەنتیق، هەیئەت، حەدیس و فەرمودە، ئـوصولی فـیقە، حـیکمەت و کـەلام و ئـەدەب و ویژاوەری کوردی و فارسی و عەرەبی باوی سەر دەمی خـوٚی دەخـوێنیٚ و بـوٚ فێربونی تەجویدی قورئان، تەفسیر، ریاضی و عیلمی میرات و دەقی کتێبی فارسی و عەرەبی و هوٚنەی کوردی لای زانا کانی ئیسلام و پشتکوٚو لورستان و دینەوەر گوٚی رادە گریٚ.

غولام رەزا ئەرکە وازی مروٚفێکی وردو ئەهلی موتـالاٚ و لە خـوٚیندەوەی پەراوەی ئەدەبیدا زور شارە زابووەو هاو ژیانی حوکومەتی فـە تـحعەلی شـای

---

١ ـ زانایانی کورد ج ٢ نوسراوی (شەپول) پەرە ی ١٥٦ تا ١٥٥ هەروا بڕوانە و تارێک، کە سەرلەبەیانی لە روٚژی ١٣٧٢/١٠/٥ی هەتاوی لەتاران لەتالاری فەرهەنگ سەرای بە همەن لە سیمناری کوردنـاسی لە بـابەت زانایانی کرماشان و دینەوەر دا خوێند مەوەو هەروا لە کوٚواری ئاوێنە ژمارەی ١۴ و ١۵ی تایبەت لەتاران لە سالٚی ١٣٧٣ لە چاپ دراوە (شە پوٚل).

قاجار بوگە، لەکاتی خۆیدا موشاویر و تەگبیر کاری حەسەنخان والی پشتکۆ بووە کە حەسەنخان لە سالی ۱۲۱۶ی مانگی ناوەند (مەرکەز)ی حوکومەتی خۆی لە خورەم ئاواوە، دەباتە ئیلام، بۆ ئەوەی باشتر بتوانیّ لە سنوری ئیّران و عـیّراقـی ئەودەم دیفاع بکا (کە لەبن دەسە لاّتی تورکی عوسمانی) دا بووە.

دەگیّرنەوە لەو سەردەمەی کە ئەرکەوازی لە زینداندا بووە، ژمارە یەک لە تورکانیش لە تەک ئەودا لەو بەندە دابون، ئەوە یەکە بە شیعرفەر مویەتی:

هەمرازی تورکـان ـ ی نـەزان زوانـم          دیــــری[1] ژیـاران هــەم کەلامــانـم

ئەکەوازی بە قسەی هەندیّ شەیتان و شوّفار لەمانگی رەمەزان بە فەرمانی حەسەنخان ئەخریّتە زیندان، ئەرکە وازی لە بەختی خۆی گازندە دەکاو دەلـیّ:

مانگی رەمەزان کە مانگی تایبەتی خوایە و مانگی خیّرو بە رەکەتە بـۆمن بـۆتە روژی مەحشەر، بە ربانگم باری لیوەو لەباتی پارشیّوکردن ئاخ و داخمە و لیفە و پیّخە فیشم گیانمەو سەری نیشم لەبە ردە.

مـانگ موبـارەک مـەخسوس داوەر          پەریّ من بیەن، وە (یـوم المـحشر)

بە دەستوری والی لە زیندان دا ئەرکەوازی زۆر ئازا ئەدەن و دەس و پای زنجیر ئەکەن، واتا: کوت و بەندی ئەکەن و پیّ بە زنجیرەوە ئەخەنە نیّو سە هولاّو، هەروەک خۆی بە شیعر دەلّیّ:

تەوق گە ردن گیر، قەرە بە قەرای تەنگ          زوان لە عوسرەت لاحە ول وانان لە نگ
بــوم و بــاوە قــوش ژ نـالّەم عـاسین          باوە قوش مە دهۆش، بوم هەم هەراسان
گــەردن گـیر تـەوق زەخـم قـولاوەن          دیدە شەو، جەئیّش یە خاو، بیّخاوەن
مەخلوقات عاجز شـەو بـیّداری مـەن          بیّداری ژ جەور عوسرەت باری مـەن.

ئەرکە وازی لەو حالّەدا حالّ ئـەی گـریّو بـەدلّ پـری‌یەوە، کـەتە ژی لە خواناسی و عیرفان بووە، رودە کاتە قاپی خواو حەزرەتی عـەلی (ع) دەکـاتە، وەسیلە وتکاکارو دەس دەکا بە هۆنینەوەی ئەو موناجات وگازەکە ۶۶۶ هونەیەو دەلّیّ:

---

۱ - «دۆری»

Dr.Saleh Ebrahimi

هاوارم وه درگاش وه چەندین شێوه   تەکرار ئەبیات چون بەیت لێوه
کەردەم وەتەعدادئایاتی بێ غەش

یەعنی شەشسەت بەیت چەنی شەست وشەش

شەش هەزار، ئاهیش، نە دەرون کێشام   شایەد، رەحمەت بای وە بەخت سیام
نیمه حەلقەی دام زنجیری دەستم   بیست و سێ بەند عەجز وەدەرگاش بە ستم

دەبێ بڵێین: هەڵۆی بە رزە فری کورد: غولام رەزا ئەرکەوازی

دڵی پڕ بو لە پەژارەو لە دڵۆ   ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵو
بەقسە خۆشە مەترسی مردن   تاڵە ئەوهەستی بە مردن کردن
هەر گەلایێ کە لەدارێ دەوەرێ   نوسراوێکە، بە ناخۆش خەوەرێ
ژینی کورت و بە هەڵۆی مردن   نەک پەنا بەقەلی رو رەش بردن
لای هەڵۆی بەرزە فری بە رزە مژی   چۆن بژی خۆشە نەوەک چەندە بژی[1]

جا ئەوە بو لە بەر خوا پاراوە، ئیتر دەسی بۆ لای حاکمی زەمان و ئەم و ئەو درێژ نەکرد و چووە نێو دەریای خواناسی و عیرفان، ئەگەر جوان بەوردی لەو موناجاتە ورد بینەوە، جوان تێ دەگەین کە چلۆن شاکارێکی ئەدەبی بەرزو تەرزی کوردی خولقاندوە و چلۆن باری لە باری زانین و زانست و وێژاوەری بەو موناجاتەی خۆی داوەو بە واتای تەژی لە عیلم و عیرفان ئەو هۆنەی را زاندۆتەوە، بەواتای پرواتا لە مەعنا و مەعنەوی ئەوەی خە ملاندوە، ئەوەیە سەرنجی دڵ بێداران و عاریفان و عالمان و دڵی صوفی و دە روێش و دڵ رێشانی کورد، لەک ولوری بۆ لای خۆی راکێشاوە و هەمو بە چاوی رێزەوە بۆی دەروانن و ئەو گازە پڕلە گازندە بە گیان و دڵ دەخوێننە وەو گوێ بۆ خوێندنەوەی ئەو موناجاتە رادەگرن، چونکا بەرز بونە وەو نزولی بەرەکەتی عیرفانی و زەنا زەنای لەخوا نێزیک بونەوەو دڵ نیایی و پشت بە خوا بەستن و بڕوای پڕ بە دڵ و دەرون بە خوا

---

[1] ـ دیوانی شاعیری دڵسۆز و جوانە مەرگ و بیر تیژو نەتەوە خۆشەویستی کورد کاک سوارەی ئیلخانیزادە پەرەی ۴۹ تا ۴۷ چاپی ۱۳۷۲ ئینتیشاراتی صەلاحەدین ئەییوبی لە شاری ورمێ، کە بەڕێز جەنابی عومەراغای ئیلخانی براگەورەی کاک سوارە سەرەتاو بەرکوڵێکی جوان و پڕناوە روکی بۆ نوسیوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

لەو گازەدا خۆدە نوێنیٚ و تیٚریٚژو تیشکی نوری ئیمان بە سەر خوێنەراندا ئە پرژینیٚ و خەم و خەفەتی دلٚ و دەرون لە دلٚی خوانا ساندا دەتارینیٚ و نور بارانیان دەکا، ئەو موناجات و گازەلە راستی دا ناڵە و زاڵەی دەردێکە بە یەک ناوە روکەوە، کە بەیان و هاواری داد خوازی ئەوە بە وێنەی جۆر بە جۆر لە گەروی پڕلە دەرد و رەنج ی ئەو دەرون سوتاوە، سەر رێژ وکەلەوای کردوە و سەختی و دەرد و رەنج و ئێش و ئاخ و ئۆفلا رێژ ئەکاو شەپۆل و پێل ئەدا هەرئەم گازە بەرپرسبونی ئەو شاعیرە نیشان ئەدا.

هەرچەندە لە لابەلای شیعرەکانی ئەرکەوازیدا عەلەوی بون دەردە کەویٚ، کە دەڵیٚ:

ئاگای سیرـی غەیب ئاگای سیرـی غەیب یاعەلی عالی ئاگای سیرـی غەیب
گوستاخ خەلوەت بیٚ هەمتای لارێب پاک مونەززە موبەرِ را ژغەیب

جاری وایش هەیە وا خۆ دەنوێنیی کە لەشیعەی غولات بیٚ، بەلاٚم لە بەندی ٢٣ و خاتیمەکەی ئەو موناجاتە خۆوا نیشان ئەداکەلە شاعیرانی (اثنی عشری‌یە).

بە پیٚ لێکدانەوە، ئەم موناجات و گازەی جاویدانە، شاکارێکی جاویدە و قسەیەکی شیاوە، بۆمانەوە، شیاوە، بۆییٚ توانیویەتی بە درێژایی دوسەتە لە نێو سینگ و دلٚ و دەرونی هۆزێک دابمێنێتەوە کە لە باری خوێندەواری یەوە لە پلەییٚ نزم دابون، بەلاٚم لەباری زانست و هونەر پەروەری و فەرهەنگەوە، لە سەردوندی سەرسە ریٚ بون، ئەو گازە بە هۆی پارێزەرانی هۆنە و هونەر دۆستان وئینسانی بە شەوق و زەوق پشت بە پشت پارێز راوە، تادەستخەتی لە بەر هەلگیردراوە و رونوس کراوەو تۆزو خاک و خۆڵی لە سەر لابراوەو بە جوانی تەکێندراوەو بە زانا و شیعر ناس و هۆنە پەروەر دراوە و خراوە تە، نێو کۆری شاعیران و ئەدیبان و هەستیاران و یارانی شیعر و هۆنە، هەرچەن لەدەس تێوەر دانی مەرد و نامەرد نەپارێز راوەو لە لای ئەم و ئەو خۆش و ناخۆش کراوە و پاش گویٚ خریاوەو ئالٚ و گۆڕ کراوە.کۆنەترین نوسخەیەک لەکە ساڵی ١٢٥٠ی مانگی نوسراوە تەوەو یەکیٚ لە کتێبە کانی کتێبخانەی (ئەبوقەدارە) لە نەوادەی حەسەنخانی والی بووە، خۆش

Dr.Saleh Ebrahimi

بەختانە بەدەس زانای لێکۆڵەر کاک محەمەد عەلی سولتانی کەو تووەو لەگەڵ چەن نوسخەی دیکە بە راوردی کردوە و جوان لە چاپی داوە[1].

## خزمەتی فەرهەنگی غولام رەزائە رکەوازی (قدس سره)

ئەگەرهەندێک بە وردی بروانینە رۆژگاری پێشو و جوان بکۆڵینە وەو بەرلە داهاتن و دانانی (دارالفنون) لە ئێران ولە وڵاتە سوڵمان نیشنە کان سەرنجێک بە بار و دۆخی خوێندنی مەلاو فەقێ یاندا بدەین زۆر بە رونی بۆمان دە ردەکەوێ، کە دوای فەجری ئیسلام خوێندە وارانی کوردو زانایانی وەک: غـولام رەزاخـانی ئەرکە وازیَ عەللامە؛ مەلا پەرێشان، حەکیم مەولەوی کورد، عارف و خواناسی گـەورە مـەلائە حـمە دجـزیری، حـەکـیم ئـەحمەدی خـانی، نـالی، عـەللامە (عبدالرحیم) وەفایی، میرنەو رۆز، فەهیم سەنجابی، مەلا مەنوچیهری کۆلیوەند، تورکە میر، ئەلماس خانی کە ندو لەیی، ئەلماس خانی کوردستانی، میرزا شەفیع کولیایی، عارف و خوانـاس ئـەحمەد ـی کـوێر، مـیرزا (عـبدالقـادر) پـاوەیی، بێسارانی، مەلامارفی کۆکەیی، میرسەید محەمەد حوسینی نیعمة (اللّهی) ماهی دەشتی، مەستورە خانم کوردستانی، ولی دێوانەو خانای قوبادی لەنێو، فـەقێ و مەلاو میرزا و خوێندەوار لە حوجرە و خوێند نگە کانی ئەوسەر دەمەی کـوردە واری لەپاڵ خوێندنی مەعارفی ئیسلامیدا ئەدەب و فەرهەنگ و زمانی کوردی بە دەرس دە خوێندرا و زمان وزاراوەی گۆرانـی کـە خـانا و ئـەوجۆرە شـاعیرانـە شیعرییان پێ وتـووە، زمـانی خـوێندن و نـوسین و زمـانی رەسـمی و بـاوی ئەوسەردە مەی کوردەواری بووە، جابۆیی خاناوا بە راشکاوی فەرمویەتی:

بە ( لە فظ ) کوردی، کوردستان تەمـام ـ پێش بوان (مە حظوظ ) باقی (والّسلام)

خانا نوسین و دانانی شیعر بە زمـانی کـوردی بـە شـانازی و بـە ئـەرکی سەرشانی ئەزانێ و دەڵێ: وتویانە زمانی فارسی وەک شەکر شیرینە: [ هەرچەن

---

۱ ـ مناجاتهای جاویدان، ادب کردی ـ غلامرضا ارکوازی، مولانا خالد شهرروزی، خانای قوبادی، میرزا شفیع کلیائی، منوچهرخان کولیوند ـ بە رکوڵ بەفارسی، چاپی ۱۳٦۲ به اهتمام جەنابی (محمد علی سلطانی) خوابی پارێزێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

مەواچان فارسی شەککەرەن ـ کوردی جەفارسی بەل شیرین تەرەن [1] ] ئەبێ لەم دنیا بەد، رەفتارەدا هەرکەس بەو زمانەی وا خواپێی داوە بنوسێ وشیعرو هۆنەی پێ بلێ، چونکا خودایش لە قورئاندا فەرمویەتی (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمٰوَاتِ وَالْاَرْضِ وَاخْتِلاٰفُ اَلْسِنَتِكُمْ وَاَلْوَانِكُمْ اِنَّ فِي ذَالِكَ لَاَيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ [2] جالەهەل و مەرجێکی ئاوادا غولام رەزاخانی ئەرکەوازی، کە پێی ناوەتە نێو زەریای فەرهەنگ و زانین بەپێی باوی سەر دەمی خۆی ئەویش دەستی داوەتە قەڵەم و بەپێی زانایی و شارەزایی خۆی خزمەتی بە فەرهەنگ و زانست و زانیاری ئیسلامی و قورئانی کردوە وشانی داوەتە بە روبە بەر پرسیاری خۆی بە تایبەت خزمەتێ زۆری بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردوە و هەروەک هەرستیارانی کورد ولەک ولوری بەرلە خۆی دەستی کردوە بە هۆنینە وەی شیعرو هۆنە، بەزاراوەی لەکی و لوری. بۆخزمەت کردن بە زاراوەی کوردی بەلاّم بە داخەوە، ئەرکەوازیش هەروەک زۆربەی شاعیران و زانایانی کورد لە بەر خۆ بەکەم زانین و خاکینەو خوڵینە بون، بەگوم نێوی ژیاوە و خۆی نیشان نەداوە، جاهەرلە بە رئەمەش زۆربەی شیعرو نوسراوەکانی ئەرکە وازی تیاچون وگڵ و مۆریانە خواردونی، هەندێ لە شیعرە کانی ئەرکەوازی بە هۆی هەندێ کەسی دڵسۆز وزانا، لە فەوتان و نەمان پارێز راون و پشت بە پشت و دەم بە دەم ماون تاگە یشتونە تە دەس ئێمەمان کە ئێستا شانازی پێوە دەکەین، بە تایبەت موناجاتنامە [3] عیرفانی یەکەی.

ئێستا ئەمانەوەێ هەندێ لە بابەت شین گێرانی غولام رەزائە رکەوازی بۆ ئەحمەد ـ ی کوری بە ئاخوین و بدوێن و ئەوشیعرانەتان بە گوێ بگە یێنین، تا

---

١ـ دیوانی خانا پەرەی ٢١، م. ئەورەنگ، چاپی ئیران سالی ١٣٤٨ و چاپی عیراق پەرەی ١٤ چاپی ١٩٧٥ز

٢ـ سورەی روم ئایەتی ٢٢ ـ کۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٠ ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی پەرەی ٤٣ لەباسی زانای ناودار خانای قوبادی بە قەڵە می (شە پۆل) ـ هەروا کتێبی زانایانی کورد پەرەی ١٦٥ چاپی ١٣٧٣ی هەتاوی بەرگی ٢.

٣ ـ گازە جوان و عیرفانی یە کەی یائەو موناجاتنامە بە کۆششی بە رێز جەنابی کاک ئیسماعیل تەتەری ملە سوری نوێنەری خەڵکی کرماشان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بە هۆی موئەسە سەی بلاّوەی ئەمیر کە بیر لە تاران لە چاپ دراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

لەزەتی لێ ببەن، لە تافی مێرمنداڵیدا (ئەحمەد)ی کوری ئەرکە وازی جوانە مەرگ دەبێ، شاعیر چەکامەیەک بە ناوی (وە باوەیاڵ دیم) پڕبە سۆزی دڵ دەهۆنێتەوە[1] - لە واتای شیعرەکان، وا دەردەکەوێ، کە باوکی دڵ سوتاو، زۆرجاران لەگەڵ رۆڵە جوانە مەرگەکەی خۆیدا لەو چیاو کەژە، خەریکی نەچیر گرتن و راو بووە و بیرەوەرێکی شیرینی لە نەچرەوانی و نەچیرگرتن بووە، تا مرۆڤ جوان بە زاراوەی (لەکی) ناسیاو نە بێ نازانێ و ناتوانێ بە زمان تەرو پاراوی و جوانی و خوشیکی و بە کاربردنی تە شبیهات و ئیستیماراتی کە ئەو زانایە بە کاری بردون پەیان پێ بباولیان تێ بگا.

## وە باوە یاڵ دیم

وەیـــاڵەوە، یـــاڵ دیـــم ئەو رۆژ وا وەیـلا، وە بـاوە یـاڵ دیـم
هاواس پەرێشان حالێش حاڵ حاڵ دیم سەرتـاپا بـەرگەش سیـاه ژخـاڵ دیـم
سەرقوللەی کاوان[2] وەسیـاه تـەم دیـم درەختان ژ غەمچی چەوگان چـەمدیم
داران درەختـــان کـلافی[3] پـۆش دیـم کەپُو[4] کەم دەماغ - بولبول خامۆش دیم
کـــە پُـــو واوەشـــیوەن گـاڵ گـەرمەوە چمان مردەی داشت، وەروی تەرمەوە[5]
مـــنو بـــاوەیاڵ عەهدمـــان کـە ردەن مـن غـەم، واوە تـەم تـارۆژ مـەردەن[6]
رۆڵـــە یـــە ئـاسار شکـــار گـــاهیتە یـــە جـێگەی کـەلەرم شـونی راهـیتە[7]
ئـــەرای چـــی جـــاران دیـــارت نـین مەر کـەڵی کـۆ وەبـان مـەزارت بـین؟[8]

---

١ -(باوە یاڵ) ناوی کێوێکە بە رزو بڵیندلە زنجیرە چیاکانی زاگروس، وابەستە بە (کە بیرە کێو) کەلە نێزیک ئەبە دانان دایە، ئەوکێوە جێگای راو وشکارو نەچیرو نەچیرە وانیە و هەمو جۆرە ئاژەڵ و حەیوانە وەحشی یەکی تێدایە

٢- کاوان - شاخ - چیا، کیو

٣- کلافی: رەش هەڵگەراو - رەش وتیرە پۆش.

۴- کەپو، مەلیکی دەنگ خۆشەو ماڵی نیەو لە کوترە باریکە چکوڵە ترە، لوت، دفن، قاپیلکەی سەر، چموڵە، بێفل، دم، قاف، دیانی پێشین، پیری بێ دیان.

۵- کە پو ئەومەلە دەنگ خۆشە، وەها دە گریا، دەتکوت مردوی بە سەرداره مەیتو تابو تەوەیە.

٦- منو باوەیاڵ بریارمان داوە تا پایانی ژیان منغە مبارو ئەویش بەگریان بێ.

٧- کورم رۆڵە! ئاسەواری کە رەستەی شکار لیرە دەبینم کە لەکاتی گەران بدوای نەچیردا ماونەتەوە، ئیرە جێگای سەر راوی تۆیە کەرێگات بە ئاسکوڵەکان دەگرت و دەت سڵە ماندنەوە.

٨- بۆچ وەک جاران دیار نیت، مەگەر کەڵەکیان لە سەر گۆرت چینەوە؟

Dr.Saleh Ebrahimi

کەڵێ ژە کەڵان مە خواست مزگانی　　ئەحمەد خان مەردەن وە نەوجەوانی[1]
بێتو چی ماهی ئوفتادەی خاکم　　بەرگم پلاسەن ـ جامەی چاکچاکم
ڕوڵە ژ هیجرت ئەفسوردە گیانم　　جوز ڕو ڕو گویا نیەن زوانم
میقراز مەرگ تیژ باڵم کە نەن　　شورو شەوق و زەوق زنگانیم سە نەن
شەو خاویم شەریک تافی تیژاوە　　یاحوباب نەروی گێژ گرداوە[2]
شەو تارو ڕۆژتار ـ هەردکی تار وەمەنی　　دڵ چی تافەی ئاو بێ قەرار وەمەنی
چی صەید زەدەی تیر گرفتار وەمەنی　　چی وێ نەروی ئاولەرزان کار وەمەنی[3]
کراس چاکچاکی ـ یەخە دڕیامە　　چی صەید زەخمی ژە گەل بڕیامە
فیدای گالاگاڵ راوچیانت بام　　شەلەو پەلەی کەفتە ئاهوانت بام
فیدای مەکەنزی ئاتە شبارت بام[4]　　بەزم بێ هەماڵ ڕۆژ شکارت بام
مەکە نزیت ساختەی دەست حەسەن بی　　چەخماخ نۆیر عەلی، کەریم پەسەن بی[5]
هانای هامدڵان زامم کاری یەن　　ئەل ئەمان دەردم نادیاری یەن
زامم کاری یەن ـ کارچیەن ژە دەست　　مینای شکەستەم نەمە یو پەیوەست
شەو وەپەژارە ـ ژۆژ وە حولیمە　　چی سەرەی ئاسیاو دوما دولیمە[6]
هەرچەن مەدەریم دەلالەت ژە دڵ　　دڵ هاوە خەتەرچی لانەی بولبول[7]

---

۱ـ یەکێ لە کەڵە کان بە تەوسەوە کە لە نەچیری ئیمە رزگاری بووە، سەرە خۆشی جوانە مەرگ بونی ئەحمەد خانی پێ رادە گە یاندم

۲ـ ناڵەی شەوانەم لە گەڵ قەڵبەزەی تافگە کان شەریکەو خەوم وەک بڵقی ئاوە کە دێو بەلەز دەرواو دە پوچێتەوە.

۳ـ وەک نەچیری تیر خوردەم، وەک کومەڵە دارە بییەکم بە سەر ئاوی رەوانەوە لەرزان و بێ ئاراوقارام.

۴ـ مەکە نزە: تفە نگی مەکەنزی ئاتشباری بەزمی راو...

۵ـ تفەنگی مەکە نزی دەست کاری ئوستا حەسەن و چەخماخەش کاری نورعەلی کە پەسەندی وەستاکەریم بێ

٦ـ یانی شەو پەژێشان و بە ڕۆژ لە خەفەتی مەرگباردام وەک ئاشێ وام کاردە کەمو سەرە نجام لە کار دە کەوم، وەک مارگە زیدە لەشم ماسیوە و دڵم ژان دە کا.

۷ـ هەرچی دڵداری خۆم ئەدە مەوە بێ کە ڵکە، دڵم وەک لانەی بولبول بە دەم بای مەرگەوە هەر لەرەی دێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

عاجز وێنەی مرخ شکستە باڵم   مەلان کوان مەلول ژە حاڵم[1]
فە لەک وە فیکەی پا پیام کە ردەن   شەو گارم شومە - نازاریم مەردەن[2]
غەم خوٚراکمە - خەم خەڵاتمە   یە ئاخر صەلات روٚژ نەهاتمە
بوٚرین[3] بە گریوان وای زاریمەوە   وای کوس کەفتەی دیاریمەوە
من وێنەی سەرسەوز کڵاوە کەنە   پە ڕپوت ئەر دەور کولاوان مەنە[4]
دویە دەرینم کوان تەم کەردەن[5]   دڵم خاپیرە - شادیم رەم کە ردەن
ئالودەی دەردم - شکستە باڵم   مودام پەشێوم - دایم حاڵ حاڵم
شەرت بوٚ بپوٚشم جامەی قەترانی   چی مەجنون بنم سەر نەوێرانی
شەرت بوٚ خوٚراکم وەلە ختەی خون کەم   وە ناخون سینم چی بێستون کەم
شەرتە ئەندامم پڵاس نیشان کەم   شەو تاسو قوقوی بایە قوشان کەم
تاروٚژ مردن سیاه بەرگم بوٚ   ئەی بەرگە کفن روٚژ مرگم بوٚ
کەئاو روٚژە موران سەرکەن وەگیانم   نەمینێ ژە گوشت غەیر لەسوخانم
شەوگار تا وەروٚژ کارم زاری بوٚ   شیعارم ئەفغان و بێ‌قەراری بوٚ
بنوٚرن خە لقان روخسارم زەردەن   تا باچان[6] غولّام، ئەحمەدەش مەردەن
چاوم کەفت ئەو زێد میگە[7] هەرجاران   زێد هەر ئەو زێدە - لێش نیەن یاران
دەنگ دوٚس نیە - مرخی دڵ مەردەن   زەنگانیم بیەن وەبار گەردەن
بیلا بمیرم هەروای دەردە وە   وای دەرد گران وەری مە کەردە وە[8]
بیلا بمیرم - رازیم وە مە ردەن   مەردەن بیهتەرە ژە زیخاو[9] خوردەن

---

١- باڵ شکاوم و مەل و پەلەوەرانی تر بو حاڵم لە پە ژارە دان.
٢- فە لەک بە فیکە لە ناوی بردم، شەو گارم شومە،نازدارە کەم (ئەحمەد) مردوە.
٣- بۆرین: وەرن.
۴- وەک مراوی سەرسە وزوام کە سەرم بە دندوکی شاهین هە لکەندراّبی و باڵ و پەرە کانیشم بەدەم باوە پرش و بلاّوبو بێتەوە.
۵- رەنجی دەرونم کیوەکانی تاریک داگرتووە.
٦- باچان: بزانن.
٧- میگە: جیگای چیغل و چادرو دەوارو رەشماڵ.
٨- چاک بونەوەی بوٚنیە.
٩- زیخاو: زوخاو.

Dr.Saleh Ebrahimi

عـیزرایـیل وە یـاواش گیـانم شـیرینە    وە جێگەی مەچم کەس کەس مـەوینە
سەراش تـاریکە ـ گـوزەگـاش تـەنگە    نــە یــار ـ نــە یـار ـ نــەشنی دەنگـە[1]

ئەمەش وێنەی هۆنەیەک بە ناوی: ـ زلێخام شۆران ـ زلێخام شۆران

یەی رۆژحوریدیم حوریزای حـوران    مەیل خاتر کـەرد وە خـەملی[2] شـوران
پـای کـلاف ژە هـەم تورنـای تـوران    پـاوە نـام چـاو عـاشقان پـوران[3]
شانە شیرماهی موحکەمگرت نە چەنگ    پەی تەعمیر زولف سیاە تاووس رەنگ
داوا داو مـاموەرد وە تـوغرای چـینډا    پەخش کەرد وە سەفحەی جام جـەمین دا
سەف سەف چی سەرسان سپای سەرداران    زیـوەش کـەرد نەبـان نـارنجی نـاران[4]
هەر ژە حوققەی فەم تاوە باغچەی بەی    سپاردەن وە دەست حیتارانـی حـەیی[5]
غـمدا وەعـەرەق نەعنـای (مـاءالورد)    تە عبیەی فینجان ئـەفلا تـونیش کـەرد
عـــود عەمــاری ـ عـەبیرو عــەنبەر    سەتڵ چینی عەتر جام میشک پـەروەر
شـەن وەخــەمە لیـان رێحـان نـمون دا    فـتوای قـەتڵ عـام روبـع مـەسکون دا
هــەنی ئـیرادەی ئـاینە و جـام کـەرد    تارنا چـل چـەنگ ئـەو وەنـیزام کـەرد
کـەرد،وە دودەستە سپـاهی حیتـاران    ئـەر بـیەن کـەفتین لەنگـەر و یـاران
دوشەهمار نە تیپ سپای حەیی دەستور    کردی وە پاساون گەنج وێنەی گەنجور
دەم ژە شەهماران شـاە زوحـاک مـەدا    تەقلید ژە مـاران مـەغز خـۆراک مـەدا
هەی هەی ژە ئیجحاف ئەی حیتارانـە    ژای سـان سـەنگین سیـاە مـارانـە
ژای سـان سپـاە دەرهــەم جۆشـانە    ژای سـەر ستـانان شـەر فرۆشـانە

---

١ ـ پەرەی ٢١٢ تا ٢٠٧ گوڵزاری ئەدەبی لورستان چاپی ١٣٦٤ نوسراوی زانای بەرێز جەنابی ئیسفەندیار ـ ی غەزەنفەری ئومەرائی.

٢ـ خەملی: سەرو پرچ و زلف و قژ شۆڕین.

٣ـ یانی تاڵی زوڵفی کردەوە و قژی وەک هاورێشمی خاو بڵاو کردەوە، پیی بەسەر چاوی دڵ براوانی راهێشت.

۴ـ وەک سپاهیانی کە لە سەرداری خۆیان دەستور وەردەگرن، زوڵفە کانی بەسەر لیمۆی نارنجی رەنگی مەمکۆڵە کانیدا وەک ئاورێشم بڵاو کردەوە.

۵ـ یانی لە حوققەی دەمی یەوە تاسەر سینگی و سەرگۆی مەمکۆڵە کانی لەژێر چاوە دێری پەلکەو زوڵفە ماروێنە کانیدا رای گرت.

Dr.Saleh Ebrahimi

پای ڕەن گرتن چی کە مینگای کول    پەی زیخاو نوشی ڕیشەی جەرگ ودڵ
زەلە کەس نیە نیگاهـ کەی وەگەنج    ژحەیی سەد گەزند ـ ژە سەعبان سەد ڕەنج
بەڵێ مـن وەحوکم ئایەی عزائم    بووە (عزائمات یومیە) وە (دائم)
نگین دیو بەن سلیمان پیمەن    فەم بادە نوش جام بەی باغچەی ویمەن
خۆفم نین وەدەست گیز و گازشان    پەروا، نە دارەم ژە پەروازشان[1]

نوکتە زمانی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوە، مێژوی بەرزی ونزمی خۆیی بە مجۆرە نیشان داوە، لە حودودی سەتەی دەیەمی بەر لە زاین یەکێک بەناوی ماسی سۆراتی چەن پێتی بەپێی مەخاریجی ئەبجەدی سازداوەو بیروڕای خۆی پێ نوسیوە ولەپاشان کوردەکانیش مەبەستی خۆیان بەو پیتانە نوسیوە، پیتی ماسی سۆراتی لە پیت گەلێ دەچێ کە لە سەتەی شەشەمی زاینی سازدراوە کە بە پیتی ئاوێستایی ناودارە[2] هە روا (مجلە العربی) چاپی کووەیت لەژمارەی ٢٠٠ی مانگی تەموزی ١٩٧٥ی زاینی لەوتارێکدا کە بە قەمی (عبدالحلیم منتصر) لە ژێر ناوی (ابن وحشیة فی الفلاحة) و (هو اقدم الکتب فی العربیة) دەنوسێ (و انە. نقل اکثر کتبە من اللغة النبطیة، ولم ینشر من تألیفە فی اللغة العربیة سوی «شوق المستهام فی معرفة رموز الاقلام» و قد ذکر فی آخر کتابە هذا انە ترجم من اللغة الکردیة کتاباً فی علل المیاه و کیفیة استخر اجها و استنباطها من الارض المجهولة الاصل)[3] بەم قسە تا فەجری ئیسلام پیتی کوردی (ماسی سۆراتی) لە نێو کوردان دا باوبووەو دوای پەرەسەندنی ئیسلام لەنێو نەتەوەی کورد، پیتی کوفی جێگای گرتەوە.

---

١ـ گوڵزاری ئەدەبی کورستان پەرەی ٢٠٩ تا ٢٠٨ سەرچاوە بەرو (شە پۆل)،

٢ـ تاریخی مەردوخ: ئایە تولڵا شیخ محەمەد، مەردۆخ (قدس سرە) ـ کوردستانی ج ١ پەرەی ٤٠ تا ٣٠ چاپی ئەرتە ش و بە رکولێ کتێبی نەزانی مزگانی کوردی نوسراوی دوکتور سەعید خانی کوردستانی (قدس سرە) چاپی ١٣٠٩ی هە تاوی تاران.

٣ـ ڕوژنامەی کەیهانی هەوایی لاپەڕەی (ویژۀ هنر وادب) چاپی ١٣٧٠/١٢/٢٨ و ١٨ مارسی ١٩٩٢ی زاینی (مقدمەای بر زمان و ادب کردی) نوسراوی (محمدصالح ابراهیمی «شەپۆل» و سەرە تای قاموسی کوردی بە لێکۆڵینە ونوسینی ئەورەحمان زەبیحی «بێژەن (قدس سرە) چاپی کۆڕی زانیاری کوردی بە غدا ساڵی ١٩٧٧ی زو پەرەی ٣٨.

Dr.Saleh Ebrahimi

به سەرنج دان بە چامەی (هورموزگان) کە بە فەرمودەی عـەللامە ئـەمین زەکی کە لە کۆبەی ١٨ لەسەر کتێبی خەباتی سۆنیانی کورد نوسراوی. و. نیکتین رۆژ هەلات ناسی روس ئاماژەی بۆکردوە و بە زمانی پەهلەوی زانیوە.[1] هەروا بە سەرنجدان بە قسەی حەمدوللاّ موستە فی قەزوێنی بە نـە قـلْ لە (البـلدان) کـە ئەنوسیْ: سپای ئیسلام لە سالیْ ١٨ی مانگی لە زەمانی ئەمیرە لموئمینین عومەر کورِ ی خەتتاب (د ـ خ) قەزوێنی گرت لە وسەردە مەداحە ساری شارشاپوری بو، خەڵکی قەزوێن لەگەلْ موسوڵمانان جەنگیان دەکرد، موسوڵمانەکان بانگیان دەکردن هۆی! یا موسوڵمان بن یا جـزیە بـدەن. ئـە وانـیش هـەرایـان دەکـرد و دەیانگوت: نە موسوڵمان دەبین و نەجزیەش دە دەین هەرن بگە ڕێنەوە مە ککـە تائێمە رزگاربین (نە موسوڵمان بیم نە گزێت دیم بشین ئۆمە ککە بشـین کـەیمە برەهیم[2].

ئەگەر هەندیْ بڕوانینە واژەی (شین) باشتر تەتەوری زمـانی کوردیمـان بۆدەردە کە ویْ کە ئەو واژە بەر لە فەجری ئیسلام تائێستا بیْ پسانەوە لە زمانو ئەدەبی کوردیدا بە کاربراوە: خۆی باشترین نیشانەیە بـۆ ئـەوە زمـانو ئـەدەبی کوردی شێوازی خۆی بەرنەداوە، هەرچەن نەیاران ڕێگایان بە ندکردوە کە چـی ئەوسەرکەوتوە، بۆ نمونە (باباتاهیر ـ ی لور: عوریان) کە لە ٤٤٧ی مانگی وەفاتی کردوە لە چارینەکانی خویدا زۆرجار (شی، بشەم، شین)ی بەکار بردوە هەرچەند

---

١ـ کۆواری گرشەی کوردستان ژمارەی ٢ و ٣ ساڵی دوەم پەڕەی ١١ چاپی ١٣٦٠ی هەتاوی و ڕێکە وتی ساڵی ١٩٨١ی زاینی، یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١٩٨١/٣/١ی زاینی لە تاران بە بەر پرسی (شە پۆل). ـ کتێبی زریزەی زێرین پەرەی ٢٥٢ تا ١٥١ نوسراوی شە پۆل چاپی ١٣٧٢ی هە تاوی ـ نەزانی مزگانی کوردی سەر چاوەی پێشو، تاریخی مەردۆخ سەرچاوەی بەرو ـ کورد ناسی. م. ئەورەنگ چاپی ١٣٤٦ و ڕێکـەوتی ٢٥٧٩ی مادی پەرەی ٧٨ تا ٨٧ کە نوسیویەتی: هۆنراوەی (هورموزگان) هێرش و زۆرۆیژی و تالاّن و بڕۆ، کوشت و کوشتار و خراپە و زوڵم و زۆری عەرەب سەبارەت بە نە تەوەی کورد نیشان ئەدا ـ ئەو رەنگ لە پە راوەی کورد ناسی خۆیدا زەردەشت پێغەمبەر و تیهمورس شاو کە یومەرس بە کورد ناودە با (شە پۆل). دوکتور یاسمی، ملک‌الشعرای بەهار، مستە فا کەیوان و شەپۆل لە بابەت چامەی (هورموزگان) لێکولێنە وەیان هەیە چامەی (هورموزگان) بەزمانی کوردی یە (شە پۆل)

٢ـ مێژوی گوزیدە کە ژی ٤ لە بابی شەشە م (باهتمام دکتر عبدالحسین نوائی) چـاپی ١٣٦٢ی هەتـاوی ئەمیرکە بیر پەرەی ٧٧٦ ـ کۆواری گرشەی کوردستان سەرچاوەی بەرو.

Dr.Saleh Ebrahimi

وەحید ـ ی دەستگردی شیعرە کوردیو لوری یەکانی باباتاهیری عوریانی تەغییر داوە و بۆی کردۆتە فارسی ـ یاحەزرەتی مەولانا خالید شـارەزوری نـوسخەی جامیعە و نوسخەی نابیغە لە دیوانی خویدا کە سوڵتان (عـبدالحـمید) تـورکی عوسمانی لە ساڵی ١٢٦٠ی مانگی بە کوردی بۆی لە چاپ داوە، (شـین)ی بـە کاربردوە کە فەرمویە: [ وەسێزدە هەنی ئەو خورجە بینە ـ راهی بی‌کۆچ کەرد شین وەمە دینە ] یا حەکیم مەولەوی کورد کە (شی وشین)ی بە کاربردوە هـەروەک فەرمویەتی: (دیدەی سەر ئەرشی دیدەی (سرّ) کـافین ـ ئـێدای مونـافین ئـەو دەوای شافین)[1] جا بەور دبونەوە لەو حە قیقەتە وتیٚ روانین لەم راستیە کە دوای فەجری ئیسلام و لەسە ردمی حوکومەتەکانی کوردلە ناوچەکانی کوردە واریدا بە تایبەت لە رۆژگاری بابان و باجە لان و سۆران و ئازیزاندا کە لە حوجرەی فەقیٚ یاندا بە زمانی کوردی دەرس بێژەکان تەدریسیان کردوە ولە کە ناری تەدریسی مەعارفی ئیسلامیدا بە وێژەو ویژەوانی و ویژاوەری زمانو ئەدەب و فەرهەنگ و هونەری کوردی(تەووە توجّە)کراوەو بۆ نمونە مـەلاخەلیل سـیرتی و زانـایانی ترکتێبە عەرەبی یەکانی دەرسیان کردۆتە کوردی و بەزمانی کوردیش تەدریسیان کردوە. لە حوجرە و خوێندنگە کاندا تەدریس کراوە.[2] ئەوەیە کە خانای قوبادی

---

١ـ دیوانی مەو لەوی کورد پەرەی ١٤٣ ـ هەرواوتاری کونگرەی ڕێزدان بۆمەو لەوی کورد کەلە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی مانگی خەرمانان لە شاری سەقزی کوردستان ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی سازدرابو، پەرەی ٨ تـایب کـراو نوسراوی شە پۆل ـ کە لە رۆژنامەی حەوتانەی آوای کوردستان ـ ژمارەکـانی ١٨ و ١٩ و ٢٠ی سـاڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە چاپ دراوە ـ دیوانی مەولانا خالد ـ گەنجینیەی فەرهەنگ و زانست چاپی سالی ١٣٦٤ پەرەی ٥٥ ـ نوکتە: بشەم بۆ موفرەدی یەکەم کەسی موتە کە لیمی وەحدەیە، یانی برۆم، شی بۆموفرەدی سێوەم کە سی غایبە، یانی: رۆیی، مەولاناخالید بۆپیغەمبەر (شین)ی بە کار بردوە و بۆرێزدانان بۆ پێغەمبەر (شین)ی بە جەمەعلەباتی (شی) موفرەد، هێناوە، یانی: پیغەمبەر رویشتن، شین مەسدە ری ئەسلیەو بە واتای رویشتنە، بەلاٚم ئەگەر (بیٚ)ی ئەمر یا زینەتی بچێتە سەرلە حاڵەتی چاوگ‌و سێوەم کە سی‌کۆ (ئێریامێی) دە چێتە دەریٚ و دەبێتە ئەمری حازر! هەروەک لەوشیعرەی لە تاریخی گوزیدەدا (بشین) بەکار براوە، بشین: یانی: برۆن بگە ڕێنەوە، ئەبیٚ بزانین شین خۆی لە ئەسلدا چەن واتـای هـەیە: رویشتن، ئەوان چون، بۆرابوردوی چونە، چاوگ، بەرەنگی ئاسمانی، رەنگی گیا، سەوزی تۆخ، شەپۆر، جوێن، بو پیٚ داگرتن: بوچ لێم شین بۆیەوە (شە پۆل).

٢ـ لەزەمانی بابان و سۆرانەکاندا خەرج ومە خاریخی فەقیٚ و مەلای مودەریس بە وێنەی هەرەوە زبەرێوە براوە، هەرەوەز، گەلەجوت، گەلە دروێنە، گەلەکۆمە گ، کە بەواتای رۆحی ئەم تایە تەیە (تعاونوا علی‌البر والتقوی... کە ئەو زاراوانە جوان نیشان ئەدەن کە رۆحی تە عاون کە ئەمرۆ مەسئەلەی (تعاونیها) دنیاگیرە بەرلە ئیسلامیش لە کەو

Dr.Saleh Ebrahimi

زۆر بەئاشکرایی دەڵێ لەوسەردەمەی‌وا من ئەم شیعرانەم دەوت ودیوانی شیرین وخەسرەوم بە نەزم دە هۆنیەوە زمانو وێژاوەری کوردی بەو شێوە دەخوێندراو بە دەرس دەوتراوە: (بە لەفظِ کوردی کوردستان تەمام ـ پێشن بوان باقی «والسلام») تازە نوسین و دانانی ئەدەبی داستانی بـوغەنی کـردنی زمـانی کـوردی ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە و رایگە یاندوە کە لە غەیبەوە فەرمانم بۆئەو ئەرکە پـێ دراوە و بەشانازی‌یەوە دەڵێ: (هەرچەند مەواچان فارسی شە ککەرەن ـ کـوردی جە فارسی بەل شیرین تەرەن.) ئەگەرجوان سەرنج بدەین نێزیکەی پێنسەت ساڵ بەرلە ئەردە لانەکان پاشاکانی باجەلانی لەزەهاو و ئەو ناوە حوکومە تیان کردوە و شاعیرانی وەک وەلی دیوانە و خانای قوبادی و بێسـارانـی زوهوریـان کـردوە،[1] یازانایەکی وەک مەلا پەرێشان ـ ی لورکە دیوانی بەکوردی لەچاپ دراوە، پیتی ژ ـ ژە ـ ی زۆر بەکار بردوە، کاتێ ورد بڕوانین، دەزانین ئەرکـەوازی و شـاعیرانـی لورستان و ئەو ناوە کە بۆ پەرە دان بە زمانی کوردی شیعریان دانـاوە، پـتی (ژ)یێ لە شوێنە وارە کانیاندا زۆر بەر چاو دەکەوێ وئێستاپیتی (ژ)یێ زۆر ترلە نێوکوردی باکوردا باوەو بەکار دەبرێ، جا پەم پێیە دەزانین، دواى فەجری ئیسلام

---

ناراوە لەنێو کورد باو بوە. تە نانەت دەڵێن: ماناکان کە تیرە یەکن لە کوردو ماد، حوکومەتی تاکیان داوەتە دواوە و شوراوتە گیبریان لاپە سەندبووە (شەپوڵ) واژەی بۆگەبە سی: بەیت بەگەیا، بەیت بەگی، بۆکان: بەغان، بەگان، شێز: گەنجە: گزنە ئاورگەی ئازەرگوشەسب (تەختی سولەیمان) سایەنقەلا: ئەوکان AUKAN ـ باکۆ: مادکۆ: باگاوان ـ باکاوان بەواتای شاری خودا یاشوێنی خوا، بەغدا، بەعقوبە یانی شاری خوا، بەک: بەغ: بەگ ـ باقوبە بەعقوبە رەنگە باکوا بوبی‌و، (و) بوبێتە (ب)ی‌بەغستان: چیای بیستون، بەغداد: بەغدات خواداد، خوابەخش، بـەغدوخت کـچی بـەغ ـ بەغپور: فەغفور نازناوی شاکانی چین، بەگو: بەغو: خوا، فەغ: خوا. بوغ: خوا: بەگ: ئاغا ـ سەروەر. بەگتاش: گەورەی هۆز، نوکەری‌شا، بەگم: بەغم ناوی ژنانە، قەڵای ئاغجەیوان، بی‌بی کەند: بەی کەن، فەرهاد تاشی سماقان، قەڵایچی کە لەئەفسانە داهاتوە خشتێکی ئەو قەڵایە لەرێزەو خشتێکی لەزێوە ـ قەبری فەروە رتیش‌ی شـاری مـاد (٦٥٥-٦٣٣ بەرلەزاین) لەفەقرەفای لای مەهاباد یادریاس، دارایاس شا، دەڵێن: خوسرەو پەروێز لەترسی هەراکلیوس ئیمپە راتوری رومهەڵات خۆی گەیاندە شێز «گە نجەگ» تەختی سولەیمان و چاوە روانی هاتنی دوسەر داری خۆی بوبە نـاوی (شاهین و شار بەزار) کە لە قورە بەزاری لای بۆکانەوە چون بە هاواری شاوە،دور ینەکە (قورە بەراز) لە ناوی (شار بە راز)ەوە گیرابێ بڕوانە (مجلەی) ماموستاـ ی کورد ژمارەی ١٦ چاپی سوئێد(شە پوڵ)

١ـ وەلی دیوانە لە بنەچە کەی پاشاباجەلانەکانە و ئاخرین پاشای باجەلانی ئیراهیم پاشابووە ولە ١٢٨٥ی مانگی وەفاقی کردوە و لە گوندی رێژاو نێژراوەو خانای قوبادیش لە حودودی ١١٦ی مانگی لە دایک بـووە ولە ١١٩٢ی مانگی وەفاتی گردوە (شە پوڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi

له سەرەتاوە زمانو ئەدەبی کوردی لە بەشی جنوب (باشور)ە وە، پەرەی پێ دراوەو لەپاشان لە بەشی باکوری کوردەواری خۆی نیشان داوەو کە سانیٚ وەک عەلی تەرەماخی ناودار بە (عەلی تەرموکی) کە لە سەتەی سەتەی ٤ی مانگی ژیاوە خزمەتی بەزمان و ئەدەبی کوردی کردوە و دەستوری زمانی کوردی وەک تەسریفی کرمانجی لە شەرحی (تصریف زنجانی)[1] نوسیوە، کامران عالی بەگ بەدرخان لە گەڵ لوس‌بول مارگریت فەرانسەوی لە کتێبێکدا لە بابەت ئەمسالی کوردی یەوە کە لەساڵی ١٩٣٧ی زاینی لە پاریس لە چاپ دراوە لە چەن شوێندا لە کتێبی ئە شعاری عەلی تەرموکی میسال دەهێننەوە[2] یا عەلی حەریری کە لە سەرەتای سەتەی ١١ی زاینی نێوان ١٠١٠ و ١٠٧٧ی زاینی لەشەمزین ژیاوەو بەزمانی کوردی مەبەستی نوسیوەو دیوانە دەسخەتە کەی‌بە.و. نیکتین گەییوە[3] کە خێوی شیعر، غەزەل، غەرامی نەرم، جوان، رەوان و لە سەرزار خۆش و سوک بووە یاعەلی بەردەشانی کە حاجی قادر کۆیی (قدس سره) فەرمویەتی (دوعەلین، شاعیرن وەکوحەسسان ـ بەردەشان و حەریرمەسکەینان) «رضوان الله علیهم» بەم پێیە دەتوانین بڵێین: زمانو ئەدەبی کوردی بەر لە فەجری ئیسلام بە شایەدی زانایان کە لە بەرا رامان گەیاند تەنانەت کتێب و نوسراوە، لە بابەت ئاوناسی و زەوی بایەر بەزمانی کوردی هەبوە کە (ابن وحشیه) بردویەتە سەرزمانی عەرەبی یا چامەی هورموزگان و سترانی پەهلەوی: (گۆرانی) کە تاریخی گوزیدە هێناویەتی یائەوەکە دوکتور پەروێز خانلەری دەنوسیٚ: لە سەتەی ٥ و ٦ی مانگی شوێنەواری وێژاوەری شفایی‌و کە تبی کوردی لە نێو دوتوێ پەراوەی مێژودا دەبیندریٚ بۆوێنە (قصیدەای ملمع) لە ئەنەو شیروان بە غدایی... کە لە

---

١ ـ کتێبی ژیناوەری... پەرەی ٣٠٨ تا ٣٠٧ چاپی ١٣٦٤.

٢ـ کوردو کوردستان کە ژی ١١ پەرەی ٥٨٠. و. نیکتین تەرجە مەی محەمەد قازی چاپی ١٣٦٦ هە تاوی تاران یەکەمین کونفە رانسی کورد ناسی‌و مەسەلەی زمان و ئەدە بی‌کوردی کە لە کۆواری زمان و ئەندیشە دەورە کانی ٦ و ٧ بە زمانی روسی کە لە ساڵی ١٩٣٦ی زاینی بلاو کراوەتەوە، نەقڵ لە کە ژی ١١ کورد و کوردستان سەرچاوەی بەرو (شە پوڵ)،

٣ـ W. Nikitin ـ کورد و کوردستان سەرچاوە بەرو.

Dr.Saleh Ebrahimi

(معجم‌البلدان) چاپی لایپزیک ج ۱ پەرەی ۱۸۶ دانوسراوە[۱] ولەم سەردەمە یشدا زمان وئەدەبی کوردی لەنێوە راستی کوردستان‌دا خەریکە پەرە دەستێنیٚ‌و نالی و کوردی و عەللامە وەفایی و... پیٚ گەیاندوە‌کەوتمان زمانی کورد لەپێشدا بە خەتی ماسی سۆراتی بووەو دوایی هاتۆتە سەرخەتی کوفی وعەرەبی تا مستەفاکەمـان دوای تێک تەپینی ئیمپە راتوری تورکی عوسمانی شێوە خـەتی عـەرەبی کـردە لاتین، زانایانی کوردیش خەتی کوردیان بە ئـیعراب بـە حـروف نـوسی، بـەلاٚم بەداخەوە لە نێوکوردانی ماوەرای (قەفقاز) شورەوی بەرو بە شێوە حەرفی روسی و لە تورکیا بە شێوە‌یە حەرفی لاتین دەنوسن، ئێستالە سـەرزانـایانە بـیرێک لەوە بکەنەوە و بۆیەک خستنی زمان و ئەدەبی کوردی چارێک بدۆزنەوە وهـەروەک عـەللامە ئـەمیر شەفخـان بـدلیسی فـەرمویەتی: زمـان و ئـەدەبی کـوردی لەم چوارزاراوە سەرەکیانە (کرمانجی: خـوارو، سـەرو، لوری: (لەکـی) کـەلوری و گۆرانی) کە لٚک وەر دەگریٚ و ئێمەش دەبیٚ بۆغەنی کردن و یەک‌خستنی زمانی کوردی لەو چـوارزاراوە ئـەسلییە ولــە وردە زارەکــانی تـرکە لٚک‌وەر بگـرین، بەهیوای سـەرکەوتن لەرێکای خزمـەت کردن بە عیلم و فەرهەنگ و هونەر وزانین (شە پۆل)[۲] ، شەو تارو رۆژ تار هەریەک تار وە من



دلٚ چوون تاف ئاو بیٚ قەرار وە من
زامم کارییەن کار چین ژە دەست
مینای شکەستەم نە مەبۆ پەیوەست
مقراز مەرگت تیژ بالٚم کە نەن
شور و شەوق وزەوق زنەگانیم سەنەن
یا حوباب نەرووی گیژ گرداوە
شەو خەوم شەرێک تاف تێژاوە
هانا هام دلاٚن زامم کارییەن
ئەل ئەمان دەردم نادیارییەن



---

۱ـ کتێبی تاریخ ـ ی زمان ـ ی فارسی ـ ج ۲ بە قەلەٚمی دوکتور پەروێز ناتل خانلەری بلاوەی بونیاد ـ ی فەرهەنگی ئێران پەرەی ١٥٦ چاپی ۱۳٥۲ی هە تاوی (شە پۆل)

۲ـ شە رفنامە نوسراوی ئەمیرشەرە فنحان‌و، گرشەی کوردستان ژمارەی ۲ و۳ پەرەی ۸ و ۹ سەر چاوەی بەرو.

## سەرەتا

### بە ناوی خوای بەخشەرو دلاواو دل لاوین

خودای گەورە راستەو لە راستان خۆشی دێو نابێ مرۆڤی خوا پەرست لە رێگای حەق‌و خوایی لابدا، دەستی راست بەشی هێزو پڕ کاری‌یە، دیارە رێگای راست ماکی رزگاریە، تا تۆ خوات لە بیرە، خوایش لە بیرت دایە، یارمەتی دەرتە، کەسێکیش خوا لە بیر بەرێتەوە، کۆلۆل هەر ئەوە، وەک داری بێ‌بەرە، مرۆڤی نەخوێندەوار کوێرو کەڕە، نیازی بە رێنوێنی هەیە إِنْ هُمْ إِلَّا كالانعام بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبيلا - [1] - اولئك كالانعام بل هم اضل [2]. جاهەر بۆیی عارفی رەبّانی مەلای جزیری فەرمویەتی:

گوش بە عامی مەدە تەرکی مودامێ مدە        أَكْثَرُهُمْ فی غُمَىٰ أَغْلَبُهُمْ فی عَمَىٰ [3]

جا ئەگەر ئەتەوێ باش‌و هەڵکەوتە بی‌و سەرکەوی لە فێربونی زانست‌و زانین و هونەرو ئەدەب و خوێندن نابێ بسرەوی، هەرچی فێریشی بوی دەبێ دە کاری بێنی چونکا خوێندن‌و زانین، بە بێ‌کردەوە، بە کار نایێ‌و بێ سودە و بۆ سوتەمەنییە، جا دەبێ لەمێژوی بە سەرهاتی رابوردوان جوان ورد بینەوەو رێگای سەرکەوت‌و تێ‌شکانی ئەوان بدۆزینەوە تا هۆی بەختەوەری خۆمان و هۆزمان پەیدا بکەین و رێگای راست بگرینە بەرو بەری نەدەین، وە بخوێنین‌و فێری زانین بین، زانینی بە کەڵک تا بە ئاوات دە گەین.

قال تعالى (يَرْفَعُ اللّٰهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ والَّذِنَ أُتُوا الْعِلْمَ درجات) [4] يُزَكِّيهِمْ وَ يُعَلِّمُهُمُ الكتابَ والحكمةَ [5] وَ يُعَلِّمُكُمْ مّالم تكونوا تَعْلَمُونَ [6] وَ منْ يُؤْتَ الحِكمةَ فقد أُوتِىَ خَيْراً كثيراً [7] فَعَلَّمَ آدَمَ الاسماءَ كُلَّها - منیش خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە توانیومە مێژوی بەسەرهات‌و کارو خزمەتی هەندێ لە زانایان بخەمە رو، بە تابیەت ئەوانەی وا لە رێگای پەرەدان بە زمان‌و ئەدەب‌و فەرهەنگی کوردەواریدا درێغیان نە کردوە ئەم کتێبە کە بە ناوی زانایانی کورد، ناو نراوە، لە ۲ بەشدایە لە راستیدا بەرگی ۴ و ۵ کتێبی ژیناوەری زانایانی کوردە لە جیهانی ئیسلامەتیدا، یاگەنجینەی فەرهەنگ‌و زانستە بەم شێوە ئامادە کراوە، دیارە برگی ۲ی زانایانی

---

۱- سورەی فورقان ئایەتی ۴۴.
۲- سورەی ئەعراف ئایەتی ۱۷۹.
۳- دیوانی مەلای جزیری پەرەی ۲۴ چاپی ۱۳٦۱ سروش - تاران (شەپۆل).
۴- سورەی موجادە لە ئایەتی ۱۱.
۵- سورەی جومعە ئایەتی ۲.
٦- بەقەرە ئایەتی ۱۵۱.
۷- بەقەرە ئایەتی ۲٦۹.

کورد و زریزەی زێرین، کە لە راستیدا بەرگی ٣یەیە و بەرگی ١ و ٢ی دین و ئەدەی لە چاپ دراون و کتێبی راپەرینی حەزرەتی شیخ عومەیدیلا مەلیك غازی شاهی شەمزین حوروف چینەکەی بە کامپیوتر تەواو بووەو ئامادەی چاپە.

لە ئاخریدا لە خوێنەرە زاناو دڵسوزەکان تکا دەکەم ئەگەر هەڵەو پەڵەیەکیان بەر چاوکەوت یارمەتیمان بدەن تا لە چاپەکانی دواییدا چاك بکرێ و هەڵەی نەمێنێ (شەپۆل) چوارشە ١٣٧٤/١/٩ و ١٩٩٥/٣/٢٩ و ٢٦٠٧/١/٩کوردی و ٢٧ شەوالی ١٤١٥ی مانگی - تاران - ئەمەش پارچە شیعرێکی جوان لە مەلا مارفی کۆکەیی:

## کە لامی مەلا مارف کۆکەیی

مەلێن یا شێتە یا مەستی شەراب وعارەق و بەنگە
خەیالاتم پرێشانە، دڵم تاریکە هەم تەنگە
مەکەن مەنعم لە هەوری پیری من بارانی خوێن بڕژێ
لە سەحرای سینەدا دیسان هەرایە شۆرشە جەنگە
شەهی ئیقلیمی بەد بەختی لە بۆ تەسخیری موڵکی دڵ
هوجومی کردوە تالیب بە تاج و تەخت و ئەورەنگە
ئەمیری لەشکری زوڵمە لە دەوری فەوجی بێ رەحمی
جەفاو جەورو میحنەت یاوەرو سەرتیپ و سەرهەنگە
کە دیتم لەشکری موڵکی بەدەن مەغلوب و مەحسورە
بە قڕ دێنێ غەمم، شاهی وەجودم مات و بێ دەنگە
روخی نەحوو پیادەی سەرف و ئەسپی حیکمەت و مەنتیق
لە ژێر پێی فیلی سەنعەتدا خەریکی وردە ئاهەنگە
کوتم ئەی نەفسی غافل هەستە سەیری وەزعی دنیاکە
بە نوری مەعریفەت رویی زەمین یەکسەر تەلا رەنگە
نەتیجەو حاسڵی دنیا و دینت جەهل و غەفڵەت بو
تەواوی قەولو فێعلت شەعبەدە و تەزویر و نەیرەنگە

بێ

چ نــەفعێکی هــەیە بــۆ تــۆ بــزانــی کــەوکەبی تــالیع
کەعەین و سەورە، کلکی عەقرەبە یا چەنگی خەرچەنگە
مەعــاریف عــیلمی تەییــارە و گــرامــافون و بــێسیمە
ئەوەی تۆ پێی دەڵێی عیلم و مەعـاریف چاوەکـەم نـەنگە
مەســافەی بــەینی عـیلمت تـادەگـاتە عـیلمی ئـێدیسۆن
عــەزیزی مــن، بــەملیۆن و بــەکــێلۆمتر و فــەرسەنگە
وەکــیل و نـایب و سـەر جـۆخە بـۆ تـۆ شـاه و سۆتـانن
ئەویش کەمتر غـولامی خـوسرەو و جـەمشید و هـۆشەنگە
بــەڵێ عــالم دەبــێ یــا ئــیبنو سینــا یــا غــەزالی بــێ
کە ئەحیای ئەم شەفای قەلب و شەفای ئەوکەنزی فەرهەنگە
حەیــاتی جــاودانــی، ســەنعەت و ســەر بـەرزیە جـانا
قەتــار و قــافڵەی بــێ عـیلم و سـەنعەت تـا ئـەبەد لەنگـە
چیە، سا بەسیە شـاعیر، مـەوعیزە و شـێعرو غـەزەلخوانـی
متـاعی تـۆ هـەموی بـێ قـیمەت و بـێ رەونـەقو ڕەنگـە
کە شێعرت وەک سەدەف فەرزەن هەمو پڕ بن لە دانەی دوڕ
لە لای ئەشخــاسی وشکو بــێ تـەبیعەت ئـاسنو سـەنگە
کــە مــقبوڵی جەنــابی شــێخ و ئەربــابی تـەبیعەت بـێ
نیگــارین خــانەیی نەققــاشی چـین و نـەقشی ئـەرژەنگە[1]

درود و رەحمەتی خوا لە سەر ئەوانە بێ کە بە ڕێگای عیلم و زانین‌دا دەڕون و ئەو ڕێگایەو ڕێگای هونەرو ئەدەب‌و عیلمی مرۆڤانی و ژیری بەر نادەن و تێ دەکۆشن تافێری زانین و عیلمی ڕۆژبن و بە ئەقڵ و بەماڵ و بەقسەو بە نوسین و بەزمان‌و بە کارو کردوە، خۆیان تەرخان دەکەن بۆ خزمەت کردن بەئینسان وە مرۆڤانی دەکەنە سەر مەشق بۆ خۆیان. محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) - ١٣٧٤/١/١٩ تاران.

---

١- بوێی لێردا ئەم شیعرە جوانانەی مەلا مارف کۆکەیی، جامیعە و کۆمەڵ ناسی دڵسۆزمان هێناوە، تا لاوەکانمان، بەکورو کچەوە لە کوردەواریدا بە دوای عیلم و زانینی بە کەڵک و پرسود بکەون‌و فێری عیلمی مفید بۆ جامیعەبن و عومری خۆیان بە فیرۆ نەدەن بە هیوای سەرکەوتن (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

١٩٨ ـ شه پۆل

# لێره و لەوێ

خودای مەزن لەقورئانال[١] ئەفەرمێی:

مٰا اَصٰابَکَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّٰهِ وَ مٰا اَصٰابَکَ مِنْ سَیِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِکَ. یانی هەرچاکییه کێ، که به تۆبگاله خوداوەیەو هەر بەدی و خراپەیه کیش لەخۆتەوه یە.

با بزانین واتای قسەچییه؟

لەم ئایه ته کورتەدا رازێ لەرازه کانی ژین هەیەو واتا وماناکەیشی ئەمەیە: کەخوداراستەو لەراستان خۆشی دێ. «اِنَّ رَبِّی عَلَیٰ صراطٍ مُسْتَقیم. دیاره چونکا خودالەسەر ڕێی راسته بێجگه له چاکی لەو ناوەشێتەوەو ناکاڵێتەوه. تۆش ئه ی بەرەی مرۆڤ بکەوەسەر ڕێگای راست، تاسەرچاوه، تاتوشی روناکایی‌و چاکی‌و باشی بیت.

به کۆیرەڕێدا مەڕو تاتوشی توشی‌و کۆسپ و قۆرت نەبی. ڕێگای راست، ڕیگای دادگەرانەیە. ڕیگای نەزمو بارستایی وبارتەقایی یە[٢].

بەرەی مروف تابووه به بیرو باوەڕەوه ژیاوەو تاهەیشه بەبڕ واوه ئەژی، چ دینداربێ، یا بیدین.

بڕواچ بڕوای ئایینی بێ، یا رامیاری و سیاسی. یا هاو باوەری‌وەی تربێت. جیایی تەنیاله جۆری بڕوا دایه، له مه داکه ئینسان ئەبێ خودان بڕوابێ شکێک نییه، مروڤی بێ بڕوا، وزەی کارو کردەوەی نییه.

---

١ـ سورەی نساء ئایەی ٧٩.

٢ـ بارستایی و بارتەقای لەئافه رینیشی گیاندارو گیادا.

ئەم دوانه بەجۆرێ وا ئافەریدەبون ئەگەر یەکێکیان نەبێ ئەوی تریشیان لەناو ئەچێ.

لەم با بەتەوه (کرسی موریسن) مەبەستەکەی جوان رون کردوتەوەو ئه بێژێ:

هەروەک ئەزانین ژیانی گژو گیا پەیوەندی بەوکەمه (ئەسیدکه ر بۆنیک) ەوه، هەیه، کەلەهەوا دا هەیه وگیاوگژ، بەوەوه نەفەس (تَنَفُّسْ) ئەکیشن، بەرگی گژوگیاو دار، وەک رییەو سیپەلاک وایه بۆئینسان که له بن گەرمای خۆرەتاوا (ئەسید کەربۆنیک) ئەکەنه (کەربون)، (ئوکسیژن) تەجزیه (ئەکەن، (ئوکسیژن) لەهەوا دا سازو دروست ئەکەن) (کەربون)یش لەناو توی گژوگیا ودارا ئەهێڵنەوه.

گژوگیاو دار ئوکسیژینێ، که ئیمه هەڵی دەمژین‌و بێ ئەو، تەنانەت.ـه

Dr.Saleh Ebrahimi

## ٢٠٣ ـ باوی کور دەواری

ئێمەی موسڵمانان بەیەکتایی و بێلفی خودابڕوامان هەیە. کەچی هەندێکەس لەبەرەی موسڵمانان بڕوایان بەشتی هیچ وپوچ هەیە، وەک بڕوابە: جنگرتنو دوعا و نوشتە نوسو فاڵگیرو دیوو درنجو دەمبەس، تەلەسمو حادوکردنو لەبەرچاوڕەش کردنو لەبەرچاوشیرین کردن و چاوی پیسو شیروئاودەرهێنان لەتەسبیح (سەبحە) و مار خواردنو دوپشک قوتدانو شتانی تر.

زانینو ناسینی ماکی هەرشتیک، بەتایبەت ئەوانەی واپیوەندییانلە تەک ژیانی ئێمەدا هەیە پێویستە، مانای ئەم قسەش ئەوەیە: کەپلەو پایەی هیچ شتێک وهیچ کە سێکنابێ لەوەی واهەیە، بەرزو نزمی کەینەوە. ئەبێ بەپێی، پیێ و دانی خۆی تەماشا کەین.

کاتێ بەردێ یادارێ ئەتاشنو ئەی پەرستن ئەمەلەڕێ لادانە، چونکا هەرچی بێت بەرد، بەردەو داریش. هەرداره، چ وێنەیەکی لەسەرهەڵکە ندرا بێ، یان، نەخشابێ. لەماکا[٢] داروبەردەکە، نەگوڕاوە، بەڵکو ئەو وێنە خۆی شتێکی هونەرییەو ئەو دارو بەردە، بەوهۆیەوە، هۆی داوەتەوەو نرخی هونەری پەیاکردوە.

چاو، چاوەو تەنیا بودیتنی ئەم و ئەو و ڕوانینو دیتنی ئەوشتەکەو ئەم شتەکە بەکار ئەبرێو شاکارێکە لە خیلقەت، ئیتر ئەمقسە: کە ئەوانە چاویان پیسەو چاوی ئەمو ئەو مروف دەئەنگێوی، لە عەقڵو ئاوەزدورە، ئافرەتان ئەیانەوێ مێردو شووەکانیان لەگشت دەم ـ وچاخێکا ئەوانیان خۆش بۆی و دڵ بە هەوێ و ئافرەتانی تر نەدەن، لام وایە هەمومان باش

---

ـ قەنەکێشیێ، ناتوانین بژین، کەبەئێمەمانانی ئەگە بێنن گشت گژوگیایەک، لە دارەوە، بگرە تا بنجە گیا (وچوندرو ڕێواسو سورەبنەو کەنگرو گوگەمو تاڵو و بەلاڵوکو سێوین عەرزیلەو چاڵوکو تیکانو گراڵکو گزیچارودار شیلان وقەزوان) و قەوزەو گشتئەو گژوگیایەنەیوا لەزەویشین ئەبن، کەساختمانی وجودیمان لەئاو (کەربون)ە، دیارە ئاژەڵگەل، کەربۆن دەفع (دەر)ئەکەن گژو گیایش ئوکسیژێن بەدی ئەهێنن، بەم جۆرە، هەرکاتێ، کردەوەی، یەکێک، لەوانە، بوەستێ، ئەوکاتە، یا، ئاژەڵگەل هەمو ئوکسیژێنەکان هەڵئەمژنو تیائەبەن یا، گژوگیا، گشت، کەربۆنەکان، هەڵدەمژن جاکاتێ، بارستایی، بارتەقایی، تێکچو، بەرەی هەردوکیان (گیاندارو گژوگیاودار) زۆربەلەز، بەرەو لەناو چون ئەرۆنو تیا ئەچن ـ

ـ لەم دواییانەدا، کەشف کراوە، کە، ئەسید ـ کەربۆنیک، بەئەندارەی، کەمێ، بۆژیانی گیانداران پێویستە، هەر، وەک، کەمێ ئوکسیژین، بۆ، بوژانەوەو ژیانی، گژوگیا پێویستە.

٢ـ ئەسڵ وبنەرەت.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەزانن ئەمکارە بە فاڵگرتنەوەو جادوکردن پێک نایێ بۆجێکردنەوە لە دڵی مێرداشتگەلێ‌تر پێویستە وڕێگای بەئاوەزانەتر هەیە. ئەگەر، دڑو دوژمنێکمان هەبێ دورێگەمان، لەپێشە، یا ئەبێ هەر جۆرێک بووە، لەناوی بەرین، کەئەمەش‌وزەو هێزو کەرەسەی ئەوێ.دوهەمیـان، ئەمەیە، بوئەوە شەڕی ئەو لەخۆمان دور خێنەوە، لەتەکیا بسازێن‌و ئەم کارەش لەدەس گشت کە سێک چ بێ هێزو چ خودان هێز بێت‌دێ.

هەوێ بۆ ژنان دڑو دوژمن دەژمێرڕێ ئەی لەراست ئەودا چیکەن؟

دورێگایان لەراستە. یا خۆیان لای مێردەکانیان شیرین بکەن‌و خویان بەرنەناو قوڵای دڵ‌و هەناوی شووەکەیانەوە، ئەوکاتە، مێردەکە، خۆی، دەس لەهەوییێ ئەوان هەڵدەگرێ. یا ئەبێ لەگەڵ مێردو هەوێ‌کە یانا هەڵکەن‌و بسازێن. بۆوێنە ئافرەتێک نەزوک بێت چـونکا ئەبێژن: منالێ بۆژن بۆژن وەک بەرومیوە بۆدارە وایە، بۆ ئەوەی ئافرەتان بەرو میوە بدەن ئەبێ بچنە لای پژیشک، نەک بچنە لای دێوو درنج گیرو تەلەسم بازو تاسگرو چتیوا.

ئێمە لەناوگەلانی زانا وبەبیرو ژیـر هەرگیزنـاوی تـاسگرو فـاڵگیرو نـوشتە نـوس‌و جادوگەر نابیسین.

کەوابورێگای بەربەرە کانێ‌کردن‌لە تەک ئەم بیرو بڕوا پڕو پوچانەدا تەنیا خوێندەوار کردنی خەڵک و گەلی نیشتمانەکەمانەو بەس.

لە ساڵی کانی ۳٦ و ۱۳۳۷ هە تاویدا،کە لە مەهاباد خەتیب‌و ئیمامی خانەقای نەهری (شەمزینان) بوم، مام ئەحمەدێک هەبو، بۆ نوێژی بە یانان دە هاتە خانە قا، من لە و سەردە مانەی دا خۆم ساز دەکردکە لە ئیمتیحانی مەعارفی ئیسلامی وزانین‌و عولومی مودە ڕیسیداکە لە تاران لە لایەن شوڕای عالی وە زارەتی فێرکردن وبارهێناوە پێک دەهات بەشداری بکەم‌و ناچار بوم زۆرکتێبی عیلمی و شە ریعەت و ئە دەبیات بخوێنمە وە و ئاگاداریان بم. ـ جالە بەر ئە مەئەچومە خانەقا ـ جار جارە لەگەڵ مام ئەحمەد دو بە دو، دائە نیشتین‌و قسەی خۆشمان ئە کرد، مام ئەحمەد باسی سێلاوەکەی ۱۳۱۵ هەتاوی شاری مەهابادی بۆدەکردم‌و ئەی‌وت: خەڵک خراپ ببون‌و چاکەیان لەگەڵ هەژارانا نەدەکردت خوداقار و قینی لێ هەڵگرتن‌و بەو سێلاوەکە لە ۹ی گەلاوێژی ۱۳۱۵ی هە تاوی‌و ڕۆژیی هەینی ۱۲ ج یە کی ساڵی ۱۳۵۵

Dr.Saleh Ebrahimi



مانگی‌دا، هەستا، ونرکەی ئەهاتێ بە گورە گورهات و بە گوپاڵ باران دای گرت‌و لە ماوە یە کی زۆر کە ماسێلاو شاری داگرت‌و هەست‌و نیستی شاری تیابرد.

مام ئەحمەدهە رواله قەولی شیخ و مە شایە خەوە ئەی وت: رۆژێ دێ: سەرو کا کوڵی کوڕان ئەونە جوان ئەبێ کە سەروپرچی ئافرەت وکیژۆڵە کان لەراست ئەوانا هیچ نانوێنێ ئەوە خۆی نیشانەی ئاخر زەمانەو ئێستاوە دی هاتووە، کەموی سەری کوڕان لەهی کچان جوانترەو نێزیکە دوبارە ئەم شارە توشی توشی بێت، ئەمنیش ئایەتی قورئانم بۆدە خوێندەوەو دەموت: نا مام ئەحمەدگیان! ئەو سێلاوە هی قارو قینی خودانەبووە، بەڵکو خەڵکی شاری، شارە کەیان، لە ناوخرو دۆڵو ئاودرِ گەدا ساز کردوە؛ئەوەیەهەر کاتێ سێلاوهەستێ زەرەرو زیان بەنـاو شارو خەڵکی ئە گات، خودا رِقی لەکە س نییەو بەم جۆرش نایەوێ تۆڵە، لە کەس بستێنێ، ئە گەر خەڵکی مەهاباد شارە کەیان لەروی نەخشەی عیلمی هەندەسەوەدابنایی‌و ئاوەرِەویان، لەبنەوە بۆسازکردایی هەرگیز سێلاو، وا زیانی پێی نەدە گە یاندن.

ئەوە ئێمە چەن شیعری کۆمەڵناس‌و مرۆڤ ناس‌و جامیعە ناسی موکریان: مەلا مارفی کۆکە تان لەبابەت ئەم سێلاوە وە، پێشکە ش ئە کەین: شیعر بۆ سیلاو:

هـــەزارحـــەیف و هـــەزارئـــەفسوس بـــۆئە م شـــارە
رِەنگینە کە قابیل بو،ببێتە، مـەرکە زیٰ‌هەرشـاو و شـازادە
عیمـــارات وقـــوسو رو بـــاخ و بـــاخات وگوڵستـــانی
هەزار سۆێندت دەخواردەتگوت بەهەشتی‌باغی شە ددادە
موغازە و قەیسەری‌و دوکان و حوجرەی واموجە لە ل بو
وە کو قـە سـە رێ کـە بـۆقەیسەر کـرابـێ سـازو ئـامادە
لەبەرپارچەی حەریری‌زەردو سـورو ئـە تـڵەس‌وزەری
بە رەنگی سەوزو ئاڵ و کە سک‌و شین‌و میشکیێ سادە
فـــتوورەی پـــرِفتوری رِوس‌و ژاپـــون‌و بـــە ریتـــانی
مە تـاعی هـێندی و مـاڵی فـە رەنگ و چـین و کـانادە

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۰۲ ـ شه پۆل

به یه ك ئه‌ندازه ڕه‌نگین و موززه‌ین بـو کـه پێت وابـو
نمونه‌ی ئه‌سکه ڵه‌ی بێروت‌و شـام و شـاری بـه غـداده
له شه رحـی ئـیقتدارو سـه‌روه‌تی ئه‌عیـان‌و توججـاری
قــه‌ڵه‌م هــه‌رچــی بــنوسیٚ یـانه، سـفره، یـانه، ئـاحاده
له گۆشه‌ی په نجه‌ره‌ی شیشه‌ی له تیف و قه‌سری کافوری
نومــایشییان ده‌دا خــانم، وه‌کــو، حـوری و پـه‌ریزاده
وه‌کو پارچه‌ی ته‌لایه سه رتاقه ده‌م یه‌کسه‌ر موره سه‌ع بو
بــه له عـل و گـه‌وهه رو پـیرۆزه‌و ئه‌ڵمـاس‌و بیجـاده
بــه‌ڵیٚ بــابیٚبنه وه‌، سـه‌ر بـاسی ئـه‌هلی شـارو بـازاری
چ به قاڵ و چ حه ماڵ، تا به چـه رچـی و پـینه چـی زاده
له به رکوفرانی نیعمه‌ت، یاله به رعیشق و موحه ببه‌ت بـو
له گه ڵ دنیا، وه‌کو زاهید له‌گه ڵ ته سبیح و سه ججـاده
که ئایه‌ی (اِنْ شَکَرْتُمْ)یان، فه‌رامۆش کرد، خودا فه‌رموی:
جـــه‌زای شـه‌رتی (کَفَرْتُمْ) مـونته‌زیربن، هـه‌رله دنیـا دا
له هه وری قودره تی (باری) قه‌ریبی نیوسه عـات، بـاری
چ بــارانێك، نـه بـارانـیٚ کـه وامـه عـهود و موعتـاده
خــــوداوه‌نــدا چتۆفــانێکه وابــیٚ عــاتیفه و ڕوحــمه
خــــوداوه‌نــــدا چ ســــێڵاویکه ئــه‌م ســێڵاوه بــێداده
له تاریخی هه‌زارو سیسه دو ... پانزده‌ی شـه مسـیدا
ڕۆژی جــومعه ۱۲ی جــیمی ئــه ووه‌ڵ ۹ی مــــوردادا
لَهَـــا مَــــوْجٌ یُنـــادی قـــائِلاً یـــا اَیُّهَـــا الْغـــافِلْ
فَـــقُو مُـــوا، انْـــظُروا، لاَتَـــجْعَلُوا، لِـــلّٰهِ اَنْـــدادا
ئه‌وه‌ی ده‌یهاته پێش‌هه‌ر، ده‌ی ڕفاندو لای ده‌داو ده‌ی‌برد
له‌حــه‌یوان‌و جیمــادات و نه‌بـاتات و ئـاده مـی زاده

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۲۰۳ ـ باوی کوردەواری

له پاش تالآنی نێوشاری هوجومی برده بازاری
به زید دی شوغلی میعماری که داوێنی به لا دادا
موحیتی دایره و دوکانی بازاری به ئاسانی
به سەتحو سه قف و سه ربانی خولی پێداو قولی بادا
به موددەی چەند، دەقیقیکی، وەردا، ئاوی تیوەردا
هەزار توپ ئەتلەس و زەری هەموی برد، به ئاوادا
له مه سکوکاتی، ئێرانی، له لیرەی سککه عوسمانی
له یەغدان و له مجری و مه حفه زه و سه ندوقی پۆلآدا
له زێرو زێو، نه قدینه، له گه نج و مالْ زیرینه
ئه وەی له وشارەدا، مابێ، فه قەت، ئیسمی مه هابادە
هه موی بردو بناوی کرد، پەرێشان و بلآوی کرد
به نیوساعەت، چه پاوی کردو ڕۆیی ئه و فرستادە.
چ ڕۆژێکه له لایه ك گرمه گرمی هەورو نالّەی با
له لایه ك شیوەن و گریان و قورِ پێوان و فەریادە
له به ر لاشەی جه نازەی ئاده می و ئەقسامی حه یوانات
خه یالْ ده کرا، که یەومی نەفخی سوره و حەشری ئەجسادە
نه من تەنیا پەرێشانم هەمو، کەس مات و غەمگینه
ئه وەی مه سرورو دڵشادە، فەقەت حەسساد وگه وادە
وه کو، فەیئه و غەنیمەت بۆمه تاعی مفت و بێ قیمەت
دەیان هێنا به بێ زەحمەت به بارو کۆڵوعه ررادە
لەبۆیه ك تۆپه چیتبو،خۆي دەخسته چۆمو بن گۆمی
ئه وەی خەڵکی دەیانگوت: ئەهلی زیکرو فیکرو ئەورادە.
بەلیشاوی دەیان هێنا، قاڵی ئاوبردەی موسڵمانان
له لایشی وابو، سەرکردەو رەئیسی جەیشی زوهادە

Dr.Saleh Ebrahimi

٢٠٠٣ - شه پۆل

به چاوی‌عه قڵ و عیبره‌ت گه‌ر، که‌سێ بێت و ته‌ماشا کـا
ده‌زانـــێ ده‌و ڵـــه‌تی دنیـا وه کـو، دنیـا هـه‌مو، بـاده...[1]

خۆینده وارانی به رێز به‌م قسانه‌ی لێره‌و. له‌وێ ئه‌شێ بزانین که، مـه‌به‌ست له گـردو کۆ کردنه‌وه‌ی نه‌ورۆزو کوڵه چوارشه ممه‌و (چاک‌و) هه‌ته‌رێ و مه‌ته‌رێ‌و کۆسه‌و میرمیرین‌و سیانزه‌به‌ده‌رو ئه‌م به‌یت وباوانه، ئه‌مه‌یه‌و ئه‌توانم بێژم ته‌نیا بـۆئه‌وه‌یه، کـه، له‌بـیر نـه‌چنه‌وه، به‌قسه‌ی: (لابرۆیر Labruyre ) نوسه‌ری خوگه‌ل‌و مه‌به‌ستگه‌لی کۆمه‌لاّیه‌تی (١٦٩٦-١٦٤٥) که کتێبی سه‌جایای نوسیوه‌و له‌دنیا ناوی داخستووه - کردومه‌ته سه‌رمه‌شق‌و ئه‌ڵێم: (ئه‌وه‌ی وا له‌خه‌ڵکم به‌ئه‌مانه‌ت وه‌رگرتووه، پییان ئه‌ده‌مه‌وه) به واتایێ تـر: کـه‌ره‌سه‌ی ئـه‌م هـونه‌ره‌م له کۆمه‌ڵ و گه‌ل‌و هۆزم وه‌رگرتووه‌و هه‌ر به وانیشی ئـه‌ده مـه‌وه، یـانی: ئـه‌م بیره‌وه‌ریـانه وه‌ئه‌م‌داب‌و ده‌ستورو مه‌به‌سته‌باوانه، له‌ناوگه‌ل‌و هۆزم داباوبون‌و باویشن، مـنیش ئـه‌وانـه‌م، بۆئه‌وان دوپات کردۆته‌وه، به‌تایبه‌ت ئه‌و مه‌به‌ستانه‌ی‌وا، هی نیشتمانی‌و جێژن‌و بیره‌وه‌ری و بیرو باوه‌ڕو ئایینین، زۆرتر سرنجم داون‌و کۆم کردونه ته‌وه‌و له‌چاپم داون، تا، تیا، نه‌چن.

به‌وته‌ی: ئه‌ره‌ستو: که‌ئه بێژێ: من سوقراتم خۆش ده‌وێ، به‌لاّم حه قیقه‌تم، له‌پێش‌ما مۆستاما، خۆش ده‌وێ، منیش ده‌بێژم: من کوردستانم خـۆش ده‌وێ‌و ئـۆ گـری فـه‌رهه‌نگ وزمان‌و هونه‌رو باوی کورده‌واریم خۆشم ده‌وێ، بۆیێ ده‌سم داوه‌ته ئه‌م کاره[2] تاڵێکۆڵه‌ران بتوانن بۆبه‌راورد کردن‌و هه‌ڵسه نگاندنی باوی کۆمه‌لاّیه‌تی: فولکلوری ته‌تبیقی له‌م نـوسراوا نه‌ی من‌که‌ڵک‌وه‌رگرن‌و کونج‌و که‌لێنی تاریکی فـه‌رهه‌نگ‌و بـێژه‌و مـێژوی مـێژینه‌ی ئـه‌م گه‌له کورده ره‌سه‌نه‌له که‌وناراوه ده‌رخرێ، که‌له‌لایه‌ن دژو دوژ منانه‌وه به‌ئانقه‌ست پـه‌رده‌ی ڕه‌شیان به‌سه‌را کێشراوه...

□ □

شــاهان بــه مــه‌حوی ئـێمه ده‌بسـتن گـرێوگرێو
خـــۆشیمه له‌و شه‌هــاده‌تی شێخـانی نـێو بـه نـێو

---

١ - دیوانی مه‌لامارف کۆکه‌یی جامیعه‌ناس و مرۆڤ ناس و کۆمه‌ل ناس له مه‌ڵبه ندی موکریان (شه‌پۆل).

٢ - ئیتر خه‌ڵک نه‌فه‌رمێ: باوه تۆکه‌ئه‌هلی قورئانی و قورئانت ته‌رجه‌مه کردوه به‌کوردی و کتێبی دینی وه‌ک: دین‌و ئه‌ده‌ب له ٢ به‌رگدا، گه‌نجینه‌ی فه‌رهه‌نگ و زانین‌له واتای قورئاندا، په‌ندیا ئه‌مسالی قورئان فسیری (فاتحه‌الکتاب) ته‌فسیری سوره‌ی یوسف به کوردی نوسیوه‌وداناوه، تۆچت داوه له‌م کارو ادب و ده‌ستوره‌باوه (شه‌پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## بەشی مێژویی

نیزامی کۆمەلآیەتی و سیاسی کوردەمادەکان:

کوردەمادەکان کەلە هەوەلی قەرنی حەوتەمی پێش زاینی زنجیرەی خۆیان بنیات نا، لەسەرزەوینێ ئەژیان کەلە شیمال (باکور)ەوە، بەرۆخانەی ئەرەس، لەرۆژهەلاتەوە بەکەویرو لە خوارەوە (جنوب)و لە رۆژ ئاواوە، بەکێوەکانی ئاگرێ - زاگروس - ەوە ئەنوسێ.

نەتەوەی ماد لەتیرەو هۆزگەلی جیاجیا پێک هاتووە.

وەک: ١ ـ کارا ( KORA ) ئەم ناوەبەخەلکی ئازادو چەکدار ئەوترا، کەوابو، کاراهێزێکی چەکدار بووە، کەگشت ئەفرادی ئازادی سەرزەوینی مادی تیابووە. ئەمڕۆلەزمانی کوردییابەمرۆفی کارزان و شارەزاو ئازاونەبەزو بەکارئەبێژن: کارا، کارایە.

٢ ـ کورتش ( Kurtash ) ناوی هاو بەشی کرێکاران و کاربەدەسانی جۆراو جۆر بووە. کورتش ئەکرایە سێ بەش:

ئەلف: پیشەوەران، و غەوارەیی (وەک سومیریان، میسریان، یونانیان و...)

ب ـ کار بە دەستانی دەم و دەسگای ئابوری،میری و... کەحەق دەسیان نەغد وەرگرتووە.

ج ـ ئەوانەی، سەپان و درۆینەوان و جوتیارو وەرزیربون و کاری کشت و کالیان بەرێوە بردووە و حەق دەسیشیان لەهی ترزۆر تربووە.

٣ـ موغان یا موبیدان یا مەجوسان،ئەمانە بێجگە لە ئەرکی بەرێوە بردنی کارو باری ئایینی خەلکی، خاوەنی ئیمتییازگەلی سیاسیش بون.

٤ـ ئەندامانی کۆڕە ڕێکخراوەکانی، ماد.

٥ـ شارەوانان واتا: ساتراپگەل کەفەر نـانرەوایـانی ئوستانەکانی[١] سەرزەوینی جۆراوجۆری تابیعی حوکومەتبون.

---

١ـ کە بەداخەوە بۆ زاراوەیی ئوستان برا کوردەکانیی گەرمێن واژەیی پارێزگە ـ یان، بەکار بردوە کە تەرجەمەی (محافظ)ی عەرەبیەکە چی ئوستان کوردی یەیا لە نێو ئاریا نیژادادا، موشتەرەکەو بە وێنەی هاو بەش بەکاردێ (شە پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



٦- ویسبودان - ئەمانەش سەرۆکی بنەماڵە هۆزە ناو خۆییەکان بون. لەڕوی ئەوبەڵگانەیوا، لەبارەی حوکومەتی، مانناً یەکانەوەکەلەکۆنترینو گرینگترین حوکومەتەکانی سەرزەوینی ماد لەقەرنی حەوتەمو هەشتەمی بەر لەزایینیدا، بەدەسەون، ئەشێ تارادەیەک تایبەتی یەکانی دامو دەسگای حوکومەتی کوردە مادەکان بزانرێنو بناسرێن. میرە مانناً یەکان کارو باری وڵاتو نیشتمانیان بەشێوەی شوراو راوێژی پیاوەمزنان و زانایان وکاراو ڕدین سپیانی گەل بەرێوە، بردوە.

هێری دۆت، لە بارەی دیوك + دیوکس هەوەڵێن، پاتشای کوردە مادەکانەوە ئەنوسێ: دیوكقەلاو کۆشکێکی، واتا: ئیکباتانای،[١] بۆخۆی سازکردو لەخەڵکیشی ویستبو، کەلەدەورو بەری، ئەوقەلایە خانو بەرە، سازکەنو ژیان، بدە نەسەر...

وەك ئەزانین موغەکوردە مادێك بەناوی (گۆماتا) کە، بەردیای مەجوسیشیان پێی گوتووە لە چواردەی مانگی ویخن (مارس) ساڵی **٥٢٢** بەر، لەزایینیدانیشتە سەرتەختی پاتشایی و دوای بەحوکومەتی هەخامنشیان هێنا. هێری دۆت، ئەبێژێ: گۆماتا، کارگەلێکی زۆر پڕسودو پڕبایەخی بۆخەڵکی وڵات، جێ بەجێ کردوە. تەنانەت کاتێ کوژرا هەموکەسێ لە ئاسییادا خەفەتیان بۆئە خواردو پیان حەیف بو بێجگە لە داریوش شاکە بە فێڵو لەڕوی حیلە و حیلاندنی ئەسپەوە بو بەشا.

١- ئەڵێین: لە پێش هاتنە سەرکاری گۆماتا باری ئێران زۆرخراپ بووە و خەڵك لەکزوکەساسی وهەژاریدا بون،زۆریش ناڕازی بون، کەداریوش بە ناوی (بڵاوبونەوەیدرو) ئەوبارە بەخراپەناوئەبات. گۆماتا، هەنگاوی باش باشو پڕسودی بۆباش بونی باری ژیان و ژیاری چینە زەحمە تکێشەکان و ڕزگاربونی، ئەوان لەدەس زڵمو زۆرو بێگارو بێکاری، هەڵگرتووە.

٢- بەتایبەت، گشت مێژونوسان، کەیەکێك لەوانە هێری دۆتە، هەمو، یەك قسەن، لەسەرئەوەکە گۆماتا لەماوەی سێ ساڵا باج وپیتاك وشەکەزەکاتو سەربازگیری لابردو گەنجینە و ماڵ و دارایی سامان و موجە و مە زراو جێی لەوەڕ گەوباخو مێگەلەمەڕو ماڵاتی ساماندااران وکاهینان و دراو دارەکانی،بە سەررەشایی و هەژارانا دابەش کرد.

---

١-کە گۆیا لەئازربایجان لای سەبەلان و سەهەند بوە ئەوقەلایە.

٣- راپەرینی خەڵک و هەستانی (وهیزدانه) دوای کوشتنی گۆماتاو هاتنه سەرکاری داریوش خۆی نیشانەی ئەوه یەکه خەڵک گۆماتایان زۆر خۆشویستووه.

تەنیا پارسه خاوەن سامانەکان لەو نارازی بون ئه بێژن: سەرۆکی حەوت بنەماڵەی تالآن بەروناسیاوی ئێرانی کەلە تیرەی برِبرِەی پشت ورِەگژی ماکی چینی حاکم‌بونو به (کارن، سورن، مهران، سندباد، سیاهبد، ساسان و زیک) ناوداربون به دژی گۆماتا دەسیان کرد به فێڵ و تەڵەکە، وه لایەن گران و پیاوەمزنانی بنه ماڵەی کورده ماده کا نیشیان فریودابو، داریوش به خۆیاهه لدەڵێ وئەبێژێ: کاتێ: فەروەرتیشیان گرت، هێنایانه لای من، منیش لوت و گۆی و زمانی ئەوم بری و چاویشم لەکالان هێنادەرێ، جاده ستورم دا به زنجیر له دەرباری منا بی به ستنەوەو خەڵک بانگ که نه ته ماشای. لەپاشان فەرمانم دا له ئیکباتانا بیکەن بەسەرنوکی سەرنێزه وەو ئەوانەی وائه ویان ئەویست، له ناو قەلای ئیکباتاناگشتم له قه ناره دان[١]. سرنج راکێشه: حەمه رەزای پەهله ویش و رێژیمی دژگه لی ئەو پاتشا یا نەو ملهوره زۆر دارانە، هەربەو جۆره لەگەڵ پیاومه زنان و شۆرشگێرانی کورداثه جولآیەوه، پێشوا قازی محه مه دو سەد ری قازی و حه مه حوسین خان و... ئەوانی بەتاوانی ئەوەی لەسه رمافی خوراوی گەلی به شەرەفی کوردکه له وراسا بون‌دداوای مافی رەوای ئنسانی و شەرعی کوردی یان دەکرد، لەچوارچرای مەهابادی موکریانا له قەنارەی دان و شەهیدی کردن، وه له شی شه هیده کانی سوله یمانی موعینی و مەلا ئاواره وکاک سمایلی شەریف زادەی،شار، به شارو بەگوندانا بۆچاوترساندنی گه لی کورد ئه گێرا.

حه مەرەزای په هلوی دەرکراو، نەی ئەزانی خودای گەلی کورد تەفرو تونای ئه کات و گەلی ئێران بەکورد و پارس و تورک و بەلوچ و ئەوانی ترەوه به تف وله عنەت و ئەلآ هوئه کبەر وتن به شەق لەکوردستان و ئێران دەری ئه که ن و بەرد ئه دەن به هێلانەی بۆگەنیا.

بنواره: ئه گێرنەوه، که مبوجییەکاتێ له میسر بووه، خەون ئەبینێ وا بەردیابووەته جێ نیشینی،ئەویش بەپرِکساسپ کەیه کێک لەدەرباری یان بووه ئەبێژێ: خەونێکی وام دیوه ئەبێ

---

١ـکتێبی دەرسی مێژوی ئێران به رله ئیسلام چاپی ١٣٥٩ هەتاوی و ١٩٨٠ زایینی و ٢٥٩٢ کوردی روپه رەکانی ١١٠ تا ١١٦ کەله ساڵی سێهه میفێرکردنه کانی پۆلی ناوه ندی گشتی دا، ئه خوێندرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



بڕوی بەردیای برام لەناو بەری، پڕکساسپیش بەردیا. لەناو ئەبا هەندێ نوسیویانە، کە بەردیای لە دەریای ئێری ترەداخنکاندوەو هەندێکیش لایانوایە: لە نەچیرگەدا بەردیای کوشتو وە، ئە گێڕنە وە: ڕۆژێک کە مبوجییە لە ناو کۆڕێک لە پیاوەزنانی پارسائەبێ کە کرز یوس پاتشای دیل کراوی لیدی وپڕکساسپیش لەوێ دەبن ئەپرسێ: منو کورشی باوکمتان پێچونە؟ پارسە کانیش: تۆلە کورش بەرزتری، چونکا تۆ بەسەر سەرزە وینی فە رمانروای کورش و سەرزەوی میسرو زرێوارو دەریای ئەم ناوە ناوانە، فەرمانرەوایی ئە کەیو دەستتئەڕوا ـ کە مبوجییە وەک کە متیار گۆێ بوئەو قسەشل ئە کاوزۆری پێی خۆش ئەبێ،پاشما وەیەک ڕۆژێکیان کە مبوجییە لە پڕکساسپ ئەپرسێ ئەرێ تۆمنت پێ چۆنە؟ ئەویش ئەبێژێ پێم چونی: گەلی ئێران تۆیان لابێهۆش و کەم ئاوەزە وهۆشت بە نیشتمان وزێد داری یەوەنییە. ئەویش توڕە ئەبێ و ئەڵێ: «پارسییان ڕۆژێک وادە ڵێن و ڕۆژێ تر وا، وازوازین.

خۆت داوەری پکە، ئێستامن پێشانت ئەدەم! بنواڕە بۆ کوڕە کەت ها! ها! لە وسەری ئەو ڕاڕەوە، ڕاوەستاوە، تیرێکی بۆدەها وێژم ئە گەر ڕاستلە ناو دڵم دا بزانە پارسیان ڕاست ناڵێن، بەلاّم ئە گەر لێم نەداقسەی ئەوان ڕاستە، تیرێکی تێ هەڵکرد ودای لەناوەڕاستی دڵی کوڕە کە، جێ بەجێ کەوت و مرد، کە مبوجییە دەستوری دا زگیان هەڵدڕی دیتییان واتیرە کە لە ناوە ڕاستی دڵی ئەو کوڕە چەقیوە.

ئەڵێن: گۆماتا کەبەم هەوا ڵەی زانی ناردی پڕکساسپیان بانگ کردە لای خۆی وزۆری دڵ خۆشی دایەوە، بەڵێنی پارە وپلەو پایەی پێداو داوای یارمەتی لێکرد، ئەڵێن پڕکساسپ ڕازی نەبو، خەیانەت بەنەتەوەی خۆی بکات، ڕۆژێکیان کەئەی ویست قسە بۆئێرانییە کان بکات، نە بەسودی مادە کان بەڵکو بەسودی هەخامنشیان قسەی کردو لەترس بە دیل گرتن لەبەرزاییە کەوە، خۆی هەڵداشت و ملی شکاو مرد[1]

---

١ ـ کەچی لە ئەفسانە کانائە خۆی نینە وە، ڕوژێک ئاستیاگ و هارپاک کە لە کوردە مادە کان بون دمەقاڵەیان لێ پەیائە بێ وئاستیاگ‌شا، رق لە هارپاک هەڵدەگرێ لەوە زیری ئەخاو بەوەش واز ناهێنێ و پاشماوە یەک میوانییە ک سازدە کاو میرو مەزنانی کوردە مادەکان لەو میوانییە دابە شدار ئەبن، ئاستییاگ، بەنهێنی دەستور ئەدا کورە چکوڵە کەی هارپاک بد زن و سەری ببرن و گوشتە کەی ببر ژێنن، لەوچاخەدا واباو بووە، بەرخی سپیو کارژیلەی گوشت ناسکیان سەرئە بری و تیکە تیکە، ئەیان کرد بە درودالێ ولقی دار چاڵوکەوەو ئەیاننا، ناو تەنوری گەرمی تازە نان

Dr.Saleh Ebrahimi

## ۲۰۹ـ باوی کور دەواری

ئەڵێن ئاستییاگ خوي ئاغادێی، کوردە واری جارانی هەبووە، چڵون ئاغاد یيە کان، نەیان ئەهێشت نوکەرو دەس‌و پێی وەندە کانیان بـچنە دیوەخـان ئـەبولە پـاشخانە و دەرێ راوەستن‌وتە نانەت ئەگە رکارێکیان بەوانەهەبوایێ هەرایان دەکرد ئا!کێی لەوێ‌یە، کوت و پڕپیاوێک ئەهاتەژوری‌و لەبەر درگا، ڕەق وەک داری ویشک رادە وەستا، ئاغاش دەستوری پێ ئەدا ئابڕۆ چابێنە ئابڕو، ئەوکارە پکە، ئەویش‌ئەی وت‌بڵێ قوربـان‌و وەدەرئـە کـەوت. ئاسیتیاگیش هەرواله گەڵ پارسە کانا جولاوە تەوە، کورش باوە کولە دایکەوە ماد زادە بووە، بەلام بە مە قە ڵس و تورەو لە سەردڵی گرانبووە. ڕۆژێک کە للە ڕەقی ئەکات لە ئاستییاگ ڕوش هەڵدە گەڕێ و زیز ئەبێ و دوای پێکە وە نانێ هێزێک دەس ئەکابە تالان و بڕۆ و دزین و کوشتنی مرۆڤ گەلی ئاستییاگ،کارئەگاتەڕادەیەکی‌وا ئاستییاگ‌هەروەک چۆن هەڵکەوت و روداوی دنیا حەمە رەزای پەهلەوی والێ کرد کە لە ساڵی **۱۳۵۷** هە تاوی و **۲۵۹۰** کوردییا شاپوری بە ختیار بکاتە سەرۆک وەزیروبی هێنێتەسەرکار، ئەویش نـاچار ئـەبێ هـارپاک بـێنێتەوە، سەرکـارو دەسـە لاتـێ زوری بـداتـێ، سەرئەنجـام هـارپاک لە بـنەوەلە گـەڵ کورشائەسازێ‌و خە یا نەت بەئاستییاگ‌و بنە ماڵە ی خۆیی ئەکات و دە سەلاتی ئـێران و کوردستان ئە کە وێتە دەس کورش، بۆییێ لە کوردەواریدا، لە کە و ناراوە، و تویانە: دار تا هۆرەی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ! ئەشێ بزانین ئاستییاگ یا ئە ژی دەهاک کە بە ئان قەست ناوە کەیان گوڕیوە وکرد و یانە بە زوحاک و مێژوە کەشیان شێواندوە هەر ئە و ئاستییاگە مادە یەکە لە (۵۵۰ـ۹۴۰) بە رلە زاین ژیاوەو میرو مە زنی کوردستان و ئێران بووەو لە گەڵ هارپاکـانە سازاوە و هارپاک خەیانەتی پێی کردوە.

---

پێوە دراو، بەوجۆرە پیاوە کانی ئاستیاگ گۆشتی کورە گچکە کەی هارپاکیان بر ژاندو لەکـاتی فـرایـن خـواردنـا ئەوگۆشتەیان لەپێش‌دەمی داناو ئەویش کە لەسەر سفرەبو دەسی کردبخواردنی لەپاش نان خواردن ئاستیاگ روی کردە هارپاک پێی وت واوالێکراو ئاوا گۆشتی کوری خۆتت دەرخـواردئـەدەم، جـا بـرۆ هـەرخـۆت قـەڤـو گـڤ‌پکە. بەریوایەتێک سەری کورە کەی بە کالی، بەسەڕو کاکوڵەوە، بوئەنێنە ناو بشقابێکی سەرنراوەو لەبەردەمی دای ئەنێن کاتێ هەندێ لە گوشتی کۆرە کەی ئەخوا، لە زاری خۆش نایێ دەس ئەبا سەری ئەو بشقابە هەڵدە گرێ، چاوی‌بە سەرو چاوی کورە کەی ئەکەوێ کسپە لە دڵی دێ، تف لەزاریدا ویشک ئەبێ و چاوی بە موڵە ق ئەوێستێ و خـانەنشین ئەکەوێ (شە پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

٢١٣ ـ شه پۆل

سرنج راکێشەلە ئەفسانە دا هەیە لەو دەمەدا وا (بەختونەسر) جولەکەکانیی لە زیندانیی با بول پە ستاوتبو، ڕوژێک بە ندیەکان بە رئە دەنە حەوشە، گۆیا جولەکەیەکی خۆویژودەنگ خوشی وەک حەسەن زیرک لەوێ بەندئەبێ، بەندییەکان پیێ دەڵێن: یەک دو بەندو باو قام و گۆرانیمان بۆبڵێ ئەویش کە دەسی بە چلێ دار زێتونەوە ئە بێ، لە وەڵاما ئەبێژێ، من چۆن گۆرانیم بۆدێ کەلەزێدونیشتمانی باو باپیری خۆم ئورشەلیم دورم! دیارەئەم هەستی نیشتمان و یستییە لە کەو نارواوە لەناو جولەکەکاناهەبووە.

نوکتە: لەمێژودانوسراوە: جولەکەکان لەو سەروبەندەدا پارە و دراوێکی زۆرو زەوندو کیژوڵەیەکی زۆرجوان و نە خشیلانەشیان بە ناوی (ئەستێر) دا بەکورش، جادوای ئەوەکورش بو بە زاوایان پیان وت پولوچە کەمەنی لەئێمە، لەتوش ئازادکردنی جولەکەکان و ناردنەوەیان بۆسەر زوینی فەلەستین، ئەویش زۆرکەللە شەق بو، هەڵی کوتایە سەر زیندانی با بول، گشت بە ندیەکانی ئازادکرد. لام وایە: ئەوەکەحەمە رەزای پە هلەوی لە جەژنی تاجگوزاریدا لە سەرقەوری کورش وتی: کورش تۆبخەوە ئێمە بێدارین بۆئەوە بووە کە هەردوکیان پیاوی جو بون وئە سپاردەکەیان یەکی گرتۆتەوە [١، ٢].

## ناوی میرو پاتشایانی ماد:

١ ـ دیاکۆ = *Diaukku* □ ـ دیوکس. دییاکۆ: یەکەم کوردە، مادێک بووە، کە هۆزی مادئەوی هەڵبژار دوەو کردویانە تە میرو مەزنی خۆیان، دییاکۆ زۆر شیاوانە توانیویە تی گەڵی ئازاو قارەمان و نەبەزی ماد، یەک خاو هاودنگیان بکات و گەلێک پێک بهێنێ و بۆماوەی ٥٣ پاتشایی بکات.

١ـ ئەبێ ئەمەش بزانین ناوی فەلەستین لەروژگاری سەلاحەددینی ئەیووبی *Calahuddin iayaubi* قارەمانی مەزنی کورد، کەوتۆتە سەر زار، چونکا ئەوواژە لەفەلەئەستێنەوەها تووە،کوردەکان بەمەسیحی دەڵێن: فەلە، لەپێشا فەلەکان ئەوشونەیان لەعەرەبان ئەستاندبو، لەجەنگی خاچ پەرستەکانا پێشمەرگەکوردەکانی سەلاحەدین، لەساڵەکانی ٥٨٣ تا ٥٨٨ی کۆچی لەفەلەکانیان ساندەوەو لەودەمەوەئەوشوێنە بەفەلەستین ناوئەبرێ. سەلاحە ددین لە ٥٣٢ی کۆچییاها تۆتەجهان و لە ساڵی ٥٨٩ی ی کۆچییالە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

٢ـ هە رچەند دەڵێن ١٥ قەرن بەر لەزاین فەلە ستین بە دەس فیرعەونی میسرەوە بوە (شە پۆڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi

٢١٥ - باوی کور دەواری

گڵکۆی، فه روه رتیش «باوکی، دییاکو» به پێی قسەی هیری‌دوت مێژو نوسی یۆنانی و هەندێ مێژو نوسانی‌تر له ناو، غاری = فەقره قا= یان (فەرهادگا)ی، گـوندی، ئـیندر قـاش ده کیلومیتری - باکوری شاری «مەهاباد» لای با شوری، زرێواری چی چست، «ورمێ» یە.

له سێ فرسه خی باکوری غەربی مهاباد کۆنه شارێک به ناوی (دریـاز) هـەیه کـە: راولینسن *Rawlinson* و بتلمییوس لایان وایه دارایاس و داراشاو یەو یه کێکه لەشارەماد- ەکان. ئیندرقاش.

٢ - فەروەرتیش = فرائه رتس.

٣ - هووخشەتەر = کیاکسار.

٤ - ئیختوویگو = ئاستییاگ = ئەژیدەهاک.

مێژو دەنوسێ: فەروەرتیش پەرەیێ زۆری به سەرزە وینی فەرمانرەوایی خۆیداوە، هۆزی پارسی بەردەس کردوە، که له با شوری (جنوب) و با شوری ڕۆژ ئاوای تێرانابون.

ئەڵێن: فەروەرتیش لەساڵه کانی ٦٠٤ بەرله زاین که شاڵاوی برده سەرخاکی ئاشۆر، ئیرپخه = کەرکوک‌و چەن شاروگوندی تری گرتووە، دوای کوژرانی فەروه رتیش له شەڕی ئاشۆریانا، هووخشه تەربووەته جێێ نیشی باوکی‌و له ساڵه کانی ٥٨٥ تا ٥٩٠ بە ر لەزایینی لەگەڵ ئالیاتس میری لودیه بو به شه ڕیان‌و ئەوشەڕە شەش ساڵ ده خایەنێ، ڕۆژێکیان ڕۆژ دەگیرێ، خەڵکه که وائەزانن به هۆی ئەو جەنگەوە، خوا ڕۆژی گرتووەوکەو تونه تەبەرقارو قینی خودا، هەمونیگەران ئەبن‌تا (بخت النصر) پاتشای بابل ناونجیان ئەکاو ئاشتی ئەکەن‌و ئەم ئاشتییه بە: ئاشتی ڕۆژگیران ناو دارە. بەم هۆیەوه هەندێ خاکی لودیه کەوتە بەر فەرمانرەوایی هووخشه تەر، بەم جۆرە: سەرزەوی ماد له ئاسیای کچکەوه تازێ و چه مـی قـزڵ ئیرمـاق (هالیس) پەرەی ساندووەو پاش چەن جەنگ، بەسەر ئاشۆر بانی پاڵیشا زاڵ بووەو لەساڵی ٦١٢ به رله زاین شاری نەی نەوا پێته ختی ئاشۆره کانشی گرتوەو وئەوساڵه بووەتەسەرەتای مێژوی کورده ماده کان که لەوکاته دائیمپرا توری مه زنی خۆیان دامه زراندو ئەونەی تر سەرزەوینی فەرمانرەوایی ماد پەرەی ساند. کاتێ ئیختوویگو = ئاستییاگ دوایی مردنی باوکی هاته سەر کار نیشتمانێکی پان‌و بەرین و زۆرو ساماندارى بۆجێما، بەڵام به بۆنەی خەیانەتی هار پاکی خزمی دوایان بڕا.• شەپۆل •

Dr.Saleh Ebrahimi



## نەتەوەی کورد :

سترابۆن، هیردۆت و گزنفۆن مێژونوسانی یۆنانی زۆرجاران ناوی کوردیان بردوەو بە دورو درێژ قسەیان لە نەتەوەوگەلی کورد کردوە.

گزنفۆن لە ٤٠١ ی بە رلە زاین لەکتێبی خۆیدا: (گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی) لەم نەتەوەوگەلە رەسەنە ناوی بردوە کە چلون گیرو گرفتیان بۆسپاکەی ئەو بەدیی هێناوە، گزنفۆن ئەڵێ:کوردەکان لەناوچیا و چراڵە ژین و هیچ کاتێ نەبونە تە، بەردەسی خە شایارشاو ئەرمەنیو ئاشۆری و لەکەتیبەکانی پاتشای ئاشۆریەکانیشا، بە (کردو...) ناوبراونو لەکتێبی پەهلەوی: شارەکانی ئێرانیشدا، بەکوهیاران، کردو، واتا: کوردان، ناو براون.

ـ لە دەورەی ساسانییانا کوردەکان لەزۆربەی شەڕو جەنگەکانا بەشدار بون، لە کارنامەی ئەردەشێری پا پەکانا جەنگی کوردەکان لە تەک پاتشا ساسانییەکانا، شی کراوەتەوە، کوردەکان دوای دواڕانی حوکومەتی ساسانی لە ڕاست عەرەبەکانا پیاوانە ڕاوەستاونو دینی پیرۆزی ئیسلامیشیان بە دڵو داو وەرگرتوە، نەک بەزۆر، بەڵام باری خۆیشیان هەر پاراستوەو رایان گرتوە.

کوردەکان لە راست هاشاوڵی بێ بەزەی یانەی تورکە سەلجوقییەکانا لە سەتەی یازدەهەمی‌زایینیو هێرشی مە غول (سەتەی ١٣) لەراست هاشاوڵی تەیمورەشە لە (سە تەی پانزەهەم) نەبەزانە راوستانو سپا خۆین خۆرەکەیان شکاندوە.

لە سەتەی ١٦ی زاین لە دولای کوردستانا، دوحوکومەتی بەوزە دامەزرا لە ئێران حوکومەتی سەفەویو لە تورکییەش حوکومەتی ترکی عوسمانلی، ئەم دوحوکومەتەنێزیک بە (٣٠٠) ساڵ جارو بار پێکەوە ئەیان کردە سیمڕ سیمڕو جەنگ.

کوردەکان، باوەکولەرەگەژیا، لە تەک ئاریا: ئیرانییەکانا هاو خۆین بون، بەڵام لە بەر زڵم و بێدادی میروپاتشا سەفەوی یەکانو هەروا، لەبەرئەوەی لە سەرڕچەی و ڕێگای سونی بون جار جار ئەچونەلای عوسمانلییەکانو بەدژی سەفەوی یەکان جەنگیان ئەکرد.

لە ساڵی ١٥١٤ زاین دالە جەنگی چالد رانالە با شوری گوڵ ئاوی ورمێ داکوردەکان چونە یارمەتی تورکە عوسمانلییەکانو سپای شائیسماعیلی سە فەوی یان تێکشکاند، تـرکە

Dr.Saleh Ebrahimi



عوسمانلییە کان سپای شائیسماعیلی سە فەوی یان تێکشکاند. ترکە عوسمانلییە کان لە بەرانبەرا بە ڵینی سەر بە خۆی ناو خۆی: (خودموختاری) یان بە کوردە کان دابو بە لاّم جەنگی چالدران بە زیانی نەتەوەوگـە لی کـوردتەوا و بـو، چونکـاله دوایـیدا کوردسـتـان لە نـێوان تـورکییە و ئێرانادابەش بو، سێبەشی کەوتە بەردەسی تورکی عوسمانلیو یە ك بەشی دیکەی کوردستان کەوتەسەرئێران، سوڵتان سەلیم و شاهەباس لەوبابەتەوە پەیمان نامەیان لە گەڵ یە کا بەستو ئەوپەیمان نامە، لە ساڵی ١٦٣٩ زایینی بە هۆی شاهەباس سەفەویو موڕادی عوسمانلی یەوە مۆر کرا، بەلاّم کوردە کان ئەم سنوربەندی یەیان قەبوڵ نە کردو لە هەردو حوکومەت راسانو توانییان لەتورکییەو ئێرانا میرنیشینگە لی کوردی بـە دی بـهێنن و تـارادە یـە ك بگـە یـێنە سەربەخۆی هەرێمی. میرنیشینە کانی موکری و ئەردەلاّن لە کوردستانی ئێرانـا تـا ئـاخر و تۆخری سەتەی نوزدە هەم بەهۆی میر و مە زنە کوردە کان بە رێوەئەچو، بەلاّم لە هەوەڵی سە تەی بیستە ما، حوکومەتی ناوەندی ئێران کارو نیازی بەحوکومەتێکی بەوزەهە بوتـابێ وەی بتوانێ گەلاّلە تالاّن کارانە کەی خۆی بەرێ بە رێوە. هە روەها حوکومە تە کانی کوردی گول ئاوی وان و بادینان و هە کاری و دییار بە کریش لە تورکییە دابە دەس پاتشا زۆروێژە تور کە تەرەسە کانی عوسمانلیلە ناو بران و قڕیان خستە ناو سە رۆ ك وبنۆ کە کوردە کان، لە سە تەی نوزدە هە ما هەرکاتێ کوردە کان لەو حوکومەتانە رادە سان و ئەیانە ویست خۆیان سە ربە خۆ، پکە ن، کوردە خودان زەوی یە، گە ورە کانیان ئە کردە، هۆرە، بۆ کوردە، دژ، حوکومە تە دژ کوردە کان و کوردیان بە کورد ئەدابە کوشت.

لە سە تەی بیستە میشا هەستان و راپە ڕینی کوردە کان کە بە شێوەی نیشتمانی تایبەت دەسی پێکراوەو هێما نیش بەردە وامە، کە وتە، بەر، رەوتی کێبە رکێی ئیمپریـالیزم، لە ڕۆژ هەلاّتی ناو راستاو خۆرهەلاّتی زریەی مەدی ترانەدا، ئیمپریالیزمە کان لەم هەرێمـانە دا بـۆ پەرەپێ دان، بە وزەو سود وەرگرتنی خۆیان لە و دە مە وە، لە مە سە لەی کورد، بە فڕوفێڵ کە ڵك وەرئە گرن، لە مە ولا گەلی کورد، ئە شێ سیاسەتی ئیمپریالیزم بناسێ و دە سی ڕەشی ئیمپریالیزم و نوکە رە دروشم دارە کان وبێ دروشمە کانیان جوان بخوێنێتە وە و خۆی لە داوی ئە وخوێن مژو گەڵ دژمنانە بپارێزی تازو و ئاسان بتوانێ بە مافی خوراوی خۆی بگات کە

Dr.Saleh Ebrahimi



ماوەی زیاترلە سەتساڵە هەوڵی بۆ ئەداو لە کاتی راپەرینی شێخ عوبەیدیلای شەمزینی یەوە کە بە دژی قاجارەکان دەسی پێکردوە گەلی کورد، توشی سیاسەتی تـوشی ئیمپریـالیزم‌و نوکەرەکانی بووە، گەلی کورد ئەشێ بەکردەوە، کاریێ، بکات، کە، شۆڕشەکەی سودی گشتی، گشت چینە رەنجبەرەکانی کورددابین بکات‌و رەوتێکی وای هەبێ بەدژو زیانی ئیمپریالیزم بە تایبەت ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی تەواوبێت.

تە بەری ئەڵێ: ئەردە شێری بابەکان لە کوردانی بازرنگی یابەرزنجە یە، کـوردانـی بارزنگی یا بەزرنگی یا بازنجان یا بیزنجان تا ماوە یەکی زۆر دوای داهاتنی دینی ئیسلام هەرلە فارسا ئەژیان. ئیبنی خوردادو ئیستە خریش زۆر بە دورو درێژی لەگەلی کوردقسەیان کردوە، (کەردۆ) بە فەتحەی کاف لە ئەزمانی ئاشۆریدا بە مانای جەنگ ئاوەرو دلێرو نەبەزە، لە یەکێک لە کەتیبەکانی سەرگون پاتشای ئاشۆرا کە بە شێوەی مێخی نوسراوە (کەردو، یا کاردو) هەر بەومانایانە، بەکار براوە، دور نییە (گورد) یش کە بە مانای دلێرو نەبەزە، هەرلە وریشە، بێ[1].

## هۆزی شوانکارە

ناسر تەکمیل هومایون لە ژێر سەردێری ناساندن و تەحلیلی: «دەفتەری دڵگوشا» دا بە ناوی ناسیاوی لە تەک شوانکارەکانالە گۆواری هونەرو مەردوم[2] ـ ئەنوسێ: بە سەرهاتی ئەم هۆزە ئەبێتە سێبەش:

۱ ـ دەورەی یەکەم ئەوە یە کە هێمان مەزنەکانی شـوان کـارە نـەچبونە جـەغـزی رامیاری‌و میری یەوە، ئەو جۆرە بنەماڵە مەزنانە خۆیان لە بنە ماڵەی ئەردە شێری بابەکـان ئەزانی‌و باوەڕیان وابو کە باو باپیرانیان تائە سپەهبودی فارس رویشتبون و دوای داگیرکرانی ئێران‌و کوردستان لەلایەن عەرەبەوە، خۆیان لە ئیسفەها ناشاردبوە وە (۱) بە قسـەی ئـیبنی بەلخی: بنە ماڵە مەزنەکانی شوانکارە (لە سەرەتای قەرنی شەشە می کۆچییا بە رانبەری قەرنی

۱ـ ئیستە خری فەسلی فارس، تە بەری ج ۲ فەسڵی ساسانیان مێژوی واژەگەلی سامی نوسراوی دوکتور ئیسرائیل چاپی میسر لاپەرەی ۴۵ س ٦ ـ سەبک شناسی بە هارچاپی سێهەم تاران ساڵی ۱۳۵۰ هە تاوی.

۲ـ ژمارەی ۱۸۸ بە فرانباری ساڵی ۱۳۳۷ چاپی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



دوازەهەمی زایینی) پێنج تیرەی گەورەبون، ئیسماعیلیان و رامانیان و کرزوبییان و مەسعودیانو شکانیان(٢).

ئیسماعیلیان لە هۆزەکانی ترگەورەترو گرنگترو ناودارتربون، خۆیان ئەداپاڵ مەنوچیهەر.

رامانیانیش لە بابەت هەبونی داب و دەستوری هۆزەواری وجەنگ ئاوەری و نە بەزی یەوە زۆر ناوداربون. ئەوانی تریش لە جێگای خۆیانا خودان سامان و دەسەلات و بەوزەبون (٣)

لە ئاخرو ئۆخری حوکومەتی دییالە مەوە، هێزو دەسەلاتی شوانکارە یەل لەباری رامیاریو سیاسییەوە، دیاردی ئەکرێ، دوای چەن شەڕوشورێک لەدەورانی غەزنەوییانا بە شێکی زۆرلەوهۆزە لەدەوروبەری دارابگردا نیشتە جێ ئەبن.

بە شی دوهەم: دەورەیەکە، هۆزی شوانکارە لە سەر زەوینێکا، بە ناوی خۆیان ناوداری مێژویی پەیائەکەنو کەم کەم ئەچنە ناوسیاسە تەوە.

حەمدولاّ موستەوفی قەزوێنی لە سەتەی هەشتەمی کۆچی (بەرانبەری سە تەی چواردە هەمی زاین) سەرزەوینی شوانکارە بە نێوان فارس وکرمان و ناوەندو پێتەختی ئەوان بەشاری (ئیگ = ئیج) ئەزانێ، ئیستە هٔبانات، بەرک = (بەرگ یافرگ) تاروم، خیرە، نەیریز، کرم، رونیز، لارودارا بگرد، دێتە ئەژمار(٤)

ئە و سەرزەوینە لە هەرێمێکی گەرمییانایە و هەندێ لەو جێگایە ئاو و هەواکەی نەزۆر گەرم ونە ساردیشە. ئەوسەر زەوینە چونکا، خاوەنی گەنمو پەمۆ و خورما وکشمیش و میوەی تربو، لەبابەت ئابوری یەوە گرینکی یەکی تایبەتی بەسەر، زەوینی شوانکارە دابو. حوقوقی دامو دەسگای ئەوان لەدەورەی سەلجوقییانازیاترلە ٢٠٠٠/٠٠٠ بە دراوی کاتی نوسراوە ـ حە مدولاّموستە وفی لە سالّی ٧٤٠کۆچی (بەرانبەری ١٣٤٠ زاین) تا ١٠٠، ٢٦٦ دیناری نوسیوە (٥) لەوهەریمە پڕپیتو بەرەکە تەدا لە ڕۆژگاری دەسەلاتی سەلجوقییەکان، بەسەرئێراناو ئەتابەکەکانو بەسەرفاسا، هۆزی شوانکارە وزەو هێزو ناوونیشا نێکیان پەیاکردبو و بنکە وقەلاّو جێگە و ریگایەکیان بۆخۆیان دابین کردبو.

Dr.Saleh Ebrahimi



له ساڵی ٤٨٨ کۆچی (به رانبەری ١٠٥٥/٥٦ زاین) فَضْلَوَیْه حسنویه (کوڕی فەزل، کوڕی عەلی، کوڕی، حەسەن، کوڕی ئەیوب کەیەکێک لە ئە میرانی ئیگ‌و لە هۆزی رامانیان بووە، لەمەلیک مەنسور، کوڕی عزّالملوك ئەبوکالیجا رئاخرین پاشای ئال‌بویە، راساو بە دیل گرتی‌و به ندی کردو هەرێمی فارسیشی هێناژێر رکێفی خۆی (٦).

فضلویە: لەباری رامیاری یەوە، وای بەباش زانیوە کەلەتەك سەلجوقییە کانابە تایبەت (لەگەڵ قاورد، کوری، جه فری‌بیگ، برای ئەلب ئەرسەلان) خۆی رێک‌خات، هەرلەبەرئەوە ساڵانەبە (٢٧/٠٠٠/٠٠٠) درهەم هەرێمی فارس لە دیوانی سەلجوقی ئیجارە ئەکات. جالە سایەی دۆستی لەگەڵ ئە لپ ئەرسەلانا، شاری گشناوا یاجشناوا، ئەکاتە پێتەختی خۆی (٧) و کەم کەم لەسەلجوقییان دورئەکەوێتە، تا بە ئیشارەی خواجە نیزامولمولك هەڵ ئـەکـوتێتە سەرئەلب ئەرسەلان‌وئەی کوژێ‌و پێستەکەی کای تێ ئەخنێ،ئەتا بەکانی دوایی ئەو وەك: خمارتگین و جەلالەدین چاولی، لەتەك بنە ماڵە ی سیاسی شوانکارەکانا، گێرەوکێشە یان (٨) هەبو... ئەمە لەسەرا نسەری چاخی حوکومەتی ئەتابەکـانی فـارسا دەوامـی هـەبووە. جـار جارئەوان و جارجاریش شوانکارەکان پیرۆزو سـەرکەوتوبون (٩).قـوتبە ددیـن موبـاریز کوڕی، نظامالدین یەحیا، جێ نیشی فضلویە) میرەکوردێ بوکە بەدادگەری ولاتی ئاوەدان کردەوەو زۆرێ لەولاتانی تری خستە، سەرمیری شوانکارە (١٠) و بە ئیلتیماسی کرمانیان یارمەتی دان (١١) - وەئە وهەرێمەی لە چنگ غەزان دەرهێنـا، بـە لام زۆری نەخـایەن‌کە (نظامالدین مەحمودو سەیفەدین محەمەد)ی - برای وایان زۆر بوخەڵك هێنـا، کرمـانیان و غەزان بۆروخاندنی دام و دەسگای شوانکارەکان یەکیان گرت‌و عەجەمشای کوڕی مەلیک دیناریان هێنایە سە رکار (١٢)لە ساڵی ٥٩٩ کۆچی (بەرانبە ری ١٢٠٢/٠٣ زاین) ئە تابەك سەعد، کوڕی زەنگی بۆتێك خستنە وەی هێزو وزەی شوانکارەکان لەگەڵ (نظـامالدیـن) مەحمود - برای یەك‌کەوت‌و ئەمەبو سەرکەوت.

لە ساڵی ٦٢٤ کۆچی (=١٢٢٦/٢٧ زاین) قوتبەدین موباریزی شوانکارە کۆچی دوای کردو میراتی پاتشاي بە (مەلیک موزەفە رەدین مە حەمەد) ی کوڕی برا. ئەڵێن ئەمە مرۆڤێکی زانست پەروەرو زاناو شیعردۆستو شـاعیرو قسـەزان‌و کـارزان و کـارکوشتەو زۆر شیـاوی

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرۆکایەتی بووە، کاتیٚ لە تەک زانایانا دائەنیشت. مرۆڤ حەزی ئەکرد بنوارێتە خو و ئاکارو گفت و لفت و قسەزانی و هەستان و دانیشتنی ئەوپیاوە مەزن و مەندو ماقوڵە (١٣) سنوری سەرزەوینی شوانکارە لە کاتی مەلیك موزە فەرەدین‌لە لای باشورە (جنوب) وەتا هەرێیمی هورموز: [خلیج فارس] پەرەی ساندبو. لەوکاتە دا، ئەتابە کی بەدەس ئەبوبە کر، سەعد، کوڕی، زەنگی بو، کە (شیخ مصلح الدین) سەعدی (لڕی) دیباچەی گولستانی بەناوی ئەوداناوە (١٤) ولەم شیعرەشدا کارو کردەوەی ئەو بەسودترلە هی ئەسکەندەر ئەزانیٚ و ئەبێژیٚ:

(ترا سد یأحوج کفر از زراست          نه روئین چودیواراسکندراست)

ئەو دومیرەهونەر دۆستانە، واتا: مەلێك موزە فەرە دین محە مەد ـ ی شوانکارەو ئەبو، بە کر، سەعد، کوڕی زەنگی، هەردوکیان لە ساڵی ٦٥٨ کۆچی (١٢٥٩/٦٠ زایـن) کـۆچی دواییان کردوە.

دوبارە ئاژاوەو نائارامی گەڕایەوە ناو خاکی فارس و کرمان، مە غولە کان لە مە کەلکیٚ زۆریان وەرگرت. هەلاکۆخان قەلاٚی (ئیگ)ی گرت (١٥) و دوای خراپ کردنی ئەو قەلاٚیەو قەلاٚکانی تری شوانکارە کان، قوتبە ددین موباریز (= دوەم) کوڕی موزەفەرە دینی، کردە میری ئەو ناوەو خۆی گەڕایە وە.

بە شی سێهەم: دەورەیە کە، مەغولە کان خۆیان بەسەر هەمو، مەڵبە ندە کانی ئـێرانـا، داسەپانبو، هەرێمی شوانکارەش وە ك شوێنە کانی تری ئێران، زیانیٚ زۆری لێکـە وتـبو و میرە کانی شوانکارەش، ببونە دەس نیشانی مە غولە کان.

قوتبە ددین موباریزٛ دوەم، هەروە ك فەزلە ویە (سەر بنە ماڵەی شـو انکـارە) دوای ئەوەی هەرساڵە ولاٚتی بە شەش هەزار دینار زیرلە مەغولە کان بەئیجازە گرت، خۆی قەف کردو وەلاٚمی ئەوانی نە دایە وە، بەقسەی: (نە تەنزی کاتیٚ وەرزیٚ میری کرد. گفی کردو سەری لەژێر باری هەلاکوٚ هێنادەریٚ) ئەم جارە، بەراوەژوی زەمانی ـ فەزلەویە (گەلی شوانکارە، لێی راسان و لە تە ك مناڵە کانی براکەیا، ئەویان دەس بەسەر ناردە، مە تەرێزو ئۆردو تا گە بیشتە یا ساق (١٧) و مەلیك نیزامە ددین، حە سەن ـ ی ـ براکە یان کردە میرو جیٚ نیشینی.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەلیك نیزامه ددین حه سه نیش. له شەڕی سه لجوق شای فارس له کازرونا، کوژ راو نوسره ته ددین - ی - برای بووه جیٚ نیشی، وه ئەویش به شەر به تیٚژارله ناوچو (١٨) جه لاله ددین تەیب شا، له سیانزه سالانه دا له لایەن شوانکاره کانه وەبوبەشا و سیانزه سالیش پاشایی کردو لەکاتی ئەوا شوانکارەی میسریشی جه مه وه کردو مولك و حوکومەتیٚ، ته واوی گیر هێنا (١٩) کوڕێکی هەبو، به ناوی موزه فەرەدین محه مه دکه به زۆر وکارایی زاڵ بو و دەسی کرد به کوشت و کوشتاری میرو مه زنانی سەر بزێو و دزێوی ئه وناوه نـاوه (٢٠) بـه لاٚم ئەمکوشت و بڕینه بووه هۆی ئەوه خەلکی، لیٚ دور که وێته وەو له ناو خۆیانابه تـایبەت له ته ك مامی دا،به هائه ددین ئیسماعیل ببێته جەنگیان و هەردوکیان یه ك له دوی یه ك بکه ونه دوای مه غوله کان و له ناوچون.

شازاده کانی تریش، وه ك ناسره ددین مه حمودو براکانی سەیفه ددین هەزارسەیفـو غییا سه ددین محەمەد (کوڕی جه لاله ددین ته ییب شا)و نیزامه ددین حه سه ن - ی برایشی = (هاوبه شی مولکی براکەی بو) هه رکام ماوەیه ك میریان کرد، بەلاٚم نەیان، توانیوه وزەی جارانی شوانکاره راگرن.

## به نی فەزله وەیه

بەنی فەضلوەیهی ئەتابەکانی شوانکاره: حەمدولاٚی موستەفی[١] ئەوانەی بەئەتا بەکانی شوانکاره ناوبردوه.

١ - فەضلوەیهکوڕی حەسنه وەیه سالی ٤٤٨کۆچی مانگی

٢ - نیزا مەدین مەحمودکوڕی فلان کوڕی حەسنەوەیه

٣ - هەزا رئەسپ (موبا رەزەوین) کوڕی مەحمود...

٤ - حەسنه وەیه سالی ٥٠٥ - ئەگونجیٚ که مەبەست حه سەن کـوڕی موبـاره ریـز سەرۆکی شوانکاره بیٚ که کوڕی ئەسیر ناوی بردوه.

---

١ـ تاریخی گوزیده ج ١ پەرەی ٤٤٣ و خەلیل ئەدهه م پەرەی ٢٦٤.

Dr.Saleh Ebrahimi



۵- موزەفەر ەدین کوڕی حەسنەوەیه

٦- قوتبەدین کوڕی موزه فەرەدین. ساڵی ٦۵٨. بار تولید بە (قوتبەدین کوڕی موبارەزەدین) ناوی بردوە.

٧- نیزامەدین فەضلە وەیەکوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین ساڵی ٦۵٩ - بار تولید بە (نیزامەدین فەضلە وەیەکوڕی موزەفەرەدین کوڕی موبارەزەدین) ناوی بردوە. دیارە کوڕانێکی هەبوە ناویان دیار نییە

٨- نوصرەتەدین ئیبراهیم کوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین ساڵی ٦٦٢.

٩- جەلالەدین تەییب شاکوڕی فلان کوڕی فلان کوڕی موزەفەرەدین... ساڵی ٦٦۴ کۆچی مانگی.

١٠- بەهائە دین کوڕی فلان کوڕی فلان کوڕی موزەفەرە دین ساڵی ٦٨١.

١١- غیاسەدین کوڕی تەییب شاو براکەی نیزامەدین بەناو حوکومەتێکی لەساڵی ٦٨٨ هەبوە - بار تولید (نیزامەدین) ی بەکوڕی بەهائەدین داناوە.

١٢- مەلیک ئەردەشێر (بێ ناونیشان) ماوەی حوکومەتی کەم بوە، ساڵی ٧١٣. کە بە دەسی موبارەزەدین محە مەد موزەفەر لەسەرکارلاچوە. قسەی بار تولید (١٠٣) و مونەجیم باشی جیایی زۆرە.

حەسنەوەیه

١- فەضلەوەیه — فلان

٢- مەحمود

٣- هەزار ئەسپ

۴- حەسنە وەیه

۵- موزەفەرەدین

Dr.Saleh Ebrahimi



موزەفەرەدین

فلان — ٦ ـ قوتبەدین

٨ ـ نوصرەتەدین — ٧ ـ نیزامەدین

فلان

١٠ ـ بەهائەدین — ٩ ـ جەلالە دین

١٢ ـ نزامەدەین — ١١ ـ غیاثەدین[1]

ـ سەرچاوە

١ ـ عەباس ئیقباڵ ئاشتیانی ـ تاریخ مەغول چاپی دوەم لاپەڕەی ٣٨٠ تاران ١٣٤١ هەتاوی.

٢ ـ عە باس ئیقباڵ فارسنامە لاپەڕەی ١٣٦ ـ ١٣٣ تاران ١٣١٣.

٣ ـ دکتورزە بیحولاسەفا ـ مێژوی ئەدبیات لەئێرانا بەرگی یەک لاپەڕە ی ٤٠ تاران ١٣٣٩.

٤ ـ سیاقی، تاران ١٣٣٦.

٥ ـ بەم سەر چاوانەی خوارە وە بنوارە:

ـ ئیبنی ئەسیر ـ ئەلکامیل بە رگی ١٠ لاپەڕە ی ٣٦٢ ـ شوانکارە.

ـ لسترنج ـ جوغرافییای مێژویی سەر زەوینی خیلافە تی شەرقی، تەرجەمەی مەحمود عیرفـان ـ تـاران ١٩٥٩. *Yule (H) - The Book of ser Marco Polo, 2 ed - London 1874.*

---

١ ـ سەرچاوە: کوری ئەسیر: ئەلکامیل لە مێژودا.
مێژوی گۆزیدە. دائرةالمعارف الاسلامیة ـ چاپی فرانسە، مادەی: (شوانکارە.)
نەسەبنا مەی خولەفا و شەهر یاران وسەیری مێژویی روداوەکانی ئیسلامی نوسرا وی زامباو یرو، تەرجەمەی دوکتور جەواد مەشکور. پەڕەی ٣٥١ و ٣٥٢ چاپی ١٣٥٦ هەتاوی.
لەئاخریدا زێدونیشتمانی شوانکارە کە وتە دەس روکنە ددین حەسە ن کوری هەزارئەسەبو تا جەددین جەمشید کوری ئیسماعیل، بە قسەی نە تە نزی: (هەرجارە حوکومەت ئەکەوتەدەس یەکێک لەو دوانە تا ساڵی (٧٤٢ کۆچی، بەرانبەری ١٣٤١/٤٢ ـ زاین) کە پیر حوسین نویان لە شیرازابو، حاجی لون، لەهیندوستانەوەلە ڕێگای سیرجانەوە گە رایەوەو ئەودوپاتشامەزنە، کەلەبنەماڵەو پاتشایانی ساسانی بون، کوشتنی و دوکە لی، لە کڵی ئەوبنەماڵە هەستان (٢٢)÷٢٢ ـ نە تە نزی لاپەڕەی ٩ و ١٠.

Dr.Saleh Ebrahimi



شوانکارا *Soncara SHABAUKARA* مه قالەی بە کەڵکی چاپ کراولە دا یبرة المعارف اسلام.
و نسخه خەتی مه جمع الانساب (بە قەڵەمی محه مه د، کوڕی عەلی شوانکارەیی) - لە ئەنیستیتوی خاوەر ناسی فەرهه نگستانیعولومی شورەوی (لینینگراد) ژمارەی ۳۷۲).

٦- ئیقباڵ ئاشتیانی لاپەڕەی ۳۸۱.

۷- ئەم شارەکەلەنێوان داراب و فەساو نەیریزا بو، لە مونته خه ب التواریخ موعینی، نوسراوی موعیینه ددین نه تەنزی، بە تەسحیحِ ژان اوین تاران ۱۳۳٦ خوشناوا هاتووە.

۸- عباس ئیقباڵ لاپەرەی ۳۸۱.

۱۰-۱۱-۱۳- نه تەنزمی (موعیینه ددین لاپەڕەی ۳ و ۴).

۱۴- بۆئاگاداری‌لە باری ئەدەبی‌و هونەری‌لە و هەرێمەداله ڕۆژگاری شوانکارەکانا، کە تەنانەت لە ناو پیاومە زنان و میرمیران و گورزوەشینا نیشا شۆینی هە بووە، بنوارە سە فا ۴۱-[1]

ئە مە ش‌چوارینە یەک کە قوتبە ددین موباریز لەشینی غییاسە ددین - ی کوریدا و تویەتی:

(ای جان پدر کە آن جهانت خوش باد
رفتی زبرم کە جاودانت خوش باد

مسلک بقا را بفنا، بگزیدی
سوری سرە کردی کە راوانت خوش باد)

بۆنواندنی فەزیلەتی کە ماڵە ددین ئیسماعیل (کوژ راو لە ساڵی ٦۳۵ و شە وقی دیتنی وی ئە بێژێ:

چون نیست مرا بخدمتت روی وصال
سر بر خط دیوان تو دادم مەوسال

گویم فلکا در تو نقصان آید
گر زآنکە رسانیم زمانی بوصال

---

۱- ئیقباڵ لاپەرەی ۳۵۸.

Dr.Saleh Ebrahimi

۲۲۳ ـ شه پۆل

که ماله ددین له وه لاّماده بێژێ:

(آنـــی تـــو کـه خـورشید سـرافکـندهٔ تست
هـــر کـــوست خـداونـد هـنربندهٔ تست

جویـــای کمـــالند بجـــان خـلق جهـان
وآنگـــاه بجـــان کمـــال جـوینـدهٔ تست)۲۳



سنگ نگاره شکار گرازان در تاق بزرگ

---

۱ ـ ۱۵ ـ ۱٦ ـ ۱۷ ـ ۱۸ ـ ۱۹ ـ ۲۰ ـ نەتەنزی لاپەرەی ۵ و ٦ مەلیکث موزه فەرەدین له تەمەنی نەود ساڵی دا له ساڵی ٦۵۸ له جەنگی مه غولانا شه هیدکرا.

ـ بۆئاگاداری. زیاتر بنواره تاریخ مه غول ئیقباڵ و مونته خەب التواریخ موعینی.

۲۲ ـ نه ته نزی لاپەرەی ۹ و ۱۰. شه پۆل

Dr.Saleh Ebrahimi

## کوردی شوانکاره

شوانکاره، هۆزێکی کوردی زۆر ئازاو نەبەزەو لە پێنج تیرەو هۆز، پێکهاتووە. ڕۆژ گارێک لە نێو جەرگەی فارسدا حوکومەتی سەربەخۆیان هەبووەو نزیکەی صەدو پەنجاساڵ ئەو حوکومەتە، هەرماوە.

دامەزرێنەری حوکومەتی شوانکارە، ئەمیر فەضلەوەی یە، کە کوری عەلی کوری حەسەنی ئەیوبی بووە، کۆبەی ماموستا جەمیل ڕۆژ بەیانی - حوکومەتی سوانکارە ساڵی [٤٢١ ی مانگی و ڕێکەوتی ١٠٣٥ ی زاینی] دامەزراوەو تا ساڵی [٧٥٦ ی مانگی و ١٣٥٥ ی زاینی] هەر بەردەوام بووە، کورد و کوردستانی ئەمین زەکی تەرجەمەی محەمەد عەلی عەونی، چاپی بەغا، پەرەی ١٣٧ نەقڵ لەکۆبەی شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ٦٤ چاپی دووەم ساڵی ١٩٨١ی زاینی تاران چاپخانەی جەواهیری.

Dr.Saleh Ebrahimi



## محەمەد کوڕی شوانکارە

۶۹۷ کۆچی ـ

محەمەد کوڕی عەلی کوڕی محەمەد لە هۆزی کوردانی شوانکارەی فارسەو یەکێک لە نوسەرانی فەصیحی سەتەی هەشتەم کە لەفەننی شیعرو شـاعریدا خـو دان هـێزوبیری وردو ناسکو جوان بوە و بە خاجە (غیاث‌الدین) کوڕی رەشیدە دین (فەضل‌الله) داهەڵی و تووەولە ماوەی ساڵی ۶۹۷ کۆچی مانگی لە یەکێک لە ناوچەکانی شوا نکارە لە دایک بوەو ژیانی خۆی بە نوسین و شیعر و تن را بوردوەو لە ساڵی ۷۳۳ کۆچی دەسی کردوە بە دانانی مێژوی گشتی و لە ساڵی ۷۳۶ کۆچی تەواوی کردوەو دوای تەواو کردنی،ئەو کتێبەی پێشکەش بە خاجە (غیاث‌الدین) کردوە کە نیشانی ئەبوسە عید ئاخرین پاتشای مەغولی بدا، بلاٌم بەر لەوە ئەبوسەعید بی‌بینێ ئەبوسەعیدی مەغول ئەمرێ و لە هەمان دەم وکات دالە زیمنی تالاٌن‌کردنی گەرەکی (ربع رشیدی تەوزێر) نوسخەی ئەسڵی ئەوکتێبە لەنێو دەچێو نوسەر بۆ جاری دوەم لەساڵی ۷۴۳ی‌مانگی کتێبەکەی خۆی لە نوکەوە دائەنێتەوەو بە (مجمع الانساب) ناوی ئەنێ ئەمە هەر ئەوکتێبەیە کە لەو پەڕی رێک و پێکیو رەوانی وگونجاویو خونجاوی دانراوە و مێژوی جهانی لە سەرە تاوە تا پادشایی ئەبو سعید ی‌مەغولی تێدا نوسراوە[1]

---

۱ـ سەرچاوە: مێژو لکەی وێژاوەری پیران سەعید نەفیسی لە ساڵنامەی پارس ساڵی ۱۳۱۷ کۆچی هەتاوی. تاریخی سلێمانی ۲۱۹ـ ۲۲۴ و مشاهیرالکرد ۲:۲۰۱ و princeton 961 و ایضاح المکنون ۱:۳۷ و ۶۶ و المستدرک علی الکشاف ۳۷۶ و شێخ معروف نۆدێی بەرزنجی چاپی بەغدانوسراوی مەولاناشێخ محەمەد خاڵخوابی پارێزێ شێخ محەمەد خاڵ لە ۱۹۰۴ زاین لەدایک بوە و تائێستادە دەوانزە کتێبی بە کوردی و عەرەبی نوسیوە و لە چاپیش دراون. نەقڵ لەئەعلامی خەیرەدین زرەکلی چاپی ۶ ج ۷ پەرەی ۱۰۵ و زەیلی کشف الظنون ج ۱ پەرەی ۳۷ و بەرکوڵی پێنجەی قەصدەی بوردی‌یە شێخ مارف نۆدێی...وە پەرەی ۵ مجمع‌الانساب چاپی ۱۳۶۳ چاپی ئەمیرکەبیر ـ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



## بەهاشە نگاری

٥٣٣-٦٢٢ کوچی و ١١٣٩-١٢٢٣ زاینی

ئەسەد کوڕی یەحیا سنجاری (شەنگاری) ئەبو بەرەکات کوری موساکوری مەنصور کوری ئەوڵ عەزیز کوری وەهەب کوری هبان کوری سوار کوڕی ئەولاکوری رەفیع کوری رەبیعە کوری هبانی سەلمی سنجاری فەقیهی شافعی شاعیر، بانگ کراو بە (بەها).
ئەمزاناکوردە زانا بە زانستی فیقهبوەو لە زانستی خیلافیشدا دەسێ باڵای هەبوە و یەکێک لە زانا ناودارەکان بوە و زۆر ئازا و بەجەرگ‌و زیرەک و نوکتەزان بوەو شیعری جوانیشی زۆرە.
بە شیعروتن ناوی داخستوەو بە پاتشایانیدا هەڵ وتوەو جایزەی لیٚوە رگرتون و زۆر ولاٚتان گەراوەو لە ستایشی گەورەپیاواندا شیعری زۆرە و دیوانی شیعری هەیە، یەک لەو قەسیدانەی وا لە ستایشی قازی کەماڵە دین کوڕی شارە زوریدا وتویەتی:

وَ هَـــواكَ مٰـــا خَـــطَرَ السُّـــلُو بباله — وَلَأَنتَ أَعْـــلَمُ فـــى الغـــرام بحـــاله
وســـتى وشـــى واشٍ اليك بـــاِنَّهُ — ســـالٍ هَـــوَاك فـــداك مـــن عُـــذالِـــهِ
ريّـــان مـــن مـــاء الشـــبيبة والّـــصبا — شَـــرِقتْ معـــاطفُه بـــطبيب زلالِـــهِ
تســـرى النـــواظِـــرُ فـى مـراكب حسـنه — فتكـــاد تَـــغْرق فـــى بحـــار جمـــالِهِ
فكفَـــا عـــينُ كمـــاله فـــى نـــفسِهِ — وكـــفى كمـــال‌الديـــن عـــينُ كمـــالِهِ

ئەم زاناگەورە لە هەولیٚر لە **٥٣٣** مانگی‌و ١١٣٩ زاینی لە دایک بوەو لە ٦٢٢ مانگی‌و ١٢٢٩ زاینی لە سنجار کەسێ رۆژە ڕێ لە موسڵ دورە بارگەی بە رەولای خواتیٚکناوە[١].

---

١ - سەرچارە: (خ) کتیٚبیٚک لە تەراجمدا ٣٥ ساڵی ٧٠٤٣-٧(چاپی) کوری خەلەکان‌لە وەفیات‌الاعیان فی انباء ابناء الزّمان ج ١ پەرەی ١٩٣ و ١٩٤ و ١٩٥ چاپی قاهرە،کوڕی عیماد: شذراتٌ الذهب ٥:١٠٤ ١٠٤،کوڕی کەسیر. بیدایه ١٣: ١١٠،یاقوت: معجم البلدان ٣:١٥٩ و ١٦٠،وەمادەی سنجارو ئەعلامی زەرکلی بەرگی ١ چاپی ٦ پەرەی ٣٠٢.

Dr.Saleh Ebrahimi

٢٧٠ ـشه پۆل




## هو نەروە ری‌ناودار: خوالێخوشبو حه سه ن - ی کامکار:

## ١٣٠٢-١٣٧١/٢/٢٤ی هه تاوی

حەسەن کامکار، هونەرمەندی بلیمەت، ئاهەنگ‌ساز و مۆسیقیدانی بەناو بانگی کورد. لەتەمەنی ٦٩ ساڵیدا باروبنەی ژیانی پێچاوە و دڵەگەورە کەی له لێدان کەوت.

کامکار له (نۆسان): خاکەلێوەی ساڵی ١٣٠٢ هەتاوی له شاری سنه چاوی بەروی ژیندا هەڵێنا تەمەنی ١٢ ساڵ بـو لە مـەدرەسەی مـوزیکی نـیزام دامـەزرا و ئـەمرێکەوتە بـو بـە هۆی‌ئاشنایی لەگەڵ سازە جۆر بە جۆرە کاندا و وای لێهات بە ئاسانی هەمو سازێکی لێدەدا. بەلاّم سازی تایبەتی ویوّلون بو.

کامکار، بۆ زۆربەی گۆرانی بێژە گەورە کانی کورد ئاهەنگی دروست کردوە، یـان له گەڵیاندا سازی لێداوە و لەپەروەردە کردنیاندا، هەوڵی داوە. گۆرانی بێژانی وەک، حەسەن زیرەک، نەوبەری، وە لە جەوانە کاندا حوسێن شەریفی، عەبباس کەمەندی، هوشەنک شگرف و... هێندی ئاهەنگی بە نرخی بۆ هونەرمەندانی فارس لێداوەو فێری کردون.

کامکار، زیاتر لە نیو قەڕن لە پێناوی موسیقی دا چالاکی بە نرخی نواند وە و توانی هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی گەورە پەروەردەبکا. هەروەها مۆسیقی کوردی بەرە و بواری زانستی و عیلمی پاڵ پێوەنا، وە کردی بە موسیقی‌یە کی عیلمی و منداڵە کانی هەمو لە ژێر چاوە

Dr.Saleh Ebrahimi



دێری باوکی دڵسۆزیاندا، هەریەکە بون بەهونەرمەندێکی ناوەبەدەروە و هەر ئێستا لە ئێراندا بنەماڵەی کامکارەکان بە گەورەترین مۆسقیدان دەژمێردرێن-ئەندامە هونەرمەندەکانی ئـەو بنەماڵە، برێتین لە بیژن، هوشەنگ، پەشەنگ، ئەرژەنگ، ئەرددوان، ئەرسەلان، قەشەنگ و ئەردەشێر.

خوالێخوشبو: حەسەن کامکار لە ساڵەکانی دوایی عومریدا. لە شاری سنە بنەکەن بو و بە ماڵەوە هاتۆتە تاران.

لەکارەبنەڕەتی و بە نرخەکانی کامکار و کوڕەکانی زیادکردنی دەف بە موسیقی ئێرانی بو.

دڵە گەورەکەی حەسەن کامکار لە رۆژی ۱۳۷۱/۲/۲۴ لە لێدان کەوت و دنیای بێ بەقای بەرە و بارەگای رەحمەت و بەزەیی یەزدان بەجێ هێشت.[۱]

## گۆرانی کوردی

گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە تیشکی خستۆتە سەر هێندێ لایەنی ئەو بەشە نامۆیە لە فەرهەنگی گەلەکەماندا، بە شێوەیەکی رێکو پێک کۆمەڵێ لایەن و لقو پۆی گۆرانی کوردی دەست نیشان و ساخ کردۆتەوە، هەرچەندکەم وکوڕیەکەی زیاتر لەوەدایەکە لە شی کردنەوە و ناساندنی هۆرە، قەتار، ئەلاوەیسی، سیاچەمانە، لاوک و حەیران بابەتەکە دەلەنگێ و تەنانەت نوسەرەکەی نامۆیە و بۆ ئێمە نەناسراوە، بەلام دەگونجێ بڵێین: کە بۆ ناساندنی پتری ئەم بەشە پێویستە پسپۆڕو کارزانی کورد بازوومەچەکی لێ هەڵکەن و ئەزمون و زانیاری خۆیان بـۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەب و هونەری کوردی تۆمار بکەن، ئەم بابەتە بە هەندێ دەستکاری یەوە پێشکەش بە خوێنەران دەکرێ.

گۆرانی فولکلۆری، کەرەستەیەکی هەرە بنەڕەتی موسیقای فولکلۆری یەکە برێتی یە لە: ئاوازو گۆرانی، ئاوازی ئامرازەکان، ئامرازە موسیقاییەکان، لەگەڵ جۆرو روخسار و ئاکارو

---

۱- ئاوای کوردستان ژومارەی ۱۷۷ پێنجشەمە ۲۵ی خەرمانانی ۱۳۷۲ی هەتـاوی و ۲۸ ربیع‌الاول ۱۴۱۴ی مانگی و ۱٦ سپتامبر-ی ۱۹۹۳ی زاینی (شەپۆل).

خاسیەتەکانی، هەر بۆیەشە فۆلکلۆریست و زانا و پسپۆرەکان چ لەڕوی کۆکردنەوەو لێکولینەوە، چ لە ڕوی بەرا ورد کردن و چەسپاندن، چ مەبەستگەڵێ بەنرخ دەخولقێنن، باشیش ئەزانین بەردی بناغەی چ ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و قایم دائەڕێژن و بنیاد ئەنێن. پەندێکی روسی هەیە کە دەڵێ: گۆرانی، قوولی بیروئەندێشە و راستی‌یە، لەکانی دڵەوە هەڵقولاٌنە، هەست جولاٌنە، ساکاری وشت دەرخستنە، هەمو نەتەوەیەکیش گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە. گۆرانی ئاوێنەی گیانی گەل و نە تەوەو خەزینەوگەنج و بیرو ئامانجی‌یەتی. خاسیەتی گۆرانی ناوگەل، لە روی باسەوە، ئەوەیەکە لە شتی جیا جیا دەدوێ و پڕە لە هەست و خواستی قوولٌ و دەوڵەمەند، لەگۆرانی دا هەڵچونی ئازایانە و سۆزی دڵ دەبیسترێ، لە لای هەندێ لە رۆناکبیران چوار چێوەیەك بۆگۆرانی کوردی دانراوە، بە پیێ رای بیرەوەرانو پسپۆران، گۆرانی کوردی ئەکرێ، بە چەند بەشێك: گۆرانی - بەیت - لاوك - دیلوك - لاوژە - باریتی - حەیران - قەتار.

هەروەها بە پیێ باری گوتن و لەبەر رۆشنایی مەرجەکانی کۆمەلاٌیەتیش بەم جۆرە دا بە شی دەکەن:

١ - گۆرانی کار: کە بریتی‌یە لەگۆرانی: (دروێنە - بێریانی - دارەوانی - کاروان - شوانی - کاسبکاری).

٢ - گۆرانی بۆنەکان (موناسبات): ئەلف - گۆرانی بوك گواستنەوە (سەماو چۆپی - شەوارەگرتن).

ب - گۆرانی پرسە و ئازیەتباری

ج - گۆرانی ئایینی.

٣- گۆرانی رۆژانە: کە بریتی‌یە لە ئەلف - گۆرانی مندالاٌن.

ب - گۆرانی لایلایە.

ج - گۆرانی دڵداری کە (لاوك - حەیران - گۆرانی - بەستە) دەگرێتەوە.

٤- گۆرانی ڕامیاری

٥- گۆرانیە ئازادەکان.

Dr.Saleh Ebrahimi



(موسیقای شاری و نیشتمانی، گۆرانی تازە) «تومابوای» کورد ناسیش لە و باوەڕە وەیە کە گۆرانی کوردی زۆر بە ئاهەنگ و بانگە و گەلێ چەشنی هەیە. گۆرانی وا هەیە، هینی شەوەو بە رۆژ ناگوترێ. ئەوەی منال ئەیلێ، لەوەی گەورەو ئافرەت جیایە. ئەوەی پیرێک ئـەیلێ لەوەی گەنجێک ناچێ. گۆرانی ناو چیاکان غەیری گۆرانی پێدەشت یا جـەنگەڵ و ڕۆخـی روبارە کانە. گۆرانی بەیانی و نیوەڕۆو پاش نیوەڕۆ و ئێوارە، هەمان گۆرانی نین و ئە گۆڕێن.»

سەیدا حاجی جندی پسپۆری کوردی دانیشتوی ولاّتی روسیە، گۆرانی کوردی ئە کا بە سێ بەش: ١ ـ گۆرانی کار ٢ ـ گۆرانی ئەڤین و دڵداری ٣ ـ گۆرانی سروشت. سەیدا جندی لە و بڕوایەش دایە کە هونەری دانانی شیعر لە گۆرانی کوردی داگەلێ جۆرە...، وە کو چوارینە:

(م ـ م ـ ن ـ م)... هەیە، مەسنەوی و دو بەیتی وە کو:

(ر ـ ر ـ د ـ د)... هەیە دێڕی یە کەم و دوادێرە کەی یە ك قافیەیە، بە تایبەتی گەر هاتو تەنیا گۆرانی بێژێک گۆرانیە کەی وت وە کو: (ی ـ س ـ ك ـ ل ـ ی)... ئەمە و شـێوازی بانگ کردنیش لەم گۆرانیانەدا جۆراو جۆرو هەمە ڕەنگە.. بە شێوەیە کی گشتی، پیاوی دڵدار بە پیتی بانگ کردنی (و) و ژنی دڵبەر بە پیتی بانگ کردنی (ی) بانگ دە کرێ.. واش دەبێ هەندێ واژەو وشە لە سەرەتای گۆرانی دا، پتر لەجارێ ئەوترێتەوە.. وا دەبێ لە شێوەی تەرجیع بەندو تەرکیب بەندا بێت.. جاری واش هەیە، برێتی و تێکەلاّوە لە دو زمان وە کو: کوردی و فارسی، کوردی و تورکی، کوردی و ئەرمەنی..

ئەو تیپانەی کە بە تێکڕایی لە گەڵ گۆرانی کوردیشا ئەوترێ ئەمانەن:

(هاهو ـ هاهو) ـ (تەو تەو) ـ (جانی ـ جانی) ـ هاهی) ـ (دەلیلیلی) ـ (دەلو لولو) ـ (وەیی ـ وەیی) ـ (وەیلو ـ وەیلو) ـ (وەیدل وەیدل) ـ (دەیویو) ـ (های های) ـ (هیوا هیوا) ـ (ئەمان ئەمان) ـ (ئەدن) ـ (ئاوا) .. گۆرانی و سترانی کوردی بەم جۆرە دابەش کراوە: ١ ـ دیلانێ: گۆرانی شایی ٢ ـ زیمار: گۆرانی شیوەن ٣ ـ نارین: گۆرانی بوکانەیە ۴ ـ دیوروك: لە گەڵ تەمبوردا دەوترێ ۵ ـ لاوك: گۆرانی شەڕو شۆرە ٦ ـ حەیران: گۆرانی دڵدارییە. ٧ ـ بەستە: بە هەمو گۆرانیە سوکە کانی دڵداری دەوترێ، بە تایبەتی کە لە پاش مەقامە کان دێن ٨ ـ مقام: بە مقامی رۆژهەلاّتی ناودارە و لە گەڵ هەمو بابەتە شیعرێکا دەوترێ و گەلێ جۆری هەیە

Dr.Saleh Ebrahimi



٩- سۆز: گۆرانی ئایینی و دەروێشانەیە ١٠- بەند: بەو پارچە گۆرانی‌یە دەوترێ کە لە ناو حیکایەتە کۆنەکان داهەیە، ١١- گۆرانی فولکلوری: کە لە گونددا زۆرە، وەك:

١-یەك هوانراوە وەکو: خۆم و بایەقوش هەر دو هاو دەردین.

٢- دو هۆنراوە وەکو: خەوانین نەخەوکەی میون بێدار

گوش بدەن وە دەنگ ناڵەی دەردەدار

هەر کەس خەفتیە، خەو خەیری بـوت

هەر کەس بێدارە جو خۆم دەیری بوت.

٣- سێ هۆنراوە وەکو:

بــەو بــچم نــەوەیس پیرۆیمـانە

لەوەیس بــپرسین گونـای کیمـانە

کرمــاشان مــەچم بـیستون رامـە

قەتڵگای فەرهاد شـەو مەنزڵگـامە

هەر کورە مەچی (الله) یارت بـۆ

ئاوەکەی زەمزەم سـازگارت بـۆ

٤- چوار هۆنراوە:

مـن خـاتر خـوانـیم مـن دەردە دارم

پەژموردەی روخسار خاڵەکەی یـارم

تــاکـەی دانـیشم لە سـای داری بـی

تــاکــەی بکـێشم رەنـجی غـەریبی

خوای بانی سەر کـارێ پـێم کـەردەن

عاجز بوم لە گیان رازیـم بـە مـەردەن

لە دو رەو هـــاتم بشنـــاسە دەنگــم

تــۆزی غــەریبی نیشتگە لە رەنگــم

Dr.Saleh Ebrahimi



٥- پێنج هۆنراوە وەکو:

تـــاقە گـــوڵێ بـــوم بـــەسەر یـــاڵەوە

عـــاجز بـــوم لە دەس بـای شەمـاڵەوە

تـــاقە گـــوڵێ بـــوم بـۆ خـۆم ئەشنیـام

بـــای شەمـاڵ دای لێـم لە ریشـە کنیـام

ئـــەوە مـــن مـــردم قـــاڵم بریـــاوە

گـــەڵای جـوانـیە کـەم لە دار کەنیـاوە

هـــەی داد هـــەی بێداد لەم بێـدادیـمە

بـــێ دادیـــم لە دەس شـــەو تەنیـاییمە

هەی داد هەی بێداد تا کەی نەکەم دەنگ

گەوهەر فرۆش بوم مایەم بو بە سەنگ

ئەمە و شەش و حەوت و هەشت هۆنراوەش هەیەکە بە پێی ئیقاع و ئاوازی گۆرانیەکە دەگۆڕێ و کورت و درێژ دەبێتە وە:

٦- شێوەی پەخشانی هونەری هەیە، وەکو:

(لاوک - حەیران - هۆرە ... د.)

٧- بە شێکیش هەیە بە شیعری هونەری و کلاسیک، جار جارەیش بە شیعری فۆلکلۆری ئەوترێ وەکو:

## (مەقام و گۆرانی تازە)

٨- بەشێکیش هەیە لە شێوەی شیعر و پەخشان دایە وەکو: (بەندو بەیت).

سەرباری ئەمەیش، ئەم هەمو لقانە دەگرێتە خۆی:

١- گۆرانی منالاَن.

٢- گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ.

٣- گۆرانی دڵداری.

Dr.Saleh Ebrahimi






٤- گۆرانی شیوەن (ئاغا میرە - زیمار - چەمەری)

٥- گۆرانی ئایینی.

٦- گۆرانی کچانە یا بالۆرە.

٧- گۆرانی کورانە

٨- گۆرانی مندالأنی حوجرە

٩- گۆرانی رەمەزان

١٠- گۆرانی بوکـو زاوا.

١١- گۆرانی نیشتمانی و سیاسی و شۆرشگێرانە.

١٢- گۆرانی و سرود بۆ مندالّ و مێرمندا لأنلە فێرگە کان.

١٣- گۆرانی یادەنگـو ئاوازی مەولود (مەولود نامە)

١٤- گۆرانی مەنەلوج

١٥- گۆرانی قەرەج و دۆمە کان

١٦- گۆرانیە کانی کارکە برێتی یە لە:



١- گۆرانی جوتیاران

٢- گۆرانی دەستار، هارە،

٣- گۆرانی ئاسیاو

٤- گۆرانی ساوارکوتانەوە

٥- گۆرانی جونی.

٦- گۆرانی دروێنە.

٧- گۆرانی کرێکار

٨- گۆرانی بەقالّ و دێوەرەوکوتالّ فرۆش

٩- گۆرانی راوکەران.

١٠- گۆرانی شوان یاگۆرانی دیزە وگۆزە کردن و قورشێلان، گۆرانی سەمەنی.

Dr.Saleh Ebrahimi



## -گۆرانی میللی: نە تەوەیی:

لە نێو شارا سەر هەڵئەدا و چینێکی ناوەڕاستی نێوان جوتیارانی دێی و... چێژی لێ وەردەگرن و لە ژێر تەئسیری فولکلۆری خۆمان و گۆرانی بێگانە دایە... ئاوازەکانیشی سەرباری تەختی خورێ هەلاتی و فۆلکلۆری هەندێ ئامرازی ئەوروپایی وەکو: (کلدزیت - ئو کوردیون - ساکسیفون... تاد) لەگەڵ گۆرانی چینی پەرەسەندوی بورژوا دا هەیە...

## -گۆرانی دانراوە:

شوێنی لە نێو شار دایە، دانەرەکەی دیارە، پتر لەسەر نۆتەی موسقا تۆمار دەکرێ... زۆر جار وەکو گۆرانی فۆلکلۆری لە نێو خەڵکا بلاو دەبێتەوە... بەلام ئەم وەکو گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان نیە وتەمەنی کورتە و زو دەبڕێتەوە یا ئەبێ بە گۆرانیەکی فۆلکۆری، بۆیی زانای ناودار: جەمیل رۆژبەیانی لە بارەی ناوی گۆرانی کوردی، رایەکی هەیە کە دەڵێ: «... رەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە (قەتار) رەنگە لە وشەی (گاتا) وەرگیرابێ و گۆڕابێ وە لە کاتی خۆیا هەرگاتای پێ وترابێ. هەروا (هۆرە) رەنگە گۆرانی یەکی تایبەتی بو بێت بۆ ستایشی (ئاهۆرە مەزدا)... هەرووەها (کەلهوری) رەنگە (کە لە ئاهۆرایی) واتە لە گۆرانییە هەڵبژاردەکانی باسی ئاهورا بوبێت. جگە لەوە گۆرانی (خورشیدی) تا ئێستا گەواهە کەلە کاتی هەلاتنی خۆردا وتراوە بەناوی نیازەوە، چونکە بەرامبەر بەوە، گۆرانی (خاوکەر)مان هەیە کە بۆ خەو هێنان وتراوە هۆرەش زۆر بە جێیەکە یەکێ بێت لە گۆرانییە تایبەتییەکانی (ئاهۆرا مازدا)... یا هیچ نەبێ سەرچاوەکەی یەکێک بێت لە گۆرانییە ئایینییەکان. چونکە ئەبینی ئێستاش (هۆرە) هەر تەنیا هۆرەی دەروێش لەناو کورددا لە ئە مانە هەموی بەناوبانگترە، وە دور نیە (هۆرە و ئاهۆرا و هاوار) لە ڕوی واژە یا زمانەوە، لە یەک سەرچاوەوە هاتبن، وە ئەم وشە و مانایە تەواو لە وشەیەکی زمانێکی تری هیندو ئوروپییەوە نزیکە کە ئەویش وشەی (هورا)ی روسییەکە بە مانای هاوار یا بلێین - بانگ یا هەتاف - بەکار دێت، وەنزیکی ئەو ماناکوردییانەیە، کەلاهور [۱].

---

۱- دور نیە کەلهور لە (کەل و هور) وەرگیرابێ، کەل وەک کەلەگا، کەل گامێش، کەلمل: (کەل مل باوانم) کەل

Dr.Saleh Ebrahimi



گۆرانی بەشێکی هەرە کۆن و گرنگ و بە نرخە لە بەشە کانی فۆلکلۆری کوردیمان و لەهی میللەتانی تریش، وەسەردەمی پەیدا بونی ئەم هونەرە ئەگەرێتەوە بۆ ئـەوکـاتەی کـە ئادەمیزاد وبەرەی مرۆڤ فێری زمان گرتن و قسە کردن بووە و بەتیری عەشق و ئەوین کاری پێکراوە و نێر و مێیان کەوتونەتە ئەوین بازی و خولیای یەکترەوە.

ئەوین گرنگترین هۆی پاڵ پێوەنەر بووە بۆ دروست کردنی ئـەم هـونەرە لە لایـەن ئادەمیزادەوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کەوا ئەبینین زۆربەی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە و تراون و لەسەروی هەمو نەریتە کانی تری کۆمەڵایەتیەوە دانراون... جوانـی نیشتمـان و خـۆرسکو سروشت تا رادەیە کی زۆر خۆیان لە گۆرانیە فۆلکلۆری یە کانماندا ئەنوێنن.[٣]

بلاو *BLAU* لە بابەت تایبەتیە کانی دەنگو ئاوازی کوردیو گرینگی ئەوانە زۆری گرینگی پیداون، دەڵێ: هەژارترین هۆزو عەشیرەی کورد لە بابەت ئاوازی دڵگیرەوەبێ نیازن، ئاوازی قارەمانانی جەنگی، عومەراغا کە لە (دیادین *DIADIN* ) جارێ شاد، جارێ تـوند. جارێ خەفەتاوەر، مرۆڤ سەرسام دەماکە خەڵکی لە دەور کۆ دەبونەوە.

لییارد لە کتێبی نینەو اوکە لاواکانی ئەوێ ج ١ - پەرەی ٢٩٢ لەبابەت شیعرو موسیقای کوردی یەزید - ی یەوە سەیرە، دەڵی: لە سەر گۆری شێخ عادی لە لالەش گوێم لە چەن ئاواز

---

بەواتای قەوی، بەهێز وەبەکینایەواتای سەروک، سەردار و رەئیسیش ئەدا. هـور سـوکەڵەی ئـاهورا، ئـاهورامـزدا، (ئاهورمزد) کەوابێ: کەڵ هـور بـە تـێکرا بەواتای مـەزن، سـەرۆک و سـەرداری ئـاهورمەزدا پەرستـانە (رەئـیسی ئاهورایی یە کان) لە زمانی عەرەبیشدا هور، خور، بوتە (هو) دەرۆیشی کورد لە کاتی هاوارکردن لەخوا دەڵێ یا (هو، کە دەبێ هەرهەمان: (ئاهورا) بێ یا کەڵهورئەم هۆزە کوردە، سەربە (کلاهوری پاڵەوانی فەرمان رەوای پێشوی مازندەران بێ کە کە یکاوس ویستی بیخاتە بن فەرمانی خۆی، شانامە لە چەند جێگەدا ناوی ئەو کلاهورەی هێناوە کەدەڵی:

کلاهور کەلافاوە بۆ لە مپەران - هەمونازی هەر بەو بو مازندەران - کلاهور پەیا بو، وەک شێری نێر - سەری دالە سەر داری ئازاو دلێر - کەپەنجەی دەپەنجەی کلاهور پەراند - هەمو تا خونی وەک خەزەلوەرهەڵوەراند - کە گاسی یە کانی مازندەران کورد بون و کلاهور دەشێ لەوان بوبێ - کە لۆرو گۆران تیرە یە کن و لە تورەمەی گۆدەرز - ی کوری گەشواد - ی کوری گیو، کە ئەو گیوە وەزیری کە یکاوس بووە و هەر خۆی لە حوکم کردنا حیساو بوگەو ئەو گۆدەرز - ە دو کوری بە ناوی (گیو و (رەهام یامامەرەهام) هە بووەو لە بنەماڵەی بوختی کوردن - کۆبە لەسەر شەرەفنامە ی ئەمیرشەرەفنجان بەکوردی پەرەی ٥٩٥ تا ٥٩٣ وە یادداشتی (شەپۆل).

٢- ئاوێنە ژمارەی -١- چاپی ١٣٧١ پەرەی ٦۴ - قسەکانی بەرێز نورەدین سـاڵەیی و دەس نـوسەکـانی بـەرێز عەبدورەزاق بیمار.

٣- ئاوێنە ژمارەی ١١ سالی ١٣٧١ - چاپی تاران (شە پوڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi



بوکە (بە درێژای تەمەنم قەت دەنگ و ئاوازی ئەونە خۆشم نەبیستووە کە تائەو رادە شوین دانێ و دڵ نشینیش بێ) دەنگی خۆشی نەی، شمشاڵ لە تەک دەنگو ئاوازی ژنان و پیاوان ئاوێتە ببو.

یالاوژە *LAWI* یا بەیتی کورتی غەنایی کەقسە لە رازو نیازی ئەوێندارو ئەوینگر دە کا، های لەیلێ، های لەیلێ... وای لەیلێ، وای لەیلێ ئەرێ لەیلێ دەلال... و جارجارەش دنەدەری راپەرێنە لەراست هێرشکاراندا، لاوژە بۆ جەعفەراغای شکاک کە لە چهریق کە بە دەڵە دزێ لە تسەورێز بەهۆی وەلعەهەد ـ ی قاجار کوژراوە[1]، پیاو دە کا بە ئاو. بوزکۆ: عەزیزخان کوری جەعفەرا غاو برازای سمکۆیمەزن کە موی تەلأیی هەبو. یا لێ جانێ لێ جانێ... سابت کراوە کە لاوژەی کوردی زۆر بەرزتر و تەرزترلە قەسیدەی عەرەبە، لەسەرەتای سەتەی ۱۱ی زاینی عەلی حەریری لە شەمزینان بەزمانی کوردی شیعرومە بەستی نوسیوە و دیوانی شیعرەکانی بەدەس نوس بەدەس واسیلی نیکتین گەییوە. مەلا ئەحمەد ـ جزیری عارفی رەبانی بە شێوەی غەنایی،شیعری ئەویلە ریزی شاعیرانی بێ هاوتا داناوە ـ فەقێ تەیران: چریکە و مەنزومەی ئەسپ ـ ی رەش یاشەودێز، مەلای باتە دانەری مەنزومەی دمدم، حەکیم ئەحمەد ـ خانی دانەری مەم وزین بە شیعر ـ ی کلاسیکی، عەروزی، یا عەلی تەرە ماخیکەلە ۱۰۰۰ی مانگیی و ۱۵۹۱ و ۱۵۹۲ی زاینی کتێبی کوردی نوسیووەو ئیسکەندە رژاباله شاری ئەرزە رۆم چاوی بەو کتێبە کەوتووە،کە دەستوری زمانی کوردییە. ۱۰۰پەرەیە و عەبد رەقیب ئەم دەستورەی دیو ە[2].

یا ئەشعاری کوردی بەزاراوەی لوریوکونی کوردی: بابا تاهیر ی کورد[3].

---

۱ـ پێشکار: ئوستانداری تەوریز بەقورئان سوێند دە خواو قورئان بۆجە عفەرائما مۆر دەکاو بەفریودان وسوێندی بەدرۆ بانگی دەکە نەدار حوکومەی تەورێزو بەرەشە کوژی جەعفەراغای چهریقیان کوشت. کورد و کوردستان واسیلی نیکتین تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی پەرەی ۱۸٦ و ۱۸۷ چاپی ۱۳٦٦ و بە بەیت و لاوژە بە کوژرانیدا هەڵوتراوە. و. نیکتین کەژی ۱۲ (شە پۆل).

۲ـ (ژیناوەری زانایانی کورد... (شەپۆل).

۳ـعوریان پەراوەی کورد و کوردستان نوسراوی واسیلی نیکتین پەرەی ۵۸۰ و ۵۸۱ و... تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی. ئەبی بڵێین: شیعری غەنایی کوردی بەئیلهام لەژن دەوترێ وەکلای لایێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

کوردەواری ۲۸۰ / شەپۆل

# دەنگ‌و ئاواز یا موسیقی کوردی

کەسایەتی و خوو ئاکارو داب‌و دەستورو لێهاتویەکانی بنەرەتی، وە تەنانەت خەوش و عەیبگەلێ کە دەبێتە هۆی جیایی نەتەوەیەک لە نەتەوەیی دیکە، بە نبوغی ئەو نەتەوە ناو دەنرێ[۱]

## دەنگ‌و ئاواز یا موسیقی کوردی

ئاواز، یەکێکە لە هەستە دەروونی‌یەکانی یەک نەتەوە، بەشێ لە دام و دەزگای هەناسەکێشانی زۆربەی گیان لەبەران لە لێو یا دنوک و دندوک تا دورێیانی خرخراکەو قورگ لە تەک سی‌پەلاک و ئەندامانی نەفەس‌کێشان، لە کاتی ئەنجام دانی ئەرکی ژیانی سەرشانی خۆی، توانایی بەدیهێنانی دەنگیشیان هەیە، گشت گیان لەبەرانێ کە بە دەم دەنگ دەردەبڕن، خۆی جۆرێ ئاوازە، ئاوازی قەناری، دیقل (کەڵەشێرو کەڵەباب)، بولبول، پەپوسلێمانە، کوند، ئەسب، گورگ، گوێدرێژ، داڵ، شێر، پڵینگ، کتک (پشیلە)، سەگ، بۆق‌و سیسر[۲].

---

۱- (ویلتێر، پەراوەی فەرهەنگی فەلسەفی، نەقل لە واسیلی نیکیتین، تەرجەمەی محەمەد قازی، کوردو کوردستان، بلاۆکی نیلوفەر - ۱۳۶۶، پەرەی ۱۵۹).(شەپۆل).

۲- دەنگ: حیلە، لورە، سەرەسەڕ، زریکە، میاو، قرەقڕ، تەپەتەپ، بۆڵەبۆڵ، زرمەزرم، خرمەخرم، بۆرەبۆر، قیرە قیڕ، زریکەزریک، قیژەقیژ، زرەزر، هاژەهاژ، زرەزری زریزە، مرخەمرخ، قلمەقلم، قلپەقلپ، چریکە چریک، چریکەی دەنگ‌و ئاواز، تێ‌چریکاند، شریخەشریخ، شریقەشریق، بروسکەبروسک، خاوەخاو، زرنگەزرنگ، ترپەترپ، هاسکە هاسک، تاسکە تاسک، هەسکەهەسک، هەنسکە هەنسک، قۆرەقۆڕ، قوڵتەقوڵت، پشم‌وهۆر، پژم‌وهۆر، میزەمیز، بریکەبریک، چەقەچەق، شاپەشاپ، قرخە قرخ، فرتەفرت، گرمەگرم، زرم‌وکوت، خنکەخنک، چکەچک، تکەتک، قرتەقرت، گارەگار، قریشکەقریشک، ئاخ، ئۆخ، ئۆخەی، ئافەرین، هاوار. - هەروەها واژەگەلێ وەک ئافەرین کە واتای فیعل بدا، شیبە یا شەبیهی جوملەی پێ دەڵێن. ئافەرین یانی پەسەند و ستایشت دەکەم. بەڵام ئیسمی سەوت یا ناوی دەنگ تەنیا دەنگی تایبەت بە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەربڕینی ئەو جۆرە ئاوازو دەنگانە لەو جۆرە گیانلەبەرانە، خۆی بۆ جۆری پێوەندی لە تەک هاونەوعانی خۆیاندایەو لە لایەکی دیکەوە نومایشی لێهاتوویەکانی خۆرسکی یە لەواندا، یانی منیش هەم... ئەشگونجێ بۆ دەربڕینی عەشق و ئەوین بێ یا بێزاری، ناڵە، دەربڕینی ئێش و دەرد... هەر جۆر بێ بۆ دەربڕینی هۆی دڵو دەرونە، بێ‌شک، لە دنیای خیلقەت‌دا، دەنگ بەر لە واژە هاتووەو بیری مرۆڤ زۆر بەر لەوەی واژە گیربێنێ، هەروەک زیندەوەری دیکە یا کەمێ سەرکەوتوتر لەوان، تەنیا بە هۆی کەرەستەی تازەوە، رازی دڵ و دەرونی خۆی هۆنیوەتەوە. ئەشگونجێ کە ئاهەنگ‌گەلێ بەرفرە، بەر لە پەیدابوونی یەکەم بێژە هەبووە، لام وایە لەم دەورەدا هەندێ لە بزوێنەکان کە لە سەرەتایی‌ترین شکڵی دەزگای وتاری بەدی دێن، لە نێو دەنگ و ناڵەو زنازنادا خۆیان نیشان دابێ. تایبەتمەندی شکڵ و نەرم و شلی ئەم دەزگایە لە ئینسان دا بۆتە هۆی پەیدابوونی یەک دوو پیتی «ب» و «د»، بێ‌دەنگی لێو و دیان، وە بیریش زۆر بە لەز ئەوانەی سەبت و زەبت کردووە.

بە پەیدابوونی کەلام و پێوەندی بیرو ئەندێشە سیلولەکانی مێشکیش ڕێگای پێ‌گەیشتنی زیاترو شوێندانانی موتەقابیلی لەسەر ئەندامەکان گرتۆتە بەر، واژە بێجگە لە بایەخی وێژاوەری و نیشان‌دان، ساختی ئاهەنگ و دەنگی هەیە، نیزامی تەنەفوسی‌و مەکانیزمی دەزگای وتاری، ئەو ساز و سأختەی بە واژە داوە کە بە هۆی ئەم تایبەتمەندی‌یە، دەتوانێ لەگەڵ پاراستنی باری پیتەکانی، بە وێنەی ئاهەنگیش بەیان بکرێ. بوونی واژە لە ئاهەنگدا پێوەندی مێژووی لە نێوان ئەو دووانەدا راگرتووەو دەنگ و ئاوازیش بەرهەمی پێوەندی ئەم دوانەیە، ئەبێ بزانین موسیقی رەسەنی کوردی، بەر لە زمانی کوردی بە وێنەی ئاوازی تەنیا هەبووە، پێگەیشتنی دەنگو ئاوازی کوردی زۆر بە خۆرسکی هاتۆتە پێشەوە، چونکە کورد و خۆرسک پێوەندی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیەو ئەو پێوەندی‌یەش هەروا بەردەوام پارێزراوە، ئاوازی کوردی، وەڵامی ناڵەو زاڵەی گیانیەتی کە ئازادانە لە چیاو کوێستانی ڕەنگین دا ژیاوەو

مرۆڤ وەک: قیژەقیژ یا دەنگی تایبەت بە ئاژاڵ وەک قاسپە قاسپ یا دەنگێ کە لە ژینگە و خۆرسکە دا هەیە. وەک خشەخش، کەوابو دەنگ لەگەڵ ناوی دەنگ لێک جیان.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەژی. دەنگ و ئاوازی کوردی، پەلەوەر، تافگەو سروەی دەم کەل، لە دڵ و دەروونی گشتیان، بە تایبەتیێکی تایبەت بە خۆیان فێری بوون. خاتو جەمیلە جەلیل، لێکۆڵەری کورد لە بەشی شۆرەوی بەروو لە ساڵەکانی ١٩٨٨ی زایینی لە سەر دەنگ و ئاوازی کوردی و دانانی نۆت بۆ ئەوان، دەڵێ: دەنگو ئاوازی کوردی، دەنگدانەوەی ئاهەنگی شاخی رەنگینی کوردستانە. دەنگو ئاوازی سوێند، هی باو باپیرانمانە، هاژەو خوشینی ئاوی چەمە خورین و تافگە پرهاژەو گیڤەکانە، کە لێرەو لەوێ ئەو ئاقارە، دەبیسرێ. دەنگی کزەبای سەر دوندی کێوە بەرزەکان و دەنگو ئاوازی باڵندەوقاسپە قاسپی کەو لە بناران و بارەباری مەرو بەرغەل، نەعرەی سواران و ... ئایا ئەمە مێژووی زیندووی نەتەوەی کورد نیە؟ ئەم خۆرسک بوونەی دەنگو ئاوازی کوردی تەنانەت لە کر و تەونیشدا دەنگی داوەتەوەو خۆی نواندووە.

شیعرو هۆنە لە دانانو سازدانی ئاهەنگ و دەنگ و ئاوازی کوردی، لە دەزگاو شێوەی جیاجیا، چ لاوژە، حەیران، قەتار، بەیت، سیاچەمانە، هۆرە، ئەللاوەیسی، بالۆرەو لاواندنەوەو... (باوەکو لە زۆربەیاندا ساز توانایی هاوڕێیکردنی لەگەڵ ئاواز خوێندا نیە)، هیچ شوێندانانێکی نەبووەو نیە. واژە بە جۆرێکی وا لە ئاوازدا دەتوێتەوە کە زۆر ئاستەمە بدۆزرێتەوە، برگەگەلی کۆنی موسیقی کوردی هێمان هەن کە تەنیا بە ساز (و شمشاڵ و ...) بە بێدەنگی ئاوازخوێن ئەبرێ بەڕێوە، هەندێ لەوانە زۆر کۆنن، هەندێکیشیان ریوایەتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردە، کە بە زمانی خۆیان بە دەنگ و ئاواز دەیڵێن و دەیخوێنن. لە ئاوازی تایبەت بە هەڵپەڕکێ، کە بڕێکیان بە بێ ساز دەخوێندرێن. ئاهەنگ و بەتاڵوکە خوێندن بە پێویستی هەڵپەڕکێ کەران دەگوردرێ، کەچی ئەو شیعرانە دووپات دەبنەوە.

ئێوە کەمێ لەم چەند شیعرە جوانە بیر بکەنەوە کە حەکیم مەولەوی کورد لە وەڵامی ئەحمەد بەگ کۆماسی دا بە زاراوەی کوردی هەورامی لە پەسەندی بوکی کوردی دا فەرمویەتی، ئەبێ ئەمەش بڵێین: زاراوەی کوردی هەورامی هەر دەڵێی خوا بۆ هۆنەو شیعروتنی بەدیهێناوەو خوڵقاندویەتی.

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەر لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ

Dr.Saleh Ebrahimi



شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کلاو    ورشەو پرشەی خۆی کولـــم و بۆ گلاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپلەو حیلەی نەرم    چریکەی وە ناز تریکەی وەشەرم
سەمای دەسمالان، رەمای نەوهالان    نەمای مەلالان نمای وەش خالان

دەی با بزانین لێکۆڵەرانی هەندەران سەبارەت بە دەنگ و ئاوازی کوردی بیرو رایان چیە و چلۆنە؟ واسیلی نیکیتین لە پەڕاوەی کوردو کوردستان[1] دەنووسی گشت جیهانگەڕان لە بابەت ئاوازی کوردی‌یەوە، زۆر بە گەرمی و عەجباتەوە، یەکسان قەسەی لێدەکەن. زۆری لە گۆرانیەکان بە نۆبە، بە کۆڕو گەڕەلاوژە دەخوێندرێ، گۆرانی دروێنەوانی لە بابەت فەرهادو شیرین چەند هۆنەیەک، لە ئەشعاری (تاس) کە لۆتکە لێخوڕەکانی (ونیزی) دەی‌خوێنن دێنێتەوە بیر[2].

بلاو دەنووسێ: بێ ئەنواترین هۆزەواری کورد، لە بابەت گۆرانی و ئاوازی دڵنەواز،

---

١- پەڕەی ٣٠١ی چاپی ١٣٦٦ تەرجەمەی محەمەدی قازی بە فارسی، دەنووسێ: نیکلامار لە کتێبی خۆیدا (لە بابەت واژەی چەڵەبی، پەڕەی ١٢٧ تا ١٢٩، واژەی چەڵەبی یانی خودایی، واژەیەکە کوردی، بەلام تورکیش بە کاری بردووەو لە کوردی وەریگرتووە. چەڵەب: خودا، نەجیبزادە، خودانی بوت پەرستان، باش، نیژاد، شازادە، پیر، دەورەگەڕ، خونیاگەر، گۆرانی‌بێژ، کوڕی بەگ، ئاغازادە. چەڵەبی: ئیسمی مەنسوبی چەلەبە. یەزیدی (ئێزدی - یەزت)، ئێزدی‌یەکان خودایەکیان بەناوی چەڵەب دەپەرست و عیبادەتیان بۆ دەکرد. هەندێ دەڵێن: واژەی ئاخری (علی اللهی) لە چەڵەبی وەرگیراوە، خوندەکوڕ، یا کوڕی خوا بەکار براوە. یەزیدی پێوەندی بە (یەزید بن معاویە یا یەزید بن ئەنیسە) نیە. یەزیدی لە ئێزدی (یەزت) بە واتای خوا، وەرگیراوە، چەڵەب: کەرەستەی موسیقی: دو سەفحەی برنجی کە دەی‌کوتن بە روی یەکدا، زنازنا، شۆر، غەوغا، دەنگە دەنگ(سنج). عەشایری کورد کە پەیرەوی ئایینی یەزیدی (ئێزدی - یەزت)ن دوو جۆرن، رەشپۆش، سپی‌پۆش، لە نێو رەشپۆشان دا رۆحانی سەرهەڵدەدا، رەشپۆشان بە چەڵەبی ناودار بوون نەک یەزیدی، هەرچەند هەندێ لە رەشپۆشان بەناوی فەقیران دەناسرێن کە جۆرێ مەلای یەزیدی‌یە. یەزیدیان بە بێخەوش بوونی خوێن و ئەسڵ و نەسەب و ئەعیان و ئەشرافی خۆیان دەنازن. ناوی چەڵەبی لە شاری مەهاباد وەک (عبدالله) چەڵەبی هەیە. تورک چەڵەبی لە واتای ئەرباب و خاوەن ماڵ بەکار دەبا، چەڵەبی لە ئاوازی عامیانەی تورکی و لە وتووێژی عامیانەی عەرەبی سوری: (سوریە) هاتووە کە دەڵێن (حەلەبی، چەڵەبی، شامی شومی، مسری حرامی) یانی: (حەڵەبی لەتیف و زەریف، شامی(دیمشقی) شوم، مصری دز). واژەی چەڵەبی کوردی‌یەو مێژووی کورد لە خۆیدا نیشان دەدا، واسیلی نیکتین کوردو کوردستان، تەرجەمەی محەمەد قازی، پەڕەی ٣٠١و ٥٠٠ تا ٥٠٧ چاپی ١٣٦٦).

٢- ٣ـ تاس Tasse شاعیری ئیتالیایی (١٥٤٤ـ١٥٩٥) کە شیعری غینایی و حەماسی وتوە، جا لەبەر ئەوەی کەوتە بەر ئازارو شکەنجەی خێۆی کلیسا، لە حاڵێکی نزیک بە شێتی مرد.

بەهونەر زاحاودرێ، لەوشوێنەی کەهونەر لەخۆرسکو فیترەتی پاک و زولاڵی ئینسان سەر چاوەی گرتوەو لەهەمو شئونی ژیانی مرۆڤ رەنگ ئەداتەوەو لەگەڵ عەواتیف و رۆح و هەستی مرۆڤ پێوەندی راستەو خۆی هەیە، لەبەر ئەوە، بەزەمان یامەکانێ تایبەت کورت نابێتەوەو ئینسان بەدرێژایی تەمەنی خۆی، هەمیشە لەگەڵ جوانی و هونەردا ئیش وکاری هەبوە.

بەڵام ئەبێ بزانین: واتای هونەر چییەو بەچ کارێک دێ؟ لەناساندنی هونەردا دەتوانین بێژین: کە هونەر، هۆیە بۆ سەبتو زەبتی عەواتیفی ئیلاهی و خودایی و هەستی پاک و بێخەوشی رۆحی ئینسانی لەقاڵبێکی دیاری کراودا .

هەروەها هونەر، هۆیە بۆ راگەیاندنی ئەم هەستە، لە دنیای بیرو مێشکەوە، بۆ دنیای دەرەوەوبۆ نێو خەڵک و کۆمەڵگای بەشەری.

فێرکردنی ئەوە بەخەڵک، نەکردنی ئەوە لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێ تر، بە تەناسوبێ کە هونەر بتوانێ کەماڵی مەحزی رۆحیو مرۆڤانی لە دنیای دەرەوەدا بنوێنێ و جوان نیشانیبدا، لەکەماڵی خۆی نێزیکتر بێتەوەو بەراوەژوش، هەرچی لەمە (عەینیەت بەخشین بەکەماڵی رۆحانی مرۆڤ) فاسیلە بگرێ، بێ بایەخترو بەرتەسکتر ئەبێتەوە کەوابو، هونەر هۆیە کە زۆر شوێندارە بۆگۆڕان و گۆڕاندنی تەواوی لایەنەکانی باری ژیان لەکۆمەڵایەتیدا.

هەروا هونەر خێوی ریسالەتی مرۆڤ سازیشە

هونەر بەکەڵک وەرگرتن لەم تایبەتیانە ئەتوانێ بەناوی یەکێ لەشوێن دانەرترین و گرینگترین کەرەستە، بۆ عومق بەخشین بۆنیشاندانی حەقیقەت و ناسینی مەعارفی ئیسلامی کەڵکی لێ وەر بگیردرێ.

مێژوی ئیسلامو لایەنە جیاوازەکانی رامیاری، کۆمەڵایەتی خووئاکاری «ئەخلاقی» سیرەو رەوشتی ئەنبیا وپیاوچاکان و خوو ئاکار باشان هەروەها کەسایەتییە، دینی ورامیارییەکان بەدرێژایی مێژو ئەکرێ بەوێنەی خونجاو، وگونجاو بەبیرو رای جیاجیاوە، لەقاڵبو بیچم ودیمەنی هونەردا نیشان بدرێن.

هونەر ئەتوانێ زمانی راگەیاندنی حەقایقبێ، بەتایبەت لەو شوێنانەی زمان هێزی

بەیانی بۆ نەبێ ولەتەوسیف و پەسن و تیگەیاندنی جوانی رۆحی ئینسانی و مرۆڤانی عاجز بن.

بەڵام ئەمرۆ لەزۆر بەی نوختەی جیهان ئەوەی بە ناوی هونەر هەڵ ئەداو لەفەزاو هەوای نەخۆشی (نۆی بونەوە) و (شارستانیەت) باڵ و پەرپان دەکاتەوە، تکنیک وکەرەستەی هونەرە، نە رۆح و حەقیقەتی ئەوە، نەخشی تکنیک لە هونەردا تەنیا سەبت و زەبت و نەقڵی هونەرە.

دیارو رونە کە هەرچی تەکنیک ـی هونەروەر لەیەک هونەری قوی تردا بێ لەراستیدا ئەداو بەیان و تەوصیف و پەسنی ئەو هونەروەرە لەبابەت هەستی خۆی زیاتر و کامڵتر ئەبێ، نەتەوە رۆژاوایەکان لەروی بنەرەتێکی راست و دروست وموفەق بـۆفێر کـردن و بـارهێنانی تاکەتاکی شیاوتە قویەتی تەکنیکی پێوەندیدار بون: ناودارانێ لەدنیای هونەریان هێنایە مەیدانەوە، کەلەباری هێزی بەیان کردن ورونکردنەوەو تەکنیکەوە، بێ وێنەن بەڵام ئەمە بەم واتایە نیە کە هونەر لەرۆژاوا داگەیشتۆتە پلەی کەماڵ وجەماڵی خۆی، بەڵکو لە بەرانبەردا هەر ئەو نەتەوانە لەروانگای دەسمایەی مەعنوی هونەر (هەستی بەرزی و عاتیفی) زۆر لەخۆر هەڵاتی یەکان کز ترو نزم ترن، هەروا نابێ لەبیر بکرێ کە هونەر تەنیا لە تەکنیک ساز نەدراوە. بەڵکو تەکنیک هۆیە بۆبەدی هێنانی قاڵبی زاهیری هونەر، ئەگەر هونەروەرێ، لە بارو بابەتی تەکنیکەوە بەتەواوی قەوی و لەحەدی نەوعی خۆی بێت، هێمان یەک هونەروەر بەراستی نایەتە ژمارە، چونکا هونەر تەنیا بریەتی: لە صەنعەت و تەکنیک و زانستنیە.

هونەر کۆمەڵەیەکە لە هەست و تەکنیک لەگەڵ صەنعەت دایە، تەکنیک ئەبێ بەنۆبەی خۆی گۆیای هەستی بەدی هێنەری خۆی بێ، ئەنا تەکنیک ـی خالس هەرچـەندە بـەرز و لەحەدی کەماڵی خۆی بێ، بێ رۆح وگیان ئەبێ، یانی هونەر نیە، بەڵکو تەنیا صەنعەتە.

لەپێوەندی لەتەک هونەردا لەدنیای ئێستاکەیشدا ئەبێ بوترێ کە رەوشتێ کە مەکۆ گەلی هونەری، تەنات ناودارترین هونەرستانەکانی جیهان لەریشتەگەلی جیاجیای هونەری یان گردۆتە پێش بریەتی یە، لە گرینگیدان بەتەکنیکی هونەر، بێ ئەوەی بەدابین کردنی هەستی عولوی یانی: دەسمایەی ئەسڵی هـونەر.. سـەرنجێکی یـان داو لەدابـین کـردنی دەسمـایەی مەعنەوی هونەر، هەمویان بە تەقلید ـی خود بە خودی ئیحساسی یەکترین و بە پەیرەوی کردن

لەهەست و ئیحساسی عادی قوتابیە سەرەتایی و هونەر خوازەکان لەجەرەیانی پەروەردە کردن و تەقویەتی تەکنیکدا ئیکتیفایان کردوە.

بەم جۆرە، تەکنیك ـی قەوی تێکەڵ بەفەقری مەعنەوی (ئیحساسی عولوی: هەستی بەرزی) لەجیهانی هونەردا هەروەکو گورزێك بوەکەدرابێتە دەس تاکە تاکی ناباش و ناشیاو تا... لەحاند سەر سورمانی بیرو رای گشتی، کەرەستە ودەسکردی خۆیان نیشان بدەن و سەر لەخەڵك بشێوێنن و نەزانانە وادرایان بکەن بە ئافەرین وتن و چەپڵە رێزان.

بەگشتی ئامانجی هونەرچییە؟ هەرچەندە، وەڵامی ورد وراست بەم پرسیارە، پێوەندی بەناسینی ورود و قوڵی هونەرەوە هەیە، بەڵام بەکورتی ئیشارەو ئامارە یەك بە ئامانجی هونەر بۆ ناسینی پێوەندی هونەروچاوورا وراگەیاند زەروری یە، ئامانجەکانی بنەرەتی و گرینگی هونەری ئەصل و رەسەن وجسن وحەقیقی بریەتین لە:

١ـ تیف تیفەو تەلتیفەی روحی خاوەن هونەرە کە لەنەتیژەی پەرە گرتن وقووڵ کردنی هەستی بەرزی رۆحی هونەروەر لەکۆمەڵدا (چونکا حەقیقەتی رۆحی هونەر پێوەندی بە رۆحی هونەروەرەوە هەیە).

٢ـ زیندو کردنەوەی عەواتیفێ کەبە وێنەی خۆرسك و تەبیعی لەنێو مرۆڤگەلدا بەوەدیعە دانریاوە.

٣ـ بەدی هێنانی یەکبون و یەکیەتی رۆحی لەکۆمەڵدا، بەو مەرجە، کە هونەری حاکم لەکۆمەڵدا لەکاناڵی دروستەوە: (ئیحساس و رۆحی هونەروەرانی بەرپرس سەر چاوەی گرتبێ.

٤ـ بوژانەوەی جوانی و زێبایی خۆرسك و فیتری کە لەسروشتی مرۆڤدا دانراوە، بەڵام لەبیر بریاوەتەوە.

٥ـ بەدی هێنانی تەنەوع لەواقیعیات و حەقایەقی ژیاندا کە لەسۆینگەی یەك نەواختی، ماندوکەر بۆتە مەلال هێنەر کە دیارە ئەم جۆرە تەنەوعە، ئەبێ بۆ پێگەیین و هەڵدانی باری مەعنەوی هونەر بێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

٦ـ سەرەنجام هونەر لە پلەی بونی خوێدا، جوانی رۆحی مرۆڤ لە قاڵب و شکڵی مەلموس و بینراو دا ساز بوگەو نیشانەکانی خوا باشترو روناکتر بە کۆڕ و کۆمەڵ نیشان ئەدا جا دیارە بەسەرنجدان بەم هێزی نفوزە سەر سوڕما نەوە، کەلە نێو خەڵکدا بەیانی کردوە، کـە هـونەر هەروەکو زۆر بەی پەدیدەکەلی بایەخداری مەوجود لە کۆڕو کۆمەڵگای بەشەریدا، هیچ کاتێ لەدەس درێژی حاکمانی ستەمکار، پاراستراو نەماگەو هەمیشە لە خزمەتی حوکەمەتی ستەمکار دا بوەو لەوە، بۆ باری ئیستحمارو ئیستثمار ـی گەلانی دنیاکەڵکیان وەرگرتوە.

هونەر، یەکێ‌لە باشترین‌و لەبارتیرینی کەرەستەی چاوو رای ئیستعمارگەرانە، بۆ دا سەلماندنی جینایەتیان، ئەمرۆش لەشکڵی پێچە لە پێچترین‌دا و بە تەکنیکگەلی زۆر پیشکەو توتر لە خزمەتی دیوەزمەکانی خۆرهەلاّت و خۆراوادان.

لەوشوێنەی کە هونەر لەگەڵ عەواتیف‌و رۆحی مرۆڤ پێوەندی نێزیکی هەیە بەئـاسانی ئەتوانرێ لە لایەن حوکومەتەکانەوە بۆ راکێشانی خۆشەویستی خەڵک و خۆکێشانە نێو ئەوان کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

جا لەم روەوە زل هێزەکان بۆ بەدی هێنانی مەبەستی شومی خۆیان لە لایەنی جیـاجیای فەرهەنگی رامیاری، ئابوری و... لەهونەرکەڵک وەردەگرن. ولەئاکامدا ئەم پەدیدە بایەخدارە کەئەبو، هۆ بێ‌بۆ بێداری و روشت‌و پێشکەوتی مەعنەوی خەڵک، ئەبێتە هۆی مەست‌بون‌و ئەحمەق بونی خەڵک وەهەروا ئەبێتە هۆی سەرگەرمی و سەر قاڵ بونی دارا و دەوڵەمەندەکان.

باشترین نمود ـی عەینی ئەم هونەرەکراوە وگۆڕیاوە، هونەری شاپە سەنە، کەهۆی لەناو چونی خو و ئەخلاقی چاکبو.

بەگشتی گرینگترین مەسەلە یەکێ‌لە هونەردا ئەبێ لە بـەر چـاو بگـیردرێ، تـەلتیفـی عەواتیف‌و تەهذیب و باش بونی کەیفی هەستی هونەروەرە، تا زەمانێ‌کە ئەم‌کارە حەیاتی‌یە، لە چوار چێوەی هونەردا لەبەر چاو نەگیردرێ، هونەر، جێگای ئەسڵی خۆی نادوزێتەوە.

ئێستاکەزانیمان رۆحی هونەر، پێوەندی بە جۆری رۆحی و پاکی دڵ و دەرونی هونەروە-روە هەیە، جاکەوابێ، ئەبێ هونەروەر بەدڵی پاک وبێدارەوە چ لە زەمینەی سینما، تەئاتر،

رادیو، تلویزیون،شیعر وهونه، چریکەو چیرۆک، نەقاشی، موسیقی، سازو ئاواز و...خەریکی نوواندنی هونەریێ

* * *

Dr.Saleh Ebrahimi

# نەو روز ؛ تازە بونەوەی بیرە وەری گـەورەی خزمایەتی ئینسان و سروشت و خۆرسکە

گزینگی بەهارو چرۆدانی دوبارە، مزگێنی نەو رۆزوها تنەوەی ساڵی‌نۆی بەهات‌ئەدا لەهەروە رزێکدا، لەهەرکات‌و سات و کاوینگێکدا هەموشتێك تازە و نۆی ئەبێتەوە، هەرزەمان، دونیا و ئێمە و گشت کایینات لە حاڵی گۆڕان و گوڕیاندان. بەلام، نەورۆز ئاووهەوایێ تری هەیە، کاتی‌چرۆ دان و گوڵ و غونچەدانی دوبارەی خۆرسك و سەرە تای کەژی نۆی‌بونە وەی دوبارەی سروشت وجیهانە.

بە گزینگی نەورۆز دارو گژ و گیا و گوڵ نەفەس‌و هەوایێ تازە هەڵ دەمژن و جوان و شاد و تەرو پاراو و عەتراوی ئەبن، چومەڵە و چەم دێنە جۆش و خرۆش و مەل‌و باڵندە کان دوای ماوەیەك کز و کەنەفتی‌وکە سیرەبون، دوبارە باڵ ئەگرن و دەستە دەستە و پۆل پۆل سترانی تازەی ژیان دە خوێنن، کۆتر دە س‌دە کا بە گمە گم و کەولە کۆساران دە قاسپێنێ و پاساری لەسەر دار و گوێسوانان دەجر یوێنێ و بولبول لە نێو گوڵ دە خوێنێ و چینە لە ریشەی دڵ و دەرون دە کا. رۆژ گڕو نوری تازە بە سەربانی ژیانی مرۆف‌دا دە پرژێنێ و خوێن‌لە شادەماری

ئینساندا به خۆرسک ده گه‌رێ و مرۆف گه‌ش و شادئه‌بێ.

نه‌ورۆز له‌هه مو شوێنێکی زه‌ویدا خۆی ده نوێنێ، هه‌ست ئه کرێ و خۆنیشان ئه‌داو زه‌وی ده‌رازێنێته‌وه و دونیا ده‌خه ملێنێ نه‌ورۆز تایبه‌ت به شوێنێک له‌م گۆی ئه‌رزه نیه، هی‌فه ره‌نگ و مه‌رامێ تایبه‌ت نیه، نه و رۆز جێژنی له دایک بونی خۆرسکی ئینسانه. نه‌و رۆز یادی سه‌رکه‌و تنی به‌هاره به‌سه رساردو سری زستاندا، یادگاری زاڵ بونی کاوه‌یه به سه‌ر زوحاکی زاڵم و مارِزدا، نه‌ورۆز جه ژنی نه‌ته‌وه‌یی‌یه، که هه‌مو ده‌یناسن که چییه،نه‌ورۆز هه موسالێک ده گه ڕێته‌وه و ده کرێته جێژن و شادی، هه‌مو ساڵێک. قسه‌ی لیۆه ده کرێ، رۆزیان و تووه و رۆزمان بیستووه دیاره ئیترنیازی به ته کرارو دوپاته کردن نیه؟ چونکاهه‌یه، مه گه‌ر خۆت نه‌و-رۆزته کرار که یته‌وه؟ جا که وابێ باقسه کردن له نه‌و رۆزیش به‌ته کراروچه‌ن پاته ببیسین. له زانست و ئه‌ده بدا ته کرار به مه‌لال هێنه‌ر و بێهوده دانراوه، ئه قڵ و ئاوه‌زته کرار په‌سه ند نا کا، به‌ڵام هه‌ست و ئیحساس، ته کراری پێ خۆشه، خۆرسک و سروشت ته کراری خۆش ده وێ، کۆڕو کۆمه‌ڵگا ، نیازی به ته کراره. خوسک و خۆدکرد له ته کرار ساز دراوه، کۆمه‌ڵگا به ته کرار،هێزو و زه ده گرێ، ئیحساس به دوپاته بونه‌وه،گیانی‌وه به ردێ، نه‌ورۆز چریکه و چیرۆکی جوانی و خوشیکیه، که له‌ودا ته بیعه‌ت و خۆرسک ئیحساس و هه‌ست و جامیعه و کۆڕوکۆمه‌ڵگا پێکه‌وه ده‌س به کارن.

نه ورۆز که چه ندین سه ته‌یه نازوفه‌خر به سه‌ر جیژنه کانی‌دیکه‌دا ئه کا له به‌ر ئه‌مه‌یه، که قه‌راردادێکی ده‌س کردی کۆمه‌ڵایه‌تی،یا یه ک جێژنی داسه‌پاوی رامیاری نییه، جه‌ژنی جیهانه و رۆژی شادی ئه‌رزه. ئاسمان و رۆژ، هه‌روا خرمه‌و چر ته‌و قرته‌ی چرۆدان وگوڵ و هه‌ڵدان و له دایک بونی خۆرسکه و پڕو ته‌ژی‌یه له که‌ف و کوڵی هه‌ر سه‌ره تاو په‌یدا بون و بوون و هاتنه بوون.

به ڵام جێژنی ئه‌م و ئه‌و، زۆربه‌ی ده‌م و کات و سات خه‌ڵک و ئینسان له کارگه، موچه‌ومه‌زرا، ده‌شت و سارا، کوچه و کۆڵان و بازار، باغ و باغات و ده‌شتی کشت و کاڵ ده گێڕێته وه وله نێو تاوڵه‌و هۆده و له‌ژێر میچ و پشتی درگای به سراوداکۆ ده کاته‌وه، قاوه‌خانه و

Dr.Saleh Ebrahimi

چایی خانه و کافه و کاباره، ژێرزەوی و سالۆن و خانوبە رەکان لەهەوایێ گەرم بەنەوت و گاز، روناک بەچرای لە رزوک بە دوکەڵ، جوان و رەنگین بە رەنگ و... بەڵام نە و رۆژ لە ژێر میچی قورماوی، درگای داخراو، هەوای خەفە، لە نێو دیوارە بە رزو پڕلەدرزە کان کە بە جاڵجاڵۆکە تە-نراو لە شارولەدێ لە نێوماڵ و لە نێو چوار دیواری دڵ تە نگدا، دەسی مرۆڤدە گرێ بەرە و داوێنی ئازاد و بێ کەناری خۆرسک،رای دە کێشێ: کە بە هارەگە رمو بە تیشکی رۆژ روناک و تەژی‌یە لەلە رین‌و لەرزین و شادی ئافە رینش و خولقاندن‌و بە دیهێنان، رازاوە بە با و باران، بێنی خۆش، پنگە و ئاخە لیوە، لق و پۆپی داخزاوی باران‌ویکەوتو، پاک و جوان و دڵگیر و...

**نە ورۆز تازە بونە وەی بیرە وەری‌یە کی گەورەیە، بیرەوەری خزمایەتی ئینسان و خۆرسک و تەبیعەت، هەموساڵێک ئەم رولەفەراموشکارە، کە سەرگەرمی کاری‌دە س کرد و سازدانی سازدراوی دەس و قەڵەمی خۆیەتی، دایکی خۆی لەبیر ئەباتەوە، بەهاتنەوە بیری نەو رۆزی پیرۆز، دەگەڕێتەوە داوێنی ئەو ویەکتر بینینەوە ئەکاتە جێژن.**

**لەگەڵ ئەو داڵە بوژێتەوە، ئەم دیدار و یەکتر بینینە دەکاتە جەژن و شادی. رۆڵە لەباوشی دایکدا، خۆی دەبینێتەوە ودایکیش لە کەناری زاروکدا، لەشادی و خۆشیان چرۆئەدا و ئەپشکوێ‌و خونچە ئەدا، رۆندک و سریشکی شادی لەلێو ئەبارێ، هاواری شادی ئەکا و دەس ئەکابە گاڵە گاڵ و چریکە چڕین، جوان ئەبێتە وەو دەچێتە وە سەر دۆخی جاران، دە بوژێتەوە و دە ژێتەوە، بە دیتنی یوسفی بینا و بێدار ئەبێتە وە.**

شارستانی و ژیاری ئێمە هەرچی پێچیدەتر و سەنگین تربێ، نیاز بە گەڕانەوە و نا سینە وەی خۆرسک لە ئینسانداژیانێ زیا تر دە کا و بە مجۆرەیە، کەنە و رۆز بە راوەژوی داب و دەستورە-کان کە پیر ئەبن و دەسۆین و دەپۆین و بێهودە ئەبن، هێز ئە گرێ و بۆ چونە نێودوارۆژ جوان تر و دە رخشان تر ئەبێ، چونکا نە و رۆز رێگایەکە، ئەو جەنگی دیرینەی کە لە رۆژگاری لا تیزوا کونفسیوس تازەمانی رو سۆو وێلتێر بەردەوامە‌یکاتە ئاشتی و دە سە ملانێ.

نه و رۆژ تەنیا هەل و مه رجێك بۆ ئاسودەبون، سەیران و خۆش رابواردن نییە. نیازی زەروری جامیعە، خۆراكو ژیانی نەتەوە یە کیشە. دنیایێ که لەسەر گۆڕان وگوڕیان، پسان و تیا چون و پڕش و بڵاو بونە وەو لە کیس چون ساز دراوە،جیگایەك کەلەودا، ئەوەی سابتە و نە گوڕدراو و هەمیشە پایەدارە، تەنیا گۆڕان و تەغیر کردن و پا یەدار نەبونە، چ شتێ ئەتوانێ نەتەوە یە ك، کۆڕ وکۆمەڵگایەك لە راست عە را بەی بێ بە زەیی رۆژگار،کە بە سەر هەموشتدا تێ ئە پەرێو پان و فلیقی دە کاتەوە و ئەروا، کەهەر پێگەیەك دە شکێنێ و هەرشیرازەیەك دە پسینێ لە زەواڵ بێ پارێزێ؟

هیچ میللەتێ بە بەرەیەك و دو بەرە شکڵ و بیچم ناگرێ، میللەت و نەتەوە کۆز یلکە و کۆزێکی پێکەوە لکاوی بەرەو نەسلی موتەوا لیزۆر و زە وەندە، بە لاّم زەمـان، ئـەم تـیغە بێ‌روحمە پێوەندی بە رە کان دەپسینێ و فرت و فتی ئە کا، لە نێوان ئێمە و پێشینا نمـاندا ـ ئەوانەی کە رۆحی جامیعەی ئێمە و نەتەوەی ئێمەیان ساز داوە و پێکیان هێناوە ـ شیوو دۆڵێکی تەنگە بەری بفەی مێژوی قووڵ کراوە، سەتەخاڵی یەکان، ئێمەی لەوان جیا کردۆتەوە، تەنیا داب و دەستوری باوی کۆمەڵایەتین کە، بزر لە چاوی جە للادی‌زەمان، ئێمەی لەم دۆڵە،پڕلەبفە رائەپەڕێنێ و لە گەڵ پیشینانمان، وەلە گەڵ را بوردوەکانمان ناسیاو دە کا. لە دیمەنی پیرۆزی ئەم داب و دەستورە باوانەدایە کە ئێمە بوونی ئەوان لە رۆژگاری خۆماندا، لە کەناری خۆماندا وەلە «نێو خۆمانی خۆماندا» هەستی پێ‌دە کە ین و خۆیشمان لە نیو ئەواندا ئەبینین.وەجەژنی نەو رۆز،یەکێ لە پتەوترین و جوانترین باوی ماڵە باوانە، کەوا جوان و باو ماوە.

لە و کاتەدا کەداب و دەستوری نەو رۆز دە بەین بەرێوە، دە ڵێێ: لەهەمو نەو رۆزێکدا کە هەمو ساڵێك لەم ئاخ و **سەرزەوی یەدا** ئەیان کردە جە ژن و چراخانی و شـادی، خۆمـان دەبینین و لەم حاڵە داشانۆیی تاریك و روناك و رو پەڕەی ڕەش و سپی مێژوی میللەتی کە و نارای ئێمە لەراست چاوماندا لائەدرێ، بە رێژە ئەروا. ئیمان بەوەی نەو رۆز جەژنی ئیمەیەو باو با پیرانی ئێمە کردو یا نەتەجێژن، ئەم بیرو را پڕ هەیجانە ،کە مێشکماندا بێدار دە کاتەوە کە: بەڵێ: هەمو ساڵێك، تە نانەت لە و رۆژگارەی کە ئەسکەندەرئەم ئاوو خاکەی ئێمەی بە خوێنی

Dr.Saleh Ebrahimi

میللەتی ئێمە رەنگین و خوێناوی کردوە، لە کە ناری گڕتێ بەردان و سوتانی ئاسەواری و لاتمان، نەتەوەی خوێناوی ئێمە زوڕ جوان و راز اوەترو بە بیروباوە رێ زیاترەوە، جەژنی نە و رۆزیان دە گرت، بەڵێ: هەموسالێك! تە نانەت ئەوساڵەی کە سەر بازانی قوتە یبە لە سیروان خەڵکی نوقم دە کردو مولهیك کوشتاری دە کرد، خاجدار و جە نگیز و تە یمورە شە لە و تورکاتی وەسمانی و ئاق قویونلو و سەلجوقیان و... خەڵکیان دە کوشت، لە ئارامبونەوەی غەمگینی شارە زامدارە کان لە کەناری ئاورگی سارد و سڕدا، نەورۆزیان زوڕ بە گەرم و گوڕی دە کردە جێژن.

مێژولە«زێرینا ئامێدی»دە گێڕێتەوە کە لەو سەر دەمەی کە عەرەبی هێرشکار لە قادیسییە ونەهاوەند لە ژێر تیغی تیژی بێ روحمیدا خەڵکیان دە گریاند، کاتێ و لاتی ئارام کردە وە و دژو دوژمنانی رەپێ نا، هەرلەو سالانەدا و دوایش نە و رۆزیان گرتووە و ئەو سەردە مەیان بە رابوردو پێوەند ئەدا.

نە و رۆز هە موکات و ساتێ خۆشە و بیست و بە رێز بووە، لە چاوی موغاندا، لەچاوی موبیداندا، لە چاوی موسوڵمانانندا، هەمونە و رۆزیان لا خۆشە ویست بووە، بە زمانی خۆیان، قسەیان لێ کردوە. تەنانەت فە یلەسوفان و زانایان و هۆزانفانان و تویانە: «نە و رۆز رۆژی یە کە مینی ئافە رینشە، کە خودا دەسی کردوە ، بە خولقاندنی جیهان و لەشەش رۆژا یالە شەش دەورە) لە وکارە دابو، لە شەشە مین رۆژ دا خولقاندنی جیهان تەواو بوو جالە بەرئەمەیە کەیە کەمین رۆژی نەوسان «خا کەلیوە» یان، بە «هور موزد: خودێ» ناو بردوە و ئەو شەش رۆژەیان بە پاك و پیرۆز بژاردوە»

چ چریکە و چیرۆکێکی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بە راستی مە گەر هەمو کەسێك هەست نا کا، کە یە کە مین رۆژی بەهار، هەردەڵێ یە کە مین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەورۆز بووە، دیارە بە هار، یە کە مین کە ژو کەشێ نەوسان (خا کە لیوە) ش یە کەمین مانگ و نەورۆزیش یە کەمین رۆژی ئافە رینشە، قەت خوا جیهان و خۆرسك و تە بیعەتی لە پایینز یا لە زمسان یا لەهاویندا دەس پێ نە کردوە، دیارە یە کەمین رۆژی بەهار، شیناوەردی ئاخی گرتووە بە

Dr.Saleh Ebrahimi

لیوەوەو شین بووە و رواوە. سیلاو هەستان، قەڵپەزەی ئاو، تافگەی شەتاو، چرۆ کردنی دار و دەم کردنە وەی خونچە و گوڵ کردنی گوڵ و گیاو شاخە و پۆپەی دارو دەوەن لەنە و رۆزدا روی داوە، رواوە، بەردو داری ناو ئاو سوواوە.

بێ شک، رۆح و گیان لەم کەژەدا سەری هەڵداوە و عەشق و ئەوین لەم رۆژەداگوورِواوە و یە کەمین جار رۆژ لە یە کە مین نەرۆزداگزینگی داوە و زەمان لە تەک ئەودا دەسی پێ کردوە.

ئیسلامیش رەنگێ جوان تری بە نەو رۆز داوە، شیرازەی کردوەو ئەوی بە پشتیوا نەیێ ئەستور، ئەوی‌لە مەترسی زەوال لەدەورانی موسوڵمانی کوردە واری و ئیرانیاندا، پاراستووە ورای گرتووە،نە و رۆز کە لە گەڵ گیان و خوێنی ئێمە تێکلاو ببو و لێکدرا بوو، گیانی نەتە وایەتی لە گەڵ ئاوێتە ببو. بەرۆحی دینی تازەیش گۆچی گرت، داب و دەستوری نەتەوەیی و نیژادی، لەتەک باوەر،بە دینی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و عەشق و ئەوینی پڕهێزی تازەیە-کلە دڵ و هەناوی ئەم ساڵی تازەیە وا نەو رۆزەهاتەوە جێژ نێکی کونی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە‌خەڵکی لەم ئاوو خاکەدا فرجکی گرتبو، گرێی خوارد و پێکەوە پێوەند دران و پتەو بون و پیرۆز بون.

نە و رۆز ـ ئەم پیرە کە گەرد و غوباری چەندین سەتە لەروی نیشتووە ـ بە درێژایی مێژوی کە و نارای خۆی، رۆژگارێ لە کە ناری موغاندا، زیکر و ویردی میهر پە رستانی خۆی بە گۆی خۆی بیستووە؛ دوای ئەوەلە کەناری ئاورگدانی زەردەشتی‌دا، سرود و سروشی پیرۆزی موبیدان و زە مزەمەی ئاوێستا و سروشی ئاهور مەزدای بە گۆیدا خوێندراوە، لەوە بەدوا بە ئایاتی قورئان و زمانی ئەللا،رێزیان بۆداناوە، ئێستا سەرە رای ئەوە بە نوێژ و دوعا و پارانەوەی کوردی یارسان و دینی کۆنی کوردەواری و عەشق بە خواو ئەوین بە حەقیقەت گیانێ تازەی پێ ئەدا.

ئەم پیرە خاوەن بیرە وەری یە کە لەهەمو سەتە یە کداولە گەڵ هەمو بەرەونە سلێکدا و لە تەک هەمو باو با پیرانی ئێمەدا وێستاوە تا رۆژگاری ئافسانەیی گۆدە رزو گایو مێرت«مێردی گەییو» ژیاوە و لە گەڵ هە مومان بووە، و هە یە، ریسالەت و رۆڵی گەو رەی خۆی لەهەمودەم وکات و

Dr.Saleh Ebrahimi

ساتێکدا زۆر پڕ بە هێزی خۆی و بە عەشق و ئەوین و وەفاداری و خوێن گەرمی و ڕە زاشیرنی ئەنجام داوە و ئەویش سپی کردنەوەگ رەنگی غەم وەهە لقر چاوی پر چین و چروکە لە سیما و قیافەی ئەم نەتە وەنە جیب و زولم لێکراوەیە،کە لە گەڵ خوێن و ئێسک و پلوسکی خەڵکی ئەم سەر زەوی بەلا و صەدام لێ دراوە لە گەڵ رۆحی شاد و خۆرسک و تەبیعەت لێکدراوە و گەورەتر لەهەموان پێوەندانی نەسلە،موتە والی یە کانی ئەم هۆزونە تەوژە،کە لە سەر چەقی چوار ڕێ یانی بە لاو روداوەی مێژو گیرساوە و دامەزراوە و هەمیشە کە وتۆتە بە رهێرش و قینی قین لە دلان و جەلادان و تالانکەران و هەروا پەیمانی یە کیەتی بە ستن لە نێوان هەمو دڵی خزم و کەس و کار،کە دیواری گرژ و توڕە و بێگانە، چەندین دە وران لە نێوانیاندا ئە بووە دڕوی مەم وزین و دۆڵی قوولی فەرامۆشی جیایی ئەخستە نیوانیان.

ئێمە لەم کاوەدا لەم دەموساتەدا لەم یە کەمین دەمی دەس پێکردنی سەرە تای ئافە رینشەدا، یە کەمین رۆژی خیلقەتەدا، لەرۆژی خوادا لە رۆژی ئاگرە سورەی ئاهورایی‌دا، نەو رۆزی پیرۆز ئە کەینە جێژن و ئاگر هەڵ دە کەین، ئاگری ئاهورایی. لە قوولایی ویژدانی خۆماندا بە **پیاوەتی خەیاڵ لە سارای رەش و دەشتی سوتاوی هەڵەبجە، شاری هێرۆشیمای** کوردستان عبور ئە کەین و لە هەمو نەو رۆزگەلێ کەلە ژێر ئاسمانی پاک و رۆژی روناکدا لە سەر ئاخ و خاکی ئێمە کە رێزی لێ گیراوە و ئاگری نە و رۆز هەڵکراوە لە گەڵ هەمو زاروک و کورو کچ و لاو پیرو ژن و پیاوانێکدا کە خوێنی ئەوان بە تێورە گماندا ئەروا و رۆحی ئەوان لە دڵماندا تە کان دەخوا بەشواری دە کەین و بە مجۆرە (بوونی خۆمان) بە ناو یە ک نەتەوە، لە نێو گژە باو گێژە لوکەی توند و ڕەشە بای کوشندە و سوتێنەر و ئاڵ و گۆڕدەردا خۆرائە گرین و خولود بە گەل ئەبەخشین و لە هێرشی ئەم سەتە داکە ئێمەی لە خۆمان نامۆو «نەبان» کردبو.

**چ چریکە و ئەفسانە یە کی جوانە، جوان تر لە واقعییەت! بەراستی مە گەر هەموکە سێک هەست ناکا، کە یە کەمین رۆژی بەهار، هەردە لێ یە کەمین رۆژی ئافە رینشە. ئەوە نەو رۆز بووە، دیارە بەهار یە کەمین کەژو نەوسان «خاکە لیوەش» یە کەمین مانگ و نە و-**

Dr.Saleh Ebrahimi

**ڕۆزیش یەکەمین ڕۆژی ئافەرینشە.**

**□ ئیسلامیش ڕەنگێ جوانتری بە نەوڕۆز داوە، شیرازەی کردوە و ئەوی بە پشتیوانەیێ ئەستور، ئەوی لەمەترسی زەوال لەدەورانــی موسوڵمــانی کــوردەواری و ئــێرانیــاندا، پاراستووە و ڕایگرتووە.**

**□ نەوڕۆز تەنیا دەرتانێ بوحەسانەوە، سەیران و خۆشگوزەرانی نــییە نیــازی زەروری جامیعە و کۆمەڵگا، خوراکی ژیانی نەتەوەیەکیشە.**

لەم میعادگەیەدا کە هەمو بەرەی مێژو وەچریکەو چیرۆکی میللەتێ حوزوریان هەیە لەگەڵ ئەواندا پەیمانی وەفا دەبەستین و «ئەمانەتی عەشق و ئەوین» لەوان بە وەدیعە وئەمــانەت وەردەگرین «قەت نامرین» و «بەردەوامی ڕاستین»ی خۆمان بە ناوی نەتەوەیەک کەلەم سارای گەورەیەبە شەریدا ڕەگ و ریشەی لە قوولاییی فەرهەنگی دارماڵ لە غینا و قیدا سەت و بێخەوش وجەلال و شکۆدا هەیە و لە سەر هێمی «ئەســالەت»ی خــۆیی بــون لە راگــوزاری مێژودا ڕاوەستاوە، لە سەر «ڕوپەڕەی جیهان» صەحیفەی عالەم سەبت و زەبتی بکەین.

□ تەفتازانی لە بابی تەکراردا دەڵێ: تەکرار عەیب و خەوشی قسە یە مەگەر لە یادی مەحبوبدا، کە لەوێدا نە تەنیا جایزە کە یاد و ناوی ئەو تەکرارو دوپاتە بکرێتەوە، بە قسەش فەزیلەت ئەبەخشن[1]

وەرە تاگوڵ ئەفشانی بکەین
مامە نەورۆز!
تۆبە و چریکە، غەمکین و پرهەستەوە
تۆبە وکە نینە پاک و پڕ دەردەوە

---

١ ـ موتەوەل، روژنامەی اطلاعات صفحه ٦ ٥شەمە ٢٧ اسفند ٧١ و ٢٤ رەمەزان ١٤١٣ و ١٨ مارس ١٩٩٣ از
١ـ گودەرز ـ جەمشید: مێژوی تەبەری، موعجەم ولبولدانی حەمەوی، مورووج الذهب نە و ڕۆژنامەی حەکیم عومەر ـ ی خەییام.

Dr.Saleh Ebrahimi

تۆ!بەو هەڵپە ڕکێ و خەندە وە
دیو و درنجی خەم لە دڵ ئە پە ڕێنی
تۆبە و کراسە سورو توزاوی یەوە
تۆبەم ڕۆمەتە ڕەش و چرچەوە
کە لە بەختی ڕەشت ڕەنگ ئەداتەوە
ڕەنگی خەم و پەرێشانی لە دڵ ئە شواتە وە
مامە نە و ڕۆز لە دڵتا خەمێ تاڵ و تفتە
خەمێ دارماڵ، دەر وێن ، بۆمان سەختە
دەنگ دانەوەی پێکە نینتە
دڵۆپەی ڕۆندكو فرمێسکتە
کە لە سەر چاوەی گیانت ئەتکێ
بە داوێنت دا ئە ڕژێ
ئێمەیش بە فرمێسکە کانت بە گوڕ ئە کە نین.
مامە نە و ڕۆز!
وە رە لە رومەتت تۆزی ڕەشی بتە کێنە
ئاگر بخە نێو کەوای سوری خۆتەوە
وەرە هەروەك مەلێکی دڵشاد و خۆش ئاواز
باڵ لێکدە تا دەم ترۆسکە تروسکی خۆرەتاو
لە بیر بە رەوە
ئەفسانەی خەمی دێرین
لە باتی سترانی تاڵ و خەفە تبار
ئەم شیعرەی شیرین بچڕین!
وەرە تا یە کتر گوڵباران بکەین و مەی لە جام،
پیچەفەلەیک بشکێنین وگە لا ئالەیی تازە ساز بدەین (شتە پۆل). تاران

**ئازادی وهەڵدانی مرۆفانی:**

مرۆف وهەربونەوەرێ وزیندویتریش بۆ هەڵدان و گەیشتن بە کەماڵی بونی خۆی نیازی بە ئازادی هەیەبەلاّم نوکتەو جێگای سەنجدان لێرەدایە کە هەڵدان وکەماڵی هەر بونەوەرێکی زیندو لەپێوەندی ئەو لەگەڵ خۆرسکی و سروشتی وئافەریدە بونی ئەو دەناسێندرێ.

هەڵدان وکەماڵی مروفا نیش‌لە پێوە ندی لەگەڵ فیترەت‌و حەقیقەتی وجودی ئەودا دەر دەکەوێ و دەناسرێ

حەقیقەتی وجودی مرۆف عەینی پێوەندی و ئوگربونیەتی بەحەق، پێگەیشتن و هەڵدانی مرۆف‌لە ((قوربی وجودی)) دێتەدی،ئازادی بەراستیش لەم پێوەندی نێزیکی و قورب‌لەخوا تا ریف‌دەکرێ، جاکەوابێ ئەتوانین بێژین: ئازادی راستەقینە هۆی هەڵدان و پێکەیشتنی بونی مرۆیا مرۆفانیە.

بە لاّم نوکتەیێ گرینگ کە ئەبێ‌دو پاتەی لەسەر بکرێ ئەمەیە کە تەنیا ئازادی بەراستی‌یە، کە ئەبێتە هۆی پێگەیشتن و هەڵدانی ئینسان وئەنزان وە ((ئازادی)) وەهمی و نەفسانی تەنیا غوربەت و بەخسیری زیاد دەکا وهیچی دیکە.

ویژەو ویژاوەری رەسانەیی و مەشهوراتی زەمانە بێ ئەوەی لە بابەت‌هەرێم و سنورو حەریم‌وکەوشەنێ، یا تایبەتمەندی و ماهییەتی قسەبکەن، هەمیشە فو بە بۆق‌وکەرەناکانی چاورای خۆیاندا ئەکەن کە ئازادی هۆی هەڵدان وپێگەیشتنی مرۆفانیە.

**ئازادی هۆی بەرزوتەرز بونی فەرهەنگ وهەڵدانی بیرو هزرە،وگشتی بافی دیکەی،** لەوچەشنـانە‌،قسە دەکەن و دەئاخۆن، ئازادی نەفسانی هۆی دوربونی مرۆف لەحەقیقەتی خۆی و غافڵ بونی ئەو پێک‌دێنێ.

بەڵێ ئازادی دەبێتە هۆی هەڵدانی مرۆف وبەرز بونەوەی باری فەرهەنگی ئەو، بەلاّم لەکاتی قسەکردن لەم دروشمە ئەبێ بزانین کە لەچ‌جۆرە ئازادی یەک‌دەدوێن ولەکاتی کردەوەدا ئەبێ سەرنج بدەین کە نەکەوینە داوی لیبرالیستی ئازادی، چونکا لەوێدا نەتەنیا

ناگەینە هەڵدان و بەرز بونەوەی مرۆفانی، تازە زنجیرەی غوربەت ودیلی ئەویشمان قورس ترکردوە و زۆرترمان باداوە، وریابین کە ئازادی نێوان ئێمە و لیبراکانو ئۆمانیستەکان تەنیا و تەنیا موشتەرەکێکی لەفزی و بیژەییە، ئێمە لە **حەقیقەتی ئازادی و هەڵدانی مرۆفانی** قسەدەکەین بەلاّم ئەوان لەژێر ناوی ئازادی دا دەم بێن و قفڵ لەدڵ و دەرونی مرۆفانی ئەدەن شۆڕشی دینی پەیام هێنەرو مزگێنیدەری ئازادی بە راستیە.

ئازادی یەک کە دوربێ لە دەسەلاّتی شەیتانی تیکنو کراسی، بوروکراسی وسەرمایە سالاری، بۆنی **گوڵی خۆشبۆی مەعنەوەیەت و** هاودڵی و هاورەنگی دەشت ودەری شۆڕشی دینی پڕوتەژی کردوە.

هەمو فەلسەفەی «ژان پۆل سارتێر» (Jan Poul Sarter) هەول وتەلاشە بۆ رزگار بون لەبێ هیوایی و تەناقوزو نائومێدی، کە بەشەری رۆژاوابێ، ئەو لای وایە ئازادی بەشەر محاڵە، بەلاّم بە داغەوە چون ژان پۆل سارتێر خۆیشی هەروەک زاناکانی تری رۆژاوایی رێگاچارە لە چوارچێوەی زات وتەواویەتی ئازادی ((ئۆمانیستی)دا و کەوتنە خواریێ، بەشەری تازە و مل بادانی ئەو، کە بۆی دەگەرێ، سەرگەردانی ئەو زیادئەکا.

ئەبێ بزانین **ئازادی بێجگە لەپێوەند لەگەڵ حەقدا، واتای بۆنیە**، جا هەر لەبەر ئەمەشە کە ئازادی رامیاری و کۆمەلاّیەتی رۆژاوایش بێجگە لە زیاد کردنی فاسیلەی چنیایەتی و قودرەتیابی بور ژوا و غەڵەبەی رۆحی سەرمایەداری و پول ودراو پەرستیو شەیئی بونی مرۆف وبەرە گرتنی ئیمپریالیزم و بێدادگەری کۆمەلاّیەتی شتێ تری لێ سەوز نەبوەونابێ.

ئێمەلامان وایە مرۆف عەینی تەعەلوقەو **ئینسان بۆگەیشتن بە ئازادی** و میوەو بەردانی تاکی حەقیقی خۆی ئەبێ بگاتە تەعەلوقی **بەراستی بەخوا ولەئەم** وئەو دابڕدرێو لەئوگرداربونی خۆ بۆلای خوا سوربێ، نەکلەروی نەزانی و خۆقەف کردن و خۆبەزل زانی خۆی دوربخاتەوەوئینکاری بکا.

خوی چاک وداب ودەستوری ژیان ـ بالەدیمەن وروانگای خۆرسکی و سروشت

Dr.Saleh Ebrahimi

لەزەتی گیانی و رۆح وەربگرین، تەماشاو روانین بۆ روانگای جوانی خورسک بەلەش و لاری مرۆڤ گیانێ تازە ئەبەخشێ گولە رەنگاو رەنگەکان، دەشت و دەری سەر سەوز و **رەنگین، ئاسمانی پر ئەستیرەی گەشەدار، ئەم هەموە جوانی و خـوشیکیە** بەپیێ زەوق وچەشەیەک کە لەنێو دڵ و دەرونی مرۆڤدا هەیە لەتەماشای ئەوانە لەزەتئەبا و شادئەبێ، **دیارە ئەم شادبونە، تەنیا لە لەزەتی روالەتی داکۆنا بێتەوە.**

لەم ئەرزە گردوپانوگۆ و بەرینەدا ئینسانگەلێ پەیدائەبن کە تە ماشای **روانگای جوان، ئەوان ئەخاتە بیرکردنەوە،لەبارەی رازی خیلقەتی پـڕ قـوردەتی ئـیلاهی**، ئـەوانـە لەم بیرکردنەوەو پەی بردن بە رازو رەمـزی جیهـانی ئـافەرینش زۆر لەزەت ئـەبەن، ئـەوانـە بەچاوێ بەرزترو وردتر ئەروانـنە، روانگای جوانی خۆرسکی و سروشت، جا هەر لەبەر ئەوەش لەزەتی ئەمانە، لەلەزەتی کەسانێ کە دارای ئەم تایبەتمەندی یە نین زیاتر و بـەر فرەترە، ئەگەر تۆتـابلۆیەکـی نەقـاشی جـوان لەبـەرچـاومنداڵـێکدا دابـنێی، ئـەومنداڵـە لەتەماشای ئەوە لەزەتئەبا، بەلأم ئایا لەزەتی ئەولەگەڵ لەزەتی کـەسێ کـە دەچـێتەنێو وردەکاری ئەوتابلۆیەو لەودیـوی ئـەوەوە هـەزاران ئـافەرین بـەنەخشێنەری ئـەو دەلـێ، بەرابەرن؟

هەر جۆر بێ ئەگەرتائێستا لە لەزەتی زاهیری کەڵکمان وەرگرتوە بالەمەودوا بکوشین **تالەلەزەتی رۆحانیش لەزەت ببەین، گوڵی جوان و رەنگین ببینەو لەمەزنی وگەورەیی گـــوڵ ئـافەرین بـروانـە**، لەنـیوە شـەودا بـروانـە ئـاسمانی پـر لەئـەستێرەی جـوان و گەش ولەراست خوای خولقێنەری ئـەوانـەسەربچە مـێنەوە؛ئەوسـا دەزانـی چ شـادی و خۆشیەک روتتێ دەکا، بەجۆرێ کە بێجگەلەزاتی حەق تە عالاشتێ ترنەبینی «لَقَدْ جَعَلْنٰا فِی السَّمٰاءِ بُرُوجا وَزَیَّنٰاهٰا لِلنّٰاظِرِینَ»[1] یانی: بەراستی لەئاسماندا بورجگەلێکمان سازداوەو ئەوانەشمان بۆ تەمـاشاکـاران رازانـدوتەوە. ئـەم بـاسەلە روژنـامەی شەهـادەی کـوردی

---

۱ ـ سورەی حجر ئایەتی ١٦

Dr.Saleh Ebrahimi

ژمارەی ۳۹۴ سالی ۹ گوڵانی ۱۳۷۱/۲/۱ هەتاویو ۲۱ نیسای ۱۹۹۲ زاینی بەقەڵەمی (شە پۆڵ) بڵاوکراوەتەوە.

**دوا رۆژهی موسوڵمانانە**

بە راشکاوی دەبێ بڵێن: دوا رۆژ هی موسوڵمانانە وشا بەختلەبەختی ئەواندا لەهات دایە، مادام لەسەر رێبازی خوا سوربین و لەرێگاری ئەو لانەدەین (ذٰلِكَ فَاِنَّ اللّٰهَ لَمْ يَكُنْ مُتَغَيِّرًا نِعْمَةً اَنْعَمَهٗ عَلٰى قوم حَتّٰى يُغَيِّرُوا مَابِاَنْفُسِهِمْ) مەشی خوا وایە، کاتێ نیعمەتێکی بە هۆزێ یا بە تاکێ یا بەگەل و نەتەوەیەکدا، نای گۆڕێ و لیان ناستێنێتەوە، مەگەرئەوەی ئەوان خۆیان بگۆڕن ولەرێگا لادەن وکل بن وتل بن ەوە، سەرە و شۆڕ بەرەو گۆڕ، بگۆردرێن یاخۆ بگۆڕن واتا: چاکبون، خراپ بن لەئەسپی ناز ونیعمەت دابەزن و سواری ئەسپی ئەجەل وبەدفەڕ بنوهەوساری خۆیان بدەنەدەس هەوای نەفس وشەیتان بەکارو کارابون،ئێستا بێکارە ویەیتارە کەوتون، بڕوا داربون،ستبڕوا کراون، **دڵسۆزبون، قین لەدڵ کراون، لەدڵ و دەرونی خۆیاندا خۆ بخۆنەوەو ببنە خۆڕە لەنێو** یەکدودا، جا ئەگەر بتوانین بەر لەوخوە دزێو وکرێتانە بگرین و خۆ بە خۆ چاک و دڵ ودەرون پاک بین وبەکار و تێکوشەرو ئازابین و خۆ لەخوی بەد فەڕی دور راگرین و بۆ یەکتر هەرەوەز بکەین، کومەگی یەک بین و ماڵ وناموسی یەکترین، وەکوهی خۆمان بزانین و بیان پارێزین لەدڵ پیسی لەگەڵ یەکتر خۆلادێن و ئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە هەمان بێ، بۆ هاونیشتمانیەکانیشمان هەروابین وبڕوامان بە خوا بتەو بێ،ئەوا دوا رۆژ هی ئێمەی موسوڵمانانە.

**ئاوێنەی مێژو:**

چریکە و چیروک و ئەفسانەی مێژویی ئاوینە یەکە، ئەکرێ وێنەی خۆمان و وێنەی بەرەی ئەنزان و ئینسانەکانی تری تیدا ببینین، مرۆف لە رۆاوەی رابوردو، ئەزمونی رۆژگار بۆ هێمدانان و بناغە رێژی دوا رۆژی چاکتر وبەکەڵکترو بەختەوەرانەتر سود وەر دەگرێ، جا لەبەر ئەوە ئەبێ مرۆف هەمو روداوەکانی رابوردو، جوان بداتە بەر جەنجەری

Dr.Saleh Ebrahimi

سەرنجو بەباشی لیان ورد بێتەوەو شیان بکاتەوە بەدوکاسنەوسێگانە وەردی بداتەوە، ئەوسا بیکاتە کەشاو، یاناوەنیا وتوەمی کار وکردەوەی تیا بچێنێ، لەئەزمون و تاقی کردنەوەی تاڵ و تفت وژەهراوی تا ئەزمونی شیرین وشادی هێنەر، دیارە زۆرێ لە زاکون و داب ودەستوری کۆمەلایەتی وبنەرەتی کارو باری و خوی چاک و ئەخلاقی پاککە نەزم ونیزام وتەکوزی کۆمەڵایەتی پێ دائەمەزرێ، لەسەر ئە ز مونی رابوردو، دامەزراوە، چ ژیارو شارستانیتی، یاماف، جوانی وناحەزی کارو کردەوە (حُسْنُ و قُبْح اَفْعالْ) و رەفتارو ئاکاری عادی خەڵک، کەبریەتی لەئیستقرایەکە، مرۆڤو ئەنزان بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژیان لەپێجەڵە پوچی‌گرێ پوجکەی گۆمەڵایەتی‌دا بەراوردی کردوەو هەڵی سەنگاندوەو میوەو نەتیجەی ئەوەی بەوێنەی زاکۆن وقانون، پێشکەش بە کۆمەڵگای بەرەی مرۆڤ کردوە.

ئەم چریکە نموداری پیشەوکردوکرو، خوو ئاکارو تێک‌هەڵەنگوتنی بەکۆڕو کۆمەڵە، جەنگ، دژو دوژمنی، ئاشتی ودۆستی، بەتیکرا تیکرای رەنگ‌دانەوەکانو دەنگدانەوەکانی ئینسان و ئەنزان لەراست روداوەو دژواری یەکانی ژیاندا، ئەوە جۆرێ بیرکردنەوەو تیفکرینی کۆمەڵگای رابوردوەوە، بەهەمو جوانی و ناحەزی و دزێوی یەوە[١].

**سازوئاواز لەدو روانگاوە:**

ئەگەر لەیەکێ لەلایەنگرانی موسیقا بپرسن کە سمفونی یانی چی؟ لە وەڵامدا پێت‌دەڵێ: سمفونی شوێنەوارێکی گەورەی موسیقایە کە بۆ ئورکیستیری موسیقا دەنوسرێ ولەچار بەش‌ساز دەکرێ: دیارە ناوی چەن کەسیش لەموسیقازانەکانی ناوداری جیهانیش‌دەبا کە سمفونی نبوغ ئامیزیان بەدی هێناوە، کە بتهون، چایکوفسکی، موتسارت‌بەر لەهەموانە، بەڵام ئەگەر هەر ئەو پرسیارە لە موسیقازانێک بکرێ، یەکەم ناوێک کە بەزاریدا دێ (هایدن)ە چونکا زۆربەی خەڵک (هایدن) بەباوکی سمفونی ناو

---

١ ـ بەرکوڵی کتێبی رامیاری مەدینە نوسراوی فارابی ـ (ئەپڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەبەن، چون: بتهون، موتسارت و مامۆستایانی دیکەی موسیقای سمفونی، لەساختەی زۆرو زەوەندی خۆیان بۆ ئورکیستیری سمفونیک لەموسیقای هایدن مایەیان گرتوە، بەتیکرا شوێنەواری ئەم موسیقازانا، ناودارانە بۆ ئەوان، هەروەکو کتێبێک بوە کە دەرسی لێ فیێربون وزانستی خۆیان پڕ ترو غەنی تر دەکرد ¹

**ئاو وژیانی هەموچت:**

قورئان هۆی ژیان و یەکەمین لانکەی جولەندەو خزۆکی بە (ئاو) ناو بردوە، زانستی ژین ناسیش، هەر ئاوی بە بنەرەتی ژیان داناوە، بەو جۆرە، تۆێژانەوە کە سەبارەت بە ساختومانی گشتی جیسمی زیندو، ئەنجام دراوە، نیشانی داوە کەئاو وکەربۆن نێزیکەی ٩٨ لەسەتی جیسمی بونەوەری زیندوی پێک هێناوە، هەروا تۆێژانەوەی زانستی زەوی ناسیش، دەگەیینێ کەبەر لەپەیابونی ئاو، ژیان لەسەرگۆو خرۆکەی زەوی نەبوەو جادوای پەیدا بونی ئاو وساز بونی زەریاو ئەقیا نوسەکان، کەم کەمەژینگەی لەبارو باو بۆ ژیانی بونەوەرانی زیندو، وەجۆرا و جۆر بونی ئەوانە، بەدی هاتوەو خزۆکەکانی سەرەتا، لەیەکەم رۆژی ژیاندا لە زەریادا بون و لەدواییدا هاتونەتە سەر بەژ وویشکانی.

**گرشمەی یەکبون:**

لەمێژوی ئەدەب و هونەر وخونیشان دانی زانست لە خۆرهەلاتدا جار جارە گەورە گەورەیەک سەریان هەلداوەکە لەهەربارو بابەتێکەوەدارای شوێن و پلەو پایەی بەرزوبلێند بون، کەسانێ کەبەتێکرا لە دەورو بەری وجودیاندا بەقسەی مەلاصەدرا کەسایەتی مەجازیان،ئەفسانەگەلێکە، تۆێژا نەوەیە لەفۆلکلورو باوی کۆمەلایەتی دا بەیانگەری ئەم قسەیە کە خەلکی ولاتی ئێمەکاتێ دەس دەکەن بە چریکەو چیرۆکسازی کە سایەتی، تاکێک کە لەچەن لاوە یا لەبارو با بەتێکەوە بەچاک وبەرزو چاژان وگەورەتری

---

١ ـ ن ـ کولوسووا، سەرەتایەک لەسەر ناسینی موسیقا ـ کەیهان چوارشەمە ٢٠ ئازەر ١٣٧٠ی هەتاوی لاپەرەی ٦ و ١١ دەسامبر ١٩٩١ زو ٢٠ سەرماوەزی ١٦٠٣ ک و ۴ جمادی‌الثانی ١۴١٢ ک (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

بزانن، تایبەتی گەلیٚ لەودا ببین کە لەخەڵکی دیکەدا بەر چاویان نەکەویٚ و زۆریان پێیدا هەڵدەڵێن یەکێک لەوانە، مەولانا عەللامە، سەعید نورسی و مەولانا **نوسخەی جامیعە خالد شارە زوری یە،** لەم وتارەدا ناتوانین لە بابەتئەو هەموەچریکەکەلەبابەتئەو دوزاتەوە گوتراوە قسەبکەین تەنیا بە نوکتەیەک ئاماژە دەکەین و درگای لێکۆڵینەوە، دەخەینە سەر گازەرەی پشتتا ئەوانەی کە دەیانەویٚ، تۆیشوی خۆیان لەوە بە دەس بێنن خەریک بن.

لەدیوان وقسەی زۆربەی عارفان و خواناساندا هۆنەوشیعروو تەیەکدەبیسین و دەبینین کە واتای وەحدەتی وجود، ئەدایەکیٚ لەو قسەوباسانەی کە لەفەلسەفەدا هۆی قرەقرِ و قسە لێکردن بوە، مەسەلەی وەحدەتی وجودو یەکبونە، کەئایا حەقیقەتی دەرەوە، یەکە یا زۆرە.

لەحیکمەتی **موتەعالیەدا،** دوای قسەکردن لەموشتەرەکات وهاوبەشبونی مەعنەوی وجودوقسەکردن لەوەکە وجود ئەسلە، نەتیجە دەگرن، کە ئەشیای خارجی هەرچەندە وێنەی جۆرا و جۆریان هەیە، لە باتندا حیکایەتلە **یەک حەقیقەتدەکەن** وئەویش هەمان ئەسلی بونی ئەشیایە، دیارە کەسیٚ کەبروای بە **تەوحیدهەبیٚ،** دەگونجیٚ بە وەحدەتی وجودو کەسرەتی مەوجود بروای هەبیٚ، وکەسرەتی مەوجود بەواتای ماهیاتی مەنسوب بەو جود، بزانیٚ و حەقیقەتی وجود لەروانگای ئەودا خاوەنی ئەنواع و تاکەتاکو پلەو ئەجزای ئەقلی و دەرەوەبیٚ، ئەبیٚ هیچ جۆرە قیام وعەرەزیٚ سەبارەت بە ماهیات لەگۆردانەبیٚ بەڵکو وجود حەقیقەتی واحد، سادەی قایمی بەزاتبیٚ وتەنیا ماهیات ئەدرێنە پالٚ ئەو حەزرەتەو ئەوە ماهیەتنکە زۆروموتەکە سیرن، نەک حەقیقەتی وجود، ئەم واتای وەحدەتولوجودە بیروڕای فەلاسیفەیە کە نەتیجەی لێوەردەگیردریٚ کە ئەشیا باوەکو لەباری تایبەتمەندی وئاسەوارەوە، جیان، هەمو لەوبارەوەیە،کە مەوجودن، یەک حەقیەتن وئەویش هەمان ئەسلی بونی ئەشیایە ومەوجوداتی جیاجیا لە حەقیقەتی بوندا پێکەوە، یەکن و وەحدەتیان هەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi

صەدر **المتألهين** بە بەیانی بیری وەحدەت لە عەینی کە سرەت وکەسرەت لەعەینی وەحدەت وبیری ئەسالەتی وجود توانیویەتی، تەسویرێ تازە لەجیهانی بوندا بخاتە بەرچاو، هەرچەن ئیشراقیون بەئەسالەتی ماهیەتبڕوایان هەیە کە **لەگەڵ عارفان و خواناسان یەک دەگرنەوە.**

**خواناسان بڕوایان بەوەحدەتی وجود ومەوجود** هەیە، عارف دنیا بە ئاوێنەیەک دائەنێ بۆ نیشان دانی وێنەی حەق (خوا) بەپێیێ بیروباوەری عارف مەوجوداتی جیهان بێجگە لەوە کە نیشانەو ئایەتی حەقن چتێ ترنین.

**ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: عارف وخواناس لەنشێوی پەستی مەجازەوە باڵی گرتوەو فڕیوەتە نێو ئەوجی حە قیقەت، جادوای پێگەیاندنی خۆی لەو میعراجەدا بەعەیان وبەئاشکرا دەبینن کە لە جیهانی بوندا بێجگە لەزاتی خواچتێ دیکە **لەگۆڕدانیە،** هەمو شتێک بێجگە لەزاتی ئەو هالک وبۆتیا چونن (كُلُّ شَىْءٍ هالِک اِلأُوَجْهَهُ) نەتەنیا لەیەکزەماندا بەڵکو لەئەزەل وسەرەتادا.

لە محیدینەوەیەکە ئەسلی وجود، لەهەربارو با بەتێکەوە، واحدو تاکەوکەسرەتی بۆنیە، هەم وجود یەکە، هەم مەوجود وەئەگەر حەزرەتی حەق خۆی فەیز بدا مرۆڤ ئەتوانێ جەرەیانی حەق لە خۆرسک و لەمادەو عونسوردا ببینێ و وێنەیەک نامێنێ کە حەقی تیا نەبینێ، جا ئەمەیە کە هەمیشە ئارەزویانە کە ئەشیا(کە ماهی یە) بۆیان دەربکەوێ.

جا ئەوەیە، کە شاعیران و خواناسان و عارفان دەڵێن:

**چارینەی بابا تاهیر**

**بە صەحرا بنگەرەم صەحرا تەوینەم**

بە دەریا بنگەرەم دەریا تەوینەم

بەهەرجا بنگەرەم کوەودەرو دەشت

نیشان ئەز قامەتی رەعنایی تەوینەم

Dr.Saleh Ebrahimi

چارینه:

خۆشـــائانانکی ئەزپاسەرنەزونەن

میـانی شـوعلە،خـوشک وتـەر نـەزونەن

کـــەنیشت و کـــەعبەو بتخـــانەو دەیـــر

ســـەرایـــی خـالی ئـەز دلبـەر نـەزونەن

چارینە:

یـەکـیٚ بـەرزی گەریٚـنالان دەریـن دەشت

بەچەشم خون نشـان ئـالالە مـیکیشت

هەمی کیشت و هەمی گوفت ئەی دریـغا

کێ بایەد کیشتن وهیشتەن دەرین دەشت

چارینە:

گـەرەم رانـی، وەرەم خـوانـی تـەزانـی

وەرەم ئـاخر بســوزانـی تـــەزانـــی

وەرەم بـەر سـەر نـەهی ئـەلوەندو مـەیمەند

نـــەمی وازەم خـــودا زانـی تـــەزانـــی

مەنسوری هەلاجیش وتی: من حەقم و شێخی شەبو ستەریش دوای ئەو، وتی: بێجگە لەحەق کێ هەیە، بێژێ حەقم، خوایش فەرمویەتی: لەکاتی دەردودا غدا بڵێن (اِنا لِلّه وَ اِنّا اِلَیْهِ راجِعُونَ) ئێمە هی خوایان و بۆلای ئەویش لەگەڕانەوەداین.ئەم مەبەستەلە رۆژنامەی شەهادەی کوردی بەقەڵەمی شەپۆل ساڵی ٩ ژمارە ٣٨٢ لە ١٧ دسامبر ١٩٩١ زو ٢٦ ئازەری ١٣٧٠ ی هەتاوی بلاوکراوەتەوە.

**فەرهەنگ ومەعنەوییەت؛**

فەرهەنگ بریەتی یە: لەزنجیرەیەک ئوسول و داب ودەستوروزاکۆنی خوو ئەخلاقی و کردەوەیی و رەفتاریێ کەتاکە تاکی، یەک کۆمەڵگا لەکەناری یەکترین ولەپێکەوە بوندا دەی گرنە بەرچاو ورعایەتی دەکەن.

یەک کۆڕو کۆمەڵ چ گچکە بێ وەکو بنەماڵەو خاوخێزان، چ گەورە تربێ وەکو گەرەک، فێرگە، کارگەو... یالەبیچم گرتنی پەرەدارتردابێ، وەکو نیشتمان، یا بەواتایێ گشتی‌تر کومەڵگای مرۆڤی وئینسانی لەجیهاندا، ناچارە راکۆن و زاکۆنیێ قەبوڵ بکا، کەپێکەوە ژیانی تاکە تاکی ئەوکۆمەڵگایە، دەگونجێنێ و دەبێتە هۆی پێوەندی باشترو شیاوتری ئەو کۆمەڵگایە، لەگەڵ کۆمەڵگای تر، لەپلەیێ پەرە دارتری مرۆڤانی دا.

**فەرهەنگ لەکۆڕوکۆمەڵگای جیاجیادا دیارە یەکسان ویەک جۆرنیە،**

لەزۆر شوێنی تایبەت لەجیهان، هۆزێک یا نەتەوە یەک، هەن کە **داب و دەستوروباوی تایبەت بەخۆیان** هەیە وزاکۆنێک بەرێز دەگرن،کە لەفەرهەنگ وباوی کۆمەڵایەتی هۆزو کۆمەڵگاییێ تر دور لەزاکۆن بێ و دژی ئوسول وبنەرەت بێ، بەڵام بەگشتی لەنێوکۆروکۆمەڵگای پەرەداری مرۆڤانی، داب و دەسوری، قەبوڵ کراو وجودی هەیە، کەگشت ئینسانەکان و مرۆڤەکان لەراستی و دروستی ئەوەدا بیروراو باوەریان یەکەوراستە وباشە، هەر چەندە لەواتاو میصداقی ئەوئوسول وزاکۆ نەدا، جیایی بیرو باوەر هەبێ، بۆوێنە ئەو ئوصول وزاکۆنانەی قەبوڵەوبەرەی مروڤ پیێ باشە ئەسڵ وبنەرەتی ئازادی یە، بۆ تاکەتاکی بەرەی ئینسانی، دەس درێژ نە کردن بۆ ماڵ و گیان و ناموسی خەڵکی دیکە، پەسەند بونی چاکەو چاکی، خۆشەویستی، فێربونی عیلم وزانست، پاکی، یا ناشیرینی و دزێوی زوڵم، ستەم، کوشتن، پیسی وچەپەڵی، نەزانی و...

جاکەوابێ چتگەلێکی ئوسولی وداب و دەستوریێ لەجیهاندا هەیە،کەگشت تاکە تاکی ئینسان وئەنزان لەئەسلی بون و بنەرەت بونی ئەوانە بیروباوەریان یەکەوبروایان بەو ئوصول و زاکۆنە هەیە، بەڵام لەکۆمەڵگای بەرتەسکتر، ئەم یەکیەتی بیرو رایە دەشێوێ و

Dr.Saleh Ebrahimi

ئاڵۆزدەبێ ودەگوردرێ وجیاوازی بەدی دێ.

چونکا بەرداشتی جیاواز لەیەک ئەسڵدا وجودی هەیە، کەیەکبونی بیرورا لەپاژدا نەگونجاو دنۆینێ.

دیارە لەرۆژگاری پێوەندی، پێوەندو تیکلاوی، رۆزتر کۆڕو کۆمەڵگا، لەگەڵ یەکتردا، تێکلاوی فەرهەنگی بێ رەنگورو دەکا.

**تێ هەڵەنگوتن:**

تێ هەڵەنگوتنی فەرهەنگەکان لەیەکتر، بەرەبەرە یەکێ لەو فەرهەنگانە سەر دەکەوێو بەسەر ئەوانی ترا زاڵدەبێ و ئەوانی تر دەگۆڕێ و بەرەولای خۆی دەیان کێشێ و خو وئاکاروگۆڕیانیان بە سودی خۆی تێ دا بەدی دەهێنێ، هەرچەندە فەرهەنگە رەسەنەکان کە بیانەوێ خۆڕابگرن لە راستئەو فەرهەنگە هێرشکارە بێگانەدا تابشت دەینن و تیاناچن، بەڵام ئەزمون نیشانی داوە، کە ئەگەر پارێزگاری لەفەرهەنگ نەکرێ، فەرهەنگی ریشەدار وزیندوشکەم کەم زەرد هەڵدەگەرێ و کز وسیسدەبێ و ئوسول و خوو ئاکاروخولقیان بەدرێژای رۆژگار بەرەولای فەرهەنگەزاڵە کە دەگۆردرێن و سەرەنجام تیا دەچن.

هەرچەندە کۆڕوکۆمەڵگا لەژن ومێرد بەجوتە ساز بووەو فەرهەنگی کۆمەڵگاش بەکاروکردەوەی هەردوچینی ژن و پیا و، دیمەن وشکڵ دەگرێ وبەردەوام دەمێنێ، بەڵام ئەکرێ بڵێین کە نەخشی ژن لەپاراستن و بەردەوامی فەرهەنگ لەپیاو زۆرتروبەرفرەترە، چونکاژن خۆی بەناوی نیۆی لەکۆڕو کۆمەڵدا دێتەژمار فەرهەنگ،لەلایەکی دیکەوە بەپەروەردەکردنی زا روک وفێرکردن و بارهێنانی منداڵ کە لەهەردو توێژی کورو کچن، فەرهەنگی خۆی ئەدابە بەرەی داهاتو.

لەم راگوێزان و جێ بەجێ کردنەدایە کە ئەگەر ژن پا ریزەری فەرهەنگی خۆی بێ، فەرهەنگ‌هەر بەو ئەسڵەوە، ئەچێتەنێو بەرەی داهاتو، بەڵام ئەگەر خۆی یەخسیری فەرهەنگی نامۆ وبێگانەبوبێ، فەرهەنگێ کە رای دەگوێزێ، فەرهەنگی ئاڵوزاوو

Dr.Saleh Ebrahimi

شەمزاوەو کەچ ولار   ئەبێ کە بەلای فەرهەنگە نامۆزاڵەکەدا دیمەن و شکڵ ئەگرێ و بەخۆدادێ/جاوای بۆ بەرەیەک بەفەرهەنگی گۆڕدراو بە فەرهەنگی نامۆ هەڵبدا کەنەئەسالەتی فەرهەنگی خۆیان هەیەو نەئەسالەتی فەرهەنگی نامۆو بێگانە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، کەئەگەر بەرەیەک ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی خۆی لە کیس‌بدا، چ چارە نوسێکی دەبێ؟ وەکو کوردەکانی هەڵەبجەیان بەسەردێ و بەگازی خەردە ل و سیانورو بۆمبی شیمیایی صەدام، عەرەبی تەکریتی ئاگر ئەدرێن و دەبنە هیرۆشیمای کوردستان. لەبەر ئەوە زیاتر لە چواردەسەتە، دەسیان لەفەرهەنگی باو باپیرانیان هەڵگرت و خزمەتیان بەزمانی قورئان کرد کە عەرەب بەزمانی خۆی دەزانێ، دەک قورئان لەگورچوی صەدام و درۆزنانی مێژوبدا کە قورئان دەکەنە هی خۆیان، چونکاهەمو دەزانین قورئان هی گشت موسوڵمانانە، چ فارس، کورد، تورک و...بێ‌ئیتر بە تەنیا هی عەرەب نیە.

وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە کە ئەسالەت و رەسەنی فەرهەنگی پتەوی‌و کەسایەتی بەتاک ئەدا کە ئەو لە دودڵی ودر دۆنگی بیری و هزری و رۆحی دەپارێزێ، کەسێ‌کەخێوی فەرهەنگی رەسەن و پاڵاوتە ودروستبێ و لەسەر خۆی بزانێ کە بەو فەرهەنگ و داب ودەستو رانەی باوی نەتەوەی خۆی رەفتار بکاو خۆی‌لە وانە، دانەرنێ، لەکەف و کوڵی دڵ و دەرونی و رۆحی کە مرۆف توشی هەڵ چون ونائارامی دەکا لەرێگای دورستی ژیان دەری دەپەرێنێ، دەپارێزرێ و ساغ دەمێنێ، کەسێکی ئاوەها پشتیوانی مەعنەوی کافی،بۆ بوز دەخواو ئەبێتە خێوی ئەقیدەو باوەرێکی بەردەوام‌و لی بران و لێ نەوین کە بۆگەیشتن بەئارمانجی بەرزی مرۆفانی پیداویست، زۆر ئاسان دەی گرێتە باوەش، چونکا هەم لەخۆی و هەم لە فەرهەنگی دروستی خۆی دڵنیایەو هەر ئەم دڵنیابونە شە کە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی تەوازونی فیکری و ئارامشی رۆحی و خوی پەسەند و چاکی مرۆفانی و ئینسانی یانێ: رێزدانان بۆ ژن. (شەپۆل) .

* * *

Dr.Saleh Ebrahimi

# لێکۆڵینەوەیەک لەسەر میشکات الانوار:

میشکات الانوار یا ئەسراری ئەنواری ئیلاهی ئیمام محمد غزالی ئیمام محەمەد غەزالی لەم ریسالەدا بیرو رای فەلسەفەی ئیشراقی گرتۆتە پێش و دەکوشێ بەیارمەتی وەرگرتن لە ئایەتی نور: (اَللّٰهُ نُورُالسَّمواتِ وَ الاَرْضِ)و فەرمودەی حیجاب: (اِنَّ لِلّٰهِ سَبْعِینَ حجاباً من نورو ظلمة)و تەئویل کردنیان، تەنیا بە تەئویلی زاهری ئەو ئایەت و فەرمودە بەس ناکا، بەڵکو ئەسراری ئیلاهی و رازی نهینی لەو دوانەدا بە پێی شێوەی تایبەت بەخۆی دەکەوێتە لێکوڵینەوە. شێوەی تایبەتی تەئویلی ئیمام غەزالی لە ریسالەی (میشکات الانوار) دا بەدرێژی بەیان کراوە. بەکورتی لێی دەکۆڵینەوەو قسەی لی دەکەین و دەی خەینە بەر سەرنجدانی ئیوەی ئازیز ... بێ سی ودو ناوەروکی فەلسەفی میشکات الانوار بەر لە هەرشتێک لە تەویلاتی باتنی گەری، لەبابەت تەفسیری باتنی و پاڵدانەوە بەسەر رموزو ئیشاراتی ئەو دوانەو ئەوەی کە لە ناخی ئەو دوانەی دەرکێشاوەو سەرەنجام ئەوەی ئیستخراج یا دەسە بەندی کردوە، دور بێ.

لەسەر ئەم بنەرەتە ریسالەی میشکات الانوار لەنێو شوێنەوارە کانی ئیمام محەمەد غەزالی لە نەوعی خۆیدا بێ وینەیە لە وەحدەتی تەئلیفی تایبەت بەخۆی بەشدارە. هەر چەند لە ئاخر جزمی سێوەمی کتێبی ئەحیاء العلوم الدین کە بەر لەمیشکات الانوار نوسراوە لە باسی فەرمودەی حیجاب هەندێ لەم قسانەی هێناوە.

## کۆژیا بەشی یەکەم

لە بەشی یەکەمی ئەم ریسالە ئیمام غەزالی لە بابەت واتای (نور)لە عورفی عامو خاسو لە پاشان لە عورفی خاسی خاسانەوە قسەی لی دەکا، باسێکی پێشەکیە، لەم بابەتەوەکە خوا نورالانوار یا نوری ئەعلاو ئەقسایە،وە نوری حەقو حەقیقیش هەر خوایە، باقی ئەنوار کە تەنیا بە مەجاز بە نور ناو دەبرین، لە خواوە سەر چاوە دەگرن.

هەر دەلێی: ئیمام غەزالی پەی بەشتێ بردوەو ئەوەی بە بەدیهیو سەلمێندراو داناوە، وە ئەوەیش بەمجورەیە: کە جیهان دارای ئەسڵێکە جیا لە خۆی. ئەم ئەسڵە نوری حەقیقی یا-نوری بالذاتە. لە پاشان ئیمام غەزالی بەرە بەرە هەنگاو هەڵ ئەگرێ بۆلای نەک بۆ ئیسباتی ئەم نورە، بەڵکو بۆ تەقریری وجودی ئەوە. نور لە عورفی عامدا شتێکە، خۆی ببینێو خەڵکی دیکەش بەیارمەتی وەرگرتن لەو ببین، هەر وەکو نوری رۆژو مانگو چراو ئاگری هەڵکراو. بەلاّم لە بەر ئەوەی ئەم نورە تەنیا بەچاو نەبێ کە بتوانێ ئەوە ببینێ، نابیندریو نایتە ئیدراک، چونکا لە ئید راکدا رۆحی بینەریا روکنێ لەو زانیوە، لەم روەوە حەق ئەمەیە کە ئەوە بە نور یا نوری زاهیر نابرێ، ئەمەیەکەمین هەنگاوە کە غەزالی لە بەرز بونەوەی واتای نورو تەجرید-ی نور هەڵی دەگرێ. چونکا لە نوری زاهیری مەحسوسەوە پەی بە نورێ تر دەبا کە نهێنیو نامەحسوسە. ئەم نورە هەمان نورە لە عورفی خاسانە[1].

لەپاش ئەمە ئیمام غەزالی لە بابەت نوری دیدەوە دەکۆڵێتەوە کە موبتەلا بەکەمو کوری یەکی زورە، ئەم نورە نوری غەیری خۆی ئەبینێ،بەلاّم خۆی نابینێ وە لەشتو مەکیش تەنیا زاهری ئەوانە دەبینێ شتی زور دوریش ئیدراک ناکا، تەنیا شتی موتەناهیو مەحدود نەبێ نایبینێ. چکۆڵە بەگەورەو گەورەش بەچکۆڵە، ساکن بە موتەحەریکو موتەحەریک بە ساکن ئەبینێ. بەلاّم لەئینساندا «چاو» یک هەیە کە ئەو کەمو کوریانەی تی دا نابیندرێو ئەوەش «ئەقڵ»یا رۆح، یانەفسی ئینسانیو مرۆڤانییە. لەم روەوە باشتر

Dr.Saleh Ebrahimi

وایە بە ناوی نور ناو ببرێ نەک نوری چاو. ئەمە دووەمین هەنگاوێکە ئیمام محەمەد غەزالی لە تەجرید-ی نور- دا هەڵی دەگرێ، چونکا غەزالی بەمە دەگاتە نور-ی ئەقڵی یەکەم کە مرۆڤ بەوە خۆی و غەیری خۆی دیاری دەکا: (تەشخیسی ئەدا)وە موتەناهی و ناموتەناهی و ئەشیای زۆر دورو نیزیک دەرک ئەکا. ئەو دیوی پەردەی هەبون ئەناسێتەوەو ئەچێتە نێوناخی هەرشتێکەوەو رازو نهێنی و حەقیقەتی ئەوانە بەچاکی دەرک دەکا، جیهانی بالاو پاین (سەرو خوار) دەناسێتەوە و ئافەریدگاری بەرزو بڵیند، دەرک ئەکاو نیسبەتی ئەو لە گەڵ دنیا تێ دەگا. باوەکو ئەقڵ لەبەر ئەو هەموە کەماڵە شیاوترە کە بەنور ناوببرێ بەلاّم هەمو شتێک یەکسان دەرک ناکا، هەندێ شت راستەو خۆو بەئاشکرا دەرک ئەکاو هەندێ تر تەنیا بەفیر بون لە سەر چاوەی حیکمەتی خوا درک ئەکاو بەس، قورئان لە ئەقڵ زیاتر ئاگاداری ئەدا، چونکا لە گەورە ترین و بەرز ترینی حیکمەت سەرچاوەی گرتوە، جا لەبەر ئەمە قورئان لە ئەقڵ شیاوترە، بۆ ناوی نور، وە لەم دو ئایەتەدا بە ناوی صیفەتی قورئان ناو براوە هەر وەکو والنور الذی انزلنا...[1] یانی نورێ کە ئەوەمان نارد (قد جاءکم برهان من ربکم وانزلنا الیکم نوراً مبیناً-[2] یانێ: نورێکی ئاشکرامان بۆ ئێوە نارد(دیارە مەبەست لەم نورە لەم دو ئایەتەدا قورئانە).

ئەم بەشە سێوەمین هەنگاوە لە (تەجرید)ی نوردا چونکا لەگەڵ نورێ سەرو کارمان هەیە کە لە نوری ئەم جیهانە نیە، بەڵکو لە عالەمی مەلەکوتەو قورئانیش لەوە:(لە عالەمی مەلەکوتە) عالەمی مەلەکوت، عالەمێکی بەرینە کە پەریەکان لەوێ نیشتەجێن و رۆح و گیانی سالیکان، بەرز ئەبنەوە بۆ ئەوێ.ئەم عالەمە هەمان عالەمی غەیبیە کە عالەمی شەهادەت، شوێنێکە لە شوینەوارەکانی ئەوەو نسێی و سێبەرێکە لەوو سەبەبیکە لەو. وە تەژی و پڕە لە نور، ئەنواری عالەمی فەروە دین (نوسان) هەمیشە بە پێی دورو نێزیکان لە

---

۱ ـ تغابن(ئایەتی ۸)

۲ ـ سورەی نیساء ئایەتی ۱۷۴

سەرچاوەی نوری یەکەم لە عالەمی مەلەکوت، نور دەگرن. ئەم سەر چاوەی (نوری یەکەمە) ئیمام غەزالی بەمانگێکی دەشوبهێنێ کە لە روچنەیماڵێکەوە بدالەئاوێنەیەک کە لەدیواریان گرتبێ و لەو ئاوێنەشەوە لەئاوێنەیەکی تربدا کە لە دیوارێکی دیکە گیرابێ و سەرەنجام بدا لە زەوی و نورانی و روناکی بکاتەوە، ئەمە یەک نورەکە بەهۆی ئینعیکاسەوە نورێ زۆری لێ پەیا بوەو جا چون وجودی ئەو هەموە نورانە لە نوری یەکەمەوە سەریان هەڵداوە، قەت ناتوانن لەزنجیرەی ئەوە جیابنەوە، بەڵکو تا بێ‌نیهات پێکەوە لکاون، وە سەرەنجام بە سەرچاوەی نوری یەکەم کە نوری بالذات یانوری حەقیقی یا نوری مەحز(اللّه)ی ناوە پیوەندئەدرێ ئەم نورە حەقیقییە هەر ئەوەیە، کە خەلق و ئەمرە(ئافەرینش و تەگبیر) لەدەس ئەودایە، نورانی بونی سەرەتای ئافەرینش بە فەرمانی ئەوە: (خوایە)و بەردام بونی ئەم نورانی بونەش لە پلەی دوەمدا هەر لەوەوەیە. لە راستی دا نورانی بون-ی هیچ کەس لە سەرەتاوە لفەودوانەی ئەوکەسە:ئەوزاتەنەبوەو کەس شیاوی ناوی پلەیی وا نیە، لەراست نوردا تاریکی و زوڵمەت هەیە، جا چون نور وجودی مەحزە، دیارە تاریکی یازوڵمەت عەدەم و نەبونی مەحزە، چونکا نەبون: (معدوم) نە بۆ خۆی وجود پەیا ئەکاو نە بۆ غەیری خۆی، بەلاّم ئیمام عەزالی دو بێژەی نورو زوڵمەت هەر وەکو رچەی(ئەنەوی‌یەتی ئیرانیان-ی کۆن بە واتایی دو مەبدەئی دژو جەنگەندە بەکار ئەبا. بەڵکو نور لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە وجودی ئیجابی‌یەو زوڵمەتیش سەلبی ئەم وجودەیە،جا لێرەوە کە وجود دابەش ئەبێ بەوەی کە دارای صیفەتێکی ئاوا زاتی‌یەو ئەوە کە خێوی ئەم صیفەتەیە بەیارمەتی غەیر، لە راستیدا شتانێ تر بێجگە لەو(خوا) مەجازەو وتنی نور هەر بۆ خوا راستەو حەقیقی و واقیعیە.[1]

---

١ ـ نوکتە: من خۆم ئەم بیرو رایەی ئیمام محەمەد غەزالیم زۆر جوان دەرک کردو تیێ گەیشتم بەم واتا: لە رۆژی پێنجشەمە ١٣٧١/٨/٢١ی هەتاوی کە لە تورکیا لە کاتی ٩/٥سەر لە بەیانی بەماشین لەسیواسەوە بەرەو ئێران دەهاتم هەروا کەوتبومە بیری ئەم فەرمودەو نەزەرەی ئیمام غەزالی لەپڕا روانیم کە نوری رۆژ لە لای دەستی چەپی لێخورە(راندە)وە.ئەدا لە ئاوینەی بەرسەری راندەکەو لەوێوە نورەکە لەشوشەی لای راستی ماشینەکەی ئەداو وێنەی

Dr.Saleh Ebrahimi

وه هەروا چون نیسبەتی وجود بە بەشی ئەخیر لە ئیضافەی‌ئەو یانی‌لەنیسبەتی‌ئەو لە غەیری خۆی سەرچاوە دەگرێ نەک بالذات، زولمەت یان،لە مەقولەی عەدەمی مەخر داناوە. جیهانی بون یا باشتر بڵێین: ئەوەی کە غەیری ناوی خوای لە سەر دائەنێن: (ماسوی‌الله)لە زاتی خۆیدا عەدەمی مەحزە،وجودی حەقیقی هەمان خوای بەرزو بڵیندە کە نوری حەقیقی‌یە،ئەبێ بزانین: کە ئەم قسە لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە جۆری یانەوعێ تەعبیری مەجازی نیە، بەڵکو حەقیقەتی دیارو ئاشکرایە چونکا ئەم شتە دەسکەوتی بیرو رای باری ئەقڵی نیە، بەڵکو حەقیقەتێکە، کە عاریفانو خواناسان، لە کاتی میعراجو سەرکەوتنی رۆحیدا لە (قولاّیی)مەجازەوە بەرزی حەقیقەتی ئەوە بە ئاشکراو بەعەیان دەبینن. وە لە رێگای شەوقو زەوقەوە واتای فەرمودەی خوا «کل شیئی هالک الا وجهه»نە بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە مەسیری بوندا (بەرەو لای خوایە)لە روژێ لە روژگارەکاندا تیا ئەچێ، بەڵکو بەم واتایە کە هەرچی بێجگە لە خوا، بۆ هەمیشە(ازلاً و ابداً)نابودە.

دیارە هەر مەوجودێکی ئاوەها ئەبێ تیا بچێو نابود ببێ،وجودی حەقیقی هەمان زاتی خوایە، کە لە مالیکیەتی بوندا (ازلاً و ابداً)لەم دونیاو لەودنیا تاکو تەنیایە. ئەم بانگەوازەی خوا لە رۆژی بەرێدا لە نیو خەلکدا دەنگ ئەداتەوە کە «پاشایی ئەمرو هی‌کێە؟(هەمو دەڵێن): هی خوای‌تاکو تەنیاو خاوەن وزیە»تەنیا تایبەت بە قیامەت نیە، بەڵکو لە گۆی خەڵکی ئەم دنیاش هەمیشە دەنگ ئەداتەوە.

غەزالی لەو پەری بیرو ئەندێشەدا بەبیرو رای شەبیە بە وەحدەتی وجود دەگاکە هەر دەمێ فەرمایشەکانی لە قەبیلی شەتەحاتی صوفی‌یە بهێنینە ژمارە ئەوسا بەدژواری

---

راندەکە، لە نیو ئاوینەکەوە، ئەدرا لە شوشەی لای دەستی راستی ماشینەکەو لەوێوە وینەی راندەکە، لە دەرەوە دەر دەکەوت، جاری وابو، دەبوە، چار یاسێ وینەو ئەو ناقە وێنە کە لە نیو ئاوێنەکە دەر ئەکەوت، بەو نوردانەوە لە دورەوەی لای‌راستی ماشینەکە بەسێ یا چوار وینە یا زیاتر دەبیندرا. (شەپۆل) ١٢ نوامبری ١٩٩٢ زایینی‌و ٧١/٨/٢١

دەتوانین غەزالی لەم ئەقیدە بەر کەنار بزانین.

بەڵام شتێ کە بسەلمێنێ کە ئیمام غەزالی لە یارانی شەتەحات بوە بە دەسەوە نیە، بەلام ئیمام غەزالی بە پێی ئەم قسانەی خوارەوە، زۆر لە وەحدەت وجودی یەکان نیزیکە ئیمام غەزالی دەفەرمێ: «دنیا پڕو تەژی‌یە لە نور ...هەمو ئەم نورانە بو لای نورالانوارو سەر چاوەی یەکەمی خویان بەرز دەبنەوە ئەم نورەش هەمان نوری خوای بەرزی بێ هاو تایە. نورەکانی دیکە هەمو عاریەتی و ئەمانەتین و نوری حەقیقی تەنیا ئەوە: (خوایە)هەمو بون و گشت نوریک هەر خۆیەتی(هەر خوایەو بەس)هیچ شتێک بێجگە لە دیمەن و هەیئەتی مەجاز، هوورییەت و حەقیقەتی بۆ نیە. جا چونکا بێجگە لەزاتی ئەو، خودایەک نیە لە نەتیجەدا نیە،ئەوی هەیە، هەر ئەوە بون،هەر خۆیەتی کە ئیشارەو ئاماژە کردن،هەمو بو لای ئەوە، هیچ ئیشارەیەک بێجگە بۆ لای ئەو نیە» ئیمام غەزالی بەئاشکرا نالێ: حەق هەمان خەلقەو ئەم دوانە دیمەن و سورەتێکن بۆ یەک حەقیقەتی تاک. هەر وەکو ،کوری عەرەبی دوای ئەو دەڵێ: تەفاوەت لە نیو ئەوانەدا ئیعتباری‌یە بەڵکو ئیمام غەزالی دەڵێ: هیچ مەوجودێ بێجگە لەزاتی پاکی خوا حەقیقەتی بۆنیە.رەنگدانەوەو عالەم تەنیا لە ریگای رەنگ‌دانەوەو ئینعکاسی وجودی حەقەوەیە هەر وەکو ئینعکاسی نوری مانگ لە ئاوینەی جور بەجورەوە- بەزیوەری وجود نارازیتەوە. ئەمە لە روانگاری غەزالی‌یەوە حەقیقەتێکە کە ئەقڵ و ئاوەز دیانی پێدا ناوەو کەشفی صوفیانەش ئەوەی سەلماندوە، غەزالی لە ئاخرین پلە لە ناسین،تەفاوەت لەنێوان تەوحیدی عەوام لە سەر بنەرەتی (لا الەالاالله)و تەوحیدو خوا بەیەک زانینی خەواس لە سەر بنەرەتی (لا الە الاهو)روناک دەکاتەوە (هو) لە روانگای ئیمام غەزالی‌یەوە هەر وەکو وتمان بریەتی‌یە لە وجودی گشتی کە ئیشارە بۆ لای ئەو دەکرێ، تەوحیدی خەواس بە پێی بیرو رای ئیمام غەزالی «ویژەرەکەی کامڵترو شامڵترو حەقیقی‌ترو وردترو دەخیل تر لە هەموکەس لە فەردانیەتی مەحزو وەحدانیەتی صرف ـ ی خوادا، واریدی دەکا وە نیشتمانی فەردانیەت ئەو پەری میعراجی ئافەریدەگانە».

Dr.Saleh Ebrahimi

له پەراوەکانی دیکەی غەزالی دا-کە قسەی لیوە دەکەین - ئاوا بەئاشکرا لە وەحدەتی وجود قسە نەکراوە، ئەوەی لە «ئەحیاءالعلومالدین دا»یاد کراوە کە: «بون بیجگە لە خواو شوێنەواری ئەو شتێ دیکە نیە. وە بون هەمو جیلوەی شوێنەواری زاتی خوا یە» لە راستیدا ئیعترافێکە بە وجودی بون لە کۆبەی وجودی خوادا، وە دەروازە لە سەر بیرو رای وەحدەتی وجود، دا ئەخا ئایا ئەتوانرێ بوترێ کە ئیمام غەزالی لە ریسالەی میشکات الانواردا لە روانگای خۆیەوە لە بابەت حەقیقەتی وجودەوە بیری گورێوەو بیرێ تازەی دەر بریوەو مەیلی ئاشکرای بۆکشانی صوفیانەی، بۆ پەیدا بوە؟ کە صوفیان قایل بە وەحدەتی وجودن، هەر دەمێ بمانەوێ بەتەمسیلی نوری مانگو ئاوێنەگەلێ کە جێی تابشی مانگن، سەرنج بدەین، قەبوڵ دەکەین کە ئەو نورە «رەنگ دانەوەیانە» مونعەکیسانە لە ئاوینەکاندا. لە حاڵێکدا کە هەن‌و مەرئین، زاتەن خێوی وجودی حەقیقی نین، بەڵکو رەنگ دانەوەیەکن لە نوری یەکەم یانی: لەنوری مانگ بەلاّم مەبەستی ئیمام غەزالی لە ئاوێنە لە تەمسیل دا چیە؟و ئەم شتانە لەتەمسیلی ئەودان چشتێک دەنوێنن؟ ئایا ئیمام غەزالی بەشتێ وێنەی هەیولای یەکەمین کە فەلاسیفە بۆ رەنگ دانەوەو دەنگ‌دانەوەی نوری ئیلاهی لە بەرچاو دەگرن، بیری کردۆتەوە؟ لە حاڵێکدا کە ئەزانین کەئیمام غەزالی بە ئینکار کردنی تەواوی وجود، مادەی قەدیمی عالەم ئەداتە دواوە، وەعالەم بەمەخلوقێ حادیس لەعەدەمەوە، دەزانێ. ئەوەی دێتە بەرچاو ئەوەیە کە ئیمام غەزالی بەتەمیسلێکیوا (تەمسیلی نوری مانگو ئەنواری رەنگ دانەوە لەوە) موشکیلی صدوری عالەمی لە خواوە ئاڵوزاندوەو لە سەر بنەرەتی ئەقڵی دەس ناداتە تەوزیحو لێکۆڵینەوەو ئاشکرا کردنی ئەوە. ئێستا ئەبێ بڕوانین کە ئایا ئەزمونی صوفیانە لە کردنەوەی ئەو گرێ پوچکە، یارمەتێکی بەوکردوە؟ ئیمام غەزالی لە عارفانێ یاد ئەکا کە لە وجود دا بێجگە لە خوای تاقانەی حەقیقی شتێ‌تر نابینن، کە لەودا بێجگە لە خوا شتێ نابیندرێ لەم روەوە هەندێ لەوانە هەر وەکو حەللاج هاواری (ئەزحەقم)ی بەرزکردۆتەوەو یەکێ‌تر «سبحانی مااعظم‌شأنی»بەزارادینێ(مەبەست بایەزیدە) بەلام ئەم حاڵەتە«وەحدەتی شهود»ە نەک

وەحدەتی وجود. وەحدەتی شهود حاڵەتێکە، کاتێ صوفی دەگەڕێتەوە لای سوڵتانی ئەقڵ، ئەوحاڵەتە زو لە نێودەچێ. لەم کاتەدا صۆفی تێ دەگا کە: «ئەم حاڵەتە یەکبونی بەراستی نەبوە، بەڵکو وێنەی یەکبونێک بووە هەر وەکو قسەی ئاشق‌و ئەویندارێک لەو پەری ئەویندا»: «انا من اهوی‌و من اهوی انا». ئیمام غەزالی دەفەرمێ: ئیحساسی عاریف لە حاڵی فەنابون لە خۆو لەخەڵک‌داو بەقاو مانەوە بەحەق، یەکبونی مەجازی‌و تەوحیدی حەقیقی ناوە یانی: تەوحیدێ کە لە بوندا بیجگە لە خوای تاقانە شتێ تر نابینێ. ئەگونجێ ئەوەی کە تۆمەتی وەحدەتی وجود لە ئیمام غەزالی لادەبا، وتەیەکە لەم کتێبەدا لە ئاخری بەشی یەکەم بەم واتایە هاتوە: «خوا لەگەڵ شتێکدا هەیە،هەر وەکو نور لەگەڵ ئەشیا»و مودەلەلی دەکا کە واتای ئەو «لەگەڵ هەرشتیکدا هەیە»ئەمەیە کە ئەو:(خوا)بەر لە هەر شتێ‌و بالاتر لەهەرشتێ دەرخەر«و موزهیری»هۆی وجودی هەرشتێکە. فەرمودەی ئیمام غەزالی لەم بابەتەوە کە ئەو: (خوا) «بەر لە هەرشتێکە»ئیقرار بەقەدیم بونی خوای بەرزەو قسەیەکی دیکەی ئەوکە وتویەتی: «خوا لە هەرشتێک بەرزترە»تەنزیەو بێنجەوشی خوایە، جا لە بەر ئەمە بێخەوشی خوا بە واتای حەقیقی،دینی موتڵەقە لە گەڵ، قسەی وەحدەتی وجود،سازگار نیە، هەر ئەم مەبەستە بۆتە هۆی ئەوەی کە(ونسینک)لە وتارێکدا کە لە ساڵی ۱۹۴۱ زاینی لە Semietische Studien uitde nalatenschap بلاوی کردۆتەوە، بە پێوەندی ئەم بەشە لەمیشکات الانوار لەگەڵ نو ریسالەی فلوتین (Enneodes) تایبەت بکا. ئەو لەو وتارەدا رای گەیاندوە کە ئیمام غەزالی هەوێنی باسی ئەم بەشەی لە کتێبی فلۆتین لەبەشی پێنجەم لە ریسالەی چوارەم کە لەودا فلۆتین قسەی لەمەبەستی: «رۆیەت: دیدار»کردوە، وەرگرتوە، دوکتور ئەورەحمان بەدەوی لە کتێبەکەی خۆیدا[1] چەن بەرگەی پرش‌و بلاوی لە تەرجەمەی عەرەبی کە دراوەتە پاڵ فلۆتین:فەیلەسوفی یونانی، هێناوەو ئەوسا رای گەیاندوە کە ئەمە نیشان ئەدا

---

۱ ـ فەلوتین لای عەرەب لاپەرەی ۱۸۹ـ۱۹۲

Dr.Saleh Ebrahimi

که ئەم فەسڵەکراوەتە زەمانی عەرەبیو لەوە دەچێ کەوتبێتە دەسی ئیمام محەمەد غەزالی، بەڵام ئەبێ بڵێین:کە فلۆتین لەم فەسڵەدا لەبیرو رای بینایی‌و چلونایەتی ئینتقالی مەرئی لەچاودا، قسە دەکا، وە لە ئەندێشەی واسیتەکە صورەتی مەرئی بە هۆی ئەوەکە لە ناوەندی بینایی قەرار دەگرێ، رەخنە دەگرێ، بەم‌حیسابە لە نێوان ئەم فەسڵەو فەسڵی یەکەمی کتێبی میشکات‌الانوار تەصەور ناکرێ.

بەبیرو رای دوکتور ئەورەحمان بەدەوی ئەگونجێ ئەوسەر چاوەی کە تەئثیری کردۆتە سەر ئیمام غەزالی کەژو فەسڵی پێنجەم لەریسالەی پێنجەمی فلۆتین بێ.

ئەم فەسڵە بەوێنەی کورتەیەک لەریسالەی (زانستی ئیلاهی) مەنسوب بەفارابی‌یە.

دوکتور بەدەوی ریسالەی مەنسوب بە فارابی لەکتێبی خۆیدا بە ناوی (فلۆتین لای عەرەب) بلاوکردۆتەوە،کاتێ دەروانێتە ئەوکتێبە شتێک کە ئەوەی بگەینێ کە غەزالی بۆمیشکات‌الانوار لەو ریسالە کەڵکی وەرگرتوە بەرچاو ناکەوێ، بێجگە لەمە کە بەشێکی کورت لەوە کە ئیشارە ئەکا بەمە کە فعلِ فاعل ئەوەڵ ئەقلەو ئەقڵ نوری باتنی ئەم جەوهەرەیە، هەر وەکو نوری خوز کە لە رۆژ(وخۆر) تیشک بەسەر شت‌و مەک دەهاوێژێ. بەراوەژو لە ریسالەی:(علم آلهی)دا بیرو رایەک هەیە کە بەئاشکرا لەگەڵ بیرو رای ئیمام محەمەد غەزالی‌دا ناسازگارە.

لەم ریسالەدا بۆکشانێکی دیار بۆ لای بیرو رای(فیض‌فلوطین) دێتە بەرچاو. بیرو رای (فیض)کە لە (لایەن فلوطین)ەوە دارێژراوە، ئیمام محەمەد غەزالی لە پەراوی: (تهافت‌الفلاسیفه)دا رەتی کردۆتەوەو پەیرەوانی ئەم بیرو رایە بە کەم مێشک دا ئەنێ.

لە بەرا روناکمان کردەوە کە ئیمام‌محەمەد غەزالی چلون لە نێوان نورالانوار:(اللّٰه)و (مطاع)و لەنێوان مطاع‌و بونە وەرانی دیکە پێوەندی نیشان ئەداو هەروا رون کرایەوە کە ئەم مەسەلە بەلای ئیمام غەزالی‌یەوە پێوەندی خەلقی‌یە، نەک پێوەندی فیضی بەواتای فلۆطینی ئەوە. راستە کە ئیمام غەزالی واتای نورو نور دانەو٪ فەیض لە وێنەگرتنی:(تصویری) ئافەرینش‌دا بەکار ئەبا بەلام ئەنوارێ کە تا نورالانوار چۆتە پیش‌و

ئەگەن‌کانو سەرچاوەی یەکەم، ئەنواری عاریەتین‌و لە نوری ئەوەڵ وەرگیراون‌و حەقیقەتی زاتیان بونیە. ئێستا، کە ئەو فیوضات: بەپێی (بیرو رای فەیضِ فلوطین) مەوجوداتێکی حەقیقین‌و هەر یەکە وجودێکی تایبەت بەخۆی بۆهەیە، دیارە فلۆطین قەت ناڵێ کە وجودی ئەمانەوابەستە بەواحیدی-ی ئەوە بەوەیە.

چ بەڵگەیەکمان بەدەسەوەیە کە بڵێین:ئیمام غەزالی لە پەرتوکی میشکات الانوار لە ریسالەی (عیلم‌آلهی) مەنسوب بە فارابی، زیاتر لە پەراوەی کتێبی(ئەثولوجیای ئەرەستو) شوێنی وەرگرتوە؟لە حاڵێکدا ئەم‌کتێبە سەرچاوەی یەکەمینی زانست‌و زانیاری فەلاسیفەی ئیسلامی سەبارەت بە نەو ئەفلاتونیان بو. ئیمام غەزالی‌و زۆربەی فەلاسیفەی ئیسلامی لە زاراوەی نەو ئەفلاتونیان کەڵکیان وەرگرتوە، سەرەنجام، لەوانەدا واتایێ تازەتریان ئەدۆزی‌یەوەو بە جورێ دەیان گۆڕی‌و لە واتای ئەسڵی دەیان بردە دەرێ، ئەمە خۆی ئیبتکارو ئەصالەتی فەلاسیفەی ئیسلامی نیشان ئەدا، نەک پەیرەوی‌و تەقلید لەوان.

## کژیا بەشی دوەم

ئیمام محەمەدی غەزالی لەم بەشەدا هەندێ بێژەو واژە کە لە ئایەتی نوردا (اللّٰه نور السموات‌و الارض...) وەکو: مشکاة، مصباح، زجاجه، شجرة، زَیْتٌ، نار- هاتون بە پێی رەمزو رازێ کە ئیشارە دەکەن بەواتای نهێنی کە لەو دیوی رواڵەتی ئەم واژانە دان، شەرحی ئەدا. لە سەرەتاوە بۆ رون کردنەوە، دوباس دێنێتە پێش، لە باسی یەکەم تەبیعەتی رەمز: (تەمسیل)و رەوشتی بەکار بردنی ئەوە بەیان دەکا. وە لە باسی دوەمدا پلە پلەی رۆحی بەشەری‌و پلەی نوری ئەوە دێنێتە بەر قسەو لێکۆڵینەوە. وە لە ئاخری ئەو حەوت واژەی ناوبراوە رموزی ئەم رۆحانە دەبژێرێ. بیرو رای تەبیعەتی رەمزی ئەوە لە سەر بنەرەتی فەرضی موازات وهاو دەنگی تەواو لە نێوان عالەمی شەهادەت‌و عالەمی غەیب، عالەمی جیسمانی‌و عالەمی رۆحانی‌یە. ئەم بیرو رایە بەمجۆرە تەفسیر دەکرێ کە، هیچ شتێک لە عالەمی شەهادەت‌دا نیە مەگەر تەمسیل‌و (نمونە) یەکە بۆ عالەمی مەلەکوت، عالەمی شەهادەت هویَ‌گەیشتن بەعالەمی غەیبە. ناسیاوی ئێمە بەعالەمی عولوی:

Dr.Saleh Ebrahimi

(جیهانی بەرزی بەرین) محاڵنیەو سەفەر بۆ لای خوای پەروەرندەو نیزیک بونەوە دژوارنیە. خوای تاقانە وێنەو میسالی بۆنیە، چونکا مەرجی نمونە بون بەزەروت، موتابەقە بونی دەویٚ،کەچی خوا بونێکە، هیچ شتێک هاوتاو وێنەی ئەو:(خوا)نیە. جاکەوایە ئەبیٚ ئەو واژە تەمسیلیانەی کە لە قورئاندا هاتون، ئەبیٚ هەر وەکو کلیلی ئەسراری غەیبی بزانینو هەر وەکو رموزی خەو، ئەوانە واتاو تەفسیرو تەئویل بکەین. هەر وەکو رۆژ لە زانستی تەعبیرو لێکدانەوەی خەودا نیشانەی شایەو مانگیش نیشانەی وەزیرە کە فەربانی شا دەبا بەرێوە. هەر لە سەر ئەم شێوە مەوجوداتی عولوی رۆحانی، نیشانەو رەمزی عالەمی مەحسوسن. لە سەر ئەم بنەرەتە ئیمام غەزالی هەندیٚ لە نیشانەو رەمزی وەرگیراو لە قورئانی کەریمی بۆ رون کردنەوەی بیرو رای خۆی بەکار دەبا. بەبیرو رای ئیمام غەزالی: (تور=کێوی تور)رەمزی مەوجوداتی گەورەو سابت لە عالەمی مەلەکوتدایە، «وادی»: رەمزی مەجوداتی عولوی‌یە کە زانیاری‌و مەعارفی غەیبی وەر دەگرن، جا ئەوسا مەعارف لەوانەوە نەقڵ ئەبێتە لای بەرەی مرۆف، «وادی ئەیمەن»:رەمزی سەر چاوەی یەکەمینی ناسیاوی‌و مەعریفەتە وە«نار»:رەمزی رۆحی پێغەمبەرە کە قورئان بە«سراج منیر: چرای نورانی»ناوی ئەبا.

«جذْوەو قَبَسْو شهاب: پۆلوی ئاگری سورو گەش):رەمزی کەسانێکە بەبینایی نەک لەروی تەقلیدەوە، کە لەپێغەمبەران پەیرەوی بکەن. «اصطلاء: خۆگەرم کردنەوە بەئاگر» رەمزی موشارەکەتی پێغەمبەرو پەیرەوانە «وادی مُقَدّس» یەکەمین پلەیە لە پلەپلەی سەرکەوتی پێغەمبەر(د-خ) «خلع نعلین» رەمزی دڵو دەرون هەڵکەندنە لە هەر دوجیهان: دنیاو ئاخیرەت ـ «قلم»: رەمزی رۆڵو نەخشی عیلمی غەیبە لەرۆحی لێهاتوو موستەعیددا. «لوح محفوظ: تەتەڵەی پاریزراو » ویا«دق منشور»:رەمزی روحێکە، کە ئەم زانستە لەودا بنوسریٚ. «ید»: رەمزی پەری‌یە کە، نوسەریی زانستەکانە «صورة» رەمزێکە، بۆ مەجموعی: ید، قلم‌ولوح، وە لە مرۆفدا «صورةالرحمان» صورتِ خودایی»یە. چونکا پێغەمبەر فەرمویەتی: (خوا مرۆفی لەسەر بیچمی رەحمان خولقاندوە،«ماء» هەر وەکو

Dr.Saleh Ebrahimi

خوا فەرمویەتی: ( لە ئاسمانەوە ئاوێکی نارد: باراندی): رەمزی مەعریفەت و ناسیاوی یە. «اودیە» کە هەر لەم ئایەتەدا هاتوە «لە پاشان هەر چۆمەڵە ئاوێک بە ئەندازەی گونجاوی خۆی ئاوی گرت»زەمزگەلێکن بۆدڵ و دەرونگەل.

ئیمام محەمەدی غەزالی بەزیرەکی و ژیری تێدەگاکە ئەم جۆرە تەئویلانەی ئەو، ئەو ئەباتە ریزی دەستەی باتنی کە ئایەتەکانی قورئان لە واتای زاهیری لائەدەن و بەباتین تەئویلی دەکەن، لێرەدایە کە دەسی خۆی پێش دەخاو دەفەرمێ: کە ئەباتنی یە کە زاهیر رەت بکاتەوەو نەزاهیری یە کە ئەسراری باتین بداتە دواوە، بەڵکو ئەو: «ئیمام محەمەدی غەزالی» زاهیرو باتین پێکەوە، کۆ دەکاتەوە، لە واتای مەحسوسەوە، دەس پێ دەکاو لە ئەسراری پەنهان لەو لای واژەکانەوە غافڵ نابێ موسا(د-خ)لە «وادی مقدس»دا ئاگری دی و پەروەردگاری هەرای لە موساکرد کە کەوشەکانت داکەنە«اخلع نعلیک»[1] موسا کەوشەکانی داکەند، بەلأم لەوکاتەدا تێگەیی کە ئەو لەسەرەتای میعراجی پێغەمبەری دایەو خوا لەوی دەوێ کە تەنیا بڕواتە لای خوا، بێ ئوگر بون بەملا یا بەولا، وە خوشەویستی دنیاو ئاخیرەت و ئەوەی بێجگە لە خوایە، هەمویان لەدڵ و دەرون دەرهاوێ و فرێیان بدا، میسالی زاهیری لە روانگای ئیمام غەزالی یەوە حەقەو پێوەندو ئەنجامی ئەوە بەرازی دەرون: (باتین) یش حەقیقەتە. میسالەکان «ئیشارە»گەلێکن کە بۆ بزاوتن و دنەدانی حیس و خەیاڵ ئینسانی، بەکار براون بەلأم ئەم ئیشارانە بەرەوپشتی پەردە ئەچن و بە نورگەلێ دەگەن کە لەروانگای حس و خەیاڵ پەنهان و نهێنن ئەگونجێ کەسێ بپرسێ: لەم تەئویلەدا کە نەسەر دێنێتە بن فەرمانی قەواعیدو زاکۆنی زمان و نە بەعورفێکی تایبەتی عیلمی پابەندە، حەق کێهەیە؟ ئایا ئەم کارە مەیدانی بۆ خەیاڵ پەردازی و بەراورد، ناکاتەوە کە ئەقڵ لەودا بە ناچاری هەرچی بیەوێ؟بیلێ؟ ئەگەر وابێ و تەئویل بۆئیسلام درگا بکاتەوە، نەک ئەوە بێ کە ئەنواعِ بیدعەت و لاڕیی لە دین دا ڕێگا

---

١ ـ یانی: خوت لە شت و مەکی هەر دو جیهان دارنە. پەراوەی زریزەی زیرین (تەپۆل).

بکاتەوە. هەر وەکو ئەوە کە باتینیەو هاوبیرەکانیان وایان کرد. لە وەلامدا دەڵێین: ئەوە لە قسەکانی ئیمام غەزالی فام دەکرێ ئەمەیەکە ئەو:(غەزالی) تەئویل کردنی تەنیا بۆکەسانێ کە بەصیرەتیان هەیە هەر وەکو پیغەمبەرانو عارفانو ئەولیاو خواناسان بەجایز داناوە کە خودانی بیرو باوەرێکی تیژو وردنو واتای پەنهان لە پشت پەردەوە بەهەستو حیس دەبینن. هەر وەکو بۆپێغەمبەران ئەم دەس کەوتە بەدی هاتوە، پێغەمبەر دیتی کە ئەو رەحمانی کوری عەوف درەنگ:چوە بەهەشت. پێغەمبەر ئەوەی بەچاو،وادی، بەلام بەبەصیرەت بە جۆرێتر. بە بەصیرەت زانی کە ئەو رەحمان کوری عەوفو هاواڵەکانی زۆر توند خەریکی ملە بەملانێ کردنن لەگەڵ نەفسی خۆیاندا تا بڕواو باوەر بەسەر ئارەزوی نەوسدا زاڵ بێو ئەوسا بچنە نێو رۆحانی پاک.بەناو بەهەشت. دیارە ئەو دوای ملە بە ملانێو تەقالایەکی زۆر پێ دەنێتە نێو بەهەشتەوە. ئیمام محەمەد غەزالی ئەم جۆرە لە خەو دیتنە کە هەم لە کاتی خەوتنداو هەم لە کاتی بێداریدا روئەدابە حسی ناوی ئەبا، کە ئەگەر لە بێداریدا بێ نیازی بە تەئویلەو ئەگەر لەخەویشدا بێ نیازی بەتەعبیرە.

باسی دوەم کە لەبابەت تەئویلی ئایەتی نورەوەیە پلە پلەی رۆحی بەشەر بە پێنج پلەدا لێی دەکۆڵێتەوەو بەراوردی دەکا.

یەکەم: رۆحی حەساسو بەهەست،کە مەحسوسات دەرک ئەکا هەم لە منداڵداو هەم لە گەورەدا وجودی هەیە.

دوەم: روحی خەیالی‌یە کە ئەوەی حەواس دەی هێنێتە ئیدراک، لەگەنجەی زیهندا رای دەگرێ. منداڵی شیرە خۆرە، روحێکی ئاوای بۆنیە، بەڵکو دوای لە شیر بڕانەوە، رۆحی وای بۆ پێک دێ، هەندێ لە ئاژاڵو پاتاڵ روحێکی وایان بۆهەیە.

سێوەم: رۆحی ئەقلیو ژیری‌یە کە واتای موجەرەد لەحیسو خەیاڵ جیا دەکاتەوەو ئیدراکی دەکا. ئەم رۆحە جەوهەری مروفو ناوەندی ئیدراکی زەروری‌یاتو گشتی‌یە.

چوارەم: رۆحی فیکری یانەزەری‌یەکە پێوەندی مەنتیقی بیرو ئەندێشە دەرک ئەکاو لە بەرکوڵ دەگاتە نەتیژە.

پینجەم: رۆحی قودسی نەبەوی: (رۆحی) پاکی پێغەمبەری یەکە تایبەتی ئەنبیاو ئەولیایەو تیشکو تریژی غەیبی دەکەوێتە نێوی. خوای بەرزو بێوێنە فەرمویەتی: (ئێمە لە خۆمانەوە، روحێکمان بە تۆ وەحـی کرد) مەبەست روحێکی وایە. ئەم پێنج رۆحە، نورگەلێکن کە ئەصنافی مەوجوداتی مەحسوس و مەعقول لەگەڵ ئەوانەدا زاهیر دەبن، وە لە روانگای ئیمام غەزالیەوە بەموازات پێنج شت هەن کە لە ئایەتی نوردا بەم وێنانە هاتون: میشکات: (چرادان) زجاجة: (شوشە)میصباح: (چرا)شجرة: (دار) زیت: (رون).

رۆحی حەساس و بەهەست لەراست«میشکات»دایە، چونکا نورەکانی لەکونی درزی حەواسەوە دێو دەروا، هەر وەکو چرا دانێک کە نورو شەوق لەوەوە دەچێتە دەرێ. رۆحی خەیالی لە راست: (زجاجە)دایە، چونکا هەر دو لە ئەصلدا تاریکو غەیرە لەتیفن، بەلام دەکرێ تەصفیەو لەتیفو پاکو بریقەدار بن، خەیاڵ،زانستی ئەقلی زەیت دەکاو لە پەریشانیو بلاوبونەوەی بێهودەی ئەوە بەرگریدەکا. هەروایش شوشە نوری چرا لە گژەبا دەپارێزێ رۆحی ئەقلی لەراست «مصباح»دایەوناوەندی تابشی ئەنواری ئەقڵە. چونکا چرایش نوری حیسی بلاو دەکاتەوە.

رۆحی فیکر لەراست «شجرة»دایە، بەم واتایە کە ژیانی فیکری لە دارێک دەچێ کە شاخو لقو پۆپو گەڵاو میوەی زۆر بێ، کەهەمو لە ئەصڵێک وەکو ساقەتو تەنەی دارەکە بێ دەروێنو شین ئەبن. بۆیە بەداری زیتون میسالی هێناوەتەوە کە رۆنەکەی پاکترو سافترەو پرشوعلەتر لە رۆنیترو باشترین رۆنی چرایە. رۆحی قودسی نەبەوی لە راست «زیت»دایە ک لەپاکیو بێنجەوشیو چاکیدا گەیشتۆتە ئاوەها پلەیەک کە نیزیکە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ نور وتیشک بداتەوەو هەڵایسیو گر بگرێ. رۆحی پێغەمبەرانو ئەولیایش وانو بە پلەیەک لە پاکیو بێجەوشیو کەماڵ گەیشتون کە ئیتر نیازییان بە یارمەتی پەریو شتانی ترنیە. ئیستا ئەبێ بزانین کە پیوەندی تەئویلات لەگەڵ ئایەتێ کە خوا بە ناوی نوری ئاسمانو زەوی دەناسێنێو لەپاشان بەمیسالی رەمزیو گرێپوچکە دراو ئەوە نیشان دەداو وێنەی دەکێشێ چیە؟ بە بڕوای من بەتەئویلێ کە ئیمام غەزالی لە

سەر ئایەتەکەی کردوە، کاتێ ڕاستو دروست لە ناو دەردێ کە ئایەتەکە جارێ تر بەتێگەیشتنێکی دروست بەم جۆرە بخوێنینەوە: خوا نوری ئاسمانەکانو زەوییە. مەسلی نوری خواکە لە ئینساندا خو نیشان ئەداهەر وەکو چرا دانێکە، کە لەودا هەیەو ئەو چرایەش لە نێوشوشە یەکدایە کەبێ زیاد کردنی ئەوە سەری پێوەند لەنێوان تەئویلی غەزالی و ئایەتە شەریفەکەدا لە بەریەک هەڵدەپچردرێ. بەڵام لەسەر ئەو فەرزە ئەتوانرێ ئەوەی کە غەزالی لە پلەی ڕوحی ئینساندا (پێنج پلە ناو براوەکە) هێناویەتی، تێبگەین، چونکا ئیمام محەمەد غەزالی ئەم پلەو پایانەی بە ئەنواعێ لە ئەنواری ئیلاهی داناوەکە بە پلەگەلی جیاجیا لە نورالانوار: (الله)نور وەردەگرن. وە خوای بەرز بۆتێگەیشتنی دروستی ئەم مەبەستانەو تەئویلانە لە عالەمی مەحسوس، بەچرادانو شوشەو چراو دارو ڕۆن میسالی هێناوەتەوە. بەڵام بۆچ غەزالی تەشبیهە کە لە ئایەتەکەدا تەنیا لە سەرئینسان کورتی کردوتەوەو بونەوەرانی تری جیا کردوتەوە، کەچی ئایەتەکە خوای بەنوری ئاسمانەکانو زەوی یانێ بە نوری ئەوەی بەخشلی وجود لە سەرەوە تا خوارێ ڕازاوەتەوە دەناسێنێ. ئەم تایبەتیە لە بەر ئەوەیە کە مروف لە ڕوانگای غەزالییەوە، تەنیا بونەوەریکە، کە نوری ئیلاهی لەودا لەهەمو پلەیەکدا خۆی دەنوێنێ، کەچی ئەم نورە لە غەیری ئیساندا بێجگە لە هەندێ پلەو پایەنە بێ خۆ نانوێنێ. جا هەر لە بەر ئەمەیە خوا لە نێوان مەخلوقاتدا مرۆڤی لە بەر چاو گرتوەو ئەوی بەوێنەی خۆی ئافەریدە کردوەو ئەوی کردوتە شیاوی جێ نشینی خۆی لە ئەرزدا.

ئیمام غەزالی بەم بیرو ڕایە، باری خودایی مروفی دوزیوەتەوەو بە پیوەندی ڕاستەو خۆ ئەو بەجیهانی بەرین پێوەند ئەدا. وە بیرو ڕایەکی تازە لە بارەی نبووەت ڕا دەگەینێ کە لەوەدا نەبیو خواناس،بیر ناوجیگەری پەری وەحی، وە یا کومەگێ لەزانستی دەرەوە ئەتوانێ ئامادەی وسولی وەحی بێت. پێغەمبەر یاخواناس،یاوەلی بە هەبونی چرای نور لەدڵو دەروندا چ نیازێکی بە پەری وەحی هەیە. ئاوا دێتە بەرچاو کە ئەم بەشە لە نامیلکەی میشکات الانوار تەواو کەرەوەی بەشییەکەم بێ، چونکا غەزالی لە بەشی

یەکەمدا لە خوا بە ئیعتیباری ئەوەی نورالانوارو ئەسلی وجودە وێنەیەکی هەستی وبون ناسانە ئەداتە دەس و لەم بەشەدا بە ئیعتیباری ئەوە کە ئەم نورە ئەسلی ناسین و مەعریفەت، لەمروفدا بەتەواوی دێتە دی، وە لە نێوچینی پێغەمبەران وخواناسان و ئەولیادا کە بە پێی فەرمودەی «خوا مروڤی لەسەروێنەی رەحمان خولقاندوە»چینی لە بەرچاو گیردراون، بە وێنەی تایبەت خوّدەردەخەن وێنەیەکی شناخت ناسانە لەوە دەنوێنی و رای دەگەینێ.

**بەشی سێوەم**

دوای ئەوەی ئیمام غەزالی لە دوبەشی رابوردودا، دایەسەلماندن کە ئەوەی کە شیاوی ناوی نورەو بوّ نور بون ئەبێ نوری خودایەو هەروا ئەم نورەیە کە بەگشت پلەگەلیەوە لە ئینساندا خوّی نیشان ئەدا، غەزالی لەم بەشی سێوەمەدا ئەکوشێ تا پەردەگەلێ کەمانعی تابشی ئەم نورەن و بونەتە پەردە لەنێوان ئینسان و مەعریفەتی خوا شەرح ئەدا، قسەی ئیمام غەزالی لەم بەشە بەدەوری ئەم فەرمودەکە پێغەمبەر فەرمویەتی بو «خوا حەفتا پەردە لە نورو زولمەت هەیە کە ئەگەر پەردەکە لادرێ شکوّی جەلال و جەمالی خوا دیدەی هەر بینەرێک دەسوتێنێ»دادەگەرێ، غەزالی مەحجوبەکان «داپوّشراوەکان» بەسێ دەستە دابەش دەکا: ١ـ داپوشراوان بەزولمەتی مەحز، ٢ـ داپوشراوان بە نوری مەقرون بە زولمەتی مەحز ٣ـ داپوشراوان بە نوری مەحز.

وا دێتە بەر چاو کە مەبەست لە حیجابی زولمانی ئەوەی مادی، یابە ریگایەک پێوەند لەگەڵ مادە پەیا ئەکاو لە حیجابی نورانیش ئەقلانی بێ. لەم بیرو رایەوەیە کە مولحیدان و دەهری یەکان کە حەواس بە سەریاندا زاڵ بوەو ئینکاری دین و قیامەت دەکەن و وجودی عالەم لە سەر بنەرەتی مادی خالیس واتاو تەفسیر دەکەن، لە چینی داپوشراوان بە حیجابی زولمانین، وە هەروایش داپوشراوان بە نفوسی ناپاکی لێڵ و شەهەوات و لە زاتی مادی کە هەوایان کردوّتە خودای خوّیان و لە زەتی ئاژاڵی و گەیشتن بە ئارەزویان کردوّتە ئامانج بو خویان لەژیاندا، وە ئەگەر پلەیەک لەو خوّیریەتی یە بێنە سەرێ، دەسەلات و زاڵ بون و باڵ

Dr.Saleh Ebrahimi

بەسەراکێشان، وە یا ناودار بونو پلە بەو پەری ئارەزوی خۆیان دەزانن و هەمو لەمچینەدا دەوەستن. ئەم کەرەستانە کە بژاردمان هەمو پەردەی زولمانین، داپوشراوان بە نوری تێکەڵ بەتاریکی ئەوانەن کە لە سەر بیرو باوەری دینی خۆیان، هۆیەکی حیسی یا خەیالی، کە لە نێوان ئەوانەو دیتنی بەراستی حەقیقەت، جیاوازی داناوە، زاڵ بوە.

بوت پەرستان کە بیریان لە سیفەتی خوا کردۆتەوە، ئەوەیان ناوە بەسەر بونەوەرانی مەحسوس داو تەجەسومیان پێ داوە، تاقمێ تر لەوانە خوایان لە واتای بەر تەسکو بەند، دەرهیناوە جەمالی موتلەق لە بیچمێک لە بیچمەکاندا پەرستش دەکەن، هەندێ تر لەوانە ئاگر پەرستن کە واتای وزە، هێزو قودرەتو بەرێز بونلە ئاگردا ئەگرنە بەرچاو کە ئەوانە هەمویان لە سیفەتو نوری خوا دائەنێن. ئەمانە لەم سیفەتانە، بونەوەرانی مادیو ئەنبوژەنی، نەخشە ئەکیشو ئەنێوینن هەندێتر لەم تاقمە ئەستیرەی گەلاوێژ یا شەعراوموشتەریو روژ دەپەرستن. ئەوانەی نوری موتلەق دەپەرستن ثەنەوییەی ئیرانین. هەمو ئەمانە کە بژاردمن (محجوبان): داپوشراوانی بە تاریکی ئامێتە بە نورن. تاریکبون لەم بابەتەوەیە کە ئولوهییەت لە قالبی مادیدا ئەنوێننو تەسویری ئەکەنو نوریش لەم بابەتەوەیە کە سیفاتی خوا لە مەعبودی مادیدا ئەنویننو ئەینەخشینن موجەسیمەو کەرامیە کە تاریکی خەیاڵ بە سەر بیریاندا زاڵ بوەو قایل بە خوای موجەسەمن و ئەویان لە بان عەرش داناوە، لەم کوڕەن. هەروا ئەوانەی لە بەر بەرزی، جیهەت بۆ خوا دائەنین لە روانگای عامو خاسەوە، هەمو لەم تاقمەن. دەستەی سیوەم مەحجوبان بە نوری خوان، ئەمانە تاقمیکن کە زیهنیان بە بەڵگەی ئەقلی فاسید تێکلاوە، ئەمانە سیفاتیەن هەر ئەوانەن کە بۆ خوا پەسنی قسە کردنو ژنەوایی و بینایی و ساوانی، بۆ خوا داناوەو ئەوەیان لە گەڵ سیفەتی هاو وینە لە ئینساندا بەراورد کردوە ئەڵێن: خوا بە دەنگ قسە دەکاو هەر وەک ئێمە دەکا. مەحجوبان بە نوری مەحز فەلاسیفەن، ئەمانە لەوەی کە پەسنی ئاخەوتن، ژنەوایی، بینایی و ئیرادەو لێنەوین، کە وەک مرۆف بۆ خوای دابنین، دوری دەکەنو خوا لەو سیفەتانە لە بیچمی ئیساندا بە دور ئەزانن، بە سەرنج دان بە ئاسەواری خوا، خوا

دەناسن. ئەیژن: خوا بزوینەری ئاسمانەکانە.هەندێ لەوانە وایان زانیوە کە پەسنی خوا بە ناوی بزوینەری ئاسمانەکان لە بەر زور بون و جور بە جور بونی گۆکانی ئاسمانی ئەبیتە هۆی تەکەسور لە زاتی خوادا. لەم بابەتەوە بزوتنەوەی فەلەکەکانیان داوەتە پال ئەقل (پەری) کە هەریەکە لە فەلەکی تایبەت بە خوایدایە. کە هەمو فەلەکەکان بە هوی فەلەکی ئەقصی حەرەکەت ئەکەن و ئەم فەلەکەش راستەو خۆ خوا حەرەکەتی پێ ئەدا هەندی لەوانە لەم بیرەش زیاتر چونەتە سەرێ‌و وایان زانیوە کە حەرەکەتی ئەفلاک بە شێوەی راستەو خو، شیاو نیە کە لە کردەوەی خوا بێ بەڵکو ئەمە لە کردەوەی ئەقل یا پەری‌یە کە لە ژیر تاعەت‌و عبادەتی خوا خۆ خەریک دەکەن. جا بە بیری ئەوان خوا بەم ئیعتبارە کە گشت بون لە ریکای دەستورەوە، نەک بە موباشەرەت، دەخاتە گەڕ(موتاع)ی نیۆە.

ئەمانە بەحیسێبی غەزالی داپوشراون «مەحجوبن» کە بە و جورەی بژاردمان، بوت پەرستان، دەهری، مادی‌و لە دین وەرگەراوانی تریش دەگرێتەوە. هەروا موجەسیمە موشەبیهەو سیفاتیە لە موتەکەلیمان و فەلاسیفەو ئەرەستۆیی یا ئەرستوو فلوتینیش دەگریتەوە. بیرێ کە غەزالی لە نیو ئەو بیرو رایانە پەسەندی ئەکا، هەر ئەو بیرەیە کە بە پیی ناو لینانی ئەو پیوەند بە«واصلان»پەیدا ئەکا. ئەم بیرو رایە بەمجورەیە کە «موتاع» لە راستیدا «دەستوری خوایە» کە ئەگەر خوا بییەوی شتێک بێتە دی پیێ دەڵێ ببە ئەویش دیتەبون (....کن فیکون)بەم قەرینانە «موتاع» نە بەواتای دیتنی پەری‌یەک لە پەری‌یەکانەو نەک بەو جورەش کە فەلاسیفە نەو ئەفلاتونیەکان، دەڵێن ئەقڵی یەکەمە، نە خودی حوایشەو نەشتێ تر لە دنیادا، بەلکو واسیتەیە کە لە نیوان خواو جیهانداو ئیرادەی خوایش لە ریگای ئەوەوە دیتە دی. «نیسبەتی موتاع بە وجود ـ ی خوا نیسبەتی رۆژە بە نوری مەحز»بەڵام فەرمودەی غەزالی لەم بابەتەوە لە «موتاع مەوسوف بە سیفەتێکە، لە تەک وەحدانیەتی حەقیقیدا،تەنافی هەیە» ئەروانێتە ئەمە کە ئەمری خوا مەبدەئی کەسرەت‌و تەعەدودی وجودی‌یە، کە چی وەحدانیەتی مەحز تەعەدود ور ناگرێ، چونکا لە سیفاتی خودان. لیرەدا بیرو رای غەزالی لە تەوسیفی موتاع یا فلوتین لە تەوسیفی ئەقڵی یەکەمدا

لەگەل ئیختلافی جەوهەری لە نیوان بیرو رای ئەم دو بیرەوەرەدا، تیک هەڵدەنگون.

ئەمری ئیلاهی لە روانگای غەزالی‌یەوە قەدیمە بە قەدیم بونی خوا چونکا لە کەلامی خوای قەدیمە. بەلام ئەقلی یەکەم لە روانگای فلوتین مەوجودیکە، لە واحیدی یەکەم فەیەزانی کردوەو وابەستە بەو نیە. بیرو رای غەزالی لە بابی موتاع دریژەی بیرو رای ئەشعەری‌یەکانە لە کەلامی خواداو لە قورئاندا،لەو بابەتەوە کە زاتەن کەلامی خوایە. بیجگە لەوەی کە غەزالی لە چوارچیوەی بیرو رای بەسیتی ئەشعەری یەکان،هەنگاوی بەرەو پیش تر دەچیٚ، بە ورد بونەوەییٚ زیاتر، ئەوە بە وێنەی بیرو رایێ تازەتر لە بیرو رای فەلاسیفەی ئیسلامی یا«لەدو ریبازی ئیسلامی ئەشاعیرەو موعتەزیلە» لە بابەت «بیژەی Logos»هیناویەتی. بو دا سەلماندی ئەوە چەن ئایەتی لە قورئان بە بەڵگە هیناوەتەوە. غەزالی لەهیچ یەکە لەو بیرو رایانە رازی نابیٚ کە دەڵین: پەروەردگار لە مەعنای سیفەتی لەشی موتاع پاکە، یا پەروەردگار بزوینەری فەلەکی دوایین«فەلەکی ئەقصاو دەسەڵاتدار بە سەر فەلەکەکانی دیکەیە» یا ئەوەی کە خوا بزوێنەری بەراستی بونە، نەک بە وینەی موباشەرەت بەڵکو بە واسیتەی ئەقلی بزوینەری ئەفلاکە. ئەو قسەی «واصلان» کە دەڵین: موتاع شتیکە غەیری زاتی خواو موتەسیف بە سیفاتێکە،کە لەگەڵ وەحدانیەتی مەحزو کەماڵی خوا مونافاتی هەیە، قەبولیەتی موتاع فەلەکەکان دینێتە بزوتن و تەگبیری هەبونو بون دەکا. «واصلان» لە ریگای ئەوەوە بەکەسێ کە ئاسمانەکانی خستوتە بزوتنەوە، وە بە زاتیک کە فەرمانی بەبزوتنەوە داوە،پەی بردوەو ناسیاو بوەو لەم دوەشەوە بەوەی ئاسمانەکانی خولقاندوە، رێگا دەبەن،یانی ئەوانە لە رێگای ناسینی فەرمانی خواوە بە خواناسین دەگەن. غەزالی بەم بیرو رایە لە رێگای تەنزیهی خواو تەوسیفی وەحدانیەتی مەحزی ئەو، بی ئەزەمونی تەعەدود «ئەمری خوا» بە وێنەی «کەلامی ئیلاهی» لە سەر بیرو رای ئەشعری تەوزیح دەدا.

وە کارگەلێ بیجگە لە حەرەکەتی ئەفلاک و تەگبیری بون ئەداتە پاڵ ئەو. غەزالی لەم تەنزیهەدا ئەگاتە پلەیەک کە خوای بە جەوهەری موجەرد زانیوەو خوا لە هەر جورە

نیسبەتیک لە نیوان ئەوو خیلقەتەکەی‌دا بە بەری دەزانی. بە واتایێ تر خـوا لەسـیفەتی ئیلاهی دائەرنی. ئەم قسە بەزمانی غەزالیدا هاتوە بەلام باوەر ناکەم ئەوی رازی کـردبێ «نیکلسون»NIKELSON بە دوری ئەزانی کە موتاع لە بیرورای غەزالی‌دا هـەر ئـەو قوتبە صوفیە بێ، گە لە فسەکانی ئیسماعیلیانی باتنی مەزهەبدا هاتبێ. چونکا غـەزالی گشت مەزهەبەکانی ئەوانەی بە مەردود ئەزانی، ئەو لە وتاریکدا بە ناوی«بـیرو را یکـە سایەتی لەئیسلامدا» بەمجورە قسە لە غەزالی دەکا: «من زیاتر لاموایە کە بلیم: بیرو رای غەزالی لە بابەت موتاعەوە لە تەک بیرو رای صوفیەی موتەئەخیر تەوافوتی هەیە. موتاع بە بیرو رای ئەوان بە صورەتیکی رەمزی ئەوترێ کە بە «حەقیقەتی محەمەدی» یا «روحی محەمەدی» ناو ئەبرێ. ئەویش ئینسانیکی ئاسمانی‌یەکە خوا لە سەر وینەی خوی خەلقی کردوە. ئەم بونەوەرە لە بیرو رای ئەواندا هێزیکە کـە نـەزمو نـیزامـی جیهـانو راگـرتنو پاراستنی ئەوە بەوەو بەو راگیردراوە».

لەوە دەچێ ئەوەی ئەم هزرەی خستوتە میشکی «نیکلسون» بیژەی وجودی موتاعو وینە جیا جیاکانی ئەوە بێ کە لە چەند ئایەتی قورئاندایە. بۆ وێنە ئایەتی ١٩تەکویرە کە فەرمویەتی (مطاع ثم امین)و من یطع الرسول فقد اطاع الله ـ نیسا/ ٨٠ و (یا ایهاالذیـن آمنوا اطیعوااللهو اطیعوا الرسول ـ نیسا٩٥/. مـن لام وایـە تـێگەیشتنی صوفیـانەی ئـەم دوایانە کە لە نەوئەفلا تونی شوێنیان وەرگرتوە، تەفسیرگەلێ وا لەو ئایەتانە کرا بێ.

بەلام شویندانانی ئەوە لە سەر بیرو رای غەزالی دورەگومانی زۆرتر لە سەر ئەمەیە کە غەزالی لە ئیتاعەت کردن لە پیغەمبەر بیجگە لە واتای دینی شتێ دیکەی بە بیردا نەهاتبێ.

مەبەست لە بیژەی موتاع بە بیرو رای غەزالی «ئەمری خوا»یە کە دەبیتە هۆی بە کار کەوتنی ئیرادەی خواو حودوس لە خیلقەتدا.

بیرو را لە بابەت موتاعو دژوار بونی پەسنی خوا:

غەزالی لە کۆی سیوەم لە کتێبی میشکات الانوار مەسەلەی پەسنی خوای بە نـاوی میحوەرو بلێسک بۆ بیرو زا بەکار بردوە. وتەو قسەی زۆرێ لە فیرقە ئـیسلامیو رێبـازە

Dr.Saleh Ebrahimi

نائیسلامی یەکان کە بە مەحجوب «داپۆشراو» ناویان ئەبا، ئەداتەدواوە. تاقمیّ لە وانەی بە موشەبەهە داناوە کە تارادەیەک چونەتە پێش کە کارکەیان بوتە تەجەسومی ئاشکرا. تاقمی تر وەک موعتەزیلەو فەلاسیفەی ئیسلام رویان کردوتە تەنزیهی موتلەق.

غەزالی ئەشعەری مەزهەبە، بەو جورەی ئەزانین ئەشعەری یەکان پەسەندیّ کە خوای بەوانە وەسف کردوە بو خوای دائەسلمینن. بەلام دەلین: ئەو پەسەندگەلانە موغایر لە تەک زاتی خوداو قەدیم بە قیدەمی زاتی خودان، لە گەل وەحدەتدا پیکەوە جیاوازییان هەیە. لەم قسە نەتیژە وەر دەگرین کە پەسەندەکانی خوا نەعەینی خوداو نەغەیری ئەویشن. خوا زانا بەزانینو قادر بە قودرەتو موتەکەلیم بەکەلامە، بەلام عیلمو قودرەتو کەلامی خوا غەیری زاتی ئەون. ئەم سیفەتانە لە گەل زاتی خوا دا لە حەدی زاتیاندا ئینقتاعی تەواویان بۆنیە، بەلکو بەوەجهیّ پیوەندیان لە گەلّ زاتی خودا بۆهەیە. بۆ وێنە مەبەستیّ کە لێرەدا ئەیلێینە بەرجەنجەری وردبونەوە پەسنی «کەلام»ە کە لە نیوان موعتەزیلەو ئەهلی سونەتدا هەروا لە نیوان ئەشعەری یەکانو موعتەزیلەدا بوتە هەراو جیاوازیو نیوان ناخوشی، چونکا قسە کردن لە سەر پەسنی«تەکەلوم» ئەوانی بە قسە کردن ل «ئەمری ئیلاهی» کە ئیمە موتاع مان لە روانگای غەزالی بەوە تەفسیر کردوە، راکیّش کردوە. ئەشعەری یەکان بروایان بە قیدەمی کەلامی خوایەو هەروا «ئەمری ئیلاهی» لاکەونە. ئەوانە لە سەر قسەی خویان ئەم ئایەتانە دەکەنە بەلگە«بو نیشاکانی خوا ئەمەیە کە ئاسمانو زەوی راگیر دەبن (و من آیاته ان تقوم السماء والارض بامره.[1]

«وە دەستور دان هەر تایبەت بە خوایە، چ بەر لەمەو چ دوای ئەمەش»[2]. ئەم ئایەتانە بە ئاشکرا رادەگەینن، کە دەستوری خوا «موتاع»و قەدیم بە قیدەمی خوایەو لەسەر خیلقەت پیشکەوتوەو ئاسمانو زەوی بە هۆی ئەو راگیر بون. ئەمری خوا بە وتەی ئەوان نە

---

١ ـ ئاگا دار بن خەلقو ئەمر «ئافەرینشو تەگبیر» تایبەت بە خوایە الا له الخلق والامر.
٢ ـ لله الامر من قبل و من بعد

خودایەو نە لەخودایش جیایە. ئەم بیرو رایانە هەمو هـی ئەشعەریـانە کـە غـەزالی وەک لێکۆڵەرێکی ئەمین لە پەراوەی (میشکات الانوار )و لە پەراوەکانی دیکەی خویدا لەوە لانادا. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەبێ بڵێن: غەزالی لە بەشی ئاخری میشکات الانواردا شتیک وێنە جەوهەر،کە پۆیەکی لە تەسەوف پێوەیەو لە تەک موشکلی کـەلامدا بـێ پـێوەندە، پێوەی ئەنێو لێ زیاد ئەکا. قسە زیادەکەش ئەمەیە کە «واصلان» وەک داپۆشراوان خوا دەرک ناکەن. چونکا ئەوانە خوا بە پاکو بیخەوش لە وەی کە داپوشراوان پەسنیان کردوە، دەهێننە بیرو هزری خویانەوە.

حەق ئەو دەمەی کە بەزات بە سەریاندا نور دەهاوێژێو موتەجەلی دەبی، گەورەییو عەزەمەتی ئەو بیناییو بینشی بینەران دەسـوتینێ، ئـەم مـەنزلەتی صوفیـانە، بـەوەی کـە «کوری عەرەبی» بـە مـەنزلەتی تـەنزیهی تـەوحید ی نـاو بـردوە، شەبـاهەتی هـەیە. لەم مەنزلەتەدا لە تەوسیفی حەق بە پەسنێ لە پەسنەکانی ئەو، تەنانەت لە پەسنی وەحدەتیش دوری ئەکرێ. چونکا پەسن بە وەحدەت تەقەیودی حەقە. دیارە تـەقەیودیش لە تـەک تەنزیهی موتلەقدا مونافاتی هەیە.

بەروالەت بەشەکانی دوایی کتیبێ میشکات الانوار لە تێگەیشتن لە بیرو رای ئیمام غەزالی لە بابەت موتاعەوە خەڵکی خستۆتە حەیرانو تەنانەت بوتە هوی شکو دودلی لە برواو ئەقیدەی ئەودا. بۆ وینە ئەتوانین وتەی: «کوری تـوفەیل» لە پـەراوەی زیـندوی کوری بێدار بە شایەد بهینینەوە «یەکی» لەمـوتەئەخیران لە کـەلامی غـەزالی لە ئـاخری پەراوەی میشکات الانوار گومانی کردوەو ئەوەی بـە ئـەمرێ گـەورە زانـیوە کـە غـەزالی خستۆتە هەڵدێر کە هیوای رزگار بون لەوەی بۆنیە. ئەو قسەش ئەمەیە کە ئەو دوای ناو بردنی تاقمە داپۆشراوەکان بە نوری ئیلاهیو واصلان دەڵێ: «ئەوانە لەسەر ئەوەن کە ئەو بونەوەرە مەزنە موتەسیف بەسیفـاتێکە کـە لەگـەڵ وەحـدانـیەتی مـەحز موغـایرە»ئـەو ویستویەتی لەم رستە ئاوا نەتیجە بگرێ کە غەزالی ئەقیدەی وایە کە ئـەوەڵ «حـەق» لە زاتی خۆیدا،موتەکەسیرە «مـونەزەهە،خـوا لەوەی کـە رەخـنەگـران دەلیـن لەوە دەچـی

مەبەستی کوری توفەیل لە یەکێ لە موتەئەخیران «کوری روشد» بێ کە لە روانگای **کوری توفەیل موتەهەم** بە تەوەهومە کە لە **مەقسودی غەزالی نەگەیوە**. چونکا ئەو لە «بونەوەری مەزن کە موتەسیف بە سیفاتێ کە موغایرە لە گەل وەحدانیەتی مەحز» مەبەستی خوای پاک و بەرزە، کەچی مەبەستی غەزالی لەم قسە «موتاعە» نەک زاتی خوای پاک لە هەر وەسفێ. «کوری روشد» خوی لە غەزالی تومەت ئەداکە لە کژی پیوەندی دار بە مەحجوبان قسەیەکی راگەیاندوە کە لە گەل ئەوەی لە کتێبەکانی دیکەیدا لە بابەت مەسەلەی بزوتنەوەی ئەفلاک و باری خوا کە لە گەل ئەواند باسکراوە، دژایەتی هەیە، دەلی: «لە پەراوەی ناو داریداکە میشکات الانوارە کە لەودا پلەی خواناسانی سەبارەت بە خوا ناو بردوە ئاوا دەلی: گشت ئەمانە لە پوشراوانن تەنیا ئەو تاقمە نەبێ کە بروایان وایەکە خوای پاک و بێخەوش بزوێنەری ئاسمانی یەکەم «فەلەکی ئەقسا» نیە، بەڵکو ئەو زاتێکە، کە ئەم موحەریکە لەو سادربوە. ئەم رستە دەر بریێکی دیارە لە سەر بیرو رای حوکەما لە زانینەکانی خوادا. لە پەراوەی «المنقذ من الضلال» رەخنەی لە حوکەما گرتوەو ئەقیدەی وایە کە زانین و عیلم لە خەلوەت و بیردا حاسڵ دەبێ، ئەمەش پلەیەکە لە پلەی ئەنبیا، هەروا لە پەراوە یەکداکە بەناوی کیمیای سەعادەت دایناوە بە ئاشکرا ئەو وتەی راگەیاندوە کە ئەم رستە لە میشکات الانواردا نیە بەڵکو کورتەیەکە بەرانبەری ئەوەی کوری روشد لە کتیبەکە گەییوەو رای گەیاندوە.

ئیمام غەزالی بە ئاشکرا نەی وتوە، کە موحەریکی یەکەم لە خوا سادر بوە بەڵکو لە پەراوەکەدا رای گەیاندوە کە: نیسبەتی ئەم موحەریکە (موتاع)بە وجودی حەق، هەر وەک نیسبەتی روژە بە **«پینج» نورەکان ئایا کوری روشد** لەم وتە بە واتای سدور تێگەییوە؟

لە بابەت روژەوە ناکرێ بێژین کە سادر لە نوری مەحزە، بەڵکو ئەلین: تەعەیونێکە لە تەعەیوناتی ئەوە یا تەجەلیگایەکە لە تەجەلی یەکانی ئەو. هەروا لە بابەت موتاعەوە دەڵێن: «موحەریک ئەفلاکە کە ئەوەیان بە وێنەی ئەمری ئیلاهی تێدەگەین» لە واحید حەق سادر نەبوە بەڵکو تەجەلیگایەکە لە تەجەلیاتی ئەو. بەم تەوزیحە غەزالی هیچ کاتێ، وەک

فەلاسیفە قایل بەبیرو رای سدور نیە. بیجگە لەوە غەزالی بیرو رای موحەریکی یەکەم کە فەلاسیفە ئەقیدەیان پێ یەتی. لە سەر ئەم بیرە کە خۆرسک لە خۆوە کار ناکا بەلکو موسەخەرو موستەعمەلی خالقی خۆیەتی، رەت ئەکاتەوەو دەس ئەنێ بەسینگیەوە، بە بیرو رای ئەو ئەگەر بوترێ خورسکو سروشت کارێ ئەنجام ئەدا مەجازە، چونکا «فاعیل» لە روانگای غەزالی‌یەوە بە موجەرەدی موسەبەب بێ، ناکرێ پێی بوترێ فاعیل. بەڵکو ناوی فاعیل ئەو دەمە لەو دەکاڵتێەوە کە فیعل بە ئیرادەو ئیختیار لەوەوە بێ. بە پێی ئەوانەی رامان گەیاند، ئیتر ناکرێ بوترێ: کە غەزالی لەمیشکات الانواردا بیرو رای موحەریکی یەکەمی قەبول بوبێ‌و لە کتێبەکانی تریدا رەتی کردبێتەوە. بەڵکو موحەریکی یەکەم بەبیرو رای ئەو«موتاع= ئەمری خوایە» کە نە بە خورسک موحەریکەو نە عەینی زاتی واحیدی یەکەمە. هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە مونتگمری وات Montgemrywatt.

لە وتاریکدا کە لە کۆواری سەلتەنەتی ئاسیایی لە سالی ١٩٥٤ی‌زاینی بلاوی کردوتەوە، کژی سیوەم لە پەراوەی میشکات الانوار بە مەنحول (هەنگوین) نوما بزانێ. **ئەو لای وایە نوسەری ئەم کژە**، یەکێ لەو کەسانەیە، کە بۆ ئیسباتی واحیدی یەک لە فەلسەفەی کوری سینا تارادەی تەفسیری پەراوەی نەجات شوێنی وەرگرتوە. چونکا مەبەستی ئیسلامی مەنقول (زانینەکانی نەقلی) لە بیژەی «تەوحید» نەفی شیرکی **دائیمە** لە زاتی خوا، نەک وەحدەتی زاتی ئەو. وەحدەتی زات واتایەکە نەو ئەفلاتونیان بوی چونو هەر شتیکیش واتای تەعدودو کەسرەتی هەبێ لە زاتی خوا نەفیان کردوە. تا ئەو شوێنەی کە بۆتە هۆی نەفی سیفاتیش لە خوا. لە گشت ئەم قسانەدا بەلگەیێ کە بتوانێ بیرو رای (وات Watt)لە بابەت مەنحولو ناسازگار بونی کژی سیوەمی پەراوەی میشکات الانوار بسەلمینێ، نیە. **غەزالی لەم کژەدا** سیفاتی خوای نەفی نەکردوە، بەلکو ئیتلاقی ئەم سیفەتانەی، بو خوا، لە روانگای موتەکەلیمانو فەلاسیفەوە ئینکار کردوە. ئەو هیچ کاتێ پەسنی زانینو قودرەتو ئیرادەو تەکەلومی لە خوا نەفی نەکردوە، **بەلکو چلونایەتی‌و**

کەیفیەتی ئیتلاقی ئەم سیفەتانەی بو خوا بەو جورەی موشەبەهە ئیتلاقی دەکەن، رەد کردوتەوە. غەزالی مونکیری نورانی بونی خوا نییە، بەلام راگەیاندنی ئەم پەسنە بو مەعبودێ تر، وەک روژ یا مانگ یا ئەستیرەکانی تر قەبول ناکا. ئەو پەسنی قەهار بون لە خوا دانا نارنێ، ئەمەیشی قەبول نییە کە ئاگر پەرستان ئەم سیفەتە بۆ بونەوەرێ وەک ئاگر دابنین غەزالی ئەوکاتەکە لەپاک و بیخەوشی خوا قسە دەکا تەنیا مەبەستی نەفی هاولف لە خوا نییە، بەلکو ئەکوشێ، تاوەحدەتی زات بۆ خوا ئیسبات بکا چونکا دژواری سیفات لە روانگـای مـوتەکەلیمـانو فـەلاسیفەی ئیسلامەوە، دژواری وەحـدەتی زاتـی خـوایـە (وات Watt)تی نەگەییوە، کە غەزالی لەم کژەدا، دوای ئەوەی دژواری سیفاتی خوای لە روانگای کەلامی و فەلسەفی‌یەوە خستۆتە بەر قسـەو بـاس تـا لە سـەر هـیمی بـیرو رای تەسەوفەوە حەل بکا.

«واصلان» لە روانگای غەزالی‌یەوە صـۆفی گـەلێکن، خـاوەن زەوق و بـەچەشە، کـە خوایان راستەوخۆ، دەرک کردوەو ئەویان لە هەمو تەوهوماتێ کە لە پەسنەکاندا بۆ ئێمە زاهیر دەبن بەپاک و بیخەوش ئەزانن.

بەبیرو رای وات واصلانی کە غەزالی قسە لەوانە دەکا، لەگەل داپوشراوان فەرقی‌یان نییە بێجگە لە ئەقیدە بون بە بیرو رای موتاع.

ئەو لە دوییدا را دەگەیینێ کە کژی حوجب سەرەتای بو نییە. بەلام دەلیین: لە باسی حوجبدا چ سەرەتایەک لە زیکری نورو جورەکانی ئەو ئەتوانێ باشترو چاکتر بێ. چونکا حوجبێ کە غەزالی قسەی لیدەکا، مەوانعیکە،کە ئەم نورانەی شاردۆتەوەو دەبێتە مانع لە نێوان زوهورو تەجەلی ئەودا.

هەر کاتێ حوجب بە هەمو نەوعەکانی یەوە لە نیو بچێ نوری قاهیری خوا ئاشکرا دەبێ وجەلال و شکۆی خوا(بە پێی فەرمودە)ی: ئەوەی کە دیدو بـینەران دیویـانە دەی سوتینێ. چلون ئەکرێ لە نیسبەتی کژی سیوەم لەکتێبی غەزالی دودلی بکرێ، لە حالێکدا کە غەزالی خۆی ئەلێ: کە کتێبەکە سێ کژە نەک دوکژ. هـەروا بەئـاشکرا بـەفەرمودەی

حوجب که مەوزوعی باسی کڒی سیوەمەو لە کڒی سیوەم بەو دوەی دەگێرێتەوە. بەڵگەیێ تر کە بسەلمێنێ کە کڒی سێوەم کڒێکە لە میشکات الانوار، ئەمەکە نوسخەی خەتی (شەهید عەلی)کە لە ساڵی ٥٠٩یانی چوار ساڵ دوای فەوتی غەزالی نوسراوەتەوە، ئەم کڒە بە تەواوی هاتوە. هەروا دوای ئەوە«کوڕی توفەیل» بەشێکی دورو درێژو گرینگی لەم کڒە بێ ئەوەی لە صیحەتی ئینتیسابی ئەوە بە غەزالی شک یا ئیشکال بگرێ، لە پەراوەی (زیندوی کوری بێدار)کەڵکی لێوەرگرتوە. گشت ئەمانە بەڵگەن لە سەر ئەوەکە کڒی حوجب بەشێکە لە پەراوەی میشکات الانوار وە لە راستیدا تەواو کەرەوەی دوبەشە پێشوەکەیە. هەر وا لە باری شێوە نوسین و کەرستەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دا هاو دەنگە، هیچ دژواری یەک نابیندرێ.

لەو لێکوڵینەوەو لێکدانەوە، کە لە سەر پەراوەی میشکات الانوار ئەنجامیان دا جوان دەر دەکەوێ کە ئێمە لەراست کاری فەلسەفی بایەخداردا قەرارمان گرتوە، کە لە جۆری خوێدا عالو چاکە. لە راستیدا ئەم کارە بەیەکەمین خشت لە بنایەک دائەنرێ کە ئەگەر خشتێ تری لە سەر ریز بکرێ، سیستمی فەلسەفی کامل و رێک و پێکبێکمان ئەبێ. ئەمە وامان پێ حالی دەکا، کە غەزالی بەراوەژوی ئەوەی کە بەناوی ویرانکاری فەلسەفە، ناوی دەرکردوە، خۆی دارای فەلسەفەیە ـ هەر وەک ئەوکەسانەی دوای ئەوکە پایان نانیو بیرو هزرەوە میتودی فەلسەفی یان هەبوە ـ نیهایەت لە جوری تازەدا. فەلسەفەی مەشائی یانی فەلسەفەی ئەرەستویی. رەنگی نوێ ئەفلاتونی گرتوتە خۆ، ئەرکی خۆی بەر لە غەزالی بەجێ هیناوە. ئەم فەلسەفە لە نوسراوەکانی «بو عەلی سینا»و فێرگەی ئەودا گەیشتوتە ئەو پەری خوێ و رێگایەک بێجگە لەداکەوتن و گەرانەوە بۆ دواوە. دیارە ئەبێ بە نەفعی فێرگەکانی دیکەی فەلسەفی گەراوەتەوە بۆ دواوەو رێگایان بۆ بیرو رای ئیسلامی تازە کردۆتەوە. هێرشێ کە غەزالی بردویەتە سەر ئەم فەلسەفە ـ کە نوێنەرو لێکدەرەوەی تایبەتی ئەوە، کتێبەکانی کوری سینابو ـ هۆێی ترە کە بۆ روخانی ئەم فەلسەفە تاڵوکەی کرد فەلسەفەی ئیسلامی ناچاربو، ریگایەکی دیکە بیجگە لە رەوشتی مەشایی، کە بیرەوەر

بتوانێ لەو ڕێگایەوە پەی بەواقیعیەتی ئەسیلی وجودی خۆی و دینەکەی ببا، هەڵ بژێرێ. ئەو بە دوی ڕەوشتێکدا دەگەڕا کە نەزەرییەی مەوزوعی سەبارەت بە جیهان بە نەزەرییەی زاتی لە ڕۆحدا تەبدیل دەکا: هەر وا لە عالەمی مادەو جامید ڕێگا بەرەو عالەمی نورو لەتافەت ببڕێ. بەم ڕەوشتە دەڵێن: (ئیشراق) کە ئوسولی ئەوەڵیەی ئەوە بە هۆی ئەفلاتون و فەلاسیفەی ئێرانی کۆن دارێژراوە.

فەلاسیفەی ئیسلامی پێیان ناوەتە نێو ئەم باسەو نەتیجەیەکی بایەخداریان بەدی هێناوە، کە لە هەر دو لای(یونان،کوردستان،ئێران کەم‌مایەتر لە ڕۆژگاری فەلسەفەی مەشا نەبوە. ئەم لایەنە لە بیرو ڕاو تێفکرینی ئیسلامیدا قەت ئینکار نەکراوەو کەسیش باوەری نیە کە فەلسەفەی ئیسلامی لە فەلسەفەی مەشائی «کوری سینا»و «فارابی» بەرتەسک بێتەوە. لەم ڕووەوە ناتوانن بیر کردنەوەیەکی قول و بنەڕەتی کە سیفەتی تایبەتی فەلسەفەی تەسەوفەو لە شوێنەواری ئیمام غەزالی و «شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی» و «محیدینی کوری عەرەبی»و وێنەی ئەوانەدا هاتوە، دەرک بکەن.

لە وەدەچێ ئیمام غەزالی یەکەمین فەیلەسوفی ئیسلامی بێ کە بەرانبەری ئەوەی کە لە کتێبی میشکات الانوار بە ئاشکرا دەبیندرێ، ڕوی کردبێتە فەلسەفەی ئیشراق. میحوەرو بڵێسکی بنەڕەتی غەزالی لەم کتێبەدا بە دەوری جیا کردنەوەی نورو زوڵمەت و عالەمی ئەنوارو عالەمی زوڵمەتدا دەگەڕێ.

ئەم جورە تەمایوزی فەلسەفیە بەرانبەری ئەوەی لە کتێبی ئاوێستا (Avesta)دا هاتوە، بناغەی فەلسەفەی قەدیمی ئێران و کوردستان هەروا فەلسەفەی نوێ ئەفلاتونیە. بەڵام غەزالی لە تەمیز لەنێوان نورو زوڵمەت،فەلسەفەی ثەنەویەی هەر وەک ئیرانیان بنێشەی دانەناوە،نا ئاوای نەکردوە کە بەراوەژو لە ریسالەی میشکات الانوارو غەیری ئەویش کەوتە نەقزو هەڵ وەشاندنەوەی فەلسەفەی ثەنەوی و ئەوەشی لە ریزی داپوشراواندا هیناوە. لەوە دەچێ ئەو هەرواگەورەکانی موتەسەویفەی ئیسلامی بەر لەو، لەوەی کە لە باسی نورو ئیدراکی زەوقی حاسڵ لە جیهانی نورانیدا هیناوە، زیاد لە

هەموان لە فەلسەفەی نوی ئەفلاتونی تازە شوینیان وەرگرتوە، کە لە ریگای کتێبی(دبو بیت ـ Debobit کە بەهەڵە دەڵێن: هی ئەرەستوە، دەسیان بەو کتێبە گەییوە. لە کتێبی میشکات الانوار هێمگەلی فەلسەفەی ئیشراق زۆر د ێتە بەرچاو. گرینگتر لە هەموان باری بون ناسی‌یە کە لە بارەی بونەوە قسە دەکاو شناخت ناسی کە ماهییەتی گیانو رۆح شەرح ئەدا. هەرچەند ئەبێ بڵێن کە زاڵبون لە باری یەکەمە یانی بون ناسی. جا بەم پێ‌یە ئیمام غەزالی لە گەورە گەورەکانی فەلسەفەی ئیشراق هەر وەک «شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی کورد» و «قوتبەدین شیرازی» پێشکەوتوە. ئەو رێگا بۆچونە نیۆ فەلسەفەی کامل بە تایبەت لە باسی پێوەندی دار بە ناسینی رۆح و گیان دەخاتە سەر گازەرەی پشتو دەروازەی بۆ دەکاتەوە. قسەکانی قوتبەدین شیرازی لە سەرەتای شەرحی حیکمة الاشراقی سوهرەوەردیدا ئەم قسە بەیان دەکا. دەلی: حیکمەتی ئیشراق حیکمەتێکە کە بەسەر ئیشراقدا یانی کەشف دانراوە یا حیکمەتی ئەهلی ئیشراقی ئێرانو کوردستانە. کە ئەمەش دەگەرێتەوە سەر ئەوەڵ. چونکا حیکمەتی ئەمانەش کەشفی و زەوقی‌یە، وە ئەوەیان داوەتە پاڵ ئیشراق کە جێگای زوهوری ئەنواری ئەقڵیو درەوشینەوەو فەیەزانی ئەوە لە رێگای تابش لە نفوس‌دا لە کاتی تەجەروددا. کوردان لە حیکمەتدا زیاتر پاڵ بەزەوق و کەشفەوە ئەدەن. فەلاسیفەی بەروی یونانیش بێجگە لە ئەرەستوو پەیرەوانی ئەو کە پاڵیان ئەدا بەجەدەلو بەڵگەو بورهانەوە ـ رویان دەکردە زەوقو کەشفو دۆزینەوە سەرچاوە:[1] محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل).

* * *

---

١ ـ تەرجەمەو وەرگرتن لە میشکات الانوار نوسراوی ئیمام محەمەد غەزالیو بەر کوڵو سەرەتای میشکات الانوار تەرجەمەی سادق ئاوینەوەند، بەبەرکوڵی لیکدانەوەی رەخنەگرانە لە میشکات الانوار بە نوسینی دوکتور ئەبو عەلا عەفیفی چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بلاوەی ئەمیر کەبیر(شەپۆل)تاران ٢٧ئازەری ١٣٧١هەتاویو ٢٧ سارانی ٢٦٠٤کو ١٨دسامبری ١٩٩٢زایینی.

Dr.Saleh Ebrahimi

# نەخشی مامۆستالە فێرکردن و پیگەیاندنی زانین وهۆنەوهونەروفەرهەنگدا

مامۆستا ونەخشی مێژویی ئەو ـ پەرەداربون وگرینگی هەندێ لەمەبەستگەل ئەونە زورە، ئەگەر کەسێ بیەوێ لەبابەت ئەوانەوە قسەبکا یاشتێ بنوسێ، توشی حاڵەتێ دێ کەنازانێ لەکوێوە مەبەستەکە راوەت بکاولە گرینگی ئەوەبناخوێ وبدوێ یا چلۆن وێنەیەکی جێگای سەرنجە، کەلانی کەم بتوانێ بەشێ لەدیمەن وسیما وگرینگی مەبەستەکە بنوێنێ و نیشانی بدا، مەسەلەی مامۆستا وپلەوجێگاوبایەخی ئەو، لەکۆمەڵگا دا خۆی لەم باسە گرینگ‌و وردوسەرنج راکێشانەیە، بەراستی مرۆف لەبەیان کردنی بایەخ و رێزی مامۆستا وپلەو پایەونەخش ورۆلی ئەو لەکۆمەڵدا هەست بەناتەوانی وکزی وکەم دەسەلاتی دەکا، ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەوشایەدە بۆ رێزو گرینگ بونی مامۆستا وپلەونەخشی بڵنیدوبەرزوتەرزی ئەو لەکۆروکۆمەڵدا.

مامۆستا ونەخشی ئەولەگەران وگۆرانی شارستانیەتی بەرەی مرۆفدا: گرینگی ورێزو نرخی مامۆستا لەرۆژگارێکی تایبەتدا بەرتەسک نابێتەوە چونکا مامۆستا خێوی نەخشێ زۆر پربایەخە لەمێژودا، بەم واتایەکە مامۆستا بەدرێژایی مێژو دارای گرینگی و عەزەمەتی تایبەت بوەوهەیەو دەورانی پشکوتنی مێژوی ئەوکاتێ بوەکەبایەخ بەزانین‌وزانیاری و مامۆستا دراوە

Dr.Saleh Ebrahimi

بەراوەژویش رۆژگاری پەستیوکزی وبێچتی کاتێ بوە کە کۆرو کۆمەڵ سەبارەت بە فێرکارومامۆستا وزانین کەم تەرخەم بون، خەڵك وحوکومەت پلەوپایە وگرینگی مێژوی مامۆستایان نەزانیوە، بەتێ روانینێکی سەر پێیێ بە مێژوی بەرەی مرۆڤو رۆژگاری خۆ دەرخستن وبەرز بونەوەو نزم بونەوەو نزم بونەوەی ژیار وشارستانیەتگەل، ئەمە بەجوانی روناك دەکاتەوە کە ژیار، رۆژگارێ گوڵی دەکرد کەزانینو فەرهەنگ و هەڵگران و نەقیلانی ئەوە، یانی زانیاران و مامۆستایان لەپلەی خۆیاندا رابگێردرایەن، شایەدو بەڵگەی ئەوە هەم ئەتوانین لەمێژوی کوردەواریدا و هەم لەمێژوی ئیسلامی و مێژوی نەتەوەکانی دیکەدا پەیدا بکەین.

دیارە بەرەی مرۆڤکاتێ لەسەر رێبازی تەرەقی و بەرەو بەرزبونەوە، قەراری گرت کە سەرنجی فێربون و بارهێنانی دا، جا لەبەر ئەمەئەتوانین بڵێین بەشەر هەرچی بەدەسی هێناوەلەسوێنگە ئاوردانە، بەزانستو زانین و فێربون یا فێرکردن، ئەگەرسەرنجی زانست وفێربونی نەدابا هێمان ئەبو لەغار ولەنێو ئەشکەوتو لەنێوجەنگەڵدا بژی، کەچل و شەل وکوێرونوقسان و دەسەوسان بێ.

جابۆ ئەوەی بەگرینگی مێژویی مامۆستایان لە نەقڵ و پێگەیاندنی زانین و فەرهەنگ فێربون و فێرکردنی مامۆستا بە بەرەی دوا رۆژ باشتر پەی ببەین و تێ بگەین پێویستە تەسەوری بارو دۆخێ بکەین کەهیچ جۆرە نەقڵ و راگوێزان وهیچ فێربون و فێرکردنیك لەگۆردانەبوبێ، هەر کەس بەتەنیا هەندێ ئەزمون،فێربوایێ و بەمردنیشی ئەو ئەزمون و فێربونانەی لەگەڵ خۆیدا ببردایەتە بن گڵ، وەئیتر شوێنە واریك لەو باقی نەبوایێ دیارە ئەگەر چارەنوسێ وا بۆ بەرەی مرۆڤ ببوایێ، قەتنەی دەتوانی بەنەردیوانی سەرکەوتندا، ئاوا سەرکەوێتە سەر سەری و بگاتە ئەم سەردەمەی ئێستا، مرۆڤ ئێستا ئازوخەیێ زۆرو زەوەندی لەزانست و زانین و فەرهەنگ لەبەر دەستدایەو ئەم ئازوخە زۆرە گەورە گەرانی زانست وفەرهەنگ لەتاکێکەوە بۆ تاکێ ترولە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ تر، لە رۆژگارێکەوە بۆ رۆژگاری ترو لەبەرە یەکەوە بۆ بەرێی تر، هێم و بناغەی سەرکەوتو ژیاری مرۆیەو بەرپرسی ئەمەش خۆی بنچینە

وبناعەیە کە، بەدەسی مامۆستا وفێرکار وزانیاردامەزراوەو دارێژراوە.

لەسەرەتای زوهوری دینی بێخەوشی ئیسلام مامۆستایان و فێرکاران وزانیارانی فێرکردنەکانی قورئانی، بەشێ گرینگی سەرەتاییان لە بلاوکردنەوەی فێرکردنی قورئان ودینی ئیسلام گرتەئەستۆ کە دەسمایە و میراتی بەشەر دەهاتەژمارە.بەدرێژایی چەند هەزار ساڵ بەهۆی مامۆستایان و فێرکارانەوە لەبەرەیەك بۆ بەرەیەکی دیکە دەچو، ئێستا لەم رۆژگارەدا ئەو سەرمایەی پێك هێناوە کەبەرەی مرۆڤ پێوەندی بەوەهەیە، دیارە ئەگەر ئەم دەسمایە زۆروگرینگەزانست وفەرهەنگە لەخەلك وەربگیردرێتەوە، مرۆڤانی هیچی بۆنامێنێتەوە، دیارە ئەوەی ئەم دەسمایە گرینگەی بەدرێژایی مێژو بۆ مرۆڤ پێکەوەناوەو بەدەس بەرەی ئەمرۆیا سۆزی دە گا، تەنیا فێرکردن و بارهێنانە کە لەهەر جێگاو ریگایە کدا، بوزی خوار دبێ، بەهۆی مامۆستاوزانیارو فێرکاروە سەقامی گرتوە، ئاڵ وگور وپێگەیشتنی زانین وفەرهەنگ لە نێو بەرەی مرۆڤدا بە کورتی ئەتوانین بەمجورەی بەیان بکەین: بەشەر لەسەرەتای ژیاندا زۆرسادە ژیاوە، کەرەستەی بەرد (دەورەی بەرد) بوەو خۆراکی لەریشە ومیوە وگیاوگژوگۆشتی جرو جانەوەران بوە کە بەبەرد شکاری کردون و پۆشاکیشی بێجگە لەبەرگی گیاوگەلای داران شتێ تر نەبوە، جا هەر لەو رۆژەوە غونچەی زانین و فەرهەنگ و ژیاری بەشەر دەستی کرد بەپشکوتن کە تاکە تاکێ لە کون و کارێژان لەم دنیایەدا لەروی ئەزمون وئەقڵ و فامی خۆی بەرە بەرە فێری زانین و فەرهەنگ و ژیار بو، ئەو ئەزمون و زانیاریانە کە بەدەس هاتبو، لەو تاکەتاکانەوەو بەهۆی مامۆستایانو فێرکارانێ ترەوە لەنێو خەڵك بلاو کرایەوەو ئیتر لەشوێنێکی تایبەت نەوەستا، بەلکۆ بەهۆی مامۆستایانەوەلەنێو دڵی رۆژگاردا پەرەی گرت و لەبەرەیەکەوە بونەسلێ تر چوو بەرەی داهاتویش بەپیێ وزەو لێهاتوی خۆی، زانین و ئەزمونی خۆی بەخەڵکی تروتازەپێگەیشتووان راگەیاندو ئەوزانینەیان بەبەرەی داهاتوسپارد، تا ئەوەلە دڵی زەمانداو لە گۆی زەویدا بەرەوپێش ببەن.

سەرەنجام زانین و فەرهەنگ وتەکنیک و مەعنەوییەتی بەشەربەهۆی مامۆستایان و دەرس دەران و فێرکارانەوە لەنەسلێکەوە چوە نێو جەرگەی نەسلێ تر، بەمجورەسەیری

Dr.Saleh Ebrahimi

تەمەدون، فەرهەنگ و زانین نەخشی بناغەیی بەهۆی ماموٚستایانەوە بوە، چونکا ئەوان ریگاکێش ورچە و ریباز نیشان دەربون تا دەسکەوتەکانی زانستی و مادی و مەعنەوی بەشەر لەهەر هەل ومەرجێکدا سەقام گیربکەن و پەرەی پێ بدەن، دیارە ئەگەر ئەوشاسیمی گوێزانەوەی زانین نەبوایێ، بەشەر لەگەڵ رابوردوی خوٚی پێوەندی بەگشتی ئەپساو وهەڵ دەبڕاو واتای ئەم پێوەند، پسان وبرانەئەمەیە کە هەر نەسلێ وهەرتاکێ لەدەس هاتەکان و ئەزمونی پێشینان بێ بەش بێ و لەسەرەتاوە دەس پێ بکاو هێشتا لەسەرەتای رێگادایە بەرەوگوٚرسەردە نێتەوەو بەرەی دواهاتویش هەربەو جوٚرە، بێ ئەوەی بەئاکام بگا سەر بنێتەوەو لەنەتیجەداگشت ئەوانە ئێستاییی و وەستانی مروٚڤ لەهەمان پلەی سەرەتادا، دەماو تەرەقی نەدەکرد، هەر جوٚر بێ، چونی زانین و فەرهەنگ لە تاکەوە بوٚتاک، لەشوێنێکەوە بوٚ شوێنی تر، لەروٚژگاریکەوە بوٚ روٚژگارێ‌تر ولە بەرەیەکەوە بوٚ بەرەیەکی دیکە، بناغەی سەرکەوت و تەمەدونی بەشەرەو بەر پرسی ئەوکارە بناغەییەبە ئەسٚوی ماموٚستایان و فێرکارانەوەیە، جا هەر لەبەر ئەمەیەکە (وێل دورانت)[1]ئەوزاناکارزان وکار دانە ناودارە: ژیار، شاستانیەت و تەمەدون لە سوٚینگەی فێرکردن و بارهێناوە دەزانێ ودەڵی: (مەدەنیەت بریەتیە لە گەنجینەیەکی گەورە و زوٚر، لەهونەرو زانین وشیاوی، خووعادەت، ئەخلاق کەبەدرێژایی روٚژگار بەدی هاتوە، لەم سامانە زوٚرەوەیە کە تاک لەزیمنی پێگەیاندو سەرخستنی خوٚی خوٚراکی روٚحانی وگیانی خوٚی بەدەس دێنێ.

ئەگەر ئەم میراتە بەشەریە لەنەسلێکەوە نەچێتە نێو نەسلێ تر، ژیار مەحکوم بەمەرگە، جا هەر لە بەر ئەمە ئەبێ بڵێین: کە ژیانی مەدەنیەت بە فێرکردن و بارهێناوە بەسراوەتەوە.

کاتێ شکوفەو عونچەی ژیار لەنێو «دوروواندا»[2] زاهیر بوو خوٚی نواند، ئەم ژیارە بەهوٚی ئەم ئینتقالەوە گەیشتە خوراواو یوٚنانو لەوێشەوە چوە کوٚشی دنیای ئیسلام و پەرەی گرت و

---

[1] ـ تاریخی تەمەدون نوسراوی خوٚی ج ١ لاپەرەی ٩١)

[2] ـ بین النهرین

Dr.Saleh Ebrahimi

جاریّ‌تر چوه خۆراوا ولەسەرهەڵدانی خۆی بەر دەوامە.

ژیار لەم دەس بەدەس کردنەی خۆیدا کە لە هەر پلەیەکدا سەبارەت بەپلەی پێشو، کاملتربو، زیاد لەهەرشتێک مەدیونی تێکوشان‌وتەقالای ماموستایان وفێرکاران ودەرس‌دەرانی زانین و فەرهەنگ بوەو هەیە، چونکا ئەوانە بون کە زیاد لە خەڵکی تر بەدرێژایی رۆژگاران بەرپرسی ئینقالی زانین و فەرهەنگ بون.

**ماموستا لەسەرەتای ئیسلامەوە:** لەسەرەتای رۆژهەلاتی دینی بێخەوشی ئیسلامەوە ماموستا وفێرکار دەسیان کرد بەفێربون وفێرکردنی قورئان، بێجگە لەوەی کەخوا خوّی بە ماموستا داناوەو قورئانی بە پێغەمبەر فێرکردوە (عَلَّمَ الْقُرْآن وَعَلَّمَهُ‌الْبَیانَ ـ[1] خودی پێغەمبەریش خەڵکی فێرکردوە (رَسُولاً یَتْلُوا عَلَیْکُمْ آیاتِاللّه مُبَیِّناتٍ لِیُخْرِجَ الّذِینَ آمَنُوا وَ عَمِلُوا الصّالِحاتِ مِنَ الظُّلُماتِ اِلَی النُورِ...[2]) لام وایە ئیتر هەمو تیّ دەگەن پلەیێ بەرزوبڵیندتر لەپلەو پایەی ماموستا وفێرکار نیەو نابیّ، چونکا کەس لەخواوپێغەمبەر گەورەتر نیەو ئەوانیش خۆیان بە ماموستاو فێرکار داناوەوشانازیش هەرلە فێرکردن وبارهێناندایە.

**دوسەرچاوەی زانین ومەعنەوییەت ماموستا وکرێکار**

ماموستا وکرێکار دوتویژی زۆر بەرزو بەرێزو پرپێزو بەبەرەکەت ومودفەرکن.

بەدەس هێنانی ئەوین بۆخزمەتکاری ئاسانە بۆ بەدەس هێنانی ئەوانە لەدڵمانا ئاگربارانە

لەدنیادا رۆژانیّ بۆ رێزدانان لەماموستا و کرێکار لەبەر چاو گیراوە کە کار وکردەوەی هەریەکە لەودوانە زۆر جوانەولەبەر دلاّنەویەکیّ باری فێرکردن وپێش خستنی زانین و فەرهەنگی بەئەستۆیە و ئەوی دیکەیان باری باشبونی ئابوری لەبان شانە، دیارە ئەم دوکارە تەواوکارەوەی یەکودون، هیچیان بیّ ئەوی تریان باش سەقامگیرنابیّ، کار سەرچاوەی

---

۱ ـ سورەی ۵۵ ئایە ۲و۳

۲ ـ سورەی تەلاق ئایەتی ۱۱

Dr.Saleh Ebrahimi

مەدەنیەتەوزانینیش سەرچاوەی مەعنەویت وسەرکەوتە، کاربەهۆی بازوڵەی زانین بەرەوپێش دەروا، زانین لەبەرومیوەی کارکەڵك وەردە گرێ و هۆی ئەداتەوە، کرێکار قەڵەم وکاغەز ساز ئەداو دابینیان دە کا، مامۆستا وفێرکار لەرێگای قەڵەمو نوسینگەوە نەغمەی رۆحانی لەسەر لاپەرەی کاغەزی سپی دەخاتە باڵەفرێ و بەرز بونە بۆ ئاسۆی هیواو ئارەزوی بەرەی مرۆڤو مرۆڤانی پێك دینێ، خواکە سەر چاوەی زانین وکارە سوێند بەقەڵەم دەخواڎن وَالْقَلَمِ وَمٰايَسْطُرونَ) پێغەمبەر دەستی کریکار رادەموسێ، کرێکار هۆی خیروبەرەکەت وفرەبونی دەخڵ ودانە، زاناوزانیار زیندوە، هەرچەندە بەرواڵەت مردویش بێ، نەزان و جاهیل مردوە هەر چەند لە حاڵی ژیانێشدا بێ، دیارە میوەی ئازادی و سەربەرزی لە کارکردندایە، کاری سەخت و بە کەڵك لەچڵ و پۆپی داری زانین وزانست بەدس دێ:

بروکاربکەو مەڵێ کار چیە؟ سەرمایەی جاویدانی لە کاردایە، برۆکاربکە ئەگەر ئەتەوێ ئازادبی،ببرای ببرای چاوت لەدەس کەس وناکەس ببی، باچاوت لەوە نەبێ، خوازەڵۆك و نانی نانی ودوکەڵ دوکەڵ بی.

مەڵێ ئەوکارە عارە، بەڵکو چاو لەدەس ئەموئەو بون عارە مرۆڤێ چاوی لەماڵی خەڵك بێ خوارە، لارە، نالەبارە، کەسێ کە بێ کارە، بێ عارە، لەسەر دڵان بارە، کەسێ کە دەس بە کارە، سەر بەرزو عالە، بڵیندو بەرزوتەرزە، ئێسك سوكو رەزا شیرین ولەبارە، بەڵێ زانین دەرسی مرۆڤانی وئەنزانی وجوامێریوئەدەبە.

مامۆستا وفێرکار رۆحی مەعنەویەت ئەکا بە بەر مردوی نەزاندا و بایەخێ بەرزی پێ ئەبەخشێ، ماموستاو فیرکاریش لەراستیدا کریکارە، کارە کە زانست فێرکردنەوگیاندانە بەبێ گیان، زانین فێرکەرەبەبێ زانستان و نەزانان.

مامۆستا هەروەك رۆژە ترێژو تیشکی زانین بەسەر خەڵكو دنیادا دەهاوێ و نوروزانین بارانیان دە کا، بەنوری زانین و زانستی خۆی خەڵکی گزینگ‌باران دە کاوچرای مەعریفەت و زانین ومرۆڤانی ئەداتە دەست بەرەی مرۆڤ تا لەژیاندا خۆ لە کەندو کۆسپ بپارێزن ئەم وتارە لە روژنامەی شەهادەی کوردی بە قەڵەمی شەپۆل‌لە سێ شەمە ٩ ذیقعدە١۴١٢/و ١٢مە

Dr.Saleh Ebrahimi

۱۹۹۲زاینی و ۲۲ گولانی ۲٦۰۴ ك و ۷۱/۲/۲۲ سالیٚ ۱۰ ژمارەی ۳۹۷ لەچاپدراوە.

***دیارە ئەمرو زوربەی خەلك تی گەیوە**، کە سیانتیسم (زانین بۆ کشانی تەنیا) وبارهێنانی زانستی تەنیا لەسازدانی ئەنزان و ئنیسانی تەواو ناتەوانە، بارهێنانی زانینی وزانستی بەتەنیا، نیوە ئینسانساز ئەدا، نەك ئینسانی ئەواو، بەرهەمو نەتیجەی ئەم بارهێنانە، کەرەستەی خاوو خلیچکی ئینسانە، **نەك ئینسانی سازدراو، پوختە کراو کەلەکلْ هاتبێتە دەریٚ، زانستو زانین مروڤی بەهێز وخاوەن وزە ساز ئەدا نەك ئەنزانو ئینسانی خاوەن فەزیلەت، مرۆڤی** یەك لایەنی دروست ئەکا، نەك مرۆڤی چەند لایەنی.

***زانست، فەلسەفە ودەردی ئەوین.**

دڵخوازی ئێمە ئەمەیە کەبڵێن فەلسەفە بەهۆنەو شیعر نێزیکترە تا بەزانست، لەهەرچاخ و رۆژگارێکدا گشت نیزامەکانی فەلسەفی کەبەرهەمی هاودەنگی نەتیجەی غایی زانستگەلی جیاجیان، بیٚ رۆحترو بیٚ هاو دەنگتر وناسازگارتر لە فەلسەفە گەلێکن کەدەردی ئارەزوٚی دڵو دەرون بەیان دەکەن، زانست هەر چەندە جێگای وردبونەوە و سەرنجدانی بەرەی **مرۆ بەوونەخشیٚ کەلەژیان وبیرو ئەندیشەی ئینساندا هەیەتی بە راستی بێجییٚ نشینە**، بەڵام بەیەك واتا بیگانەونامۆترلە فەلسەفە دێتە بەرچاو، زانست نیازگەلیٚ دابین دەکاکە زیاتر عەینی و ئاشکرا وبەناو دەرەوەیین، ئەم نیازانە، لەبنەرەتا پێوەندیان لەگەڵ ئابوریدا زۆرە.

کەشف و دۆزینەوەی تازەی زانستی، بەتایبەت، نەوعی کە دۆزێنەوەو کەشفی نەزەری پیٚ دەوتری، دروست هەروەکو دۆزینەوەکانی مەکانیکی وێنەی مەکینەی بوخار، تەلەفون، وێنەهەڵگری، یابالۆن و فرۆکە، چتێکە، بەکاریٚ تردێن و دەردیٚ تر دەوا دەکەن یانی خۆی لەخوێدا گرینگ نیە. فەلسەفە بەنیازیٚ کەبۆپەیا کردنی یەك واتای یەکپارچەو تەواو، کەلەجیهانو ژیان هەمانە، وەلاّم ئەداتەوەو لەسوێنگەی ئەم مەفهومەوە، هەستیٚ پەیا دەکەین کە بۆکشانی دڵ ودەرونی و ئاکارو رەفتاری دەرەوەی ئێمە، دەنوێنیٚ و شکڵی پیٚ ئەدا، بەڵام راستی ئەمەیە کەئەم هەستەلەباتی ئەوەی مەعلولی ئەم مەفهومە بیٚ، هۆو عیللەتی ئەوەیە (میگل داونا مونولە دجاودانە (شەپۆل).

**من لەخۆمدا بەجورێ کەناپەیدابوم**

شەو نمێ بوم لەزەریە نوقم و لەدەریابوم

لەسەرەتاوە شێبەرونسێ یەک بوم بەزویداکەوتمە خوار

بەراستی کاتێ خۆر پەیدا بو ناپەیدا بوم

لە من قسەمەپرسە چونکا هەروەکو پەپولەیێ

لەگزینگی شەمی روی دۆستا ناپەیدا بوم

خاک بەسەرم ئەگەر توزقالێ ئاگا بم

کوێ یە ئەوێ کەمنی سەرگەردان چوەتەوێ

وەک دلّی شەپۆل لەدەرەوە هەر دوجیهانم دی

من لەشوێن دانانی دلّی ئەو، بێدلّ وشیاربوم

«عەتار» (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

# بەختەوەری

مەسەلەی سەعادەت: «بەختەوەری» یەکێ لە کۆنترین قسەو باسی فەلسەفی بەرەی مرۆیە ئەم مەسەلە خۆیی لە مەبەستگەلی حیکمەتی کردەوەیی و عەمەلی یە. زانایانی خوو ئاکار و زانایانی کۆمەڵ عودەداری باس کردنن لە ماهییەت و مەرج گەل و هۆگەل و هەروەها قسە کردن لەو جۆرە شتانەی وا بە دژو بەر هەڵستی بەختەوەری ئەوەستن. جا ئەگەر لە حیکمەتی نەزەری ئیلاهییاتدا قسە لە بەختەوەری و هات و سەعادەت و نەهاتو شەقاوەت بکرێ، لە سۆنگەی یەکێک لە شاخەکانی ئەم مەسەلەیەو ئەویش بەم جۆریە: کە ئایا بەختەوەری وە هەروەها بێ بەختی و شەقاوەت تەنیا بۆلەش و لارو ئەنبوژەنی و مادی یە، یا دو جۆرە:

ئەلف - بەختەوەری و سەعادەتی لەش و لارو مادی (جیسمانی و مادی).

ب - بەختەوەری و سەعادەتی گیانی و ئاوەزی واتا: (ڕۆحی و ئەقلانی).

حوکەمای ئیلاهی و خواناسان لەم بابەتەوە ئەم قسە دەهێننە گۆڕ کە ئایا ئەوەی دای سەلمینن و سابتی بکەن کە سەعادەت و شەقاوەتی گیانی و ئاوەزی لە سەعادەتو شەقاوەتی ئەنبوژەنیو لەشی و مادی زۆر گەورەتر وفرەتر شیاوی سرنجدانە. بیروڕای (بوعەلی سینا) لە (نمەتی) هەشتەم کتێبی ئیشارات و بیروڕای (سەدرالمُتە ئەلیهین) لە بەرگی چوارەمی

(ئیسفار) دا لە هینانە گۆری ئەم مەسەلە تەنیا ئەم شاخەلە شاخەکانی مەسەلەی سەعادەت باس دەکریٚ جالە بەر ئەمە نەچون بەلای مەبەست وقسەکردن لە شاخەکانی تری ئەم مەسەلەیە یانەیان بەرژاوەتە [illegible]ر قسەکردن لە شاخ وبەرگەکانی تری ئەم مەسەلەیە. لە لایەکی ترەوە، تا ئیٚستا لە پەراوەی، فەلاسیفەی ئیسلامەتی و زانایانی جیهانی نا ئیسلامەتی قسە و باسکردنیٚکی پڕاوپڕ لەم بارەوە نابیندریٚ. ئەوەی لەم بەشەدا ئەی خوٚینەوە هەرچەندە ناتوانیٚ باسیٚکی کامڵ و پڕبە پیٚستبیٚت بەلاٚم ئەشیٚ بتوانین ئەوە بەباسیٚکی کورتو تیگەیینەروتەژی لە قسە بهیٚنینە ژمارە.

ئەو مەبەستانەیوا لیٚرەدا دیٚنە گۆڕ ئەمانەن:

١ـ سەعادەت واتا: (بەختەوەری) چ وەچییە؟

٢ـ سەعادەت و چیٚژە واتا: (لەزەت).

٣ـ ئایا مرۆڤ بە خۆکرد و خورسکو تەبیعەت بەختەوەری و سەعادەت ویستە؟

٤ـ بەختەوەری و ئارەزو.

٥ـ بەختەوەری و رازیبون.

٦ـ یەک قسە و باسی کۆمەلاٚیەتی.

٧ـ بەشەکانی بەختەوەری.

٨ـ پلەو پایەی بەختەوەری و سەعادەت.

٩ـ هۆ و سۆنگە،وە ئەو شتانەی وا بەختەوەری و سەعادەت دابین ئەکەن.

١٠ـ ئاسۆیەک لە یەک زنجیرە قسە و باس دا.

١١ـ ئایا ئینسان بۆگەیشتن بەبختەوەری، نیازی بە ریٚگا نیشاندەر هەیە؟ (واتا: نیازی بە پیٚغەمبەران هەیە).

لە سەرەتاوە ئاوا دیٚتە بەر چاو کە بەختەوەری و بیٚ بەختی و نەهات لەباری واتاوە. روناکە.

ئەگەر تارمایی و ئیشکالێک هەیە لە قسە و مەسەلەکانی ترایە. چونکا لە هەر کەسێک بپرسی ئایا بەختەوەریت ئەوێ یان نا؟ بێ بیرکردنەوە ئەڵێ: بەختەوەریم گەرەکە. ئەگەر بێژی، ئەی بێ بەختی و شەقاوەت چی؟بەلەز ئەڵێ: نام گەرەکە. هیچ کەسێک لە راست ئەم پرسیارەدا بیرناکاتەوە و ناڵێ: تۆ بەختەوەری و بێ بەختیم بۆ تاریف بکەو پێم بناسێنێ تا بزانم کێهە یانم ئەوێ یا نامەوێ.

لیرەوە ڕون ئەبێتەوە کە بەختەوەری و بێ بەختی و شەقاوەت (هات و نەهات) لای هەموکەسێک واتا و راوەتێکی ڕوناکی هەیە و نیازی بە پێناسین نییە. سادەر کەوت کە ئەمانە لەو جۆرە واتایانەن کە نیازیان بە ناساندن بەخەڵک نییە خەڵک واتاکانیان ئەزانن چ و چییە. بەڵام ئەبێ بڵێین: ئەم رادەیە بەس نییە کە ئێمەمانان سەعادەت و بەختەوەری لە ناساندن بێ نیاز بزانین.

زۆرێ لە واتا و راوەت هەیە کە وا دێتە بەر چاو بەڵام کاتێ رەوشتی (سوقرات) بە کار بهێنین و ئەو واتایە لە گەڵ واتایانی ترێ نێزیک بەو بەراورد بکەین و وردبینەوە و بیکوڵینەوە، ئەبینین ئەوە واروناک لەچاوی ئەدا بەرە بەرە جێگای خۆی بە یەک جۆرە: ناروناک و نادیاری ئەگۆڕێتەوە و لە بەر چاو بەبولێڵە و بە تارمایی دێتە بەر چاو.

بەختەوەری و سەعادەت لە ڕوانگای گشت خەڵکەوە هاو واتای چێژە و لە زەت، ئاسودە بون، سەرکەوتن، گەیشتن بە ئارەزو، شادی، خۆشی رازی بون و خۆش هاتن لە سازبونی کارو بار وە واتایێ تری وەکو ئەوانە وا وتمان، بەڵام کاتێ بەختەوەری و سەعادەت بەوردی لە تەک هەریە کە لەوانە بەراوەردی ئەکەین تێ ئەگەین سەعادەت لەم واتایانە نێزیکە بەڵام ئەوانیش نییە بەتەواوەتی.

جا لە بەر ئەمە پێویستە لە بەرا ئەم بەرا ورد کردن و هەڵ سەنگاندنە بخەینە بەرچاو تا لەدوایی دا یا لە کاتی ئەم بەرا وردانەدا واتایەکی دیار بۆ سەعادەت و بەختەوەری بدۆزینەوە. پێویستنییە کە لە ریشەی لوغەوی ئەم دو بێژە: (کەلیمە) قسە بکەین و بکوڵینەوە کە ئایا

Dr.Saleh Ebrahimi

سەعادەت و بەختەوەری لەم بابەتەوە لە جێگای تایبەتی خۆی بە کار دێ کە واتای یارمەتی تیدایە و بەختەوەر بە کەسێك ئەوترێ، کە گەڕیانی جیهان بە دەنگی یە وە هاتبێ و شەقاوەتیش دژە و لە حاند ئەم واتایە دایە یا وەکو لە بەرا سەرنج بە واتای شەقاوەت دراوە، کە بە مانای: رەنج و دەرد، سەختی وزەختییە. وە سەعادەت بەر ئاوەژو بە واتای رزگار بون و ئاسودەیی لە رەنج و دەردە؟

بەڕوالەت لە بابەت ریشەی لۆغەوی یەوە ناتوانین دو واتای لە راست یە کترینەوە بۆ ئەم دو بێژە بدۆزینەوە بەلاّم لە عورفی عام و خاسا ئەم دوِ کە لیمەیە دوروست لە راست یە کترین دان. هەروەکو لە قورئانا ئەم دو بێژە لە راست یە کترین دانراون.

**(یَوْمَ یَأْتِ لَا تُكَلِّمُ نَفْسٌ اِلاَّ بِاِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِّيٌ وَ سَعِيدٌ فَاَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَ شَهِيقٌ)**[1] ئەوێ یانی رۆژێ کە (قیامەت) دا دێ هیچکەس بێ ئیجازەی خوا قسە ناکات. تاقمێ لە وانە بە شەقاوەتن و تاقمێکیش بەختەوەرن (:تاقمێ بەختەوە رو تاقمێ بێ بەختن) ئەوانەی وا بەشەقاوەت بون لە ئاگران و بۆئەوانە زەفیر و شەهیق (:نالەی زۆر و هەناسە بڕکێ هەیە)... لەم ئایەتانەدا خوا خەڵکی کردۆتە دو تاقم، تاقمی بەختەور وە تاقمی بێ بەخت.

**(فَمِنْهُمْ شَقِيٌ وَ سَعِيدٌ)** سەعید لە ریشەی سەعادەتەو بەمانای بەختەوەری و هات و ساز بونی کەرەستەی ناز و نیعمەتە وە (شقی)ش لە ریشەی (شەقاوەتە) و بە واتای ساز بونی کە رەستەی گرفتاری و بێ بەختی و نەهاتیوجەزا و تۆڵە لیسەندن و بەلاّیە. هەر جۆر بێت بەختەوەری و هاتو بێ بەختی نەتیژەی ئاکار و رەفتاری مرۆڤ خۆیەتی لەم جیهانەدا. ئەتوانین بڵێین: بەختەوەری یانێ: ساز بونی کەرەستەی پێگەیشتن بۆ یەك تاك یا یەك کۆمەڵ و کۆمەلگای بەرەی مرۆڤ، لە راست ئەوە،شەقاوەت و بێ بەختییە کە خەڵك گشت لێی بێزارن و ئەویش

---

۱ ـ ئایەی ۱۰۵ و ۱۰٦ سورەی هود ۱۱

بریەتی‌یە لە: ناجۆر بونی هەل و مەرجی سەرکەوت و پێشکەوت‌و پێگەیشتنی تاك و کومەڵ. کە وا بێ هەر کەسێك لە بابەت هەل و مەرجی گیانی، لەشی،بنە ماڵە یەوە یا ژینگە، فەرهەنگ کەرەستەو سۆنگەی پتری بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتن بەدەسەوە بێت‌لە بەختەوەری و سەعادەت نێزیک‌ترە. یا بە واتایێ تر ئەوە بەختەوەر . هەرکەسیش دو چاری کەم بونی هۆی بەختەوەری و توشی کەندو کۆسپ‌بێ و نەتوانێ بەسەر گیرو گرفتا زاڵ بێ و سەرکەوێ ئەوە بێ بەخت یا شەقی یە.

بەلاّم ئەشێ بزانین کە پایە و بنە رەتی ئەسڵی سەعادەت و شەقاوەت، و یست‌و لێ بڕان و لێ نەوینی مرۆڤ خۆیەتی ئەوە ئینسان:ئەنزانە،کە ئەتوانێ کەرەستەی پێویست بۆ خۆدوروست کردن تەنانەت بۆ دوروست کردنی کۆمەڵگای خۆیشی ساز بکات. ئەوە ئینسان خۆیەتی کە ئەتوانێ لە گەڵ دارو دەستە و هۆی بێ بەختی و شەقاوەت بکەوێتە ملە بە ملانێ و مل بادا، یاسەر بۆ نیرێ دانەوینێ.

پیغەمبەران لایان وا نیبە کە سەعادەت‌و شەقاوەت هات‌و نەهات لە دڵ و دەرونی ئینسانا بێت‌یا لە ناو دەرونی بەرەی مرۆڤ‌دا ڕوابن، چونکا تەنانەت کەندو کۆسپی ژینگەو بنە ماڵە و کەلەپورو میراتیش‌لە ڕاست‌لێ بڕان و لێ نەوینی ئینسانا شیاوی گۆڕیان و بەراوە ژو کردنن مە گەر ئەوە کە ئەسڵی ئیرادە و ئازادی ئینسان:ئەنزان بدەینە دوا و مرۆڤ بە مەحکومی هەل و مەرجی جەبری بزانین و بەختەوەری و شەقاوەت بەزاتی یا بەشتێکی جەبری ژینگە و شتانی وەکو ئەوە دابنین و بزانین کە دیارە ئەم بیرو ڕایەش‌لە ڕوانگای فێرگەی پێغەمبەران‌و فێرگەی ئەقڵ و ئاوەزا مەحکومە. هەندێ و تویانە: کاکڵەی بەختەوەری ئەوە یەکە ئینسان لە ئاخرین پلە و پایەی ژیانا بەئیش و کاری بەختەوەرا نە دوایی بێت. و کاکڵەی شەقاوەتیش ئەویە کە ئاخری ژیانی بە کارو کردە وەی بێ خێرەوە دوایی بێت‌و ببڕێتەوە هەندێ‌تر و تویانە: بەختەوەری بۆ کەسێکە کە لەچارە نوسی خەڵکی‌تر پەندوە رگرێ

و بێ بەختیش ئەوکەسەیە کە فریوی هەوای نەوس بخوا و بادی هەوابێت.

هەندێکیش وتویانە: چار شت هۆی بەختەوەری و چارشتیش هۆی بێ بەختی ئینسانە.

ئەو چارانەی وا هۆی هاتو بەختەوەرین ئەمانەن:

١ـ هاولف و خێزانی چاک.

٢ـ خانوی بەرگوشاد.

٣ـ هاوسێو دراوسێی شیاو.

٤ـ ئەسپ یاکەرەستەی سواری چاک.

**ئەو چارانەی وا هۆی نەهاتو بێ بەختین ئەمانەن:**

١ـ جیرانی خراپو بەدخو.

٢ـ ژن و خێزانی بەدخو یا ماڵ و مێردی خراو.

٣ـ خانوبەرەی تەنگو بەرتەسک.

٤ـ ئەسپو کەرستەی سواری خراپو تەقو لەق و شەق و شڕ.

لەبەر ئەوەی ئەم چوارە لە ژیانی مرۆڤدا نەخشێکی گرینگی بەر فرەیان هەیە و هۆی سەرکەوت یا تێشکانی بەرەی ئینسانن. باش پەرە دار بونی واتاو راوەتی بەختەوەری و بێ‌بەختی لە ڕوانگای ئیسلامەتی‌دا ڕوناک ئەبێتەوە.

**یەک ژنی چاک و ماڵی خۆش‌و دڵگیر یا یەک ماڵە مێردی باش. ئینسان بۆ لای هەمو جۆرە چاکە و چاکە کردنێک دنە ئەدا.** یەک خانوبەرە و جێگاو ڕێگایەکی بەرگوشادو خۆش گیان و بیرو هزری ئینسان ئارام و دڵ خۆش و سەر خۆش ڕا ئەگرێ و ئامادەی ئەکات تا زیا تر تێکوشێ لە پێناوی ئاوەدانی ئاخ و ڕەخی زێد و ماڵ و نیشتمانی خۆی باشتر خەبات بکات و پتروقێتەوە.

جیرانی بەدخو بەلاَ خولَقێنە، بەلاَم جیرانی چاک و شیاو زۆر بە ئاسودەیی‌وە تەنانەت بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi

پێشکەوتن‌و گەیشتن بە ئامانجگەلی ئینسانی یارمەتی مرۆڤ ئەدا، یەک وەسیلەی سواری چاک‌وتە یار بۆ گەیشتن بەکاروبار: ئەرک و ئەسپاردەی تاکی و کۆمەڵایەتی فرە شۆینی هەیە، دیارە ئەسپی سواری لەڕو لاوازو داڵ گۆشت یا ماشینی قورازەو شەق و شڕ ئەبێتە هۆی دواکەوتن و دەردە سەری چونکا هیچکاتێ لە کاتی پێویستا ئینسان ناگابە کارو بارە کانیدا.

پێغەمبەری مەزنی ئیسلام فەرمویەتی: ئەم چارشتە نیشانەی نەهات‌و شەقاوەتن:

١-گریان نەهاتن و فرمێسک نەڕشتن.

٢-دڵ ڕەقی.

٣-چاو نەزێری و تەماعکاری بۆ خر کردنەوەی ڕزق و ڕۆزی و پوڵ و دراو.

٤-پێی داگرتن و زیادە ڕەوی کردن لە گوناح و تاوان‌و گوناح کردنا.

دیارە ئەم چوار فەرمودەی پێغەمبەرە ئیختیارین‌ولە ئاکارو کردەوەی ئینسان خۆیەوە سەرچاوە ئەگرێ و بەم جۆرە دورەوە خستنی ئەم کەرەستانەی هۆی نەهات‌و شەقاوەتە لە ژێر دەسەلاتی مرۆڤ خۆیدایە.

ئەگەر ئەو هەموکەرەستانەکە بۆ بەختەوەری و بێ بەختی لە فەرمودەکەی پێغەمبەرا قسەمان لێ کرد و هەمو کەس نەخشی گرینگی شوێن دنیانی ئەوانە لە ژیانا ئەزانێ و هەستی ئەکات لە گەڵ هۆو کەرەستە و نیشانەی پڕو پوچاکە تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەتۆم و تۆزقاڵەزرەو کەموسکەدا تاقمێکی زۆر باوەڕیان پێیەتی بەراوردی بکەین بەم ڕاستەقانییە ئەگەین کە فێر کردنەکانی ئیسلامەتی تاچ ڕادەیەک ڕاست‌و بەراوردکراون. هێمان زۆرن کەسانێک کە لایان وایە ناڵی ئەسپ هات‌و بەختەوەری دینێ و ڕۆژی سیانزە بەدبەختی.

پەڕین و بازە لە باز بە سەر گوڵە ئاگرا لە چوار شەمە سوری‌دا بە هۆی بەختەوەر بون دائەنێن خوێندنی مامر و مریشک بە شوم ئەزانن، یا هەڵاوسینی کوژەکەی شین و سور یا شەوە، بەردە شەوە بە هۆی دورەوە خستنی بەڵاو جڕو جانەوەرانی بەئازار دا ئەنێن، یا

ئاو ڕشتن بە شوێن خۆشە ویستانا بەڕوناکایی و باش وشکاندنی کیتەڵەی ڕەش بە شوێن دژو ناحەزانا بە دورەوە خەری بەلاَو گۆڕ بە گۆڕی ئەو دژە ئەزانن.

بە ژێر نەردیوانا ڕۆیشتن بە نەحس و پشمین کە جارێک بێ بەوە دا ئەنین کە دیارە کارە کە یان لێ تێک ئەچێ و نەهاتیانە. **بەلاَم دینی پیرۆزی ئیسلام خەتی باتڵی بەسەر گشت ئەم جۆرە کارو باوەرە: ناشیاوە، نا ئیسلامی یانەدا هێناوە** بەختەوەری و شەقاوەتی ئینسان لە سۆنگەی خوو ئاکار و کردەوەی ناشیرین، ناشیاو، نەگونجاوونەخونجاوی خۆی ئەزانێ، نەک شتی تر. هەمومان باش ئەزانین کە سەعادەت و لەزەت: (چێژە) لە ڕوانگای واتاوە زۆر لێک نێزیکن (هەر وەها شەقاوەت و ڕەنج) بەلاَم ئەم دوانە (سەعادەت و لەزەت) موراديفی (هاواڵ ناو) یەکترنین وە گەیشتن بەلەزەت موراديفە لە تەک گەیشتن بە سەعادەتی دڵ و دەرون، هەر وەها هەڵگرتنی باری ڕەنج و دەردو بێ بەختی شەقاوەت نییە چونکا ئەگونجێ لەزەت و چێژیەک ڕەنج و دەردێکی گەورە بە دوای خویا بهێنێ و ئەش گونجێ ڕەنج و دەردێک بەر کوڵ و سەرەتای چێژەییکی گەورەتر لە خۆی بێت، ئەش گونجێ گەیشتن بە لەزەت و چێژە ببێتە هۆی لە ناو چونی لەزەتی گرینگتر و گەورەتر یا ڕەنجی ببێتە هۆی نەمانی دەردو ڕەنجی گەورەتر.

لە گشت ئەم حالاَنەدا واقیعییەتی لەزەت و ڕەنج پارێزراوە، یانێ: ئاوا نییە کە لەزەت و چێژەیەک بەرگری لە لەزەتیکی گەورەتر بکا یا ببێتە هۆی ڕەنجێکی گەورەتر و ئیتر بە لەزەت و چێژە نەیێتە ژمار، بەلاَم ئاوەها لەزەتێک بە بەختەوەری دا نانرێ، هەر وکو ڕەنجێ کە بەرکوڵی لەزەتیکی لە خۆی گەورەترە یا بەرگری کارەوەی ڕەنجێکی گەورەترە بە نەهات و شەقاوەت و بێ بەختی نایەتە ژمارە.

بەختەوەری بە شتێک ئەوترێ کە گەیشتن بەوەهیچ جۆرە پەشیمانێک نەهێنێ، وە شەقاوەت لە شوێنێکایە کە بە هیچ ڕێگایە کا قورسی ئەو لە بەر چاو نەکەوێ. واتا: بەرەی مرۆڤ

واتای: بەختەوەری بۆ مەبەستی ئاخری خۆی هەلبژاردوە، وە واتای: شەقاوەتیش بۆ نوختەی ڕاست ئەو یانیٚ: شتێك كە بۆ هەمیشە ئەنزانو ئینسان ئەبیٚ لەوە دورەوە كەویٚ لە بەر چاوی گرتوەو هەلّی بژاردوە. بە واتایی‌ٚتر بەختەوەری مەبەستی بیٚ هەل و مەرجی بەرەی مرۆیەو شەقاوەتیش لە بەر چاو كەوتوی بیٚ بەندو مەرجی ئینسانە.

جا لەبەر ئەمە ئەگەر كەسێك یا مەسلەكێ و ئایینێك بیٚژیٚ: كە من بەرەی مرۆڤ ئەگەیینمە بەختەوەری بەم واتایە: ئەوەی وا من ئیدیعای رابەرایەتی بەرەو لای ئەكەم شتێك نییە كە بتوانریٚ باشتر لەوە فەرزبكریٚ بەلاّم لەزەت وا نییە، ئەگەر كەسێك ئیدیعای گەیاندن بە لەزەتێكی كرد بەسە، كە بەو لەزەتو چیٚژەیە بگەیینیٚ‌چ هۆی رەنجی گەورەتر یا فەوتاندنی لەزەتێكی گەروەتر بیٚ یا نەبیٚ.

لەزەتو چیٚژە پەیوەندی هەیە بە یەكێ هیٚزولیٚهاتوی تایبەتی ئینسان یا ئاژالّ بەلاّم بەختەوەری پیٚوەندی هەیە بە گشت هیٚزو لیٚهاتویی‌یەكان و لایەن و رەخەكانی ژیانی ئینسان. لەزەت‌لە سەر خۆش بون یا نا خۆش بون خول ئەخوات واتا: بە تامە یا بیٚ‌تامە، مزرە یا تفت‌و سۆیرو تالّ و ترشە بەلاّم بەختەوەری لە سەر بەرژەوەندی و نا بەرژەوەندی ئەگەریٚ. چیٚژەو لەزەت پیٚوەنی بە زەمانی حالّ و ئیٚستا كە وە هەیە، بەلاّم بەختەوەری بە زەمانی حالّو ئایەندەوە یەكسان پیٚوەندی لە پەل هاویشتن و پەرەدان دایە؛ رەنج و لەزەتی هەر رەخە لە رەخەكانی هەبونی ئینسان بە چەشنی سەر بەخۆ ئەگریٚتەوە، بەلاّم بەختەوەری هەمە لایەنی و گشت رەخانی‌یە.

جا هەر لە بەر ئەمەیە دیاری كردن و جیاكردنەوەی لەزەت لە رنج ئاسانە بەلاّم جیاكردنەوە و دیاری كردنی بەختەوەری لە نوختەی راستەو خۆی (بیٚ بەختی) سەختە. بەلّكو لە بابەتیٚكیشەوە ناگونجیٚ. یەكێ زانای رەوان وگیان ناس كە تەنیا كارو باری گیان ناسی ئەزانیٚ، ئەتوانیٚ لە بابەت لەزەتو و رەنجەوە قسە بكا و بیردەربریٚ بەلاّم بیر دەربڕین لە بابەت

سەعادەت و شەقاوتەوە ئەرک و ئەسپاردەی یەک فیلەسوفە کە ئەڵێ: جیهان و ئینسان و کۆمەڵ ئەناسم.

وە نۆعی بیرو ڕا دەربڕینی ئەو هۆزانە سەبارەت بە سەعادەت و شەقاوەتەوە پێوەندێکی تەواوەتی بە نەوعی جیهان تێ ڕوانی و ئینسان ناسی ئەو هەیە. لەم ڕێگایەوە یەکە پێشنیاری هوزانڤان سەبارەت بە سەعادەت نەزیلەی عاسمان و ڕێسمانە و جیاوازیان زورە.

یەکێک بەختەوەری زیاتر لە بە دەس هێنانی لەزەتا و یەکێکی دیکە لە تەرکی لەزەت و مراندنی ئیرادە ئەزانێ. یەکێک بە کارو باری ئەنبوژینی و مادی ئەڕوانی و یەکێ‌تر سەرنج ئەداتە کار و باری گیانی و ڕۆحی یەکیک دەموکات و سات بە دەرفەت‌دا ئەنی و یەکی‌تر ئاخر بینی ئەکاتە دروشمی خۆی. بەڵام لەزەت و ڕەنج هەروەکو بەدیهاتوی تایبەتی نەفسانی و دڵ و دەرونین ئەکەونە ژێر چاوە دیری جەرباندن و تاقی کردنەوەی کردەوەیی، زور بە ئاسانی یەکیەتی بیرو ڕا سەبارەت بەوانە پێک‌دێ.

هۆی ئەمەکە زوربەی خەڵک باوەکو هەمو ئەلین بەختەوەریمان ئەوێ بە دوی کاری جیا جیادا ئەرون و ڕێگای جیا جیا بۆگەیشتن بەو ئامانجانە هەڵ دەبژیرن ئەمەیە کە جۆری تێفکرینی تاکە تاکی ئەوانە و یا فێرگە و ئایینێ کە پێوەندی‌یان پیەوە هەیە و بڕوا و باوەڕیان پێی‌یەتی لە بارەی ئینسان‌و جیهانەوە جیایە. دیارە رەخێ تریش هەیە لەگەڵ دیاردەو ئاماژە کردن بەمەکە ئایا سەعادەت موتڵەقە یا نسبی‌یە قسەی لێو دەکەین.

ئایا ئینسان بە خۆ کرد بەختەوەر ویستە؟ لەو جیاوازی‌یەی وا لە نێوان لەزەت و بەختەوەری‌دا دەرمان خست، دیاری ئەداکە لەزەت یەک بُعْدی ورەخی‌یە، بەڵام بەختەوەری هەمە ڕەخی‌یە، لەزەت‌یەک حاڵەت‌و پەدیدەو بەدیهاتوی تایبەتی دەرونی‌یە و شیاوی ئاماژە کردنی ویژدانی هەیە. بەختەوەری یەک واتای گشتی دانراوی‌یەکە لە بەراورد کردن‌و جەمع و تەفریقی گشت لەزەت و چێژە و ڕەنج‌و دەردێک پەیا ئەبێ. واتای بەختەوەری لە بەر ئەوەی

بۆ بەرەی مرۆڤ پەیا بو کە ئەتوانێ لە چێژەو رەنجا پیکەوە بەراورد بکات و بُعْدُو رەخە جیا جیاکانی بگرێتە ژێر چاوەدیری رێگایەک بگرێتە بەر کە بە تێکرایی  زیاتر و تەواوتر لە چێژەو خۆشی کەڵک وەرگرێو رەنج و دەرد بگەینێتە پلەی نوختە وصفر یا بیگەینێتە ئەو پەری سنوری کەم و سوکی بەڵام لەزەت یەک حاڵەتی تایبەتی گیانی و دەرونی یە و پێوەندی بە هێدیو هێمنی یەک شت یا یەک هێزو یەک لێهاتویی؛وە  یا یەک ئەندامی ئینسانەوە هەیە جا لە بەر ئەمە ناسین و جیاکردنەوەی لەزەت و رەنج بە خۆکرد و غەریزەوەیە.

بەڵام ناسینو جیاکردنەوەی سەعادەتو شەقاوەت لە یەکتر بە غەریزەو بە خۆکرد. نییە بەلکو بە ئاوەزو ئەقڵە، چ ئاوە ز راستە و خۆ بڵێ ئەیناسم و جیای ئەکەمەوە  یارێ نیشاندەری ئینسان بێت لە سۆنگەی فێرگەو ئایینێکەوە کە ئەو فێرگەو ئایینە رێ نیشـاندەری راستەو خۆی بەختەوەری و سەعادەتە. هەر جۆر بێت بەختەوەری غەریزی نییە.

جا لەبەر ئەمە کە ئەوترێ هەرکەس بەخۆکرد بەختەوەری ویستە و هەمو خەڵک ئەچێ بە دوی سەعادەتا راست نییە، ئەوەی کە هەمو خەڵک بە دویدا ئەچێ لەزەتو چێژەیە، تـەنیا ئەوکاتە ئەتوانین بڵێن: کەسێک بە دوی بەختەوەریدا ئەروا جا چ راستبڕوا یا خوار کـە لە راستیا دانیشتبێ و لێکیدا بێتەوە و سودو زیانی پێکەوە هەڵ سەنگاند بێ و لە نێو ئەوانـە دا رێگایەکی هەڵ بژارد بێ. کە وا بو لە وەرامی ئەم پرسیارە داکـە ئـایا ئینسـان بـەخو کـرد بەختەوەری ویستە ئەبێ بڵێن: ئەگەر مەبەست ئەمەیە کە هەموی خەڵک بە دوی گـوم بـڕێ. بەختەوەریدا ئەرون شتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە ناسینو جیاکردنەوە دا بەلای زۆرەوە توشی هەڵە ئەبن، راست نییە چونکا زۆربەی خەڵک لە دڵ و دەرونی خویان پەیرەوی ئەکەن نە لە ئەقڵ و ئاوەز و چێژە و لەزەت ویستن نە لە بەختەوەرییەوە ئەگەریش مەبەست ئەمە بێ کە ئەقڵ و ئاوەزی ئینسان بەختەوەری ئەو ئەناسێو دیاریو نیشانەی ئەکا لە روی سرشتەوە بە دوایدا ئەچێ، ئەمە مەبەستێکی دروستە.

بەختەوەری و ئارەزو

دیارە هەر کەسێک یەک زنجیرە ئارەزوگەلێکی هەیە و زۆر تامەزرویە کە بەوانە بگا جا ئەگەر بەو کەسە بگوترێ بەختەوەری خۆت بێژە بزانین کە لە چ شتانێک دایە تابوت ساز بکرێ ئەو کەسە هەر کارو نیاز و ئارەزوەکانی خۆی بە زمان هەڵدەریژی و دوپاتەیان ئەکاتەوە ودەریان ئەخاتە دەرەوە. هەندێ کەس وای دائەنین کە بەختەوەری بریەتی‌یە: لە گەیشتن بە ئارەزو و سەرکەوتن و بەدەس هینانی مەبەستی پێویست. وە هەر کەسێک کە بە ئارەزو و، مەبەستە پێویستیە کانی خۆی گەیشتبێ بە بەختەوەری تەواوەتی گەیشتوە هەر کەسیش کە بە هیچ ئارەزویەک لە ئارەزوەکانی خۆی نەگەیشتبێ بەدبەختیکی تەواوە و هەر کەسیش کە بە هەندێک لە ئارەزوەکانی خۆی گەیشتبێ هەر بەو نیسبەتە کە بە ئارەزوی خۆی گەیشتوە بەهەندێ لە بەختەوەری یەکانی خۆی گەیشتوە.

نەتیژە: بەختەوەری ئینتهاکەی لەم بیچمەڕاگەیندراوە، کە وابو (زرینگ) ستەمێکی نەتەنیا سەبارەت بەو (نازرینگ) نەکردوە بەڵکو تازە ئەو پەڕی خزمەتیشی بەم چینە (نازرینگ) ە نامورەققە کردوە.

بەڵام ئەگەر بێژین: بەختەوەری بریەتی‌یە: لە گەیشتن بەو پەری خۆشی گونجاو وە دورەوە خستنی زۆربەی رەنج یاگەیاندنی پلەی دەردو رەنج بە نوختەی ئاخر بە واتایێ‌تر ئەگەر بێژین بەختەوەری بریەتی‌یە: لە فیعلیەت گەیشتن بە هەمو هیزو لیهاتوەکانی مادّی و مەعنەوی وجودی ئینسان، وە دور خستنەوەی زۆربەی بەر هەڵستو دژواری و د ژایەتی ئەوانە کە هەر ئەوانەش ئەبنە هۆی دەردو ئازار چ ئینسان خۆی بە هەبونی ئەو لێهاتویی‌یانە ئاگادار بێ یا نەبێ‌وە چ بزانێ کە جیهانی ئافەرینیش هەل و مەرجێکی تایبەتی بۆ ئەو ساز کردووە کە لە ریگای ئەو لێها تویانەوە بە بەختەوەری بەگا یا نەزانی لیرەوە ئەبێ بێژین: هەرچەند چینی

زرینگ و چروسینەرو چەوسینەر توانیویەتی رازی بونی چینێ تر ساز بکات‌وە هەرچەندە ئەم چینەش وا ئەزانی گەیشتونەتە بەختەوەری کامڵ لە هەمان کاتا هەندێ لە بەختەوەری ئەم چینە بە هوێ چینی زرینگ کورِوسێنرا وەتەوە و رفێندراوە یانی چینی زرینگ ملهوری و ستەم و زوڵمی لە چینە کەی‌تر واتا: چینی نا زرینگ کردوە.

بەڵکو زوڵمێک‌کە بەم جۆرەیە لە ستەمێک‌کە هوّی نارازی بونی ئەو چینەیە زوّر ناحەزو کرێت‌ترە چونکا ستەمێک کە ئەو کەسە یا ئەو کەسانە هەستی پێ ئە کەن وەکو نەخوشێکی دەردەدارە کە هەستی دەردەداری نەخوّشەکە بە جولە جوّڵ ئەخات کەبرِوا چاری بکات بەلاّم ستەم بە چەشنی بەرو وەکو نەخوشێکی بێ دەردە کە هەرگیز نەخوّش‌لە بیری چارەی‌دا نییە کە لای بات ئەو پەری خزمەت‌و راژەیەک کەچینی زرینگ و «مورەفەه» بەم چینە نازرینگەی کردووە،ئەمەیە کە لەبەر ئەوە رازی کردون دەردو ئێشی ئەوانی لە ناو بردوە» بەلاّم، بەختەوەری تەنیا «ئاسودەیی» وەبێ دەردوئێشی نییە بەختەوەری یەک واتای عەدەمی (نەبونی) بە واتای نەبونی رەنج و دەردنییە بەختەوەری پێی راگەیشتنی هەمو لایەنی خوّشی و رەحەتی و سودو چێژە و لە زەتگە لە. بەڵکو هەر وەکو وتراوە: ئەم جوّرە دەردەداری یانە لەگەڵ دەردەداری‌لەش و لاری وەکو چاوێشە‌دیانێشە (ددان ئێشە) بەراورد نا کرێن و ناتوانرێ لابردنی ئەوانە بە خزمەت وراژە دابنرێن.

ئەم جوّرە دەردەداری‌یە لە سوێنگەی بێداری و وشیاری کومەڵەوەیە‌سوک‌کردن بەم جوّرە خوّی جرم و جینا یەتێکی ترە‌خوزیا و بریا و زاری لە نەخوّشی‌دایە‌کاتی نەخوشی هەموگیان و لەش‌لە بێداری دایە.

هەر کەسێک بیدارترە پرِ ئوّف‌ترە

هەر کەسیش وشیارترە رِوسورترە

Dr.Saleh Ebrahimi

سا بزانە ئەم بنەرەتە ئەی ئەسڵویست

هەر کەسێک دەردە دارترە ئەو بڕندەترە

**بەشە کانی بەختەوەری:**

بەختەوەری ئەگەر بیدەینە پاڵ ئینسان کە هەویرێکە لە لەش و گیان ئاوێتە بوە، هیچ بەش و کەرتێکی نییە لە یەک شت زیاتر هیچێ لەگۆڕا نییە. بەڵام ئەگەر لەش و گیان جیا دابنێین دیارە بەختەوەری ئەبێتە دو بەش: بەشی لەش و بەشی گیان. بەختەوەری لەشی بریەتی یە: لە پێ ڕاگەیشتنی هەمە لایەنە و کامڵی لەزەت و چێژەی لەش و لاری بە لە بەر چاو گرتنی مادەو هێزو.ۆ زەو کەمو کوڕی لەزەت و چێژەو دورەوە خستنی ئەو پەری دەردو رەنجی لەش و لاری.

بەختەوەری گیانی و ڕۆحیش بریەتی یە: لە پێی ڕاگەیشتنی هەمە لایەنە و کامڵی لەزەتی ڕۆحی و گیانی، وە دور خستنەوەی ئەو پەری دەردەداری ڕۆحی و گیانی.

وە هەر وەهاش ئەتوانرێ بەختەوەری هەر ئەندامێک لە بەختەوەری ئەندامێ تر جیا بکەینەوە و بەختەوریش سەبارەت بە وزەو هێزو ئەندام دا بەش بکەین: بەختەوەری دیتن: (چاو) بەختەوەری بیستن یا «گوێ». بەختەوەری ئاوەز یا هێزی ئاوەزی وهی تر. بەڵام هەر جۆر بێت بەختەوەری لە لەزەت جیایەو ئەو نییە، بەختەو[illegible] دیتن لەگەڵ چێژەو لەزەتی دیتنا جیایە..

ئەگونجێ شتێک بۆ دیتن لەزەت و چێژە بێت بەڵام لەو بارەوە کە خودی دیتن و چاو هۆی زیان بێت بە بەختەوەری نەیێتە ژمارە، واتا: بەختەوەری بدەینە پاڵ هەر شتێک یا نیسبەتی بدەینە پاڵ ئەم مرۆڤ یا ئەو ئینسان نابێ لایەنی هەمە لایەنی ئەوە لەبەر چاو نەگرین. بەراوەژوی لەزەت و چێژە واتا: ئەتوانین لەزەت و چێژە بدێنە پاڵ ئەم شتەیائەو چتە کە.

پلەو پایەی بەختەوەری:

هەر وەکو لەزەت و رەنج کە، مەبنای ئەسڵی سەعادەت و شەقاوەتن پلەو پایەییکیشیان هەیە وە تاکەکانی بەرەی خەڵک سەبارەت بە وزەی وەرگرتنی لەزەت و چێژە لە یەک پلەو پایەدانین بۆ وێنە پلەی لەزەت و چێژەییک کە یەکێک لە زانست یا عیبادەت یا جوانی و خوشیکی یا چاکەو کار چاکی، وەتەنانەت لە خورد نو خوردانە وە تێکەڵی لەگەڵ ژنا (تێکەڵی ژن و پیاو) تەنانەت تێکەڵی پیاو لە تەک کچ و ژنی جوان و جەوانا لەزەت و چێژە زیاترە تا لە تەک ئافرەتی پیرو پاتالا، چونکە کچ و ئافرەتی جوان نوری زور ترە- هەر لە بەر ئەمەش لەزەتی تێکەڵی لە تەکیا زیاترە. دیارە لە سەر بەڵێنی شێخی ئیشراقی کورد، تێکەڵ بون لەگەڵ ئافرەتی جوانا لەگەڵ تێکەڵ بون لە تەک ئافرەتی پیرا پلەو پایەی لەزەت و چێژەیان زۆر لێک تر جیان.

یەکێک یەک لێهاتویی لە بیچمێکی بەهێزدا هەیە، یەکێکی تر کزو بێتین ئەو لێهاتوییەی تێدایە واتا: ئەو لێهاتوییەی زۆر کەم تێدایە کە وابێ بەرەی مرۆڤ لە باری هەبونی وزەوهێز و لێهاتوییەکانی خۆرسک و خۆکردی جیا ئافەردیدە کراون، جا هەر لە بەر ئەمە گەیشتن بە چێژەو (لەزەت) و بەختەوەری جیان. سالم روانگایەوە پلەو پایەی بەختەوەریش لێک جیان وە تاکی بەرەی مرۆڤ لە یەک پلە لە بەختەوەریدا نین، تازە سەرە رای ئەمانەش هۆی لاوەکی و دەرەوەیی کە لێهاتویەکان بە کردەوەو فیعلییەت ئەگەینێ وە یا بەر هەڵست بۆ رەنج و دەرد پێک دەهێنێ بۆ هەمو کسێک یەکسان ساز نابێ،دیارە بەختەوەریش کە بەم هۆیانەوە پێوەندی هەیە جیایە بەختەوەری ئیستیفای هەمە لایەنی یە ئەم سود وەرگرتن و ئیستیفای هەمەلایەنی یەش ئەگونجێ ئاوەها نەبێ، لێرەدایە ولەم بارەوەیە، بۆ سەعادەت و بەختەوەری پلەو پایەییک پەیا ئەبێ.

لەوەی تائێستا باس کرا دەرکەوت کە بەختەوەری پێوەندێکی تەواوەتی بە

بزوتنەوەو سەیری پیگەیشتن و گەیینی ئینسان بە کەمالاتێکە کە بیلقوە هەیەتی. سا بەختەوەری پێوەندی بە بزوتنەوەی مرۆڤ خۆیەتی خۆیی بەڵکو ئەتوانین بیژین: بزوتنەوەو جم و جوڵ لە ملایەوە خۆی بەختەوەری یە، هۆیی گەیشتن بە کەماڵ واتا: بەختەوەری خۆیەتی بەختەوەری و کەماڵ هاوماڵ و هاواشان و هاورِکێفی یەکن. ئێستە ئەتوانین بە یەک واتا و بیریکی بەرزتر لە بابەت بەختەوەری یەوە نیزیک بکەینەوە. بەختەوەری و بونەوەری و وجود هاوماڵ و هاوشان و هاورِکێفی یەکترین بژمیرین، هەر بونەوەرێک بە گۆیرەی گونجایشیِ خۆی و دەرەتانیێ کە هەیەتی لە بەختەوەری سود وەر ئەگرێ، گونجایش و دەرەتانی هەبونیِ هەر بونەوەرێک بە گۆیرەی نێزیکی ئەوە لەکەوانەی نزمی یاکەوانەی بەرزی بۆلای سەر چاوە و بناوانی بێ برِانەوەی هەبون و هەبونی‌دەر کەخودایە، دیارە بونەوەران بەو پێیەی والە سەر چاوەی بێ برِانەوەی هەبونی دەر نێزیکن لە بەختەوەری سود وەر ئەگرن، وە هەر بەو پێیەی وا لەو دورن توشی بێ‌بەختی دێن.

لێهاتوی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەختەوەری رِاستەقانی بەو هەمو نوێنگە جیا جیا یانەی وا هەیەتی بریەتی یە: لە لێها تویی بۆ گەیشتن بە پلەو پاییەی قوربیِ ئیلاهی. (**يا اَيُّها اْلاِنْسانُ اِنَّكَ كادِحٌ اِلىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلاقِيهِ**)[1]. واتائەی ئینسان، تۆلە تەقالا ییکی پرِ ماندو بونایی بۆ گەیشتن بە خوای خۆت، سا پێی ئەگەی.

**هۆیی بەختەوەری:**

لەو قسەو باسە گرینگانەیە بەڵکو لە رِوانگای راستییەوە گرینگترین قسیەو باس سەبارەت بە بەختەوەری باس و قسیە کردنە لە بابەت سۆنگە و هـویەکـانی بـەختەوەری. لیـرەدا چـەن پرسیارێک هەیە وەکو:

١- ئایا لە بنەرەتا هۆ یا ئەو هۆیانەی وا لەراستیدا مرۆڤ بەختەوەر ئەکەن هـەن یـا

---

[1] ١ ـ ئایەتی ٦ سورەی ٨٤ الانشقاق

Dr.Saleh Ebrahimi

بەختەوەری لە خەون و خەیاڵ بەو لاوە شتێ تر نییەو لە جیهاندا ئەوەی وا ئـافەریدە کراوە دەردو رەنج و توشیو بێبەختیو ماندو بون و رەنجە رویی و رەنج بەخەساری و هۆیەکانی ئەوانەیەو بەس. هەروەکو ئەزانین کورێ زۆر لە فەلاسیفەی قەدیمو جەدیدی جیهان بەدبینیان کردوّتە دروشمی خویان وئاوابیر ئەکەنەوە. دیارەکە ئەم جورە بیرکردنەوەیە لەگەڵ فەلسەفەی ئیلاهیدا شیاوی بەرانبەری کردن و بارتەقایی نین، لە نێوان فـەلاسیفەی ئیلاهیدا لەم جۆرە کەسانە پەیا نابن بەڵام فەلسەفەی مادی وئەبوژەنی لە داوێنی خۆیدا لەم جۆرە کەسانەی زۆر پەروەردە کردوە، ئێستا دەرفەتی قسەکردن لەم جۆرە مەبەستانە نییە.

٢ـ ئایا هۆی بەختەوەری تەنیا یەک شتەو ئینسان ئەبێ ئەو تاقە شتە پەیا بکات یا ئەوەیەکە بەختەوەری لە بارمتەی چەن هوو سوّنگە دایە؟

٣ـ ئایا ئەو ... انا بە نهێنی هەیە یا لە جیهانی دەرەوەیە و ئەبێ لە دەرەوەی و جودی خۆی بۆی بگەرێ؟ و یا بە شێ لە هۆی دەرونی و بەشێکیش بیرونی و دەرەوەیی یە؟

٤ـ ئەگەر هەمو ئەو هۆیانە یا هەندێ لەوانە لە خودی ئینسانا نهێنی بێت ئایا لە لەش و لار و هێزی لەش دایە یا لە گیان و هێزی گیانی دایە؟ و یا هەندێکی لە لەشاو هەندێکیش لەگیانا یە؟

ئەمانە مەبەستگەلێکی زۆرن کە شیاوی قسەن و قسەش لە بابەت ئەوانەوە فرە گوتراوەو کورتەی هەمو ئەوانە ئەمەیە کە سەر چاوەی بەختەوەری لە ناو دەرون و هەناوی خۆتا ئەبێ بدۆزیتەوە، زۆربەی ئەم خودان بیرانە بەختەوەری یان بە ئاسودە بون لە دەردو رەنج داناوە. وە رایان گەیاندوە تیکلاوی لە تەک جیهانی دەرەوەیی دا ئەبێتە هۆی دەردو رەنج. وە هەرچی ئینسان زیاتر خۆی لە جیهانی دەرەوەیی بێ نیاز بکات و پێوەندی خۆی لەگەڵ دەرەوەدا ببرێ لە بەختەوەری کە بێجگە لە رزگاری لە رەنج شتێک نییە زیاتر سودو کـەڵک وەر ئەگرێ.

لە فەلسەفەو تەسەوفی هێندی و بیرو هزری بودا و هەروا لە فەلسەفەی فەلاسیفەی کەلبی یونانکە (دیوژین) ناودارترینی ئەوانەیە، وە هەروا لە بیرو هزری مانی و پەیرەوانی ئەو بەم جۆرە بیرو هزرەوە زیاد ئەبینین. بە داخەوە ئەم جۆرە هزرەکە لە بەدبینی فەلسەفی‌یەوە سەرچاوە ئەگرێ و لە تەک تەوحیدی ئیسلامەتی‌دا زۆری دژایەتی و جیایی هەیە لە سۆنگەی تیکلاوی و بلاو بونەوەی هزرو بڕوای نەتەوەگەلێک کە بەم جۆرە بیرو هزریان ئەکردەوە لە نێو موسولمانانا بە نێو تەقوا و خۆ پاراستن و تەرکی دنیا وە یا بە ناو دەروێش و سۆفی بونەوە کەوتە برەو، و وەها وزەی گرت کە لە بەر چاوی هەندێ لە خەلکی بێ سرنجدان و تێ روانین کەوتە ریزی پێدا ویستەکانی ئیسلامەتی یەوە.

تاقمێ‌تر سەر چاوەی بەختەوەری بە جیهانی دەرەوە ئەزانن و ئەلێن: ئینسانو ئەنزان بەشێکە لەم جیهانە و لەژێر شوێن تێکردنی هۆیەکانی ئەم جیهانەدایە و کەوتۆتە ژێر شوێن تێکردنی هۆیەکانی جێهانێ کە ئینسان ئەتوانێ بەژیانی خۆی درێژە بدات‌و لە لەزەتو چێژە سود وەرگرێ، ئەوەی وا ئینسان لە لایەن خۆیەوە هەیەتی هەژاری و نیازە، لەزەت‌و چێژە لە بەر جۆرێ وەرگرتنی شوێن تێکردنی ئەسەبی کە لە هەندێ هۆی مادی و ئەنبوژەنی‌یەوە پەیا ئەبێ وەکو شوێن تێکردنێک کە ئەعسابی چاو لە دیتن‌وە ئەعسابی زارو زوان‌و دەزگای هازیمەلە تەماس لە تەک خۆراکا و ئەعسابی لەمسی لە ساوانی لەمس کردنی ژن و مێرد لە یەکترین‌دا، پەیای ئەکەن تەنیا شتێک کە ئەتوانین بێژین لە دڵ ودەرونی ئینسانەوە هەڵدە قوڵێ دەردو رەنجە، کە لە سۆنگەی کەم بونی خۆراک یاکەم بونی شتێ‌ترەوە پەیا ئەبێ و سەر هەڵ ئەدا.

بە بڕوای ئەم تاقمە بەختەوەری لە سەتاسەت پێوەندی لەگەڵ هۆی دەرەوەیی‌دا هەیە. بەلام بێ بەختی و رەنجەرۆیی ئەگونجێ هۆی ناوەوەیی هەبێ واتا: لەکەم و کوڕی نیازگەلی مادی و ئەنبوژەنی‌یەوە پەیا بێ و ئەشگونجێ هۆی دەرەوەیی بۆ بێت وەکو رەنجێ کە مرۆڤ لە

سۆنگەی لێدان، زیندان بون یا زەوت کردنی مافی خۆی لە لایان نەیارانەوە توشی دێ.

مادی مەسلەکان لە بابەت هۆیا هۆیەکانی بەختەوەریدا ئاوا بیرو را دەر ئەبرن.

بیرورایێکی سێهەمیش هەیە و ئەویش ئەمەیە کە بەختەوەری تەنیا لە دڵ و دەرون یا دەرەوەزانین توندرەوی‌یە، ئینسان نەو ایەکە بتوانێ لە هویەکانی دەرویی بێ‌نیاز بێت و بێ یارمەتی خواستن لەوانە بگاتەکە ماڵ و بەختەوەری (بەزاراوەی فەلسەفی مرۆڤ بونەوە رێکە موستەکفی بەزات‌و باتنی زاتیش نیيە) مرۆڤ نەوایش وە چەو دوکەڵ دوکەڵە (:طُفَیْلِی یە) کە هەمو خۆشیەکانی ئەبێ لە دەرەوە دابین بکرێن. ئینسان دڵ و دەرونی پڕ و تەژی‌یە لە چێژەو لەزەت کە ئەگەر بتوانرێ ئەوانە هەڵە نجێنن لە چێژەو لە زەتی مادی و ئەنبوژەنی دەرەوەیی پڕ مایەترو گەورەترو بێ نیاز کارەوەترە.

ئەم هزرو رایە نادوروستەکە لەزەت‌و چێژە تەنیاوە تەنیا لە نەتیژەی شوێن تێگردنی مادی عەسەبی پەیا ئەبێ و سەر هەڵ ئەدا ئەگونجێ چێژە و لەزەتیک بۆ ئینسان پەیا بێت‌کە هیچجۆرە ریشەی مادی و عەسەبی نەبوبێ و لە تەک سۆنگەکانی دەرەویی مادی و ئەنبوژەنیشدا پێوەندێکی نەبوبێ.

لێرەدا ناتوانین لە پلەی نەفی یا ئیسبات‌و هێنانەوەی بەڵگە بۆ ئەم قسە راوەستین. زانایانی رۆحی پەیرەوی ئەم بیرو رایەن. خوا ناسانی مەزن تەقەلایان داوەکە ئەم جۆرە چێژانە بناسێنن و لەزەتی ئەنبوژەنی لە راست ئەم چێژانەدا بەکەم دا بنێن بە بڕوای‌خوا ناسان ئینسان بە جۆرێکی وەها بونەوەرێکی رەسەن‌و ئەصیلەکە خۆی ئەتوانێ بۆ خۆی کۆزانێک لە چێژە بێت بەڵکو زریایێکی بێ‌بن لە بەختەوەری بێت.

زۆر بەد نەمەکین ورێ نەناسین

نانی تۆ دەخۆین و بێ‌سپاسین

Dr.Saleh Ebrahimi

ئـەی خـوایـە بـە دڵ نـەزانـە شـەپۆل

خـۆت فـێری سپـاسی کـەی بـە پـۆل

زۆربەی زانایانی جیهان بەختەوەری هەم بە پێوەندیدار بە هۆیەکانی دەرونیو هەم بەهی دەرەوەیی ئەزانن هەرچەند لە دیاری کردنی پلەی نرخاندن و دەس تێ وەردانی هۆیەکاندا جیا جیایی بیرو رایێ زۆریان هەیە.

ئەرەستو هۆی بەختەوەری ئەکاتە سێ بەش: دەرەوەیی، لەشی، گیانی، وە هەر یەکە لەو سیانە لە سێ هۆداکورتی کردونەتەوە، بەم جۆرە:

١ـ هۆی دەرەوەیی: سامان و دارایی، پلە و پایە، خزم و کەس و کار

٢ـ هۆی لەشی: ساغ بون، هێزو وزە، خوشیکی.

٣ـ هۆی گیانی: حیکمەتو رێئۆنی، دادگری، دلێری و نێری.

دیارە ناتوانین هۆیەکانی بەختەوەری تەنیا بەوانە دانین کە ناومان بردن لە هەرکامە لەو سێ بەشەی سەرەوە ئەتوانین هۆی تریش بهێنینە ژمار وەکو ژینگەی کۆمەلایەتی یارمەتی دەر بۆ پێشکەوتن، ئازادی، لە ئەمانا بونی ژینگەی خۆرسکو خۆکردی و جوگرافیایی یارمەتی دەر. رەچەلەکی بەرزو پەسەند، منال و زارولە، خێزانی شیاو، دۆستی خوێن گەرم و نێزیک (لە هۆیەکانی دەرەوەیین) دەنگ و ئاوازی خۆش، کاروئیش، چاکەو چاکە کردن و پیاوەتی (لە هۆیەکانی لەشو لارن). بروا و ئیمان، سرنج دان و دڵ نەرمی بەرزو باش هەواڵ، ساغی گیانی، لێبرانی قەوی، لێهاتوی هونەری و فەن و فوتی و شتانی تری وەکو ئەوانە (لە هۆیەکانی گیانین).

هەندە، هۆیەکی بەختەوەری هەیەکە لە نێوان گیانو لە شاهاو بەشە، وەکو: عیبادەت، هەندێ لە نێوان گیان و لەشو دەرەوییدا هاو بەشە، یانێ: پێوەندی بەگشت ئەمانەوە هـەیە وەکـو پەراوەو کتێب.

Dr.Saleh Ebrahimi

دور نمایەک لە یەک زنجیرە قسیەو باس

لێرەدا قسیەو باسی تریش هەن کە لە بەر درێژ دانە درین لە راڤە کرنی ئەوانە خۆ رائە گرین وەکو: نرخاندن، پلەو پایەی دەس تیوەردانی هۆیەکان یانێ: کێهە هۆ، هۆی یەکەمە و کێهە هۆ، هۆی دوومە، بە واتاییێ تر لە سەتا سەتی ئەم هۆیانە چەندەیە،کێهە هۆ یەک لە سەتایەو کێهە دەلە سەتە و یا زیاترە؟

یەکێ تر ئەمەیە کێهە هۆ لە مەرجەکانی ستونی بەختەوەری دێتە ژمارە کە بە نەبونی ئەوانە بەختەوەری دابین نابێ.

یا کێهە هۆو مەرجێکە کە بە ستون نایێتە ژمارە وە هەبونی ئەو هۆیە کەماڵ و پلەو برەوی بەختەوەری، بەختەوەری زیاد ئەکات بەڵام نەبونی ئەو هۆیە بەختەوەری ناکاتە بێ بەختی و نەهات.

یەکێ تر ئەمەیە کە کێهە لەو هۆیانە هۆی راستەو خۆن و کێهە راستە و خۆنین؟ یانێ: هۆی: هۆن.

یەکێ تر ئەمەیە کە ئایا هۆیەکانی بەختەوەری‌لەگۆڕانان یا سابتن؟ واتا: ئایا یەک‌شت کە لە یەک زەماندا بۆ مرۆڤ هۆی بەختەوەری بێت لە هەمو رۆژگارێکا بەوجۆرەیە و هەر واشە یا ئەگونجێ یەک شت لە یەک زەماندا هۆی بەختەوەری بێت بەڵام زەمانێ تر هۆی بەختەوەری و هات نەبێ بەڵکو هۆی بێ بەختی و نەهات بێت؟

ئایا ئەگونجێ بۆ بەرەی مرۆڤ یەک بەرنامەیێک هەبێ کە هەمو جۆرە بـەختەوەرێک بگرێتە بەر، هەر چەندە لە سۆنگەی وەحی و نبوەتەوە بێتە گۆڕێ کە بۆ هەمو زەمانێک بەس بێ؟

یا لە بنە رەتا ئاوەها شتێک محاڵە؟ ئەوانەی دژی ئەدیانن لەم رۆژگارە دا ئەم قسە دەهێننە گۆڕێ و ئەبێژن کە ئەدیان لە رابوردودا هۆی بەختەوەری و سەر کەوت و پێشکەوتی بەرەی

Dr.Saleh Ebrahimi

مرۆڤ بووه بەڵام لەم رۆژگارە دا بەر ئاوه ژوی رابوردو هۆی بەد بەختی و چاره رەشی و دوا کەوتن و نزم بونەوەیە. ئەم باسە لە روانگای دینی پیرۆزی ئیسلامەوە بە تایبەت کە دوایی هێنەرو جوانی ئەدیانە و داب و دەستورە کانیشی بۆ گشت زەمانێکە زیاتر جێگای تێ روانین و سرنج و لێکۆڵینەوە.

لەمەدا کە هەندێ هۆی بەختەوەری ئەگۆڕێن و لە گۆڕاندان هیچ شکێک نیە هەر وەکو نەگۆڕانی هەندێکیان هیچ شکێک نیە، بەڵام ئەبێ پێ و دانێک بەدەس بهێنین کە چ هۆیەک یا هۆگەلێک ئەگۆڕێن وە چ هۆیەک ناگۆڕدرێت؟ وە ئایا ئەتوانین بێژین هۆی راستە و خۆی بەختەوەری سابتە و هۆگەلی هۆی راستەو خۆ لە گۆڕاندان وە داب و دەستوری تا ئەو شوێنەی کە پێوەندی بە هۆگەلی راستەو خۆوە هەیە سابت و ناگۆڕدرێ، وە تا ئەو شوێنە کە پێوەندی بە هۆگەلی هۆیە کانەوە هەیە ئەگۆڕدرێ‌وە ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە موقەرەراتی ئیسلام لەم باسەوە قسە بکەین قسە و باسێکی بەر فەرە دێتە گۆڕ.

ئەشێ بزانین کە ئایا بەختەوەری موتڵەقە یا نسبی‌یە؟ ئایا شتێک کە هۆی بەختەوەری‌یە بۆ گشت تاکێک و بۆ هەمو نەتەوەیێک و لە هەمو مەڵبەندێکاوە بۆ هەمو نیژادو رەچەڵەیەک یەکسان هۆی بەختەوەری‌یە یا هۆگەلی بەختەوەری و داب و دەستورێک کە بەرەی مرۆڤ ئەگەیێنێتە بەختەوەری لە روانگای تاکەوە یا بگرە بەلانی کەمەوە لە روانگای نەتەوەگەلەوە و لە مەڵبەندو رەچەڵەکی جیا جیاوە بەلە بەر چاو گرتنی جیاوازێک کە لە بیرو راو خووئاکار و هەستان و دانیشتنا لە بابەت رۆحی و لەش و لاری‌یەوە هەیانە ئەبێ لێک جیا و از بن؟

وە ئایا ئەگونجێ یەک قانون بۆ هەمو جیهان و بۆ هەمو تاکێک و بۆ هەمو نەتەوەییک وە لە هەمو مەڵبەندێکا یەکسان ئەبێتە هۆی بەختەوەری.

یا نا؟ هەر وەکو ئاشکرایە ئەم باسەش لە روانگای بەرانبەری‌یەوە لە تەک موقەرەراتی ئیسلامەتی دا زۆر شیاوی سرنج و ورد بونەوەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەمانە یەک زنجیرە قسەو باسن کە ئێمە لێرەدا ناچارین بە نیشاندانی دور نمایەک لەوانە قنیات بکەین ئەگینا یەک کتێب بەزەحمەت بۆ ئەم باسە بەس بێ.

## ئایا ئینسان بۆگەیشتن بە بەختەوەری نیازی بە رێگا نیشاندەر هەیە؟

ئەگەر بەختەوەری بریەتی بێ لە چێژەو لەزەت وە بێ بەختیش بریەتی بێ لە دەردو رەنج وە چێژەو لەزەتگەلیش و رەنجیش کورت کرابنەوە لە سەر چێژەو لەزەت و رەنجگەلی تایبەت بە لەش و لارەوە، لە سنورێکا بێ کە یەک ئاژەڵ هەیەتی کە پێ بە پێی هەڵدانی تەبیعی و جسمانی خۆی بە حوکمی غەریزە کە تەبعی ئەوانە ئەناسێ و لە وجودی ئەوانە ئاگادار ئەبێ، نیازی بە رێنیشاندر نەبوەو نیەتی، هێمانیش ئەگەر نیازی ئینسان کورت کرابنەوە لە سەر ئەندازەییک کە خۆی بە لانی کەمەوە بەوزەی ئەقڵ و عیلم نیازی خۆی لە هەر بابەتێکەوە دەرک بکاتو لە نەتیژەدا بتوانێ دور نەمایەک لە بەختەوەری خۆی ببینێ و جیای کاتەوە و بیناسێ هێمان بەسە بۆ ئەوە کە بەرە بەرە لە رێگای زانست و پەرەدان بە شارستانی یەت و ژیارو هەرە وەزو پیشە رێگای خۆی ببڕێ.

بەڵام بەختەوەری تەنیا چێژە و لەزەت و دەردی غەریزی نیە، بەڵکو مەبەست نیازگەلێک نیە کە وەکو نەخۆشی و ئەمینی دیارو لە بەر چاوبێت کە بێژین بەرەی مرۆڤ ئاخریەکەی لە رێگای تێکۆشانەوە رێگای رزگاری خۆی و هۆی بەختەوەری خۆی ساز ئەکات دیارە قسە لە یەک یا دو نیاز نیە.

نادیارترین شت بۆ ئینسان، ئینسان خۆیەتی و لێهاتوەکانی نهێنی و پێگەیشتنێکە کە لە وزەی دایە، بەو هەموە پێشکەوتنە گەورانەوە کە لە زانست و هونەرو پیشەدا دەس بەرەی مرۆڤ کەوتوە، وە بەو هەموە دۆزینەوە: (کەشفیات) سەر سوڕ هێنەرانە کە لە جیهانی جەمادات و نەباتات وگیاندارانا بەدی هاتوە هێمان ئینسان بە نەناسراوی ماوەتەوە.

مرۆڤ توانیویەتی لە دەرونی ئاتۆمدا و لە هەوای جیهانی دا لە روانگای عیلمیەوە بیرو راو

هزری خۆی یەک بخات، بۆ وێنە سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوت و گازو ئۆرانیوم و سازکردنی رادیو، تلویزیون و پێوەندی دڵ و جەرگ و چونە ناو کورەی مانگ و شتانی تری وەکو ئەمانە... بەلآم مرۆڤ هێمان لە بابەت بەختەوەرییەوە و رێگایەک کە مرۆڤ ئەبێ بۆ دابین کردنی بەختەوەری خۆی بیبرێ هزر و بیرو رای خۆی بە تەواوەتی یەک نەخستوە، هەر بەو ئەندازە یەکە زانایان و هۆز انڤانان و پیتۆلآن و فەلاسیفە لەکەوناراوە لەسێهە هزار ساڵ بەر لەمە بیرو رایان جیا بوە هێمانیش لەم کات و چاخەشدا هزرورایان لێک جیایە بۆ چ؟

بۆ ئەوەی دەرونی کەموسکە توزقاڵە زەرە ناسراوە بەلآم ئینسان هێمان نەناسراوە و بە نەناسراوی هەروا ماوەتەوە. تەکوز کردن و هێنانە گۆڕیی بەرنامەی بەختەوەری ئینسان، لەمەوە سەر چاوە ئەگرێ کە تەواوی لێهاتوییکان و گونجایشەکان و پێگەیشنەکانی ئینسان و گشت ئەو رێگایانەی وا بۆ پێشگەیشتنی ئینسان بناسرێ هەرچەن ئەوانەش سەر لە بێ دوا بران ئەساون.

مەگەر بەختەوەری بێجگە لە گوڵ کردنی هەمو لێهاتوەکان و پڕ بونی هەمو گونجایشەکان و دیاری دان و ئاشکرا بون و هاتنە گۆڕیی گشت هێزو وزەکان و پێوانی راستە رێگایێک کە ئینسان بۆ بەرزترین و بڵیندترین نوچکەی هەبون بگەینێ شتێ تر هەیە بێتە گۆڕ؟

لە لایەکی ترەوە ئایا ئەتوانین باوەڕ بکەین کە ئاوەها نیازێکی گەورە کە ئەگەر نەیێتە جێ نەتیژەکەی سەر لێشواوی بەڵکو تیاچون و نابودی خودی ئینسان لە کارا بێت و دەزگای گەورە و تەکوزی خیلقەت کە هەمیشە شاکارەکانی خۆی لە دەرەتانی نیازا دەر ئەخات، ئەم بۆ شایی وەرگرێ و ئەم نیازەش لە بەر چاو نەگرێ و لە ئاسو یی بانتری تەگبیری ئینسانیدا یانی: ئاسۆی وەحی بە هۆی تاکە تاکی پاک و ئامادە بو ئیشراقاتی غەیبی ئەو رێنوێنی و هیدایەت نەکەن؟ ئەی چلۆن ئەم بۆ شایی یە، پڕەوە بێت و ئەم نیازانەی بەرەی مرۆڤ دابین بکرێن. چەن جوان و بەرزو تەرزە! وتەی: (بو عەلی سینا) ئەو هوزانە زانا

Dr.Saleh Ebrahimi

کورده که له ئاخری پەراوەی: (نەجاتا) لەو شوێنەی وا نیازی بەرەی مرۆڤ بە شەریعەتی ئیلاهی که له سۆنگەی ئینسانێکەوە: (نەبی) بەیان کرابێ راڤەی ئەکات و ئەبێژێ: «**الحاجة إلى هٰذا الانْسانِ فِي اَنْ يَبْقىٰ نوعُ الناسِ وَ يَتَحَصَّلَ وجودُهُ اَشَدُّ مِنَ الحاجةِ إلى اَنْباتِ الشعرِ على الاَشفارِ وَ على الحَاجِبيْنِ وَ تَقْعيرِ الاَخْمَصِ مِنَ القدمينِ وَ اشياءَ اُخرىٰ مِنَ المَنافِعِ التّي لاضرورةَ اليها فِي البَقاءِ**»

واتا: نیاز بە نەبی (پێغەمبەر) و بەیان کارەوەی شەریعەتی ئیلاهی و ئیدئۆلۆژی ئینسانی، بۆ مانەوەی نەوعی ئینسان و بۆ گەیشتنی ئینسان بە کەماڵی بونەوەری ئینسانیەتی خوّی فرە زیاترەلە نیاز بە دەر هاتنی موی بڕۆو چاڵ بونی بەری پێ و ئەوانە کە تەنیا بۆمانەوەی نەوعی ئینسان کەڵکیان هەیە، بێ ئەوەی پێویستی مانە وەی نەوع بە پێویست دانێ.

ئەم و تارە لە کتێبی پەندیانە مسالی قورئان نوسراوی (شە پۆل) چاپی نەلۆسی ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی لە تاران وشنۆبڵاو کراوەتەوە، لاپەڕەی ۸۱ تا ۱۱۳.

خێری مەعنەوی ئەم کتێبە پێشکەشە بە باوکی دڵسۆزو خودان فەرهەنگ و کورد پەروەرم مەلا ئیبراهیم (رضوان اللّه علیه) چونکا:

بۆ باخچەی کزی کوردی    بلبل بو چریکەی وردی

دڵی باش دەرونی پاک بو    بیری ڕون کردەوەی چاک بو

Dr.Saleh Ebrahimi

# ئایەتی نور

لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئایەی نور بەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستورافەکردنی ئایەتی نوربە شێوەی تەحقیقی و فەلسەفی و عیرفانی:

**اَللّٰهُ نُورُ السَّمٰواتِ وَ الاَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكٰوةٍ فيهٰا مِصْبٰاحٌ اَلْمِصبٰاحُ في زُجٰاجَةٍ اَلزُّجٰاجَةُ كَاَنَّهٰا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبٰارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لاٰشَرْقِيَّةٍ و لاٰغَرْبِيَّةٍ يَكٰادُزَيْتُهٰا يُضِيءُ وَلَوْلَمْ تَمْسَسْهُ نٰارٌ نُورٌ عَلَىٰ نُورٍ يَهْدِى اللّٰهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشٰاءُ وَيَضْرِبُ اللّٰهُ الاَمْثٰالَ لِلنّٰاسِ وَاللّٰهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَليم.**

سورەی نور آیەتی ٣٥.

واتا: خوانوری ئاسمان و زەوینە، مەسەلی نوری خوا وەکو چرادانێکە کەلە وا چرایەکی (پڕ نور) هەبێ. ئەو چرایەش لە ناو خوبابێک (روپۆشی چرا لە شو شە یا بلۆر) دابێ، خوبابێکی بێ گەردو گرشەدار، وەکو ئەستێرەیەکی، ورشەدار، ئەوچرایە، بەرۆنێکرو ناک ئەبێ و گرڕئەگرێ کە لەدارەزە یتو نەیەکی پڕ پیت و بەرەکەت گیراوەکەنەخۆر هەلاّتی یەو نەخۆر ئاوایی رۆنەکە ئەوەنە پێنخۆش و پالاّوتەو پاکە نێزیکە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ، گڕ بگرێو باییسێ. نو رلەسەر نورە (تیرێژ و تیشک بە سەر تیشکدا تیرێژ دەهاوێژێ).

هەر کەسێک خوا بیەوێ، بەرەو نو ری خۆی رێنوێنی و هیدا یەتی ئەکا خوا ئاگای لە هەمو شتێکهەیە.

(ئەم‌چرا پڕتیشکە) لەناو خانو بەرە کەلێک دایەکەخوائیجازەی داوە دیوارەکانیان، بەرزو بڵیند بکرێتەوە (تا دز و چەتەوجەردەپەی پی‌نەبات) فِي بيوتٍ اَذِنَ اللهُ اَنْ تُرْفَعَ وَ يُذْكَرَ فيهَا اُسمُهُ يُسَبِّحَ لَهُ فيهَا بِالْغُدُوِ وَالْآصالِ. «سورەی نور» خانو بەرەکەلێک کە ناوی خوا لە ناو ئەوانا ببریٚ وە بەرەبەیان و لە ئێوارانا ناوی خوا بە پاکی ببەن.

لە راڤەکردنی ئایەتی نوردا قسە زۆرە تەفسیر نوسان، فەلاسیفە و خواناسانی جیهانی ئیسلامەتی و عاریفان و لێکۆڵەران، هەریەکە لەوانە قسەی جیاجیاوزۆریان هەیە، پێوەند کردنی، ئەم ئایەتانە لەگەڵ ئایەتەکانی بەر و لێرە وەیەکە لە ئایەتەکانی، بە رودا قسە لە پاک داوێنی و ململانیٚ کردن‌بو، لەگەڵ کاری ناحەز و ناشیا ودا لە رێگای جیاجیا وە، جا لە بەرئەوەی زامنی بەرێوە بردنی هەمر فەرمانەکانی، خوا، بە تایبەت غەریزەی نێرومیٚ کە بە هێزترینی ئەوا نەیە، بیٚ کەڵک وەرگرتن لە پشتیوانەی (ئیمان و بڕوا) ناگونجیٚ، سەرئەنجام قسەی هێناوەتەسەر باسی بڕواو ئیمان و شوێنی‌پرهێزی بڕوا و قسەی لێوەکردوە.

لە پلەی یەکەم دا فەرمویەتی: (خوانوری ئاسمان و زەو ییە (اللهُ نُورُ السَّمٰواتِ وَالْاَرْضِ) هەندیٚ لە تەفسیر نوسان بێژەی (نور) لێرەدا بە واتای (هیدایەت دەر) و هەندیٚ‌تر بە واتای (روناکی هێنەر) و هەندێکی‌دیکەبەواتای (جوانی هێنەر) واتاکردوە، هەمو ئەم‌واتایانە راستە، بەلاٚم‌واتای ئەو ئایەتە لەمەش پەرەدارترە.

لە قورئانا چەن شت بە نور واتا کراوە:

١ـ بە واتای (قورئان) وەکو خواله ئایەتی ١٥ی سورەی مائدەدا فەرمویەتی: (قد جائكم من اللهِ نورٌ وكتابٌ مبين) واتا: لەلایەن‌خواوە نور: (قورئان) و پەڕاوەی‌ئاشکرایی دەر (بەخە لاٚت) بۆ تۆ هاتووە.

یاوەکو ئایەتی ١٥٧ سورەی ئەعراف کە خوا فەرمویەتی: (وَ اتَّبِعُوا النُورَ الَّذِي اَنْزَلَ مَعَهُ اُولٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) راتا: کە سانیٚ کەلەنو (قورئان) پەیرەوی‌ئەکەن کە بۆ پێغەمبەر هاتووە، ئەوانە رزرکان.

٢ـ بە واتای (بڕوا و ئیمان) هەر وەکو خواله سورەی بەقەرە ئایەتی ٢٥٧دا فەرمویەتی: (اللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمٰاتِ اِلَى النُّورِ) واتا: خوا وەلی

کەسانێکە، کە بڕواو ئیمانیان هێناوە، ئەوانە لە تاریکی (شیرک و کوفر) بەرە و نور (بڕوا) ئەبات.

٣ـ بە واتای (هیدایەتی ئیلاهی) و روناک بینیە هەروەکو خوا لە قورئانا لە سورەی ئەنعام ئایەتی ١٢٣ دا فەرمویەتی: **(اَوَمَنْ كَانَ مَيِّتاً فَاَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا)** ئایا کەسێ کە مردبوو ئێمە ئەومان زیندو کردەوە و نور (هیدایەت) و روناک بینیمان بۆ راگرت، تاله‌بەر تیشکی ئەو نورەدا بتوانێ بە نێو خەڵکا بڕوا، هەر وەکو کەسێکە، کە لە تاریکایی دابێ و هەرگیز نەتوانێ لەوە دەرکەوێ و بێتە دەرێ؟

٤ـ بە واتای (ئایینی ئیسلام)ە هەر وەکو خوا لەقورئانا لەسورەی تۆبە ئایەتی ٣٢ دا فەرمویەتی: **وَيَأْبَى اللهُ اِلاَّ اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَ لَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ)** واتا: خواخۆئەگرێ، مەگەر نور: (ئیسلام) کامڵ بکا هەر چەندە کافران پیان ناخۆش بێت.

٥ـ بە واتای: (زاتی پێغەمبەر)ە، هەر وەکو لە قورئانا لە سورەی ئەحزاب ئایەتی ٤٦داخوا سەبارەت بە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام فەرمویەتی: **(وَدَاعِياً اِلَى اللهِ بِاِذْنِهِ وَ سِرَاجاً مُنِيراً)** واتا: ئێمە تۆمان کردە ئەوە کە خەڵک بۆ لای خواناسی بانگ بکەی و تۆمان کردە چرا یەکی، روناکی دەر.

٦ـ بە واتای (زانست و علیم)ە، هەروەکو ئەمە: **(اَلْعِلْمُ نُورٌ يَقْذِفُهُ اللهُ فِي قَلْبِ مَنْ يَشَاءُ)** زانست نورێکە خوا ئەیخاتە ناو دڵو دەرونی هەرکەسێک کە بیەوێ.

**ئەبێ ئەمەش بزانین نور خوێئەم تایبەتیانەشی هەر هەیە:**

١ـ نور جوانترین و خوشیکترین و لەتیفترینی مەوجودات وبو نەوەرانە لە جیهانی ماددەوئەنبوژەنیدا و سەرچاوەی هەمو جوانی و خوشیکی یە.

٢ـ نور باڵاترین سورعەتی لە جیهانی ماددە و ئەنبۆژە نیدا هەیە، هەر وەکو لە نێو زانایاندا قسەی لێوە ئەکرێ، نور بە سورعەتی سێسەت هەزار کیلۆمێتر ئەتوانێ بە دەوری کورە:(گۆ) وجەغزی زەوی کەمتر لەچاولێکدا نانێکا حەوتجار سوربخوا جا هەر لە بەر ئەمەیەکە مەسافەتی دور و درێژ بە سورعەتی رۆیشتنی نور هەڵدەسەنگێنن واتا: مەودا و مەسافەتێک کە نور لە ماوەی سالێکدا، بە و سورعەتە زۆرە دەیپێوێ.

Dr.Saleh Ebrahimi

۳- نور هۆی تێبیین و روناک کردنەوەی ئەجسام و دیتنی بونەوەرانی جیا جیای ئەم جیهانەیە و بێ نور مرۆڤ ناتوانێ هیچ شتێک ببینێ، کە وابێ نور هەم (دیارە) (ظاهر) و هەم (دیاری دەر) (مُظْهِرَ).

۴- نوری خۆر کە گرینگترین و بەبایەخترین نورە لەم جیهانەدا و پەروەر دەری و گیا و گژە، بەڵکو رەمزی مانەوەی، هەمو بونەوەرانی زیندوە و نالۆێ بونەوە ری بێ کەڵک وەرگرتن لەنور: (راستەو خۆیا ناراستە و خۆ) زیندو بمێنی.

۵- ئەمرۆ جوان دەرکە و تووە کەئەو رەنگانەی و ائیمە دەیبینین لە سوێنگەی تیشک و شەوق و نور دانەوەی نورێکی دیکەی وەکو ئەمەیە، دەنا بونە وەران و مەوجودات لەتاریکایی دا رەنگیان نیە.

۶- هەمو وزەو ئەنێرژی یەک، کەلەژێنگەی ئێمە داهەیە (بێجگە لەوزە و ئەنیرژی ئەتۆمی) هەموله نوری خۆرەوە سەر چاوە دەگرێ بزوتنەوە و حەرەکەتی باو بۆران، جم و جوڵی ئاوی زەریا و کەف وکوڵی دەریا و سێلاو، قەڵپەزەی ئاوی تاڤگەو رێژەوی باران و بزوتنەوە و هات و چۆی هەمو گیان لەبەران و بونەوەران، ئەگەر برێک سەرنج بدرێن رون دەبێتەوەکە سەر چاوەی هەموان لەنور دا،دادەکوژێ

سەر چاوە و بناوانی گە رما و ئەوەی و اجێگاو رێگای بونەوەران گەرم رادەگرێ هەر نور و تیشکی خۆرە، تەنانەت گەرمای ئاگریش کەلە و شکەڵە دار، یا لە رەژی (زوغاڵ)ی بەرد یا لەنەوت، وەیا لەوانەی و الەنەوت بەدەس دێن هەمویان لە گەرمای خۆرەتاوی خۆرە. چونکا هەمو ئەمانە، بە پێی لێکۆڵینەوەیزانستی، ئەچنەوە سەرگژ و گیاو ئاژاڵ گە لێک کە گەرمایان لە خۆر، وەرگرتووە و لەناو خۆیانا ئازوخەیان کردوە کە وابو حەرەکەتی مۆتۆر گەلیش لەبەرەکەتی خۆرەوەیە.

۷- ئاوی خۆر هەمو جۆرە (میکرۆبێک) و بونەوە رانێکی ئازادەر لەناو دەباو دەیان کوژێ دیارە ئەگەر ئاوی تیشک و تیرێژی ئەم (خۆرەتاوە): نورە پر بەرەکەتە نەبوایێ، ئەم ئاخ و زەویـیەیوا ئێمەی لەسەر دەژین ئەبووە (بێمارستان) و نەخۆشخانەیەکی گەورە وزل کەهەمو دانیشتوانی لەگەڵ مەرگدا دەبویەنجە شکێنێ بکەن.

بە کورتی بڵێین: هەر چیلەم بە دیها توە سەمەرەی جیهانی ئافەرینشە: (نور) ورد

بینەوە، شوێنەوار و ئاسەواری بە نرخ و تەڕی لەخێر و بەرەکەتی ئەم نورە ئاشکراتر و دیارتر دەبێ.

ئێستا بەلەبەر چاوگرتنی ئەم دو بەرکوڵە ئەگەر بمانەوێ بۆزاتی پاکی خوا وێنە و نوێنەرێک لە بونەوەرانی حیسّی ئەم جیهانە بگرینە بەر چاو (هەر چەند پلە و پایەی بەرزی خوا لەهەر وێنەو نوێنەرێک بەرزتر و تەرزترە) ئایا بێجگە لە بێژەی (نور) شتێکی‌تر هەیە بۆ خوا بەکاربێت؟! ئەو خودایەی واهەمو ئەم جیهانەی بەدی هێناوەو سازی داوە ئەو خودایەی وا نور و روناکایی بە جیهانی ئافەرینش داوە، کە هەمو بونەوەرانی زیندو لەبەر بەرەکەتی فەرمانی ئەو زەق و زیندو ماون خوێن و ژین لەناو دڵ و دەرو نیاندا گیر ساوەو بووژاوە و هەموئافەریدەیەک لەسەر سفرەی ئەو بەرێ ئەچن ئەخۆن و ئەژین کەئەگەر قەنەکێشێک چاوی لوتفی خۆی لەسەر ئەوان لابا هەمو لەشەوەزەنگیٔ فەناو نەمانا رۆدەچنە خوارێ و نوقم دەبن و وەکو بڵقی سەرئاو دەپوچێنەوە

سەرنج راکێشە هەر بونە وەرێک بە هەر ئەندازەیەک لەگەڵ خوا پێوەندی هەبێ هەر بەورادەش نورانی بون و روناکی بەدەس دەهێنێ.

قورئان نورە چونکا کە لامو قسەی خودایە.

ئایینی ئیسلام نورە، چونکا رەوانەکراوی خودان.

پیرانی دەسگیر و زانایانی دینی نورن، چونکا پارێزەرانی ئایینی خودان لەدوای پێغەمبەران.

بڕوا: (ئیمان) نورە چونکا نیشانەی پێوەندی مرۆیە لەگەڵ خوای خۆیدا!

زانست (عیلم) نورە چونکا هۆی ناسیاوی و ئاشنا بون لەگەڵ خودایە.

کە وابو (اَللّٰه نوُرُالسَّمٰوٰاتِ وَالْارضِ) لە بابەت زاتی خواوە دروستە، بەڵکوئەگەر نور بەواتای پەرەداری بێژەبەکار ببەن واتا: (هەر شتێک کە زاتی ئەو شتە دیارو ئاشکرابێ و دیاری دەرو ئاشکرا دەری شتانی تربێ) بەم جۆرە بەکار بردنی بێژەی (نور) بۆزاتی پاکی خوا لایەن و جەنبەی تەشبیهی و وێچوواندنی نابێ، چونکا هیچ شتێک لە جیهانی خلیقە تا لەخوا دیارتر و ئاشکراتر نییە، هەمو شتێک بێجگە لەزاتی خوا لەبەر بەرەکەتی وجودی خودا، ئاشکرایە و دیارە و لەچاو دەدا، کە وابێ هەمو شتێک و نوری هەبون

Dr.Saleh Ebrahimi

لەنوری خوا سەر چاوە دەگرێ لەو دەگو روێ و هەر لەنوری خودایشدا دەکوژێتەوە.

قورئان دوای دەربڕینی ئەم راستیەی واله بەرا و ترا بەهێنانە وەی میسالێکی جوان و ورد چلۆنایەتی نوری خوا لێرەدا دەردەخا و ئەفەرمێ: ( نوری خوا وەکو چرا دانێکە کە چرایەکی تێدا بێ وئە و چرایەش لەناو حوبابێک دابێ حوبابێکی بێ گەرد و گرشەدار هەر وەکو ئەستێرەیەکی ورشەدار و ابێ ( مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ).

(ئەم چرایە بەرۆ نێک گڕ دەگرێ کە لەداری پڕبەرەکەتی زەیتون گیرابێ کە نەخۆر هەڵاتی و نەخۆر ئاوایی بێت.)

«رۆنەکەی بە جۆرێکی وابێ گەرد و بێخەوش بێ وەک ئەوە بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ گڕبگرێ و روناک هەڵگەڕێ و هەڵکرێ .

(يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ) نورلە سەرنورە (نور على نور).

(خودا هەرکەسێک بیەوێ بەو نورەی خۆی ڕێگای نیشان دەدا و هیدایەتی دەکا و بەرە و نوری خۆی دەیهێنێ (يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ)

(بۆخەڵک میسال و نەزیلە دەهێنێتەوە) (وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ).

«و خودا بەهەمو شتێک ئاگادارە» (وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) بۆشی گردنەوەی ئەم میسال و نەزیلەیە پێویستە چەندشت بزانین:

مِشكات بە واتای دەلاقە و تاقچەیە کە لەناو دیواردا سازیان دەکرد و (چرا و لامپا) کەیان لە ناودادەنا بۆئەوەی کە س خۆی لێ نەدا و نەکەوێ و نەشکێ لەهەندێ ماڵدا لە دیوی حەو شەو حەسارە وە شوشەیەکیان لەو جێگای چرای ناو دیوار دەگرت بۆئەوەی تیشکی چراکە دیوی حەوشە و دەرەوەش روناک بکاتەوە و چراکەش باو بۆرانی لێ نەکەوێ و نە شکێ و نە کوژێتەوە.

(مشكاة) بە دیوارە شوشەیەکیش دەڵێن: کە درێژە و چارگۆشە بۆ جێگا چراکە سازدەکراو دەیان کرد بە سەر چراکەدا جالەبەر ئەوە هەڵمی چراکە دەرچێ و نەکوژێتەوە، لەسەروە کونێکیان بۆدە هێشتەوە و دەربیجەشیان بۆ سازدەکرد.

بەکورتی بڵێین: (مشكاة) روپۆش یا دەلاقەیەک بو کە بۆچرایان سازدەکرد زیاتر

Dr.Saleh Ebrahimi

دەلاقەیان بۆسازدەکرد، تا چراکە هەم لەشکان بپارێزرێ و هەمنورەکەشی کۆبێتەوە و باشتر نور بداتەوە و نا و هۆدەکە روناک بکاتەوە.

(زوجـاجه) واتـا: (شـوشه) و بـەبەردی ورشـەدار دەڵـێن، چونکـا شـوشەش لەکەرەستەی بەردساز دەکرێ و ورشەدارە (زوجاجەی) پێ دەگوترێ.

لێـرەدا بـە واتـای حوبـاب و روپۆشە دـە بـە سـەرچرای دا هـە ڵدەکـێشن، تـا هەمگڕوشوعلەی چراکە بپارێزرێ و هەم لەخوارەوە بۆ سـەرێ مـیزانـی بکـا و نـور و روناکایی زیاد و رێک و پێک بکا.

(میصباح) بە واتای (چرایە کە بەپڵێتە و رۆن یا نەوت بگرێ و روناکی بدات.

رستەی (يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ) ئیشارەت و ئاماژەکردنە بۆکەرەستەی ئەنێرژی زای گرینگ و شیاو، بۆئەو چرایـە، چونکـا (رۆنـی زەیـتون) کـە لەدارێکی: پڕ بەر و خودان بەرەکەت دەگـیردرێ، یـەکـێک لەبـاشترین رۆنـە، بۆبـاش گڕگرتن، ئەویش دارێ، کە هەمو لایەکی ئەودارە بەجۆرێکی بەرانبەر تـیشک و تـاوی خۆرە تاوی لێبکەوێ. نەلە لای خۆر هە ڵاتی باخ و کەناری دیوارێک بێت و نەلە لای خۆرئاوا بێت کە تەنیا لایەکی خۆر و تاوی لێبکەوێ و لەنەتیژەدا میوەی ئەودارە لایەکی بگا و نیوەکەی تریشی نەگا و رۆنەکەیش ناساف و خەوشدار بێ.

بەم شی کردنەوەیە دەگەینە ئەمە کە بۆ کەڵک و ەرگرتن لەنورێ تەواوی ئـاوەها چرایەک، بۆگرشەدانەوەی پتر نیازی بە چار شت هەیە:

١- چرا دانێک کە ئەو چرایە لەهەر بابەتێکە وە بپارێزێ. بێئەوەی نور و تیشکی کز بێ وکەم بکا بەڵکو هۆی کۆبە نەی پتری نورە کە پێک بێنێ.

٢- حوباب و روپۆشێکی هەبێ، تاگەڕانی هەوای دەوری گڕ و شوعلەکە رێک بکا بەڵام ئەوەندە ورشەدار و بێگەردبێ، کە نە بێتە هۆی بەرگری ورشەدار بونی نور و تیشکی چراکە.

٣- چرایەک هەبێ کە ناوەندی پەیدا بونی نور و تیشک لە سەری پڵێتە کەوەبێ.

٤- کەرەستەی ئەنێرژی زای ساف و بێخەوش و بێ گەرد کە ئەوەندە ئـامادەی گڕگرتن بێ، کە بێ ئەوە ئاگری بگاتێ گڕ بگرێ و هە ڵایسی.

هەمو ئەمانە لەلایەک، لەراستیدا رواڵەت دەردەکەن و ئاشکرای دەکەن، لەلایەکی تریشەوە موفەسیران و لێکۆڵینەرانی مەزنی ئیسلامی، لەمەداکە ناوەرۆکی ئەمە تەشبیە و وێچوواندنە چی‌یەو بەناو (مُشَبَّة) کێهەنوری خودایی یە، قسە و لێکۆلینەوەی جیا جیا زۆرە.

هەندی و تویانە مەبەست هەمان نوری رێنوێنی و هیدایەتە کە خوالە نـاو دڵ و دەرونی خودان بڕوایاندا گیرساند و یەتێ.

هەندێکیش ئەوەیان بە واتای قورئان گرتووە، کە لەناوناخی دڵی مـرۆڤ نـور و تیرێژە ئەهاوێژێ.

هەندێکیش ئەوەیان بە واتای قورئان گرتووە کە لەناوناخی دڵی مـرۆڤ نـور و تیرێژ ئەها وێژی.

هەندێکیش لایان وایە، ئیشارەتە بۆ رۆحی فەرمانبردن و قەقوا و خۆپاراستن کـە هۆی خێر و بەختەوەری‌یە کە لەراستید هەموئەو واتایانەی بۆنوری مەعنەوی لەقورئان و ریوایەتی ئیسلامیدا هاتون، لێرەدا بە ناوی تەفسیر و لێکۆڵینەوە ناو براون و رۆحی هەمو ئەوانە لەراستیدا یەک شتە و ئەویش هەمان نوری (هیدایەتە) کە لە قورئـان و وەحـی و وجودی پێغەمبەران سەرچاوەدەگرێ و بە ڵگەی تەوحید پاراو دەکرێ، و نەتیژەی ئەوە خۆبەدەسەوەدانە لەراست فەرمانی خوا و تەقوا دا.

دیارە: نوری بڕوا کە لەناو دڵ و دەرونی بروا داران (موئمینـان) دا دارای هەمـان چارشتەیە، کە لەیەک چرای «تیشک خۆشا» هەیە:

«مصباح» هەمان گڕی بڕوا و ئیمانە، کە لە دڵ و دەرونی خودان بڕوادا دەردەکەوێ و تیرێژ و نوری هیدایەت لەوەوە بلاو دەبێتەوە و پرشینگ دەها وێژێ.

(زجاجە) و حوباب دڵ و دە رونی خودان بڕوایە، کە بڕواله گیان و لەشی‌دا رێک و پیک دەکا.

(میشکاة) سینگی خودان بڕوایە، یا بەواتایێ تر سەرجە می کە سایەتی و ئاگاداری و زانست و بیر و ئەندێشەی ئەوە، کە بڕوا ئەو بڕوایە ئەو لەکەندو کۆسپی توفی روداوەی رۆژکار دەپارێزێ.

لاوته و عوسارەی ئەوە لە و پەری پاکی و بێخە و شیدایە و بڕوای خودان باوەران لەسۆنگەی ئەوە وەگڕ دەگرێ و لەبەر و بو تەژی دەبێ.

لەراستیدا ئەمە نوری خودایە، هەرئە و نورەیە کە ئاسمان وزەوی روناک کردوە تەوە و لەناخی دلی خودان بروایان سەری دەرهیناوە و هەمو هەبون و کیان و لەشی ئەوان روناک و نورانی دەکا.

ئەو بەلگانەی واله ئه قل و ئاوەزەوە، وەریان گرتووە لەگەل نوری وەحی تێکلاو دەبێ و ناوەرۆکی (نورعلی نور) پەیدا دەکا.

هەر لێرە شدا یەکە دل و دەرونی بێدار و هۆشیار بەم نورە، هیدایەت دەدرێ و واتای: (يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ) لە بابەت ئەوانەوە پیادە دەکرێ، کە وابو بۆپاراستنی ئەم نورە خودایی یە: (نوری هیدایەت و بڕوا) کۆگایەکە لەزانست و ئاگاداری و خۆدروستکردن و ئاکاری پیۆیستە کە هەر وەکو میشکات و روپۆش و حوبابێک ئەم «میصباح» و چرایە دەپارێزێ.

دیارە دل و دەرونی ئامادە و شیاو و لێهاتوی ئەوێ کە هەر وەکو زوجاجەبە رنامەی ئەوە تەنزیم و رێک و پێک بکا و یارمەتی دەریشی لەلایەن وەحییەوە ئەوێ کە هەروە کوشەجەرەی موبارەکەی زەیتونە وزەو ئە نێرژی پێبدا.

ئەم نوری وەحییە دەبێ لەتێکە ل بون و ئۆگر بون بەشت و مەکی ماددی و کەرۆیشکە کردن بەرەو لای خۆر هەلات و خۆرئا واکە دەبێتە هۆی سووان و پووان و لێل و لێخناو بون، دورە پەرێز دەبێ.

بە جۆرێکی وا پاک و بێ گەردو بێخەوش و خالی لەهەر جۆرەگولەوە چنین بێ و بەم لاوئەولادا نەشەکێتەوە بێ‌نیاز پەیدا کردن بەمو بەو هەمو هێزی لەش و لاری مرۆڤ دنەبدا، ناوە رۆکی: «يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَار» لەخۆیدا بەدی بهێنی.

هەر جۆرە راڤە کردن و شی کردنەوەی لەخۆوە یاداوەری ناراست و بەکار بردنی چێژە و سەلیقەی شەخسی و بڕوای داسە پێندراو یا شەکانەوە بەم لاو بەولادا مل و مۆکردن بە چەپ یا راستدا و هەر جۆرە بیر و باوەرێکی پوچەل و بێ کاکلە کە بەر و

Dr.Saleh Ebrahimi

بوی ئەم شەجەرە: (دارە) موبارەک و پیرۆزە لەکەدار بکاگڕ و نوری ئەم چرایە کەم‌دەکا، یا هۆی کوژانەوەی بەدەسی خۆی پێک دێنی.

ئەمەیە، وێنەیەک کەخوا لەم ئایەتەدا بۆنوری خۆی دەهێنێتەوە دیارە خوا بەسەر هەمو شتێکا زانا و ئاگادارە.

بەڵام ئەوەکە (مشکوة) بە دڵ و دەرونی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام (مصباح) بەنوری زانست (زجاجه) بە دڵ و دەرونی پیاوی خودا (شەجەرەی موبارەکە( بە حەزرەتی ئیبراهیم و (لا شرقیه و لا غربیه) بە نەفی بەرە وکشان بۆ لای فەلەوجو لەکە واتا کراوە لەراستیدا دیمەنێکی ترلەو نور و بروایەنیشان دراوە، ئیتر وەنەبی قسە و لێکۆلینەوە هەر لە مەداکورت کرابێتەوە و داکوژابێ.

ئێستا دەبێ بزانین ئەم چرا پڕنورە لەکوێ دایە؟ و جێگاکەی چلۆنە؟ تا ئەوەی والەم بابەتەوە پێویستە بە دیاری کردنی جێگاکەی باشتر روناک بێتەوە.

جا هەر لەبەر ئەمەیەلە ئایەتی دوای ئەمە خوا فەرمویەتی: «ئەم میشکاتەلە ماڵانێک دایە کە خوائیجازەی داوە، کە دیوارە کانیان بەرز و بڵیند بکەنەوە (تالەتالان و بروی چەتەو جەردە و رێگر بپارێزرێن) (فِی بُیُوتٍ اَذِنَ اللّٰهُ اَنْ تُرْفَعْ). ماڵانێک کە ناوی خودا لەناو یاندا ببرێ و بخوێندرێ و قسە و باس تەنیا یادی خوا و قورئان و پێغەمبەر و وەحی بێ.)

زۆر بەی زانایان و تەفسیر نوسانی قورئان پێوەندی ئەم ئایەتەیان بە ئایەتی بە روزانیوە و باری ئایەتەکەیان بەم جۆرەداناوە: ( هَذه اَلْمِشْكَوٰةُ فِی بُیُوتٍ ... یا هَذاالْمِصْبَاحُ فِی بُیُوتٍ ... هٰذِهِ شَجَرَةُالْمُبَارَكَةِ فِی بُیُوتٍ ... نوُر اللّٰه فِی بُیُوتٍ) زانایان وگیان ناسان و تویانە: لەم دارە پڕ بەرەکەتە کەناوی زەیتونە رۆنێک بە دەس دێ کە سودمەندترین و پڕبایەخترینی رۆنە و نەخشێکی زۆر گرینگی لەساغ و سلامەت راگرتنی گیان و لەش و لاردا هەیە (ئیبنی عەباس) فەرموویەتی: ئەم داری زەیتونە کە هەموی بایەخدارە و سودمەندە، تەنانەت خوڵە مێشە کە یشی قازانجی هەیە یەکەم دارە کە دوای تۆفی حەزرەتی نوح رووواوە و پێغەمبەران لەبەر خوا پاراونەتەوە تا بەرەکەتی هەبێ.

ئەگەر پرسیار بکرێ مەبەست لەم (ماڵانە= فی بیوت) چییە؟ کەهە ربەرە بەیان

وئیوارانێک یادی خواله ناوئەوانا دەکرێ: (تەسبیحی خودایان تێدا دەکرێ))یُسَبِّحُ لَهُ فِیهٰا بِالْغُدُوِّ والْآصٰالْ) غدو له سەروەزنی (عُلُوًّ)ە، بە واتای: بەرەبەیان و سەرەتای رۆژە لەقورئانا لەراست (آصال) دانراوە،کەچی (غداة) لەراست (عَشِیِ) دایە.

(آصال) جەمی أُصُلْ له سە وەزنی: (رُسُلَ کە ئەمیش جەمی (اصیل) بە واتای (عەسر)ە بە لأمبۆ چی (غدو) تاک و (آصال) بە جەم وکۆ هاتووە ئیمام فەخریرازی خودای لێ رازی بێ نوسیویەتی: (غدو) باری مەسدەری هەیە و مەسدەر هەرگیز جەم ناکرێتەوە.

مەردانێک کە نە بازرگانی کردن ئەوانەلە یادکردنی خوا و نوێژ کردن و زەکات دانده‌گێریتەوە نە کرینو فرۆتن (رِجٰالٌ لاٰ تُلْهِیهِمْ تِجٰارَةٌ وَلاٰ بَیْعٌ عَنْ ذِکْرِاللّٰهِ وَ اِقٰامَ‌الصلوةِ وایتاءَ الزَّکٰاةِ).

ئەوانە لەرۆژیک ئەترسن کە دڵ و دەرون و چاولەو رۆژەدا دەگۆرێن‌و، وەکو شەپلەلیانی دابێ و ایان لێدێ (یَخٰافُوْنَ یوماً تَتَقَلَّبُ فیهِ‌القلوبُ والابصار).

ئەم تایبەتیانە نیشان دەداکە ئەم مالأنە هەرئەوا نەن وا بەفەرمانی خودا ساز دراون و یادی خوای مەزنیان تێدا دەکرێ و قسە و باسی خودا و قورئان و فەرمانەکانی ئیسلامی‌یان تێدا بلأو دەکرێتەوە وەکو مزگەوت و خانەقا و ماڵە پیا و چاکان و پیرانی دەستگیر.

بەڵێ: هەر شوێنێک کە بە فەرمانی خوا سازدرابێ و ناوی خودا لەویدا ببرێ، و هەربەرە بەیان وە ئیوارانێک مرۆڤ گەلێکی خودان بروا،کە ژیانی ماددی و ئەنبۆژەنی ئەوان لەیادی، خوا دورەوەنەخا و شەی پاک و خاوین بونی خوا بەدڵ و دەرون و زوان دویاتە بکەنەوە. ئاوەها خانو بەرە و مالأنێک ناوەندی (میشکاتی نوری ئیلاهی و بروا و هیدایەت و رینوینی یە).

**لەراستیدا ئەم جۆرە چەن تایبە تییەکیان بۆهەیە:**

١- بەپێی فەرمانی خوا سازدرابێ.

٢- پایە و دیوارەکانی بە جۆرێکی وا بڵیندویتە و بێ‌کەلەتا لأن و برۆی چەتەو جەردە و دزبپارێزرێن.

٣- ناوەندی یادی خوابن.

٤- مروڤ گەلێک لەو ماڵانە پارێزگاری بکەن، کە لەبەرە بەیان و ئێوارانداً خەریکی یادی خوابن ماڵ و منالی ئەم جیهانە فریویان نەدا و لەیادی خوادورەوەیان نەخائەم ماڵانەبەم جۆرە تایبەتیانە سەرچاوە و بناوانی هیدایەت و بروان.

سەرنج راکێشە! لەم ئایەتە داهەم (تجارة) و هەم (بیع) هاتووە بەڵکولە بەرئەمەبێ (تجارة) بۆکاروبازرگانی کردنی بەردەوام بیێ بەلام (بیع) تەنیا بۆجار جارێک کرین و فرۆتن بێ.

ئەشی بزانین خوانەیفەرمووە ئەوانە پیاوانیکن بەرە ولای (بازرگانی و کرین و فرۆتن) ناچن بە ڵکو گوتویەتی: (بازرگانی وکرین و فروتن) ئەوانە لەیادی خوا و لەنوێژ کردن و زەکات داندو رەوە ناخا و لەبیریانەوە نابا. ئەوانە هەمیشە لەرۆژی (مەعاد= رۆژی پەسلان) و رۆژی دادگایی کردن لەلایەن خوداوەدەترسن.

سەرنج بدەرستەی (یخافون) لەبەر ئەوەی (فِعْلِ مُضارِعْ)ە لە سەر بەر دەوام بوونی ترسی ئەوانە لەرۆژی مەعاد دەلالەت دەکا خوف و ترسێک کە ئەوان بۆئەنجامدانی بەر پرسیار بون و ئەرک و ئەسپاردەی خۆیان رادەکێشی. بە واتایی تر یادکردنی خوا بۆئەم جۆرە کەسانەلە هەمو شتێک گرینگتربێ.

هەندێ لەزانایانی قورئان لایان وایە (نورعلی نور) ئیشارە یەبۆ پێغەمبەران کە یەک بە دوای یەکدا هاتون و هەمو لەبەرە باوا نێکیش بون.

**ئیمام فەخری‌رازی**: نوسیویەتی: مەبەست تیشک و گرشەی نور و کەڵەکەی تیرێژ و بڵێسە بڵێسی نورە کە تیشک و تیرێژ بەسەر یەکدا دەها وێژێ هە وەکو لەبابەت خودان بڕواوە: (خودان بڕوا لەناوچارخاڵدایە: -١ ئەگەر لەخواوە شتێکی دەس کەوێ شوکری خوادەکا ٢- ئەگەر توشی توشی بێ تابشت دەهێنێ و خۆرا دەگرێ ٣- ئەگەرداوەری بکادادگەری ئەنوێنێ ٤ـئەگەر قسە بکا راست دەبێژێ ئەم جورە خودان بڕوایەلە نێو حەشیمەتی نائاگاداری بەرەی مرۆڤدا وەکو مرۆڤیکی زیندوە لەناومردواندا ئەم خودان بروایە لەنێوان پێنج نوردالە بزوتنەوە دایە.

قسەی نورە کردەوەی نورە ئەوجێگایەی بۆی دەچی نورە ئەوجێگایەی

لیٚ‌دەروا و دەردەچیٚ نور.

دەش گونجیٚ نوری یەکەم ئیشارە بیٚ بۆ نوری هیدایەتی خودا لەرێگای وەحی یەوە، نوری دوەمیش مەبەست نوری هیدایەتی خوابیٚ لەرێگای ئەقلەوە یا نوری یەکەم نوری هیدایەتی تەشریعی بیٚ و نوری دوەم نوری هیدایەتی تەکوینی بیٚ کە وابیٚ نورێکە لەسەر نورێ‌تر، نور و تیشک لەسەرنور وتیشکە. **اللّهُ نُورُ السَّمٰوٰاتِ وَ الأَرْضِ** واتا: خواهادی گشت ئەو کە سانەیە والە ئاسمان و زەوی دان کە بە نوری خوائە ڕۆنە سەر ڕێگای خوایی هەندێ‌تر کوتویانە خوا مودەبیری ئاسمانگەل و زەوییە.

(یوقد) بە (ی) و تەخفیف (ق) واتا: روناک دەبیٚ بە لاٚم‌بە (تیٚ) و تە شدیدی (ق) کە (توق) بخوێند رێتەوە واتا: روناک دەکا دیارە مەسەلی ئیخلاسی موئمین وەکو دارێکی سەوزی نەرم وایە وەکو دارە هەنار کە سەوزە و هیچ کاتیٚ تاوی خورٚ لێی نادا موئمینیش هەروایە خۆی دەپارێزیٚ و خوی بە چار خەسلەت دەرازێنێتەوە: ١ـ بیدرێتیٚ شوکر دەکا ٢ـ ئەگەر توشی توشی بیٚ‌تابشت دەهێنیٚ ٣ـ ئەگەر فەرمان بدا دادگەری دەکا ٤ـ ئەگەر قسەبکا راست و بیٚ درۆ قسەدەکا (فلو لم ئمسسە نار نور علی نور) تەبەری لە ج ١٨ـ لاپەڕەی ١٠٧ دەڵیٚ: کە لام و قسەی بڕوادار نورە موئمین زانینی نورە هاتنی نورە رۆینی نورە. رێگاشی هەر نورە. بە واتاێتر مەسەلی هیدایەتی خوا لە دڵ و دەرونی موئمیندا وەکو رۆنێکی سافە کە بەر لەوەی ئاگری بگاتیٚ گردەگریٚ، جائەگەر ئاوری بگاتیٚ روناکی لە سەر روناکی کە لە کە دەبەستیٚ و هەر تیشک و تیرێژ دەهاوێژیٚ، هەر ورشە و گرشە گرشی دیٚ دڵ و دەرونی موئمینیش هەروایە بە پێی هیدایەتی خوا ئەجو لێتەوە بەر لەوەی زانینی بگاتیٚ جائەگەر زانینی بگاتیٚ هیدایەت لە سەر هیدایەتی دەگاتیٚ و لە هیدایەتی خوا تە سە ل دەبیٚ.

هەندیٚ دە بیژن کاتیٚ: «یـ ـەود» بە پێغەمبەر یان و ت:نوری خوا چلۆن لە عاسمانەوە دێتە خواریٚ خوائەم میسالەی بۆ نوری خۆی‌هینایەوە (**مِنْ شَجَرَةٍ مبارکة زیتونة لاشرقية**) هەندیٚ دەبیژن: ئەوە دارێکە لە ناوە راستی دەشتایە نە سیبەر و کەڕەنسییٚ خورٚ هەلاتی لیٚ‌دەکەویٚ نە نیسییٚ خوٚر ئاوا، جالە بەر ئەمە رۆنی ئەوەسافترین رۆنە،وەها بریقەدار و بێخەوشەکە ئەگەر ئاگریشی نەگاتیٚ هێمان روناکی و

بریقە دەدا.

هەنەیّ ترلایان وایە: ئەوە دارێکە، کە لە ناوەراستی دارێترانیە کە بەری هەتاو و خۆری لەکاتی خۆر هەلأت و خۆر ئاوادالیّ بگرن هەندیّ دەلّین: ئەوە دارەزە یتونی شامە، کە لە خۆر هەلأتی ناوە راست دایە: نە لە خۆرهەلأت و نەلەخۆر ئاوای زەوی دایە. هەندیّ دەلّین: ئەوەداری بە هەشتە و لە جنسی داری ئەم ئاخەنیە. (نورعلی نور) ئیمان و کردەوەی مومینە، هەندیّ دەلّین: ئاگرە لە سەر رۆن واتا: روناکی ئاگرە لە سەر روناکی رۆن، هەنەیّ دەلّین: دەلیل و بە یانی قورئانە، بە رلە نازلّ بون و دوای هاتنی. هەندێتر دەلّین قورئان برێکی بە برێتری روناک دەبێتەوە و دەزانریّ (یکاد زیتها یضیئ) واتا نێزیکە مەحاسنی حەزرەتی محەمەد «د.خ» لەوەی وەحی بۆبیّ، بۆخەلّک ئاشکرابیّ هەندیّ دەلّیّن: حەزرەتی محەمەدنە بی‌یە ولە نەسلی نەبی‌یە: هەندیّ دەلّین: ئەو دارە داری تەقوا و داری ئیمانە کە ریشەکەی نبوەتە و شاخ ولق و پوپ و بەرگە کانیشی قورئان و حەدیسە و درگاوانە کانیشی جبرائیل و میکائیلە.

دەشیّ بزانین هەندیّ لە حوکەمای جیهانی ئیسلام لەم ئایەتەکە لّکیان وەرکرتووە و پلە و پایەی ئەقلیّ ئینسان یانپیّ بەراورد و بارتەقا کردووە ئیمە لەبەر دریّژ دادری، لێرە قسەمان لیّ نە کردوە (**یَهدِی اللهُ لِنُورِهِ مِنْ یشاء**) واتا: خوا مۆمین تەوفیق دەدا بۆئەوەی قورئان کە نوری خوایە تەواوی بخوێنێتەوە و تەواوی بکا. هەندیّ لە موفە سیران بۆئەم تەمسیلە تە عبیراتێکی فەلسەفی یان باس کردوە بروانە: (بیضاوی: ۴/۴۰۰) و دەلّین: نوری مومین دیاردە و ئا ماژە کردنە بۆ (۵) هێزە دەراکەکەی ئەو، کەمەعاش و مەعاد پێوەندییان بەو ۵ هێزەوە هەیە و ئەو ۵ هێزە برێتین: لەحەساسە، کە شتی حیسّی هەست دەکا و هەستی خەیالییە، کە راگری وینە گەلی مەحسوسات و قوەی ئاقیلەیە، کە مودریکی حەقایقی گشتی یە. و قوەی موفەکیرەیە، کە مەعقولات تەئلیف و تەرکیب دەکا تا نەتیژەی زانستی لیّ بەدی دیّ، یە کێکی تر قودسییەیە، کە وەحی و غەیب و ئەسراری مەلەکوتی لیّ دەر دەکەویّ، لەم ۵ هێزە مە عقولاتی ئینسانی تەرکیب و تەئلیف دەبیّ و زانستی مرۆف پێک دیّ قوەی قودسییەی ئیلاهیش کە لەپلەی دوایی دایە، تایبەتی پێغەمبەران و ئەولیایە- لێرەوە، کە لە قورئاندا هاتوە (**وَلکِنْ جَعَلْنَاهُ نُوراً نَهْدِی بِهِ مَنْ نَشاءُ**

Dr.Saleh Ebrahimi

**مِنْ عِبادِنا)** سورەی شورا - ۵۲/۴۲ لە سەر ئەم بنەرەتەیەکە ۵ شت لەم تە مسیلە دا هاتووە: کە بڕیتین لە: (میشکات زجاجة، مصباح، شجرە و زیت) کە هەر یەکە، لە و پێنجانە ئاماژە کردنێکە بۆ یەکێک لەو ۵ حەواسە: **قوەی حەساسە، بە میشکات نا و براوە**، جێگای چرا دانە و روی لە شتانی زاهیر و ئەوانە روناک دەکاتەوە، تا هێزەکانی تر ئەوانە دەرک بکەن.

**قوەی خەیالییەش بە (زجاجە) ناوە براوە تا سووەری** مودریکات لە هەر لایەکەوە دەرک، بکاو ئەوانەش بە ئەنواری عەقلییە روناک بکاتەوە، قوەی ئاقیلەش بە (مصباح) ناو براوە کە ئید راکاتی کوللی و مەعارفی ئیلاهی لە ناو دل و دەرونا رون هەل بکا.

**قوەی موتەفەکیرەیش بە (شەجەرەی موبارەکە)** ناو براوە چونکائەگەر لە واحیق و ئەعرازی جسمانی خالی ببیـنە شەرقی و نەغەربی دەبێ و لە نێوان سووەری مەعانی موەسەریفەی دایە و لەهەردوکان کە لَک وەردەگری. **قووەی قودسییەی ئیلاهیش بە (زیت) ناو براوە** کە لە بەر بریقە بریق و بێگەردی، بی‌ئەوەی ئاگری فێر کردن و بیر کردنەوەی پیێ بگا، لە خۆوە نور ئەفشانی دەکا و دەس دەکابە نوردانەوە و تیرێژهاویشتن، هەروا دەڵێن: **کەئەم ئایەتە تە مسیلێکە لە قووەی عاقیلە لەسەر پلە و پایەکانی وجودی خۆیدا**، کاتێ بەزانستی زەروری بنەخشێ و هەستی پاژە و جوزئی بۆدەس بدا وەکو ئاوێنەی لێ دێ‌کە وامە بەستی نەوزەری تێدا دیاری دەدا، سائەگەر پلە و پایەی زانست ئەوی بۆ لای تێفکرین، را بەری کرد و وزەی ئیستینبات و بەدی هێنەری لەوا هاتە دی دەبێتە شەجەرەی موبارەکە و ئەگەر ئەم گەوهەرە بە حەدس و گومان بە دەس بێ وەکو (رۆن و زەیتی) لێ دێ، بە لاَم ئەگەر نوری زانست لە سۆنگەی قووەی قودسییەی ئیلاهی بە دەس بێ، ئەو نەوت و رۆنە لە خۆوە بێئەوەی ئاگری بگاتێ گردەگرێ و نورئە فشانی دەکا. هەر چەندە پەری و فریشتەی وەحی و ئیلهامیش پیێ نەگا، هێمان لەنورانی بونی وی کەم نابێتەوە، کاتێ قووەی عاقیلەش بە جورێکی واله تەک گەوهەری زانستا جوت و تێکە لاَو بێ وەک چرا بە رۆن و (نەوت) ئاگروگر ئەگرێ و روناک دەبێتەوە ونوری ئەمیان بە سەر نوری ئەوی تریاناگر داوێ و نور بلاَو دەکاتەوە، نور

Dr.Saleh Ebrahimi

به سەر نوردا کە ڵە کە دەکات، تیریژ لە تیریژ دەدا و نور بە گرشە گرش بە سەر یەکدا دەکەوێ بوعەلی سینا، لە بە راوەی ئیشارات دا (شەرحی ئیشارات ج ۱ پەرەی ۱۵۳ چاپی میسر) **لە سەر مەشرە بی حوکەما ئەم ئایەتەی هێناوە تەوە و فەر موویە تی:** میشکات ئاماژەیە بۆئەقلی هەیو لایی، زوجاجە ئەقلی بیلمە لەکە و شەجەرەی زەیتونە قووەی موتەفەکیرەیە، زەیت قوەی حەدس وگومانە **(یکاد زیتها یُضِیئُ وَ لَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارُ)** قووەی قودسییە ی ئیلاهی یە (و نور علی نور) ئیشارەتە بۆئەقلی موستەفاد: والمصباح) ئەقلی بالفیعلە، ناریش ئەقلی فەعالە.

خـواجـە نـەسیری تـو سیش قسـەکـەی بوعەلی سینـای لەبەیـانی ئـەم ئـایەتە داهێناوەتەوەو ئەڵێ: (ئیشارات و تەنبیهات ج ۱ پەرەی۱۵۴ چاپی ۱۳۲۵ ھ) **بوعەلی سینا فەر مویەتی: پلە و پایەی قووای نەفسی بەم جۆرە تەفسیر کردوە و گـوتویەتی: میشکات یانی:** ئەقلی هەیولایی، زوجاجە ئەقلی بیلمەلەکە؛ شەجەرەش زەیتونە، **یانی: موتەفەکیرە،** زەیت: هێز و وزەی حەدس وگومانە (یکاد زیتها یُضِیئُ ولو لم **تمسسه نار) قووەی قودسییەی** ئیلاهی یـە، و (نـور عـلی نـور) دیـاردەیە بـۆئەقلی **موستەفاد، والمصباح** ئەقلی بالفیعلە، والناریش ئـەقلی فەعـالە. ئـەم ئـایەتە لە راسـتیدا **وەلامە** بۆئەوانەیوا ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵکە بۆ جسمانیەتی حەق تەعالیٰ هەر وەکو «قاضی عبدالجباری» موعتەزیلی لە (تنزیة القرآن عـن المطـاعن) دالە پـەرەی ۲۵۲ فەرمو یەتی... و انما وصف الله نفسه بذلک مبالغة من حَیْثُ اَنَّ کل الانوار من قبله کما یوصف بانه رجاء و غیاث‌الی ماشاء کل ذالک. قال تعالی: (من لم یجعل الله له **نورا فما له من نور)** دەشێ بزانین یەکێک لە ئیستیعارات و مەجازگـەلی لە تیـضەی خۆشیک کە لە قورئانا زۆرە، واژەی نورە، کەلە واتای هیدایەت وگەیشتن بە حەقیقەت بە کار براوە، نور لە ۴۴ ئایەتا هاتووە (معجم الفهرس للقرآن پەرەی ۷۲۵ وەکو ئەم ئایەتانە:

۱ـ قدجاء کم من الله نور وکتاب مبین (۱۵/۵)

۲ـ یریدون لیطفئوا نورالله بافواههم و الله متم نـوره و لو کـره الکـافرون (۸/۶۱).

۳ـ افمن شرح الله صدره للاسلام فهو علی نو ر من ربه (۲۲/۳۹).

**۴ـ و من لم يجعل الله نوراً فما له من نو ر (۴۰/۲۴)**

**۵ـ نورهم يَسْعىٰ بين ايديهم ... (۶۶/۸)**

خـاوەنی (تـەفسیر الجـواهێر) نـاودار بـە تەنتـاوی ج ۱۲ لاپـەڕەی ۲۳. دوای لێکۆڵینەوە یەک دەنوسێ: ۱ـ هەندێ ئەم تە مسیلەیان بە نوری محەمەدزانیوە و تویانە: کە میشکات سینگی ئەوە و «زوجاجە» دڵ یەتی و (مصباح) **نـبووەتیەتی و شـەجەرەی موبارەکەش داری هیدایەتی پێغەمبەری مـەزنی ئـیسلامە (و لولم تـمسسە )** ئاماژە و ئیشارە بەوە، کە قسە بکایا نەکا فەرمانی ئەو رونە و زەیتی وی نور ئەفشانە.

۲ـ هەندێتر لە بابەت حەزرەتی ئیبراهیم خەلیلو لأیەوەی ئەزانن و ئـەبێژن: کـە شەجەرەی موبارەکە **دیاردەیە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کـە نـە یـەهودی بـووە و نـە نەسرانی و (نورعلی نور)** ئیشارەتە بە فرەبونی نـوری مـحەمەد پـێغەمبەری مـەزنی ئیسلام بە سەر نوری حەزرەتی ئیبراهیمدا.

۳ـ هەندێ لایان وایە واتاکەی عامە و هەر مرۆڤێکی مۆمین دەگرێتەوە و دەڵێن: کە میشکات نەفسی مۆمینە؛ زوجاجەش دلێەتی و میسباح بـڕوایـەتی و شـەجەرەش داری ئیخلاس یەتی.

۴ـ حوکەما و تویانە: ئەم تەمسیلە ئیشارە بە قووای پەنجەی دە راکە یە، کە برێتیز لە: حەساسە، خەیاڵ، فیکر، ئاوەز و نەفسی قودسییەی ئیلاهی.

۶ـ ئیبنی عەبباس فەر موویەتی (هَذا نورالله و هُداهُ فِي قلبِ المؤمنِ كما يَكادُ زيتُ المصباحِ يضئُ قبلَ آنْ تَمَسَّهُ النارُ، فاذا مَسَّهُ الناسُ از دادضوءً علي ضوئِهِ كذالك قلبُ المؤمن يَعْلَمُ بالهُدٰى قبلَ اَنْ ياتيَهُ العِلمُ فاذا جائه العِلمُ اِزداد هُدىً علي هدىً و نورا علي نورٍ) خاوەنی (تفسير الجواهير) لەج ۱۲ لاپەڕەی ۲۵ دادەنووسێ: حیکمەت لەنازڵ بونی ئەمئایەتە دوای ئایاتی (عِتق و نِكاح و قذف) ئەمەیە: کە موسڵمانان ئـاگـادار بـن تـا بـە خەریک بون بەئەحکامی شەرع و ئە نجام دانی کار و باری کۆمە لأیەتی و دینییەوە، لەبیر کـردنەوە لەعەجباتی خلیقەت غـافڵ نـەبن و عـیلمی فـیقە ئـەوان لە عـیلمی کـائنات نەگێڕێتەوەو لە لاپەڕەی ۴۹ شدادە بێژێ: لەتەواوی، ئەدیان و عەقایید و میلەل و نیحەل داهەمو کەسێک خوای نور بە جۆرێک دەپەرستن، چونکا ئینسان بـە فـیترەتی خـۆی

ئەویندارى نورە، نور بنچینەى ژیانە، ساوێچوواندنى خوا بە نور وێچواندنێکە بە فیترەتى مرۆڤ نێزیکە.

لێکۆڵەرانى ئوروپاییش توێژانەوەیان لەسەر ئایەتەوە ئەنجام داوە (بلاشهر، وەرگێڕانى قورئان بە نەقڵ لەکلێرمۆن گانو، ج ٣ لاپەڕەى ١٠١٢٠) Cermontcanneau ویستویانە وێنەیێ لەپەراوە عاسمانییە کانى ترا پەیا بکەن و دیاردەیان بۆپەراوەى عەهدى عەتیق کردوەکە نوسراوە: (و بە منى وت: چدەبینى؟ وتم: روانیم وائێستا شەم دانێک کە هەموى لە تەلایە و رۆ ندانیشى بە سەرە وەیە و حەوت چراى لە سەرە و هەر چرا یەکیش حەوت لولەى هەیە و لە کەناریشى دو دارى زەیتون هەیە کە یەکیان بە لاى راستى رۆندانەکە وئەوى تریشان بە لاى چە پیەوەیەتى.)

یەکێتر کۆشاوە کە لەم مەسەلە قورئانەدا لە روانگاى قەندیلى راهیبان دالە تێئۆرى مەسیحى‌دا شتێک بدۆزێتەوە (ریچارد بیل Richardbell ئینگلیسى لاپەرەى ١٣٦ هەر ئەو پەڕاوەیە، بە ئیشارەت بە میسباح راهیبانى نەسارا کە لە بیاوانا، لەدور روناکى دەدا، ئەمەى لەدیوانى ئیمرو لقەیسى هاوردوە. يُضِئُ سَناهُ أَوْ مصابيحُ راهبٍ، امالَ السليط بالذبالِ المُفَتّلِ دیوانى ئیمرو لقەیس لاپەرەى ٦٦ چاپى لیدن. هەمو ئەزانین ئەم شاعیرە ناوى ئیبنى حەجەرى ئیبنى عومەرولکەندى یەوئەهلى نەجدە و شاعیرى عەسرى جاهلیە و ١٣٠ ساڵ بەر لە هیجرەت ژیاوە و رایگەیاندوە کەئەم تەمسیلە کە نیسەکانى رۆمى شەرقى کە لە رۆژگارى بیعسەتى رەسول‌لە دەشتەکانى شاما زۆر بون دێنێتەوە یاد بە لام ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەى زانایانى موسنەى بلاشێرى پایە و مایەیەکى واى نیە، دڵ خۆشکەربێ.

یەکێک لەمە لاکەورەکانى کوردیش بەناوى (مەلا عەبدولکەریم ناودار بە شیرازى) باپیرە گەورەى: (شە پۆل) لە راڤە کردنى ئەم ئایەتە نوسیویەتى: (الله نورالسموات و الارض) واتا: خواى بەرزو بێچون روناک کەرەوەى‌ئاسمانە بەخۆر و مانگ و ئەستێرە و رازێنەرى زەویە، بەدار و گوڵ و ئاووروانگا و جۆگە و شەتاو‌هەروا کوتویانە: رازێنەرى ئاسمانە، بەپەرى و سرۆش بە ناردنى پێغەمبەران رێ ئیشاندەرى ئەهلى زەوى و ئاسمانە بە نورى خۆى .. نورى خودا وەحییە و پەیامیەتى (مثل نوره کمشکوة فیها

Dr.Saleh Ebrahimi

مەبەستیش بەو تاقەقیندیلە، کە پلیتەیان تێ خستبێ وهەڵیان گرتبێ و روشنیان کردبێ ، بەڵێ مەسەلی قورئان وەکو چرایەکە و تاقی وی‌قیندیل یەتی و ئەو خوێنە رەشەوا، لەدەرونی جەرگدایە وەکو ئەوگرەیە، وا بەسەر پلیتەی چراوەیە.

گەلۆ، چرا کە پێغەمبەرە، کە لەدار و ریشەی ئیبراهیمە ئەبو بەکر عەتیقی سوراوایی لەتەفسیری تاهیریدا داستانێکی نێزیک بەوقسانەی نوسیوە و دەڵی کە بولئەحباریش و تویە تی: حەزرەتی محەمەدمیشکاتە و زوجاجە و.میسباحیش دورو نوری نبووەتن، خوانوری ئیمان و بڕواله ناودڵێکادائەنێ کە روناک و بەڕاق بێ، سۆفییەکان: سەهلی کوڕی عەبدولای، توستەری (شوشتەری) کە لەساڵی ۲۰۰ لەدایک بووە و لەساڵی ٥ دا مردووە لە (تفسیرالقرانِ) خۆیدا بەنەقل لەحەسەنی بەسری دەڵێ: (مثل نوره) دڵی عارف و زیبای تەوحیدە، چونکا دڵی پێغەمبەران لەوە روناکترە کەبشێ بەم جۆرە نورانەی وێچوێنین، هەرواگوتویەتی: نوری قورئان وەکو چرادانێکە کە چراکەی مەعریفەتە و پلیتە کەشی فەرایزە و رۆنەکەشی ئیخلاسە و روناکی یەکەشی و یساله، دیارە هەرچی لەئیخلاس زیادکرێ نوری چراکە زێدەتر دەبێ و هەرچی لەفەرایزیش چاکترئەنجام بدرێ‌رەنگ و بریقەی زیاتر دەبێ.

(عەبدورەحمانی سوللەمی) نوسیویەتی: دڵ و دەرونی عارف وەکو ئاسمانە، هەر وەکوئاسمان بە دوانزە بورجی ئاسمانی راوە ستاوە و نەزمی جیهان راگیر اوە هەرواش تا دوانزە خەسلەت لەدڵی عارفدا پایەدارە، نەفسی ئەو بە نوری عافییەت نورانی‌یە.

**روزبەهان بەقلی**: نوری خواجێگای دڵە و دڵ عەرشی خوایە قلب المؤمن عرش الرحمن، غایة الامکان فی‌درایة المکان نوسراوی **قدوة المحققین و خواناسان: مەحمود بن خواداد ـ ی شنۆیی** کەلە سەتەی ۶ و ۷ی مانگیدا ژیاوە یا مەجموعەی ئاساری فارسی لاپەرەی ۲۶ چاپی ۱۳۶۸ هەتاوی.

**خواجەعەبدولاهی ئەنساریش** نوسیویەتی: نور هەندێکیان زاهرن و هەندێکیشیان باتینن، بۆنوری زاهری خوا فەرمویەتی: **(جعلنا سراجا وهاجا)** بۆ نوری باتینیش فەرمویەتی: **(فمن شرح‌الله فهو علی نور من ربه)** نوری زاهیر نوری مانگ و

ڕۆژە، نوری باتینیش نوری تەوحیدو ماریفەت، نوری مانگ و ڕۆژ ئەگەر چی جوان و خوشیکن بە لاّم ڕۆژێک بە کوسوف و خوسوف دەگیر درێن بە لاّم ڕۆژی ماریفەت ماریفەت و نوری تەوحید کەلەریشە و ناخی دڵ دەدا و ئەروێ، هەرگیز کوسوف و خوسوفِ بۆنیە و تاریکدا نایێ خۆر هەلاتێکە بێ غوروب، کەشفێکە بێ‌کوسوف و ئیشراقێکە، لەپلەی ئەوین و ئیشتیاقدا(ان شمس النهار تغرب الليل و شمس القلوب ليست تغيب) حوسەینی کوری مەنسوری هەلاج شەهید ۳۰۹ی مانگی دەبێژێ: لەکاسەی سەرانوری وەحی هەیە و لەنێوان دوچاودانوری موناجات و لەگوێچکەدانوری یەقین و لەزوانا نوری بەیان و لەسینگا نوری ئیمان و لە تەبیعەت و خۆکردا نوری تەسبیح: (سەبحە) هەرکاتێ یەکێک لە و نورانە گڕبگرێ بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەبێ؟

(محیّدینی عەرەبی) لەتەفسیر ەکەی خۆیدا دەنوسێ (الله نورالسموات والارض) واتا: نوێنگە ی ئاسمان ڕۆحەو هی زەوییش لەشە، نوریش: بونەوەر و وجودی موتلّەقە، کەگشت بونەوەرانی، جیهان لەسۆینگەی ئەوەوە بونەتە بونەوەر وهاتو نەتە وجود (مَثَل نوره) واتا: سیسفەتی وجودی حەق و زوهوری ئەوە (كمثل مشكوة فيها مصباح) ئیشارەتە بۆتاریک و نوتەکی لەشی‌و نورانی بونی وی بە نوری ڕۆح و گیان. زوجاجەش ئیشارەیە، بە دڵ و دەرونی نورانی عارف و خواناس کە بەنوری ئیشراق وەکو چرا بەگڕروناک بۆتەوە، کەوکەبی دوری دڵی عارف و درە و شینە وەی ئەوە، شەجەرەی موبارەکەش: نەفسی قودسییەی پاک و چاکە، کە روناکە. مەولەوی دەبێژێ: (بە رگی ۴ مەثنەوی پەرەی ۴۲۵ - لە بابەت لاشرقيه و لا غربيه):

قابل تغییر اوصاف‌تن است — روح باقی آفتاب روشن است
اوست بی‌تغییر لا شرقیه — نی ز تبدیل که لا غربیه

و سەبارەت بە واتای (نور علی نور) یش دەڵێ:

نور حسی رو که نورش راکب است — حسرا آن نور نیکو صاحب است
نور حسی میکشد سوی سرا — نور حقش می‌برد سوی علا
نور حسرا نور حق تزیین بود — معنی (نور عَلَیٰ نور) این بُود

الله نورالسموات والارض: دە توانین بێژین مرۆڤ بە هۆش بێ و دڵی لای خوابێ

دەبێتە میشکات کە لەودا شوشەیەک هەیە کەلە و شوشەدا چرایەک هەیەکە نوری خوایەو دڵ دوای کرانەوە وەکو ئەستێرەی دوڕی لێ دێ و رون دەبێتەوە، لەنوری داری مدفەرک و موبارەکەی، پرسود بونی رۆحانێتی یادو زیکر خوایە. کە نەلە خۆر هەلاتەوە یەو نەلەخۆراواوەیە. بە ڵکو لەرێگای دڵ و دەرون کە نە خۆر هەڵاتی یە و نە خۆراوایی یە ئاشکرادەبێ ( **و لولم تمسسه نار**) واتا: ئەگەر دڵ لەیادی خوا غافڵ نەبێ کە بە پێی: ( **وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِالرَّحْمٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطٰاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ**) سورەی ٤٣ (زوخروف) ئایەی ٣٦ دبێتە هۆی نێزیک بونەوەی شەیتان کە لە ئاگرە (**نور علی نور**) لە نور و تیشکی ئەو زیادە دەبێ تاهەموی دەبێتەنورو تێریژ و خۆر،روناکایی، بە واتایێ تر ئەورۆنە هەمیشە نوردەها وێژەی: ئەگەر چی ئاگریشی: نەگاتێ: کە ئاور هۆی نور و روناکایی یە: واتا: لەدڵ و هەناو پەیتا پەی تاگرێ نور و تیشک هەڵدەستێ و نور دەداتەوە و ئەم شوشە بلورە: (**فی بيوتٍ اذِنَ اللّٰهُ اَنْ تُرفَعَ و يُذكَر فيهااسمُهُ**) چونکا مرۆڤی دەرون نورانی خەریکی خواناسی و خوادۆزی یەو لەیادی خوا دایە، جا لەبەر ئەمە سربتەدای مەحزوفێ کە (فی بیوت) دەبێتەخەبەری، ئەگەر (هذه الزجاجة) ... مەبەست لەبیوت لەشی مرۆڤە، چونکا ئەونە نورانی یە، کەهەمان عالەمی میسالە، کەلەخانو پنجەی لەشی دایە. ئەگەر موبتەدای حەزف کراو (هذەالمشکوة) بگرین ئەشێ مەبەست لە (بیوت) مەقامی خەلوەت بگرین واتا: ئەو دڵە نورانی یە، کە لەدەرونی ئە و نور دێتەدەر، هەر ئەو مەقامە پاک و خەڵوەتی دڵ و دەرونە. بۆ بەیانی: مَثَل نوره) شی دەفەرموێ: ( **يسبح له فيها بالغدو و الآصالِ رجالٌ لاتلهيهم تجارة ولا بيع عن ذكرالله**) واتا: مرۆڤ گەلێک هەن کەلە و خانوچکەدا هەر کەرەبەیانیان بولێڵە و شەونیوەشەو، یادی خوا دەکەن و کڕین و فرۆتن و بەرژەندی ئەم جیهانە ئەوان لەخوا دورەوەناخا.

سەرچاوە:

تەفسیرالمصحف المفسر دوکتور فەریدوەجدی

* تەفسیری مەفاتیحالغیب:( تەفسیری کەبیر نوسراوی ئیمام رازی.

* الاتقان فی علوم‌القرآن: جلال‌الدين سيوطی.

Dr.Saleh Ebrahimi

* استعارات قرآنی: دکتر صباح
* تەفسیری مراغی: احمد مسطفی المراغی.
* دایرةالمعارف مذاهب (انسیکلوپیدٰی مذاهب)
*تەفسیری فی ظلال القرآن : سیدقطلب.
* تەفسیری جواهر ناودار بەتەنتا وی‌ج ١٢ لاپەرەی ١٣ و ٢٥ و ٤٩ چاپی میسر.
* منظومەی حاج ملاهادی سبزواری لاپەرەی ٧ و ٣٠٦
* تەبیعیات، نجات شیخ ابوعلی سینالاپەرەی ٧٤ و ٢٦٩ چاپی مصر.
* تنزیةالقرآن عن‌المطاعن: قاضی‌عبدالجبار معتزلی لاپەرەی ٢٥٢.
* مشکات‌الانوار: ئیمام محمد غزالی.
* شرح اشارات ج ١ لاپەرەی ٥٣ چاپی مصر.
* الاشارات و التنبیهات ج ١ لاپەرەی ١٥ چاپی مصر ١٣٢٥ هـ
* تەفسیر بیضاوی ج ٤/٤٠٠.
* تەفسیرِ تەبەری ج ١٨ لاپەرەی ١٠٧ و ١٠٤.
* دیوان امرؤ القیس لاپەرەی ٦٦.
* تەفسیر ابن کثیرج ٦ لاپەرەی ١٢.
* کشف‌الاسرار ج ٨ لاپەری ٧٣٠ (تفسیر ابوالفضل میبدی ناودار بە تەفسیر خواجە عبدالله انصاری.
* مقدمەی کتابِ‌المصاحف طبع ارتور جفری ٦٥ و ١٥٠.
* تەفسیر محی‌الدین عربی.
*المعجم المفهرس للقرآن لاپەرەی ٧٢٥
* امثال‌القرآن الماوردی.
* تاریخ قرآن نولد شوالی.
*بلاشر: ترجمەی قرآن بنقل لە کلرمون گانو.
* تەفسیر ئەلمەنار: محمدرشید رضا تقریرات - درس شیخ محمد عبدە.
* تەفسیری قورتوبی الجامع لاحکام القرآن : محمداحمد الانصار القرطبی بیروت ١٩٦٥

* تەفسیر روح‌المعانی: علامه شهاب‌الدین محمود آلوسی.
* امثال‌القرآن ابوعبدالرحمن .
* تەفسیر کەشاف ابوالقاسم محمود زمخشری.
* الحواشی المدینة: شیخ محمد سلیمان کوردی مدنی
* تاریخ قرآن هیرشفلد.
* تەفسیر لباب الالباب خازن.
* دائرةالمعارف الاسلام (انسیکوپیدیا اسلام).
* المستقصی فی‌الامثال.
* تەفسیر روزبهان (عرایس البیان).
* تعلیقات فی‌القرآن: علاّمه عبدالکریم ناو دار بەشیرازی.

ئەم وتاروتەفسیری ئایەی نوره له ژمارەکانی ۶۴ و ۶۵ و ۶۶ و ۶۷ گۆواری سروه سالی حەوتەم چاپی ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەده بی‌کوردی صەلاحەدین ئەیوبی سالی ۱۳۷۰ ی‌ه تاوی، بلاوکراوه تەوه به لام بداخەوه هەلەی چاپی زۆربو، کاک ئەحمەدشەریفی ئافەرین نامەیەکی لەسەر نوسیوه و له روژنامەی حەوتانەکەله تاران چاپ دەبێ لەژمارەکانی ۴۰۹ و ۴۱۰ سالی ۱۰ ئابی ۱۹۹۲ زاینی بلاوکراوەتەوەو بەکورتی به مجورەیه:

وەرگێران ورافەکردنی قورئانی پیروز بەزمانی کوردی، لەنا و کوردان کاریکه تازه.

دوکتور کامران بەدرخان لەسالەکانی (۴۰)ی زاینی لەشاری شامی سوریه مانگنامەی (روژانوێی) بەزاراوەی کرمانجی و پیتی لاتین دەردەخست، لەوان سالان دا دەکەوێتە سەرئەم ئەندێشەیەکە بە شێک لەقورئانی پیروزیش بکاتەکوردی و لەلاپەرەکانی روژانوی دا بلاوی بکاتەوه و ئەم کارەشی ئەنجام دا و بوهه وەلێن جار، لەمێژوی کوردستان و ئیسلامدا، چەندسوریەکی لەقورئانی کەریم، وەرگێرایە سەر زاراوەی کرمانجی ولەلاپەرەکانی گوڤاری روژانوی چاپیکرد کە بەناوی (تەفسیری قورئانا پیروز) بلاو بوەوه.

پاش ئەم کارە بەنرخ و بەجێ یەی رەحمەتی کامران بەدرخان، زۆر کوردی تر خۆیان لەقەرەی رافەو وەرگێرانی قورئانی پیرۆز دا و سورەکانی قورئانیان بەهەر دو زاراوەی سەرەکی (کرمانجی سەرو و کرمانجی خوارو)

**بەلام رەنگە ئاخرین کارێکی کەلەم مەیدانەدا کرابێ، کارەکەی ماموستا دوکتور مەمحەمەد سالحی ئیبراهیمی بێ کە ئایەتەکانی کردوتە کوردی و لێکیداوەتەوە، هەڵسەنگاندنی ئایەی نوری بە شێوەی لێکولینەوەی زانستی کە لە ژمارەکانی ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧ گوڤاری سروەدا بلاو کراوەتەوە.**

ماموستا حاجی مەلاساڵەی ئیبراهیمی (شەپول) یەکێک لەو نوسەرە کوردانەیە، کەچەندین ساڵە خەریکی خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی یە و لەم رێگا یەدا زۆر هەنگاوی بەکەڵک و سودمەندی هەڵگرتووە و خزمەتێکی باش و بەرچاوی بە کتێبخانەی نەتەوەکەی کردووە، کەلەمبوارە دا ئاخرین کاری ماموستاحاجی مەلاساڵەرافەکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە بەتەواوەتی کە بە شێوە یەکی زانستیانە ئەنجامی داوە و ئیستا لەدار القرئان لەژێر چاپ دایە.

هەروەک عەرزم کردن، بە شێک لە رافەکردنەکەی سورەی نورە لەگوڤاری سروەدا بلاو کراوەتەوە.

وە رگێران ورافەکردنەکەی ماموستا حاجی مەلاساڵە بەراستی بە شێوە یەکی زانستی، عیلمی ئەنجام دراوە و بەزمانێکی کوردی زۆرسادە و ساکار، ئایەتەکانی لێکدا وەتەوە ئەم کارەش کرنگیی یەکی زۆری بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، هەیە و ئەو کەسانەی کە دەیانە وێ لە فەرمو دەکانی یەزدانی مەزن بەکوردی حاڵی بن، بەراحەتی دەتوانن سود لەم کارە گرنگەی حاجی مەلاساڵە وەربگرن.

حاجی مەلاساڵە ئایەتی ٣٥ی سورەی نور بەم جۆرە رافەدەکا:

خوا نوری ئاسمان و زەوینە، مەسەلەی نوری خوا، وەکو چرا دانێکە کە لەوا چرایەکی (پڕ نور) هەبێ. ئە و جرایەش لەناو جوبابیک (رو پۆشی چرا، لەشوشە یابلور) دا بێ، حوبابێکی بێ گەرد وگرشەدار، وەکو ئەستێرە یەکی ورشەدار ئەو چرایە بە رونێک روناک ئە بێ وگڕ ئەگرێ کە لە زیتونێکی پرپیت و بەرەکەت گیراوە، کە نە خۆر هەڵاتی یەو

نه خۆر ئاوایی یه (رۆنه که ئەو نه بێخوش و بالأوته و پاکه) نێزیکه بێ ئەوەی ئاگـری بگاتێ، گربگرێ و بایسیێ نور لەسەر نوره (تیرێژوتیشک به سەر تیشک‌دا تـیرێژ دەهـا وێ)

هەرکەسێک خوا بیەوێ، بەرەونوری خۆی رێنوێنی و هیدایەتی ئەکا، خوا ئاگای لەهەمو شێک هەیه.

(ئەم چراپرتیشکه) لەناو خانو بەرەگەلێک دایەکه خوا ئیجازەی داوه دیوارەکانیان به رزو بلّیند بکرێتەوه (تادزوچەته و جەردەپەی پیّ نەبات).

مەلا سـالّه، لەلاپـەرەکـانی (١١-١٠)ی سـروەدا، واتـا و مـانای و شـەی نـوری لەروانگەی قورئانی پیرۆزەوه بەشێوەی تەفسیری قورئان به قورئان لێکـداوەتـەوه و زۆر بەوردی لەوشەکەی کۆلّیوەتەوه، رەنگەئەوه تەنیا رافه و وەرگێرانی قورئانی پیرۆزبیّ، به کوردی که رافەکەی به شێوەیه کی عیلمی و زانستی یەکه پەرژاوەته سەر لێکدانـەوەی ماناو واتای و شەگەلی قورئان.

بەشی دوەمی رافەی سورەی نور و ئایەتەکانی لەژمارەی ٦٥ی گۆڤـاری سـروەدا بلاّو بۆتەوه، لەوبەشەش‌دا، حاجی مەلاساڵه هەمیسان، لەسەر رافه کردنه کەی دەروا و بیرو بروای زانایانی ئیسلامی لەم بارەوه لێکدەداتەوه و دەنوسیّ:

هەندیّ وتویانه مەبەست هەمان نوری رێـنوێنی و هـیدایـەته کـه خـواله نـاو دلّ ودەرونی خودان بروایاندا گیرساندویەتی.

هەندێکیش ئەوەیان بەواتەی قورئان گرتووه کەلەناخی دلیّ مرۆڤ نور و تـیرێژ ئەهاوێژێ...

حاجی مامۆستا مەلا ساله، درێژەبەرافه کردنی ئایەتەکانی سورەی نور دەدات و بەشی سێ یه می ئەم و تارەگرنگەی له ژمارەی ٦٦ سروەدا چاپ کراوه، که له به شـی لێکـدانـەوەی و شـەپیرۆزەکـانی (میشکـات، زجـاجه: مصباح شـەجرەو زیَت) دا دەنوسێ:هەریەکه لەوپیتانه، ئاماژە کردنێکه بۆیەکێک لەو حەواسه، قـەوەی حەسـاسه بەمیشکات ناوبراوه که جێگای چرادانه و روی لەشتانی زاهیرە ئەوانه، رو ناک دەکاتەوه تاهیزەکانی‌تر ئەوانه دەرک بکەن.

قەوەی خەیاڵییەش بە (زجاجە) ناوبراوە، تا سووەری مودریکات لەهەر لایەکەوە دەرک بکاو ئەوانەش بە ئەنواری عەقڵی روناک بکاتەوە

قەوەی ئاقیلەش بە (مصباح) ناوبراوە کە ئیدراکات کوللی و مەعارفی ئیلاهی لەناو دڵ و دەرو نارون هەڵ بکا.

قەوەی موتەفەکیرەیش بە (شەجەرەی موبارەکە) ناوبراوە، چونکائەگەرلە... ئەعرازی جسمانی خاڵی بێ، نەشەرقی و نەغەربی دەبێ

قەوەی قودسی یەی ئیلاهیش بە (زیت) ناوبراوە، کەلەبەر بریقە بریق و بێ گەردی، بێ ئەوەی ئاگری، فێرکردن و بیرکردنە وەی پێ بکا، لەخۆوە نور ئەفشانی دەکاو دەست دەکا بە نور دانەوە و تیرێژ هاویشتن، هەروا دەڵێن کەئەم ئایەتە، تە مسیلێکە لەقەوەی عاقیلە، لەسەر پلەو پایەکانی وجودی خۆیدا، کاتێ بە زانستی زەرو ری بنەخشن و هەستی پاژەو جوزیی بۆدەست بدا وەکو ئاوێنەی لێ دێ کەوا مەبەستی نەوزەری تێدا دیاری دەدا، سائەگەر پلە و پایەی زانست ئەوی بۆلای تێفکرین را بەری ...

سەر زمانی کوردی.

محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی: (شەپۆل) ئەم کتێبانەی نوسیوە:

١-دین وئەدەب چاپی ١٣٦١/٦/٢٨ھ تاران.

٢-کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی نەو رۆژی ٥٩و ١٣٦٠ ھ-تاران.

٤-باوی کۆمەلأیەتی ومێژویی... چاپی نەو رۆژی ١٣٥٧ھ-تاران کەئێستابەناوی باوی کوردەواری بۆجاری دوەم لەبن چاپدایە.

٥-بەرگی یەکەمی زانایانی کورد... یاگەنجینەی فەرهەنگ و زانستچاپی ١٣٦٤ تاران.

٦-تەفسیری سورەی فاتحةالکتاب چاپی ١٣٦٦ھ

٧-نۆ ژمارە کۆوار بەناوی گرشەی کوردستان، کە، یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ زلەتاران بلأو کراوەتەوە.

٨-ئینسان وبڕوا: (وەرگەراوەیە) چاپی ١٣٦١ ھ تاران.

٩-شارەمێش هەنگوین تەرجەمەی سورەی موبارەکەی نەحلە، وەئەم کتێبانەشی ئامادەی چاپن.

١-تەفسیری قورئان تەرجەمەلەروی المصحف المفسر نوسراوی فەریدوەجدی لەئەوەڵی قورئانەوەتا ئاخرین سورەی قورئان.

٢-بەرگی ٢و ٣و ٤و ٥ زانایانی کورد.. یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست.

٣-نویژ بە فارسی وبەکوردی.

٤-عیلمی کەلام.

٥-شەرحی حاڵی حەزرەتی محمد (د-خ)وخولەفای راشیدین بەکوردی و بەکورتی.

٦-شەرحی حاڵی ئیمامی شافعی، حەنەفی، مالکی، حەنبەلی، ماتریدی و عقایدی فقهی ئەوان.

٧-حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری، قدس سره العزیز.

٨-تەرجەمەی ئایاتی مونتە خەبەی قورئان.

Dr.Saleh Ebrahimi

٩ـ حەزرەتی ئیمام شافعی و بیروڕای فقهی و ئوصولی ئەو پێشەوایەو داب‌و دەستوری نوێژ بەپێی فِقْهِ ئەو زاتە، بەوێنەی کتێبێک کەبەوێنەی وتاریش لەرۆژنـامەی شەهـادە ی کوردی بلاْو کراوەتەوە لە ژمارەی ٢٢٣ تا ٢٢٨.

وێنەی بیبلۆگرافی یاکتێب ناسی نوسراوەکانیش بەم جۆرەن: ژیناوەری زانایانی کورد لەجهانی ئیسلامەتی، یاگەنجینەی فەرهەنگ وزانست:

کەشەرحی گەورە بیاوان ونوسەران وشـاعیرانـی کـوردە، بەزمـانی کـوردی: وەکـو: مەولانا خالد شارەزوری، شێخی ئیشراق و بیرو ڕای ئەو لەبابەت فەلسەفەی ئیشراقەوە، غەوثی گەیلانی، حەزرەتی شێخ‌عوبەیدیلانەهری، سەید طەی شەمزینی عەبدولقـادر: عەوثی ثانی، مەلا ئەبو بەکری موصەنیف ـ حوسێن حُزْنی ـ مەلاعەلی تورجان، دوکتور کامران بەدرخان ـ ئەحمەدی خانی ـ حاجی قـادری کـۆیی ـ مـەلای جـریزی ـ حـاجی خەلیفە مەلا محەمەد: (بەها) موفتی زەهاوی، وەفایی ـ میرزا عەلی قازی، نورنیساخانم، دارە مر واری یا شجرةالدر ـ مەلا محەمەد قـزلجی، مـەلا رەحمـانی پێنجوێنی ـ بـەدیع الزمانی کوردستانی، عەلامە شەعیدنورسی، بێسارانی، مەحوی ـ زەیوەر ـ حەریق ـ فەقێ تەیران، عەلی تەرموکی، ئـامێدی، مـەجدی، مـەستورە، نـالی ـ عـەلامەعەبدوڵلابێتوشی عەلی ئەصغەری کوردستانی ـ پیرە مێرد ـ تاهیربەگ ـ گـیوی موکریـانی ـ ابـن‌الحـاجب شارەزوری، صەیدی هەورامی، ئەمینی ئەودالْ، ئیبنوجەنی ـ عەلامە کەماڵەدین‌وزانایانی شارەزوری وئامێدی، ئیبنو صەلاح ـ خازنی ـ عەبدوالرحیم مەولەوی، عەلی حـەریری، مـەلاخەلیلی سـیرتی، شـێخ یـوسف ئـوغلو، دڵـدار ـ قـاناتی کـوردۆ، شـامیلۆف، رەشیدیاسەمی

عەلی سیاباندۆف ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی سلطان العرفا: حاجی سەید عەبدوڵا گەیلانی زادە ـ سالم سنەیی، شێخ رەزاتالەبانی ـ گـۆران، حـەمدی ـ مەلایەحیـامزوری، شێخ عەبدورەحمان روژبەیانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی ئەمر ـ بەدرخان، شێخ سەلام بارزانی ـ عەزیزخان سەرداری بۆکان ـ کوری خەلەکان ـ ئەبوفیدای ئەیوبی،

Dr.Saleh Ebrahimi

شێخ نورەدینی بریفکانی ـ باباطاهری عوریان ـ مەلاپەرێشانی لور ـ شێخی شەرقاوی.
بەرگی یەکەم چاپخانەی مەهارەت ـ تاران ـ لە ساڵی ۱۳۶۴ هەتاوی لەچاپ دراوەو ۸۸۶ لاپەڕەیەو بەزمانی کوردی یە.

هەر لەباسی فەلسەفەی ئیشرافەوە تادەگاتەباسی فەقێیەتی و ئەدەب و فقەاللغەو کەرت کردنی واژەو واژەنامەکەی پڕو تەژی یە لەمەبەستی زانستی و لێکۆڵینەوەو وردەکاری عیلمی جوان و رازاوە.

باوی کوردەواری:

چەن مەبەستی جیاجیایە بەزمانی کوردی وەکو: بەهاری ئازادی، نەورۆز، کوڵەچوارشەمە، هەتەرێ ومەتەرێ، کۆسە، میرمیرین، سیانزەبەدەر، داب و دەستوری فەقێ یەتی، بەیت وباو، لێکۆڵینەوە، چریکەی شەو یاروشەو بۆوچەن چیروک ومەبەستی مێژویی، وەکو مێژوی هۆزی شوانکارە، چاپخانەی جەواهیری ـ تاران ـ چاپی ساڵی ۱۹۸۰ زاینی، دوسەت وحەوت لاپەڕەیە.

۱ـ پەند یا ئەمساڵی قورئان:

ئەم کتێبە پڕ پڕە لەمەستی جوان و وردی کەلامی وکۆمەڵ ناسی و علمی وفەلسەفی و دینی و ئەخلاقی، لە بابەت واتای ئەمسالی قورئان و بەراورد کردن لەگەڵ چەن پەندی کوردی و تەفسیری چەن ئایەت بە شێوەی تەفسیری مەوضوعی، فەلسەفەی چاوە دێری گشتی، واتا کردنی ئایەی نور بەشێوەی وردی زانستی و دەر برینی بیرواری زانایان لەو بابەتەوە، بڕواو ئیمان و زانست و عیلمی کەلام، کەلەچاپخانەی:
مەهارت ـ تاران، چاپی یەکەم، ساڵی ۱۳۶۲ هەتاوی لە ۲۷۸ لاپەڕە لەچاپ دراوەونرخی ۳۵ تمەنە، بەزمانی کوردی نوسراوە.

۲ـ کوڕوکاش یا مێژوی موکریان:

لەبابەت مێژوی مەهابادو مەڵبەندی موکریانەوە بەزمانی کوردی باس دەکاو لەچاپخانەی پیرۆز ـ تاران چاپی یەکەم ساڵی ۱۳۶۶ هەتاوی لە ۲۹۸ لاپەڕە لەچاپ دراوەو

نرخی ٨٩ تمەنە.

٣ـکۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی؛

برێ لەبابەت باوی کوردەواری و فۆلکلور: خەتە نەسوران و ژن هێنان و داب‌و دەستوری مەرو مالأت بەخێو کردن و هۆزەواری و یەکتر ناسینەوە بەکوردی قسەدەکا- چاپخانە جواهیری ـ تاران ـ لە سالّی ١٩٦١ زاینی لە ١١٢ لاپەڕە لەچاپ‌دراوە ونرخی ١٥ تمەنە.

٤ـگرشەی کوردستان ؛

کۆواری گرشەی کوردستان ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨١/٣/١ زاینی بلأو کراوەتەوەوتا نۆ ژمارەی لیّ چاپ‌کراوە وبەوێنەی کتێب لەیەک بەرگدا کۆ کراوە تەوە، ئەم کۆوارەزیاتر بەئەدەب و وێژاوەری و هۆنەوچریکەو فۆلکلورو باوی کوردەواری و فەرهەنگ گرینگی داوەو جوان و پڕە لەمەبەستی جوان جوان.

٥ـ دین و ئەدەب یاقسەی دابێژ راوی پاراوی زوانی کوردی:

هەندێ مەبەستی‌دینی یە لەبابەت (شوراو اولی الامر)کارو عەدالّەتی کۆمەلأیەتی، مافی ژن و بانگ کردن بۆیەکیەتی و شیرین زمانی و زمان و خوێندن و صەبرو دین و ئەدەب‌و جەبروئیختیارو نزولی قورئان، هیدایەت، رۆژوگرتن، بەزمانی کوردی قسە دەکاو لەپەڕەی ١٦١ تا ٢٤٣ تەفسیری سورتە کورتەکانی قورئانی پیرۆزە بەکوردی یەو لە چاپخانەی ئارمان ـ تاران ـ لەسالی ١٣٦٢ هەتاوی چاپ‌بووەو ٢٥٣ لاپەڕەیەو نرخی ٣٥ تمەنە.

٦ـ تەفسیری فاتحةالکتاب بەکوردی ؛

ئەم و تویژە لە روژنامەی شە هادەی کوردی سالی ٦ ژمارەی ٢٨٢ در ٢٦ سپتامبر ١٩٨٩ ی زاینی و ٤ی رەزبەر (بەران)ی ٢٦٠١ ک و ٢٥ سەفەری ١٤١٠ی مانگی و ٤ ی میهری ١٣٦٨ی هە تاوی لەگەلّ وینە چاپکراوە.

**بیلوگرافی یاکتێب ناسی ؛**

* **ناوی کتیب:** تەفسیری فاتحة الکتاب بەکوردی.
* **نوسەر:** محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل).
* **ناشر:** بە هەوکاری معاونت بین‌الملل تەبلیغاتی ئیسلامی ئێران.
* چاپی یەکەم سالی ۱۳۶۷ هەتاوی.
* تاریخی ئینتشار: ۱۳۶۷/۸/۱۴ هەتاوی.
* جیگای بلاوکردنەوە، تاران
* تیراژ ۵۰۰۰ دانە

* لەم پەراوەدا بیرو رای زانایان و تەقسیم بەندی تەفسیر زانان‌لە بابەت زانستی کەلام دا، تییداگو نجاوەو زۆر بەوردی قسەی لیکراوەو تائیستا سورەی حەمد بەم شیوە زانیاری یانە ئاوا جوان و عیلمی واتا نەکراوە.

لە ئاخر یشدا لە بابەت بیژەی قورئان بە شێوەی فقه‌اللغه زۆر زانایانە قسە کراوە و بیرورای ئیمام شافعی فەرا، ئەبو حەسەن ئەشعەری و پەیرەوانی ئەو، ئەقیدەی زجاج، لحیانی و دوکتور صبحی صالحی تیدا خونجاوە وکەمیکش لەبابەت مەسەل و چریکەی حەی بنی‌یەقطان (زیندوی بیدار) زور پرواتایانە قسە کراوە.

بنام خدای دانا و توانا

فاضل و محقق محترم جناب آقای محمد صالح ابراهیم محمدی (شەپۆل) موضوع / کتاب (تەفسیری فاتحة الکتاب).

با عرض سلام و آرزوی موفقیت بیشتر برای آن محقق فرزانه، به استحضار می‌رساند که کتاب فوق‌الذکر را، که به زبان کردی نوشته‌اید، با علاقه و اشتیاق مطالعه نمودم.

چون کتاب مذکور برای اینجانب بسیار جالب بود لازم دانستم که بصورت اجمال و در چهارچوب تشخیص‌های خود نظر خود را راجع به آن، بشرح ذیل به عرض برسانم.

۱ـ چون تا جائی که بنده اطلاع دارم، این اولین باری است که یکی از سوره‌های قرآن

Dr.Saleh Ebrahimi

مجید، به زبان کردی بصورت یک کتاب مستقل تفسیر شده است، لذا کاری است کم‌نظیر و ابتکاریست جالب.

۲ـ از اینکه به زبان کردی حالت عرفانی می‌بخشد، قدمیست بسیار بدیع در احترام به زبان مادری نویسنده کتاب، که قابل تقدیر است.

۳ـ در مقایسه این کتاب با سایر تفسیرها یا ترجمه‌های دیگر قرآن مجید به زبان کردی، این کتاب بسیار مدرن نوشته شده است و برای خوانندگان این عصر بسیار پرکشش است.

۴ـ مسئله بسیار مثبت در تدوین کتاب این است که در تفسیر سوره مبارکه مذکور، نظر صاحبنظران مشهور را نیز عیناً درج فرموده‌اید از قبیل: زمخشری، فخرالدین رازی، محمد غزالی و غیره. که حالت استناد بیشتری به کتاب می‌دهد.

۵ـ مهمتر از همه نکات فوق‌الذکر این است، که افرادی که زبان عربی بلد نیستند و کردی بلدند، می‌توانند با سهولت این کتاب ارزشمند را بخوانند و در رابطه با شناسایی با مذهب خود، که اسلام است، از راهنمایی‌های ارزشمند آن بهره‌مند گردند.

در خاتمه امیدوارم که در خلق این قبیل آثار گرانقدر بیش از پیش توفیق حاصل کنید.

ارادتمند ـ حسن صلاح (سوران)

تهران ۱۳۶۷/۱۰/۱۱

ارادتمند ـ حسن صلاح (سۆران)

* * *

Dr.Saleh Ebrahimi



# بیرورای تەفسیرزانانی قورئان

ئەبوحەفس عومەر بن عەلیبن عادڵ حەنبەڵی دیمەشقی کە لە ٨٨٠ مانگی بە دوامردوە. لە تەفسیری ١٨ بەرگی خویدا بەناوی لوباب لە عولومی کتێبدا، وتویەتی: موجاهید **لەئیبنی عومەری بیستووەکە مرۆیێ لەکورد** **ـی** فارس ئاماژەی بە سوتاندنی ئیبراهیم کردوە. ئیبین عادلیش بە نەقڵ لە ئیبی جەریح ناوی ئەو مرویەی بە ٢ جۆر (هرین و هنرین) نوسیوەو بە یەکەم کەسی زانیوە کە مەنجەنیقی سازداوە. ئیبنی عادڵ نمرود بە شای سائیبین و بە خەڵکی بابیل: خاکی کوفە یا کێوێ بەناوی سەرکەشتی لە نەهاوەند (: نوحاوەند) داناوە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٣٧ تا ١٣٥ کتێبی کۆمەڵە و تارێ وارگەو زانایانی کورد (شەپۆل) ـو خاوەنی ئەم تەفسیرە، لە بابەت ئازەرەوە (اذ قال ابراهیم لأبیه آزر ـ ئایەتی ٧٤ سورەی ئەنعام) و تویەتی: (: ئازەر وەزیری نمرود بووە (بەرگی ١١ پەڕەی ٥٠١). قورتوبی ئەندەلوسی: عەبدوللا محەمەدبن ئەحمەد ـی ئەنصاری کە لە ٦٧١ مانگی مردوە، لە تەفسیری ٢٠ بەرگی خویدا، بەناوی جامیعی بۆ ئەحکامی قورئان، دەڵێ: (روی‌ان قائل هذە المقالة هو **رجل من الاکراد** من اعراب فارس ئەی من بادیتها و هەروا رای گەیاندوە کە ئیبنی عومەر و موجاهید و ئیبنی جەریح ناوەکەیان بە (هیزری) ناو بردوەو بە مەنجەنیق سازدانی زانیوە (قورتوبی بەرگی ١١ پەڕەی ١٣٨). قورتوبی دەڵێ (ئازەر باوك یا مام و ئاپی) ئیبراهیم بووە و (پیێ) بۆتە (بێ) و ئازەری بە (بوت) واتا کردوەو ناوی باوکی (تاروخ) بووە. (بڕوانە بەرگی ٧ پەڕەی ١٠). شەمسەدین محەمەدبن ئەحمەد شێربێنی ناودار بە خەتیبی شێربێنی کە لە ٩٧٧ مانگی وەفاتی کردوە، لە تەفسیری سیراجی مونیر ـی خویدا، نەخش و **رۆڵی کوردانی نیشان** داوە و دەڵێ: (**هذا رجل من الاکرادی** و تویانە ناوی (هینون) ە ـ بڕوانە بەرگی ٤ پەڕەی ١٨٤. خەتیبی شێربێنی هیجرەتی ئیبراهیمی لە**کۆیی** بۆ حەران، زانیوە (بەرگی ٥ پەڕەی ٧٣) نوسەر هەروا، ئیبراهیم ـی بەخەڵکی شوشی ئەهواز، داناوەو

Dr.Saleh Ebrahimi



لەگەڵ باوکیدا لە شوشەوە چوونەتە بابیل (بەرگی ١ پەڕەی ١٢٠)، ئیبراهیم (: بلە)ی بەواژەیێ **کوردی** فارسی داناوە. عەبدورەحمان بن محەمەدبن مەخلوف ئەبی زەید سەعالیبی (٧٨٦ ـ ٨٧٥ مانگی) لە کتێبی جەواهیر ـ ی حیسان ـ ی خویدا، لە پەرەی ٩٢ دا، ئەو **پیاوەی بە کورد، زانیوە**، بەڵام ناوی نەبردوە. بەغەویش لە تەفسیری لیبابو تەئویل لە نیشانە کانی تەنزیل‌دا لە رافەی ئایەتی ٦٨ سورەی ئەنبیا بەریوایەتی ئیبنی عومەر، بەڵگەی هاوردوە و رایگەندوە: کە ئەو **پیاوەکورد**، بووەو ناویشی (هیزن) بووە و تەفسیرە کانیش ئەو شوێنەیان بە **(کوێی)** داناوە. ئەبوحەسەن عەلی بن محەمەد بن ئیبراهیم بن عومەر شێخی خازین لە لوبابی تەئویلدا لە بەرگی ٥ پەڕەی ٣۴ دا، دەڵێ **(هذا رجل من الاکراد** قیل اسمه (هیزن)، لە تەیسیر و لەتیفی مەنان نوسراوە، ئەو رەحمان بن ناسر سەعدیش **بە ناوی کوێیێ** ئاماژە کریاوە و لە ئەزوائی بەیان لە ئیزاحی قورئان بە قورئاندا، وتراوە پیاوێ لە عەرەبی فارسی کە **مەبەست لەوەکورد**، بووە (بەرگی ۴ پەڕەی ٣١٣) کە هەندێ ئەو کوردەیان، بە نمرود و هەندێکیش بە **کوردێ بەناوی هیزان**، ناو بردوە (تەفسیر موقحەماتی ئەقران لە موبهماتی قورئاندا) و نوسەری جامیعی ئەحکامی قورئان، **کوردانی** عەرەبی فارسی و خودی هیزان بە ناوی کەسانێ کە دەسیان لە کاری ئاگرە کەدا هەبووە، باسی لێکردون و خێوی تەفسیری کەششاف نوسیویەتی مەبەست لە پیاوێ لە ئەعرابی **عەجەم، کوردە و** بێزاویش کەخۆی **لە کوردانی ناوچەی** فارسە، فەرمویەتی: مەبەست لە (رجل من اکراد فارس (: هیون)ەو ناوی هیون بووە (بەرگی ٢ پەرەی ١٩٥). **لە** تەفسیری بە حری موحیت دا، نوسراوە ئەوەی ئیشارەی سوتاندنی ئیبراهیم کردوە (نمرود) بووە و کوری عەتیەیش نوسیویەتی: **پیاوێ لە کوردانی**، عەرەبی فارس و خەڵکی بیاوان بووە (بەرگی ٥ پەڕەی ٢٣٩) و شیخ محەمەد نەوەوی لە تەفسیری راح لەبید، بە نمرود ـ ی کوری کەنعان یا مرۆیێ لە **کوردانی** فارس کە ناوی (هینون) بووە، یادی لێکردون.

تەبەری روداوی سوتاندنی ئیبراهیم بە ئاگر بە ساڵی ١۴٧٠ی دوای تۆف و توفانی

Dr.Saleh Ebrahimi



نوح و ٤٣٠٠ دوای هاتنە دنیای بابە ئادەم، داناوە (بەرگی ١ پەڕەی ٣٠. کتیبی مێژوی ئومەم و ملوك، باو باپیرانی ئیبراهیم نەسل بە نەسل دەگەیێنێتەوە، سەر نوح بە مجۆرە: ئیبراهیم بن تاروخ بن ناحوربن ساروغ بن راغوبن فالیغ بن عابیربن شایح بن ئەرفخشد بن سام بن نوح و نوسەری تەجریر و تەنویر، دەورەی گول کردنی بابیل و دەورەی پاشایی نمرودی بە ٣٧٥٥ بەرلە زایین، داناوە (بەرگی ٢ پەڕەی ٣٦٩) وە قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا ئەوەی بە ٢٣٦ ساڵ دوای تۆفانی نوح و ٣٣٣٠ ساڵ دوای خیلقەتی بابە ئادەم، داناوە و تەنانەت لای وایە کە نمرود لە **خاکی کوردەواریدا** بووە (بڕوانە بەرگی ٧ پەڕەی ١٠ و بەرگی ٢ پەڕەی ٢٤ قورتوبی) ئەو قسانەو قسەی **میهرپەرستی لە کوردەواریدا،** ئەوە دەسە لمێنێ کەدین و دین باوەری و ژیار و تەمەدون لە زاگرۆس: لە کوردەواریدا فرە کەون و کەو نارایە، هەر ئەوەیشە کە سەلماوە کە **نەتەوەی زیرەکی کورد، گەنمی دۆزیوەتەوە.**

تەفسیرزانان نوسیویانە: لە کلدە، هاران: حەڕان و کەنعان و... خەڵك لەو ناوە ناوەدا خەریکی ئەستێرە وگۆ پەرستی ئاسمان و حەوا بون، کلدە بەوە ناودارە کە زانستی ئیسترانومی لەوێ سەری هەڵداوە، کە زانایانێ فرە لەوێ لەوزانینەدا گولیان کردوە، بۆوێنە دیسانیان و دەسەیێ تریش **تا** دەورەی **پاشایانی ساسانی کورد،** هەبون و خوێیان نیشان داوە کە هەمویان بڕوایان بە پەرستنی ئەستیرە و رۆژوگۆی حەوایەکانی ئاسمان هەبووە، رەگاژوی کۆن و کەو نارای ئەو بیروباوەڕە، هێمان لە نێو هۆنەودەقی زمانی کوردی و فارسی و فۆلکولۆر و داب و دەستوری خەڵکی رەمەکیدا، هەروا ماوەو باوە. لە باکوری غەرەب و غەربی نێو دوروان: (بەینە نەهرەین) لەوە پتر باو بووە و شاری دیمەشقی شامیان لە سەر ئەو بیرورایە، ساز داوەو بە سەر هەریەکە، لەدە روازەی شار، وێنەیێ فرەلە ٧ ستارە و گۆی حەوای ئاسمان، نەخشێنرابوون.

کوری عەساکیر لەو سەردەمەدا، چەن مەبەستێکی لە بابەت شاری دیمەشق و هەروا لەبارەی لە دایك بونی حەزرەتی ئیبراهیم لە گوندی (بەرزە) نوسیوەو رایگەیاندوە، لەو

Dr.Saleh Ebrahimi



سەردەمەی کە خەڵکی لەو ناوچانە خەریکی ئەستێرە و مانگ‌و ڕۆژ پەرستن بـوون، ئیبراهیم لە (ئەمیلە) لە دایک بووە و کوڕی کەسیریش قسەی لەوانە کردوەو ئەو دەورە، دەورەی میهر: **میترا پەرستی بووە**، کە لە **سەردەمی ماد و بەرلە مادیش لەکوردەواری و** ئێرانی کەونارادا، میترا پەرستی ڕۆژ باوبووە. بە قسەی (ئەنست ڕێنان) دیـن و ئـاینێ ئەگەر مەسیحیەت بەری نەگرتبا، فرە بە پەلە و بەلەز دنیای دادەگرت. لە دایک بوونی ئیبراهیم چلە (بەرزە یا لە ئور: ئاور) بوبێ، ئەو لەسەر زەوی و ئاخێ لە دایک بووگە، کە خەڵکی خەریکی میهر: **میترا پەرستی بون.** دیارە ئیبراهیم لە بـەینە نـەهرەین لە دایک بووە، چونکا ئەوێ شوێنێ بووە، پڕوتەژی **لە** ئەستیرە پەرستان و موعەبیران و خەڵکی کە، بۆرۆژ و مانگ‌و ئەستێرەو میهر میترا و خودایانێ‌تر عیبادەتیان کردوە و کڕنوشیان بردوە. جێی ورد بونەوەیە **(بەرزە) یا سـەر زەوی بـەرزە** کـەلە مێـروی کۆن‌دا، یـادی لێکراوە، (تئوفیلاکتوس سیوکا) کە لە سەردەمی سپاکێشی (موریسیوس) لە ساڵەکانی ٥٨٢ ـ ٦٠٤ زاینی، لە کاتی قسە کردن لە ڕێ‌وبانی **(دینەوەر)** بۆ سەرمەراغە، یـادی (بەرزە)ی کردوە، کە لە شوێنی ئێستای **(بانە) یا سەقز**، دەچێ. بڕوانـنە ژمـارەی ٣٨٨ حەوتەنامەی سیروان ساڵی ٨ ڕۆژی ١٠ی پوشپەری ١٣٨٥ هەتاوی پەرەی ١٥ بەڕێز کامل سەفەریان.

زۆر بەی تەفسیرزانان و تەفسیر نوسان بیروبڕوایان وایە کە ئەم ئایەتە: (.. الی قَوْمٍ أُولی بَأْسٍ شدید ـ ئایەتی ١٦ سورەی فەتح) لە پەسن و تاریفی ئازایی و نەبەزی‌و **بوێـری نەتەوەی کورد، نازڵ بووە.** بۆوێنە: تـەفسیری ڕوحـولمەعانی نـوسراوی پڕزانـا سـەیید مـەحمود ئـالوسی بـەرگی ٢٥ چـاپی ١٩٨٥ ز ـ چـاپی ٤ پـەڕەی ١٠٤ تـا ١٠٢ فەرمویەتی مەبەست لەو ئایەتە، نەتەوەی کوردە، کەبوێڕو نەترس و ئازاو کۆڵنەدەرەو هەروا لەبن ئایەتە کەدا نوسیویەتی (و بالجملة اِنّ الأکرادَ مشهورٌ بالْبأْسِ الشـدید...) و تەفسیری ئیبن کەسیر لە پێغەمبەرەوە، نەقڵی کردوە کە فەرمویەتی: «مەبەست لەو ئایەتە هۆزی کاڵەموبین ـ ە کە بە (: بەرەز، باریز، بارزانی، بارزان، یا جەبەل باریز، بـارجـانی

Dr.Saleh Ebrahimi



بارزانی، بارجان، بارجانی ناوبراوە ـ بڕوانە بەرگی ٤ تەفسیری ئیبن کەسیر پەڕەی ٣٠٧ و کتێبی دانشنامەی جیهانی ئیسلام پیتی بێ جزوی ٢ چاپی ١٣٧١ تاران پەڕەی ٢٢٥ و کارنامەی ئەردەشیر بابەکان و کیسرەوی پەڕەی ٤٩ و صادق هیدایەت پەڕەی ٢٥ تا ٢٤ و کتێبی بە یانولئە ئیمە بەرگی ـ ١ ـ پەرەی ٨٩ نوسراوی زینەلعابیدین محەمەد مەهدی. ئیبن مونزیرو موعجەم سەغیرو موعجەم کەبیر تەبەرانی و موسنەد ـ ی سەغیر ـ ی تەبەرانی و قاموس و دورەری مەنسور و... دەڵێن: ئایەتی ١٦ سورەی فەتح لە پەسنی نەتەوەی کورد، دایەو رایان گەیاندوە کە مەبەست لە (ئەلبارز) بارزانی ـ یەیانی کوردان و کوردانی عەجەم و ئەعرابی فارسە یعنی الاکراد و اکراد العجم واعراب الفارس و ظاهر العطف ان اکراد العجم لیسوا من اعراب فارس و ظاهر اضافة الاکراد الی العجم یُشْعِرُ بانَّ مِنَ الاکراد مایُقال لهم الاکراد العرب و لا نعرف هذا التقسیم و انما نعرف جیلا من الناس یقال لهم الاکراد من غیر اضافة الی عرب اوعجم و ئیبن خلکان نوسیویەتی: انّ الاکراد من نسل عمروبن مزیقابن عامر ماءالسماء و انهم وقعوا علی ارض العجم فسّموا الاکراد و قال الشاعر: لعمرک ما الاکراد ابناءَ فارس / و لکنّه کُرد بن عمرو بن عامر.

لە قاموسا و تراوە: کورد خێڵ و تایفەیێکن لە بەرەی مرۆ و کۆی کورد، ئەکراد ـ ە و با پیرە گەورەیان کوردە و عامیربە بیروڕای زۆربەی نوسەران کوری شالح بن ئەرفخشذبن سام بن نوح ـ ە و تەبەرانی لە موسنەدی کەبیر و سەغیردا، لە **جابانی کوردیو** ئەبو بەسیر مەیمون **بن جابانی کوردی** حەدیس و فەرمودەی نەقڵ کردوە. بەراستی کورد، نەخشێ گرینگ و بەرچاویان هەبووە و هەیە لە خزمەت کردن بە زمان و فەرهەنگ و قورئان و ژیار و تەمەدونی ئیسلام، ئەوەیە، دەبێ بڵێین: ئیسلام قەرز داروەمەر هونی کوردە. کەئیبن خەلدون نوسیویەتی: «چوار کتێب بۆزانینەکانی ئیسلامی و قورئان، سەرچاوەن کە (نوادر یا الامالی و ادب الکاتب) نوسراوی ئیسماعیل قالّی دیار بەکری کورد و ئیبن قوتەیبەی کوردی لای کرماشانە (بڕوانە پەرەی ١١٧٥ بەرگی ٢ **بەرکوڵی کوری خەلدون** چاپی

Dr.Saleh Ebrahimi



١٣٦٢ تاران تەرجەمە بە فارسی و تاریخی علومی ئیسلامی نوسراوی دوکتور جەلال هومایی ئوستادی زانکۆی تاران پەڕەی ١٥٣ چاپی ١٣٦٦ تاران کە (شەپۆل) ئەمەی د جەلال هومای لە زانکۆی تاران بە زانینخوازان، بە دەرس وتوٚتەوە و هەروا **ئیمام محەمەد غەزالی** فەرمویەتی: «زمان و فەرهەنگی ئیسلامی لەسەر ٤ کۆڵە کە دانراوە کە ٣ لەوانە زانایانی مەڵبەندی ئامێد: دیار بەکرو زانایانی شارەزور و هەڵەبجەیە، هەڵەبجەی سوتا و هیروشیمای کوردستان و زانایانی دینەوەر ـ ی **لای کرماشان، کەکوردن**، لە پاشان ئمیام غەزالی فەرمویەتی ئەگەر، زانایانی ئەو ٣ ناوچە کوردنشینانە نەبوایێ زمان و فەرهەنگی ئیسلامی ئاوا قەوام و دەوامی نەدەبو و تەفسیری ئیبنی کەسیر هەروا لەبن ئایەی ٦٨ و ٦٩ سورەی تەنبیا کە فەرمویەتی: [... قالوا حَرِّقُوهُ: یانی خەزرەتی ئیبراهیم بسوٚتنن... قُلْنَا یا نارکونی بَرْداً و سلاماً علی ابراهیم ٦٩ ـ کوری کەسیر نوسیویەتی: یانی: پیاوێ لە کوردان وتویەتی: ئیبراهیم بسوتێنن و تەفسیری صاوی لەسەر جەلالەین بەرگی ٣ چاپی مەکتەبەی ئیسلامی پەڕەی ٨١ دەڵێ: مەبەست لە(حَرِّقُوهُ...) ئەندامانی هەیئەت رەئیسەی موحاکەمەکارانی ئیبراهیمە، ئیبراهیم بسوتێنن. کە یەکێ لەوانە نمروز، بن کەنعان بن سنجاریب بن نمروز بن کوس ـە کەناوی هینوب و حەزرەتی ئیبراهیم ـ ی لە ئاوایی کۆیێ بەندوزیندانی کردبوولە دواییدا بە مەنجەنیق ئیبراهیمیان، تورِ هەڵدایە، نێو ئاگرو زۆربەی تەفسیرزانان (واستوت علی الجودی، ئایەتی ٤٠٤ سورەی هود، جودی چیاوکێفی گوتی کوردی یە، کە لە ناوچەی ماردینی کوردستاندایە، کە چیای ئاگرێ یە (بڕوانە ئەعلامی قورئانی دوکتور خەزایلی، موفرەداتی قورئان حمیص، روحولمەعانی، مەجمەعولبەیان، تەفسیری قورتوبی، ئەبولفەتح رازی، تەبەری، محەمەد حوسین مەحمود شیخی هیندو کتیبی دین و ئەدەب بەرگی ٢ پەرەی ١٦٨ تا ١٧٨ بە زمانی کوردی نوسراوی (شەپۆل). تەبەری لە تاریخی ئومەمو سلوکدا و لە جامیعی بەیان، لە تەفسیری قورئاندا، بیرورای وایە کە رجلٌ من اعراب فارس، **پیاوێ لەکوردەکان بووە** کە ئیبراهیمی خستوٚتە نێو ئاگرو هەروا، رای گەیاندوە کە ناوی ئەو پیاوە (هیزن)

Dr.Saleh Ebrahimi



بووەو لە**کوردەکان** بووە. (بڕوانە تەفسیر ـ ی جامیعی بەیان... بەرگی ١٢ پەڕەی ١٦٥ هەر ئەوێ و تاریخی ئومەم و ملوك، ئەوەی دوپاتە کردوتەوە و بە (هیزن) ناوی بردوە (بەرگی ـ ١ ـ پەڕەی ١٦٨ هەرئەوێ). عن ابن عمر (ر‌ه) جلٌ من اعراب العجم یرید **الاکراد** (بڕوانە تەفسیری کە شاف بەرگی ٢ پەڕەی ٤٩ و تەفسیری رۆحی بەیان بەرگی ٥ پەڕەی ٤٩٦، فەرمویانە: (ان الذی اشارە باحراقە رجل من اعراب العجم **یعنی الاکراد**). تەفسیر خازین لەبن ئەو ئایەتەدا بە دوورودرێژی قسەی کردوەو تەفسیری بەیزاویش لە بن ئایەتی (حرقوە...) دانو سیویەتی: پیاویک بوو لە**کوردەکان** و ناوی (هیون) بو (خسف بەالارض و قیل نمروز). کوری کەسیر **لە** قیسەسی ئەنبیا، رای گەیاندوە کە**کوردەکان مەنجەنیقیان سازداوە وئیبراهیمیان** پیێ فرێدا وەتە نێو ئاگرو ئەو مرۆیەی کە بۆیە کە مجار مەنجەنیقی سازداوە و ئیبراهیمی پیێ خستوتە، نێو ئاگر، بەبە (هیزن) ناوبراوە. عەبدوڵلابن محەمەد بەغەوی (: فەرا) کە لە ٣١٧ مانگی لە مەرو مردوە بە نەقل لە کوری عومەر ـ ی خەلیفەی دوەم لەبن ئایەتی (حرقوە) دا و تویەتی (ان الذی قال هذا **رجلٌ من الاکراد و ناوی (هیزن)** ە و هەروا و تویەتی: ئەوکارە ساتەلە (کوێیێ) رویداوە.

ـ لە کتیبی بەیا نولئەئیمە بەرگی ١ پەڕەی ٥٣٥ دا نوسراوە لە خودبەی ئیمام عەلیدا هاتووە: [وارتفع علم العمالیق **فی کوردستان**، و عقدت الرایة لعمالیق الکرد، و ویل لبغدادبین من سیوف الاکراد]، لە کتیبی بەیانی ئەئیمە بەرگی ١ چاپی ١٩٨٨ ز ـ دا لە باسی ناسخ و مەنسوخدا ئەم قسانە هەیە: (فی الاخبار عن الاکراد البارزین: بارزانی و اندرحارهم و ارتفاع علم العلم الاکراد الآخرین قبل قیام... فی کوردستان و محیّدین عەرەبی لە مەنزومە یە کدا فەرمویەتی: **ان الاکراد یملکون البغداد** و ساحتها الی خریسان (قلیسان ـ سلێمانی، سەرچنار شاربان: سەعدیە، خەلێسان: **دیالە** نێوان خانەقین و مەندەلی و...

کورد: کوردی، کوردستان: تورو دانگین J. C. Thureau Daangin لە سەردوتیکە

Dr.Saleh Ebrahimi



بەردی ئاستانە، لە عەهد ـ ی سومێری لە ساڵی ۲۰۰۰ ی بەرلەزاین ناوی وڵاتی Kar-da-Kaی خوێندوەتەوە، ئەم مەڵبەندە **جیرانی خەڵکی «سو»** SU دابووە. سو ـ کان بە قسەی دەریوەر Driver لە باشوری **دەریاچەی وان بون**. هەزار ساڵ دوای ئەوە (تیکلات پیلسر) دژی هۆزی کورتی Kur-ti-e لە چیاکانی ئازو Azu کە «دەریوەر» ئەوە بە بەشێ لە (ساسون Sasun)ی تازە، دەزانێ، جەنگی کردوە. گزنفون لە کاتی گەرانەوەی دەهەزار سوارەی «یونانی» [ ۴۰۱-۴۰۰ بەرلەزاین) ناوی **نەتەوەی کوردی** Karsouxol کە نیشتمانی ئەوان تا خورهەڵاتی کنتریتس (Bohtan) Kentrites دەروێی ناو بردوە و باسی لە کورد، کردوە. (ئەعلامی فەرهەنگی موعین ج ٦ پەرەی ۱۵۵۷ چاپی ٦۲ ئەمیرکەبیر تاران. کورداوا دیێیەکە، لە دیهستانی جێی، لە ۷ کیلومیتری خورهەڵاتی ئیسفەهان دایە ـ کوردان، گوندێکە لە دیهستانی بەرەغانی کەرەج دایە. کورد خورد، گوندێکە لە ۳۹ کیلومیتر شاری مەلایەردایە. کوردکوی، یەکێ لە بەشەکانی گورکانە لە نێوان بەشی بەندەری گەزوناوەندی گورکان دایە. کوردو: فەرانسەوی: قورتوبە ـ کوردو: گەنزالودو = فەرانسەوی ژەنرالی ئیسپانیایی، کە لە ۱۵۱۵ ی زاینی مردوە.

کوردوبا: قورتوبە ـ کوردوچین، کچێ، کە لە ۷۲۹ ی مانگی لە شیراز حاکم بووە و زۆریش کاری ئاوەدانی کردوە ـ کوردون وڵاتێکە لە بەشی باکوری کوردستان ـ کوردەمەهین گوندێکە لە ٦ کیلومیتری باکوری سەراب دایە. ـ کوردی: زمانی کوردی. کوردیان، یەکێ لە بەشەکانی جەهرومە. کە هۆزی کوردی (شولی) لە لای جەهروم فرەن. ـ کوردیچاڵ، کە کوردی زەندن، گوندێکە لە ٦ کیلومیتر خۆرهەڵاتی حەسەن کێف ـ کەلاردەشت نەو شاری مازندەران ـ کوردیە. کوردستان: گوندێکە لە ۱۲ کیلومیتری خۆراوای بیهبەهان کە ۲ دێن، کوردستانی سەرو، خوارو، ئاوێکیش کە بە بەر ئەودیەدا دێ و دەروا، هەربەناوی کوردستان ناو دەبرێ.

لە ۲۱۵۰ تا ۱۷۵۰ بەرلە زاین. بۆ ماوەی سێ (۳:) سەدە، خەڵکی لەو ناوەدا و لە کەنعاندا خەریکی کۆچەڵەکۆچ بون و لە ساڵی ۱۹۰۰ بەرلەزایین ئیبراهیم لە (ئور)ەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



چۆتە فەلەستین (: فەلەئەستیێن) ئەم بیرورایە، ئەوەی **دەیسەلمێنێ کەکورد**، لەو، سەردەمەی‌دا، حوزوری بووە، هەروا دەورەی بگرەو بەردەی (هەکسوس) ەکان: (کاسیان) بووە لە نێو دوروانداکاسیان، چەندین جار هێرشیان بردوتە، سەر باشوری دەجلە: (تیکلاو) و فورات (فرەهات، بەخۆرهات) و دوای ماوەیێ کە بارگە و بنەیان لەوێ دانا، جالە ویۆە لە حیجازو عەرەبستانەوە، **خۆیان گەیاندوتە میسرو سەڵتەنەت و پاشاییێ فرەگەورە و بە شان و شکۆەی لە وڵاتی میسر** دامەزراند. [**ویلیام لین وسترمان**] بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە **نەتەوەی کورد** لە ٢٤٠٠ ساڵ بەرلەزایین یانی ٤٤٠٠ ساڵ بەرلەمرۆ چیغ و چادرنشین و دارای وارگە و زۆم و سیماڵو دەواربون، ئاوا بیرورای خۆی سەبارەت بە نەتەوەی **کورد، راگەیاندوە** و دەنوسێ: [**نەتەوەی کورد** بەراستی رەگەزو ریشەیێ پاکو وبێ گەردی هەیە و لەوەدا، وەپێش رەگەزی ئوروپایی کەوتونو هەروا یەکێ لە روژهەلات ناسانی روژاوایی بەناوی (: تورو دانگین) لە روی ٢ بەردی ئاستانە ـ ی دەورەی سۆمێری) کە دەگەریتەوە بو (**٣٠٠٠** هەزار) ساڵ بەر لەدایک بوونی عیسا مەسیح، لە سەرئەو بەردانە، ناوی **(کوردکا)ی** خوێندوتەو ئەو ٢ بەردەیشی لە نێو خاکی ژیانی خەلکی (ئۆر) و سەر زەوی حەزرەتی ئیبراهیم، پەیدا کردوە. ئەو مرۆیانەی کە لە دەق و ئاسەواری سومێریشدا لە هەموشوێنێ بە (کاردیکا) بێشک دەبێ هەرئەو (کاسیان)ە بوبن کە قسەیان لێکراو **کاسیانیش بەباوکاڵو باپیرانی کورد، دانراون** و مێژوزانان ئەوەیان بە ئاشکرا راگەیاندوە. یەکێ لە شوێنەواری ئەوان **(کویێ)** و (زیگۆرات)ە کە عەرەب بە ناوی سازدەرانیەوە بە (زی کورد: زیگورات) ناوی دەبەن. مێژوی عەرەب دەڵێ: ناوی دایکی ئیبراهیم، (ئوشا) بووە و **ناوی (ئوشا)** لەبن ناوی خودایانی مەوجود **لەگاتا:گازە** ـ کاندا، هاتووە.

هەندێ لە تەفسیر نوسانی عەرەب **لایان** وایە واژەی **(ئازەر)کوردی** فارسی‌یە (دیارە (ئازەر، ئاتر، ئاگر، ئاور، ئاتەش، ئەرتەش) لە ریشەو رەگاژوی **ئاتر ـ ی کوردی،** سازدراون و مێژویش دەڵێ: **ئاترۆپات ـ ی کوردی ماد**. لە راست داگیر کەرانی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسکەندەرو ئیسکە ندەریان راپەری و ئەو ناوچانەی کەئەمرۆ بە ئازربایجان ناو دارن و ناوچە گەلێ پان و بەرین تر لە ئازربایجانی، لەبن چرنوکی ئەوان دەرهێنا و ئازادی کردو ژیانێ پڕلە خیرو بەرە کەت و شادی و خۆشی بۆ خەڵکە کەی دابین کردو خەڵکە کەیش بەشوکرانەو بە شانازی ئەو، تەواوی ئەو ناوچانەیان بە **ناوی ئەوسەرداره ماد ـ ەکوردە**، بە (ئاتروپاتان) ناونا، یانی (ئەلف و نونی نیشانەی نیسبەتیان) بۆداناو لە دواییدا، کە عەرەب کوردستان و ئاتروپاتانی داگیر کرد، ناوە کەی کردە ـ ئازربایجان)، باشە بزانین لەو واژە و ناوە کوردیانە، فرە بە ئاشکرا، دەردە کەوێ کە ئیبراهیم کوردو کوردزادە بووە. کورد فەرمویەتی: [نان ئەو نانە ئەمرۆ ئێستا لە خوانە]، **بەلام حەقیقەتی مێژو دڵ و دەرون خۆشکەرە** (شەپۆل).

سەرزەوی مەدیەن کە بە بان بەستینی دەریای ئەحمەر (: زەریای سور) و ئۆردون، دادەنرێ بەزوانی یونانیان، بەسەرزەوی کوردەواری و کوردستان، **دانریاوە**، یانی وارگە و نشینگەیێ کە ئیبراهیم بە ناچار لەوێ کۆچ و کۆچباری کردوە.

ـ لە تاریخی ـ عەرەب و یەهود، بەگشتی لە بوونی ئیبراهیم بە ۲۰۰۰ تا ۱۵۰۰۰ ساڵ بەلە زایین، دانراوە و ئەوەیش **لەگەل هێرشی کاسیان لە زاگرۆسەوە** بۆبان بەستێنی باشوری دەجلە و سەرزەوی شنعار، دروست بەرامبەری دە کا.

ـ زەردەشتیان، «ئاورام» بە زەردەشتی سێوەم، دەزانن، کە لە راستیدا، ئیبرام یا ئیبراهیم ـ ی عبریە کە کورد بە (بلە) ناوی دەبا.

ـ قورئانیش دەڵێ (ما کان اِبراهیم یَهُودیّاً و لانَصرانیّاً...) سورەی ئالی عیمران ئایەتی ٦٧. یانی ئیبراهیم بەرگەز یەهودی نیەو لە ئایەتی ـ ئایەتی ۴ سورەی ئیبراهیم (وما ارسلنا من رسولٍ الا بِلسانِ قومِهِ)یش جوان دەردە کەوێ، کە ئیبراهیم لە کوردەواریدا، هەڵکە وتووەو **بەزمانی کوردانی مادو ماننا وگوتی و ئورارتۆ**، قسەی کردوە.

ـ هیچ گومان لەوەدانیە کە کوردان لە سپای نمرود، بە شدار بوون.

ـ مێژوزانان لایان وایە نمرود کوڕی کوش یا کوس بووە، کە لەگەڵ واژەی کاسیان،

Dr.Saleh Ebrahimi



هاوریشەیە و بەواتای کەسێکە، ناروا، کەس: کاس.

کوردستان سەرزەوی یە کە، لە ئاسیای خوراوادایە. واژەی کوردستان بۆیە کەمجار، بە رەسمی لە رۆژگاری سەلجوقیان لە نوسینگەی حوکومەت دا، نوسراوە، لە ئێران بەسنەو پارێزگەی سنە، کوردستان دەوترێ، حەمدوڵلاّ موستەوفی سنوری کوردستانی بە عیراقی عەرەب، خوزستان، عیراقی عەجەم، ئازربایجان، دیار بەکرو ئەم ١٦ ولاّتەیشی بە بەشێ لە کوردستان داناوە: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج‌خاتون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ، شارەزور، کرماشان «قرماسان» کرند وخۆشان، کنگور (قصراللصوص یاگەنگاوەر) ماهیدەشت هەرسین و وستام. ـکوردانی ئەییوبی، سەرزنجیرەی ئەم بنەماڵە صەلاحەدین یوسف بن نەجمەدین ـ ە، کە ئەم بنەماڵە ٥٦٧ تا ٦٤٨ی مانگی لەمیسرو شامات و فەلەستین و کوردستان: مەڵبەندی بەشی سەروی دەجلە و فورات حوکومەتیان کردوە، کە صەلاحەدین دەوڵەتی فاتمی میسری لابردو خۆی بووە پاشای ئەو ناوە [ ٥٦٧ـ ٥٨٩ی مانگی] وجەنگی صەلاحەدین لە راونانی فەلەکان لەجەنگی خاجداراندا، مەشهورەو زۆر ئازایانە و پیاوانە ئاوقەی هێرشکاران بووە و **سوڵتان صەلاحەدین کوردایەتی کردوەوکوردلە دەورانی ئەوزاتەداگوڵی کردوە و ئەو هەموەزاناو قازی و ئەمیرو پاشاو وەزیر و مێشروزان و سیاسەت زانو عالم و خواناس و عارفانە لەبن سێبەری پڕ میهر و زاناپەروەری ئەوزاتە، سەریان هەڵداوەو بۆنەتە هۆی فەخروشانازی بۆ دنیای عیلم و زانین، یەکێ لەخزمەتەکانی کوردوکوردایەتی کردنی سوڵتانی کورد، بە نەتەوەی کورد، ئەوەیە.**

کورد عەلی، رامیار، زانا و نوسەر، وەزیری فێرکردن و بارهێنانی سوریە و ئەندامی عیلمی مەجمعی عەرەبی شای میسرو سەروکی عیلمی دیمەشق بووە [ ١٨٧٦ وەفات ١٩٥٣ ی زاین] نوسراوەکانی: خطط شام، تاریخ احمدبن طولون، و فەلاسیفەی ئیسلام (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi


← ۱ - ڕێبازی گرشەی کوردستان

۲ - ئەلف و بیێ بژار کراوی کوردی بە کوردی و پارسی وە هەروا نیشان دان بە وێنەو ڕەنگ.

۳ - ژن لە ئیسلاما. ۴ - گۆران. ۵ - کاروکردەوە. ٦ - نەورۆز. مانای گرشەی کوردستان. ۸ - چیرۆکی نەچیرو نەچیرەوان. ۹ - بانگە واز. لە ژمارەی (۲و۳) گرشەی کوردستاندا ئەم مەبەستانەی نوسیوە: ۱ - نو ما یەک لە مزگەوتی جامیعە یا دارالاحسانی شاری سنە. ۲ - بانگەواز بۆ یەکیەتی. ۳ - وَ مِنْ آیاتِهِ خَلْقُ السموات و الارض و اختلافُ السنتکم و الوانکم... ۴ - زوان و ئەدەب. ۵ - هەڵبەست و قسەی خۆش. ٦ - سازو ئاوازی موسیقای کوردی. ۷ - شیعرو هونەرو وێژاوەری. ۸ - پەندو مەتەڵی کوردی. ۹ - هەجیج داب و دەستوری باوی خەڵکی گوندی هەجیج... ۱۰ - کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی بەشی شوێنەواری باو لە کوردەواری‌داو مێژوی یا ژمارەی ۳ لە زنجیرە چاپە مەنیەکانی گۆڤاری گرشەی کوردستان.

ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارە (۴ و ۵) گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ کراون وەکو: تەفسیری ئایەی یا ایّها الناس انّا خلقناکم من ذکر و انثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقیکم. ۲ - کورتەیەک لە بارەی مێژوی نەتەوەی کورد. ۳ - پەندو مەتەڵ یا ئەمسالی کوردی. ۴ - زوانی هەڵبەست. ۵ - وێژاوەری ٦ - پەنجەی تار. ۷ - هەورامان. ۸ - ناودارانی نەتەوەی کورد: حاجی خەڵیفە مەلامحەمەد. ۹ - کابان و ژیان.

و ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی ٦ گۆڤاری گرشەی کوردستان دا چاپ بون وەکو: ۱ - بەیت المقدس. ۲ - بەشی ئایینی. ۳ - حەق. ۴ - زاڵ و کەژاڵ. ۵ - چیرۆکی عەلی بەردەشانی. ٦ - چیرۆکی ئەحمەد خان و وڕ وڕە. ۷ - چاوی کەژاڵ - فقه‌اللّغة. ۸ - هاو دەنگی و هاو ڕەنگی. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (۵ و ۷)ی گۆڤاری گرشەی کوردستانا چاپ بون وەکو: ۱ - یرید الله بکم الیسر و لا یرید بکم العسر: لێکۆڵینە وەی سیاسی. ۲ - بەشی ئایینی ۳ - ناسیاوی لە تەک بیجارا. ۴ - پەند یا ئەمسالی کوردی. ۵ - ناو دارانی نەتەوەی کورد - دارە مرواری یا خانم و خاتونی ناوداری کورد « کە لە ساڵەکانی ٦۴۸ کۆچی‌دا بە سەر

میسرو ولاّتە موسولّمان نیشینە کانا حوکمات و میرایەتی کردوە. بە نەقڵ لە: با وی کۆمەلاّیەتی و مێژ ویی چاپی نەورۆزی ٥٨-١٣٥٧ هەتاوی نوسراوی شەپۆل نوسەری ئەم گۆڤارە و دێرانە.

٦- صلاح‌الدین ایوبی. ٧- بەشی نامەی خوێنەران. ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارەی (٨ و ٧) گۆڤاری گر شەی کوردستانا چاپ بون وەکو: ١- وتاری ئایینی لە بابەت ئایەتی ٣٦ سورەی بە رائەت ان عدة الشهور عنداللە اثنا عشر شهرا ٢- چیرۆکی دو خوشکە هیوا و بێزار. ٣- بەشی نامەی و دیاری خوێنەران. ٤- چیرۆکی مینە کازەرد. ٥- فەهەنگیلە. وە ئەو مەبەستانەی وا لە ژمارە ٩ی گۆڤاری گر شەی کوردستانا لە ساڵی ١٩٨١ زایینی دا چاپ بون وەکو: ١- سەرەتای ڕۆژنامە گەری لەکوردستانا. ٢- وتا رێ لە بابەت ئازاد بونی خوێندن بەکوردی لە سوێنگەی هینانەوەی پەخشنا مەو ڕۆژنامەی اطلاعات ژمارە ١٦٥٨٢ چاپی ١٣٦٠/٩/١ هە تاوی (شە پۆل).

## زوانی هەڵبەست

ئەشێ ئەم ناوە بۆهەندێ کەس هۆی سەرسوڕمان بێت و ئەم پرسییارە لە بیریانابێ، بۆچی زوانی شیعر بێجگەلەم زوانەواپێی دەئاخوێن شتێترە؟ بۆئەوەی بەم پرسییارە وەلاّم بدەینەوە، ئەشێ لە سەرەتاوە دوڕێگای بەکار هێنانی زوان کەلەیەکترجیان، لیکیان جیاکەینەوەو باش سرنجیان بدەین:

**١ - زوانی وتار:**

زوانی وتار شتێکە بۆدابین کردنی پێوەندی لەناوتەک تەکی بەرەی یەک کۆمەلاّ، ئەمەش بەهۆی بێژەو بێژە گەلەوە مانای جۆربەجۆرگەل کەواله بیریایە، بیخاتە ناومێشکی کەسانێ ترەوە.

زوانی نوسینیش بەوگشتە جیاوازی یەوە، کەلەتەک زوانی وتاریدا هەیەتی بێجگەلە نوسینی ئەم زوانە وتاری یە، بەواتایێ ترگۆڕینی نیشانەگەلی بیستن بەنیشانەگەلی بینین «دیتنی» شتێتر نییە.

**٢- زوانی شیعر و هەڵبەست**

ئەشیٚ بزانین زوان یەک بەشیٚ تری لە بەکارهیٚنانا هەیە، وەئەوەش زوانیٚکە کەلەشیعرا بەکاردیٚو بەکاریش ئەبریٚ. لەهونەری شاعیریدا بیٚژەگەل هەر ئەو ئەرکەیان هەیەکە دەنگ و ئاواز لە موسیقی وەخەت و رەنگ لەنەخشاندنا هەیانە....

زوانی وتار زوانی ئاواز وقسەش، هۆی لابردنی یەک نییازی کۆمەلاٚیەتی یە. کەرەسەی کاروکردەوە یە، بۆ یەک سودی ئانیو لەبەرچاوگیراو.

خودی کە رەسە لیٚرەدا پلەیەکی نییە، تەنیا بۆئەوەیە کە مەبەست و ماناکە جوانترو باشترراگەیینیٚ.

بەلاٚم هەلبەست وشیعر،هونەرە، مەبەست لابردنی نییازگە لی سەرەتایی وئەو تاوەی واتیٚیدایین نییە، بەلکولە شیعرانییاز گەلی بەرزترو جوانو نەخشیلانەتر لەکارایە. مرۆڤ بە راگەیاندنی هەستگەلی دەرونی یانی: دەرخستنی ئەوەی والەهەناویشی دایە نییازی هەس. هەروا مرۆڤ نیازی هەیە کە ئەم هەستگەلە بۆمرۆڤیٚ تر بلیٚو بۆی دوپاتکاتەوە وخەلکیش لەم جۆرەهەستانەداله تەک خۆیدا بەشدار بکات. کەوابو هونەری شاعیری بریەتی یە: لەوەی والەهەمو تایبەتییەکانی بیٚژەچ لە فزی یان هە ستیو دەرونی بیٚت، بۆبزوتنەوەی خەیالو هەناوبیٚ، یانی: بەدیهیٚنانی حالەتی دلٚ و دەرونیٚ کە لە بیرومیٚشکی بیسیاراناگلپە هە ستیٚنیٚو سودییان پیٚ بگەیینیٚ، کەوابیٚ ئەتوانین بیٚژین: شیعرو هەلبە ست کەلامیٚکە خەیالٚ بزۆین.

**خەیالٚ:**

ئەلیٚن: منالیٚکی وردیلە، ئەی ویست ساقەتەگەنمە شامی یەکلە ریشەوە لەزەوی هەلکەنیٚو دەری بینیٚ، بەلاٚم هیٚزی پیٚی نەدەشکا و نەی ئەتوانی ریشەکیٚشیکات، تاسەر ئەنجام بە نقە نقیٚکی زۆر ئەو ساقەتەی بە ریشەوە هە لکیشا، بەخۆشی وپیٚکەنینەوە بە باوکی وت:

بابە! چاو، چاو چلۆن بەریشەوەهەلم کەند، باوکیشی بوئەوەی زییاتر دلٚیخۆشیکات، وتی: ئا فەریم کورم شوکر تۆبوویە پییاو ووزە و هیٚزت زۆر بووەو پەرەی ئە ستاندوە!

کورە وردیلە کەخۆی قەفکردوگوتی: بابە! زەوی بە گشتی سەریٚکی ئەوساقەتەی گرتبوو منیش سەرەکەی تر، ئەونەی لیٚ نەویم تا بە سەر، زەویدا زالٚ بوم و لەریشەوەدەرم، هینا. ئەم قسەکە بەزاری ئەومنالەدا هاتووە، هەرئەوخەیالٚ خەیالەیە، ئەو منالە بەوزەی خەیالٚ،

Dr.Saleh Ebrahimi



بەخەیاڵی خۆی زەوی بەو هەمووەهێزوکەش و فشەوە کە هەیە تی، بەدژ و دوژمنی خـۆیی دانابو، خەیاڵی کردبو سەرکەوت و زاڵ بونی خۆیی بەسەرگشت زەوینا، دا بووە قەڵەم وبەو هۆیەوە دڵی خۆیی پڕکردبو لەشایی وخۆشی و هەستی بەوە ئەکرد واپێ گەییوەو پیاوی لێ دەرهاتووە.

میساڵێ تر: روداوەیەك کە لەبەرەبەیانا روی داوە ئەتەوێ بۆ دۆسی خۆتی تاریف کەی، بەم جۆرەدەس بەقسەئەکەی: «کاتێ شەوداهاتو و ڕۆژهەڵات وگزینگی رەزدەی تاو دای لە دەم کەل.....» ئەمە زوانی وتارە، چونکا لەواهەوێنی خەیاڵ نییە، بەواتایێ ترکەلامی خەیاڵ ئاوی لە وانییە، ئێستە بائەم قسەو نوکتەیە، لەزوانی نیزامی گەنجەوی کوڕی ڕەئیسەی کوردە وە، ببیستین: (سپیدە دەم چوودەم بەرزەد سپیدی ـ سییاهی خاند حەرفی نـائومیدی ـ هـەزاران نەرگس ئەز چە رخێ جهانگەرد ـ فروشودتا بەرئامەد یەك گولیزەرد).

ئەمەهەر ئەو مانایەیە: «کاتێ شەو داهاتو ڕۆژئاوابو...» شاعیر لێرە لە وزە و هێزی خەیاڵ یارمەتی وەرگرتووە، کاتێ ئەو لەنەرگس وگوڵیزەر دقسەئەکات مەبەستی نەرگس و گوڵی زەردی دەرو دەشت نییە، کەلەباخچەوکەژوکۆدائەڕوێن و شین ئەبن.

بەڵکومەبەستی ئەو لەنەرگس، ئەستێرە وەلەگوڵی زەردیش مـەبەستی تـیشکی ڕۆژو خۆرەتاوە، شاعیر ئێمە ئەباتە ناوگۆمی بیرو خەیاڵەوە. سپیەتی و بۆنی خۆشی گوڵی نەرگس وە هەروەهاگوڵی زەردی جوانی باخچەمان دەهێنێتەوە بیر، وە دەروازەی دنیای خەیاڵ مان بۆ ئاوا لە، دەکاتەوە.

کە وا بو، بێژەگەل تەنیا بۆ دییاردی کردن بۆشتگەل وکاروکردەوە بە کار نابرێن، بەڵکو ئەبێ حاڵەت و خەیاڵگەلێك بخەنە ناومێشکی ئینسانەوە.

بەهۆی وزەی خەیاڵە کەئینسان داروەك خۆی ئەبینێ و ئەزانێ یان لەناودارا هەموی سروشت، وە لەناو ئەنگوسی ئالأدا کەلەبان مێزدانراوە، قەراخ تاقەراخی یـەك نیشتمـان و زێدی خۆی ئە بینێ وهەستی پیێ ئەکات.

Dr.Saleh Ebrahimi


بەواتایێ تر ئەتوانین بێژین شاعیر بەهەڵخراندنی بیروهێزی خەیاڵی ئێمە، باش تر ئەتوانێ هەست و ئەندێشەیەك کە گشت لەش و ئەندامی داگرتووە، بیخاتە ناوبیرو مێشکی ئێمەما نەنەوە و لە ئاکاما لەتوندو تیژی ئەوە کەم کاتەوە و دڵی ئارابگرێ.

کەوابێ، هۆی ئەوە کە شاعیردەس ئەکا بە هۆنینەوەی هەڵبەست یەك نییازی دەرونی یە، نییازێکە سروشتی لەگەڵ خوێن و رەگ و پێست و ئێسقانیدا تێکلاو بووە و خۆبەخۆ بووەتەخوی خۆی، هەرکە سێك لە کاتی خەم و خەفەت و شایی و شینا، ئەنوارێ و ئەکەوێتە بزوتنەوەتا هاودەنگ و هاورەنگ وهاودڵ و هاوزوانێك بۆخۆی پەیا کات و لە شایی و شینی خۆیدا بەشداری بکات. شاعیر بەوزەی بێژەگەل هێزو توانای خەیاڵی، ئێمەمان بێدار ئەکاتەوە و ئەو دەمەئا سودەئەبێ و پشویەك ئەدا و لەدەس خەفەت ڕائەکاو وەنەوزێك ئەداو ئێمەمانانیش لەخەوە نوچکەی بێ ئاگای ڕائەچلەکێنێ و بێدارمان ئەکاتەوە. وەزن و قافییە، یان شڵ و پاشڵ:

شاعیر بۆئەوە بتوانێ خەیاڵ و بیرو ئەندێشەی ئێمەمانان ڕاچلەکینێ و تەکانی پێ بدا. لەدنیای ڕەنگاو ڕەنگ و نە خشینا، بەندو باو و ئاهەنگ و ئاواز گەلی خەیالاوی بۆئێمە ئەنوێنێ و سرنجمان بۆلای ئەوانە ڕائەکیشێ، لەوەزن وقافییە یارمەتی وەرئەگرێ و خۆیشی ئەخاتە ناو ئەوبەندەوە. شاعیرئەتوانێ بۆ بەیانی کەف وکوڵ و هەڵچونی دەرونی خۆی، لەناو، وەزنگەلی جۆراجۆری زوانی کوردی، جوانترینی ئەوانە بۆخۆی لەبەر چاو بگرێ.

بەلاَم یەکێك لەهونەرگەلی گرینگی شاعیر ئەوەیە، کە بەوهەموەوە کۆسپ و قورتەی وادێتەسەر ڕێگای، ڕێگای خۆی ببڕێ و هۆنراوەکانی خۆیی، وەها بە زمانی، وتارو زوانی پەخشان نێزیك بکاتەوە، تۆبڵیێ و وابزانی هیچ جۆرە گرێ وگوڵێ لە کارانەبووە. لەمبابەتەوە، خۆشییەك ڕوئەکاتە بیسیار، هۆی هەستی وزەو شارەزایی و ماشەری جۆلاَی جاونانە وەو نواندنی کەلاما، نیشانی داوە. دورست وەك سەماکارێ کەهەرلەو کاتەی واخەریکی سەمایە، زوروەستایانە گشت لەش و ئەندامی خۆی ئەبزوینێ و دێ و دەچێ، ئاهەنگ و بارستاریی و بارتەقایی و وەزنی موسیقای، ڕەنگ و ڕوی ئارام و بێ پشو سواربونی خۆی بنوێنێ و بزەی لەسەر لێوبێ و بینە رانیش بخاتە ناوئەم خەیاڵ و بیرەوە، کە تەکان وهات و چۆی ئەو، زۆرەها- سان و لەسەر خۆیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



تاقە ڕێبواری ئەم ئیشەمامۆستا گۆرانە، کاتێ بنوارینە هەرکام لەبەرگی دیوانە هونراوە کانی میسالگە لێکی فرە دێتە بەرچاومان،وەك ئەم هەڵبەستی دەرونەی شاعیری نەمرو مەزنی کوردە وارییە، عبداللە گۆران، ئەو هۆنەرە کە لەجوانی پەرەستی داتاکی کەمەو واژە لە دەسیاوەك مێوە، دڵتەرو خۆش خەیاڵە، ناسك بینە، بەهونەر شارەزاو شەرەنگینە...

## هەڵبەستی دەرون

هەرچەن ئەکەم، ئەوخەیاڵەی پێێ مەستم، بۆم ناخرێتەناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێك دانەوەی دەرون، قسەی زمانم بۆچی وەها دورن لەیەك نازانم؟!
ئەمویست دەرون بکرایەوە، وەك تۆمار دەرکەوتایە، دنیای، جوانتر، لەبەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین پرشنگدارتر لەئە ستێرەی قوبەی شین!
دەرکەوتایە: مانای مانگی دەریایی، کەنەرمە با، لەروی ئەدا ئەسپایی،
دەرکەوتایەئەو دنیاییە کە شیعری بێ فرمێسکەو زۆرترلەفرمێسك ئەگری
زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو تیژگێك ئەدا روناکترە لە هەتاو!
بەڵام ئەفسوس! کەئەوشیعرەجوانانە باڵدار ێکن، جێ ناهێڵن، هێلانە
لەناوەوە ئەجریوێنن، ئە خوێنن هەرگیز قەڵم بە کاغەزناهێنن!

### هاودڵی وهاوزمانی

هۆنراوە لەراستییا، کاتێ بەئەو پەڕی دواپلەی خۆی ئەگات کە بتوانێ هەستو بیرو خەیاڵێك، کەلەوا هەیە بەباشترین ڕێگابەخەڵکی تر ڕاگەیینێ، ئەوەی هۆنراوەلە مێشکی ئینسانا هەڵخرینێ، چ یەك هەستی جوانی،یان ناشیرین ودزێو، یایەك هەستی دەرونی هەڵچوانە، وە کەفو کولانە یا یەك دەردو رەنجی بەر دەوام بێت. بەڵام مەرجی بنەرەتی وەرگرتنی هۆنراوە شتێ ترە، شاعیر هەرچەن زییادلەناو بەرەی مرۆڤدا هاو دەرد پەیاکات هەربەوئەندازەش قەدری وەرگرتنی قسەشی زییاترئەبێ. جالەبەر ئەمەیە کەنابێ تەنیا بودڵی خۆی، وە بۆلابردنی تەنیا دڵ تەنگی خۆی هونراوە بهۆنێتەوە.

کام مرۆڤە کە نەیەوێ هاودەنگو هاو ڕەنگی بۆخۆی پەیابکات؟ هاودەنگیێ کەرێزی ئەوبزانێ و ئەویش بەوجۆرەی واهەیە بناسێ؟ هەر ئەم هەستە یە واشاعیر بۆهاودەنگی و هاو دەردیو هاورەنگی رائەکیشێ.

Dr.Saleh Ebrahimi


ئەم هاورەنگییە خۆی گەورەترین مەرجە بۆهاو دەنگی، چونکا، کاتێ شاعیر زوانێکی نائاشناو نەناسیاو یا، مەرموز، یا، نامۆ و خونە گرێ هەبێ، نەدەردی خۆی وە نەدەردێ کەسانێ ترئە توانێ بەیان بکات.

نیشانەی هۆنراوەی باش ئەوەیە کەلە بیستن و خوێندنەوەی مرۆف هەست بکات و وابزانێ ئەوەی واشاعیرئەیڵێ دەرد، یا، بیرو ئەندیشە یەکە، ناسراو وئاشنا، کەهۆنەر، بەبەیانێکێ هونەر مەندانە را زاندویە تەوەو گییانی کردوە، بەبەریدا.

ئەرێ وایە: تا شاعیرنەچێ بەتان و پۆی ژییان و ژینی بەرەی مرۆفدا وە دەردو رەنجی گەل و هۆزی خۆی نەزانێ ناتوانێ لەناو ئەواناهاودەرد و هاورەنگ بۆخۆی بدوزێتەوە، تازە نایش توانێ لەدڵ و هەناوی ئەوانا شوێنێ هەبێ. هۆی سەرکەوت و پیرۆز بونی هەندێ لەهۆنەران کەتەنانەت دوای چەندین سەتە وە لەولای چە ندین کە وشەن و سنورە وە لە گییان و لەشێ مرۆف داشوێنی هەیە، ئالێرەوەیە واتوانیویانە بچنە ناو دڵ وگییان ولەشی خەڵکەوە، کاتێ دەردو ئۆف و ئێشێ رویان تێ بکات، ئۆفێ کە هەمو کەسێ ناو هۆزی پێی بزانن بەیانێکیان هەبێ ئاشناو هونەر مەندانە و روناک و راست و راستەو خۆ و بێ گرێ و گوڵ و خۆمانە و دۆستانەو خۆماڵیانەو هۆزەوارییانە وکوردانە و مەردانە.

**کاکڵەی و تار:**

بە کوردی وکورتی، زمانی هۆنراوە، زمانێکی تەرو پاراو بژارکراوە و وردو هاڕراوەو سرنج راکێشەو لەو دا، هیچ جۆرە تەوەزەلی و چاونوقاندن و لارێی و کۆیرە رێی تیدانییە، چونکا هەم مەبەست و هەدەف و ئامانج، لە هۆنراوەدا وردترو بەرز ترلەزمانی وتارو پەخشانە، تازە چاوەنواڕی خوێنە ران و بیسیاران لە هۆنراوەزییاترو پترە، هەرلە بەرئەم وردی و جوانکیلانە،یەتی یە،واله سەر دڵ ئەنیشێ و لەبیرەوە ریدا، ئەمێنێتەوە، وە هەرلە بەرئەمەشە واشوێنیش ئە کاتە سەرزمانی وتارو پەخشان.

ئەشێ سرنجێ ئەمەبدەین کە بێژە وەک کراسەو ماناش وەک ئەندامی هۆنراوەیە. ئەم مانایەبە لەش و گییانیش نۆیندراوە، بەرگی جوان لە ئەندامی ساغ و موتەناسب باش ئە کاڵێتەوە، کاتێ بێژەی لینج ولیق و نامۆ و رەمە کیا نە، بۆ بەیانی، ماناگە لی زۆربڵیندو پایەبەرز لە بەر چاو

Dr.Saleh Ebrahimi



بگرین، یا، ماناگەلی هیچ و پوچ لەگوڵ بەرگی بێژەگەلی پتەو و جوان بنوێنین،کاری نارەوامان کردوە، چونکا بەم ئیشەی خۆمان یا لەشمان لە پۆشینی بەرگی کورت و تەسکوتەنگ رەنجاندوە، یا، پارچەی بەنرخ ورەنگینمان، بەفیرۆ داوەو کردومانە بەبەر بەژن وبالآیەکی لارو وێرا، وەئەم هەردوکارە کردەوەیەکی بێ ئاوەزانەیە؛ گۆڕێ لە رەخنەگیران و ناقپدانی قسەلەبەرزتری بێژە بە سەرمانادا، چەنەدرێژییان کردوە،کۆڕێ تریش لە بەنرخ تر بونی بێژە بەسەرمانادا چەنە وێرغەیان کردوە، بەلآم ئەوەی واراستە و خۆدێتە بەرچاو، ئەوەیە کەبێژە و مانا هەردوک لفی یەکترن و بارستایی و بارتەقایی لەنێوان بێژەو مانادا هەیە.

ئەوانە، کەتەنیا لەبەر بێژەگەلی جوانتر بەبەرزتری هۆنراوە یەک، بەسەر هونراوی ترحوکم ئەکەن، وەک کەسانێ ئەچن، کەکاتێ دییان وا مرۆڤێک بەرگی باشتر وجوانی تری لەبەردایە لەخەڵکی تری بەباشتر بزانێ، ئەوەی وازاندراوە و سەلمێندراوە ئەوەیە، کە هۆی پێک هێنانی بارتەقایی لەنێوان بێژەو ماناداهەبونی چەشەو چێشکەیە، ئەویش چێشکەی پیتۆڕێک کراو، کەوزەی دەرکی ئەم بارتەقایەی هەبێ.

### وێژاوەری

ئێمەئەمانەوێ شتگەلێک بهێنینەکایەوەکە خوێندەوارانی روناک بیرپیان خۆش بێت، بەوردی، لە بەرێکەوە، لەمانای وێژاوەری: «ئەدەبییات» بەتیکراو شیعر، بەتایبەت ورد، دەبینەوەو بە وردی، مەیدانی، مەبەستگە لیجۆربەجۆرکە ئەدەبو شیعر، باڵی بەسەرا کێشاوە، دەخەینە، بەرچاو، ئامانجی هۆنراو وئەدەب بەرپرسیاری و وەمەسئولییەت و ئەرکی سەرشانی شاعیرو ئەدیب وئەم جۆرەشتانە، چ بتەوێ و نەتەوێ شوێن وئەسەری، دیارو نادیاری، هەموکەلێن و قوژبنی ژیانی کۆمەڵ و نەتەوەی هەرمەڵبەندوجێو شوێنێکی تیادیارە، دەهێنێتە ژێرڕکێفی قەڵەم، جا:

قەڵم قوربانی نوکتبم دەبێرەشورش و گوفتارەوەکوحاتەم، دبشکێنە خەزێنەی جەوهەری ئەسرار.

بەڵێ ئێمەتێ دەکۆشین کاڵای ئاڵ و واڵای وابهێنینە ئەم بازارەوە تاکڕیارانی بەزەوق و دش پەسەند کەئێوەی زیرک و نوکتەسەنج بن، ئاورێکی لێبدەنەوە و لایەکی لێ بکەنەوە... با

Dr.Saleh Ebrahimi


بڕۆین نه كادوای ئەم هەموهەو هەو وهەی هەیە، سەوقاتە كەمان، ئـالّە كـوّك بـیّو بـەس! هیوادارین بتوانین روبەندوتارای سور لەسـەر رومـەتی بـیرو ئـەندێشە، لادەیـن وەزوڵـفی وتارلەسەر شانوّی تاریك بەنوكی قەڵەم لادەین و موی ئاڵوزا وشانە كەین و سەرۆك و بنوّكی جیاكەینەوەو بە كاری ساكاری خوّمان بی رازێنینەوە،تائێوەی جوانی دۆس و جوان پەسەند، پەسەندی بكەن...

جا، بانەختە نەختە دەس بە كەین بە كوّڵینەوەو لێك دانەوەی مانای وتەی ئەم چـەن قسەوباسەیە:

«وێژە - ئەدەب؟» چییە؟ «هوّنراو - شیعر» - بە چ قسەیەك دەڵین؟ «هوّنەر- شاعیر» كامە؟ هەروەها لەمەش دەدوێن كەئایاهەركەسیّ هەربەمە، كەدە سی دایە پێنوس و قەڵەم و پێی نایە مەیدانی وتار ئەركێكی لە سەرشان دە كەویّ؟ جـائە گـەروایـەئە ڵـبەتە قـەڵەم بـەدەس لەبەرانبەركێو چیای بەرزی شاخاوی و زەرداتە عـەهودو لیّ پـرسراوی هـەیە،راوەسـتـاوە، سەبارەت بە گەل و نەتەوەو دین وبڕوا ی خوّی، وەبەڵكو، سەبارەت بەئینسـان و ئینسـانیەت دیبارە، كەدەردی دۆینیّ شی بوّوە، بەرەی مروّف چاوە ڕێ دەرمانی بون، ئابابزانین دەرمان، بەدەس كێیە؟ ئایاجگەلە خاوەن بیران و قەڵەم بە دەستانە! ئەوەی كە ئێمەلەشوێنی دە گەڕێن؟!
واتەئەی ئینسان:

تا، تەنورت، گەرمە نانێكی بكە تا، نە بویتە، كوّتی پیّ، كوّلكی پنە.

بەڵیّ: كاری ژیان گەرانەبەشوین ئەوەی كەئینسان دەیەویّو لیّ نادیارە؛جاریّ دەزانیّ چییەو جاریّ نازانـیّ، بـەلاّم وادیـارە كـەدەبیّ لەپـێشدا، چـرایـیّ هـەلّ كـەین و بـەشوێن ئینسانادەشت و دەرو شارو دیار بدینەپێی وە، جامە گەر «ئینسان» هەرئەویە، كەلەسەردوپێی رادەوێستیّ، یا، دەرواو قسەش دە كات؟ نا، نا، «ئینسان» ئەوكەسەیە، كە بەزمـانی خـەڵك و بوّخەڵك و لەبەر خەڵك ئەدویّ. دەنابوّوا «دیوّژن » فەیلەسوفی گەورە، بەئاڵوزاوی و سەر لیّ شێواوی، بەڕوّژی ڕوناك، چرای هەڵكردبوو ئەم سوچ و قوژبن دە گەڕا ئەو لە تاو سوچ و گوناحی زوّرداران وستەمكاران گیانی بەلێوی گیشتبو «روّحگە پیشتبوە سـەرنوكی لوتـی» توڕەو قەڵس و جاڕزببوو لە نێو «تەن» هادا خوّی تەنهادەزانی پییان گوت: «ئوستاد! ئەوەچتلیّ

Dr.Saleh Ebrahimi



ون بووە؟» وەلأمی دانەوە: «ئینسانم لێ ون بووە» گیانم خەستەی دە ستی دەستەی دیوو درنج بووە و ئارەزوی ئینسان دە کەم...

دی شیخ با چراغ همی گشت گرد شهر

کز دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست

گفتند: یافت می نشود جستەایم ما

گفت: آنکه یافت می نشود آنم آرزوست

هەردەڵێ حە کیم مەلەوی کورد بە چرای سۆزی گەرم وئاهی ساردی، شەو چەرەی دیوەخانی دڵی سازدە کاو بەشوێن «شەمام تەوێڵەیی» دائە گرێ، بەڵام ئەم لە کوێ و ئە و لە کوێ!

خویندەوارانی بەرێز «ئەدەب» وەهاکە دەزانن واژەو وشەیێکی کۆنەلەزمانی عەرەبدا کەئێستا بەتێکراله هەمو ناوچەی ئێمەکە زمانی عەرەب شوێنی تیاکردوە، هەربەو مانایە، بەکاردەبرێ، لەزمانی تورکی، پارسیو لەزمانی کوردیشدا، ئەدەب بە مانای: «دەفرو، ئامانو، خوان»ە چونکائینسان خواردەمەنیو پێی خۆر، دەکاتە نێو زەرفو دەفروئامانەوە، هەروەك فیکروبیروئە ندێشەو زانستی خۆی لەسەر سفرەو دەقی وتار، دادەنێ تابە واتەی: بەیان بەیان بکات و نیشان بدات، ئەوەیەکەلەزمانی عەرەبی دا بە سفرەش دەڵێن: «مأدبە» ئەوەی کەبە تایبەت لەئیرانادەڵێن: «ادبیّات» لە خودی زمانی عەرەبدانییە، بەڵکوئەم بێژەو کەلیمەیە، ئەدیبانی تورکی عوسمانلی دایان ناوە،جاعەیبی چییە؟ خۆزمان وئەدەب موڵکی کسێك نییە، بەڵکو وەکو، چەن شتیتر، هی هەموانە، بزانین دەتوانین بێژین: ئەدەب و ئەدەبییات،وێژەو وێژاوەری بۆپێوەندی نێوان ئینسان و فیکرو ئەندێشەی بەرەی مرۆڤە وەئەم هەودا هەوریشمینە،یەك یەکی، ئەفرادی کۆمەل بەیەکەوە دە بەستێ،کەوایە، ویژەو ئەدەب، هۆیە، نەچۆن یەت، بەڵکوچۆن یەت، وا لە مانای «هونەر» دایە، جا دۆستانی ئەدەب دۆستو تێگەیشتو، ئەمانەی وائەمرۆ وسبەینێ گوتراون و دە گوترێن، بەیانی سادەی زمانی عیلمی ئەمرۆی دنیایە، کەبەچەشنێکی تازەو روناكلە باسی بەرچاوی ئێمە دەکوڵێتەوەو تەحلیلی وردی وای دەکات کەئێمە بزانین مانای ئەوشتانەی کە لەعەینی موشکڵ بونا هەموروژێ لە پێش چاومانەو لەگەڵی کارمانە، چییە! تابەم جۆرەچینی خوێندەوارو

خۆیندکارو قەڵەم بەدەس خۆیان بناسن و ئەرکی سەرشانیان، دیارەگرینگترین قۆناغی ژین و بونی ئینسان، «خۆناسینە» وئێمە به تایبەت لەبەرخۆ نەناسین زۆرشتمان نەناسیوە! تەبارەکە لاٚهو جەلەل خالیق، حەزرەتی محەمەدپێغەمبەری مەزنی ئیسلام چەن شرین و کورت فەمویەتی:

هەرکەس خۆی باش بناسێ خودای خۆشی باش دەناسێ واته ئەگەر مرۆڤ خۆی باش بناسێ ئیتر بۆکەس سەرنا چە مێنێتەوە، خۆی بۆخوی و خزمەت کردن، بۆبەرەی موسڵمانان تەرخان ئەکات و بەس و تەنیاله راست خودا و بەدی هێنەری جەهاناتەسلیم ئەبێ.

ئەوەش کەئە فلاتون وتویەتی: برو، خۆت بناسە هەر ئەمە، دوپات، ئەکاتەوە واتا: خۆت بۆخوت بەتالەکزی و کەساسی و ژێرچە پوکەی نەفسی ئامارەرزگارت بێ....

نوکتە: واتای ئەدەب

. ئەدەب: بەواتای فەرهەنگ، زانین، هونەر، جوان لەگەڵ خەڵکدا هەستان و دانیشتن، شەرم وحەیا، حورمەت، پاراستن، بێدارکردنەوە، ئەدەب‌دان.زانین و عیلمێکە، زانایانی پێشو بەداگری ئەم زانینانەیان زانیوە: لۆغەت، صەرف، نەحو، مەعانی، بەیان، بەدیع، عەروز، قافیە، قانونی‌خەت، قانونی‌خوێندنەوە، هەندێ ئیشتیقاق، (قرض الشعر) ئینشا، تاریخ: مێژو،کە ئەمڕو بەو زانینانە دەڵێن:

ئەدەب «ئەدەبیات،ئاداب :»وێژاوەری.کۆی ئەدەب ئادابە، نەک ئەدەبیات.کەئەدەب ئەمانەش دەگرێتەوە: ئەدەبی کەسبی، دەرسی،کەبەدەرس خوێندن و لەبەرکردن و بیرکردنەوە بەدەس بێت، ئەدەبی نەفس، ئەدەبی تەبعی، ئەخلاق: خوو ئاکاری چاک، پەسنی چاک، تەرکی تەماع و... دوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل) موتەرجیمی قورئان بە زمانی کوردی

بە رۆژی بەهار بەشەوی پاییز
یاخوا بەخێربێ میوانی ئازیز

ئەم فۆلکولۆرە کوردی‌یە جوان میوانداری و میوانگری نەتەوەی کورد،دەگەیێنێ.

شەپۆل: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی ئەندامی هەیئەتی عیلمی زانینگە (دانشگاه مذاهب اسلامی) لە تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

# شیعرو هۆنەی کوردی

ئەمرۆکە دەریچەیەکی تازەو نویّ بۆ شیعرو هۆنەی کوردی کراوەتەوە، شیعری کوردی روی لە ئاسۆیەکی رووناک کردووە، سەیرو سەیرانیّ نویّ دەستی پیّکردووە، لە ئاو و هەوایێ تازەو ئازادا دەپشکویّ و خۆ دەنویّنیّ و دەدرەوشیّتەوەو درەخششیّ دیکەی هەیە

شیعرو هونەر و هۆنە و ویّژەی کوردی سەری لە ئاسۆی پیّگەیشتن ساویوە، شیعرو هۆنەی کوردی لە روی بڕواو ئیمان، وە هەروەها لە ئاگری گڕ گرتوی دەرونی پڕ دەردەوە دەهۆنریّتەوە، تیّدەکۆشیّ بە نیازگەلی من و تۆ و ئەو، هەروا بە نیازگەلی کۆڕو کۆمەڵگای گەورەی من و تو، وەڵام بداتەوە. شیعرو هۆنەی کوردی رەنگ و روی خۆماڵی و مرۆڤی و ئینسانی و ئیسلامی و قورئانی هەیە، لە رنگ و ریختی نامۆو بیانە دورە پەریّزە و خۆی سەر بە خۆ راگرتووەو لەسەر بنچینەی بیرو باوەڕی کوردەواری پنجی داکوتاوەو خۆی تاو دەدا. چونکە جوان تیّکەیوە کە ویستی ئیّمە، دەردی ئیّمە، بیرو باوەڕی ئیّمە، وە باری ژیانی کوردەواری شتیّ دیکەیە لە هی بیانەو نامۆ جیایە.

شیعری کوردی باری رامیاری، کۆمەڵایەتی و دینی و قورئانی زۆرە و ئاگری گەرمی ژیاوُ ژیان وەجۆش و خرۆش دەخاو ریّگای ژیان و ژینمان نیشان ئەداو دەسمان دەگریّ و بەرەو ژیانیّکی خۆش و بژوێن و ئاسودە رامان دەکیّشیّ، وە بەوانەی چاک ناتوانن راکەن رەو رەوەی بیری جوان و ورد و ماقوڵانە دەیاخاتە سەر ریّگای راست و دروست و ئینسانی و مرۆڤانی و ئیسلامی قورئانی.

شاعیرانی ئیّمە رویان لە شیعار کردووە، بەڵام هیّمان شیعاریان شاعیرانە لە شیعری خۆیاندا باش نەگونجاندووە، ئەبیّ چاوەڕوان بین تا شاعیرەکانمان بە نیشان دانی شکلی شاعیرانەی شیعار، واتای بەرز و شیاوی ریسالەتی ئەوە ئەدا بکەن شیعر گەلیّ دابنیّن کە شیاوی هەمو خولو چاخ و رۆژگاریّک بیّ. شیعری کوردی زیاتر مایەو رەنگی حەماسی هەیەو تیّدەکۆشیّ وشیار دەربیّ و هۆیەک بیّ بۆ راپەڕین و وریا بوونەوەی گەلان.

شیعرو هۆنە ئەبیّ جوان بە وردی بڕوانیّتە دنیای کزو کەساسو بیّ بە شان و هەژاران و لیّقەوماوان و سرنج بداتە نەتەوە بیّ بەش و بەندکراوەکان، وە ئەوانەی وا

Dr.Saleh Ebrahimi

لە دنیای سێوەم دا لە بەند رزگار بوون.

شاعیرانی ئێمە ئەشێ بۆ خزمەت کردن بە خەڵک تەرخان بکەن، ئەبێ لە شیعر شمشیری ئاودار لە راست تالانچیان و زۆروێژایێ بە کورتی بێژین شیعرو هۆنەی ئێمە رێگایەکی گرتۆتە بەرو بەرەو رەوەک دەرواو راپەڕیوە، ئەتوانێ هیوادەرو ئومێد خولقێنەر بێ.

□ کوردەواری جێگای هەڵقوڵانی ویژو ویژەوانی و ئەدەب و هونەرە.لەوەتی خوا ئەم خاکە جوان و پاکەی خولقاندووەو کوردی لێ نیشتەجێ بووە،بووتەکانی شیعرو هۆنەو ئەدەبی بەرز و تەرزو بڵیند. شوێنەوارێ کە لە پێشینان بۆ ئێمە بە یادگار ماوەو نەفەوتاوە عەزەمەت و پەرەداری هونەری کەلامی ئەم خاکە رەنگینە بە ئێمە نیشان دەدا، وەک شیعری مەلا پەرێشان، ئەرکەوازی، مەلا رۆستەمی ئیلامی، خانای قوبادی، سەرهەنگ ئەلماس خان، حەکیم مەولەوی کورد، میرزا ئەولقادری پاوەی، وەلی دیوانە، ترکەمیر، مەلا منوچێهر، فەهیم سەنجابی، ئەحمەد داواشی، باباتاهیری عوریان، ئەسفەندیاری غەزەنفەڕی، سەیید سالح ماهی دەشتی، حەیرانعەلیشا، سەیید یەعقوب ماهی دەشتی، تەمکینی کرماشانی، شامی، میرزا شەفیع کیمنەیی، ئەلماس خانی کوردستانی، عەلی حەریری، عەلی بەردەشانی، عەلی تەرەماخی، فەقێ تەیران، مەلای باتە، پەرتەو حەکاری، حەکیم ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیێ، نالی، کوردی، ناری، قانع، وەفایی، ئەحمەد موختار جاف، سالم، تاهیر بەگی جاف، سەلاح سۆران، ئەحمەدی کوڕ، فەقی قادری هەمەوند، حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها)، عارف، ئیمامی (ئاوات)، خالەمینە، حەقیقی، جەوهەری، سیف القضات، فیدایی، زاری، هێمن و هەژار.

ئەوەی ئەمڕۆکە بە ناوی وێژەو ویژەوانی قسەی لێوەدەکرێ بەردەوامی رێبازی قسەزانانی پێشینانمانەو نوختەیەکە بۆ پێوەندی رابوردومان بە داهاتومان، دانانی شوێنەواری ئەدەبی ئەمڕۆکەمان ئەبێتە پێوەندێکی راستەقینە بۆ ئاسەواری رابواردومانو رێگا نیشاندەرێکی باش دەبێ بۆ بەرەی داهاتومان.

□ دەزانین کە وێژاوەری لە دەرونەوە هەوێن و مایە دەگرێ، خوێن گەرمی و راستەقانیەکی تایبەتی هەیە، لە روی هەست و لە سونگەی دەرد لە دڵ و دەروونەوە قلپە دەکا. لە تێروانینی قسەی دڵهێنەو شادراوەتەوەو لە هاوار کردنیشی دا دەردو

Dr.Saleh Ebrahimi

رەنج و خەم و خەفەت و مەینەت و شادی و شادمانی مرۆڤ پێل و شەپۆل ئەدا. جا لە بەر ئەمە ئەتوانرێ بۆ وێژەو وێژاوەری،مێژوویێ دیکەیش بۆ دابنرێ: مێژووی دڵ و دەرونی، عـاتفی، مـرۆڤانی، خـوێن گـەرمی، راسـتەقانی و راسـت خـوازی و حەقیقەت ویستی.

جا هەر لێرەوەیە کە بە خوێندنەوەی شیعرو هۆنەی حەکیم ئەحمەدی خانی ئەتوانین تۆی تۆی و توێژاڵ توێژاڵی ژیانی خەڵکی هاو خول و هاودەورەی ئەو شاعیرە بەرپرسە، پڕ هەستە تێبگەین و بیناسین و بیزانین و جوان لێی حالی بین و بە خوێندنەوەی شوێنەواری ئەدەبی و هونەری (فایق بـێکەس، ئـەحمەد موختار جاف، حاجی قادری کۆیی، حاجی خەلیفە، مەلا محەمەد(بەها)، نالی، مەحوی، خانای قوبادی، فەقێ تەیران، حەکیم مەولەوی کورد، نوسخەی جامیعە؛ مەولانا خالید، پیرەمێرد، وەفایی و مەلای جزیری و ...) ئەتوانـرێ ئـەوەی لەو رۆژگارانەدا بەسەر خەڵکی کوردەواریدا هاتووە، راستو دروستترو بێ گرێ و گۆڵە تر لە مێژووە نووسراوە و دانراوەکان،ئەتوانین تێبگەین و شتەکانمان باشتر دەسکەوێ و بە رووناکی و بە باشی لێ حاڵی بین

□ شیعرو هۆنەی کوردەواری هەر خول و دەورەیەک تەشک و دیمەنێ تایبەت بە خۆی هەیە، بە قسەی ساتیر: (هەر خولێ هۆنەو شـیعری خـۆی هـەیە). دیـارە وێژاوەری ئەم بیست ساڵەی دوایـی‌یانەی لە ١٩٨٠ بـەم لاوە لە کـوردەواری دا باشترو جوانتر و بە هێزو پێزتر گوڵ و بەر و میوەی داو سەری هەڵداوەو بە خۆدا هاتووە کە پێویستە لە لایەن لێکۆڵەران و دڵسۆزان و زانـایانی کـوردەواری‌یـەوە پێیاندا بچنەوەو بژارەیان بکەن و لەبەرا بە شەن کاودانەکەی لێک جیا بکەنەوەو ئەوسا بە کەو، قونەکەوی بکەن و بە شێلگیرو بێژینگ دای بێژن و کۆزەرەو چێو و خەوشی جیا بکەنەوەو جوان بە شانەی بیرو هزری سەرۆک و بنۆکی بگرن و لە جیکەنەی بدەن تا دانەو لۆکە جوان و سپی‌یەکەی لێک هەڵاوێژرێ و بە وێـنەی هێلکەی پاک کراو لە بەردەستی خوێندەوارانی نیو کوردەواری دابنرێ.

دیارە بەو پێودانەی کە مرۆڤ لە تەک خۆیدا نامۆ بێ و لە بنێشەی خۆی دورەوە کەوی، هونەریش کە یەکێ لە دیارترین و بەرچاوترین نـوێنگەی رۆح و گـیانی ئینسانە توشی لارێی و تیا چون ئەبێ، لە دنیایێ داکە مرۆڤ دیل و یـەخسیری هەواو هەوەسی نەوسی خۆی بێ یا دیلی هەوای وزەو هێزی ئەنبوژەنی و مادی

Dr.Saleh Ebrahimi

بێ، دیارە هونەریش هەروەک پوڵ و سامان و وزە و تێکنۆلۆژی دەبێتە کەرەستەیێ لە دەست تەماکاری زیادە بەش ویستانی زل هێز و دەچێتە خزمەتی بەشی ئاژاڵی وجودی مرۆڤانی و لە ئاکامدا هەموو چتێ لە خزمەت ماڵ وێرانیدا قەرار دەگرێ.

## بە ئەستۆ گرتن و بەرپرسی لە شیعرو هۆنەدا

لە کەوناراوە وتویانە قسە کە لە دڵەوە بێ بێشک لەسەر دڵیش دەنیشێ. بەر لە هەموو شتێک با بزانین شیعر چییەو چ جۆرە کەلامێکە؟

تا ئێستا لە لایەن فەیلەسوفان، زانایانی مەنتیق، عەروز دانـەران و ئـەدیبانەوە تاریف گەلێ جیا جیا لە هۆنەو شیعر کریاوە، بۆ وێنە:

□ کوڕی سینا بوعەلی لە بەشی مەنتیق لە پەڕاوەی شیفای خۆیدا فەرمویەتی: «ان الشعر هو کلام مخیّل مؤلف من اقوالٍ موزونة متساویة...[۱]

شیعرو هۆنە قسەو کەلامێکی خەیاڵئاپسێنە کە لە پیت و قسەی وەزندارو بەرابەر ساز درابێ، وەک دەزانرێ کوڕی سینا زیاتر دوپاتەی لەسەر خەیاڵی بونی شیعرە.

□ ئەرەستو لە پەڕاوەی فەنی شیعری خۆیدا وتویەتی: رەسەنی شیعر بە واتاو ماناو مەزمونیەتی، وەزن و ئەوانی دیکە شاخ و بەرگن، بەم پێیە کە شیعر لە روانگای واتا وا دابنێین ئەبێ شیعر بە قسەیێ خەیالاوی بزانین کە بتوانێ شۆر و غەوغا لە دەرون ساز بدا و حالەتێ لە غەم و شادی و شتانێ دیکە لە خوێنەر و بیسەر دابەدی بهێنێ، هەرچەندە دەق و بلاوکیش بێ.

□ ئەشێ بوترێ چون لە زەمانی حەکیم ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حەکیم مەولەوی کورد، مەلای جزیری، حاجی قادر کۆیی، مەلا پەرێشان، نالی، چامەی هوزموگان رمان، ئاتران کوژان، وەفایی، پیرەمێرد، مـەولانا خـالید شـارەزوری، شیعر بە وێنەی وەزن و قافیەدار بەیان کراون لە ئاکاما قسەیەک لەو دوانە خالی بن بە شیعر دانانرێن، هەر چەند ئێمە بەیت‌مان هەیە کە هەندێکی وەزن و قافیەی هەیە و هەندێکی بێ‌وەزنەو بە ئەدەبی کلاسیک دادەنرێ. هەرجۆر بێ شیعر ئەگەرچی لە وەزن و قافیەو لە هەندێ نوکتەی جوانی بەدیعی و لەفزی خالی بێ شیعرو هۆنە

۱- بروانە: ابن سینا، فن الشعر، چاپی ئەورەحمان بەدەوی، لە پاڵ فن الشعر ئەرەستو، قاهیر ۱۶۵۳ پەرەی ۱۶۱.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەبێ ئەزمونی بەرهەمی عاتیفە و بیروخەیاڵ بێ، وە بە بێ خەیاڵ و وزەی خەیاڵ هیچ یەک لە عاتیفە و بیر ناتوانن سازدەری شیعر بە واتای واقیعی بن. بە واتایێ دیکە هۆنەی شیعری کاتێ خۆدەنوێنێ کە خەیاڵ و بەیانی هونەری لە کار دابێ، چونکە هیچ ئەزمونێک لە ئەزمونەکانی مرۆڤ بێ وزەی خەیاڵ بایەخی هونەری و شیعری پەیدا ناکا. شاعیر بە وزەی خەیاڵ و زەوق و سەلیقە و بە کار بردنی (تشبیهاتِ) جوان و ئیستیعارەگەلی لەتیف و قسەڕەوان و بەدیع و بە کار بردنی پەندو مەسەلی دڵنشین و خونجاو و گونجاو و جوانی واتا و بێژەو کەلام بە نیشان دانی شتگەلی دڵ پەسەند و صووەری خەیاڵ و دڵگیر ئارەزوی خۆی لە شیعرو هۆنەدا لە بابەت ئیلقای بیروگوێزاندوەی عاتیفەو حالاتی خۆی بە خوێنەر و بینەر بە دوو شێوە ئەنجام دەدا.

۱ـ جوان رازانەوەو باش نیشان دان کە شاعیر بەم کارو شێوە جوان بە جوانتر نیشان دەداو لە سیحرو جادوی کەلام و هێزی جوانی بەیان و شوێن دانانی خەیاڵ، وە خەیالاوی شیعر،کارێ وا دەکا واتاو مەفهومی زیهنی بەبیری مێشکی خۆی و خۆرسک و ژیان لە چاو و دل و گوێچکەی خوێنەر و بیسەری شیعرو هۆنەکەی خۆیدا پڕشکۆترو بە تین و تەوژمتر لەوەی وا هەیە نیشان بدا.

۲ـ دووەمی یە کە کارو شێوەی داپۆشین یا داپوشێنی هونەری یە، کە شاعیر لە کاتی پێداویست دا جۆرە پۆشاکێک لە بێژەی جوان و رازاوە ئەکا بە بەر واتاداو بەم کارە ناحەز و کرێت بە جوان و رازاوە نیشان دەداو ناپەسەند دەکاتە پەسەندو دڵگیر.

□ لە بابەت شوێن‌دانانی شیعرو هۆنە لە دڵ و دەرون و بیرو مێشکی خەڵکدا چ لە بابەت ناسینی هونەر، وەچ لەبابەت رەوانناسی و فێرکردن و بارهێنانەوە گرینگی‌یەکی زۆر و بەرچاوی هەیە. جاحیز (۶۰ـ۱۲۲۵ی مانگی) ئەدیب و موتەکلیمی ناوداری عەرەب. دەڵێ: لای نەتەوە باستانی‌یەکان، شاعیران و هەستیاران زیاتر لە هەچین و توێژی دیکە دەستە جلەوی ئەقڵ و عاتیفەی خەڵکیان بە دەستەوە بووە. ژنانی عەرەب لە خولی جاهلی و نەزانی دا ئەو قسەی جاحیز دەسەلمێنێ.

بە قسەی (شمس قیس رازی - صاحب المعجم: زۆر جاران تاکە شیعرێک هۆی دۆستی و ئاشتی بەدی‌هێناوەو زۆر جارانیش بۆتە هۆی فیتنەو فەسادو ئاژاوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

لە هەر هاوارێکدا کە لە دڵ و دەرونی شاعیری بەڕاستی دەردەپەڕێ و لە هەر سورەتی خەیاڵێ کە ئەو لە شیعرو هۆنەی بە ئەستوداری خۆی بەدی دەهێنێ، گشت هەویا، بیرو خەیاڵ، دەرد، خۆشی، گەورەیی و داماوی مرۆڤ، بە کورتی هەموو کەینەو بەینەی جیهانی تێدا نهێنە.

دیارە شیعری ئەستۆدار و وێژاوەری بەرپرس ئەتوانن بەبۆی شوێندانێرترین هۆیێ بۆ بوژانەوەو پاراستنی بایەخە مەعنەوی یەکان و ئاگادارکردنەوەو بێدارکردنەوەی ستەم لێچوان.

مەبەست لە شیعرو وێژەو وێژەوانی بەرپرس، تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەڕاستی و دروستی و ئازادی مرۆڤ، هەستیارانی بەرپرس و بە ئەستودارو و بە ئەمەک بۆ راستی و دروستی و مرۆڤانی، ئەوانەن کە بە واتای قورئانی کەریم کاری چاک و عەمەلی سالح ئەنجام بدەن، هەمیشە لە بەر خوداو بۆ رازی بوونی ویژدانی خۆیان، خۆیان بۆ خزمەت کردن بە مرۆڤانی تەرخان بکەن و لە بیری چەوساوان و ستەم لێکراوان دابن.

قورئان: **[والشعراء یتبعهم الغاون الم تر انهم فی کل واد یهیمون وانهم یقولون مالا یفعلون الاالذین آمنوا و عملوا الصالحات و ذکروا الله کثیراً...]** (سوورەتی شوعەرا - ئایەتی ۲۲۴ تا ۲۲۷).

[پێغەمبەر شاعیر نیە - شاعیران کەسانێکن کە لارێیان پەیرەوی یان لێ دەکەن، لارێ بەدوی هەستیار دەکەوێ. ئایا نەت دیوە کە ئەوانە (هەستیاران) لە هەر شیوو دۆڵێکدا سەر لێشواون. وە بەڕاستی ئەوانە شتگەلێ دەڵێن کە خۆیان عەمەلی پێ ناکەن. مەگەر کەسانێ (لە شاعیران) کە بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووەو یادی خوایان زۆر کردووە.]

ئەم هەستیارانە کە بڕوایان بە دین و ئەخلاق و ئاکارو خوی چاک و ئینسانی و خودایی هەیە، لە ئاکام دا لە بەدیهێنانی شوێنەواری خۆیان بۆ هۆنینەوەی شیعر ئەکۆشن، هۆنەو شیعرەکانیان لە خزمەت خەڵکدا بێ، بۆ خەڵک بە کەڵک بێ و خەڵک بێدارو وشیار کاتەوە، خوو ئەخلاقی چاک و ئینسانی لە نێو خەڵکدا پەرە پێ بداو خەڵک لە زوڵم کردن، ملهوڕی، بێ ئەخلاقی دور بخاتەوەو سەرنجیان بۆ لای ئاکار، خو، بیروکردەوەی چاک و خودایی و مرۆڤانی و دادگەری و دادپەروەری و ئاشتی و ئازادی بیروڕاو خۆشی و شادی و بە یەکەوە سازان بانگ بکا، تا خەڵک

Dr.Saleh Ebrahimi



لەباتی دژو دژایەتی کردن رو بکەنە چاکەو چاکەکردن و خوێندن و سەنعەت و تکنیک و پەرەدان بەفەرهەنگی رەسەنی مرۆڤانی و خودایی و تەرەقی کردن و پێشکەوت و سەرکەوت لە کارو باری دنیاو ئاخیرەت دا بە هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و تێ گەیشتن و زانین و فامینی بەرەی مرۆڤ تا زوڵم ریشەکیش بکرێ و لە دنیادا زوڵم و بێ عەدالەتی و تەبیعض نەمینێ. (شەپۆل)

نیشتمان ویستی و ئۆگر بون بە زێد، لە سەرەتایی ترینی خوی مرۆڤانی یە، هەروەك ئۆگرداربونی زاروکە، بەدایک، ئەو عەشق و ئەوینە بەگۆچ گرتن بەشیری دایک، لەگەڵ خوێن تێکلاو، دەبێ و لەگەڵ گیان و رۆح دەر دەچێ.

شاعیروتەنی:

[روزی که بامر حقّ جهان شد ایجاد
و آدم شد خلق و آدمیزاده بزاد]
[مهر وطن و محبت قوم و نژاد
در طینت مردم بودیعت بنهاد]

خزمەتی خاکی وەتەن فەرزێکی عەینە، بۆ هەمو
داخلی بەم حوکمەیە، کێ فەرقی جوان و پیر ئەکا
زوڵمەتی جەهل لە بەرچی زۆری سەندوە باکت نەبێ
نوری عیلمی عالە مێکە، عالەمێ تەنویر ئەکا
هەرکەسێ فیکری مەزاری باوكو باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خوێی چلۆن؟ تەفسیر ئەکا.

## غار پراو، بزرگترین غار دنیا...

در فاصله کوه «بیستون» و «تاق بستان» در بلندیهای کوه «پراو» که یخچالهای طبیعی آن معروف است، دهانه «غار پراو» قرار دارد.

در درون این غار شگفت انگیز، درهای به عمق ۳۵۰ متر و در قسمتهای عمیق آن چندین آبگیر و یک «آبرو» وجود دارد.

این غار که در سال ۱۳۵۰ شمسی توسط یک گروه غارشناس انگلیسی کشف شد، بنا به تائید انجمن غارشناسان بین المللی، بزرگترین و عمیقترین غار دنیاست.

غار بیستون:

بیستون چه حکایتها که در دل نهفته ندارد....

غار بیستون، یادگاری از بشر اولیه و دورهٔ دیرینه سنگی. این غار که متعلق به دورهٔ ماقبل تاریخ است در بیستون. بالای سر مجسمه هرکول به طور تصادفی از زیر خاک بیرون آمد.

Dr.Saleh Ebrahimi



# زوانو ئەدەب:

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی لە ئاخرو ئوخری سەتەی دەهەمی کۆچی واتا: ۴۰۰ ساڵ بەرلەمە کتێبی شەرەفنامەی بەزوانی پارسی لە مێژوی. گەلی کوردا نوسیوە ئەمیرشەرەفخان یەکەم مێژو نوسێکە،زوانی کوردی لە بابەت زاراوەوە کردۆتە چوار بەش[1] ئەوچوارەش بەم جورەن:

## ۱- کرمانجی:

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لەکرمانجی زاراوەیە کە لەم چاخەدا زیاترلە دەمیلیون کورد قسەی پیێ دە کەن. وەنوسەرانو مێژوسان کردویانەتە دوبەش: ئـەلف: کرمـانجی ژورویـا باکوری:"شمالی". کە کوردە کانی: (ئێرەوان و گورجستانی شورەوی لاچین، گوڵ بەهار یا گوڵبجار، ئاخکەندو ...) وە کوردە کانی تورکییەلەلای گۆلاوی (وان، دییار بەکر، قارس، بایەزید، خەرپوت و جەزیرە و دەرسیم و...[2] وەکوردە کانی ئێران (لە قوچان و بجنورد هەرێمی خوراسان وەهۆزی جەلالی و میلانی و هەرکی و برادۆست و ... لە ئازربایجانا[3]. وەهەرێمی جابان:"جاوان" لەدەماوەندی لای تاران.

وەکوردە کانی عیراق لە (هەرێمە گەلی دهۆك و موسڵ و هەندێ لای هەولێر) وە کوردە کانی سوریەلە (ئوستانی: پارێزگەی دیرالزورو فەرمانداری ترابلس و حیسن الاکراد و کوردە کانی لوبنان و ئۆردۆن. بەم زاراوەیە لە عیراقا[4] - بادینی پێ دڵین.

بێ: کرمانجی خوارو یا باشوری:"جنوبی" وەك زاراوەی کـوردە کـانی موکریـان: مەهـاباد، سەردەشت، سنە، مەریوان، سقز و بانە و ... لە کوردستانی ئێرانـا وەئوستـانگەلی سلێمـانی، کەرکوك و هەولێر لەکوردستانی عێراقا «کە بەهەڵە بە سۆرانی ناوی ئەبەن».

---

۱- بنوارە شەرەفنامە چاپی پطرسبورغ ساڵی ۱۸٦۰ زایینی وەبەرگی یەکەم چاپی قاهیرە ساڵی ۱۹۳۰ زایینی و ئۆفسیتی تاران سالی ۱۳۴۳ هەتاوی لاپەرەی ۲۳.

۲- "لە دەرسیم بە زاراوەی زازایی داخۆن" (زازاله ناوچەی سیورلی چبخچور،کر) و گۆران (لەکـە نـدوڵە، پـاوە، هەورامان، تل‌هدشك (ص ۴۵ تاریخ زوان پروێز خانلری).

۳- بنوارە (باوی کۆمەلایەتی و مێژویی نوسراوی شـەپۆل) چـاپی تـاران نـەورۆزی ۲۵۹۱ کـوردی ۵۷ و ۵۸ هەتاوی.

۴- بەهەڵە بادینانی "بهدینانی" پێ دەڵێن.

## ٢- لری:

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە زاراوەی لری (ئیلامی، فەیلی، بەختییاری، لەهەرێمی پشتکۆ و پێشکۆ یە، یان روناکتربڵێن: لە هەمەدانەوە تا شوشتە رو شاری کورد لە ئێرانا وەئوستانگەلی کوت و عیمارەو فەیلییە کانی بە غاو بەسرە و شوێنە کانی ترە لە عیراقا[١].

## ٣- کەڵوڕی = کەڵهوڕی.

مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە کەڵوڕی ئەوجۆرەزارا وانەیە کە لەزۆربە ی هەرێمە کانی کرماشاندا،وەلە بەشی لە کستانا لە ئوستانی ساحلی ئێران وە لەناو کوردە کانی فرمانداری خانەقین،مەندە لی و میقدادیە."شاربان" قسەی پێی دە کرێ،بە هە لـە هەندێ لە نوسەران "کرماشایی" یا "لە کی" پێی ئە ڵێن کەچی لە کی خۆیی تێکلاۆێکە لە (لری،کەڵوڕی و گۆرانی).

## ٤- گۆرانی:

مەبەستی ئەمیرشەرەفخان لە گۆرانی زاراوەیە کە لە پێشا لە "ئەردەڵانەوە" تا کێوی حەمرەین یانی لە ئوستانی: پارێزگەی کوردستان لە ئێران وە پارێزگە کانی سلێمانی و کەرکوک لە عیراقا قسەی پێ کراوە ...

بەڵام بە هۆی ئەوە کەزۆر بەی هۆزە کانی گۆران زۆان وەک: زەنگەنە، سییا مەنسور وهی ترلە رۆژگاری شاهەباسی سەفەوی یەوە کۆچ دراونەتە، ئەفغانستان،جابەم هۆیە ئەوانە وا بەم زاراوەیە ئاخە فتون زۆرکەم بونە تەوە[٢]. زاراوەی گۆرانی لەم چاخەی ئێمە دا لەناو (هۆزی زەنگەنە، سییامەنسور، گەلالی، شوانکارە، کاکایی، هەورامانی لە کوردستانی ئێران و عێراقا وەلە ناو کوردە کانی ئەفغانستانا باوەو ماوە[٣].

---

١- بابا تاهیری عوریان (٩٣٥-١٠١٠) بەلری شیعری گوتوە و ناوبانگی چارینەکانی: لەدەرەوەی کوردستان بلاوبوتەوە بیروباوەرێکی دژی دەرەبەکایەتی لەناو گەلدا بلاو دەکردەوە ... لە شیعرەکانی دا بە توندی دژی زوڵم و زۆری کۆمەلایەتی دواوە. هەروەها دژی ئاغاگەورەکان و فەرمانرەواکان بووە" (میژوی جیهان پراگ ١٩٦٠ بەرگی سێهەم ل ٥٠٢ چاپی چیکی). وە (کوردستان و کورد) بەنەقل.

٢- کۆرێ لە نوسران بەهەڵە بگۆرانی ، هەورامانییان پێی وتون، کەچی هەورامانی خۆی زاراوەیە کە لە گۆرانی کۆن.

٣- بۆناسینی شوانکارە بنوارە (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژوی و... نوسراوی شەپۆل چاپی تاران ساڵی ٥٧ و ٥٨.

پروفسور مینوریسکی رۆژهەڵات ناسی ناوداری روس لەبارەی "گۆران" ەوە کتێبێکی بەزوانی ئینگلیسی نوسیوە کە لەوا زۆرێ لە هۆنراوەی هۆنەرانی هۆزی گۆرانی تێداهێناوەو چاپی کردون.

هەروەها بەسودوەرگرتن لەناوی سوڵتان ئیسحاق پیری کاکا ییە کان دیاردیبۆ کەونارابونی ئەدەب و بێژاوەری هۆزی گۆران کردوەو ناوی سوڵتان سەهاک = ئاستیاگ = ئاژی دەهاکی بەکوردی ماد داناوە، بەڵام بە داخەوە ئێستائەوکتێبمان لەدە سانییە.

هەرچەن بەڵگەیەکی زۆرمان لەبابەت ئەدەبی گۆرانی کۆنا بەدەسەوەنییە، بەڵام بەوجۆرە ئاگاداری یانەی وابەدەسەوەن، ئەتوانین بێژین: ئەدەبی گۆرانی کونترین بێژاوەری و ئەدەبی کوردە.

حەمدو للاّی مستەوفی قەزوێنی بە نەقڵ لە "ئەلبولدان" ئەنوسی:

"سپای ئیسلام" ساڵی ١٨ی کۆچی لەزەمانی ئەمیرە لموئمنین عومەر - ی کوری خەتتابدا قەزوێنی گرت.

لەوکاتەداحە ساری شارستان "شاپوری" بوو خەڵکی ئەوێ لەگەڵ موسڵمانانا جەنگیان ئەکرد و موسڵمانەکان بانگیان ئەرکردن یان موسڵمان بن یان جزیە بدەن.

ئەوانیش هەرایان ئەرکرد وئەیان وت: "نەموسڵمان ئەبین وە نەگزیەش ئەدەین هەرن بگەرێنەوە مەککە تا ئێمەش رزگاربین" - "نەمسلمان بیم نەگزیت دهیم + بشی اومکەشی کاما برهیم[1].

مستەوفی قەزوێنی ئەم بەیتەی بە پەهلەوی ناو بردوە،وەلە راستیا ئەم بەیتە: "گۆرانی = لری" یە، ئەمە خۆی بەڵگەیە، بۆئەوە کە لەپێش ئیسلاما ئەدە بی کوردی گۆرانی هەبووە.

کۆرێ ترلە مێژونوسان و نوسەران وەک (ملك الشعرای) بەهار وە رەشیدی یاسمی و دوکتور سەعیدی کوردستانی و ئایە تولڵامەردوّخ و شەپۆل و ئەورەنگ، چەن هۆنراوە یەکیان لە نوسراوەکانی خۆیانا، هێناوە کەبەدەسنوسی پەهلوی لە پێستی ئاسک نوسراوەتەوەو لەناو یەکێک لە غارەکانی کوردستانی عێراقا، دۆزراوەتەوە،کەلەوا دیاری بۆ کوشت وبرین و تالان و برۆ و بەدیل گرتن و ... کراوە ئەوهۆ نراوانە، بە کەمێ جیاجیای یەوە بەم جۆرن:

---

١ - مێژوی گوزیدە چاپی فردەوسی تاران ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی پەرەی ٧٧٦.

Dr.Saleh Ebrahimi


باوی کوردەواری

هورمزگـــانرمان ئـــاتران کـــوژان	هۆشان شاردەوە گەورەی گەورە کـان
زۆرکـــارئەرەب کـــردنە خـــاپور	گونـــاو پـــاڵە بشـــی شـــارەزور
ژنو کـــەنیە کـــان وەدیـــل بشـــینا	مـــێرد ئـــازاتـــلی ژ روی هـــوینا
رە وش زەردوشـتـرە مـانەوە بـێکەس	بەزەیە ک، نکاهورموز، وەهیچکەس[1]

---

١ـ هورموز، یا ئاهورامەزدا بەمانای خوایە، گان بە مانای جێگەیە واتا: عیبادەتخانە کان و ماڵە خودا،رمیان وروخان، ئاهورمەزدا لە ئاهوڕە، بە مانای: هەبونی دانە، مەز بەمانای مەزنە، دا، بە مانای دانا وزانایە، رمان بە مانای رمیان و روخانە. ئاتران لە ئاتر، وە بە مانا ئاگرە ـ تـوگ بەیەکتری گۆردراونەوە = ان =پەسوەندی نیشانەی جەم و کۆیە لە کوردی ئەمرودا "ک"ی‌عەهد. لە پێشەوەی دائەنرێ و ئەبێتە ئاگرە کان، ئاگر، ئاتر، ئاور، یەک مانای هەیە، لەکوردییا دەڵێن: ئاگرە خۆشە لە خوێم گاتەوە. کوژانلە کوژیانە، بە مانای ئاگر کوژانە وەو ئاور مریان و کوژیانی ئاگرە.

٢ـ هۆشان: لەریشەی‌هو، خو "**Hwa**" ئاوێستایی‌یەو بەمانای خۆیان ـ لەباتی هۆشان "وێشان" وتراوە، شاردەوە. لە شاردنەوەیەو بە مانا خۆشاردنەوەو خۆگومو بزرکردنە، گەورەی گەورە کان یانی: مەزنی مەزنە کـان. زۆر، لە زۆر، لەزۆردارەو کاریش پەسوەندی نیشانەی سیفەتی فاعیلیە، ئەرەب بە مانای عەرەبە. خاپور بە مانای رمیانە،گوناڵە گوندەو بە مانای ئاوای‌یە. پاڵە: بە مانای شارە، پەڵەو پاڵەوان، پاڵە لەیەک‌ریشەن. لە کوردییا پێلاو تایبەتی شارنیشنە کان بووەو کاڵەش تایبەتی دی‌نیشنە کان بووە، لە کوردییا ئەبێژین: پێلاَت لەسەر چاوە، کاڵەو پێتاو،کاڵەو پوزەوان. ناتوانم بەن کاڵەی خۆم لەبەن چەکمەی تۆخەم، لە بورهانی قاتیعا نوسراوە پەهلو، پەلەو بە مانای شارە، پەهلوان، پەهلەبان بەمانای: شەهرەبان یا نیگاهبانی شارە، بە کوردیش ئەوترێ پاڵەوان یانی: شارەوان، شارەوانی، دیبارە، لەقەدیمەوە نیگاهبانی شاریان لە مرۆڤ گەلی خودان وزەو بەهێز کە بتوانێ لەدزو دروزن بەرگری بکات لەبەر چاو ئەگرت، بشی‌لەریشەی بەشەو بە مانای پشکە × یان لەریشەی شیایی و شو ـی ئاوێستایی‌یەو بەمانای ئەرواو رۆیشتن،ە، لە گوڵستانا شد بە مانای رۆیشت، هاتووە. وەک ئەبێژێ: (شد غلامی کە آب جو آرد　　آب جو آمد و غلام ببرد)

واتا هەتا ئەرواتە شارەزور، لەباتی: "بشی" "هەتا" وتراوە، شارەزور ناوی بەشی سلێمانی و ئەو ناو ناوەیە. نالی شاعیری شارەزوریش زۆر بە ناو بانگە.

ژن. لە ئاوێستادا بە مانای زان و ژان پیباهاتنە، کەبە غیناش ناو براوە.

ـکەنیە کان لە ریشەی کەنی کەنیشک‌کناکە نیک ـەو بە مانای دۆیتو کچە،لێرە دایە گۆران شاعیری نازارو دڵتە رو ناوداری کورد ئەبیژێ: عەشقی ئێوارەی سەرە رێی کانی ـبەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی!ـ رۆژا ئاوائەبێ چەم تاریک ـدایە دەنگی (کنالەیل) هەردوایی نایە... ـ(کنالەیل: کچی یار) ـمانگ بەتریفەی ئەکاکەیل ـهێشتا، هەر گەرمە، ناڵەی (کناله یل...!)

گومان لەوە دانیە کە (عبدالله) گوران (کە ساڵی ١٩٦٢ لە عێراق کۆچی دوایی کردوە) چ لە ناوە رۆکی شیعرەکانی داو چ‌لەو شێوە تازانە داکە لە شیعردا دای هێناوەوچ‌لەرەوانی و بژارکراوی ئەوکوردیە داکە شیعری لەقەید و بەندی شیعری کلاسیکی کوردی رزگار کردوە و بەوهۆیەوە ئاسۆیەکی نوێی بۆگەشە کردنی زیاتری شیعری کوردی کردوتەوە.

بشیناله ریشەی شیای بە مانای هێنانو هاُرد نە. مێردئازالە دوبێژەی مێردوئازا، تێکڵاوکراوە، مێرد لە ریشەی مێرد: مێرت ـەوبەمانای پیاو و مێرو مەردومێردە ـ ئازاش بە مانای نەبەزو کوڵنە دەرە.

تلی: لە ریشەی تلیای، تلین ـە و بەمانای تلانەوەو تل‌خواردنە.

Dr.Saleh Ebrahimi

هەروا مجلەالعربی ژمارەی ٢٠٠ چاپی تەموزی ١٩٧٥ کووەیت لەو تاریکداکە بەقەڵەمی (عبدالحلیم منتصر) لەژێر ناوی (ابن وحشیة فی الفلاحة) و (هو اقدم الکتب فی العربیة) دەنوسی... شوق‌المستهام فی معرفة رموز الاقام و قد ذکر فی آخر کتابه هذا انه ترجم من‌اللغة الکردیة کتابا فی علل المیاه و کیفیة استخر اجها- یاخەتی ماسی سۆراتی کوردی کە دوکتور سەعید خان کوردستانی لە مزگانی نەزانی کوردی باسی دەکات.

بەڵام ئەبی بێژین ئەم: هۆنراوانە بەزوانی گۆرانی کوردین. حوسەین حوزنی موکریانیش لە نوسراوەکانی خۆیدا دییانی بە مەداناوە، یەکێک‌لە هۆزەکانی گۆرانی زوان، هۆزی کاکای یە، کەلە ئێران و عێراقا ئەژین، بەرەی کاکای یەکان، لە سەرئایینی "شەیدایی" ئیرانی کۆنن.

سرنج راکێشەلە ناوئەو نوسە رانەداتەنیا (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) سەر چاوەی ئەم هۆنراوانەی بەنەقڵ لە کۆبەی ١٨ لەسەر لاپەرەی ١١ لەکتێبی خەباتی سونیان ـی کورد نوسراوی واسیلی نیکیتین رۆژهە لات ناسی ناوداری روس ناوی بردوەو گوتەیەتی: ئەم هەڵبەستانە بەزوانی پەهلەوی‌یە.

لەکتێبی مێژو دا ناوی چەن باڵول دێتە بەرچاومان ئەلف = باڵولی خارجی: کە شارە کوری بە شەری شەیبانی موسڵی کە لەکوردانی دەورو بە-١ری، موسڵ بووەو لە ساڵی ١١٩ کۆچی دا لە هیشامی کوری (عبدالملک) ئەمەوی را ساوەو شۆرشی کردوەو لە موسڵمەوە تا کوفەی هێناوەتە ژێر فەرمانی خۆی و لە پاشان لەشەڕا کوژراوە.

---

١ـ (بنوارە دائرةالمعارف پطرس بستان پەرەی ٦٤٤ جەلەی ٥). ٢ـ فەرهەنگی دهخداپیتی ب و دائرةالمعارف پطرس و سە فەرنامەی (ابن بطوطه) پەرەی ٢١٠ تا ٢٠٩.

ـژ: بە مانای بە یەو جاری‌واش هەیە بە مانای "لە" یە، وەک ژمن دی ژمن.

هوینا: لە ریشە هون بە مانای خوێنە. رەوش بەمانای ئایینە.

زەردوشتر یا زەرتوشەر یانی پێغەمبەری ئێرانیان کە لەرە گەزی کوردەمادەکان- ە ،

قانع شاعیری ناودار لەم بارەوەیە، کە دەبێژی:

کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە — وەک باقی کتێب خەلات خوایە

بەزمان هەورامی هاتە سەر بە شەر — یانی های زەردەشت بوی بە پێغەمبەر

ـبزیکا، بەزەی یەک، لە ریشەی بەزەیی، بە مانای دڵسوزی و دڵ سوتان و روحمە.

نکا، نیکا بە مانای نەکرن، نەکردن واتانای کات. ئەم هەڵبەستە و هونراوانە دەسیلابی یە واتا: دەبەشن و

Dr.Saleh Ebrahimi



ب ـ باڵوڵی مەجنون: ئەبووەهیب باڵوڵی کوڕی عەمر صیرفی کوفی، گۆیالە کوردانی ئێران و شاگردی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق بووەو لە ساڵی ١٩٠ کۆچیدا مردوە .

ج ـ باڵوڵی شولی کە یەکێك لە عاریفانی مەزن و شاعیر بووە «ابن بطوطه طنجه لی» لە سەفەرنامەکەی خۆیداناوی بردوە کە لە لورستانا چاوی پێی کەوتوە و قسەی لەتەکیا کردوە.

هەروەك لە قسەکانی ئەمیرشەرەفخانی بتلیسی دەرئەکەوێ، ئەدەبی گۆرانی لە کاتی فەرمانرەواکانی "حەسەن وێهی" و "عەیاری" زۆر و زەوەندو پەرەدارانە پلاوکراوەتەوە، بەڵام شوێنە واریو ێژاوەری ئەوکاتەلە بەروێران کرانی شارەکانی (دینەوەر ـ سیروان ـ حەلوان ـ شارەزور) لەلایەن مەغولەکانەوە، وێژاوەریش تییاچوو نەما، بەڵام لە کاتی فەرمانرەوای: (بەنی ئەردەڵان) دا ئەدبی گۆرانی بوژایە وەو تازەمانی خوسروەخانی ناکام چووە پێشە وەو لێرەوە شوێنەوارگەلی بە نرخی وێژاوەری بۆئێمە جێمارە.

بەڵام میران و فەرمانرەوایانی بابان، دەسیان دایە، پەرەپێدانی ئەدەبی کرمانجی خوارو: "جنوبی" کەبەهەڵە بە سۆرانی ناوئەبرێ، جاهەر لە بەر ئەمەیە لەدەم و کاتی ئێمەدا وازاراوەی کرمانجی خوارو بووەتە زمانی ئەدەبی و علیمی و هونەری و کۆمەلایەتی و رامیاری و ئابوری و نوسراوەیی زمانی کوردی، ئێستاشێوە و رچە یەکی ئەدەبی یەکگرتوی گرتۆتە بەرو

---

ـ دەهیجابین. ئەم هوزی کاکایە: دوای داهاتنی ئایینی پیروزی ئیسلام هەندێ لەبیرو باوەری رچەی خۆیان لەدەس دابڕیکیشیان بە دڵ و داو پاراستووە، تەنانەت بێژاوەری گۆران بەشێکەلەرازە نهینییە کانی رچەی گۆران، لای غەوارە نای درکێنن، ئەمانە باوەریان بە تەناسوخ هەیە، بەمە کە گیان و رەوانی فریشتەکانی ئەوان ئەچێتە ناو کلێشەی ئەنبیا و ئەولییا. باوەریان هەیە. وەلەبەر ئەوەی زۆریان حەزرەتی عەلی و ئالی ئەوخۆش دەوێ کۆری لە مێژونوسان ئەوانیان بە یارسان و عەلی یوڵلاهی ناو بردوە.

پیشوایانی ئایینی کاکاییکان، لەهەندێ شوێناله بەرهەندێ هۆ چەن هونراوە یەك لەهونە رانی خۆیان ئەگێرنەوە، بووینەئەواچەن شیعر لەدو بەیتییە کانی باڵولێ کەلە (١٧٠ ـ ١٩٣ کۆچی)دا ـ ژیاوەو کۆچی دوایی کردوە بۆتان نەقڵ دکەین:

ئەز بەهلولە نان جەروی زەمینی — چار فرشتانم چاکەر کەرینی
نجومم سالح رە جەبەم بینی — چەنی لژەبیم جەماو هەفتینی
ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران — وە قانون شەرت ئەو واتەی یاران
چەندی مەولابیم کردمان شاران — یارانم کەردەن وە قەوای ماران
دیوانەی زاهیر دیوانەی زاهیر — دانای یارانم دیوانەی زاهیر.

دە رۆیش نەوروزی سۆرانی کە لەسەتەی ١٣ هیجریدا ژیاوەلە زانایی و دانای باڵولا ئەبێژێ:

بەهلول زاتیون زات یەکدانە — عامیان ماچان بەهلول دێوانە ٠

لەو چوار زاراوە بنەرەتی یە رەسەنانە کەڵک وەر ئەگرێ و خۆی گیاندۆتە پلەو ریزی زوانە زیندوو پێشکە و تووەکانی جهانی ئەمرۆ و شان لەشانی ئەوان ئەدا.

باش وایە: بگەرێنە وەسەربیژەی گۆران، هەروەک لەبەرگی یەکە می شەر فنامە لاپەرەی ٢٣ دانوسراوە هۆزی گۆران لەسەرەتاوە لە پێ دەشتەکانی پاریزگەلی کەرکوک و سلیمانی و کرماشان دا، نیشتە جێبون و رویان کردبوە، ئاوەدانی و خەریکی زەوی وزارکێلاّن و کشت و کالّ بون، بلاّم هۆزە کۆچەرە کوردەکان و جافەکان زۆریان لێ دەکردن وەک لەم میسالە کوردی یانەدا دەرئەکەوێ، گۆرانەکان باشاری ئەوانیان نەدەکردو بەردەسیان ببون ئەڵێن:

جارێک جافەکان مێگەلە پەزەکانیا بەلەوەربەرە و کۆیستان ئەبەن و رێیان ئەکەوێتە ناوزەوی وزاری کابرایەکی گۆران، لەدورەوە هەرای لە دەکەن و دەڵێن: هوی کابرای گۆران. (گاڵەکەت وەگوێزە واپەزەکەمان هات) یانی تۆناتوانی بەرگری هاتنی مێگە لەمەرەکەی ئێمەپکەی، دیبارە بەودەم و دەسەش گالّ و هەرزنەکەت بۆ نادوررێتەوە کەوابو پەزەکان زییانی خۆیان هەر ئەکەن.

هەروائەو کوردە کۆچەرانە کەبەشەوالای پەزوپۆڵە بون، خەویان لەگۆرانەکان حەرام کردبون و ئەمانەیان بۆکردبونە جۆک وتوانج و تەشەر وقسە:(هەیقە شەوە، تەقلەودەوەو گورانە و... چاول خەوە...)

ئەبێژن جاری وا هەبوە کە کوردە گۆرانەکان، لەترسی کوردە کۆچەرەکان، مالّ و ژییانی خۆیان بەجێ هێشتووە ولە ترسان رایان کردوە، بۆیی واوتویانە: (گۆرانە...لە ئاوای بە دەرە...) ئەوانیش وردە وردە چونە تە ناوچیاوچرەکانی کوردستان و خوی کوردە کۆچەرە کانیان گرتوەو لە نەبەزی وکۆڵنە دەریدا ئەوانیان بەجێ هێشتوە. بەلاّم گۆرانەکان خۆیان لایان وایە گۆران لەواژەی گۆر گیراوەو بەمانای مەزن و گەورەس، چونکا گۆرانەکان، لای میرو پادشایانی کاتی خۆیان زۆر خاوەن پلەو پایە و مەزنبون.

هۆزانی مەزن تەوفیق وەهبی کە کتێبێکی لە بارەی بارامی گورەوە بەعەرەبی نوسیوە ئەبێژی: بێژەی گۆر بەرێی لەرلە گورـ ەوە بەرێ قەڵەو گیراوە و بە مانای: ناوەند، مەیدان، دەشت، گۆرایی و قەور و...هی ترە.

Dr.Saleh Ebrahimi


بۆئەوە بەوهوزە کوردانەیان وتوە گۆران، کە لەدەشتدا نیشتە جێبون، بارامی گۆڕپاشای ساسانی لە دایکەوەلە کوردە گۆرانە کانە، کەوابێ تۆنە کابڵێیێ: چونکابارام ئۆگریگۆڕ: واتا: "کەری بەڵەک "گرتن بووە، ناویان ناوە: بارامی گۆر، چونکا ئەمەهەڵەیە. کۆرێ لەشاعیران وایان ناوبردوە، وەک ئەم چوار چارینەی خەیامی هەژار:

| | |
|---|---|
| لەوکۆشک و سەرایە داکە جەم جامی گرت | رێوی ترە کیوە، مامز ئارامیگرت |
| بارام کە هەموژیانی خۆیگۆڕی دە گرت | دیتت بەچجۆرێ گۆڕێ بارامی گرت . |

عارفی ناودار مەولانا مەلائەحمەد جزیری لە قەسیدەی ۸۴ دا بە شیعر فەرمویەتی:

مەب ئیشراقی سوئالەک ژلەبی غونچە گوشا کر ـ کوب ئیلهامی د سوئالامە جەوابە

شێخی ئیشراق بە عەرەبی و بەکوردی و فارسی شیعر و هۆنەی هەیە، شیعربەکوردی

| | |
|---|---|
| میرزا ئامانەن وێت مەدەرو خەم | نەجام مەمانۆ نەجەمشید نەجەم |
| نەهامدەم نەقەوم نەهونرەس نەکەس | کەس وەدەردمان نەبۆفەریاد رەس |
| دڵسۆزان دڵ تەنگ بێ دسەڵات بۆ | رومان جە سەفر راگەی نەهات بۆ |
| ئیشراق ئومێدەت وەساقی خۆر بۆ | تا دوعات جەروی قیامت سۆز بۆ[1] |

پرۆفسور مینورسکی روزهەلات ناسی ناوداری روس لە کتێبە کەی خویدا، کەبە ئێنگلیسی لەبارەی گۆرانەوە نوسیویەتی و کراوەتە کوردیش نەز ریان وایە: گۆران هوزیکن زیباترلە سێهەزارساڵ بەر لە مە هەبون، مەبەستلە گۆران تەنیا ئەو هۆزانە نییەوا ئێستا لە

---

| | |
|---|---|
| کێ دی دیوانەوی تەور دانابوی | مەرکەونە مەیدان گەردون رانابوی ـ رانا: نیشاندان. |

ئەوانەی وابەزوانی گۆرانی هۆنراوەیان گوتوە، ئە مانەن:

عێل بە گی، مەلا پەرێشان، خانای قوبادی، سەیدی هەورامی، شەفیع جام رێزی، خان ئەلماس خان، حاکیم مەولەوی کورد (عبدالرحیم) تاوەکوزی مەعدومی شاعیری گەورەی غەزەل بێژکە لە کوردستانی جنوبی لە (۱۸۹۷ـ۱۸۹۲) دا ژیاوە و کۆچی دوای کردوە.

لە شاعیرە گەورە کانی سەدەی بیستەم دەتوانین پیرە میرد (۱۸٦۷ـ۱۹۵۰) و ئەحمەد موختار جاف (۱۸۹۷ـ۱۹۳۵) و بێکەس (۱۹۰۵ـ۱۹۴۸) و حاجی قادر کویی (۱۸۱۵ـ۱۸۹۲) کەخەڵکی بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و سەر بە خویی دا هان داوە، ناوبەرین. ئەمرۆبە ناوبانگترینی شاعیرە کان لە ئێران داهەژاروهێمن ـ ە1 شێخ شەهابەدین سوهرە ـ وەردی شێخی ئیشراق کوردەو لەسورە دیی نێوان بیجارو زەنگان لە۵۸۷ی مانگی لە دایک بودەو لە۳۸ سالیدا وەفاتی کردوە. سوهرەوەردییەکان کوردن چون واژەی سوهر لەفارسیو عەرەبیدا بەکار نابرێ. فارس لەباتی سوهر دەڵێن: [سرخ] ـ عەرەبیش دەڵێ [احمر] ـ کوردیش دەڵێ: سور، سوهر ـ (شەپۆل).

پارێزگەی کرماشان دانو نیوی ئەم هوزەیان پاراستووە، بە ڵکومە بەمت لەنا وی گۆران، گشت هۆزە کوردە کانە کە بەزاراوەی گۆرانی قسە یانکردوە، وەک: هوزی سییامەنسورو زەنگەنە کەئە مرۆ لە ئێرانو عیراقو ئەفغانستانا بلاو بونە تەوە. هۆزی برادۆست: بروانە: (شوینەواری باولە کوردە واریداو میژوی... نوسراوی شەپول بە رگی ٣) کە ئیستازاراوەی ئـەوکوردانـە کرمانجی ژورو "شمالی" یەو لەلای ورمێ لە ئیرانا و لە لای رەواندز لە عیراقانیشتە جین و شوانکارەو زەندو کاکاییو پالانیو گیژو هەورامیو روژبەیانی و چگنیوپازوکیو ئەوانی ترە. **واژەی کرمانج**: ئەمواژەسێ مانای هەیە:

١ـ مانای گشـتی کـەلە نـاو ویـژاوەران و نـوسەرانـا، بەمـانای کـوردبە کـاربراوە، حەماسەویژو بەیت سوراو ریئالیزم نوسی ناوداری کورد حەکیم ئەحمەدی خانی لەبەرکولی "مەموزین" دا، چەن جاروازەی کوردو کرمانجی دوپات کردوتەوەو بۆیە ک مەبەست بە کاری بردون وەک ئەبیژی:

دانخە لێ نـە بـیژ تنکو ئـە کـراد.ـ بی مەعریفەتن، بێ ئە سل و بونیاد
ئە نواعـێ مـیلەل خـودان کـتێبن کرمـــانج تەنێ دبـــێ حســـێبن!!
هەم ئەهلێ نەزەر نەبێنکو کورمانج عـــیشقێ نـە کـرن ژبـۆخۆ ئـامانج
کورمـانج نـە پـربێ کـە مـالن ئـە ممـاد یـەتیمو بـێ مـە جـالن

٢ـ دوهەم مانای تایبەتەو بەوکوردانە کە زوانیان لەتەک زوانیخیلە گۆرانە کانی ترا زۆر جییانیە.

٣ـ سێهەم مانای تایبەتی ترە، بەم جۆرە خەڵکی موکریانو سۆرانو شاری سـنە، بە گوندنیشینە کان ئەبیژن: (کرمانج) ـئیستائەدیبانو، میژونوسانی کوردخویان، کرمانج ئە کەنە دوبەش .

بە شی کرمانجی ژورو، بە شی کرمانجی خوارو بە لام مینورسکی لای وایە، واژەی کرمانج لەدو ناوی: (کوردو مانا) پیکهاتووەو ئەم دوهوزە سێهەزارسال بەرلە مە، پیکەوە ژییاونو تیکلاوییان هەبووەو بە دریژای ژورگار (کوردومانا) بوە تە کرمانج بەلام تـەوفیق وەهبی لایوایە. بیژەی کرمانج لەبنەرە تا، کرماژ بووە و لەمە سدەری کرمـاژنو بەمـانای

کرملیدانو کرماوی‌یەوە، هاتووە وئەم ناوەلە ئەفسانەی ئاژی دەهاکی مار دوشـەوە. کـە بیماری سەرەتانی بووەو لەبان شـانی دوکـرم وەك مـار روان، کـوردە کـانی ژیـردەسی بەسەروکایەتی کاوەی ئاسنگەری‌کورد، لیێ‌را ساون، وەکـاوە. بـە چکـوشەکـەی مـیشکی پرژاندوە، ئەڵێن‌ئەو مرۆڤەی وامیشکی مەرومرۆڤی لەو برینانەی شەرشانی ئـاژی دەهـاك ساوی وە، ناوی (کرمائیل) بووە، کەلە ریشەی کرمەوە گیراوە.

بە لاّم ئەشێ بزانین ئەم قسەلەبابەت‌ئاژی دەهاکە وە، ئەفسانەیەو دژودژمنانی گەلی کورد میژوی کوردییان شیواندوەو. بەئانقەست پەردەی رەشیان بەسەر میژوی ئەمگە لە نەبەزەدا کیشاوە، چونکا بەپێی قسەی لیکولەرانو. میژونوسانی یونانی ئاژی دەهاك واتا ئاستیاك ئاخرین پاتشای کوردەمادەکان بووە، کەبە هوی خەیانەتی هارپاکی خزمی یەوە قڵپەوەبونو تییاچونو نەمان. پرۆفسور مینورسکی رۆژهەڵات ناسی روس لای وایـە: سولتـان‌ئیسحاق هەر ئەو‌ئاستییاگەکوردە مادەّ هەروەك لە پێشەوە رامان‌گەیا. ٠

کرماج: مەستورە خانمی ئەردەلاّن لەکتێبە مێژویەکەی خۆیداکرماج ـی ناوبردوەو ئەبێژێ: (سێهەم کرماج کەلە ناو بورە پییاوانا بە (بابان) ناودارن.

محەمەد ئەمینی گولستانە لە (مجمل التواریخ) ئەفشاری‌یە و زەندی‌یە داکاتێ ناوی سلیمان پاتشای بابان ئەمیری هەرێمی سلیمانی ئەبا ئەبێژێ: (سلیمان پاتشای کرماج‌ببە) لەو بەڵگانە رون ئەبێتەوە کەکرماج لەکرماژ ـەوە گیراوەو ـژ ـبووەتە ـج ـ ئەم جۆرە گۆرانانە لە کوردییا، زۆرە، وەك: تاج و تانج، تاژی و تانجی و فەرەجی و فەرەنجی.

هۆزی کرمانج لە سەرەتاوە بێژاوەران و شاعیرانیان زۆر بووە بەلاّم شۆینەوارەکانیان لەناو چون ئەڵێن: عەلی تەرەماخی کەهاوچاخی رودەکی بووەو لە سەتەی چوارەمی کۆچییا ژییاوە، دیوانێکی هەڵبەستی گەورەی کوردی هەبووە، بەلاّم لەناو چووە، بێچگە لە چەن تیکە هۆنراو، کەئەی دەنە پاڵ ئەو شتێکمان بە دەسەوەنییە.

دوکتور پەروێزی ناتل خانلەری لە مێژوی زوانی پارسی بەرگی دوهەم دالە لاپەرەی ٣٨ کە لە تاران لە ساڵی ١٣٥٢ هەتاویدا چاپ بووە ئەنوسی: لە سە تەکانی ٥ و ٦ی کوچیدا شۆینە واری بێژاوەری دەماودەم و نوسراوەی کوردی لە ناو لاپەرەی مێژودابینراوە، یەکێك

Dr.Saleh Ebrahimi

لەونوسراوانە قەسیدەیەکی ملەمەعە بەزمانی کوردی کە ئەنەو شیرەوانی بەغدادی‌یە، کەلە کتێبی معجم‌البلدان چاپی لایپز یک ج ١لاپەرەی ١٨٦ دانوسراوە و چاپ کراوە.

ئەشێ‌بزانین تاسەتەی نۆهەم ناوێک لە بێژاوەرانو هۆنەرانی کرمانج وەبەرچاوناکەوێ.

حاجی قادری کۆیی‌لە دیوانەکەی خۆیداناوی دوهۆنەری مەزنی کوردی کرمانجی ژوروی بردوە و ئەڵێ: عەلی حەریری واتا گوندی حەریری لای رەواندز، حەریروباتاس وە شیخ ئەحمەدی جزیری واتە جەزیرەی ئیبنوعومەر[١]. ئەو دوشاعیرە مەزنەلە جهاناناودارن و لە گەڵ (عبدالرحمن جامی) ئەو شاعیرە پارسی وێژەداهاوکات بونو یەکتریان دیوە، هەروەک جامی دەڵێ: پیر مردی بدیدم زجەزیر نیک مەردی بدیدم زحە ریر

شیخ ئەحمەد جەزیری زانایەکی دینی و خوانا سێکی رەبانی بووە، هۆنراوەکانی عاریفانەیە، زوانی کوردی و عارەبی و پارسیشی جوان زانیوە، بیری نەتەوەپەروەیشی هەبووە. کۆرێ لە مێژو نوسان لایان وایە هاوکاتی ئەتابەک عیمادەدین-ی زەنگی میری موسل بووە بەلام بەپێی ئەو شیعرەی جامی کە حاجی قادری کۆیی هێناویەتی شیخ ئەحمەد جەزیری لە سەتەی نۆهەما ژییاوە، نەک لەسەتەی شەشەما.

شیخ ئەحمەد جەزیری لەقەسیدەیەکی زۆر رەوانا لەمیرخەلیل-ی ئەیوبی تاریف ئەکات ولەسەرەتادائەبێژێ:

ئەی شەهەنشاهی موعەززەم حەقق‌نیگەهد اری تەبی

سورەی إِنَّا فَتَحْنا حافیزویاری تەبی

ئەم خیەلیل ئەیوبی‌یە تەنیا کوردە ئێرانییەک بووە کە لەکاتی هەرکەس هەرکەسیدا لەزەمانی (ئاق قویونلو وەقەرەقویونلو)ەکانا میری کردووەو لە راست بێگانەکانا، رەق راوەستاوە، جالەبەر ئەمەیە شیخ ئەحمەد جەزیری پییاهەڵخۆیندوە.

دیوانی کوردی شیخ ئەحمەدی جەزیری کە بە پێی پیت گەلی هیجا و ئەلف و بێ هونراوە تەوە، بۆیە کەم جارلەلایەن ڤونهارتمان-ی ئالمانییەوە لە ساڵی ١٩٠٤ زایینی دالە

---

١ـ واتا(عبدالعزیزابن عمربە رقعیدی):بە ردەقیتی. وەفیاتی کوری خەلەکان لەباسی جزیریدا

Dr.Saleh Ebrahimi

برلین لە چاپدراوەو بەر کۆلێکی تەحقیقی بەزمانی ئەلمانی بۆ نوسراوەو لەلایەنژابا رۆژ هەلأت ناسی روسیش وتارگە لێکی تۆیژانەوەو لێکۆلەرانەی لەبارەی شێخ ئەحمەدی جزیری یەوە بۆ نوسرواە: جزیری شاعیرو هۆنەرێکی مەزنی چەرخی دوانزە، بووە، دیوانە شیعرە کوردی یە کە شی چەن جاران لە قاهیرەو شام و عیراقا چاپ کراوە.

لەم دوایی یانەدا مەلایە کی کوردی کوردستانی سوریە دیوانە کەی مەلای جەزیری وەرگێراوەتە سەر عەرەبی و تەواوی ئەو شیعرە تەر و لە بارانەی بۆ دڵداری دانراون بە ناوی سۆفیگە رییەوە کردوە بەپارانەوە و خوادواندن و لەو مەبەستەی بردۆتە دەرێ کە مەلای جەزیری لە دڵیدابوە.

کۆرێ لەوانەی وا بەزاراوەی کرمانجی ژورو شیعر وهونراوە یان گوتووە، ئەمانەن : فەقێ تەیران، مەلای باتە، عەلی حەریری، شیخ مەلا ئەحمددی جزیری یە، گەورەترین شاعیری ئەدەبی نەتەوایەتی حەکیم ئەحمەد-ی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦)یە کە دیوانە کەی "مەم وزین"بەرزترین پلەی ئەدەبی کوردی سەردەمی دەربەگایەتیە- حەکیم ئەحمەد-ی خانیناسیونالیسم-ی کورد-ی ٢٢ ساڵ بەر لەدایك بونی [ژانژاك رۆسو] و ١٣٠سال بەر لەئینقیلابی نەتەوەیی و لأتی فەرانسە لە چریکەی مەم وزیندا مەسەلەی نەتەوەییو نیشتمانیو ناسیونالیسم-ی نەتەوەیی بۆ کورد راگەیاندوەو روناکی کردۆتەوەو هونەری خانی نەمر لەمەدایە کە هێمان فەرانسەو ئوروپایە کان ئەمەیان نەزانیبو، حەکیم ئەحمەد-ی خانی لەسەتەی ١٧ی زاینیدا رای گەیاندبو. دیارە دەبێ حەماسەی حەکیم فیردەوسیش لەبیر نە کەین، هەرچەن حەماسەی خانی ریئالیزمەو حەقیقەتی هەیەو درۆیی تێدانیە، بەلأمهی فیردەوسی ریئالیزم نیەو لەداستانی روستەموکورە کەیدا درۆیی تیدایەو باوك درۆبە کورە کەی دەلێ جالەم بابەتانەوە شاکاری خانی فەزیلەتی بەسەر هی فیردەوسیدا هەیە[1]. ـ خانی کەلەسەتەی ١٧ دیوانی مەم و زینو فەرهەنگو کە کەی خۆی نوسیوەو دوای ئەم شاعیرانەهاتۆتە جهان کە لە بارەی ئەوانا ئاوا دبێژێ:

بینا ڤەه روحا مەلێ جزیری          پێی حەی بکرا:عەلی حەریری

---

١ـ بنوارە کتێبی ژیناوەری کورد... نوسراوی (شەپۆل) پەرەی ٦٦١ چاپی ١٣٦٤ ـ تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

کـــەیفەکێ وەبـــدا فـــەقیهی تـــەیران      حەتتـــا ب ئـــەبەد بمـــایێ حـــەیران

بنەماڵە و تیرەی خانی لە ساڵەکانی ۱۹۵۲ زاینی دالە هەرێمی بایە زیدا نیشتە جێبون، کە لە پێش ئەوەدا واتا: لەساڵی ۱۵۱۴ زاینی کوردستان دوای جەنگی چالدران سێ بـەشی کەتبوە ژێر چە پوکی رەشی عوسمانلییەکان -

لە سوریا قەدری جان کە لە ساڵی ۱۹۷۲ زاینی کۆچی دوایـی کـردوە، لە ئـێرەوان عەرەب شەمو و ئەمینێ ئەودالٚ کە لە ۱۹۰٦ زاینی هاتۆتە جهان و لە ۲۲ سپتامبری ۱۹٦۴ زایین کۆچی دوایی کردوە، ئەم ئەودالە هەم شاعیر بووەو هەم لێکۆڵەر (شەپۆل).

---

۱-کوردستان ئەدەبیاتی کوردی دوکتور کامران بدرخان بە زمانگەلی جیاجیا چاپی پاریس.مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلائە دین سەجادی چاپی بەغا ۱۹۵۲ی زاینی -(من روائع الادب الکردی محمد توفیق وردی) چاپی ۱۹۵٦ ی زاینی بە غا بە عەرەبی. زمانی کوردی. و...نوسراوی کرمانج ۱۹۵۱ زاینی -زمانی کوردی زازا جەلادەت عەلی بەدرخان شام ۱۹۲٦ی زاینی-گۆڤارگەلی هاوار، کوردستان، رۆژی کورد، دەنگی گیتی تازە، ژیان، راوێژ، نیشتمان، خۆرنیشین، زاگروس...) بەررەسی شیعروئەدەبیاتی کوردی نوسراوی مادام لوسی پلمارگریت و دوکتور کێ. ب. بە زمانی فەرانسە تەرجەمەی جیمز چاپی پاریس ۱۹۳۰ی زاینی (شەپۆل).

- گەنجینەی گرانبەهای ئەدبییاتی کوردی (محمدقاضی) چاپی تاران ۱۳۲۵ هەتاوی، بەررەسی عیلمی زمان و ادبیات کوردی نوسراوی جیمیز یادداشتها، در نامەی هەفتەگی کوهستان چاپی تاران ۱۳۲۵/٦هەتاوی -دەستوری زمانی کوردی توفیق وەهبی چاپی بەغدا ۱۹۳۰ زاینی، مێژوی کورد و کوردستان ئەمین زەکی وەزیری فەرهەنگی عیراق چاپی بەغدا ۱۹۳۱ زاینی.

- بنوارە بەرکولی مەم وزین کە قەناتی کردۆنو سیویەتی و شەپۆل وەری گیراوەتە سەر زمانی پارسی و کوردی و لە گۆڤاری ئاوێنەی ژمارەی ۱۲ چاپی ۱۳۷۲ی تاران.

-(ناسیاوی لەتەک ئەمینێ ئاودالانوسینی جاجی جوندی تەرجمەی برای ئەرمەنی و کورد خوشەویست خاچادریان آرمیاک ).

بنوارە (و تاری زاناو لێکوڵەر: جەمیل زۆژ بەیانی لەواحیدی زاراوە کاناله تاران). (مێژوی سلێمانی و دەوروبەری نوسراوی ئەمین زەکی بەگ کەجەمیل رۆژبەیانی کردویەتە عارەبی )

یارسان نوسراوی سوری- ترانە های کوردی دوکتور موکری- المعجم فی معاییر اشعار العجم نوسراوی شمس‌الدین محمدبن قیس رازی، دوقرن سکوت دکتر زرین کوب چاپی تاران. بورهان الحق نورعەلی اللهی چاپی تاران ۱۳۴۳ هەتاوی.

ژمارەکانی گۆڤاری گەلاویژی کوردی ساڵگەلی ۱۹۴۴ و ۱۹۴۸ زایینی و تاریخ ئەدلان لاپەرەی ۷.

مجمل‌التواریخ افشاریە و زندیە لاپەرەی ۱٦۵، سرسپردگان نوسراوەی سید محمدعلی خواجەالدین- تاریخ و شرح عقاید دینی و آداب و رسوم یارسان. دایرةالمعارف پطرس بستانی لاپەرەی ٦۴۴ و بەرگی ۵. سفرنامۀ ابن‌بطوطە لاپەرەکانی ۲۰۹ و ۲۱۰ ترجمە محمدعلی موحد چاپی تاران ۱۳۳۷. بیان الادیان ابوالمعالی نوسراوەی محمدحسین علوی خوش کراوی اقبال آشتیانی چاپی تاران ۱۳۱۲. بنوارە: (کتێبی باوی کۆمەلایەتی و مێژویو... لاپەرەی ۱۴۵ نوسراوی شەپۆل چاپی تاران).